گۆڤارێکی ئەدەبی و رووناکبیرییە

بنکەی رووناکبیریی گەلاوێژ دوو مانگ جارێك دەری دەکات

ژمارە ٦٢-٦٣ تشرینی دووەم- ٢٠١٣

سەرنووسەر
عەبدوڵڵا تاهیر بەرزنجی

سکرتێری نووسین
دانا فایەق

دیزاین
ئارام عەلی

چاپ: دەزگای چاپ و پەخشی حەمدی

سلێمانی- بنکەی رووناکبیریی گەلاوێژ- نزیك فولکەی خاڵە حاجی- بەرامبەر قوتابخانەی گەشەی بنەڕەتی

٠٥٣٣٢٩٠٢٧٥

gelawejinwe@yahoo.com

ڕۆمان؛ دەکاتە ئەوپەڕی ئازادیی خەیاڵ ..... حەمەکەریم عارف..... 4
دنیایەکی پڕاوپڕ لە سەدای..... ئەدیب نادر..... 16
سیمای سیناریۆ لای مەولەوی تاوەگۆزیدا ..... د.ئیبراهیم قادر محەمەد..... 25
مەولەوی و بەزاندنی سنوورەکانی کلاسیک ..... همایۆن ساحب..... 36
خەونە شیعرەکانی لەتیف هەڵمەت ..... د. عەلی تاهیر..... 48
پەیکەری (ست ڕافۆن) وەکو دواپەیکەری ..... بڵند باجەلان..... 60
سیناریۆ .....و: ئەکبەر حەسەن..... 70
فەیسبووک وەک چەقۆیەکی دووسەرە ..... و: ئەنوەر هوژەبری..... 80
موراکامی؛ سەفیری ئەدەبی مۆدێرنی ژاپۆنی ..... ئەردەڵان عەبدوڵڵا..... 85
سیودوو ساڵان، مسافیری ڕۆژگار ..... و: شادی نیکخا..... 90
پەنجەرەیەک ..... و: شادی نیکخا..... 93
موراکامی لە نووسین دەدەوێ ..... و: جەبار سابیر..... 99
حەزدەکەم ئەوەندە بژیم ..... سەباح ڕەنجدەر..... 104

ئاسمانەکانی سەمای شیعر ..... سارا قوبادیێ بەهار..... 117
ناوی خۆمم بیرچووەتەوە ..... هێمن عــوسمان عەبدوڵڵا..... 123
دڵێکی پیس و دوو چاوی ڕاگوزەر ..... سەبا ئەحمەد..... 125
زلە..... ئاوات غوڵامی..... 136
مەعسوومی یەکەم ..... و: بەڕۆژ ئاکرەیی..... 141
تانیا ..... و: گەیلان محەمەد..... 149
مەرگ چۆن دێت...؟ ..... و: هیوا خەیات..... 153
زستانێکی درێژ ..... و: دلاوەر قەرەداغی..... 156
وەرگێڕان؛ خەسارناسی و مێژوو ..... سازدانی: ڕەزا عەلی پوور..... 165
گفتوگۆ لەگەڵ ڕەزا کەریم مجاوەرێدا ..... سازدانی: گەلاوێژی نوێ..... 183
گفتوگۆیەک لەگەڵ عیسمەت سۆفییەدا ..... سازدانی: حەمە قادر..... 190
گفتوگۆ لەگەڵ محەمەد ماغووتدا ..... سازدانی: شوان ئەحمەد..... 203
کتێبەکان و خوێنەرەکان..... و: بریا کاکەسووری 217
کابووسی جەنگ لە ڕۆمانی.....ئیدریس عەلی 222



ڕۆمان

دەکاتە ئەوپەڕی ئازادیی خەیاڵ

حەمەکەریم عارف

ڕۆمان کە شێوەیەکی مۆدێرنی گێڕانەوەی چرۆکڤانیی بۆیەر و دیاردەکانی ژیانە، زۆر ئەستەمە بتوانرێ بە وردی و دروستی سەرەتا و سەرهەڵدانی ئەم ژانرە ئەدەبییە باڵایە" دەستنیشان بکرێت، چونکە ڕەگوڕیشەی ڕۆمان دەچێتەوە سەر زۆر ژانری دیکەی وەک داستان، ئەفسانە و حیکایەت و نەقڵ و نەزیلە ... بەڵام دەشێت لە نێو بەرهەمێن نووسەرانی سەرەتاکانی قۆناغ و دەورانی مۆدێرن، دۆنکیشۆتی سێرڤانتس، کارەکانی

دیڤۆ، فیلدینگ و ڕیچاردسون، نووسەرانی ئینگلیزی سەرەتاکانی سەدەی هەژدەیەم، بێ چەندوچوون و بێ هیچ دوودڵییەک بە ڕۆمان بژمێردرێن. هەڵبەتە لەوە پێشتر نووسەرانی وەک بۆکاچیۆ لە سەدەی چواردەیەم و ڕابلە لە سەدەی شازدەیەمدا، هەندێ بەرهەمیان نووسیبوو، دەشێت بە جۆرە هەوڵێکی ڕۆماننووسی یان بە ڕۆمانانی سەرەتایی لە قەڵەم بدرێن. لێ زۆربەی ئەم بەرهەمانە زیاتر شەقڵی حیکایەتەوانی و ئەفسانەییان هەبووە تا شەقڵ و مۆرکی چیرۆکڤانی. یانی بایەخ و گرینگییان زیاتر بە تەنز، جەفەنگ و شۆخی، تەوس و توانج و گەپچاڕی دەدا، تا بە گێڕانەوەی چیرۆکڤانیی بۆیەر و دیاردە و کاروباری ژیانی مرۆڤان. لە سەدەی هەژدەش بە دواوە، هونەری ڕۆماننووسی لەسەر دەستی نووسەرانی سەدەی نۆزدەی فەرەنسا، وەک ستاندال، بالزاک، فلۆبیر و زۆلا، فۆرم و قاڵبی مۆدێرنی ئاڵۆز و سەرنجڕاکێشی خۆی دۆزییەوە. ئەم بەرهەمانە لە چاو بەرهەمەکانی دیکەی پێش خۆیاندا، بونیادێکی کۆک و گونجاو، کاراکتەرێن دیار و زیندوو، پلۆتی واقیعیانەیان هەبوو و لەم ڕووەوە دەشێت تا ڕۆژگاری ئێستاش بە بەرهەمی زیندوو و تازە بێنە ژماردن. هەڵبەتە گەلێک لە پسۆڕان و شارەزایان وتیوریسێنانی ئەدەبی بناڤ و دەنگی سەدەی بیستەمی وەک ئورباخ، باتین، لۆکاچ و وات، بە نیازی دۆزینەوەی پێناسەیەکی پڕ بە پێستی ڕۆمان، هاتوون ڕۆمانیان دەگەڵ داستاندا بەراورد کردووە و جیاوازییەکانی ڕۆمان و داستانیان دیاری کردووە و گەییونەتە ئەو ئەنجامگیرییەی کە داستان فۆرم و شێوازێکی گێڕانەوەی چیرۆکڤانی بویەر و ڕووداو و دیاردە و کاروبارەکانی ژیانی سەردەمانی کۆنی پێش مۆدێرنە، هەرچەندە بە شێوەیەکی زارەکی و لێڤکی دێتە گێڕانەوە، بەڵام زۆرجار لە لایەن شاعیرێکەوە یان چەند شاعیرێکەوە دێتە نووسینەوە و تۆمارکردن، نموونەی گەشی ئەم حاڵەتەش ئیلیادە و ئۆدیسە و شانامەی فیردەوسی و مەم و زینی ئەحمەدی خانییە. داستان پێشوەختە هەیە، داهێنانی کەسێکی تایبەتی و دیار نییە. ئیدی نەقڵبێژ و حیکایەتخوان تەنیا ئەوەندەی لەسەرە وەکو خۆی دەیگێڕێتەوە. شاعیر تەنیا ئەوەندەی لەسەرە، کە دەیهۆنێتەوە و لە قاڵبی هۆنراوەدا تۆماری دەکات. یانی نە نەقڵبێژ و نە شاعیر، دەستیان لە داهێنانی خودی داستانەکە وەکو جەوهەر و بونیاد نییە. ئەوان تەنیا گێڕانەوەیان لەسەرە. ئەوەی لە زاری خەڵکییەوە بستوویانە یان لێرەولەوێ خوێندوویانەتەوە، دەیڵێنەوە، ئەوپەڕەکەی سووکە دەسکارییەکی بونیادی داستانەکە دەکەن یان نا، بەڵام ڕۆمان بە پێچەوانەوە، چیرۆکێکە کە خاوەنی هەیە، کەسێکی تایبەتی بە شێوەیەکی خەیاڵی و فلیڤانی بەرهەمی دێنێت. بەڵام مەرج نییە ڕۆمان تەنیا خەیاڵی ڕووت بێت، لەوەیە لەسەر بنەماو بناخەی حیکایەت و ئەفسانانی فۆلکلۆری یان ڕووداوی واقیعی بێتە نووسین، بەڵام هەر گێڕانەوەیەکی چیرۆکڤانی خۆ بە خۆ نابێت بە ڕۆمان. وەختێ ناسنامەی ڕۆمان وەردەگرێت کە گێڕانەوەیەکی نوێ لەمەڕ ڕووداو و دیاردە و لایەنەکانی ژیان بە دەستەوە بدات. هەڵبەتە ڕۆمان و داستان ئەگەر هەندێ لێکچوونی ڕواڵەتیشیان هەبێت ئەوا لە جەوهەر و کرۆکدا، لە خودی ئەو چیرۆکەدا کە لە هەر یەکێکیاندا دێتە گێڕانەوە، جیاوازن. ڕۆمان بە پێچەوانەی داستانەوە کە دەکاتە گێڕانەوەی قارەمانییەتییەکانی کاراکتەرانی ئەفسانەیی و مێژوویی، سەروکاری دەگەڵ چارەنووسی ڕێکەوتەکی خەڵکانی بچووک و ئاسایی ناو ژیاندایە سەروکاری دەگەڵ قارەمانانی ناوازە و گەورە و کۆڵنەدەر و نەبەزدا نییە. ئەمە جگە لەوەی کە شێوازی گێڕانەوەی ڕۆمان جیاوازە لە هی داستان.. ڕۆمان ڕەگی لە واقیعدایە

و ڕەنگدانەوەی واقیعی ژیانە. یانی ژیانی ڕۆژانە بە هەموو هەورازو نشێوییەکانییەوە، بە هەموو ڕوناکی و تاریکییەکانییەوە، لە ڕۆماندا ڕەنگدەداتەوە. یانی ڕۆمان لەو پەڕی ڕەمزییەت، خەیاڵییەت و تەجریدیەتی خۆیدا، هەر لە واقیعی ژیان بەدەرنییە و، هەندێ لایەن و شوێنەواری ژیانی ڕۆژانەی مرۆڤی تیا بەدی دەکرێت، کە ئاڕاستەیەکی ڕیالیستی پێببەخشێت.. تەنانەت لەو ڕۆمانانەشدا کە بە شێوازی ڕیالیزمی جادوویی، لەلایەن نووسەرانی هاوچەرخی ئەمریکای لاتینیشەوە دێنە نووسین و ڕووداو و دیاردەکان نا ئاسایی و ناواقیعی دێنە بەرچاو، هەر لە واقیع بەدەرنین، ماکێکی واقیعییان هەر تێدایە.. بۆ نموونە لە مەسخەکەی کافکادا، دەبینین گریگۆر سامسا، بە شێوەیەکی نائاسایی و چاوەڕوان نەکراو و باوەڕنەکردەنی، دەگۆڕێت، دەبێت بە سیسرکەیەک، بەڵام نووسەر ژوورەکەی گریگۆر سامسا وەکو خۆی، وەکوچۆن هەیە، وەکو ژووری هەرکەسێکی زوگورتی و سەڵت وەسف دەکات.تەختەخەو و نوێن ویاتاغەکانی گریگۆر، هەر ئەوەیە کە هەر کەسێکی فەرمانبەری بچووکی ئاسایی واقیعی هەیەتی..دیارە لێرەدا مەبەست لە ڕیالیزم ئەوە نییە کە ئاوێنەی واقیع بێت، چونکە ڕۆمان چەندیش ڕیالیستی بێت، هەر ناکاتە کۆپییەکی موو بە مووی ژیان. بەڵکو ڕۆمان زیاتر زادەی خەیاڵ و توانای داهێنانە تا گێڕانەوەی ڕاستەوخۆی بەسەرهات و ڕووداوانی ڕاستەقینەی ناو ژیان..بەڵام هەموو ڕۆمانێکیش کەم وزۆر ماک و هەوێنی ژیانی واقیعی بە هەموو هەوراز و نشێوییەکانییەوە، بە هەموو گەورەیی و بچووکییەکانییەوە، بە هەموو ئەرێنی و نەرێنییەکانییەوە تێدایە، بەڵام لە داستاندا ڕووداو وسەربهووردان بەشێوەی ڕیالیستی نایەنە گێڕانەوە .لە داستاندا ژیانی ڕۆژانە، وردە شتانی ژیان، نیازو ئارەزوویەن بچووک و کەمبایەخی ئاسایی، بوونیان نییە.قارەمانی داستان قارەمانانە ڕەفتار دەکات، باری گرانی چارەنووسیان بە کۆڵاداوە، بەکاروکردەوە خۆ،ژیانی خەڵکی و ڕەوشی جیهان ئاڕاستە دەکەن.. یانی قارەمان خۆی لە قەرەی کاری بچووک و لاوەکی نادات، مەحکوومە بە کاری شکۆداری قارەمانانە. چونکە قارەمانی داستان کەسێکی ئاسایی نییە. یان سەردارێکی جەنگییە یان شۆڕەسوارێکی بە توانایە، یان پاڵەوانێکی بە هێزی بێ وێنە و هاوتایە، یان پیرەمێرێکی بەردەبار و بەئاوەزە، یان خانم و خاتوونێکی یەجگار ڕند و جوان و دڵڕفێنە .یانی شازادەو ئەشرافزادەیەکی ئەوتۆیە کە بێزی نایەت خۆی بە کاروباری ڕۆژانەی بچووکی وەکو پێویستی و مەیل و ئارەزووی شەخسییەوە مژوول بکات , یان تەماسی بەردەوامی لەگەڵ خەڵکیدا هەبێت. شوێنی ئەو کوچەو کۆڵان و گەڕەک و بان نییە، بەڵکو کۆشک و تەلارو مەیدانی جەنگ و مێژووە. هەمیشە لە فەزایەکی ئەفسانەییدا دەژی، چەند هێزو توانای ئەقڵ وجوانی ئەو ئەفسانەییە، ئەوەندەش ژیانی ئەفسانەییە. داستان، سەروکاری دەگەڵ ئێستادا یان نییە یان زۆر کەمە، پتر سەرو سەختی دەگەڵ ڕابردوودی دوورا هەیە تا لەگەڵ ئێستادا. باسی پەیدابوونی جیهان و دەستپێکردنی ژیانی ئاسایی و سیاسی مرۆڤ و بەتایبەتی مێژووی نەتەوەیی مرۆڤ، بە ئەرکی خۆی دەزانێت.زەمانی ئیستا لە ڕوانگەی داستانەوە، مەگەر تەنیا ئەوەندەی کە ڕابردوو لە خۆیدا بنوێنێتەوە، بایەخی هەبێت، دەنا لە نرخی نەبووداید. ڕۆمان بەپێچەوانەوە، زیاتر بەرخورد دەگەڵ ئیستاو واقیعی زندوودا دەکات، هەوڵدەدات ژیان وەکو چۆن هەیە، بهونەرێنێت وهێندەی دەتوانێت لە قاڵبێکی جوان و دڵڕاکێشەردا، بە کاریگەرترین تەکنیک

پێشکەش بکات، بۆیە وردەشتەکانی ناوژیان بۆ ڕۆمان لە بەرخوردی ڕۆمانەوانیدا، بە هەند وەردەگیرێن و حیسابی گەورەیان لەسەر دەکرێت...

ڕۆمان لەلایەکی ترەوە، شەقڵێکی بیۆگرافی هەیە، چونکە لە ڕۆماندا، چیرۆکی ژیانی خەڵکانێک دێتە گێڕانەوە. ڕاستە ڕەنگە سەراپای ژیانی ئەو خەڵکانە نەیەتە وێنە گرتن، بەڵام عادەتەن هەورازو نشێوەکانی ژیانی کەسێک یان چەند کەسێک لە ناو دەقی ڕۆمانەکە ڕەنگ دەداتەوە. بە هەرحاڵ کاراکتەرانی ڕۆمان یان ئەو کەسانەی لە ناو ڕۆمانەکەدا، ئاماژە بە ژیانیان دەکرێت، هەمیشە خەڵکانێکن بە ناسنامەی تایبەتی خۆیانەوەو بە ناوی شەخسی خۆیانەوە وەکو (تۆم جۆنز، ڕاسۆلینکۆف، ئیما بۆڤاری و جۆزیف. ک)ـەوە دێنە ناساندن. ئەو ڕووداوانەش کە لە هەر ڕۆمانێکدا دەگێڕدرێنەوە، تایبەتین و ڕووداوی ژیانی خەڵکانێکی دیارە. هەر یەکێک لە کاراکتەرانی ڕۆمان، تایبەتمەندی و خەسڵەتێن تایبەتی خۆیان هەیە کە دەگەڵ خولیاو کەڵکەڵەو مەیل و ئارەزوو و واقیعی ژیانی خۆیدا دەگونجێت. بەم پێودانگە کاراکتەری بێناسنامە لە ڕۆماندا نییە .هەر کاراکتەرێک ناسنامە و تایبەتمەندیی خۆی هەیە کە لە کاراکتەرانی دیکەی جیادەکاتەوە. لە ڕۆماندا چارەنووسی هیچ کاراکتەرێک پێشوەختە دیاری نەکراوە .ئاسۆی ژیانی هەر کاراکتەرێک بەلای کەمەوە، لەپرۆسەی کرانەوە و کەشف بوونی چیرۆکەکەدا، کراوەیە. ئاسۆ وئاکامی ژیانی هەر کاراکتەرێک، بەندە بە بڕیار و کارەکانی خودی خۆیەوە، یانی جڵەوی چارەنووسی، لە دەستی خۆیدایە، هەروەها ڕەگەزێکی زندوو ودینامیکییە، دیارە دینامیکییەتی کاراکتەرەکان جۆرە زیندوویەتی و دینامیکییەتێک بە جوڵە و پەرەسەندن و کرانەوە و کەشفبوونی چیرۆکەکە دەبەخشن، چونکە هەرکاتێ ئەو لە جوڵە و گۆڕان بوەستێت، چیرۆکەکەش لە جوڵە و پەرەسەندن دەکەوێ و کۆتایی پێدێت، بەڵام لە داستاندا، قارەمانان و کاراکتەرانی تایبەتی نابینین، قارەمانا، تایبەتمەندی و خەسڵەتی شەخسی خۆیان نییە. چارەنووسی قارەمان، چارەنووسێکی شەخسی و خودی نییە، بەڵکو ڕەنگدانەوەی چارەنووسی جماعەت و قەومێکی دیاریکراوە. واتە قارەمان، نوێنەری خودی خۆی نییە، بەڵکو نوێنەرایەتی جۆرە کەس و پاڵەوانێکی بە توانا، یان پیرێکی بە حیکمەت و ئاقڵ، یان خانمێکی جوانی بێ عەیب یان ژنێکی مەکربازی بەفێڵ و دەهۆیان دەکات، چ خراپی و چ چاکی، چ جوانی و چ کرێتی، چ ئاقڵی و چ گێلی هەر هەمووی خەسڵەتی نەوعی مرۆڤن..بۆ نموونە هەموو خەسڵەتەکانی ڕۆستەم، هەمان ئەو خەسڵەتانەن کە توانا و هێزی پاڵەوانیەتیان پێ بەخشیوە، یانی بەو خەسڵەتانەوە پاڵەوانە .پێکهاتەی بەدەنی، باری ڕۆحی، کەڵکەڵە و خەمەکانی، هەموو تەواو دەگەڵ بوون و پێگەی سروشتی و جڤاکی ئەودا تێکدەکەنەوە. جیاوازیی وی دەگەڵ پاڵەوانانی دیکەدا لە خەسڵەت و تایبەتمەندییەکانی ئەودا نییە، بەڵکو لە توانا و ئازایەتییەکەی ئەودایە. دیارە خاڵی یەکانگیری دەگەڵ مرۆڤانی ئاساییدا نییە تا بکرێت دەگەڵ ئەواندا بەراورد بکرێت، بەڵام ئازایەتی و عەگیدیی وی نائاساییە و لە خەڵکی ئاساییدا نابینرێت.. ڕاستە ئازایەتی و عەگیدی و لەخۆبردوویی ڕۆستەم لە پێناوی پاراستنی ئابڕووی خۆی و ئیحتوباری ئێراندا، خەسڵەت و تایبەتمەندی شەخسی خۆین. ئەوخەسڵەتانە لە قارەمانانی هاوعەسری ویدا بەدی ناکرێن، بەڵام ڕۆستەم وەک قارەمانێکی قەومی خودانی ئەو خەسڵەت وتایبەتمەندیانەیە. واتە بەو خەسڵەت و تایبەتمەندییانەوە نوێنەرێکی قەومییە. بۆ ئەوە لە دایک بووە تا پارێزەری ئیحتوبار و ئابڕووی دابونەریتی

پاڵەوانانەو شکۆی قەومی ئێرانییان بێت، بۆیە ئازاو لەخۆبردووە. یانی بەکورتی ئەم خەسڵەتانەی بەدەم پرۆسەی گەشەکردن و ئەزموونانی جۆراوجۆری ژیانەوە بە دەست ناهێنێت، بەڵکو بە خۆی و لە ئیجادەوە وایە. بوون و ژیانی ئەو لەو خەسڵەتانەدایە و، چارەنووس ئەو خەسڵەتانەی لە چارە نووسیوە و بەسەریا داوە.

قارەمانانی داستان، کاراکتەری ڕەهاو تەواون، تەواو دەگەڵ ڕۆڵی خۆیاندا، یان دەگەڵ ئەو کارەدا کە پێیان سپێردراوە گونجاون. هیچ جۆرە گومان و دوودڵییەکیان لەلا نییە. کە ئازان، ئازایەتییەکەیان بە ڕادەیەکە کە کون لە جەرگیاندا نییە، کەم وزۆر ترس ناناسن، شان بدەنە بەر هەرکارێک یان هەر کارێکیان پێ بسپێردرێت، بەو پەڕی فیداکاری و لە خۆبردوویی ئەنجامی دەدەن. ئەگەر قەراربێت بە فێڵ و دەهۆیان کارێک ئەنجامبدەن، بە هیچ جۆرێ گوێ بە لایەنە ئەخلاقییەکانی ئەو کارە نادەن.. بە هەرحاڵ قارەمانانی داستان، کاراکتەرانی ئایدیالی و نموونەیین وزۆر زەحمەتە لە جیهانی واقیع و پڕناکۆکیدا نموونەیان هەبێت.. یانی قارەمانی داستان وەکو تاک بوونی سەربەخۆو جیا لە کۆمەڵی نییە، تا بە هزرین و ئەقڵی خۆی ڕەفتاربکات و لە هەنبەر بویەرو دیاردەکاندا هەڵوێستی تایبەتی خۆی هەبێت..یانی ئاسۆی ژیانی وی ئاسۆیەکی داخراوە، لە چوارچێوەی پێگەو پەیوەندییە کۆمڵایەتییەکانی خۆیدا، وەزعیەتی خۆی، بە وەزعیەتێکی نموونەیی و ئایدیالی دەزانێت و هیچ گلەییەکی نییەو مەیل و ئارەزووی ئەوەی نییە لە موقیعیەتی خۆی هێوەتر بڕوات. دنیای ئەو دنیایەکی جێگیرو نەگۆڕە.

***

بەڵام لە کۆمەڵگەی مۆدێرندا، ئەو ئاسوودەیی و دڵنیاییە نییە کە لە کۆمەڵگەی پێش مۆدرێندا هەیە. تاک سەربەخۆیی خۆی هەیە، نەک هەر لەگەڵ کۆمەڵگە و دەوروبەردا، بەڵکو دەگەڵ خودی خۆشیدا هەر نەبان و ناتەباو نەیارە، هەمیشە لە دوودڵی و نیگەرانی و دڵەڕاوکێدایە.. جا لەم پێودانگەوە کاراکتەرانی ڕۆمان، بەپێچەوانەی کاراکتەرانی داستانەوە، خەڵکانێکی بەکێشەو، کێشەدارو قەیراناوین. لە قوڵایی پرسێن وەک گومان، دوودڵی، نامرادی، بێ ئومێدی وعەزابی ویژداندا دەژین. ئاوات و ئامانجەکانیان، زۆر لە پێگەو پایەی جڤاکییان گەورەترە. بەو واقیعە ڕازی نین کە تیایدان، عەودالی گۆڕانن، ئەرخایەن و ئاسوودە نین. هەندێجار بەخۆیشیان نازانن چییان دەوێت. هەندێجار غەرقی نائومێدین، داخ بۆ دەرفەتی لەدەست چوو دەخۆن. خەڵکانێکن کە ئاسۆیەکی ڕوون و خۆیایان لە پێش نییە، دەگەڵ دەوروبەردا کۆک نین.. دیارترین نموونەی ئەم جۆرە کاراکتەرە قەیراناویانە، لە بەرهەمەکانی دۆسۆیفسکیدا بەدی دەکرێت. برایانی کارامازۆفەکەی پڕە لە خەڵکی بەکێشەو قەیراناوی. دیمتری و ئیڤان کارامازۆف، هەدووکیان، خەڵکانی شپرزەو نائارام و بێ ئۆقرەن، هایم و حەیران، لە دووی یەقینێکی مەحاڵن، شێتئاسا دەژین و لە عەزابی ویژدان و ئازارێکی دەروونی کوشندەدان. دۆستۆیفسکی تێکرای ڕۆمانەکەی بە جۆرێ داڕشتووە کە تەنانەت لە کۆتایی چیرۆکەکەشدا دیمتری و ئیڤان هەر ئارام ناگرن. ڕۆمانەکە بە بێ ئەوەی ژیانی دیمتری و ئیڤان بگاتە ئەنجامێکی بنجبڕ، تەواو دەبێت. ڕەنگە کەسێک پەیدا ببێت و بڵێ دۆستۆیفسکی ریزپەڕەو بۆ ئەوە ناشێت بە نموونە بهێنرێتەوە و وا وێنا بکات کە نووسەرانی دی، نۆڕینی جیاوازیان بۆ مرۆڤ هەیە. گریمان ئەمە دروستە، خۆ لە یەکەمین ڕۆمانی مۆدرینیشدا، هەمان

نۆرین بۆ مرۆڤ، هەرچەندە بەشێوەیەکی سووکترە، دەبینرێت. دۆنکیشۆت مرۆڤێکی تەنیا، داماو، شێت و شوورو ئەبلەیە. عەوداڵی ئامانجێکە کە لە چاو ژیان و بارو دۆخی سەردەمی ئەودا، ئامانجێکی مەحاڵەو قابیلی هاتنە دی نییە. خۆ (ڕۆبینسۆن کرۆزۆ)کەی دیڤۆش، وێڕای ئەوەی کەسێتییەکی بە توانایە، متمانەی تەواوی بە خۆی هەیە، بەڵام گیرۆدەو گرفتاری جۆرە عەزابێکی ویژدانەو هەمیشە خۆی بە گوناهبار دەزانێت.. چونکە لە قۆناغی گەنجیدا گوێی بە خواستی بابی نەداوەو سەفەرو ڕیسک و ڕیسککاری وەکو ڕێگەی ژیان هەڵبژاردووە،

هەست بە گوناح دەکات. خۆ وەزع و حاڵی (توم جۆنز)ـەکەی فیلدینگ، لە ڕۆبینسۆن کرۆزۆیش قەیراناوی ترە. هەرچەندە لە کۆتایی چیرۆکەکەدا جێگیر دەبێت و ئۆقرە و ئارام دەگرێت، بەڵام لە هەندێ قۆناغی چیرۆکەکەدا، تەواو لە هەڵدێران نزیک دەبێتەوەو دووچاری نائومێدی دەبێت.. ئەوەی ئەم تایبەتمەندییە بە کاراکتەرانی ڕۆمان دەبەخشێت، هۆشنی کاراکتەرەکانە، ئەم هۆشنییە دەکاتە کارێک زەینییەت و ئەقڵییەتی دیکارتییان لەلا دروست دەبێت. یانی بە گومان و دوودڵی و ڕامان و تێفکرینەوە دەڕواننە ژیان و ژینگەو دەرو بەرو هەمووشتێک. بە دیدی ڕەخنەیی دەڕواننە هەر دیاردەو ڕووداوێک. خۆشی و ناخۆشیان، پێش ئەوەی بەدەنی و ماددی بێت، زەینییە و ئەنجامی لێکدانەوە و وردکرنەوە و داوەری و هەڵسەنگاندنەکانی خۆیانە. جا بەم پێیە ڕۆمان دەکاتە مەیدانی دەربڕین و نواندنی هەست، هزر و داوەری شەخسی کاراکتەرەکان.

ئەگەر لە داستاندا، مرۆڤ بریتی بێت لە کۆمەڵێک کاروکردارو بەرخورد، ئەوا لە ڕۆماندا، بەشێوەیەکی سەرەکی، بریتییە لە کۆمەڵێک هەست، هزر، داوەری شەخسی تاک..هۆشنی و خودئاگایی کاراکتەرانی ڕۆمان، لە بەرهەمێن نووسەرانی نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەو سەدەی بیستەمدا دەگاتە لوتکە. لە بەرهەمەکانی دۆستۆیڤسکی و هەندێ لەو ڕۆمانانەی بە تەکنیکی شەپۆلی هۆش نووسراون، خەڵکانێک دەبینین کە ئاگایی تەواویان دەربارەی پێگەی خۆیان هەیە. خۆیان دەناسن. دۆستۆیفسکی قارەمانانی ڕۆمانەکانی خۆی نەک هەر لە دەرێڕاو بە دیدێکی بابەتی، بەڵکو لە ناوەوەڕا و بەو

جۆرەی ئەوان (کاراکتەرەکان)، خودی خۆیان و دنیای دەورو بەری خۆیان دەبینن، دەخاتە ڕوو.وەهم و خەیاڵ و دیالۆگە بە نێوبانگەکانی کاراکتەرەکانی وی، ڕێگەن بۆ چوونە ناو زەینییەت و جیهانی دەروونی تاکەکان. کە دۆستۆیفسکی قارەمانانی چیرۆکەکانی دەخاتە مەوقیع و هەڵوێستێکی قەیراناوی و ئاستەنگەوە، بەوە ناچاریان دەکات کە خۆیان وەکو چۆن هەن، وەکو چۆن مەسەلەکان دەبینن، بەو ئاوایە بنوێنن. ئیدی کاراکتەرانی زیندوو و تاقانەی وەکو ڕاسکۆلینیکۆف، دیمتری و ئیڤان کارامازۆف چێدەبن، هەڵبەتە لە ڕۆمانانی شەپۆلی هۆشدا، کاراکتەر بەم ڕادەیە زندوو وتاقانە نین.هزرو بیرو خەیاڵاتی ئەم کاراکتەرانە بەوردی دێنە وەسفکردن، تایبەتمەندیەکانیان لەڕێگەی گوزارشتی مەسەلە زەینییەکانەوە دەگێڕدرێتەوە، بەڵام ئەم کاراکتەرانە لە چاو کاراکتەرە قەیراناوییەکانی دۆستیفسکییەوە، خەڵکی ئاسایین. زۆربەی کات، لە جیاتی ئەوەی گوزارشتی بیرو خەیاڵاتەکانیان دەرگایەکمان بۆ ناسنامەی شەخسی ئەوان لێبکاتەوە، تەنیا بە فیکر و خەیاڵاتی وان ئاشنامان دەکات.. وەکو پێویست بە کەسێتی و ناسنامەی قارەمانەکان ئاشنا نابین.

هەڵبەتە ڕەنگە لەم سەردەم و ڕۆژگارە گۆنگ و ئاڵۆزو تەکنۆلۆژیاوییەدا، مەیدانی ئازادی کاری مرۆڤان هەندێ تەنگ و سنووردار ببێت، بەڵام تەسەور ناکرێت، لەم بارودۆخ و ڕەوشەدا، تەکنۆلۆژیا و دەرهاویشتەکانی تەکنۆلۆژیا، بتوانێت ئازادی خەیاڵ سنووردار بکات، یان ئازادی خەیاڵی پێ پەڕوباڵ بکرێت کە خەسڵەتێکی مرۆڤانییە..جا ڕەنگە یەکێک لە نهێنییەکانی ڕەواجی ڕۆمان لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا، لەوەدا بێت کە ڕەگی لەم ئازادی خەیاڵەدایە.نووسینی ڕۆمان دەکاتە مومارەسەیەکی هەرە وردو شکۆداری ئەم ئازادی خەیاڵە..

***

بە هەرحاڵ کات و زەمەنیش کە یەکێکە لە توخمە گرینگەکانی ڕۆمان، موتڵەق و ڕەها نییە، یانی ڕۆمان، ڕووداووی ئەزەلییەت و ئەبەدییەتی ژیان ناگێڕێتەوە تا بێ گوێدان بە تایبەتمەندیی زەمەنی ڕووداوەکان، بەناو بکەوێت. ڕۆمان شرۆڤەی ژیان و هەلومەرجی خەڵکانێکی دیاریکراوە لە چوارچێوەی هەلومەرجێکی زەمەنی دیارو سنووردارداە. یانی ڕووداوی ڕۆمان لە هەموو زەمەنەکاندا دەسوڕێتەوە، بەڵام ڕووداوی داستان لە ڕابردوویەکی ڕەهای مێژووییدا دەسوڕێتەوە و ڕوودەدات. داستان دەشێت ئاوڕ لە کاتی ئیستا بداتەوە، ڕووداوەکانی کاتی ئیستا بەسەر بکاتەو، بەڵام ئەمە بەشێوەیەکی ڕاستەخۆ ناکات، بەڵکو لە قاڵب و دەقی ڕووداوێن ڕابردوودا دەیگێڕێتەوە. یانی زەمەن لە داستاندا زەمەنێکی وەستاو وڕەهایە.. یانی زەمەنێکە لە حاڵی گوزەر و تێپەڕبووندا نییەو بەسەر ڕابردوو، ئیستاو، ئایندەدا دابەش نەبووە.. ئاکامی ڕووداوەکان پێشوەختە دیارە، بەڵام لە ڕۆماندا کات و زەمەن لە وەستان نایەت و لە حاڵی گۆڕاندایە.. لە جیاتی قارەمان و کاراکتەر ئافەریدەی ڕابردووی خۆ بن، ڕابردوو ئافەریدەی ئەوانە..

***

جا با لێرەدا سووکە هەڵوەستەیەکیش لەسەر زمان بکەین. زمانی ڕۆمان، زمانێکی سخ و چڕ و پوختە و پاراوە. نە جێگەی درێژدادڕی تیا دەبێتەوەو نە ڕێگەی ئاخافتنبازی دەدات، یانی زمانی ڕۆمان ئەوزاری گوزارشتە، لە خودی خۆیدا و بە مجەڕەدی ناسنامە و ماهیەت و بونیادێکی سەربەخۆی نییە، بە گوێرەی ئەو بابەتەی باسی دەکات دەگۆڕێت. لە ڕۆماندا، بونیاد و

پێکهاتەی پەیڤ و دەستەواژەو بونیادی ڕێزمانی ڕستە، بۆ خۆی و بەتەنیا، ئەو بایەخەی نییە کە نووسەر زۆر لە خەمی جوانی و ناسکییاندا بێت، بەڵکو گرینگ دەربڕینی ورد و بێخەوشی ئەو بابەت و شتەیە کە قەرارە بۆ خوێنەر بگێڕدرێتەوە. هەڵبەتە زمانی پوختەو ئاهەنگدار، جوانی بە ڕۆمان دەبەخشێت، بەڵام ئەم جوانی و جوانکارییە بۆخۆی و لەخۆیدا دیاردەیەکی سەربەخۆ نییە، بەڵکو پەیوەندی بە تێکڕای ڕۆمانەکەوە، وەکو یەکەیەکی یەکپارچەی هونەری هەیە، بابەتی چیرۆکەکە و چۆنیەتیی دەربڕینی بابەتەکان، تایبەتمەندی زمانەکە دیاری دەکات.

زمانی ڕۆمان، یەک زمان نییە. لە ڕۆماندا هەر کاراکتەرێک بە گوێرەی ناسنامەو پێگەی شەخسی و جڤاکی خۆی، بە زمانی تایبەتی خۆی دەدوێت. نووسەریش لە کاتی وەسفی دیمەن و مەسەلە ناشەخسییەکاندا، زمانی تایبەتی خۆی هەیە. زمانی کاراکتەرەکان دەشێت بە گوێرەی هەویەت و ناسنامەی خۆیان، بازاڕی یان ئەرستۆکراتی یان کتێبی و پەتی بێت، بەڵام زمانی نووسەر زمانی فەرمی و بابەتییە. ئەم زمانانە لە ناو دەقی ڕۆماندا و لە دیالۆگ و هەڤپەیڤینەکاندا تێکدەکەنەوەو بە هەڤبەندی و بە دەم کارلێکی هونەرییەوە مانا پەیدادەکەن. دیالۆگ و هەڤپەیڤینی قارەمانەکان، دەکاتە دیالۆگ و هەڤپەیڤینی زمانەکان. هەڵبەتە زمانی ڕۆمان بە زۆری لە زمانانی ترەوە وەرگیراوە و قەرزکراوە، ئیدی زمانی هەواڵ و ڕاپۆری ڕۆژنامەوانی، زمانی حیکایەتێن کۆن، زمانی دیالۆگ و گفتوگۆی چینێک یان توێژێکی دیاریکراوی چینی بۆرژواو کرێکارانەوە تا دەگاتە زمانی شارنشینان و گوندییان.. بە هەرحاڵ فرەزمانی و جۆراوجۆری زمان یەکێکە لە خەسڵەتە دیارەکانی دنیای مۆدێرن. لەم دنیایەدا بە مەبەستی گەیاندنی مەبەست، سوود لە جۆرەها زمان وەردەگیرێت، لە زمانی زانستی و جۆرنالیستییەوە بیگرە تا دەگاتە زمانی گفتوگۆ و زمانی ئەدەبی. هەرکەسە بە پێی ئەو مەبەستەی کە دەیەوێ بیگەیەنێت، زمانی دڵخوازی خۆی هەڵدەبژێرێت و بەکاری دێنێت. بەڵام دەبێت ئەوە بزانرێت کە فرەزمانی و جۆراوجۆری زمان لە کۆمەڵگەدا و لە ژیانی ڕۆژانەدا دیاردەیەکی تەواو مۆدێرنە. یانی فرە زمانی و جۆراوجۆری زمان تایبەتە بە سەردەمی مۆدێرن و ڕۆمانەوە.. لە سەردەمانی پێش مۆدێرنیزمدا بە هۆی سنووورداری پەیوەندیی نێوان گرووپ و تاقمە جیاوازەکانەوە، گفتوگۆ و یالۆگێکی ئەوتۆیان لە نێواندا نەبوو. بەشێوەیەکی گشتی هەرگروپێک لە ڕووی زمانەوە گروپێکی داخراوبوو بەسەر خۆیدا، بەڵام لە داستاندا، فرە زمانی نییە، یەک زمان بۆ شرۆڤەی ڕووداوەکان و گێڕانەوەی دیالۆگی کاراکتەرەکان بەکار دەبرێت. لە داستاندا کاراکتەرەکان، هەموو، چ پاڵەوانان و سوارچاکان، چ گوندییا، بەیەک شێوە دەئاخفن. دیالۆگی کاراکتەرەکان، دیالۆگی زمانانی جیاوازو جۆراوجۆر نییە، دیالۆگی کەسانی جیاوازە.داستان عەوداڵی زمانێکی ڕەسەن و سەرمۆرە، زمانێک کە قەرزاربارى هیچ زمانێکی دی نەبێت، هەڵبەتە ئەمە کارێکی نەکردەنییە، بەڵام مەبەست ئەوەیە کە لە سنووری توانادا ڕووداوەکان بە زمانێکی ڕەسەن و سەرمۆر و شکۆدار بێنە گێڕانەوە و کار لە گوێگران بکات. بەشێوەیەکی گشتی هیچ نیشانەیەکی دیالۆگ لە نێوان داستان و وەرگری داستاندا بەدی ناکرێت و، داستان زیاتر جەخت لە سەر غەیرە تاریخی بوون و میتا زمانی خۆی دەکات، بەڵام لە ڕۆماندا بە پێچەوانەوە گرینگییەکی زۆر بە خوێنەر دەدرێت و ڕۆمان ڕاستەوخۆ بۆ خوێنەر دەنووسرێت. یانی نووسەر کاتێ دەست دەداتە نووسین، ڕۆشبینییەکی دیاریکراوی دەربارەی خوێنەری گریمانەیی خۆی هەیە، یانی خوێنەری خۆی

لەبەرچاوە و گەرەکیەتی پەیامێکی تایبەتی پێ بگەیەنێت. نووسەر ڕەنگە لە بنەڕەتدا بە مەبەستی تەماسگرتن دەگەڵ خەڵکانی دیکەدا دەست بداتە قەڵەم و قەڵەمڕانی بکات، واتە نووسین لێرەدا هەر بە مەبەستی دروستکردنی پەیوەندی نییە، بەڵکو ڕەنگە لە هەمان کاتدا بە مەبەستی دیالۆگ و گەنگەشەش بێت. جا لەم ڕووەوە دەشێت بەرهەمەکەی نووسینێکی پرۆپاگەندەیی یان بەیاننامەیەکی سیاسی، هونەری، یان کۆمەڵایەتی بێ، کە لە قاڵب و فۆرمێکی چیرۆکڤانیدا پێشکەشی بکات. هەڵبەتە گومان لەوەدا نییە، کە ئەم جۆرە نووسینە دەبێت بە زمان و شێوازو تەکنیکێکی ئەوتۆ بێتە نووسین کە ڕاستەوخۆ کار لە خوێنەر بکات. بە شێوەیەکی گشتی ڕۆمان دەبێ خوێنەرو ئەقڵییەت و زەینییەتی خوێنەری گریمانەیی خۆی لە بەرچاو بێت و هەست و سۆزو ئەقڵیەتی خوێنەری خۆی، ڕاستەوخۆ بدوێنێت.

ڕاستە ڕۆمان مایل نییە بەلای پەیڤبازی و درێژدادڕی بۆش و بەتاڵەوە، بەڵام لە هەمان کاتدا، لە شێوە گشتییەکەی خۆیدا جگە لە گەمەی زمان هیچی تر نییە. تاقە ئەوزاری گێڕانەوەو نووسینی ڕۆمان، پەیڤ، چەمک و زاراوانە. خوێنەر کە دێتە سەر خوێندنەوەی ڕۆمان، هیچ زانیارییەکی پێشوەختەی لەمەڕ ڕۆمانەکە نییە، بەڵکو خودی نووسینەکە دەستی دەگرێت و بە نێو ڕۆمانەکەدا، وەکو یەکەیەکی یەکپارچەی هونەری، دەیگێڕێت. لەم لایەنەوە دەستی نووسەر کراوەیە، ئازادە کە ڕووداو یان سکێچ و پلۆتی دڵخوازی خۆی هەڵبژێرێت و بە گوێرەی ویستی خۆی لە قاڵبی گەمەیەکی زمانەوانی دڵخوازی خۆیدا بەرجەستەی بکات. بەڵام دەبێ ئەوە بزانرێت کە ئەم گەمە زمانەوانییە هەموو ڕۆمان نییە، یانی ڕۆمان تەنیا گەمەی زمان نییە، بەڵکو تەنیا ئەوزارێکە کە خوێنەر بۆ دەرک و ڕاڤەو لێکدانەوەی ڕۆمانەکە بەکاری دەبات. یانی تێکڕای چیرۆکەکە، ئیدی ڕووداوەکانی هەرچییەک و هەرچۆنێک بن لە ڕێگەی زمانەوە دێتە دەرککردن و تێگەییشتن. لە داستاندا ڕووداوەکان پێشبینی کراون، فاکتەرێن ڕێکەوتەکی و بۆیەرێن چاوەڕوان نەکراو و ڕێکەوتەکی لە خانەی نەبووانداییە، شتەکانیش بە جۆرێ دێنە گێڕانەوەو باسکردن کە تێکڕای داستانەکە بە هەموو ورد ودرشتێکییەوە بۆ خوێنەر و وەرگر قابیلی دەرککردن و تێگەیشتن بێت، واتە داستان پرۆژەیەکی داخراوە، بەڵام ڕۆمان پرۆژەیەکی کراوەیە، دەستی نووسەر لە ئەفراندنیدا کراوەیە، ڕەوتی ڕووداوەکانی یان تایبەتمەندی پاژەکانی نایەتە پێشبینی کردن. هەموو کات و ساتێک ئەگەری ئەوە لە ئارادایە کە ڕێکەوتێک یان بوویەرێکی چاوەڕوان نەکراو، ڕەوتی گشتی چیرۆکەکە بگۆڕێت. جا لەم ڕووەوە، پەیڤ و چەمکەکان تاقە کلیلی

بەلزاک

دەستی خوێنەر، بۆ کردنەوەی ڕازو ڕەمزەکانی چیرۆکی ڕۆمان، یانی دەقە نووسراوەکە ڕێنوێنی خوێنەر دەکات بۆ دەرککردنی ڕووداو یان سکێچی چیرۆکەکە. جا لەم ڕووەوە جۆراوجۆری زمانی ڕۆمان نەک هیچ کێشەیەک بۆ خوێنەر دروست ناکات، بەڵکو یارمەتیشی دەدات.. یانی فرە زمانی و جۆراوجۆری زمان یارمەتی خوێنەر دەدات لە تێگەییشتنی دەقی ڕۆمانەکە. بە کورتی جۆراوجۆری زمان و دیالۆگی زمانان لە ڕۆماندا هەم دەرفەتی تێگەییشتنی وردتر بۆ خوێنەر دەرەخسێنێت و هەم لە مەیدانی گەمەی زمانەوانیدا ئازادی پتر بۆ نووسەری ڕۆمان فەراهەم و دابین دەکات.

جا لە بەر ڕۆشنایی ئەو دید و بۆچوون و بەراوردکارییانەی سەرێ ڕا، دەگەینە ئەم ئەنجامگیرییەی کە داستان کۆنترین شێوەی گێڕانەوە چیرۆکڤانی دیاردە و ڕووداو و کاروبارەکانی ژیان بووە و تا سەرەتای دەوران و سەردەمی مودێرنیش باوترین شێوەی گێڕانەوەی چیرۆک بووە، بەڵام داستان بەشێوەیەکی گشتی بەرهەمێکی هۆنراوەییەو بە شێواز و زمانێکی ناوازە و پڕشکۆ هاتوەتە دارشتن و زیاتر بۆ جۆشدانی دەرونی، سیاسی و فەرهەنگی وەرگر بووە تا بۆ سەرگەرمکردنی.. جا ئەگەر لەم ڕوانگەیەوە تەماشا بکەین، دەبینین ئەفسانەو حیکایەت کە عادەتەن بە پەخشان دەگێڕدرێنەوەو شێوازێکی سادە و میللییان هەیە، لەم لایەنەوە لە داستان زیاتر دەشوبهێنە سەر ڕۆمان. ئەفسانە و حیکایەتیش، وەکو داستان، لە شێوە هەرە کۆن و باوەکانی گێڕانەوەی چیرۆکڤانی ڕووداو و دیاردەو کاروبارەکانی ژیانن، زۆر ڕووداو و کاراکتەرانی نموونەیی لە قاڵبی ئەفسانە و حیکایەتاندا هاتوونەتە وێنەگرتن و بەرجەستە کردن، زۆر ڕۆمانیش لە ئەفسانە و حیکایەتانەوە هەڵێنجراون یان لە شێوەی ئەواندا نووسراون، بەڵام دەبێت دان بەوەدا بنرێ کە ئەفسانە بە پێچەوانەی ڕۆمان و تا ڕادەیەک بە پێچەوانەی داستانیشەوە، سەروکاری دەگەڵ شتانی ناواقیعیدایە و حیکایەتیش ئەو مەوداو لایەن و ئاڵۆزکاوییەی داستان و ڕۆمانی نییە.. جا لێرەدا و هەر بە مەبەستی سووکە بەراورد و دۆزینەوەی هەندێ خاڵی هاوبەش و نیمچە هاوبەش لە نێوان ڕۆمان و ئەفسانەدا هەڵوەستەیەکی کورت لەسەر ئەفسانە دەکەین وپاشان هەمان کارو مامەڵە لەتەک حیکایەتیشدا دەکەین..

دۆزی سەرەکی و تەوەرەیی ئەفسانە ژیان و چارەنووسی مرۆڤە. ئەفسانە ،بویەرو ڕووداوە دیارو گەورەو ترسناکەکانی ژیان ,هەر لە ڤیان و ئاشقێنی و دۆستایەتی و دژمنایەتییەوە بیگرە تا دەگاتە سەفەر و سەرکێشی و ڕیسکان، هەر هەموو وێنە دەگرێت و بەرجەستە دەکات. بەڵام بە شێوەیەکی ڕیالیستی و واقیعبینانە ناڕوانێتە مرۆڤ و ژیانی مرۆڤ. ڕاستە ئەفسانە هەندێ پاژو توخم و ڕەگەزی ژیان کەم تا زۆر واقیعبینانە وەسف دەکات، بەڵام زیاتر بە لای ئەو شتانەدا دایدەکێشێت کە نائاسایی و خەیاڵین. یاتی سەروکاری پتر دەگەڵ بەسەرهات و بویەری سەیرو غەریب، چارەنووسی ریزپەڕو، شتی نائاساییدایە تا لەگەڵ پاژ و وردەپاژە ئاساییەکانی ژیانی ڕۆژانەدا بێت، بە زۆری تووشی خەڵکانێک دەبین کە بە ڕێکەوت چارەنووسێکی نائاسایی پەیدا دەکەن. هەڵبەتە کاراکتەرانی ئاسایی وەکو بازرگان، جوتیار، شازادە، ژنان و پیاوان هەن، بەڵام بوونیان لە ناو دەقی ئەفساناندا، بوونێکی کزو پەراوێزییە. ئەفسانە بە مەبەستی سەرگەرمکردنی خوێنەر دێتە نووسین و ئەمە ئامانجی سەرەکی و بنەڕەتییەتی. لە ئەفساناندا هیچ نیشانەیەکی فێرکردن و پەروەردەی ڕۆشنبیریی یان ئەخلاقی یان سیاسی بەدی ناکرێت.. بۆیە ڕاکێشان و سەگەرمکردنی خوێنەر پانتاییەکی گەورەی ئەفسانە

دەگرێتەوەو جا لەبەر ئەمە وردەکاری و ڕایەڵی ئەفسانە بەجۆرێ دێتە چنین و داڕشتن کە هەستی کونجکاوی خوێنەر بهاڕوژێنێت، بۆیە سەربهووردو بویەرێن غەریب و عەجیب و نائاسایی پانتاییەکی گرینگ لە ئەفسانەدا دەگرێتەوە. بەڵام ئەمە تەنیا تەکنیکی ڕاکێشانی خوێنەر و هاڕووژانی هەستی کونجکاوی خوێنەر نییە لە ئەفسانەدا، بەڵکو هەوڵدەدرێ شەقڵ و مۆرکێکی شەهوەت بزوێن و کۆمیدیشی بدرێتێ تا باری جددیەتی چیرۆکەکە سووک بکرێت و خوێنەر لەزەتێکی زیاتری لێوەربگرێت. بویەر و ڕووداو ودیمەنەکان نەک بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆو شەفا، بەڵکو بە شێوەیەکی هاڕووژێنەر دێتە وێنە گرتن. خوێنەر دەخاتە حاڵی چاوەڕوانییەکی ئەوتۆوە کە هەمیشە بەتەمای بویەرو ڕووداوی تازە بێت.



ڕۆمانیش، وەکو ئەفسانە بە مەبەستی سەرگەرمکردنی خوێنەر دەنووسرێت، بەڵام ئەمە لە ڕۆماندا، بە پێچەوانەی ئەفسانەوە، تاقە مەبەست و ئامانج نییە. چونکە ڕاکێشانی سەرنج و هاڕوژاندنی کونجکاوی خوێنەر بۆ خۆی و لە خۆیدا ئامانج نییە، بەڵکو وەسیلەیە بۆ گەییشتن بە ئامانجێک. ڕۆماننووس، ئایدۆلۆژیاو بۆچوونی خۆی لەمەڕ دیاردەو ڕووداوان، لەمەڕ جیهان، لە قاڵبی چیرۆکێکدا دەگێڕێتەوە. ئیدی وەکو کەسێکی خودان دید و نۆڕینی ڕامیاری، جڤاکی و کەلتووری تایبەتی خۆی، دەست دەداتە قەڵەم و دەکەوێتە نووسین. مەبەستی سەرەکیی وی، گوێزانەوەی ئەو پەیام و گۆشەنیگایەیە کە لە زەینی خۆیدا هەڵیگرتووە. بە کورتییەکەی دەیەوێ خودی خۆی بە بێمنەتی بۆ خەڵکانی دی هەڵبخات، دەرگاکانی خودی خۆی بخاتە سەرگازی پشت. تێکڕای ئەو پەیڤ و چەمکانەی کە بەکاریان دەبات، بە بۆچوونی سیاسی و کۆمەڵایەتی بارگاوین و نۆڕینی ڕەخنەیی یان پشتیوانی ئامێزی ئەو، سەبارەت بە بویەر و دیاردەکانی ژیان و جیهان دەگێڕنەوەو پیشان دەدەن. لەم ڕووەوە، ڕۆمان جۆرە تیواری و شەفافییەت و مەندییەکی تێدایە. کە لە ئەفسانەدا نییە. لە ڕۆماندا سەربهوود و پەیامەکان ڕاستەوخۆو تیوارن (شەفافن) و هاڕووژاندنی هەستی کونجکاوی خوێنەر لە ڕۆماندا، گرینگە، بەڵام خۆی لە خۆیدا ئامانج نییەو دەبێ دەگەڵ ڕەوتی گشتی دەقەکەدا بگونجێت، دەنا بەرهەمەکە ناسنامە و خۆیبوونی خۆی لە دەست دەدات، چونکە پەیام و گوتاری نووسەر لە ڕۆماندا، بۆ خۆی ڕەگەزێکی گرینگە و بمانەوێ ونەمانەوێ خوێنەر گیرۆدەی خۆی دەکات، ناچاری دەکات بیربکاتەوەو کاردانەوەو هەڵوێستی زەینی خۆی لە هەنبەر تێکڕای کارە هونەرییەکە هەبێت..

***

بە هەرحاڵ با بێینە سەر حیکایەت. حیکایەت چیرۆکێکی ئەخلاقی یان جڤاکی یان پراکتیکییە کە بە هۆنراوە یان پەخشان دێتە گێڕانەوە. هەڵبەتە سەربهوورد و زنجیرەی ڕووداوێن ئەم جۆرە چیرۆکە زۆر سادەو کورتە، ڕەگەزی عەجیب و غەریب و چاوەڕوان نەکراوی تیا نییە. تیمەو بابەتی حیکایەت هەر بابەتە واقیعییەکانی ناو ژیانی ڕۆژانەیەو زۆر دوورە لە ئەفسانەبازی و خەیاڵپەروەری و، شتەکان وەکو چۆن لە ژیانی پراکتیکیدا هەن، بەو ئاوایە دەگێڕێتەوە. هەڵبەتە گێڕانەوەیەکی خێراو بروسکەیی. لە حیکایەتدا گرینگ ئەو پەیامەیە کە دەویسترێت بگەیەنرێت.چیرۆکی حیکایەت تەنیا پردێکە بۆ گەیاندنی پەیامەکە، یانی نابێت سەربهوورد و ڕووداوەکان مەودایەکی سەرنجڕاکێش و ئاڵۆزی ئەوتۆ پەیدا بکەن کە خۆیبوونی تەواو بە چیرۆکی حیکایەتەکە ببەخشن.

چیرۆکەکە دەبێت تەنیا ئەوەندە سەرنجڕاکێش بێت کە خوێنەر شیفتەو عەوداڵی تێگەییشتنی پەیامە پەنهانەکە بکات.

لە ڕۆمانیشدا، چیرۆک بە تەنیا هەموو شتێک نییە، ڕۆمان نووسراوێکی ئایدۆلۆژییە، نووسەر پەیام و گوتار و قسەی خۆی لە میانەی پرۆسەی شرۆڤەی دیاردە و ڕووداوەکانەوە بۆ خوێنەر دەگوازێتەوە. یانی چیرۆکەکە دەکات بە دەستاوێز بۆ نیشاندانی لایەنە سیاسی، جڤاکی یان فەلسەفییە دڵخوازەکانی خۆی. دیارە ئەمە لە چوارچێوەی تەکنیکێکی ناوازەو باڵادا دەکرێت.. جا ئەگەر لە حیکایەتدا پەیامی ئەخلاقی ئامانجێک بێت و چیرۆکەکە بەو ئاڕاستەیەدا و بۆ نواندنی ئەو پەیامە بێتە نووسین و زۆر بە ئاسانی و سادەیی بێتە نووسین و تێگەییشتن، ئەوا لە ڕۆماندا پەیام و گوتاری ئەخلاقی یان سیاسی لایەنێکە لە لایەنەکانی چیرۆکەکەو ڕەنگە پەنهانترین لایەنی چیرۆکەکە بێت، بۆیە لەم ڕووەوە بەهەمان ئاسانی حیکایەت نایەتە تێگەییشتن..

بە کورتی و کرمانجی، ڕۆمان لە نێوان ئەفسانە و حیکایەتدایە، هەندێ لێکچوونی دەگەڵ هەردووکیاندا هەیە، بەڵام نایەتە خوارێ بۆ ئاستی هیچ یەکێکیان. نە وەکو ئەفسانە لە هەر ئایدیۆلۆژیا یان پەیام و گوتارێک خاڵییەو نە وەکو حیکایەت بە ئاڕاستەی نیشاندانی یەک پەیام و گوتار دێتە نووسین. ڕۆمان گەمەیەکی زمانەوانییە، بۆ ڕاکێشان و سەرگەرمکردنی خوێنەر دێتە نووسین، بەڵام ئەمە هەموو مەبەست و ئامانجێکی نییە، یەکێک لە مەبەستەکانی دیکەشی ئەوەیە لە ڕووی سیاسی و ئەخلاقیشەوە کار لە خوێنەر بکات. ڕۆماننووس وەکو تاکێکی دیار، بیر بۆچوونەکانی خۆی دەکات بە تان و پۆی دەقەکە و ئەم بیرو بۆچوونانە لە چیرۆکی دەقەکەدا، ئاوێتەی تێکڕای ڕەگەزەکانی دەقەکە دەبێت و ناڕاستەوخۆ وهونەریانە، بۆ خوێنەر دەگوازێتەوە...

بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە:

*نامەهایی بە یک نویسندە جوان، ماریو بارگاس یوسا، ترجمە رامین مولایی، چاپ دوم، 1389، نشر مروارید.

*نظریە رمان و ویژگیهای رومان فارسی، محمد رفیع محمودیان، چاپ دوم، 1387، نشر پژوهش فرزان روز، تهران

*دەربارەی رۆمان و چیرۆک، حەمەکەریم عارف، چ 1، 2008، کەرکوک، چاپخانەی ئارابخا..

*گیورگ لوکاچ ، رمان تاریخی، ترجمە امید مهرگان، نشر ثالث، چاپ اول، 1388

*واقیعیت نویسندە،ماریو بارگاس یوسا، ترجمە: مهدی غبرائی، نشر مرکز- چاپ اول: 1377

*رهنمای داستان نویسی، جمال میرسادقی، تهران: 1387

*متعه الروایه: الدکتور احمد زیاد محبک، دارالمعرفه-بیروت: 2005

وتارێك ڕووی لە کەس نییە

دنیایەکی پڕاوپڕ لە سەدای ئاشنای مێژوویەکی دڕدۆنگ

ئەدیب نادر

تاکە ئامانجی هونەر پارێزگاریکردنە لە هۆشیاری گۆنتەر گراس

ڕووکردنە ڕۆمانی زۆرینەی نووسەرانمان بووەتە هۆی دروستبوونی بۆشاییەکی گەورە لە تانوپۆی ئەدەبەکەماندا، کە ئەویش ڕاستەوخۆ کاریگەرییەکی نیگەتیڤی خستووەتە سەر ژانری کورتەچیرۆک و دەتوانین بڵێین نەک هەر لە کزیی داوە، بەڵکە ئاستی هونەرییشی بە بەراورد لەگەڵ ڕابردووی نزیکیدا کورتی هێناوە و زۆربەی ئەو بەرهەمانەیش کە بەرچاو دەکەون بە شێوەیەکی جدییانە بە لەبەرچاوگرتنی هەموو لایەنەکانی مامەڵە لەگەڵ ژانرەکەدا ناکەن و پێشخستنی ناکەن بە خەمی پەیگیریی ئایندەی خۆیان. بێگومان ڕۆمان دنیایەکی ئەمەندە

ئەفسووناوییە، لەو باوەڕەدا نیم چیرۆکنووسێک هەبێت توانیبێتی لە سیحر و فریو و کاریگەرییەکانی خۆی ڕەخساندبێ و لە ژێر هەژموون و دەسەڵاتی خۆسەپێنی دەربازی بووبێت، تەنانەت ئەوانەی لە کایەکەیشیدا سەرکەوتنیان دەستەبەر نەکردووە، لە سەر نۆڤلێت یان چیرۆکی درێژتر گیرساونەتەوە و تا ڕادەیەک تینوویەتیی خۆیانیان پێ پاراو کردووە. ئەوەتانێ، پاش نزیکەی چل ساڵ لە نووسینی کورتەچیرۆک و جیاکاربوون تێیدا و کارتێکراوبوون بە ئەدەبیاتی گێڕانەوەی وڵاتانی تری دنیا و وەرگێڕانی ئەو کارتێکراوییە بۆ فەزایەکی داهێنەرانەی دیکە، کە بێگومان زۆربەی نووسەرانی ئەمڕۆ لە ناو قەڵەمڕەوی ئەو کارتێکراوییەدان، مامۆستا "جەلیل کاکەوەیس" یەکەمین بەخششی لەم کایەیەدا بە ناوەندی ئەدەبیمان بەخشی. دیارە دواکەسی نێوەندە ئەدەبییەکەیشمان نابێت کە خۆی لە قەرەی هونەرێکی ئاوا تانوپۆدار و فرەسەرەداو و تەلیسماوی دەدات.

زۆرجار پرسیارێک یەخە بە خوێنەر دەگرێت، بەبێ ئەوەی وەڵامێک ببێتە ناوبژیوان، ئەویش بۆچی چیرۆکنووسی ئێمە هەتا ڕۆمان نەنووسێت خۆی وەکو بوونێکی ئەدەبیی گرنگتر نابینێت؟ یان دەتوانین بڵێین بۆچی ڕۆمان بەرجەستەکەری ئیگۆی نووسەرە نەک چیرۆک؟ زۆرجاریش نووسەرێک هەر کە ڕۆمان دەنووسێت ئیدی چیرۆک دەبێتە دەقێکی سووک و جارێکی تر ناچێتەوە ناو بازنەی تەحەدداکردنێکی ئیبداعییەوە، بۆیە ناتوانێت سەرلەنوێ بۆی بگەڕێتەوە و بە دڵ و بە گیان کار لە کایەکەیدا بکات و ئافراندنی تێدا بەرهەم بهێنێت، بەڵگەنەویستیشە کە نموونەم بۆ ئەم ئارگومێنتەم عەبدوڵڵا سەڕاجی نووسەرە، کە دوای پتر لە بیست ساڵ چیرۆکنووسین و لە پاش ڕاپەڕینەوە، ئەوەندەی ئاگەدار بم تا حاڵی حازر هەر سەرقاڵی نووسینی ڕۆمان بووە و ئەو بەهرە گەورە و جیاکارەی لە نووسینی کورتەچیرۆکدا هەیبوو پشتگوێی خستووە و ناکرێ ئومێدیش بەوە ببەسترێت کە جارێکی تر ئەو بەهرە و تەڕدەستییەی ببووژێتەوە و ئەفراندن لەو بوارەدا پێشکەش بکاتەوە.

ئەم بەرهەمە وەکو زۆرێک لە بەرهەمە خۆماڵی و بیانییەکان پانۆڕامایەکی تەواوی ڕووداوێکی ڕاستەقینەی مێژوویەکی دیاریکراوی پڕ لە کوێرەوەری و شەرمەزارییە و لە تەواوی گۆشەنیگاکانەوە مەعلانانە وێنەی دیمەنە بەزەیی وروژێنەکەی دەستەبەر کردووە.

دیارە نووسەر بە تەواوی دەسەڵاتی بەسەر تەکنیکی ڕۆمانەکەدا شکاوە و تا ڕادەیەکیش مەعلانیی لە کۆنترۆڵکردنیدا نواندووە و باسی مێژوویەک دەوروژێنێ کە هەمیشە ڕاڕایی و بێ هەدادانییەکی دۆزەخانەی بە مرۆڤەکانی بەخشیوە و پێبەپێی ئەوەیش مرۆڤ شەقڵی خۆی لە ناو تانوپۆکەیدا وەرگرتووە. دیارە تابڵێی فۆرمی تێکستەکەی چڕ کردووەتەوە و زمانێکی بۆ چنیوە تا ئەوپەڕی شیعری و وروژێنەر و زیندووە و ئەوەی وەکو دەق بەرهەمی دەهێنێت شایانی ئەوەیە بە هەند وەربگیرێت و ستایش بۆ خۆی بقۆزێتەوە.

ئەم بەرهەمە چەند گێڕەوەیەک دەیکەن بە بەرهەمێکی پۆلیفۆنی و لە کاتی پێویستدا ڕووبەرێکی دیاریکراو لە تێکستەکە ڕەنگڕێژ دەکەن و دەنگی تایبەتیی خۆیانی پێدەبەخشن و ئا بەو تەرزە تانوپۆکەی دەچنن. بێگومان، نە شتێکی تەواو فانتازی و خەون و خەیاڵکردە، نەیش سەددەرسەد ڕیاڵکرد و واقیعییە، بەڵکە هەردووک شانبەشان سەرگوزەشتەی مرۆی ئەو سەروبەندەی زەمەنی ناو دەقەکە ڕەنگڕێژ و بەرجەستە دەکەن. بابەتی تێکستەکە خۆی لە نائاساییبوون وەردەدات، هەرچەندە لە ئانوساتی جەنگدا بە شێوەیەکی ئاسایی شەقڵ دەگرێت و لەو لۆژیکەی کە هەیەتی لانادات کە

سەرەنجام ئەو دیمەنە نامرۆیی و دڵتەزێنانە دێنە کایەوە کە ڕۆمانەکە کۆشش و هەوڵی بە پانۆراماکردنی دەدات. بە ڕای من ئەوەی تخووبەکانی ئاساییبوون جێدەهێڵێت ئەو گۆشەنیگایەی گێڕانەوەکە و ئەو تەکنیکەیە کە بابەتەکە بەرەو پێشەوە دەبات و لە پەنجەرەی ئەزموونێکی بێڕادە تاڵەوە دەڕوانێتە ئەو سەردەمەی کە ڕابردووە، بەڵام ئەو ڕابردووە بەردەوام برینێکە و ساڕێژبوون ڕەتدەکاتەوە و لە لەبیرکردنیش ڕادەپسکێت. ئەو زمانە چڕوپڕەی لاپەڕەکان پاوان دەکات و لە هیچ شوێنێکیدا ڕەنگە هەست بە زیادەڕەویی نەکرێت کەچی لە هەندێ شوێنیدا هەناسەی زمانەکەی کورتخایەنە و توانای فەراهەمکردنی پێداویستییەکانی هاماجی ڕۆمانیان پێ دابین ناکرێت.

تایتڵی ئەم بەرهەمە تایتڵێکی سەخییە، سەرەداوێکی لاواز بەدەستەوە دەدات و ڕووی لە کەسێکی دیاریکراو نییە، بەڵکو ڕووی لە هەموو کەسێکە و هەر لێرەوە سەرکۆنەکردنی خۆی، کە بێگومان سەرزەنشتکردنی خودە بە پلەی یەکەم کە بەها مرۆییەکانی لێ بەلەسە بووە و هەوڵی دەستەبەرکردنیان ناداتەوە یان دەستەپاچەیە لە هەڵوێستوەرگرتن، ئینجا سەرزەنشتکردنی تەواوی مرۆڤایەتی دەست پێدەکات کە ڕێگە دەدات ڕووداوی بەم قەبارەیە و ئاوها بێسەروبەر، کارەسات و نوغرۆیی و ونبوون و لەناوبردنی ئاوها ڕوو بدەن و بە دەنگ ئەنجامدەرانی ئەم تاوانانەوە بڕۆن و چاوپۆشیشیان لێبکەن. بێگومان شاکەس، ئەگەرچی لە شوێنێکدا عەبدولڕەحمان مونیف دەڵێت: زەمەنی پاڵەوانی باش و خراپ نەماوە. بەڵام مامۆستا جەلیل بەبێ دیراسەکردن (کە هەڵەیەکی هونەرییە و لەسەر ڕۆمانەکە کەوتووە) کاراکتەرێکی ئیتیکالی ئەوتۆی خوڵقاندووە کە ئەو هەموو خەم و خەفەتەی لێوەی هەڵدەقووڵێت بێجگە لە تەسەننوعێکی ڕاستەوخۆ شتێکی دیکە نییە و سەرباری نەرێنیبوون و خراپبوونی بەرامبەر بە پرسێک وەهمی ئەوەی لە هزردا جێگیر بووە کە پاڵەوانێکی ئەرێنییە و بە بەتاڵایی و بۆشییەکی گەورەوە لە هەگبەی کردەوەکانی خۆی تەنانەت لە سەرووی چەک بەشان و نیشتیمانپەروەرەکانیشەوە دەبینێت و بەڕاست و چەپ ڕەخنە دەبەشێتەوە و هەر لە سەرەتاوە تانە و لاقرتێ لە میهرداد دەدات کە دژی میللەتەکەی خۆی لایەنگیری ڕژێمی ئێرانییە و خیانەتکارێکی گەورەیە بەبێ ئەوەی ساتەوەختێک بیر لەوە بکاتەوە کە هیچ جیاوازییەک لە نێوانیاندا نییە و لە ڕاستیدا، هەتا دواساتەکانی بەر لە ڕاپەڕین هەر چەقی لە هەمان شوێن بەستووە، کە لە هاتوهەڵڵای ڕاپەڕینیش لە ئوتێلەکەوە دەردەچێت، گومان هەڵنەگرە، کە خۆی هیچ یارایییەکی نییە و بە هانی ماکس ئەڵمانیی ئەو شوێنە بەجێ دەهێڵێت. سەرەنجام شاکەس تاکێکە کە لە یادەوەریدا هەڵوێستێکی پۆزەتیڤانە بوونی نییە و هیچ شتێکی ماقووڵی بەرامبەر بە شووناسەکەی خۆی نەنواندووە کە بە باڵای تەمەنی ئەو و هاوخوێنەکانی هەموو ساتێک پێشێل دەکرێت. لە لایەکی ترەوە، کراوە بە سیمبوڵێک کە بە بۆچوونی من بە هیچ کلۆجێک شایستەی نییە، چونکە هیچ شتێکی ئەوتۆی نەکردووە جێگەی ئەو ستایشکردنە بێت، تەنانەت یارمەتیدەرە لە جێبەجێکردنی پڕۆژەی گڵاوی نەیارەکان، کە دەربەدەرکردنی خەڵکی ڕەسەنی شارناوەیە و سەقامگیرکردنی بیباننشینەکانە، سەرەڕای ئەوەیش وەکو پاڵەوانێک کراوە بە خودانی پاشخانێکی دارماڵا لە خەم و ئازار و وەکو غەدرلێکراوێکیش پیشان

دراوە و هیچ ڕەخنەیەکی جددی ئاڕاستەی خۆی ناکات و بە پێچەوانەوە ئەو دەبێتە ڕەخنەگرێکی سەرشەق و ڕەخنەی تفتوتاڵ ئاڕاستەی ڕاست و چەپ دەکات و گوناهی گەورە گەورە دەخاتە ئەستۆی هەموو لایەک. بەهەرحاڵ، (جەلیل کاکەوەیس) ڕووناکییەکی زۆری بە هەردوو دیوی دەرەوە و ناوەوەی بەخشیوە، بەڵام لە ڕاستیدا بەبێ ئەوەی دیوی ناوەوە گوزارشتی ناخی ئەو بێت. کاراکتەرێکی نائاسۆیی هەیە، لە ڕێگەی دواندنی کەسانێکەوە هەوڵ دەدات ویژدانێکی نائامادە ئامادە بکات، کە لە ڕاستیدا ئەو کەسانە خوێنەر ئەڵتەرنەتیڤی لۆژیکییانە و نووسەریش دەیەوێت ئەو ویژدانە بە شێوەیەکی دیار و بەرجەستە ئامادەییەکی جیاوازی پێ بسپێرێت. لە هەقیقەتدا ئەمە نزایەکە، دەرۆزەیەکی جیاوازە، تەقەللایەکی دژوارە بۆ دۆزینەوەی هاوخەمێک، بە تەنگەوە هاتوویەک، یان دواتەقەللای نوقمبوویەکە بۆ پەیداکردنی ڕێی دەربازبوون. دیارە گێڕەوە باسی بەسەرهاتی (کۆسار کوردەمیلی) دەگێڕێتەوە کە لە خێوەتێکی چەپەکی سەرسنوورێک گیرساوەتەوە و ئەو خێوەتە یان کەمپەی کردووە بە کانارسیسێک بۆ ئەوەی چیدی کاتێک، ڕووداوێک، شتێک لە سەروبەندەکەیدا تێنەپەڕێت بەبێ بیرکردنەوە لێی. گیرسانەوە لە پاش لافاوی ئەو کۆڕەوە هەڵچووەی گەیشتووەتە سەر مەرزێک، دەبێتە خاڵ و پنتی گۆڕانکاری لە سایکۆلۆجییەت و ڕەفتار و بیرکردنەوەی (کۆسار/عابید) و خاڵی دەستپێکی ناوەڕۆکی ڕووداوەکان، کە لە ساتێکی مێژوویيدا چڕ کراوەتەوە، یاخود دەکرێ بڵێین دەرەنجامی ڕووداوەکانە و دەبێتە خاڵی ئاوڕدانەوە بەسەر ئەو نەهامەتییانەی کە (کۆسار/عابید) یان بەو شوێنە گەیاندووە. بێگومان سەردەمی کۆڕەوە، ئەویش وەکو هەزاران کەس ڕێی نادیاری گرتووەتە بەر و لەگەڵ چراخان کە شانزە ساڵە هاوسەرێتی و زاریی کچی کە تەمەنی چواردەساڵانە گەیشتووەتە سەر سنوور و کەوتووەتە بەر سەرزەنشتی ئەو وڵاتەی بەشێکی ئازادییەکەی ژێر پۆستاڵ کردووە.

ئیدی بە نائاسوودەیی و بێداریی لەگەڵ دوودڵییە بێکۆتاییەکەی خۆیدا دەیەوێت ڕاوی وەنەوز بکات و ئا لەو ساتانەدا با دەنگێکی سەیر و پڕ مانای ئۆنتۆلۆژییانەی دووری بۆ دەهێنێت... دەنگێک، هاوارێکە، هاوارێکی هاوبەشە، کە بیری لێدەکەینەوە یەکدەگرن و دەبنە چەپکێک، دەبنە یەک هاوار، دەبنە ئەو دەنگەی کە لە ژێر ڕۆشناییەکەیدا ئیتر هێواش هێواش برینە قووڵ و کۆنەکانمان دەژاکێن و هەست بە کۆشتەوزوونبوونیان دەکەین... ئەو دەنگە دەنگی باوکێکی نابینایە کچەکەی (مرواری) لێ ون بووە و پەرۆشی دۆزینەوەیەتی، بە ناو خێوەتگەکەدا پەیدەرپەی دەگەڕێت و گۆچان بە ئەرزدا دەکوتێت و ئەو دەنگەی لێوەدێت، بەڵام ئیرادەی لە شکاننەهاتووی پیاوێکی خەمخۆر و بەتەنگەوەهاتوو لەناو دەریای بەربەرەڵ و نائارامی ئاپۆرای خەڵکەکە وەکو "سانتیاگۆی پیرەمێرد و دەریا"ی ناو دەریای تێکچڕژاوی ڕاستەقینەی ژیان لە هەوڵ و کۆشش بەردەوامە و تاقە ئامانجی دۆزینەوەی مروارییەکەیەتی و هەروەها پەیوەستکردنی ئەو ئانوساتەیشە بە مێژوویەکی چەند ساڵ لەوەوبەری نزیک. بێگومان، پاشان نووسەر لە هەوڵی ئەوەدایە دوو سەروبەندی جوداواز پێکەوە گرێ بدات، کە ئەویش سەردەمی هامڕاز قەڵایی و سەردەمی "کۆسار/عابید"ـە یان دەرکردنی یەکەم سەردەمە لە کۆنتێکستی مێژوویی خۆی و گواستنەوەیەتی بۆ تانوپۆی مێژوویەکی تر کە نیو سەدەیان مەودایە، مخابن! ئەم ئاوێتەکردنەی کە ستراتیژێکی تۆکمەی بۆ ڕۆنەنراوە تا سەرپاکی پەلوپۆکان پێکەوە ببەستێتەوە و پێوەرێک بۆ ئەوە دابنێت کە شتەکان بە شێوەیەکی ڕیتۆریکییانە بەرجەستە نەکات،

وتار

نەیتوانیوە فرچکی ڕۆمانەکە بە جوانی ببڕێت، بۆیە شپرزەییەکی لە دەقەکەدا هێناوەتە ئاراوە، جگە لەوە نەیشیتوانیوە پێوەندییەک لە نێوان ئەو دوو مێژووەدا بەرقەرار بکات، هەروەکو ئەوەی مایکل ئۆندائاتجی نووسەری ڕۆمانی (ئینگلیزە نەخۆشەکە) پێی هەڵساوە، لەبەر ئەوەی باسی ماوەیەکی مێژوویی دیاریکراو دەکات، بۆ ئەوەی پرۆسەی گێڕانەوەیەک لە کۆنتێکستی ساڵانی جەنگی دووەمی جیهانی ئەنجام بدات، پەنای بردووەتە بەر دەیان سەرچاوە و کتێبی تایبەتمەند بەو قۆناغ و سەردەمە و تەنانەت زۆر بە ئاگاوە چەند کتێبێکیش دەکاتە بەش لە جەستەی دەقەکە کە بەر لە ساڵانی جەنگ بڵاوکراونەتەوە، کەچی لێرە، لە ڕووبەری ئەم دەقەدا پەی بە کەمترین هەوڵ نابرێت بۆ پێکەوەلکاندنی هەردوو سەردەمە جیاوازەکە بەو شێوەیەی کە هاودژیی لەگەڵ پێدراوە مێژوویییەکاندا بەرقەرار نەکات.

دیارە بەشەکانی سەرەتا، کە جوگرافیای گردبوونەوەی مەردوومە ڕاکردووە هەناسەساردەکەیە، لەو شوێنەی کە بە وێنەیەکی دەقاودەقی پەسڵان دەچێت، متوربەیە بە فانتازیا و چەند گۆشەنیگایەکی سیحرییانەی کارکرد، پێ دەنێتە نێو بابەتە جەنجاڵەکە و خۆلاسە گشتییەکە دەق بەو گوتەیەی جوزێف کۆنراد دەچێت کە لە پێناسەی ئامانجی نووسەر بووندا دەیڵێت: (بە هێزی وشەی نووسراو وات لێ بکرێت گوێت لێبێت، وات لێ بکرێت هەست بکەیت، بەرلە هەموو شتێکیش، وات لێ بکرێت ببینیت.) کە ڕێک دەرەنجامی موتاڵاکردنی ئەم سەربردەیە بە کارفرمای نووسینت دەگەیەنێت و هەموو وشەکان بۆ وێنەی بەرجەستە دەگۆڕێن و کردەی بینین بەرهەم دێت.ئەو دەنگەیش کە تێکەڵ بە بایەکە دەبێت، هەڵکردن پێویستی پێیەتی و هەر دەبێ هەبێت، هەمیشەیش شتێک بزرکراوە و پێویستە بەدوایدا بگەڕێین، هەتا ئەگەر نابینایش بین، کە بێگومان لێرەدا نابینایی سیفەتێکی تا بڵێی بێهاوتایە، هەموو خێوەتگەکە، جەنگاوەری شەکەت و داهێزراوی ڕاکردووی بەرەکانی جەنگن و گشت شتێکیان ون کردووە و لەگەڵ ئەوەیشدا بە پێچەوانەی ڕەوتاری مرۆوە پاسیڤن، بۆی ئەو ونبووە ناگەڕێن، کەچی ئەو پیرەمێردە نابینایە! دەنگ تێکەڵ با بووە دەزانێت چی لێ ون بووە، بۆیە لە ڕاستیدا نابینا نییە و بە پێچەوانەوە کەسێکی بێڕادە بینایە و حەکایەتێکی نەبیستراو! هەلاهەلای دەکات... و ڕستەی (مرواری... هۆۆۆۆ مرواری تۆ لە کوێیت؟)ـە دەبێتە تارماییەکی ڕاستەقینە و لە پشت دەقەکەوە ڕادەوەستێت، چونکە سەرەنجام دەقەکەیش شتێکی تێدا ونە، کە ئەویش مرۆبوونە، چونکە ئەو گەڕانە، دۆزینەوەی ئەو شتە ونبووەیە، مرۆ بوونی ئەو ئاپۆرایە مسۆگەر دەکاتەوە و بەهاکان دەخاتەوە جێگەکانی خۆیان. ئەو پیاوە نابینایە دیوە بە پەرۆشەکەی (کۆسار/ عابید)ە و هەر بە تەنها ئەویش لەگەڵ (چراخان)ی خێزانیدا بە کۆسار بانگی دەکەن، تەنانەت گێڕەوەیش بەو ناوە بانگی ناکات.. ئەو پیاوە نابینایە ناخێتی، چاوی نییە وەلێ دەبینێ و سۆزە دەکات، ناخێتی، درک بە ونکردنی شتێکی بە بەها دەکات و ئیتر بەمجۆرە (کۆسار/عابید) دەیکات بە گوێیەک، بە کۆشێک بۆ کۆکردنەوەی سەربردەکانی خۆی.. ئەو ڕستەیەیشی هاوارێکە، هاواری دەربازبوون نییە، لە خەم ڕەخسین نییە، ئەگەر لەدایکبوونەوەیەکی تر، لەدایکبوونەوەیەک کە خودی خۆی تێدا بهێنێتەدی و نەبێت بە تەڵەی ناووناتۆرەی

ئەو دەوروبەرە لە بەها مرۆیی بێبەرەکان. حەکایەتەکان، بێ شک دۆزەخن و سەربهووردییەکەیش لاوکێکی بەجۆشوخرۆشە، شیوەنێکی تەڕوبڕە و خۆی لە کۆتایی و تەواوبوون ڕادەپسکێنێت. بەداخەوە ئەو ئاپۆرایە جارێکی تر دەستەبەری ئەو شتە ون بووە ناکاتەوە، چونکە بە گوێرەی دەقەکە: (وا پێدەچوو ئەوانە نە بیر لە شتێک بکەنەوە، نە چاوەڕوانی شتێک بن.) هەتا نابیناکەیش لە جێیەکدا دەڵێت: (بەڵام ئەمانە وێڵی هیچ شتێک نین...) و (کۆسار/عابید)یش لەوێ بەئاگا دێتەوە، لەوێ لەو بابەتە و ئەو دەنگە کە دەنگێکی قووڵی فەلسەفییە و خەو و ئاسوودەیی لە چاو و دڵی دەدزێت و سەرلەبەر بێئارامی دەکات و دەیداتە دەم ئەو عەدەمەی کە ئەو نایەوێت، بۆیە حەوت شەو و حەوت ڕۆژ ڕێگەی بڕیوە هەتا لەوێ دوور بکەوێتەوە.. بەڵام دوورکەوتنەوە ئەستەمە، چونکە ئەو تاوانبارە، تاوانە گەورەکە دەخاتە ئەستۆی ترسە ئەزەلییەکەی خۆیەوە، دەیخاتە ئەستۆی "قابیل"بوونی خۆیەوە، حەکایەتە ڕۆژانەکانی دۆزەخێک هێناونییە ئاراوە، بۆیە ئاکام ژیانی تێکڕای ماڵباتەکەی لە دۆزەخەوە وەردەدات، ئەو قابیلێکە و (کەیوان چاوڕەش)ی برای بە کوشت داوە و ئەو گوناهە گەورەیە وەک سێبەرێکی شەیتانییانە دوای کەوتووە و لێی نابێتەوە. دیارە نابیناکە دەزانێ بەدوای چیدا دەگەڕێت، دڵنیایە لە دۆزینەوەی بۆیە دەڵێت: (دەیدۆزمەوە، هەر دەی دۆزمەوە)، ئەوەیش بەدووی مرواریییەکی ونبوودا بگەڕێت نابێت تەنها چاو ڕێنمایی بکات، بەڵکو پێویستە هەستەکانی دیکەیش لە مەیسەرکردنی ئەمەدا هاریکاربن. بەڵام ئەم نازانێت کە بەدوای خودی خۆیدا عەوداڵە، چونکە خود ناسنامەیە و ئەو خاوەنی نەبووە و نییە، هەموو ئەو گوزارانەی کە دەریشی دەبڕێت بە ئاخاوتنی بوونی بێخود ناچێت! بەڵکو دەردراوەی ناخی کەسێکی دییە، ڕەنگە هیی نووسەر خۆی بێت کە لە بیری دەچێت کاراکتەری ئەفراندووە و جاروبار جێگۆڕکێی لەگەڵدا دەکات و بەرزیونزمییەکانی دەروونی خۆی لە میانەی ئەو کاراکتەرەوە هەڵدەهێنێتەوە. ئەگەرچییش مرواری لە ژەهربارینەکەوە لەو ون بووە کە بەر لە سێ ساڵ ڕووی داوە و ئەمی نابینا کردووە و بەرهەمی دەعەجاوی ئەو قیامەتە نامرۆییەیە و لێک ترازاون، بەڵام ئەم هەر بەردەوامە، تەنها ئەم خاوەنی دەنگە و تەنها ئەم دەنگە دەنگی ڕاستەقینەیە و دواجار، دەنگی "کۆسار/عابید"یش هێواش هێواش وەکو ئەم دەنگەی لێ دێت، ئەم دەنگەی تەنها ئەوانە گوێیان لێیە کە هەست بە ونکردنی شتێکی بە بەهای خۆیان دەکەن، ئەو مرواری و ئەمیش (کەمەرناز) کە سەرەنجام یەک شتن، کە پێویست بوو هەر لە سەرەتاوە بوونی کەمەرناز تەوزیف بکرابایە. ئەوەتا نابیناکە لە جێیەکدا دەڵێت: "دەزانم هەردووکمان دوو وێڵبووی ونبوویەکین." (کۆسار/عابید) بۆ ئەوەی ببێتە گێڕەرەوەی ڕووداوەکان، پێویستە بە بیبلیۆگرافیای ڕووداوەکاندا بچێتەوە، پێویستە ترسە ئەزەلییەکانی و ڕەگوڕیشەی بنەماڵەکەیان بزانێت، بۆیە پاش ئەوە هەست دەکات هەردووکیان بە یەکتر دەچن، ئیتر دەنگی ئەویش وەکو سەربردەکان دەچێتەوە سەر یەک ڕیشە و سەروچاوە، کە ئیتر دەبن بە یەک و (کۆسار/عابید) هەست دەکات کە ئەو پیرە نابینایە بە ڕۆح لەگەڵیدایە، ئیدی پەی بەوە دەبات کە ئەم هەموو سەربردەکانی مووبەموو دەزانێت و تەنانەت هاوسەربردەن و هەموو شتێکیان دەچێتەوە هەمان سەرچاوە و ئیدی ئەم لە گێڕانەوەی حەکایەتە نەبیستراوەکاندا چاوساغیی ئەو دەکات و گەشتێکی پێچەوانەی لەگەڵدا دەستپێدەکات و بە شارەکەی خۆیدا دەیگێڕێت، شتەکانی دووبارە بۆ پێناسە دەکاتەوە، دووبارە ئەزموونی ژەهربارانەکە

پێکەوە دەژێنەوە و دیمەنی جەنگاوەرە چنگ لەسەرشانە بەزیووەکان دەکەوێتە ژێر پەلاماری سەرکۆنە پەیدەرپەیەکان و بەوە تاوانبار دەکرێن کە هاوکێشەیەکی پارسەنگ لەگەڵ جەللادە دەمامکدارەکاندا دێننە ئاراوە، چونکە ئەمان بە ڕاکردن و پشتتێکردنیان ترسی گەیشتنی جەللادەکان بەرجەستە دەکەن و دەیکەنە کارەساتێکی لە پێشوازییاندا هاتوو... ئینجا لای نەخۆشخانەکەی ڕۆژهەڵاتی شار جارێکی تر دیمەنی حەکایەتەکە ئاوێتەی فانتازیایەکی دیکە دەکات و لە ناو هەڵمێکی سوور سوور دیمەنێک دەهێنێتە کایەوە بۆ ئەوەی (کەمەرناز)ی تێدا ون بکات، کەمەرناز و مرواری- کە سیمبوڵن "ئەگینا دەقەکە بە هیچ کلۆجێک، وەکو بوونەوەرێکی مرۆیی ئاوڕی لە ئافرەت نەداوەتەوە، بەڵکو لە ڕووبەری کارەکەدا شتێکە بوون و نەبوونی جیاوازی نییە.) دەبێ بە ونی بمێننەوە بۆ ئەوەی پاساوێک بن بۆ گەڕانە سەرومڕەکان، پاساوێک بن بۆ هەوڵوتەقەللا بەردەوامەکانی دۆزینەوە و خۆدۆزینەوە و یەکگرتنەوەی سەرجەم سەرەداوەکانی ئەو دونیا تێکقژاوە.

ئیدی بە پێداگریی نابیناکە، بە هێوریی ئەو سەربردەیە دەست پێدەکات کە نیوەی دەکەوێتە لای ئەو (ماکس ئەڵمانی)یە غەوارەیەی کە (کلی لە چاوان دەدزی!). بەم پێیە یادەوەرییە تفتوتاڵەکان وەکو جەستە نادیاریی پێدەبەخشن و بەرەو (ئوتێل شەهرەزاد) دەچێت و ئەزموونە کارەساتبارەکانی بەر لە گەردەلوولەکە دووبارە دەکاتەوە.. وەلێ ئەفسووس جگە لە خۆی کەس ناتوانێ حەکایەتەکەی تۆمار بکات، چونکە کێ هەیە هێندەی خۆی ئاگای لە مووبەمووی حەکایەتەکانی بێت؟ ئەو حەکایەتە حەکایەتی کەس نییە جگە لە خۆی و هەر خۆیشی جەستەی پێ بەخشیوە و سەرەنجام تەنها (دەمڕاستەکان) دەبن بە خاوەنی و ساتوسەودای پێوە دەکەن! ئینجا (سامر ڕەحال و ماهیر جبور) دیمەنی سەربوردە تراژیدییەکە ڕەنگڕێژ دەکەن و سێبەرئاسا بۆ چاودێریکردنی هەموو جموجووڵ و شتێکی (کۆسار/عابید) و(ماکس ئەڵمانی)! تەرخان دەکرێن.. وا نیازە بچن ڕووپێوی (شارناوە) بکەن، دیارە بۆ ئەوەی هەروەکو (ماکس) دەڵێت: "هۆزێکی بیابانی و دوورەشارستانێتیی سەدان کیلۆ مەتر ببڕێت و بێت لەسەر ئەم جێگەیە نیشتەجێ بێت". بەڵام بە هۆی- ڕاپۆرتی نووسینگەی کەشناسی و ڕاگەیاندن- "هەڵکردنی گەردەلوولێکی ترسناک"ەوە، دەستەوسان لەوێ دەمێننەوە و چوونەکەیان دوا دەخرێت. ئەو دوانەی پێشتر ناوبران کە نمایندەی ڕژێمێکن و هەردەم بە هەڕەشە دەمیان دەبەشنەوە و ئەوەندەی تر (عابید عەجەم) گۆشەپەنا دەخەن و هۆشداریی پێ دەدەن نەبا دەست لەگەڵ ئەو (بیانییە نەگریسە) تێکەڵ بکات، چونکە ئەو کارە مایەی سەرتیاچوونێتی، ئا لێرەدایە چەندین جار هەڕەشەی کەوڵکردن و هاوێشتنە بەر سەگە مەشقپێکراوەکان دەبیستین و ڕۆمانی "مەزرای ئاژەڵان"ی جۆرج ئۆرویڵمان لە زەیندا ئامادە دەبێت کە "ناپلیۆن"ی سەرکردە چۆن توتکەسەگەکانی بۆ ونجڕونجڕکردنی نەیارەکانی مەشق پێکردووە و بەو شێوەیە کۆنترۆڵی مەزراکەی کردووە و ئیزۆپ وتەنی: هەموو بەهانەیەک سوود بە ستەمکار دەگەیەنێت. ئیدی لەملاولەولای سەربردە هاوبەشەکەدا ئاوەڵاکردنەوەی گڵۆڵەی کارەسات و ناخۆشییەکان بەردەوامی هەیە و درێژ دەبێتەوە. عابید عەجەمیش هەر لە سەرەتاوە چەندین جار ئاماژە بە مارانگازیی خۆی دەدات وەکو ئەوەی ئەزموونی تەمەنێکی

دیکەی پێشووتری لەبەرچاو بێت و پڕاوپڕ بێت لە سڵکردنەوە، ئەزموونێک چمکەکانی لە هەندێ شوێندا بە دیار دەخات، بە شێوەیەک کە قوربانیبوونی خۆی وەکو نەیاری بەرەکەی ڕژێم پیشان دەدات (!!) و شێوەکانی بە قوربانیکردنی بەرەکەی تر بۆ ئەمیش پیشان دەدات کە چەند تراژیدییە. پاشان لە چاوەڕوانیی هەڵکردنی گەردەلوولەکەدا، توێی دیمەنەکان ئاوەڵا دەبنەوە، دیمەنی (ڕێواس) کە بەو دڕندەییە کچێنیی دەپژێنرێت، ئینجا حاڵیبوونی (ماکس) لەوەی کە نمایندەکانی ڕژێم تا بڵێی دڕندەن، "تینووی خوێنن و وەک زەروو دەمیان لە جەستەی خوێناویی نەیارەکانیان و تەنانەت خۆیشیان ناوە و.." سەرەنجام زیندووبوونەوەی ویژدانە کەسیرە و بەرژەوەندپەرستەکەی دەبێتە خاڵی گۆڕانکاری و ئیتر (کۆسار/عابید) خاترجەم دەکات و خۆی لە بەرەکەی ئەو هەژمار دەکات. (عابید عەجەم)یش هەوڵێکی کەللەشەقانە دەدات بۆ زیندووکردنەوەی خۆی کە لە ناوە ڕەسەنەکەیدا خۆی دەبینێتەوە، زیندووکردنەوەی ئەو ناوەیش یەک شت دەگەیەنێت ئەویش گێڕانەوەی ناسنامە و وەدەستهێنانەوەی خودی خۆیەتی.. بۆیە کە کەس گوێڕایەڵی نییە، دوانەکانی ئاراستەی خودا دەکات، بە شەرمەزارییەوە دەیەوێ شتێک بە خودا بڵێت کە بە ئاستەم جورئەت دەکات و دەڵێت: "خودایە تۆ کاتێ بنیادەمەکانت خەڵقکرد بۆ ئەوەت نەبوو ئازاری یەکتر بدەن و یەکتر هەتک بکەن..."، ئەوەی کە لێرەدا نەوتراوە ئەوەیە بۆچی وایان لێهات، بۆچی پاسیڤن دەرهەق بە کردەوە ناشایستەکانیان بەرانبەر بە یەکتری؟ بەڵام ئاکام (ماکس ئەڵمانی) گوێی لە نزاکانێتی و پێی دەڵێت: "دڵنیام خودا گوێی لێتە، منیش گوێم لێت بوو". ئیدی گەردەلوولەکە دەبێتە ڕاستی و ڕوودەدات. کە لە ئوتێلەکەوە دەکەوێتە نێو باوەشی شەپۆلداری هەراوزەناکەی ڕاپەڕین، کۆمەڵێک شتی ناجۆر و سەیر دەبینێ، ئەوسا درک بەوە دەکات و دەزانێت کە "خۆرێکی تازە هەڵات و زوو ئاوا بوو" بێگومان دەستبەجێ پێشبینیی ئاوابوونیشی دەکات!! ئیتر بەم ئاوایە هەوڵ دەدات ئەو بیرکردنەوە قووڵ و ئازاربەخشە بکات بە فیلتەرێک بۆ پاکردنەوەی خۆی لە گوناهی براکوژی و پاسیڤبوون و خەمساردی بەرانبەر بە ڕووداوەکان، بەڵام بەبێ ئەوەی بۆی بچێتە سەر و بەو خواستە باڵایەی خۆی بگات. ئینجا کە حەکایەتەکە بە چڵەپۆپە دەگات، چارەنووس گەڕانەوەیە، گەڕانەوە و ژیانە لە ڕابردوویەک کە لە سایەیدا ئایندە لە ڕیاڵێتی بێبەرییە و سەفەر و کۆچێکی تر دەست پێدەکات.. سەفەر و کۆچی پێچەوانە.. هەموو شتێک دەڕەوێتەوە تەنها دەنگەکە نەبێت، دەنگی بەرجەستەی (مرواری...ۆهۆۆۆ مرواری ی ی ی...). بێگومان دوو حەکایەت دێنە ناو فەزای دەقەکەوە گەلێک ئەفسانەئامێز و فانتازین، یەکێکیان (شاسوار کوردەمیلی) لە تانوپۆیدا سەربوردەی شامراد و خاوەر ڕەنگڕێژ دەکات، ئەوی دییش حەکایەتی (دورسن مامان)ە، دوو حەکایەتی زێدە بێهاوتا و فانتازین، بە تایبەتی دواییەیان کە چەشنی ئەفسانەیەکی بێوێنە مامەڵە لەگەڵ دوو دنیادا دەکات و خوێنەر خۆزگەی بەربڵاوتربوونی دەخوازێت، جگە لەمە چیرۆکی (قەمەرەدین دورسن)ە کە لکێکە لەم حەکایەتە دەبێتەوە و ڕەمزی پاکێتی و لەخۆبوردوویی و خۆنەویستیی پێبەخشراوە و سیمبوڵی سەرهەڵدانەوەی پاش هەموو شکست و نوشووستییەکە، کە لە ڕاپەڕینەکەدا دەرکەوتووە و لە بریی ئەوەی ڕەوتارێکی شۆڕشگێڕانە تەبەننی بکات و ئەو دزێوییانە لەناو بەرێت کە ئەوانی دی پێی هەڵدەستن، کەچی لە پرێکدا ون دەبێت، وەکو ئەوەی ئەویش دەبێت بەدوای ونبوویەکدا بگەڕێت یان پێویست بێت ئێمە بەدوای ونبوونی ئەویشدا

وتار

هەمیشە بۆ شۆڕشی ڕاستەقینەی خۆمان بگەڕێین.

دیارە سەرباری ئەوەی کە (جەلیل کاکەوەیس) کاڵای دیقەت و بەئاگایی بەباڵای چیرۆکەکانیدا دەبڕێت و یەکێکە لەو نووسەرە جدییانەی ئەستەمە کەلێن و خەفڵەتگیری لە دەقەکانیدا بدۆزرێتەوە، کەچی لە پانتایی ئەم بەرهەمەدا چەردەیەک هەڵە قووت دەبنەوە و وەکو لایەنی نەگەتیڤی ڕۆمانەکە بەرچاو دەکەون و خاڵی بێهێزی بە پەیکەرەی کارەکە دەبەخشن و دەیتوانی بە دیقەتێکی وردەکارانەترەوە مامەڵە لەگەڵ هەندێ بەشی ڕۆمانەکەدا بکات بۆ ئەوەی لەو کەلەبەرانە بەدووریان بخاتەوە کە تێی کەوتوون، کە من وای بۆ دەچم بە هۆی پتر خەریکبوونییەوە بە گەیاندنی وردەکارییەکانی ناوەرۆک و گوزارشتکردن لە کۆژان و مەینەتییەکانەوە ئەم کەموکورتییانە کەوتوونەتە ڕووبەری دەقەکەوە، هەروەکو ئەریستۆیش ئاماژەی پێکردووە دوو جۆرە خەفڵەتگیری بەرۆکی کاری ئەدەبی، دەگرن، یەکێکیان ئەو جۆرەیە کە جەوهەری کارەکە دەڕووشێنێ و ئەوی تریشیان ئەو جۆرەیە کە بەر ڕووکاری کارەکە دەکەون، لێرەیشدا، لەبەر ئەوەی ئەم ڕۆمانە ئامانجی خۆی پێکاوە بۆیە خەفڵەتگیرییەکان پاساویان بەدەست هێناوە و گرنگییەکی جەوهەرییان بۆ خۆیان قۆرخ نەکردووە.

دیاریشە ئەوەی بە فەزای ئەم کارەوە دەردەکەوێت، هەروەکو (مارک فرانکلاند دەڵێت) لە خەمی: "چی بنووسم کێشەیەکی هێندەی چۆن بینووسم گەورە بوو"دا بووە، بۆیە بەو شێوەیە کەوتووەتەوە، وێڕای ئەوەیش ئەم تێکستە شایەدحاڵێکی زۆر ڕاستگۆیانەی ئەو سەروبەندەیە کە خۆمان سووتووی قوڕبەسەری و بەلەنگازی و کارەساتە بێدواییەکانی بووین و هیچمان دەرهەقی پێنەکرا و هەموو جیهانیش نەک هەر دەستەوسان، بەڵکو چاوپۆشیشیان لەو زەمەنە کرد و بێڕۆحانە لێگەڕان ئەو مامەڵە نامرۆییە هەروا بەبێ سزا تێپەڕێ و ئەو کڵۆڵییەیش ببێتە پنتێکی ڕەش بە تەوێڵی بێدەسەڵاتیی مرۆڤی خۆمانەوە و چوون لەککەیش لە ڕووبەرە وێڵگەئامێزەکانی دەروونماندا بمێنێتەوە و سڕینەوەیش ڕەت بکاتەوە.

عەبدولڕەحمان مونیف لە شوێنێکدا دەڵێت: "داهێنان بەبێ ڕەخنەی جددی نە ڕاست دەبێتەوە و نەیش دەچەسپێت" بێگومان بەو هیوایەم کە جەلیل کاکەوەیس ئەم سەرنجانەم بە ڕۆحێکی فراوانەوە لێ قبووڵ بکات و ئەحلام موستەغانمیش وتەنی: "نووسین؟ ئەو وەهمە گەورەیەی ئێمەیە کە گوایا ئەوانی دی بە هۆیەوە لە بیرمان ناکەن!" جا بەو ئومێدەی ئەم نووسەرەمان نەک هەر بەهۆی ئەم ڕۆمانەوە، بەڵکو بەهۆی تەواوی کارە جدییەکانییەوە لە بیر نەکرێت و ئەم ڕۆمانەیش کرانەوەیەک بێت بە ڕووی کاری داهێنەرانەی بەرکەماڵتر و بەخششی پتر لە کایەی نووسینی جددیدا.

نیسان و مایسی/ 2013- لەندەن

سیمای سیناریۆ
لە شیعرەکانی مەولەوی تاوەگۆزیدا

د.ئیبراهیم قادر محەمەد

پوختە

لە ئەنجامی لێکۆڵینەوەدا، دەرکەوت، شاعیر مەولەوی تاوەگۆزی (١٨٠٢-١٨٨٦) بە شێوەی گۆرانی شیعربێژ، هەرچەندە لە ڕیزی شاعیرە کلاسیکیەکاندایە، بەڵام خاوەن بەهرە و هەست و توانایەکی بەرز و داهێنەرانەی هاوچاخانە بووە. بەهرە و توانای گەیشتووەتە پلەیەک کە پێش سەردەمی خۆی بکەوێت لە داهێنانی شیعر و هونەریدا. هەروەکو لەم باسەدا پەردە لە سەر لایەنێکی لادراوە. ئەوەش بەکارهێنانی سیناریۆی شیعرییە لە دروستکردنی گرتەی سینەماییدا کە لە دەرهێنانی فیلمی سینەماییدا بە کار دەهێنرێت.

لێکۆڵینەوە

پێشەکی

مەبەست لەم باسە، دیاریکردنی دیاردەیەکی هونەرییە لە شیعرەکانی (مەولەوی تاوەگۆزی ١٨٠٢-١٨٨٦ز)دا، هەرچەندە لە سەدەی نۆزدەیەمدا ژیاوە لە ژینگەیەکی سنووردار و دوورەدەست لە ئاوەدانیی ئەو سەردەمەوە، لە (سەرشاتە)ی ناوچەی (تاوەگۆزی) ی سەر بە (هەڵەبجە)دا، لە دایک بووە و بۆ خوێندن و مەلایەتی و دەرسگوتنەوە، ڕووی کردووەتە: هەڵەبجە، بیارە، تەوێڵە، سلێمانی، پاوە، مەریوان، سنە، بانە، قەڵای جوانڕۆ، گونە، بیاوێڵە و چرۆستانە و شەمیران.. لە دواکاروانی ژیانیدا گەڕاوەتەوە بۆ (سەرشاتە) ی زێدو، هەر لەوێش کۆچی دوایی کردووە، دەستێکی باڵای هەبووە لە داهێنانی شیعریدا.



مەولەوی لە چاو هاوچەرخ و هاوتەمەنەکانی خۆیدا، کەمترین شوێن گەڕاوە! کە دەتوانرێت بە خاڵێکی بەهێز، بۆ پشتگیرکردنی توانا سروشتی و بەهرە خوداییەکەی لە داهێنانی شیعریدا، دابنرێت، نەک داهێنانەکانی بدرێنە پاڵ زۆری گەڕان و چاو بە خەڵکانی شارەزا و ئاگادار کەوتوو. هەرچەند لەو سەردەمانەدا سەفەری (حەج) و (شام) و (ئەستەنبوڵ) و (تاران) و (کابول) و (دلهی) و (سەمەرقەند و بوخارا) و... هتد. بۆ وەرگرتنی زانستەکانی ئەو سەردەمە و ڕێگاکانی سۆفیگەری باو بووە، بەڵام مەولەوی، لەو بازنەیەدا (کە ئاماژەی بۆ کرا) ژیاوە. لەم ڕوانگەیەوە، کە نووسەری ئەم چەند لاپەڕەیە دەیەوێت پەردە لە ڕووی داهێنانێکی هونەری تری ناو شیعرەکانی مەولەوی لابدات و بە پێی ئاگاداریی خۆی لە هونەری سینەمادا، کەڵک لە زاراوەکانی نووسینی سیناریۆ، وێنەگرتنی سینەمایی وەربگرێت و لایەنە هونەرییە داهێنراوەکانی ئەم بوارە لە شیعرەکانیدا دیاری بکات.

کە لە خۆیاندا جێی سەرنجدان و تێڕامانن! کە شاعیرێکی کورد، لە ژینگەیەکی چێوەداری وەک ئەوەی ئەودا ژیا و توانای بەسەر مەزراندنی (توڤیف) ئەو هونەرانەدا هەبێت لە شیعرەکانیدا، ئەمە لە کاتێکدایە کە هونەری سینەمای جیهانی لە سەرەتای دەرکەوتندا بووە و ساڵانی (١٨٩٥ز) تازە فیلمی جووڵاوی بێدەنگ لە دەرکەوتن و بەرهەمهێناندا بووە. بێگومان لەو ساڵانەدا نە لە کوردستان و نە لە وڵاتەکانی دراوسێی کوردستاندا (ئێران و دەوڵەتی عوسمانی) ئەو هونەرە نوێیە بوونی نەبووە! لەگەڵ ئەوەشدا، مەولەوی توانیویەتی زۆر لە شیعرەکانی بە وێنەی سینەمایی (الصوره السینمائیه) بڕازێنێتەوە و سیناریۆنووسێک و دەرهێنەرێکی سینەمایی ببینێت و خۆی لە وێنەی شیعری (الصوره الشیعریه) بدزێتەوە، کە پەنا دەباتە بەر لادان لە ڕێچکەی زمانی ئاسایی (الانزیاح)، هەرچەندە توانای بە سەردا شکاوە و وێنەی شیعریی بەرز و جوانیشی زۆرن (کە تەوەرەی باسەکە نییە) و لە بری، وێنەی سینەمایی بەکار هێناوە لە درووستکردنی گرتەی سینەماییدا (اللقطه السینمائیه) بە پشتبەستنی بە زمان و کارامەیی و بیرە تیژییەکەی و خوڵقاندنی کەشێکی وا کە بتوانێت ڕەگەز و پێویستییەکانی گرتەی سینەمایی، لە جووڵە (الحرکه) و دەنگ (الصوت) و ڕەنگ (اللون) بەکار بهێنێت، لەگەڵ گۆڕینی گۆشەی وێنەگرتن (زاویەالتصویر) و جووڵەی کامێرادا.

پێناسەیەکی گرتەی سینەمایی
(**اللقطه السینمائیه** Shot)

لە هونەری سینەمادا، کەرەسەکانی بەرهەمهێنانی فیلم جیاوازن لەوەی کە لە هونەری شیعری و ژانرە بە پەخشان نووسراوەکانی وەک: (چیرۆک و ڕۆمان)دا بەکار دەهێنرێن. لە سینەمادا لە بری وشە و ڕستە و دێڕ

و پەرەگراف، وێنەی بە کامێرای سینەمایی-گیراو بەکار دەهێنرێت. ئاشکرایە وێنەی سینەمایی لە وێنەی ئاسایی (فوتۆگراف) جیاوازە، بەوەی کە جووڵەی بەردەوام و جۆری خێرایی تیادا دەردەکەوێت لەگەڵ دەنگدا.

گرتەی سینەمایی بەم شێوەیە پێناسە کراوە: (کادر، یان چێوەی وێنە Frame، بچووکترین یەکەی شریتی (سیلولید)ە. کە هەر پێیەک (فوت) لەم شریتە (١٦ کادر)ی تیادایە، واتە هەر فیلمێک نزیکەی (١٢٠٠٠٠) کادری تیادایە. ئەگەر ئەم شریتی سیلولیدە بگرین بە دەستەوە و سەیری بکەین، دەبینین هەر وێنەیەک، لە وێنەکەی پێش خۆی جیاوازە و هەر وێنەیەکیش لە چاو وێنەکەی پێش خۆیدا، گەشەکردنێکی پێوە دیارە. ژمارەیەکی زۆری ئەم وێنانە، گرتە -القطه- Shot درووست دەکەن. گرتەیش، لە هەر وەستانێکی کامێرادا دیاری دەکرێت، ئەگەر هاتوو کامێرا لە وێنەگرتن نەوەستا، هەر لەو گرتەیەدا بەردەوامە، تەنانەت ئەگەر ئەو شتانەیش گۆڕان کە وێنەیان دەگرین. هەرکاتێک باری کامێرا گۆڕا، ئەوا لە بەردەم گرتەیەکی تازەدا دەبین، ئەگەر بێت و وێنەی هەر ئەو شتانەیش بگرین لە بارێکی نوێدا، ناتوانێت درێژی گرتەیەک خۆی دیاری بکرێت، نابێت ئەوەیش لە بیر بکەین کە بەکارهێنانی کامێرا سنووردارە و چاوی کامێرا بەشێکی دیاریکراو لە گشتەکە وێنە دەگرێت، ئەو شتانەی کە دەرهێنەر بڕوای وایە کە گرنگن، دەرهێنەر دەتوانێت جەخت لە سەر گرنگی و بایەخی شتەکان بکات بۆ دەرخستنیان و پیشاندانیان لە کاتی وێنەگرتندا.

ئەگەر ئەمە پێناسەیەکی هونەری سینەمایی بێت، بە پێی هونەری سینەما و گرتنی گرتەی سینەمایی (تصویر اللقطه السینمائیه) بە کامێرا، لە گۆڕینی چاوی کامێرادا بە: زمان (وشە، ڕستە و دێڕی شیعری) هەنگاوێک بەرەودوا گەڕانەوەیە: چونکە قۆناغی پێش بەکارهێنانی کامێرا بۆ گرتنی گرتەی سینەمایی، نووسینی سیناریۆیە کە: (چیرۆکێکە بە وێنە دەگێڕدرێتەوە). لێرەدا واتە: لای مەولەوی، گێڕانەوەکە هەیە، بەڵام بە شیعر! بۆیە مەولەوی ڕۆڵی سیناریۆ نووسی بینیوە و هیچ فیلمێکیش بەختی سەرکەوتنی نابێت، ئەگەر سیناریۆیەکی بە پێزی بۆ نەنووسرابێت!

مەولەوی لەم نموونەیەدا، سیناریۆیەکی بە شیعر ئامادە کردووە و چاوەڕوانی بەهرە و کارامەیی دەرهێنەری سینەماییە بیانخاتە ناو چاوی کامێرا و لەسەر سینەی فیلم تۆمار بکرێت. لە گشتەدا، ئاشکراکردن و بۆچوونی کۆڵەرەوە دەردەکەویت، چونکە شیعرەکان خۆیان دەبنە بەڵگەی بۆچوونەکان و پێناسەی زاراوە هونەرییە سینەماییەکان، مەبەستەکان ڕوونتر دەکەنەوە!

(١) لە غەزەلی (زووسانەن وەی ڕەنگ وە گەردوون یاوان)دا، مەولوی هەوڵی داوە سیناریۆیەک بۆ وەرزی زستان بنووسێت، لە یەکێک لە ناوچەکانی کوردستاندا — کە مەولەوی تیایدا ژیاوە— و چاوی کامێرایش وێنە بگرێت، ئەوەتا چاوی کامیرا بە تەواوی کراوەتەوە و گیراوەتە گەردوون و شاعیر دەیەوێت بە خوێنەر بڵێت: ئەمەیە وەرزی زستان لەم ناوچەیەدا! لە خۆیدا وێنەیەکی گەورە (سکۆب)ی بەگرتەیی تەواو (لقطه کامله) Full shot (بڕوانە خشتەی زاراوەکان لە کۆتایی ئەم لێکۆڵینەوەیەدا) گرتووە:

زووسانەن وەی ڕەنگ وەگەردوون یاوان
گێچای لوول گێچ کڵێڵیە کاوان
[د.ل:٢٩٨ سیدیان] ٢٧٨ مدرس

ئەم گرتەیە هەموو گەردوونی گرتووەتەوە و وەرزی زستان پیشان دەدات، بە بەفربارین و کرێوە و گێچ و لوولیی بەفرەوە لە بەرزایی و باڵەکاندا و بەرەوخوار دەبنەوە.. هەموو لایەکیان داپۆشیوە.. لەم گرتەیەدا، شاعیر کەشێکی وای بۆ دەرهێنەر و وێنەگر ئامادە کردووە، کە تەنیا هەڵبژاردنی جێگە و کاتی بەفربارین

لێکۆڵینەوە

بکەن و دەست بەکار بن. لەم دێڕە شیعرەدا، تەنیا جۆری گرتەکەی دیاری نەکردووە، بەڵکو جووڵەی کامێرایشی دیاری کردووە، کە لە سەرەوە بۆ خوارەوە (Tilt down) بەوەی دوای پیشاندانی گەردوون لە وەرزی زستاندا، سەرنج بۆ بارینی بەفر و کڵێڵەکردن و هاتنەخوارەوە و پێچ و لوول خواردنەکەیشی لە سەر بەرزییەکان پیشان دەدات کە دێنە خوارەوە. لە میسراعی یەکەمی دێڕی دووەمی غەزەڵەکەدا:

بەنا باشی بورج بەرزە دیاران

[د.ل:٢٩٨ سیدیان]

مەولەوی جارێکی دی جوڵەی کامێرا بەرەو سەرەوە دەباتەوە، کە مەبەستی لە (بەنا باشی) خودای گەورەیە. لێرەدا بە چاو نابینرێت و بوونێکی مەعنەوی هەیە، بەڵام دەستکارەکانی (بورج= گەردوون) و (بەرزەدیاران) و (بەفربارین) بەرجەستەن و شیاون وێنەیان بگیرێت و گەورەیی و داهێنانی خودا بەدی دەکرێت و شوێن دەستەکەی لە میسراعی دووەمی هەر ئەو دێڕەدا:

سفیدکاری کەرد تاقچەی موغاران

دەستی توانای داهێنەری (بدیع) ئاسمان و زەوی دەردەخات، لە بارینی بەفردا و سپیکردنی دەرودیواری دەرەوەی دەمی ئەشکەوتەکاندا، لێرەدا شاعیر جووڵەی کامێرا لە بەرزاییەکانەوە دێنێتە خوارتر و لەسەر دەمی ئەشکەوتەکان ڕایدەگرێت، کە بە گرتەیەکی زۆر نزیک و گەورە پیشانی دەدات (B.C.U) cloes up Big، ئاشکرایە هەر چواردەوری ئەشکەوتەکە سپی دەکاتەوە و ناوەکەیشی لەبەر تاریکی ڕەش دیارە..

لە دێڕی سێیەمی غەزەلەکەدا، جووڵەی کامێرا ئاسۆییە (PAN) بە پێی ئاراستەی (با)یەکدا، کە دەڵێت:

چ شیرین زەڕگەر توفی هەوای سەرد

گوشوارە نەگوش نەونەمامان کەرد

[د.ل:٢٩٨ سیدیان]

بە کاریگەریی هەوا ساردەکە، ئەو کولووە بەفرانەی کەوتوونەتە سەر چڵی لقی دارەکان، بەستوویانە و بوون بە گوارەی گوێ دارەکانەوە، وەکو چۆن زێڕینگەر گوارە بۆ کچانی تازە پێگەیشتوو درووست دەکات. شاعیر کەڵکی لە وێنەی شیعری وەرگرتووە (نەونەمامان: کچی تازە هەڵچوو). جووڵەی کامێرا لە ئاسۆییەوە گۆڕاوە بە Title down لە پیشاندانی نەونەمامەکاندا بە درێژی و هەڵچوویی و، گوتەکەیشی زۆر نزیک پیشانداوە، کە چاوی کامێرا دەخرێتە سەر کولووە بەفر شۆڕەوەبووەکان B.C-up جووڵەکە کە بەردەوام بەرەو خوارەوەیە، هەر لە بەرزاییەکانەوە، بۆ دەمی ئەشکەوتەکان، بۆ درەختەکان و بۆ بن درەختەکان:

پەی نیگای باڵای مەحبووب بێگەرد

یەخ ئاینە گرت، تەم چارشێو ئاوەرد

[د.ل:٢٩٨ سیدیان]

چاوی کامێرا بەرەوسەر زەوییە و وێنەی ئەو ئاوە بەسەهۆڵبووە دەگرێت، کە لە بن درەختەکاندا بەستوویەتی و وەک ئاوێنەی لێهاتووە و ڕووەو سەرەوە کراوەتەوە (بۆ ئەوەی مەحبووبی بێگەرد) خۆی تیادا ببینێت! هەر لەم کاتەشدا، کزەی با، تەمەکە، بە ڕووی گشت شتەکاندا دەدات و وەکو چارشێو (سەرپۆش) دایاندەپۆشێت، کە (با)یەکە ئاسۆیی دەڕوات و تەمەکەش بە پێی ئاراستەی ئەوە، بۆیە کامێراش جووڵەکەی لە تەکیاندا یەک دەخاتەوە بە ئاسۆیی PAN.. و گرتەیەکی گەورەی تەواوی ئەم دیمەنە دەگرێت.

ئەوەی پێویستە بگوترێت، جۆری جووڵەی ئەو تەمەیە، لە (خێرایی)دا، کە هێواشی و خاوییەکی پێوە دیارە و بە زاراوەی سینەمایی، بە سلۆمۆشن Slow motion

ناو دەبرێت، کە ڕیتمێکی ئارام و خامۆشی بە سروشت دەبەخشێت...

لەم غەزەلەدا، مەولەوی تا ئێرە تەشبیب و تەغەزولی بەکار هێناوە (لە وەسفی سروشتدا) لێرە بە دواوە دەست دەگۆڕێت و بابەتی مەبەست دێتە کایەوە، کە دەڵێت:

ساقی باك نییەن جەسەردیی(دەی)، دەی
هەوا وەش کەردەن نەشئەی نۆشای مەی
[د.ل:٢٩٩ سیدیان]

هەرچەندە (مەی) و (ساقی) بە واتا ئاساییەکەی خۆیان بەکار نەهێنراون! گرنگ ئەوەیە کە کۆڕێک بەستراوە و لە ڕووی هونەرییەوە، بە کەڵکی وێنەگرتنی سینەمایی دێت و گرتەیەکی گشتی (گەورە)ی تەواو (F.S) درووست دەکات و دەرهێنەر لە گۆڕینی جۆری گرتەکەدا ڕەها و ئازادە و بە کەڵکی چەندین گرتە دێت.. و ئازادیی ئەوەی هەیە کە بە درێژیی ئەو کۆڕی مەیە وێنە بگرێت چونکە لە دێڕەکانی تردا دەڵێت:

دیرەن با ئێمە یچ نەی گوزەرەوە
جامی وەدەس نیین، دەس وەسەرەوە
[د.ل:٣٠٠ سیدیان]

لێرەدا، دەکرێت بە گرتەیەکی زۆر نزیک B.C.U وێنە بگیرێت و لە چەند گرتەدا کە شایانی بەیتەکە و جۆری دانیشتنەکەی مەولەوی و یارانیەتی.. بە تایبەتی، کاتێک جامی بە سەرەوە ناوە و دەستێکی گرتووەتە سەریەوە و سەری بە پشتدا خستووە. دەشێت بە گرتەیەکی زۆر نزیک و گەورە وێنەی بگیرێت، لێرەدا جووڵەی کامێرا لە سەرەوە بۆ خوارەوەیە.

غەزەلی (زووسانەن وەی ڕەنگ..) سیناریۆیەکی تایبەتە بە وەرزی زستانی ناوچەیەکی کوردستان. لە بەشی یەکەمیدا، کە لە فەرهەنگی ئەدەبیدا بە (تەشبیب و تەغەزول) ناو دەبرێت و تیایدا شاعیر وەسفێکی خەست و چڕی، سرووشت، مەی، یار.. هتد، دەکات. لێرەدا وەسفەکە تایبەتە بە سرووشت و لە بەیتی گوریز (تخلص)دا، خۆی لەم قۆناغە ڕزگار کردووە کە دەناڵێنێت بۆ (ساقی و شیشە و جام)؛ کە لە شیعری سۆفیگەرێتیدا، مەی و ساقی هێمان بۆ (ئەجەل و فریشتەی مەرگ) واتە، نە مەی، مەیە ئاساییەکەیە و نە ساقی.. ئەم غەزەلە لە کۆتاییەکەیدا، کە بە مەرگ و چاوەڕوانی کۆچکردنە بۆ جیهانی پشت سرووشتەوە و ناو گۆڕ! دوو تابلۆی وێکچوو لەگەڵ سرووشتدا درووست دەبێت.. کە تەنیا بە وێنە گرتنی تەرمی مردووەکە گوزارشتی لێدەکرێت.. سرووشت بە بەفر سپییە. تەرمەکەیش لە ناو کفندا سپی و هەردووک خامۆش.. بەراوەردێکە لە نێوان سەر زەوی و ناو گۆڕدا، بەڵام ژیان لە ژێرەوە بەردەوامە لە سرووشت/گۆڕدا (بە پێی بۆچوونە ڕۆحییەکە و بڕوای شاعیر).

(٢) لە غەزەلی تایبەت بە زەماوەند و ژنهێنانەکەی (مەحموود پاشای جاف)دا، مەولەوی سیناریۆیەکی شیعری دەوڵەمەندی پڕ لە گرتەی ناوازە و هونەرمەندانەی سینەمایی نووسیوە، بەوەی کە بایەخێکی زۆری بە جووڵەی کامێرا و دەنگ و ڕەنگ و گرتەی جۆراوجۆر داوە.. کە شایانی دەرهێنان و وێنەگرتنە لە لایەن دەرهێنەرێکی کارامە و شارەزاوە، تاکو ببێتە فیلمێکی کولتووری نەتەوەیی کورد دیار بخات.

لە بەیتی یەکەمدا، ڕوو لە مەحموود پاشا دەکات و پێی دەڵێت:

موبارەکت بۆ بەزم نەو وەخەیر
توخوا تەنخوای من خاس خاس بکەر سەیر
[د.ل:٣٩١ مدرس ٤١١سیدیان]

کەواتە مەولەوی ئامادەی زەماوەندەکە نەبووە، دەنا پاشای نەدەکردە جێگری خۆی لە سەیرکردندا! ئەم ئامادەنەبوونە لایەنێکی بەهێزی ئەم سیناریۆ شیعرییەیە چونکە سۆفی مەشرەبێکی وەکو مەولەوی بەو وردی

لێکۆڵینەوە

وەسفی شادی و هەڵپەڕکێیەکی وای کردووە کە ئێستا دەشێت بە کامێرا وێنە بگیرێت.. گەر سەرنجی بدرێت پلەپلە بەرەو لووتکەی داهێنان و هونەرمەندێتی و باڵادەستی شاعیر بەرز دەبێتەوە:

سیرکەر تەماشای ئەو جەمین جامان
وەخصوص ئازیز شای نەوجەوانان
[د.ل:٤١٢ سیدیان]

تکای لێکرد و ئێستاش پێی دەڵێت، تێر تماشای نەوجەوانان (ژنە جوانەکان) بکە، کە گرتەیەکی گشتی Long shot L.S دەدات بە وێنەگر، بۆ پیشاندانی ڕیزی هەڵپەڕکێیەکە لە ناو ئەوانیشدا، چاوی کامێرا بە تەنیا وێنەی دەگرێت بە (گشتی، ناوەند و زۆر نزیک) بۆ دەرخستنی هەموو جوانییەکەی. هەروەها هاتوچۆکەی لە گەرمەی هەڵپەڕکێدا دەبیتە گۆڕینی جووڵەی کامێرا، لەوەی سەرتاپای (ئازیز) لە سەرەوە بۆ خوارەوە و لە خوارەوە بۆ سەرەوە بجووڵێت، بۆ ئاسۆیی PAN، کە دیت و دەڕوات. بایەخدانی شاعیر، تەنیا بە جووڵە نییە، بەڵکو سەرنجی خوێنەر بۆ دەنگ ڕادەکێشێت، نەک یەک دەنگ! چەندان دەنگ، لە بەرز، نزم، کز و هێواش و... هتد:

گرمەی نەقارە لرفەی شەروالان
خشیەی پامووروو و زرنگەی خرخالان
[د.ل:٤١٢ سیدیان]

ئەو دەنگانەی لەم بەیتەدا هاتووە، لە بەرزەوە (گرمەی نەقارە)وە بۆ دەنگێکی نەرم و ئارامی وەک (لرفەی شەروالان= ئاوەڵکراسی ژن) کە لە کاتی هەڵپەڕکێدا لە لێککەوتنی هەردوو لنگی ئاوەڵکراسەکان (هیی ژنە هەڵپەڕکێکەرەکان) کە زۆر کەم دەبیسترێت!! لەوەوە بۆ خوارتر (خشپەی پامووره= پاوانەی بەموورکراو)، یەکسەر لێرەوە بۆ (زرنگەی خرخالان= بانگی دەست مەچەک)! تێکەڵاوکردنی تۆنی ئەم چوار دەنگە، هەر بایەخدان بە دەنگ نییە و جۆراوجۆر کردنی، بەڵکو هەمووی فەرمانن بۆ وێنەگر، کە جووڵەی کامێرا بۆ وێنەگرتن لەگەڵ سەرچاوەی ئەم دەنگانەدا بجووڵێنێت: لە دەمەوە قاچ دەست، کە جووڵەی کامێرا لە سەرەوە بۆ خوارەوە Titil down-up. بەم پێیە گرتەکانیش دەگۆڕێن و بە زۆری دەبنە گرتەی زۆر نزیک B.C.U.

لە دێڕێکی تردا، مەولەوی کامێرا لە سەر دەست و مەچەکی ژنانی هەڵپەڕکێکەرەوە دەگوێزرێتەوە بۆ سەردەمی زۆرناژەن و دەمی ژنان و لە سەر سەروزوڵفیان ڕای دەگرێت.

چریکەی سرنا و پریکەی خەندە
پەشێویی زوڵفان ڕیشەی دڵ کەندە
[د.ل:٤١٢ سیدیان]

جووڵەی کامێرا بەردەوام ئاسۆییە، لە دەستی ژنانەوە بۆ دەمی زۆرناژەن و جارێکی دی بۆ دەم و لێوی ژنە هەڵپەڕکێکەرەکان! لەگەڵ سەروزوڵفی پەشێویاندا، کە بە هۆی هەڵپەڕینیاندا شێواوە.

گرتەیش هەر زۆر نزیکە! چونکە تایبەتە بە دەم و لێو و زوڵف.

لە بەیتی دوای ئەم بەیتەدا، کامێرا هێشتا هەر لە سەر دەموچاو و ملی هەڵپەڕکێکەرەکانە و زۆر نزیکە لە وێنە گیراوەکان و گرتەکان، هەموو (B.C.U)ـە، خەندەی لێو، خاڵی دەموچاو، کریشمە و ئیشارەتی بە ناز و غەمزەوە:

سەرچۆپی وە ناز قۆڵ هوردای دەستماڵ
بریقەی شیشە و لەرەی لیمۆی کاڵ
[د.ل:٤١٢ سیدیان]

سەرچۆپیکێش ئەو کەسەی کە ڕیزی هەڵپەڕکێیەکە دەبات بەڕێوە و جووڵە و سەمایەک دەکات، کەسانی تر، کەمتر دەیکەن، لەوانە: دەستبەرزکردنەوە و دەستەسڕ یان تەزبیحڕاوەشاندن و لە زۆر جاراندا تەقەکردنیش، بەڵام

لێرەدا (لەم سیناریۆیەی مەولەوی)دا، سەرچۆپیکێش ژنە و بە نازەوە قۆڵی بەرز کردووەتەوە و دەستەسرەکەیی ڕاوەشاندووە.. گرتەیەک شیاوی ئەم دیمەنە بێت، دەشێت گرتەیەکی ناوەندی M.S Medium shot لە ناوقەدەوە بەرەوسەر یان گرتەیەکی زۆر نزیک بێت کە تەنیا دەست و دەستەسرەکە پیشانی بدات! کە بە (B.C.U) ناو دەبرێت، جووڵەیش هەر ئاسۆییە (PAN) بەڵام لە نیوەی دووەمی بەیتەکەدا وێنەگیراو گۆڕاوە بۆ (مل) و (شیشەی ملوانکەی مل)، گرتەکە هەر زۆر نزیکە و چاوی کامێرا لە دەستەوە (سەرەوە) بەرەو (مل) خوارەوە دێت. تاکە لە سنگ و مەمکی هەڵپەرکێکەران بگیرسێتەوە و بابەتێکی دی بخاتە ژێر چاوی کامێراوە و جووڵەی کامێراش بەرەو (مەمک) ببات، کە شاعیر لێرەدا لە وێنەیەکی شیعریدا ناڕاستەوخۆ ناوی بردووە (لیمۆی کاڵ) و بە گرتەیەکی زۆر نزیک دیسانەوە (B.C.U)، لە مەلوانکەدا (بریقە) و لە مەمکدا (لەرە)! وردی و چاوتیژی شاعیر دەردەخات. کە بناغەیەکی بۆ بەیتیکی بەهێزتر داڕشتووە و هەر لە ئاستی دەم و چاو (ڕوو)دا، دەسوڕێتەوە و پەنا داباتە بەر وێنەی شیعری و بەکارهێنانی وشەی خواستراو (استعارە) بۆ دەڕبڕینەکانی:

ورشەی ستارە نەو زوڵف بووم زەر چۆن
قەوس و قەزەح گرتەن دەوروەر

[د.ل:٤١٣ سیدیان]

لێرەشدا (ستارە و وەرخۆر) لە بری ئارەقەی شەرمی کچە هەڵپەڕیوەکان لەسەر ڕوویان کە بە خۆر (وەر) ناوی دەبات دەچوێنێت بە پەلکەزێڕینە (قەوسوقەزەح) کە دیاردەیەکی فیزیاوییە و لە دوای بارانبارین بەرامبەر بە خۆر دەچەمێتەوە. گۆرانی شاعیر دەڵێت:

پەلکە زێڕینەی پاش بارانی زۆر
چەماوەتەوە بەرامبەر بە خۆر

[د.ل :گۆران، ل:٩]

لەگەڵ ئەوەدا، بە شێوەیەکی ڕەوانەبێژییانە ئەم دیمەنەی دەرخستووە بەڵام توانای وێنەگرتن و خەسڵەتی سیناریۆبوونی لە دەست نەداوە. شاعیر هەوڵی داوە کە کامێرا لە سەر، ڕوو، مل، سینە، ڕابگرێت و ئەم وێنە ناسکانە بخاتە پێش چاوی دەرهێنەر و وێنەگر.. لێرەدا چاوتیژی مەولەوی لە ڕابەدەرە، کە هۆشەکارییەکی زۆری پێوە دیارە، چونکە ئارقەی دەموچاو بە تەنیا ئەو دیمەنە پیشان نادات، لەگەڵ زوڵف و شتومکی جوانکاری و ڕازاندنەوەی تردا نەبێت! کە مەولەوی پەنای بۆیان بردووە.. گرتەی ئەم وێنەیەش بە گرتەیەکی نزیک (Close up-C.U) پیشان دەدرێت. مەولەوی دوایی ئەم هەموو وێنە سینەماییە جوانانە و ئەو هەموو سیناریۆ بەرزانەی پڕ بوو لە جووڵە و دەنگ و ڕەنگ.. هیچی بۆ نەماوەتەوە، ئەوە نەبێت کە لە پاشای جاف بپارێتەوە و بڵێت:

جەو بەزم شیرین منیش کەر وەیاد
بەزمتان جەم بۆ دایم وە دڵشاد

[د.ل:٤١٣ سیدیان]

لەم دێڕەدا، کە مەولەوی داوای لە بیرنەچوونی خۆی دەکات لەو بەزم و خۆشییەدا کە پاشای تیادایە و دەڵێت: (منیش کەر وەیاد) لە خۆیدا بەکارهێنانی هونەرێکی سینەماییە، چونکە دەبێت ئەو بیرکردنەوەیە، بە زەین بێت لە ئاستی دەقە شیعرییەکە و بە هونەری (مونتاژ)کردن لە ئاستی سینەما و دەرهێنانی سینەماییدا. کە دەکاتە ئەوەی دەرهێنەری سینەمایی فەرمان بدات بە وێنەگر، بە خۆی و کامێرا و کەرەسەی وێنەگرتنەوە بچێت بۆ لای مەولەوی و وێنە بگرێت و بە تولیفکردن، لەگەڵ گرتەکانی تردا لێکی بدات، تاکە زەنجیرەیەک پێک بهێنن. چونکە ئەو کاتە یەک کاتە، بەڵام لە دوو شوێنی جیاوازدایە.. لە کاتی تەولیفکردنیشدا، دەرهێنەر بۆی هەیە لەسەر گرتەی هەڵپەڕکێیەکە و سەیرکردنەکەی مەحموود پاشاوە چاپی بکات و شوشەیی هەردوو گرتەکە لە یەک کاتدا پیشان

بدرێت و (بەزم+مەحمودپاشا+مەولەوی) بە یەکجار دەربکەون. دەشبێت بە تێکەڵکردنی دیمەنەکان بێت (Mix Dissolve) کە ڕیزی هەڵپەرکێ و پاشا و شوێنی زەماوەند پیشان بدرێت و وردەوردە بەرەو لاچوون بڕوات و دیمەنی مەولەوی بێتە پێشەوە و لە سەر پەردە دەربکەوێت.. بە گرتەی گەورە و نزیک و ناوەند.. یاخود بە بڕینی دیمەنەکان و هەرجارەی دیمەنێک پیشان بدرێت. بە تایبەتی کە لە دێڕی دواییدا شاعیر وەسفی ژیان و بەختی خۆی دەکات و بە چەند بەیتێک باری دەروونی و ژیانی دەردەخات:

من زووم زانان تالەم پەشێوەن
ڕەفیقم مەینەت، ئەنیسم دیوەن

[د.ل:٤١٣ سیدیان]

لەگەڵ ژیانی پاشادا بەراوردی دەکات کە:

خودا وەتۆش دان سەیر نەمامان
وەمن ڕەنگ زەردی و نالەی بلی سامان

[د.ل:٤١٣ سیدیان]

(٣) غەزەل (وەهارەن، سەوزەن، ئاوەن، سەرکاوەن):

غەزەلێکی تری مەولەوییە، کە تایبەتە بە وەسفی سروشتی کوردستان و بەرهەمێکی تری هونەری مەولەوییە کە دەتوانرێت بە سیناریۆیەکی شیعری دابنرێت، چونکە هەڵکەوتی غەزەلەکە و بابەت و چۆنییەتی خستنەڕووی کەرەسە و ڕیزکردنیان، لە جیهانی سیناریۆ و وێنەی سینەماییەوە نزیکن! بەتایبەتی لەو خێراییەدا کە لە گۆڕینی بابەتی ناو دێڕەکاندا هەستی پێدەکرێت لە خوێندنەوەدا، کە دەبێتە هۆی درووستبوونی جووڵەی جۆراوجۆر و جۆر و گۆڕینی ئاسۆگەی سەیرکردن و تێڕوانین.. بە واتا سینەماییەکەی (گۆشەی وێنەگرتن Camera Angle) گوزەرکردنی چاو= گوزەرکردنی چاوی کامێرا.. لێرەدا خێراییەکی زۆری پێوە دیارە و دیمەن و شتەکان زوو زوو دەگۆڕێن.. باوەکی گونجان (انسجام)ی پێچوە دیار بێ:

وەهارەن، سەوزەن، ئاوەن، سەرکاوەن
هاژەی وەفراوەن، شاخەی شەتاوەن

[د.ل:٤٩٣ سیدیان،٤٧٢ مدرس]

لەم بەیتەدا، نەک چاو، بەڵکو گوێیش بە پەلە فریای بیستنی ڕەستەکان دەکەوێت، ڕیتمکی هێندە خێرایان هەیە!! سەرەتای دیمەنی بەهار بە خوێنەر دەدات، کە بەگرتەیەکی گشتی (L.S) وێنە دەگرێت؟

سەیری هەر لا بکەیت لە بەهاردا سەوزایی و گوڵاڵە و ژیان و نوێبوونەوەیە. جووڵەی کامێرا PAN ئاسۆییە، بەڵام کە دەڵێت (سەرکاوەن=بەرزایی و سەر چیا) جووڵەی کامێراش دەگۆڕێت بۆ Tilt up. کەچی لە میسراعی دووەمی بەیتەکەدا، جووڵەی کامێرا لە سەرەوە بۆ خوارەوەیە، لەبەر ئەوەی بەفراوی چیاکان لە سەرەوە بەرەوخوار دەبن و شاعیر سەرنجمانی بۆ ڕاکێشاوە، کە ناچاری چاوی کامێراش دەکات بەو ئاراستەیە بێتە خوارەوە.. لەم میسرەعەدا جگە لە جووڵە، دەنگی زیاد کردووە بۆ گرتەکە.. کەواتە: ڕەنگ، جووڵە و دەنگ، باس لە بەهار دەکەن و گرتەیەکی بە ئارەزووی دەرهێنەر دەگیرێت، کە بواری زۆر فراوانە.. بۆ جۆراوجۆرکردنی گرتەکە! لەو بەیتەدا، دوو جۆر ژیانی پیشانداوە: ئارامی و هێوری و کپی، کەچی لە میسراعی دووەمدا: هاژە و شاخە.. خرۆشان و هەژان!

لە دێڕەکانی تری ئەم غەزەلەدا کە مامۆستا (مەلا عەبدولکەریمی مودەریس) بە ناتەواوی داناوە، مەولەوی بەم جۆرە هاتووەتە دەست:

ساقییەن، بادەن، نەسیمەن، بادەن
بولبول جە دەورەی گوڵان ئازادەن

[د.ل:٤٩٣ سیدیان]

لە میسراعی یەکەمدا گرتەکە بێدەنگە (صامت=Mute shot) هەروەکو لە میسراعی یەکەمی، بەیتی یەکەمدا

بێدەنگی باڵی کێشاوە بە سەر دیمەنەکەدا (وەهارەن، سەوزەن، ئاوەن، سەرکاوەن)، بەڵام لەم بەیتەدا، نیوەی دووەم کە باسی (بولبول) دەکات و لە دەوری گوڵ بە ئازادی دەژیت و دەسوڕێتەوە، گومانی تیادا نییە بولبول و گوڵ بە بێدەنگی نەبینراون.. کەواتە دەنگ لە میسراعی دووەمدا هەیە. هەست بە جووڵەیەکی نسبی دەکرێت، بە تایبەتی لە "نەسیمەن، بادەن=با"دا. هیچ کاریگەرییەکیان پێوە دیار نییە کە ببنە هۆی دەنگ درووستکردن. لیرەدا تەنیا (ساقی و بادە=مەی) دەشێت وێنە بگرین و بە لای زۆرەوە بە گرتەیەکی گشتی (L.S) وێنە دەگیرێت و دەرهێنەر ئازادە.. هەرچەندە جووڵەی کامێرا خێرایە و لە بابەتێکەوە بۆ بابەتی دی دەگوێزرێتەوە، ئەم خەسڵەتە، سیمای سەراپای غەزەلەکەیە..

مەولەوی لە بەیتەکانی تری ئەم غەزەلە (تەواو نەکراوەدا!) دیمەنی شتەکان بە تێکەڵاوی واتە (مادی و مەعنەوی) پیشان دەدات، کە ناماتریالییەکان بۆ وێنەگرتن، گرانییەک بۆ دەرهێنەر درووست دەکەن، چونکە دەبێت پەنا بباتە بەر حاڵەت پیشاندان.. بەوەی کەسێک (ئەکتەر)ێک ئەو حاڵەتەی تیادا دەربخرێت.. لەم غەزەڵەدا مەولەوی، بابەت و دیمەن و حاڵەتی کۆ کردووەتەوە:

بەزمەن، شادییەن، عەیشەن، نیشاتەن
کەیفەن، شۆخییەن، سەوقەن، حەیاتەن
سەنگەن، کۆسارەن،سەرکووەن، هەردەن
خەمەن، مەینەتەن، زووخاوەن، دەردەن
هیجرەن، دووریییەن، عیجزەن، فیراقەن
واوەیلا شینەن، ناڵەی عشاقەن
سەبزەن، سۆسەنەن، نەورۆز گوڵانەن
کەمەرەن، هەردەن، ملەن، کەلانەن
صەرعییەن، شەیدان، نەجدەن، مەجنوونەن
مەزاقەن، جامەن، پیاڵەی هوونەن

[د.ل:٤٩٣ سیدیان]

مەولەوی، بە وشە و ڕستەی شیعری، ڕۆڵی کامێرایەکی گەڕۆک دەبینێت: چونکە ئەو هەموو بابەت و شوێن و دیمەنە پیشان دەدات.. لە لایەکی ترەوە لە جیهانی ڕەوابنێژیدا، هونەری پێچەوانەکردنەوە (لف و نشر)ی بەکار هێناوە، یان جووتە (پنائیا) بە پێی دەلالەتەکان و واتایان:

بەزمەن کەیفەن، شادییەن شۆخییەن،
عەیشەن شەوقەن، نیشاتەن حەیاتەن.

لە دێڕێکی تردا، هەردوو میسراع بەم شێوەیە هاوبەرانبەر کراون

سەنگەن خەمەن
کۆسارەن مەینەتەن
سەرکووەن زووخاوەن
هەردەن دەردەن

کە هەریەک لە بابەتە ماتریالەکان، حاڵەتێکی ناماتریالی لە خۆ گرتووە. جووڵەی سەرجەمی غەزەلەکە، خێراییەکی پێوە دیارە، لە گواستنەوەی چاوی کامێرادا، لە بابەتێکەوە بۆ بابەتێکی تر، یان بەرزکردنەوە و نزمکردنەوەی کامێرا بۆ سەرەوە و خوارەوە.. ئەو خێراییە لە هونەری سینەمادا بە (Accelerated motion) ناو دەبرێت کە مەولەوی لە دێڕە شیعر و شوێنی تردا پێچەوانەکەیی بە کار هێناوە وەکو ئەم دێڕە:

جە پرژەی شەونم نەتۆی پەردەوە
نەرگس مەس مەس چەم ولاو کەردەوە

[د.ل:٨٨ سیدیان،٦٨ مدرس]

کە مەبەستی دەرخستنی گەشانەوە (چاوکردنەوە)ی گوڵەنێرگسە لە بەهاراندا بە کاریگەریی پرژەی شەونم (خوناو)، کە مەستی و خاوی لێک نزیکن، لەوەدا کە پەرەی گوڵ و نێرگس بە یەکجار ناکرێتەوە و خاوییەکی هەیە، کەس ناتوانێت ئاگاداری ڕوودانەکەی ببێت، مەگەر لەم سەردەمەدا کە بە هۆی کامێرای سینەماییەوە خاو دەکرێتەوە و بە (سلۆمویشن-Slow motion) ناونراوە. مەولەوەی لە زۆر غەزەل و بەیت و دووبەیت و.. هتد،

لێکۆڵینەوە

هەوڵی داوە بەم شێوەیە شیعر بنووسێت، کە لێرەدا بە سیناریۆی شیعری ناوبرا، هەروەکو چیرۆکەشیعر و نامەی شیعری هەیە لە ئەدەبدا.. ناتوانرێت جەخت لە سەر ئەوە بکرێت کە مەولەوی یەکەم شاعیری کوردە ئەم جۆرە شیعرەی نووسیوە، تەنیا ئەوەندە هەیە کە مەولەوی توانایەکی بەرزی بەکار هێناوە لەم بوارەدا. ئەم نموونانەیش (مشتێک لە خەرمانێک) و نموونەی تریشی زۆرن، تەنیا بۆ پەردە لادان لە ڕووی ئەم داهێنانە، مەولەوی بوو بە نموونە و لێکۆڵینەوەی دی دەبنە گەواهیدەری ئەم بۆچوونە.

سەرئەنجام

لەم لێکۆڵینەوەیەدا، لایەنێکی هونەریی شیعری مەولەوی تاوەگۆزی ئاشکرا کرا، کە مەرج نییە مەولەوی تاوەگۆزی یەکەم شاعیری کورد بووبێت بەم شێوەیە شیعری نووسیبێت، ئەوەش سیناریۆیەکی شیعرنووسیینە کە خەسڵەتێکی زۆر ئاشکرای شیعری مەولەوییە. هەوڵی داوە یاریدەی خوێنەر بدات و بیکات بە هاوبەشی خۆی و بەخشندانە وای لێبکات پتر چێژ لە شیعرەکانی وەربگرێت و نەیپێچێتە ناو وێنەی شیعرییەوە، بەڵکو بە هۆی وێنەی سینەماییەوە زووتر مەبەستەکانی بگەیەنێتە خوێنەر. ئەوەیش بە هۆی دارشتنی وێنەکان لە ناو سیناریۆیەکدا، کە دەست دەدات بە شێوەیەکی سینەمایی لە لایەن دەرهێنەرێکی سینەماییەوە ئامادە بکرێت و بکرێت بە فیلمی سینەمایی.

لەم باسەدا توانراوە لە چەند غەزەل و تاکەبەیتدا هونەرەکانی وێنەی سینەمایی دیاری بکرێت و پەردە لە ڕووی توانایی شاعیری کورد، مەولەوی تاوەگوزی لابدرێت، لە حاڵەتێکدا کە ئەو شارەزای ئەم هونەرە نەبووە و ناویشی نەبیستووە و لە ساڵی (١٨٩٥ز) فیلمی جووڵاوی سینەمایی بێدەنگ بەرهەم هێنراوە، لە کاتێکدا مەولەوی لە (١٨٨٦ز)دا کۆچی داویی کردووە و لە سەدەی بیستەمدا هونەری سینەما گەشەی کردووە! کە ناکرێت ئەم پەی پێ بردنەی مەولەوی وەکو هەموو داهێنانێکی تری بواری زانست و هونەر بدرێتە پاڵ ئاگادار بوون، جگە لە بەهرە و توانا سروشتییەکەی شاعیر.

مەولەوی تاوەگۆزی گەلێک لە زاراوە هونەرییەکانی جیهانی سینەمای بەکار هێناوە، بە وێنەی سینەمایی و سیناریۆی شیعری، کە لەگەڵ ئەو زاراوانەدا یەکدەکەوێتەوە لە بواری سینەمادا ئەمڕۆ لە سەرچاوەکاندا هەن و هونەرمەندانی جیهانی سینەما بەکاری دەهێنن، وەکو گرتەی سینەمایی: (گشتی، تەواو، زۆر نزیک، ناوەندی، مونتاژ و گرتەی بێدەنگ و خاو و خێرا و جۆراوجۆری کامێرا.)

ئەم کارەی کە لە شیعرەکانی مەولەوی دەستنیشان کراوە، دەشێت بکرێت بە کەرەسەی دەوڵەمەندکردنی سینەمای کوردی و بەرنامە تەلەفزیونەکانی هەرێمی کوردستان و لە شیعری شاعیرانی تری پێش و دوای مەولەویدا کۆبکرێتەوە و بخرێتە ناو بەرنامەیەکی هونەری وا وەکە. T.Vی کوردی و سینەمای کوردی کەڵکیان لێوەربگرن بۆ ناساندنی ئەزموونی هونەریی کوردی لە گشت بوارەکانی هونەردا.

پەراوێزەکان:

١- الموسوعه العربیه المیسره. باشراف محمد شفیق غربال، ص١٠٥٨ سینما.

٢- بڕوانە: قصیده و صوره، د.عبدالغفار مکاوی، ص٨،١٢،١٣ ئامازە بۆ ئەوە کراوە کە لە سەردەمی ئەرەستۆوە باسی پەیوەندیی شیعر و وێنەکراوە، بیموینڈسی کیوسی دەڵێت: (شیعر وێنەیەکی دواوە، وێنە شیعرێکی بێدەنگ)

٣- برایەتی/ئەدەب و هونەر، هەستیاریی سینەمایی لە فیلمی (بەهەشتی پەنابەران)دا، پشتیوان عەبدوڵڵا، هەینی، ١٩٩٨/٨/٢٨ ژ-٩١،ل٦

٤- کیف تکتب السیناریو، صلاح ابوسیف، ص٥٥- ٥٨، هەروەها: الاسالیب الفنیه فی الانتاج السینمائی، کین دالی، ص ٢٧٧

٥- كيف تكتب السيناريو، صلاح ابوسيف، ص٥٨
٦- السيناريو، سد فيلد،ص٢٣
٧- ڕێزدار مامۆستا مەلا كەریمی مودەریس، گەڵای دارەكانی بە گوارە داناوە، كە لە بەر ساردی هەوا كە زەرد بوون و شۆڕ بوونەتەوە، بەڵام بابەتی تر ئەوەیە كە كولوی بەفرەكان بە تۆفەكە بەستوویانە و بوونەتە گوارە، چونكە لەو مانگەی زستاندا گەڵا بە دارەوە نامێنێت. (ا.ق)
٨- بڕوانە: لیركای شاعیری گەورەی كورد مەولەوی، ئەنوەر قادر محەمەد، ل٢٦٨.
٩- فن المونتاج السینمائی، كاریل موریس، ص١٥٩-١٦٠
١٠- بڕوانە: دیوانی مەولەوی، چاپی سیدیان. ل٤٩٣
١١- بڕوانە: غەزەلی (نازك تەدارەك فەصڵ وەهاران) د.ل ٤٣١ مدرس ٤٥١ سیدیان، هەروەها غەزەلی (نەئاهینی گەری، نەئاهینی گەری)، د.ل:٤٤٤ مدرس٤٦٤سیدیان.لەگەڵ زۆر تاكەبەیت و دێڕی تری ناو غەزەلەكان، هەروەها غەزەلی (هەرماهی نەوبۆ حاڵم پەشێوەن). (د.ل:٢٥٤ سیدیان ٢٣٤ مدرس).

سەرچاوە كوردییەكان:

١- ئەنجومەنی ئەدیبان، ئەمین فەیزی بەگ، ئەستەنبوڵ، ١٩٢٠ چاپخانەی كوری زانیاری كورد،١٩٧٠
٢- دیوانی مەولەوی، كۆكردنەوە و لێكۆڵینەوەی مەلا عەبدولكەریمی مدرس، بەغدا، ١٩٦١، لەگەڵ دیوانە كۆپیكراوەكەی سیدیان-ئێران.
٣- سەرجەم بەرهەمی گۆران، بەرگی یەكەم، دیوانی گۆران، محمدی مەلاكەریم، چاپخانەی كوری زانیاری عێراق، بەغدا، ١٩٨٠

سەرچاوە عەرەبییەكان:

١- الاساليب الفنيه فى الانتاج السينمائى، كين دالى، ت عصام الدين المصرى، م جعفر على، الدار العربيه الموسوعات، ط١ ١٩٨٧
٢- السيناريو، سدفيلد، ت سامى محمد، دار المامون- بغداد ١٩٨٩
٣- الموسوعه العربيه الميسره. باشراف محمد شفيق غربال، دارالشعب و مؤسسه فرانكلين الطباعه والنشر
٤- فن المونتاج السينمائى، كاريل موريس، ت احمد الحظرى، م احمد كامل مرسى، وزارت الثقافه والارشاد القومى المصرى، ١٩٦٤ط٢
٥- قصيدن و صوره (الشيعر و التصوير عبر العصور)ن. عبدالغفار مكاوى، سلسلهعالم المعرفه/١١٩ الكويت، تشرين التالى/١٩٨٧
٦- كيف تكتيب السيناريو، صلاح ابوسيف، الموسوعه الصغيره/٩٨، دارالجاحظ للنشر- بغداد،ءب/ ١٩٨١

فەرهەنگ:

تویژالی	سلیولید
تێكەڵاوكردن	المزج
جووڵە	الحركة
جووڵەی خێرا	الحركة السريعة
جووڵەی خاو	الحركة البطيئة
جووڵەی ئاسویی	الحركة الافقية
جووڵەی سەرەوخوار	الحركة الراسية
چیوە	الاطار
كۆگرتە	لقطة جامعة (ل.ج)
گرتەی جووڵاو	لقطة المتحركة
گرتەی تەواو	لقطة كاملة (ل.ك)
گرتەی بێدەنگ	لقطة صامته
گرتەی ناوەندی	لقطة متوسطة (ل.م)
گرتەی نزیك	لقطة القريبة (ل.ق)
گرتەی زۆر نزیك	لقطة القريبا جدا (ل.ق.ج)
گرتەی گەورەی ناوەندی	المنظر الكبير المتوسط (م.ك.م)
گۆشە	الزاوية
گۆشەی وێنەگرتن	زاوية التصوير
مونتاژ	المونتاج



مەولەوی
و
بەزاندنی سنوورەکانی کلاسیك

همایۆن ساحب

پێشەکی:

بەر لە هەرشتێک پێویستە خوێنەر و گوێگری ئەم باسە ئاگاداری نەخشە و جگرافیای شیعری کوردی بێت و زۆربەی ئەو ناوانەی ڕابردووی ئەدەبی ئێمە بناسێ، لانی کەم شاعیرە دیارەکانی ئەو مەیدانە (نالی، سالم، کوردی، مەحوی، شێخ رەزا، حەمدی، صەیدی، بێسارانی، مەولەوی، خانی، مەلای جزیری) شوێنکەوتووەکانی تری ئەو هێژایانە کە ناکرێ ناوی هەموو ئەو ئەستێرانە بێنینە باسەکەوە. بۆ ئەوەی بچم و قیافەی ئەو جۆرە شیعرە وێنا بکات کە لەسەرچاوە دیرۆکییەکانی ئێمەدا کلاسیکی بەسەردا بڕاوە.

دیسان پێویستە گەرچی سەرەتاییش بێت ئاگادارییەکی لە (کلاسیک-ڕۆمانتیک) هەبێت و پرەنسیب و ماکەکانی ئەو دوو قوتابخانەیە بناسێ. چونکە ئێمە نەمان ویستووە بە پێناسە و گوتەزا و دەرسدانی ئەو مەیدانەوە باسەکەمان درێژ بکەینەوە و نیازیشمان لە کلاسیک و ڕۆمانتیک فەزاکەیانە نەک ڕێبازەکە وەک قوتابخانەیێکی جێگیر و کۆنکرێت، هەروەها لە هەردوو دیوی خوێندنەوە بۆ شیعرە عاشقیەکانی مەولەوی (زەمینی-ئاسمانی) یان ئاسۆیی و ستوونی تێبگات، چوون ئەو هێژایە بە زمانێ نوسیویەتی بکرێ ئێمە بۆ یار لەسەر زەوی و یاری ئاسمانی بنواڕین، یان ڕاستر پەردەیێکی تەنک لە نێوان ئەو دوو یارەدا هەیە لە شیعری مەولەویدا، دەبێت خوێنەر ئەو پەردە ناسکە ببینێت.

خوێنەر و گوێگری ئێمە بەشدار دەبێت لە سازاندنی میتۆدی باسەکەدا، بۆ ئەوەی تێبگات چۆن چۆنی چەتە و شۆڕشگێڕێکی شیعری پێشینی ئێمە سنورەکانی ئەو مەملەکەتەی ناوی کلاسیکە دەبەزێنێ و لە کۆشک و تەلارەکانی هەڵدێ، خاوەنشکۆ بەهێزەکانی قەبەیی مانا و خشڵە زیادەکانی ڕازانەوەی زمان فڕێ دەدات و لە دەشت و دەروو هەوارەکاندا ناسکی دەدۆزێتەوە.

گەشتێکی کورت:

مێژووی ئەدەبی کوردی لە لاپەڕەکانی خۆیدا سەید عبدالرحیمی مەعدووم جەنابی مەولەوی (1221-1300ک) لە ڕیزی شاعیرانی کلاسیک ژماردووە و بە هاوولاتیی ئەو مەملەکەتەی ناو بردووە. ڕوخسار و ناوەڕۆک و مەبەستەکانی شیعری مەولەویان ترنجاندووەتە نێو ئەو چوارچێوە قەبە و گرانەوە و لەگەڵ ئەوەشدا کە لە شیعرە لیریکییەکانی ئەو زاتەدا لە شێواز و هەستە ڕۆمانتیکییەکەی دواون کەچی هێشتا پێیان وایە ڕوخسار و ناوەڕۆک و مەبەستی شیعریی مەولەوی لە نەخشەی کلاسیک ناچێتەدەر {مێژووی ئەدەبی کوردی مارف خەزنەدار بەرگی دووەم ل395-351} کەمتازرۆ بابەتە نووسراوەکان لەسەر شیعری مەولەوی ناوی کلاسیک لە نووسینەکانیاندا دێت و ئیتر ئێمە هەمیشە ئەوەمان لا چەسپاوە کە دەبێت لە پۆلێنی شیعری کوردیدا مەولەوی بە ئەتڵەسی کلاسیک بدۆزینەوە.

لە نووسەرانیش هەن کە لەسەر ڕۆمانتیکیان نووسیوە لە ئەدەبی کوردیدا ماوەی نێوان دوو جەنگی جیهانیی یەکەم و دووەم بە خۆگرتنی ڕۆمانتیک دادەنێن لە فۆرم و ناوەڕۆکدا، کەچی خۆیان بە سەردەمەوە نەبەستوەتەوە و ئاوڕیان لە هەوڵەکانی مەولەوی داوەتەوە و لە چوارچێوەی ئەدەبی ڕۆمانتیکدا لێی دواون. {ڕێبازی ڕۆمانتیک لە ئەدەبی کوردیدا خورشید ڕەشید ئەحمەد ل57} هەشن کە مەولەویان بە گەورەترین شاعیری ڕۆمانسی کورد داناوە.{سۆفی و سۆفی گەرێتی لەتیف هەڵمەت ل18}

بەکورتی جێگرتنی ڕێبازە ئەدەبییەکان لە ئەدەبی کوردیدا وەک قوتابخانە دیار و ڕوون نییە و پۆلێنکردنیان کۆنکرێتی نییە، ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە ئێمە بەهۆشیاری و پرەنسیبە تایبەتەکانی هەرقۆناغ و سەردەمە و هێنانەکایەی هەر جۆرە قوتابخانەیێک، نەهاتووینەتە مەیدان. بۆیە ناتوانین تیۆریاکانی ڕۆمانتیک لە ئەدەبی ئەوروپیدا بە قۆناغ و ناوەکانی شیعری کوردییشدا بسەپێنین، چوون وەها کارێک تووشی ڕووبەڕووبوونەوەی سەختمان دەکات.

سەرەڕای بوونی تایبەتمەندی و خەسڵەتی ڕۆمانتیک لە ئەدەبی پێشینی کوردا بەتایبەتی بە "ماچۆ" نوسراو هێشتا ڕەخنەگرانی ئێمە نەیانتوانیوە وردترو بەرفراوانتر لە یەکەمین نیەت و بەردی بناغە بۆ ئەدەبی ڕۆمانتیک ئاماژە بکەن و سەرەتاییێکی درووستی بۆ دەستنیشان بکرێت.

لێکۆڵینەوە

خۆ ئەگەر لە سەرزەمینی کلاسیکی کوردیدا کشت و کیارێکیش سەوز بوو بێت، دەبێت خاوەنی یەکەمینی ئەو کێڵگەیە ببێتە ڕابەر! هەرچەندە ئەمە نەفەسێکە و ڕۆمانتیکبوونی ئەدەبی کوردی بەئاگاییەوە نەبووە و نەیتوانیوە کەمێ بیر و ئەندێشە بەرێتە دۆخێکی پێشتر. {هەورامان ژ13 ڕۆمانتیسم و ئەدەبی کلاسیکی کوردی هۆرامی کەیهان عەزیزی ل62} دیسانەوە ئەگەر هەموو بیریشمان بدەینە سەر ئەو ڕێنیسانس و تازەکردنەوەیەی شیعری کوردیی دیالێکتی باشوور کە هێشتا نەیتوانیوە ڕابەر دەستنیشان بکات. لەسەر هەندێ پێوەر و زانیاری هەڵە پیرەمێرد کراوەتە مونەزیر، گوایە پیرەمێرد لاسایی کەسی نەکردووەتەوە و خۆی بووەتە ئیمام، شێخ نووری بە موقەلید و گۆران بە موبدیع و دڵدار و هەردی و... تد، بە پەیڕوکەرانی ڕێبازی ڕۆمانتیک دەستنیشان کراون {پێگەی ڕێبازی ڕۆمانتیکی لە شیعری کوردیدا د. هەڤاڵ ئەبوبەکر حوسێن -273 274} ئەگەر بێت و بە ویژدانەوە شیعری پیرەمێرد سەرنج بدەین ئەوە تەواو لە هەرە جوانییەکانی شیعری (ماچۆ- هەورامی) و بەزۆری و بەئاشکرا لە مەولەوی براوە، بابەتی بردن و لاساییکردنەوەی پیرەمێرد لە ئەدەبی مەولەوی و وەلی دێوانە و بێسارانی و مەجزووب و داخی بڕاوەتەوە و حاشای لێناکرێت. لێکۆڵەرانی شیعری مەولەوی و پیرەمێرد لەو باسە دواون. {ئەنوەر قادر و ئوێد ئاشنا و عوسمان محەمەد هەورامی و..}

تەنانەت گۆرانیش نەک تەنها کاریگەریی مەولەوی لەسەرە بەڵکوو لە شیوەنەکان و شیعرەکانی بۆ پاییز شتی لە ئەدەبی مەولەوی وەرگرتووە. تەنانەت لە دروستکردنی تەرکیبە و وێنە و سازان و داهێنانی مانای جواندا، تیشکی خۆری مەولەوی لە شاعرانی تریشی داوە هەر لە نالییەوە تا ئێستاشی لەگەڵبێت.

چەند نموونیێک:

1-یا نەدابۆت تۆز گەرد پاڵاکەت
پەرێ سورمەی چەم سفتەی باڵاکەت

یان تۆزی گەردی پێڵاوەکەت نەدا بێ بۆکلی چاوی سووتاوی باڵاکەت. شێخ ڕەزا ئەم بەیتەی بینیوە کە وتویەتی:

وتم وەك سورمەیە بۆ چاوی عاشق
خاکەکەی ژێر پێت
لە ئولکەی حوسنا ئەگەر لافی شاهی
لێبدەی لێت دێت

بیسارانی وتوویەتی:

دڵ ئاه مەکێشۆ گڕ مەیۆوەبەر
نەبا نیشەڵلا پێت یاوۆ زەرەر
تێدا مەنیشەهەی بەرگوزیدە
بۆ باجات کەر و وەبانی دیدە.

مەولەوییش چاو بە مەنزڵ و نیشتمانی دۆست دەزانێت:

2- مەوتەنەکەی چەم دیدەش ها نەڕێت
غەریبی تا کەی بۆ وە ماوای وێت

نالیش دایڕشتووەتەوە.

تۆکە حۆریت وەرە نێوجەننەتی دیدەم چ دەکەی
لەم دڵەی پڕشەرەر و سینەی سۆزانمدا

وەفاییش وتوویەتی:

لەنێو مەنزەرەی دوودەری خۆشە سەیری مەوجی بەحری وەرەوە سەرچاوم عەزیزم چی دەکەی لە دڵەی کەبابم

3- کائینات جەلام گرد تەسویری تۆن
ئەر بانەن ئەر دەشت ئەر کاخەن ئەرکۆن

تەواوی بوون و بوونەوەران لە لام نەقش و وێنەی تۆیە، بە دەشت و بیابان و بە کەژ و کێویەوە، بە ئاسمان و

دەریاکانەوە. هەرچی هەیە لەلای من تەسویری تۆیە.. ئەمە لە لای میرزا ئۆلقادری پاوەیی دەردەکەوێتەوە تەنیا باری قافیەکەی گۆڕاوە:

ئەردەشتەن ئەرکاو، ئەرکەژەن ئەرکۆ
ئەو هەر لامدیەو نەقشەن شێوەو تۆ

ئەم وێنە و بۆچوونە عرفانیەی مەولەوی، لە شعری کوردیدا جاری بووە و کێ ویستبێتی دەمی پێ تەڕ کردووە. بڕوانن چۆن تەڕی داوەتە دێڕێکی ئەحمەد هەردی.

سەرنجی ڕێ ئەدەم ڕێگا، هەموو شێوەی ئەوی تیایە
وەکو دنیا لەناو جوانی ئەوا توابێتەوە... وایە

3-مەوج مدۆ لافاو هوون دجلەی دڵ
نە فوارەی چەم هۆرمشانۆ گڵ

چەپۆکان (شەپۆل) ئەدا لافاوی خوێنی دجلەی دڵ لە فوارەی چاومەوە گڵ هەڵئەدا. مەینەت و زووخاوی ناخ لە ڕێگەی شەپۆلی دجلەی دڵەوە زنەی چاومی تەقاند. دڵ لەلای شێخ نووری شێخ ساڵحیش بوەتە قەترەی خوێن و لە چاویەوە ڕژاوە و ئەحمەد هەردییش پەیڕەوی کردووە.

وا نەزانی دەستی خەم یادت لە دڵدا دەردەکا
ئەشکی خوێنینم دەلیلە بۆ کەسێ باوەڕ نەکا
گیانەکەم بەو تیشکی چاوەی شەڕ لە گەڵ ئەختەر دەکا
دڵ دەبێتە قەترەی خوێن و لە دیدەم سەردەکا
هەرکە ڕابووری بە دڵدا سوحبەتی جارانی شەو

4-پایز زەڕ، یەخ جام، چارشێوێ هەی تەم
دێرەن سوارەن نەو عرووس خەم

پاییز بە ڕەنگی زەردی ئاڵتوون و سەرمای یەخ و سەهۆڵی کردە ئاوێنە و تۆش ئەی تەم، تارا و چارشێوێ! درەنگە تازەبووکی خەمی من سوار بووە.. ئەم وێنەیە گوزارشتە لە غەمناکیی پاییز و ڕازانەوەی دڵتەنگی و خەفەت. کە خۆی لە خۆیدا پاییز بووەتە مۆتیڤی. مەولەوی خەمی پاییز تا ئەوپەڕی جوانی دەڕازێنێتەوە و لە کیژێکی ئاسایی دەری دەکات دەیکاتە نۆبووک. ئەم تەجاوزەش کاتێکە کە کیژی غەمناکی پاییز وادەی بوونە بووکیەتی، چونکە ئەو دۆستە نەگەڕاوەتەوە. ئەمەش غەمناکیی پاییزی مەولەوی بردووەتە لووتکە. ئەم بەیتە (پاییز پاییز بووکی پرچ زەردی)گۆرانی ڕەدووخستووە. بێگومانم لەوەی مانابەخشین و تەرکیبە دروستکردن و وەزیفەدان بە وشە لای مەولەوی بۆ حەمە عومەر عوسمانیش بووەتە وزەی ناوەکی و ئەویش وەک زانایێک بەپیتاندن پاییزییەکانی (لەغوربەتا) ی بەرهەم هێناوە. پلاندانەر و داڕێژەرەکەی حەزرەتی مەولەوی بووە {شەریعەتی مەیل ب 2همایۆن ساحب، چاپ نەکراوە}

5-بینایی وە ڕاس دڵەی پڕ دەردم
ئای چەند سەرسەخەت بیم لوای نەمەردم

بینایی ڕاستەقینەی دڵەی پڕ دەردم ئای من چەندە سەرسەخت بووم! تۆ ڕۆشتی من مام و نەمردم. ئەم وێنەیە لە سەردەمی خۆیدا سەرچاوەی زۆڵاڵ بووە بۆ وێنە دروستکردن لای هاوفەردانی مەولەوی. کوماسی وتوویەتی:

ئیسە دووریت دیم، مەندم، نەمەردم
قەدەم وە مەئوای عەدەم نەبەردم

تا ئێستاش لە شیعری نوێی کوردیو شیعرە لیریکییەکانی گۆرانیدا خۆی نمایش دەکاتەوە.

بەدبەختییە ست خەرامان دوای کۆچی تۆ من نەمردم

6-یا ناستە بۆ سەیل دیدەم نەفەسێ
نەسیم گەرد پات بەرۆ پەی کەسێ

یا نەیهێشتبێ فرمێسکی زیادی چاوم، هەناسەیەکی نەسیم تۆزی پێت بەرێت بۆ کەسێ. فرمێسکی چاوتۆزی دەوروبەری ماڵی یاری قورس کردبێت و نەسیم توانای نەمابێت هەڵی گرێت. ئەم وێنەیە دیسان لە شیعرێکی

شەهید بەکر عەلیدا دەرکەوتووە (تەنیا ڕۆڵەکە لە فرمێسکەوە چووەتە سەر ڕەشەبا:

لەو ڕەشەبایە خۆش نابم
تەنیا شەوێ لەحەوشەتانا نوستبێ
بۆنی تەوێڵ و پەرچەم و هەناسەتی بۆ کەسێکی کە بردبێ

تا نموونەی ئەم کاریگەرییەی مەولەوی درێژتر کەینەوە دەگەینە ئەو بڕوایەی مەولەوی یەکەمین کەسە بەو بەرفراوونییە لەسەر زەمینی کلاسیک کشتی ڕۆمانتیکی بەرهەم هێنا بێت. لەگەڵ ئەوەشدا لای هەموان ئاشکرایە کە تێکەڵی لە ئەزموونی یەک شاعیردا بۆ (کلاسیک، ڕۆمانتیک، ڕیالیزم) بەرچاو دەکەوێت، کەچی ئەگەر بگونجێت ئێمە هەوڵی جێگرتنی ئەو قوتابخانانە لە ئەدەبی کوردیدا بدەین کە کارێکی سەختە، بمانەوێت کەسێ وەک ڕابەر یان تیرۆزیەکار و دەستپێشخەری لادان لە کلاسیک دەستنیشان بکرێت، ئەوە دەبێت لە ئەدەبی ماچۆ نووسراودا بۆ بگەڕێن و ڕەنگە بەدەسەڵاتترین کەسیش مەولەوی بێت.

زمان و گیانی وشە:

جیاوازییێکی زۆر بەدی دەکرێت لە نێوان شیعری مەولەوی و شیعرەکانی نالی و سالم و کوردی و بگرە سەراپای شیعری کلاسیکی کوردیدا بەتایبەتی بەکارهێنانی زمان و کردنە بەری گیان بە وشەدا، ئەمەش وای کردووە ئێمە گەر سەرنج لە مانا لای ئەو شاعرانە بدەین دەبینین مانایەکی زل لە سەر تەختی ڕەوانی چەند وشەیێکی داماو هەڵگیراوە و کەژاوەیەک دراوە بەسەر وێنەی شیعریدا و ئێمە لەبری بینینی پەریی نێو شیعر کەژاوەکە دەبینین! وشە تەنها دەبێت لە بیری هەڵگرتنی ئەو مانایەدا بێت لە بیر و هۆشدا، هەر بۆیە سەرەڕای گرنگیی بابەت و مانا لای (نالی- سالم- کوردی) ئێمە کەمترین جار دەکەوین بەسەر وێنەی شیعریدا، گەر نەبێتە توندڕەوی ئەوە هەر وێنەی شیعری نابینین، کەچی بە پێچەوانەوە، وشە لای مەولەوی خۆی گیانی هەیەو ئەو گیانە ناکاتە قوربانیی هیچی تر، بەڵکو بەو گیانە وێنەی شیعری جوان دەخوڵقێنێت و لەناو دڵ و خەیاڵیشیدا هەر جوانێکی دانابێت، ئێمە بە شەفافی دەیبینین.

چوون چهرەی خەیاڵ ڕووخسارەکەی وێش
نە تۆی پەردەی دڵ مەعدوومی دڵ ڕێش
1-خەرامان ئاما نە تۆی پەردەوە
نیقاب جەصەفحەی جەمین کەردەوە
2 - چیهرەی دڵەی زار خووی گەرمی پێدا
عەکسش هوەیدا منمانا تێدا
3-باوەشێن مەکەرد ئەو صەحفەی بێ گەرد
نازکیش جەباد ئیحتیاگ مەکەرد
4-نە تۆی ئایینەی جەمین چوون گوڵ
کەم مەکەرد نم نم خووی ڕوخسار دڵ

سەلیقەیەکی زۆر بەهێز و گرنگ کە مەولەوی بەکاری دێنێت لە دروستکردنی وێنەکاندا هەڵسوکەوتە بەسادەیی وشە. دێڕە شیعری مەولەوی یان وشە لە ڕستەی شیعری مەولەویدا زۆر بێ مکیاژ و ئارایشتە، وشە خۆی شایەتحاڵی جوانییەکانی خۆیەتی زۆر سادە و ڕاستگۆیانە جێدەگرن بۆیە مەولەوی بۆ دەربڕینیان پێویستی بە ئامرازە ناقۆڵاکان نابێت و زۆرخۆری و بەدخۆری بە ڕستە ناکات و هیچ پیت و دەنگێ دڵی تێکەڵ نابێت، مەولەوی هیچ سازش و ملشۆڕییەکی بەسەر وشەدا نەهێناوە، وشە ناخاتە نێو ڕستەوە و هەرتاوەی لە شوێنێ داینیشێنێ. بەڵکو وشە خۆی دێت و ڕۆحسووکانە و لەشسووکانە جێ دەگرێت. کەمترین زەحمەتی وشە دەدات و وشەئارایی و یاری پێ ناکات لە دوو سێ نموونەدا نەبێت، هەر

ئەوەشە خاڵی بەهێزی شیعریەت و دیوانەکەی تەژییە لەم نموونانە.. بەداخەوە ڕاڤەکارانی شیعری مەولەوی توانای کەشفکردنی سحری زمانە هەورامییەکەیان نەبووە، بەمەش نەتوانراوە زەخیرە و کەرەسەی باش بخرێتە بەر دەستی نووسەران و ڕەخنەگرانی ئەم دیاڵێکتەی ئێستا پێی دەنووسین، بۆیە ئەو تێگەشتنە بەرفراوانە لە مەولەوی لای ئەو بەڕێزانەی لە شیعر کۆڵیویانەتەوە درووست نەبووە، تا بۆ نموونەکان ڕاستی بەرهەم بێت و هیچ داهێنەرێ دوا نەخرێت و کەسێکی تر نەیێتە پێش.

بۆ ڕوونکردنەوەی زیاتر لەم مەبەستە دەڵێن:

گەر ئەمین فەیزی یان حوزنی داماو یان پیرەمێرد یان شێخی خاڵ یان سجادی و مدرس و ئەردەڵانی و هەرکەسێکی تر نەیانتوانیبێ ئەرکی وشە و ماناکردنەوە و پیشاندانی وێنەیێک، یان لێدوان لەسەر باسێک و توانای مەولەوی دروست دەرخەن، هەر ئەمە بووەتە سەرچاوە تەنانەت بۆ تێزەکانی دکتۆرا و بەو بەکاربردنە نادروستە گوازراوەتەوە. بەندە لە بەرهەمێکی بەرفراواندا لەسەر شیعری مەولەوی بەناوی (شەریعەتی مەیل) هەموو ئەو نیاز و بابەتانەم بەسەر کردووەتەوە، جامنیش ڕاستیم پێکا بێت یان نا، ئەوە دەرگای هەمیشە کراوەی گفتوگۆ و ڕەخنە ئەتوانێت وەڵامی هەبێت.

مەبەستەکانی شیعری (کلاسیک) و ڕادەی وابەستەبوون و لادانی مەولەوی

شیعری کلاسیکی کوردی لە ناوەڕکدا بە دەوری چەند مەبەستێکدا گەرد و خولیەتی، دەرکەوتنی ئەم مەبەستانە لای مەولەوی جیاوازییەکی گە تیدایە لە چاو دەرکەوتنی هەمان ئەم مەبەست و ناوەڕۆکانە لای کەسێکی وەک سالم یان نالی یان هەرکەسێکی تری سەر بەو ڕێچکەیە.

شیعری ئایینی:

تەرخانکردنی تواناکانی نووسین بۆ ئەم بابەتە ئەو شیعرانە دەگرێتەوە کە موناجات و ئیلاهیاتن لەگەڵ خودا و هێژی شاراوەی ئەو لەناخدا، نەعت و ستایشی پێغەمبەران و پیاهەڵدانە بە ئەولیا و ڕابەرانی تەریقەتەکان و زانا و فەقیهەکانی پانتایی شەریعەت. یان بۆنەگەلی تایبەت بە مەراسیم و فەرزەکانی ئایین وەک جەژن و بەرات و قوربان و ڕەمەزان و... هتد.

بازنەی پەلهاویشتن لەو بۆنانەدا لای مەولەوی بەرفراوانترە و لەبیرکردنەوەی زۆربەی کۆمەڵگە دینیەکەی سەردەمی خۆی تێپەڕیوە. تەنانەت لای داوەتە سەر بیرکردنەوەی هەندێ لە ڕەچە دینییەکانی تر:.

واتە لەو تێڕوانینە چەقبەستووە کلاسیکییە دەرچووە و ئەم هزرەیشی لە موتربەکردنی شەریعەت و تەریقەتەوە وەرگرتووە و بەسواری ئەو دوانە و ماریفەت بەرەو قیقەت فڕیوە، ئەم ئەندێشەیە یارمەتی داوە داڕشتنی ڕستەو وێنە و مانادروستکردن لە خزمەت ئەو بۆنانەدا لە شاعریانی تری سەردەمەکەی خۆی نەچێت.

شیعرەکانی ئەی گرد مەوجودێ و ئایینەی کامڵ و شێخی تەریقەت و ڕەمەزان گلوع سوبح شادیشەن و... هتد کەی نەفەس و هەناسەی ئەم شیعرانە و زمان و ڕووخسار و، بەکاربردنی تەرکیبە و وێنە و ئیستیعارەکان و تەشبیهاتەکانیان، کەی وەک شیعرەکانی (ئەی ساکنی ریاچی مەدینەو ئەلا ئەی نەفسی بووم ئاسا)ی نالین. یان کەی لەشیعری (مەسئولمە ئیعانە و سوبحانە ئەو خودایەو ئیرادەی موناجات و بەحری نووری مەحوی دەچن؟ خۆ گەر بڵێین ئەمانە عەقائیدن و ئەبێ لە شیعرییەت دەریان کەین هێشتا دەڵێن باشە ئەی کەی سفت و سۆڵیان لە مەرچیە و فەوائیح دەچن؟

هەرچەندە مەولەوییش چەندان زاراوە و دوستەواژەی

لێکۆڵینەوە

وەک نەریتی کلاسیک بەکار هێناوە وەک (قرچەی سووتان و دیگی دەروون و سێلاوی خوێن و زەنجیری زوڵف و تیری موژە و تینوتاو و شریخە و گرمە و.. هتد. بەڵام تا بۆی کرابێت جادووی خەیاڵی خۆی لەو بەکارهێنانەدا نیشان داوە و وەهای کردووە کە لەپاڵ دروست بوونی تەسەوری ناحەزی خوێنەر بۆ ئەو جۆرە بەیتانە ئاسوودەیێک و خاوبوونەوەیێکی بداتێ، لەڕێی موسیقای وشەکانەوە یان جارجارە نیگایەکی داهێنەرانەی وشەیەکیش بووبێت، مەیلی ئێمە لە کلاسیکی بوون لا ئەدات.

جەوساوە خەدەنگ موژەت دڵ کاوان
کوورەی فراقت کۆی سەبرم تاوان

کلاسیکی بوونی (خەدەنگی موژە و کوورەی فراق) بە ڕۆڵ و کاریان لە بەیتەکەدا لە کلاسیکی بوونیان دوورخراونەتەوە.

یاخۆ تۆ دابۆت وە دڵ مەزەی مەرگ
تیر خەدەنگت دابۆ نە تۆی جەرگ

(تیری خەدەنگ) بە وەزیفەکەی کە نەدانی مەزەی مەرگە بە دڵ لە سواویەکی پارێزراوە.

وەختێ سەیل چەم دەروون پڕ خاران
تاو مەوەست چوون تاو ئەوەڵ بەهاران
بۆی کزەی کەواو جەرگم چوون جاران
هەم وەی تەم مەوست ئەو ڕووی ستاران

(سەیلی چەم و کزەی کەباب) بەو ڕۆڵەی لە بەیتەکەدا گێڕاویانە ناحەز نایێنە پێش چاو.

خۆشبەختانە بەکارهێنانی وشە بە نەریتە کلاسیکییەکە لای مەولەوی زۆر نییە و تەنانەت لەو شوێنانەش کە بەکاری هێناوە "ناسکیی زمان و دارشتەی کێشی خۆماڵییانەی شیعر" شیعری ئەوی لە ئێسکتاڵی و بارگرانی پاراستووە. زۆربەی جار وەک بڵێ خۆیشی هەستی بەوە کردوە کە وێنە کلاسیکییەکان ڕوون و ڕەوان ناڕژێنە گۆلی عاگفەوە، بۆیە لە دوای دانانیان لا ئەکاتەوە بە لای شیرینکردنی بەکارهێنانەکەوە. تەنیا لە شیعری (3ک کزەی چزەی زام)دا نەبێت بەکارهێنانە کلاسیکییەکان تەواوی شیعرەکەیان داگیر کردووەو خوێنەر زەوق لە خوێندنەوەی نابینێت.

شانازیکردن بە خۆوە:

دیاردەی شانازیکردن بە بەهرە و شیعر و کەلام و سەلیقە و ئازایی نێومەیدانەوە، لە شیعری کلاسیکی کوردیدا زۆر لەبەرچاوە و بەجۆرێ بووەتە نەریت و باو، تەنانەت شاعیرە بێدەسەڵات و شاعیرۆکەش پەیڕوی ئەم نەریتەیان کردووە. کەچی ئەم دیاردەیە لای مەولەوی هێندە بە تەوازوعەوە لای لێکراوەتەوە تا ئێستا مەولەویناسان پەییان پێ نەبردووە. {شەریعەتی مەیل هەمایۆن ساحب 2010 سلێمانی ل208}

مەولەوی شیعرێکی بۆ کوێربوونی خۆی نووسیوە، لەوێ شانازی دەکات بە ساتی چاوساغی و بینینی چاوەکانیەوە، بۆ ئەوەی ڕەوایی ببەخشێ بە شین و بێ تاقەتییەکەی، بینینی چاوەکانی و جیهانبینیی جوانی خۆی بۆ جوانیناسی و دروستکردنی وێنە و شیعری جوان دەباتە ئاسمان لەگەڵ ئەوەشدا شەرمی کردووە لەو شانازیکردنە کە شاعیرانی کلاسیک لەوپەڕی خۆپەسەندیدا کردوویانە:

ڕێزان سەوزەی گوڵ مەعارف وەگڵ
چۆڵ بیەن چەمەن جەسۆزەی بوڵبوڵ

سەوزەی گوڵی علم و عرفان داوەریوەتە سەر گڵ و خەزانیەتی، باخ و چەمەنیش لە ئاوازی بە سۆزی بولبول چۆڵ بووە. خەمی بێچاوی ئەو لە ڕێگەی سلبیبوونی دۆخی ئەم شیعرەوە، شانازیکردنێک دێنێتە ئەدەبی

مەولەوییەوە کە تا ئێستا باسی نەکراوە. کوێربوونی مەولەوی لای خۆی ئەم حاڵەت و ئەنجامانەی خوڵقاندووە.

1-نەمانی شەوقی هام فەردان. بە نەمانی شەوقی دیدەی (ڕۆشنایی چاو)ی مەولەوی. کە ڕۆشنایی چاوی مەولەوی نەماوە، شەوقی مەجلسی هامفەردانیش نەماوە.

2-بێزەوقی هامدەردان. کە ئەم زەوقی نەما ئیتر (ساردی زەوق) گەرمەی بازاڕیەتی. ئیتر زەوق ساری لای هاودەردەکانی چووەتە ئەوپەڕی سنوور و سەرەدەرزیەکیش لە زەوق نییە لای هام دەردان.

3-وەرینی سەوزەی گوڵی مەعاریف لە خەزانی باخی دیدەی ئەمەوە، بە کوێربوونی ئەم، قاتی تۆوی سەر زەوی مەعریفەیە و زڕی باخی زانستە، جارێکی تر دارەکانی (زانست و مەعریفە) بەردار نابن. کوێربوونی من خەزانی مەعریفەیە.

4-چۆڵ بوونی چەمەن، بێدەنگی بولبول. لە نەمانی ئەمەوەیە، چونکە شیعری ئەم سەرسەراو و مەجلسی چەمەنی پاراوی سەوزی مەعریفەیە و غەزەڵخوانی بولبولە. ئەم واژەو تەرکیبانە هیچکات لە دیواری گلەییدا دانەنراون یارانی بەداخ، ئەغیاران بەدەماخ، ساردی زەوقی هام فەردان، سەردی زەوق، وەرینی سەوزەی گوڵ، چۆڵی چەمەن، بێدەنگی بولبول، پێچەوانەی ئەمانە لەمەبەست و ناوەڕۆکدا دەچێتەوە دۆخی هەڕەتی بینایی و ناوبانگی مەولەوی و گەرمیی بازاڕی، ئێستا کەوایە، هی کوێربوونی مەولەوییە.

نیگای ئیلتێفات گۆشەی چەم کەمەن
ڕووی دەشت سەفای ئەهل دڵ تەمەن
حەڵقەی خەفیەی زکر ناڵەی هەزار ڕەنگ
چون حەڵقەی دەرگای وێرانان دڵ تەنگ

ئەڵقەو کۆڕی زکری یار کە بەناڵەی هەزار ڕەنگە و بەنهێنی یادیان دەکرد (ئەهلی دڵ) بۆ وەک ئەڵقەڕێزی دەرگای وێرانان دڵتەنگە؟ وێنەیەکی چڕوپڕو تا بێت مەولەوی بیرکردنەوە فراوان دەکات. زکری قەلبی "بەدڵ ناوبردن" و یادکردن. ئەڵقەی نهێنیی ئەو یادە کە بەهەزار ڕەنگ دەیناڵان وەکو ئەڵقەی (ئەڵقەڕێزو دەقولباب) ی دەرگەی وێرانان دڵتەنگە، خامۆشی خانەقا لە ساتی شیعرەکەدا. مادام مەولەوی نابینایەو جای لە جەماعەت نییە، ئەڵقەی زکری ئەوانیش کە جاران دەیانناڵاند (ئاوەدان و قەرەباڵق) بوو ئێستا وێنەی دەری وێرانان و ئەڵقەی دەرگەی کاولان هەڵقەی ئەوانیش دڵتەنگە. بێمەولەوییان پێوە دیارە. خودی مەولەوی کەسی چالاک و هۆی شادی ناو ئەڵقەی زکربووە.

یانی لە دەرگەدەری ماڵی دڵ و زکرەکان بووە. ئێستا نابینایە و ناتوانێت بڕوات، ئەلقەڕێزی دەرگەی مەجلسی زکری یاران ژەنگ لێی داوە. ئەمەش مایەی دڵتەنگی و گریانە.

مشێو جەگرد لا زاری و شیوەن بۆ
جەکام لا، لای دۆست، کام دۆس؟ وێنەی تۆ

دەبێت لە هەموو لاوە شیوەن و زاری بێت، بەیتەکانی پێشوو ئاماژەن بۆ لاکان، لێرەش دەڵێ جە کاملا، لای دۆست، دۆستێکی وەک تۆ!؟ پرسیارەکەی بەیتی (7)چێش بۆ؟ لێرەدا بەمشێو وەڵام دراوەتەوە.

کەی ئیسە، پەی کێ؟ پەی دیدەی مەعدوم
چێش بی یەن؟ بی یەن جەدیدە مەحروم

چ کاتێ؟ ئێستا، بۆ کێ؟ بۆ چاوەکانی مەعدوم (مەولەوی) چی بووە؟ لە دیدە بێبەش بووە. گریان لە هەموو لاوە بۆ چاوەکانی مەولەوی چونکە چاوەکانی چاوی بینینەکانی جوانی و دووربینەکانی گەورەکردنی جوانی گچەکەیە و بینینی وشەی هەتیو و لاکەوتەیە. چاوەکانی مەعدوم داڕێژەری پلان و نەخشەی ستاتیکی شیعر و پەخشان و کامێرای گرتەی وێنەی ناوازەی تەمەنی سروشت و زوڵف و خەت و خاڵ و دەیمەن و جەبینی یارن.

مەولەوی جارێکی تریش لە شیعری (-1ت)دا هونەریانە

ئەم شانازییە دەکات:
جەو بۆنۆ فەردم ئیستیفا بێزەن
دامەنش لایق ئەی پەراوێزەن

لەبەر ئەوەیە کە شیعرم پارچەی ئیستیفا لەبەرچاو ئەخات، دامەن و پەڕلامنەی شیاوی ئەم پەراوێزەیە. ئیستیفا: لە دیوانەکەدا بەقوماشێکی جوانی وەک "تاقە" لێکدراوەتەوە. تاقە: پارچە قوماشێک بووە داویانە لە پشتی کەوا. بەم پێیە ڕاڤەکەی بەم جۆرەیە:

لەبەر جوانی و وەسفی ئەوە، کە شیعرم پارچەی قوماشی ئیستیفا لەبەرچاو دەخات، ئەبێ ئەو پارچە بکرێتە پەراوێزو پەرلامنەی شیعری من، لە چاو پارچەی شیعری منا، دەبێت ئەو قوماشە لە خوارەوەی پارچەی شیعری من بدرێت. ئەمەش جۆرێکە لە شانازی و ناسینی بە هێزی شیعری خۆی یانی شیعری خەڵکی ناگەنە باڵای شیعری من و دەبێت لە پەراوێز "خوار"ی شیعری منا بن. وەک ئەم پەراوێزە کە شیعرێک دوای ئەم شیعرەیە.

ئیستیفا: لە مەیدانی ئەدەبدا ئەوەیە کە شاعیرێک لەمەدح و ستایش و وەسفی کەسێک، یان شتێکدا بیگەیەنێتە ئاستێک لەو باشتر نەبێ، یانی بیگەیەنێتە ئاستێکی بەرز و لوتکە، مەولەوی زیاتر ئەم بارەی مانای مەبەستە و دەڵێ لەبەرئەوەیە کە شیعرم گەییوەتە لووتکە و تەنانەت لوتکەی بەزاندووە، دامێنی ئەو لووتکە شیاوی ئەم پەراوێزەیە، یانی شیعری تر دەبێ لە داوێنی فەردی مندابن، ئەمەش ناڕاستەوخۆ دەچێتە ژێر خانەی شانازیکردن بەشیعری خۆیەوە، کە مەولەوی لەبەر سۆفی مەشرەبی کەم بەلایدا چووە، وەک شاعرەکانی ئەو دەوروزەمانە بە ئاشکرا شانازی بە شیعری خۆیەوە ناکات.

ئەم بەیتەی (خجندی) فارس وەردەگێڕێت و لە خوار شیعرەکەی خۆیەوە دایدەنێتەوە:

گرکەچشم اینست و
ابرو این و ناز این و عیشوه این
الوداع ای زهدو تقوی الفراق ای عقڵ و دین

مەولەوی خۆیشی ئاماژەی پەراوێزی کردووە {مەولەویی حکیم ل98} ئەمەش دەستپاکیی ئەدەبی مەولەوییە و کارتێکردنە شیعرییەکانی لەسەرخۆی بەبێ ئاماژە نەهێناوە.

شێوە هەر ئێدەن من کەردەنم سەیر
فام خوداحافز، دین بنیش وەخەیر

دیمەن و شێوە هەر ئەوەیە کەمن سەیرم کردووە، ئەی عەقڵ و ئاوەز خوات لەگەڵ و ئەی دین و ڕوانین دانیشن بەخەیر. واتە تۆ بانگهێشتی من مەکە بۆ سەیر و سوحبەت و سەفا، من بە جوانیی جوانیی چیدا بگەڕێم. جوانی هەر جوانیی ئەوە کە جێگەی سەیری منە. وە من شێت و سەرگەردانی (تەنیا ئەو شێوەیەم) و فامم نەماوە. دین لەسەر عاقڵ و فامیدە دەکرێتە ماڵ، من فام و عەقڵم نەماوە.

عەنبەر و بێ عەنبەری

وێنەی جوان و خەیاڵی ناسک و شنەی ڕۆحی ئەو شیعرانەی مەولەوی بۆ خێزان و ناسکەژنانی جاف و ئەردەڵان نووسیونی، کەی وەک ئەو شیعرانەن کە هێژایانی تری کلاسیک تەنانەت بۆ یارەکانیشیان نووسیوو؟ گەر بتەوێ سەرنجی ورد لە شیعرە بۆنەکانی مەولەوی بدەیت (ئەوانەی بۆ مەرگی عەنبەر و دووریی ئازیزان و دەردوئێشەکانی نووسیوە) بەسەر هونەری وێنەو مانای وەهادا دەکەوین، پاش ئەو هەموو ڕۆشنبیری و ئەزموونە

نوێیانەی شیعری کوردیدا، هێشتا وێنەو مانای شیعریەتی بەرزی مەولەوی توانای بۆڕدانی شیعری ئێستەی هەیە. مەولەوی کاتێ مەلاوانە لە عیشقا ژیان و مردن بەچاوی سەر و دڵ نیگا دەکات، هاوسەنگییەک بۆ حاڵی خۆی لە هەردوو دنیا دێنێتە ئاراوە. ئەم دنیا بەسروشتی جوانی، گەنجی، دڵداری، سەرزەوی کەیف و سەفا...هتد. لەگەڵ دنیای مردن، تەنیایی، فراق و غەریبی و...هتد. عیشقی خۆی بەرامبەر خود و مرۆڤ، سروشت و پیر و خوا ڕادەگرێت. لە هەردوو حاڵەتی (هەستی و نەستی)دا. لە ڕێی زمانەوە وێنەی پڕ لە نەشئەی (جوانیی وەسڵ و یار و بەهار و عەنبەر و بادە و شادی و کەیف و سروورو زیندەیی) دروست دەکات بە هەمان ڕۆحیەتی جوانیناسییەوە (زویری و پیری و مەرگ و ئەوێی فراق و غەم و کەسەر و حەشر) تۆماردەکات. {شەریعەتی مەیل 2012 سلێمانی}

خامە شەق وەردەن دەم مەکەردەوە

زارزار مەناڵۆ وەدەم دەردەوە

پێنووسەکەم درزی برد و دەمی کردەوە، بە زەبوونی بەدەم دەردەوە دەینالاند.

مەوات هەی ئاوات واستەکەی جەستەم

هەی مۆمیایی پێشەی شکستەم

دەیگوت: ئەی ئاواتخوازراوی جەستەم، ئەی داروی گیرسێنەرەوەی ئێسقانی شکاوم. یانی قامیشی قەڵەم بەنووزە و ناڵەوە بەمەرکەب و لیقەکەی نێو دەواتەکەی دەوت: ئەی یاری ئاواتی جەستەو گیرسێنەرەوەو لکێنەرەوەی ئێسکی شکاوم.

وەستا جەڕاحەکانی کوردەواری لەکاتی گرتنەوەی ئێسقانی شکاودا پەڕۆیەکی خامیان لە زەردێنەی هێلکەی کوردی لیق دەکردو لە شکاوییەکەیان دەپێچا، پاشان لە نەیجەو قامیش کەڵکیان وەردەگرت بۆ تەتەڵە و تەوقگرتنی ئێسکە شکاوەکە، تا نەجوڵایە و بەباشی شوێنی خۆی بگرتایەتەوە. مەولەوی ئەم نەریتەی داوەتەوەو بەلیقەی نووسینی ناو دەواتەکە و کردوویەتییە دەرمانی ئێسکە شکاو و درزتێبردووەکەی خامە بە مەبەستی لکاندنەوەی درز و شەقی خامە. یانی بەمەش خامە لە ناڵاندن (نووسین) دەکەوت. چوون ئازارەکەی نەدەما و دەمی دەنووقاند. دەشکرێت شەقبردنی خامە "هاتنەگۆ" بێت و زمانی حاڵی مەولەوی بێتو مەولەوی بە لیقەی دەواتو قامیشی خامەکەی بڵێت: ئێوە ئەو دوانە بوون کە جەستەی شکاوم بە ئاواتتانەوە بوو، دەرمانی لکاندنەوەو ڕوومماهێنانەوەی ئێسقانە شکاوەکانم بن. کەچی وا دەرنەچوون.

کام زام بی جەتۆ من نەویم نەسیب

جەفا هەر وەمن، وەفاپەی ڕەقیب

کام زامە بوو بە هۆی تۆوە نەهاتە ڕێم و من تووشی نەبووم، کەچی تۆبۆ من هەر جەفات هەبوو وەفات هەر بۆ ڕەقیب بوو. ئەگەر ڕووی قسە لە خامەوە بۆ لیقەومەرکەبی دەوات وەرگرین مەبەستەکەبەم جۆرەیە:

مەرەکەب نەیتوانیوە درزی قامیشەکە پڕ کاتەوە و سارێژی بکات و نەنووسێ، یانی ئارام بگرێ و نەجوڵێت، واتە بیکاتەوە بە نەیجەکەی ناو نەیجەڵان. بەڵکو زیاتر لەوەش ئەوخۆی بووەتە هۆکاری نووسین بەمەش مرەکەب هەر جەفای داوە بە نەیجەی درزبردوو، بەم جەفایەی مرەکەب بەنەیجە سیفەتی قەڵەم درووست بووەو نەیجە بەقەڵەمی لە دەستی مەولەویدا ماوەتەوەو وەفادار بووە بۆی. مەولەوی لێرە ڕەقیبە. یانی لیقە دەبوو وەفای بۆ نەیجەی زامدار هەبوایە و نەجوڵایە، تا درز و شەقی قامیشەکە سارێژ دەبوو، کەچی لیقە وەفای بۆ بنووسەکە بووەو بەخاتری خزمەت بە نەیجەکە کە دەردەدارو زامدار بووە، خزمەتی بە کەسێکی تر کردووە. لیقە دەبێتە جاشو بەکرێگیراوی مەولەوی. ئەگەر قسە

لێکۆڵینەوە

هی مەولەوی بێت و ڕووی دەم لەخامە بێت مەولەوی بەقەڵەم و لیقەی دەوات دەڵێت: ئێوە کە دەرمان و هۆکاری شفا و مۆمیای شکاوی بوون، من لە ڕێی ئێوەوە (کاری نووسین) کامە زامەم تووش نەبوو لە ڕێی نووسینەوە من هەرجەفام چەشت و ئێوە وەفاتان هەر بۆ ڕەقیب بوو. مەولەوی ئەم هاوکێشەیە لە شیعری (ڕەمەزان تلوع سوبح شادیشەن). دادەڕێژێ لەوێش ئازیزی مەولەوی و جەژنی ڕەمەزان وەفایان بۆ غەیرەیە. دەبێت سەرنج لە خەم و ئازاری شاعیران و عارفان بدرێت کە لەڕێی هەستکردن و بیریانەوە لە خود و سروشت و کۆمەڵگەو خودا چەشتوویانە. بۆیە مەولەوی دوای ئەم بەخۆداچوونەوە و گرفتاربوونی بە ئێشو دەردو جەفای نووسینەوە لەلایەک، تەنیابوون و تەمەنی بێ یاری و بێعەنبەری، لە لایێکی تر، قۆناغی بێ مەیلی لە شیعر نووسینی دێنێتەپێش، چواردێڕی کۆتایی شیعرەکە تێکەڵە لەڕوداوی سووتانی ماڵەکەی سەر باری ئەو دەردەو هەموو دەرد وە بان دەردەکان! مردنی عەنبەرە! کە تەواو بێتاقەتی و دەس لە شیعر شۆردن بە کۆتایی شیعرەکەوە دیارە.

زامان تاونان هوناوان جۆ جۆ
دەرد وە بان دەرد یە جە دووری تۆ

دەرد لە دوای دەرد زامەکانی تواندوومەتەوەو کردوونی بە خوێناو جۆگەلەی لەبەرهەڵگرتون ئەمەش هەمووی لە دووریی تۆیە. یانی لەڕاستیدا دووریی تۆ سەرچاوەو زادگەی هەموو دەردەکانە یان: بێجگە دەردی دووریی تۆ ئەم دەردانەشم یەک لەدوای یەک بۆدێت بەم پێیەش مردنی عەنبەر دەبێتە یەکەمین کارەسات و پاشان کوێربوونی و ئەمجا سووتانی کتێبخانەکەی و دواجاریش کەوتنو پشتشکانی و مردنی. بگرە مەولەوی بێ ئەوی بە هۆی سەرهەڵدانی کارەساتەکانی تر دەزانێت.

بڕیان تای ڕوباب قافیە خوانیم
نەمەندەن تاقەت عیبارەت زانیم

هاوقافیەیی و جووتی قافیەم نەماوە بەوێنەی ژێی ڕەبابە (لەدەستدانی بەهرەی شیعر و قافیە درووست کردن) تاقەت و توانای عیبارەت زانین و وێنەدروستکردنم نەماوە. تای ڕەباب: دوو تاڵ یان دووژێن پێکەوە دەژەنرێنو دەنگ دروست دەکەن. پچڕانی یەکیان دەبێتە بێدەنگبوونی ئەوی تریشیان. مەولەوی بەیتە شیعری چواندووە بەو دوو ژێیە. نەمانی قافیەی هەر نیو باڵێ، بەیتە شیعرەکە بێ ژیان و بێ هونەر دەکات. وەک چۆن (مەولەوی و عەنبەر) پێکەوە ژیانی مەولەوی مانادار کردووە. بێعەنبەری یەکسان کردووە بەتاکبوونەوەی ژێی ڕەباب و نەمانی قافیە، بەمەش هەم بێدەنگی هەم نەنووسینی ڕژاندووەتە بەردڵی ئێمە و ژیانی خۆی لەدوای دووری و بێ عەنبەری بێ هونەر کردوە. ڕاستەوخۆش بێ هونەری بێمانایی ژیانە. ئەمەش جوانترین دیدێکە کەلای مەولەوی هەردەم ئامادەیە. لەئیدیۆمی هەورامانیشدا هەیە گەر کەسێ بین بخواتەوە و بێوچان قسەبکات یان یەردەوام بێت و نۆرە نەدات لەقسەکردندا دەڵێن (ئەجۆ، ڕەبابەنە- دەڵێی ڕەبابە) مەولەوی لە شیعرێکی تردا ئەم ئاماژانە زەق تر دەکاتەوە.

ئای جەئێش تەن جەگیان جیای من
ئای جەلوای تۆو ئەوشۆن دیای من

ئای لە ئێشی لاشە و وای لە ئێشی جیابوونەوەی گیان، ئای لە چوون و کۆچکردنی تۆ و بە شوێنا نوارینی من. ئەم وێنەیەش یەکێکە لە وێنە سادە و چڕ و دانسقەکانی حاڵی مەولەوی کە ناکرێت بە لە کورتی بڕینەوەی ڕازی

بین. مەولەوی خۆی و عەنبەر پێکەوە بە ژیان ناودەبات. ئەمەش تەوزیفێکە مانای ژیانی ڕاستەقینە، پێکەوەیی یە لەگەڵ یار، خودی جیابوونەوەی ڕۆح لە ئەزەلدا یەکەمین مەرگە و دیسانەوە جیابوونەوەی دووبارەی ئێمە (مردن لەم دنیادا) پێناسە کردنەوەیە بۆ ژیانی ڕاستەقینە. مەولەوی کاتێ خۆی دەکاتە جەستە، عەنبەر دەکاتە گیانی ئەو جەستەیە، جەستە بەبێ ڕۆح مەولەوییە بێ عەنبەر. مەولەوی لێرەو لە شورای عاشورا و لە چەند شوێنێکی تری عەنبەریەکانیدا هەوڵی سەرکەوتووی داوە. مەولەوی بەبێ عەنبەر دەبێتە لاشەی حوسەین لە عاشورادا و تەنی بێگیان لێرە. بەمەش شوناسی ڕاستەقینە و بوونی خۆی لە دەست دەدات. "ئیتر عەشق دەبێتە پێناسەی مرۆڤبوون" ئامانجی ئەم ئەزموونەش ئەوەیە ئێمە بەبێ بوونی یار ناتوانین (سەردار) بین و بناسرێین و هەبین. ژیان بەبێ بوونی یار خودی مردنە. دڵی بێ عیشقیش نەبوونی باشترە.

خەونە شیعرەکانی لەتیف هەڵمەت

د. عەلی تاهیر

پێشەکی:

لەم لێکۆڵینەوەدا باسی جۆرێک شیعر لای شاعیری نوێخواز لەتیف هەڵمەت دەکەین، کە بریتییە لە گێڕانەوەی خەونێک و بە وشەی خەون دەست پێدەکات، شکستی ئارەزووەکان و باری دەروونیی شاعیری تێدا خەست دەبێتەوە. بە پێویستمان زانی، ئەم جۆرە شیعرانەی بکەین بە تەوەری سەرەکی باسەکەمان، چونکە لە دەق و دوو دەق دەرچوون و وایان لێهاتووە شێوازێک لە شێوازەکانی لەتیف هەڵمەتی پێدەناسرێتەوە، هۆیەکی تریش کە پاڵی پێوەناین بۆ هەڵبژاردنی ئەم بابەتە، تا ببێتە تەوەری سەرەکیی باسەکەمان، ئەوەیە کە، تا ئێستا بە زمانی

کوردی لێکۆڵینەوەی ئەوتۆی لەسەر نەکراوە، لە چەند ئاماژەپێدانێکی خێرای دووتوێی وتارێک نەبێت.

لەم باسەدا دوو شتمان پەیڕەوکردووە:

- بەکارهێنانی چەند زاراوەیەکی دەروونناسی، چونکە ناوەڕۆکی شیعرەکان پێویستیان پێیەتی، ناوەڕۆکێکە پەیوەستە بە ئارەزووی خەفەکراو و حەزی سەرکوتکراو و باری دەروونیی شکستخواردووەوە.
- تیشک خستنە سەر شێوازی هونەری و جۆری بونیاد و پێکهاتەی ئەم جۆرە شیعرە، کە لەلایەن خۆمانەوە ناومان ناوە خەونە شیعر.

لەم توێژینەوەیەدا، بە پێی ڕێبازی وەسفی و شیکاری کارکراوە، بابەتەکەیش بەسەر دوو بەشی سەرەکیدا دابەشکراوە:

بەشی یەکەم: گرنگیی خەون

بەشی دووەم: پراکتیزەکردنِ چەند دەقێک بە نموونە

بەشی یەکەم: گرنگیی خەون

خەون ڕۆڵێکی گرنگ لە پێکهاتە و سروشتی شیعردا دەبینێت، دیارە لەلایەن سروشت و بوونی شیعرەوە زۆر باسی ڕەنگدانەوەی خەون و خەیاڵ و یادگە و خەیاڵدان کراوە، کە هەر لە کۆنەوە ڕەخنەگران و تیۆردارێژانی ئەدەب زۆریان لەسەر وتووە. ئێمە لەم باسەدا، خۆمان لە خەون و پێکهاتەی خەون، وەک بەشێک لە سروشتی شیعر دەدەین و خەونە شیعرییەکانی لەتیف هەڵمەت بە نموونەی ئەدەبی کوردی دەهێنینەوە، پاشان وەک بەشێک، یان چەشنێکی تایبەت لە شیعری کوردیدا باسی دەکەین. خەون وەک خەسڵەت و سروشت و خەون وەک چەشنێک شیعر دەبێت بە تەوەری سەرەکیی لێکۆڵینەوەکەمان، لەتیۆری ئەدەبی و ڕەخنەی کۆندا هەر زوو باسی خەیاڵ و سۆز و ئەندێشە و یاد و خەیاڵ و خەیاڵدان کراوە.

(سیگموند فرۆید) دەربارەی خەون دەڵێت: (گەیشتنە بەو شتانەی کە مرۆڤ لە ژیانی ڕۆژانەدا پێیان ناگات). خەون یەکێکە لەپرنسیپەکانی سوریالیزمەکان، چونکە سنووری لۆجیک و کۆتوبەند دەشکێنێ و دەچێتە جیهانێکی بێسانسۆرەوە، بە ڕوانگەی خەون خۆت ڕزگار دەکەیت لە هەژموون و دەسەڵاتە ڕەهاکانی عەقڵ، خەون پردێکە بە هۆیەوە مرۆڤ لە جیهانی واقیعەوە دەپەڕێتەوە بۆ جیهانی شتە چەپێنراوەکان، کە بە بۆچوونی هەندێ لە زانایانی دەروونناسی کێڵگەی ڕاستییەکانە، خەون گەڕانە بە دوای ستاتیکادا کە لە جیهانی واقیعدا دەستناکەوێت و بەهۆی ئەمەوە فەراهەم دەبێت. بە ڕوانگەی سوریالییەکانیش خەون و خەیاڵ ئەلتەرناتیڤی پێنج هەستەکانە، ئەمان لە واقیع، ئەوانیش دەرەوەی واقیع کاردەکەن، خەونو خەیاڵ ڕەچەشکێنی ڕۆڵی کولتوور و شتە قەدەغەکراوەکانی ژیانی ڕۆژانەیە، سەرچاوەی خەونیش، نائاگاییە کە فرۆید زۆر جەختی لەسەر دەکات و ئەمانیش لە ڕوانگەی خۆیانەوە دەیانەوێ جیهانێک دروست بکەن چاکتر لەو جیهانەی ئێستا.

چەند سۆز و خەیاڵ و یادگە و خەیاڵدان ڕۆڵیان لە پێکهێنانی شیعر و پاراوکردنی زماندا هەبێت، ئەوەندەیش خەون کاریگەری خۆی بەسەر ناسککردنو بەفرەیی و وێنە و زمان و پەیوەندیی ناوەوەی شیعرەوە دەنوێنێت. یەکێک لەو کاریگەرییانە ئەوەیە، کە بوونە شیعرییەکە قووڵ و بەهێز دەکات وادەکات لە ڕووی زمانیشەوە ئەوەندە نەچێتەوە سەر زمانە فەرهەنگییە باوەکە، بگرە وادەکات کە زمانەکە بە ئاراستەیەکدا بەریت، لە ڕاستەوخۆیی و هێڵی زمانی ڕاپۆرتکاری دوور بکەوێتەوە، هەمیشە ئەو شیعرانە بەرگەی زەمەن دەگرن و لە هەموو سەردەمێکدا بەجوانی دەمێننەوە کە لە

لێکۆڵینەوە

کەشوهەوایەکمان نزیکدەکەنەوە لە سرووت و کەشی خەون بچین، پەیوەندییەکانیان، وەک دەق لە واقیع جیاکرابنەوە، پانتاییەکی خەوناوییان وەرگرتبێت، یاخود ئەو شیعرانە زیاتر لە زەمەنێک بڕدەکەن و لە لای خوێنەری جۆراوجۆری هەموو سەردەمێکدا، بە تازەیی دەمێننەوە کە خەیاڵی خاوەنەکانیان فراوانبێت.

ڕەخنەگرێک دەڵێت: (من کە شیعری جوان و خەیاڵفراوان دەخوێنمەوە وا هەستدەکەم خەوێک دەبینم پاش تەواوبوونم لە خوێندنەوەی هەستدەکەم لە خەونێک خەبەرم بووەتەوە).

پێمانوایە مەبەستی ئەم ڕەخنەگرە ئەوەیە، کە لە شیعردا پەیوەندییەکان دوور لە زمانی لۆجیک بەشێوەیەکی ئاڵۆز و جیا بەیەکدا دەچن، لە سەرچاوەی واقیع دادەبڕێن، واقیعێکی تر پێکدێنن، کە تێیدا خەیاڵ و سیمای خەون دەسەڵاتدار دەبن، هەر لێرەوە، دەتوانین بڵێین لە شیعردا حاڵەتی نەست ڕۆڵدەبینێت، هەم پەیوەندی و هەم زمان بە لایەکی تردا دەبات، کە ئەوەندە پابەندی هۆش نەبێت، تا لە زمانی نووسینی پەخشانئامێزی ئاساییو هێزی لۆجیک دووربکەوێتەوە، ئەو شیعرانەیشی کە حاڵەتی خەونیان زیاتر پێوەیە لە هەست و هێزی عەقڵی بەئاگایی دوور دەکەونەوە، دیارە لە شیعردا، ئەو شتە شاراوانە دەرئەکەون، کە لە ناخدا خەفەکراون، چوونەتە ژێرەوەی چینەکانی خوارەوەی ناخەوە، خەونیش بەم شێوەیە، هەمان ئەو شتە، شاراوانەی تێدا دەردەکەون، کە لە ژیانی ڕۆژانەی واقیعیماندا کۆت و خەفەکراون. چەشنی دەرکەوتنی خەون وادەبێت پەیوەندییەکان و ڕووداوەکانی لێکترازاوبن، ئاڵۆزانە دێنە پێش چاو، شت و ڕووداوی خەونەکە، وەک واقیع دەرناچێت، شیعریش لە سەر ئاستی پەیوەندیی زمان، بەهەمان جۆر دێتەوە، لە سەردەمانی نوێدا بەهۆی پەرەسەندنی زانستی دەروونناسییەوە کە جەخت لەسەر ناخ و نەست دەکات، خەون لە شیعردا ڕۆڵێکی تری بینی، بایەخی زیاتری پێدرا، بەتایبەتی پاش ئەوەی ڕێباز و قوتابخانەی وەها سەریانهەڵدا، کە جەختیان لەسەر نەست و بێئاگایی و خەون لە شیعردا دەکرد. لەسەر ئاستی تیۆری، ڕەخنەی ئەدەبی، دەروازەیەکی نوێ پەیدابوو، وەک دەروازەی دەروونی، کە لە ڕووی دەروونییەوە دەقی ئەدەبی دەخوێنێتەوە، بەتایبەتی شیعر، وەک ڕێبازێکی چەشنی سوریالیزم، لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا دەرکەوت و بە ڕوونی جەختی لەسەر نووسینی ئۆتۆماتیکی و خەون و خەیاڵی بەرین دەکردەوە، هەرچەندە خەون داواکاریی سەرەکی نییە لە سوریالیزمدا، چونکە لە حاڵەتێکدا ڕوودەدات کە بە تەواوەتی هۆشی تێدا بزردەکرێت (بەڵام گەیشتنیان بە نووسینی ئۆتۆماتیکی ئەو ڕێگە چاکەیە کە بەرانبەر بە خەونە).

دیارە جیاوازیی زۆر لە نێوان وشە و خەوندا هەیە، یا بە واتایەکی ڕوونتر بڵێین، خەون بە واقیعی نانووسرێت، بەڵام شیعر، یان نووسین بە وشە تۆماردەکرێت، بەڵام نووسینی ئۆتۆماتیکی دەربڕینی زیندەخەونە. (نووسینی ئۆتۆماتیکی، دەربڕینە بە وشە، دەربڕینی زیندە خەونێکی ویستراوە، کە لە هێڵێکدا ڕوودەدات، دەکەوێتە نێوان حاڵەتی سیحری و ساتئامێزی نێوان هەست و نەستدا).

لە کاتی باسکردنی سەرچاوەکانی سوریالیزمدا، چەند خاڵ و ڕەگەزێکیان دەستنیشانکردووە، لەوانە: واقیع کە لە لای ئەوان شتێکی چەسپاو و نەگۆڕ نییە، پابەندی یاسایەک نییە، نەگۆڕبن، بەڵکو هەمیشە لە جموجوڵدایە، چەقبەستوو نییە، سوریالیزم دژی واقیع ناوەستێت، بەڵکو سوریالیستەکان دیدی تایبەتییان

بۆ واقیع هەیە، جیا لە بۆچوونی سوشیالستەکان بۆ واقیع، هەڵاتنی ئەمان لە واقیع بۆ ئەوەیە، بیبرن و بچنە سنووری ئەودیوییەوە بۆ دۆزینەوەی واقیعێکی ترە لە ڕێگەی خەیاڵ و خەون و جیهانبینییەوە. یەکێکی تر لە سەرچاوەکانی سوریالیزم هەست و نەستە، کە ئامانجی سەرەکی لێیان، نەهێشتنی بەربەستی سروشتی و دەروونی نێوانیانە، بۆ دروستکردنی واقیعێکی باڵاتر لە واقیعی ڕۆژانە.

خەیاڵ، یان خەیاڵدان، سەرچاوەیەکی تری سوریالیزمە، ئەوان وادەبینن کە خەیاڵ لە لاساییکردنەوەیان بەدووردەگرێت و لە کۆتوبەندی یاسا ڕزگاریان دەکات، بە بەردەوامی وێنەی نوێی لەبننەهاتوویان دەداتێ، بەڵام ئەوەی ئێمە لە سەرچاوەکانی سوریالیزممان دەوێت خەونە، چونکە پەیوەندیی ڕاستەوخۆی بە بابەتەکەی ئێمەوە هەیە، خەون سەرچاوەیەکی گرنگی سوریالیزمە، لەسەر ئاستی ڕاستەقینەی ژیان، بەشێکە لەو شتانەی کە لە چینە قووڵەکانی بێئاگاییەوە سەردەکەون، ئاوێنەیەکە بۆ پیشاندانی بێئاگایی، بەپێی بۆچوونی فرۆیدیش ئارەزووە سەرەتاییەکانی بێئاگاییمان تەنها لە خەوندا خۆیان دەردەخەن.

خەون ئەوەندە بەهێزە بەتایبەتی لە ئەدەب و هونەردا کە ئەژماری ئەفسانەی بۆ دەکرێت، واتە ئەفسانە چەند ڕۆڵی بەهێزی لە پێکهاتەی شیعری و جیهانی شیعردا، یان ئەدەب بە گشتیدا هەیە، ئەوەندەیش خەون ئەو ڕۆڵە دەبینێت.

(خەون هێزی ئەفسانەی هەیە، زۆرجار ڕۆڵی ئەو هێزە سەرەتاییە دەبینێت، کە ڕاڤە ناکرێت و بنەمای کرداری پێکدێنێت، ئالێرەوەیە گرنگیی پەیوەندیی ئەرێنی نێوان خەون و کردار دەردەکەوێت).

خەون و تێفکرینی (تامل) شاعیر دەقاودەق لە خەونی شەوانە، یا کاتی نووستنی مرۆڤی خەوتوو ناچێت، چونکە مرۆڤی خەوتوو، منی خۆی کاتی خەونەکە وندەکات، بەڵام خەوبینینی تێفکرین، بەتایبەت ئەگەر فەیلەسووف بێت، وەک باشلار دەڵێت: (دەتوانیت لە سەنتەری منە خەواڵوو و خەوبینەکەیدا کۆجیتۆ دابڕێژرێت، بە واتایەکی تر، تێفکرین چالاکییەکی خەونانەیە، هێشتا هەر تروسکاییەک هۆشی تێدا ماوە).

کەواتە جیاوازیی نێوان خەونی کەسێک کە لە شەودا، یان هەر وەختێکی خەوتندا دەکەوێتە خەوبینینەوە، جیایە لە خەونی کەسێکی شاعیر، کە تێدەفکرێت وردبوونەوەکانی دەبنە زیندەخەون، یەکەمیان، هۆشی لەدەست دەدات، من تێیدا سەنتەری نامێنێت، بەڵام لای دووەمیان، هێشتا هۆش تروسکایی دەمێنێت، من سەتنەری خۆی دەپارێزێت، خەواڵوانە تێفکرینی خۆی دائەڕێژێت، بەتایبەتی ئەگەر شاعیر بێت، سروشتی شیعر، پانتاییەکی خەونئاسا دەپارێزێت، جیهانی شاعیر بە شێوەیەکی تایبەتی لە ناو خەونێکدا دارێژراوە، هەموو بوونو بوونەوەرەکان لە ساتێکدا یەکدەخات و لە یەک ساتیشدا تێکیان دەشکێنێت.

جیهانی شیعر، بریتییە لە خەون و واقیع، کە لەدەقدا واقیع دەچێتە خەونەوە، دەبێت بە کۆمەڵێک سیمبول و ئاماژە. (فازل عەزاوی) لە بەیاننامەی شیعریی 1969دا کە وەختی خۆی بەناوی بەیاننامەی شیعریی لە گۆڤاری شیعر 69دا بڵاوی کردەوە، پاشان لە کتێبێکدا بەناوی (بعیدا داخل الغابه) سەرلەنوێ بڵاویکردووەتەوە، باس لەو ڕێگایانە دەکات، کە شاعیر دەگەیەنێتە ناوچەی خەون، وادەبینێت کە دەبێت بەشێکی زۆری ژیانی شاعیر بۆ ئەوە تەرخانبکرێت کە چۆن دەگاتە ناوچەی شیعر. لێرەدا بە پێویستی دەزانین بە چڕوپڕی ئەو ڕێگەیانە بخەینەڕوو، یەکەم ڕێگە بۆ گەیشتن بە ناوچەی خەون شکاندنی دەسەڵاتی عەقڵی بەئاگایە، تاڕادەی سڕکردنی،

لێکۆڵینەوە

یەکێک لەو شتانەی ئەمە ئەنجامدەدەن کاریگەریی تەنیاییە، ڕێگە و ئەزموونێکی تریش هەیە، بۆ گەیشتن بە خەون، ئەویش ئەزموونی سۆفی و مرۆڤی قۆناغی سەرەتاییە، جگە لەمانە ڕێگەی گرنگی تر هەیە دەمانگەیەننە ناوچەی خەون، ئەویش بەکارهێنانی ماددەی هۆشبەرە. پێمان وایە سەرچاوەی ئەم ڕێگەیانەی کە دەمانبەنە سەر خەون و فازل عەزاوی لێرەدا باسیان دەکات، لە سوریالیزمەوە سەرچاوەیان گرتووە.



بەشی دووەم: پراکتیزەکرد -چەند دەقێکی لەتیف هەڵمەت بە نموونە

لەتیف هەڵمەت یەکێکە لەو شاعیرە کوردانەی خەیاڵێکی فراوانی هەیە، خەونی شیعریش کە خەیاڵ پاڵپشتێتی بەشێکی لە پانتایی شیعرەکانی داگیرکردووە، چ وەک هێزی خەسڵەتی خەون بێت، کە ئاوێتەی سروشتی شیعری جوان بووە، یان وەک ئەوەبێت کە هەم بووبێت بە بابەتی تایبەتی شیعرەکە، لەبارەی جۆری یەکەمەوە، لەتیف هەڵمەت، کۆمەڵێک شیعری هەن، خەون بووە بە بابەتی سەرەکییان، هەر لە سەرەتاوە، تا کۆتایی یەکە یەکە، کۆیان دەکاتەوە، وەک زمانیش، وشەی خەون و ئەو وشانەیشی کە لێی دەچن بە زەقی بەو شیعرانەوە دیارن، زۆربەی خەونە شیعرەکانی باسی واقیعی خودیی شاعیر خۆین، بەتایبەتی ئەو ئارەزوانەی کە لە ژیانی تایبەتی خۆیدا هەیەتی و نایەتە دی، بەربەست لە بەردەمیاندا کەڵەکە دەبێت، بەڕادەیەک نایەڵێت لەسەر زەمینەی واقیع ببینرێن و لێیان بێبەش دەبێت، جاری وا هەیە، دەستهێنانێکە بە پرچی کچێکدا، تامکردنی ماچێکە، ژوانێکی ئاساییە لەگەڵ کچێکدا، ڕەنگە ئەمانە لای لەتیف هەڵمەت لە گەیشتن بە مانگ یان هێنانە خوارەوەی ئەستێرەیەک قورسترین، جا تاکە ڕێگە بۆ گەیشتن بە پرچی کچەکە، یا تامکردنی ماچێکی دەچنە قاڵبی خەونەوە، بەڵام ئەو بێبەشی و نەبوونییەی ئارەزوو لە واقیعدا دەبێت بەهۆی بەرهەمهێنانی وێنەی جوان و هەژاندنی خەیاڵ، تا ئەوپەڕی تەڕایی، شاعیر دەڵێت:

خەوم بینی پەنجەکانم چۆلەکەبوون
چۆلەکەی وەرزی ئەوین
لە ناو باخی پرچەکەتدا هەڵدەفڕین
خەوم بینی من منالبووم.. تۆش هەنگوین
من تینوو بووم تۆ ڕووبار بووی
من ئاوارە بووم تۆ شار بووی
خەوم بینی منالبووم و
لەبێستانی شەوی لادێ
وروژا.. بووم
خەوم بینی سەرماوسۆڵ بوو.
لە نێوان سنگ و مەمکتا هەڵاژابووم
کە خەو وەکو پەڕەسێلکەی بەرباران
دای لە شەقەی باڵ بۆ ئاسمان
لە تاریکیی ژوورەکەمدا پرووقابووم
بە تەنیایی تووڕدرابووم

لە سەرەتای شیعرەکەوە، بێبەشی (حرمان) شاعیر دەردەکەوێت، دیارە دەستگەیشتن بە پرچی یار بۆ هەموو کەسێک واناکەوێتەوە، خەون ببینێت و پێی بگات، هەڵبەتە کەموکوڕییەک لە ئارەزووەکانی شاعیردا هەیە، بە خەون نەبێت، پڕناکرێتەوە، بە واتایەکی ڕوونتر، شتە واقیعییەکە کە لە ژیاندا ئاساییە، لای ئەم دەبێت بەکارە دوورەکانی ناو خەون و بە پرۆسەی خەون نەبێت نایەتە دی، ئیتر لە ناو شیعرەکەدا کۆمەڵێک وێنەی لەم جۆرە کەڵەکە دەبن و شێواز و دید و ناوەڕۆکی دەسپێکەکە پتەو دەکەن بۆی ناکرێت لە ژیانی ڕۆژانەدا دەست بگەیەنێتە مەمکی، بەڵام بە خەون، دنیا دەبێت بە سەرماوسۆڵ،

ئەمیش لەنێوانی سنگ و مەمکی کچێکدا پاڵئەکەوێت.
لە شیعرە خەونەکانی لەتیف هەڵمەتدا، خەون دەبێت بە زەمینەی هاتنەدی، (التحقق) بەڵام هەر کە خەونەکە تەواو دەبێت شتەکان وەکو واقیعی جارانیان لێدێت.

کە خەو وەکو پەڕەسێلکەی بەر باران
دای لە شەقەی باڵ بۆ ئاسمان
لە تاریکی ژوورەکەمدا پرووقابووم
بە تەنیایی تووڕدرابووم

یاخود لە شوێنێکی تردا دەڵێت:
خەوم بینی... بەرەبەیان
کچێکی جوان
ماچی دامێ و ماچی کردم
ماچی گەرم و نەرمونیان
هەر ئەوەبوو لە خۆشیدا نە دەمردم
وام زانی تۆی
کە تۆ نەبووی
پەڕەسێلکەی خەندەی شیعرم
دای لە شەقەی باڵ و ڕۆی
لەو ساتەوە هەر وێڵم و
دەگەڕێم بۆی

پێش چوونە ناو دەقەکەوە، تەنیایی زاڵبووە، لە ناوەوەی دەقەکەدا کۆمەڵێک هاوکێشە وادەکەن خەونێک بەرهەمدێنن، تێیاندا تەنیاییە کە ئاوا دەبێت، لە جیاتی ئەو لێکنزیکبوونەوە و پێگەیشتن زاڵ دەبن، لە ڕستەکاندا تینوێتی نامێنێت و ئەمی قسەکەر دەگاتە ڕووبار، ئاوارەیی نامێنێتو، ئەمی ئاوارە دەگاتە شار، بەڵام کە ساتەوەختەکە تەواو دەبێت، منی قسەکەر، کە شاعیر خۆیەتی، دەچێتەوە دۆخی جارانی خۆی و لەب اوەشی تەنیاییدا لەنگەر دەگرێت، بۆ ڕوونکردنەوەی ئەم جوڵەیەی ناو شیعرەکە، دەکرێ هێڵێک بکێشین

تەنیایی ئاوابوونی تەنیایی
تەنیایی

بێگومان بەمەدا دەردەکەوێت جوڵەی ناو شیعرەکە لە سەرەتایەکی نەرێنییەوە بۆ جوڵەیەکی ئەرێنییە لەناو ڕستەدا، بەرەو کۆتایی کە جوڵەکە تێیدا دەچێتەوە سەر دۆخی یەکەم، واتە بۆ سەر دۆخە نەرێیەکە دەگەڕێتەوە.
جاری واهەیە، بێبەشییەکە لای لەتیف هەڵمەت دەگاتە دۆخێک بە خەونەکەیش پڕناکرێتەوە و ئەگەری تێدەکەوێت، وەک لە دەقی (خەونی سەوز)دا دەردەکەوێت:

گەر لە خەوتا شاعیرێ هات
ویستی باوەشت پیا بکات
ویستی بە زۆر ماچت بکات
گەر لە خەوتا شاعیرێك هات
ویستی بترفێنێ و بتبات
ئەوە منم
ئاخر مەگەر من هەر لە خەودا بێم بۆ لات

دێڕی کۆتایی، ئەم دەقە زۆر شتی تێدا ڕوونەدەبێتەوە، لەوانە، جیابوونەوەی منی قسەکەری ناو شیعرەکە، لە هەموو کەسانی تر، بە بەڵگەی ئەوەی، هەر ئەمە، ئەگەر بلوێت لە خەودا دێت، بەڵام جیاوازیی ئەمجارەیان لەوەی دەقی پێشوو ئەوەیە، کە لە یەکەمدا، تەنیاییەکە لە خەونەکەدا دەهاتەدی و بێبەشییەکە، لەو ساتە شیعرییانەدا دوور لە واقیع پڕدەکرایەوە و نەدەما، بەڵام لە دۆخی شیعری دووەمدا، بێبەشییەکە بە ویست و ئارەزوو پڕناکرێتەوە، بەڵکو چەشنێک زۆرەملێی تێدەکەوێت وەک ویستی بە زۆر ماچت بکات، ویستی بترفێنێ بتبات، تاد.. هەر ئەم چەند وێنەیە، دەریدەخەن کە شاعیر لەم دەقەدا لە کەسێکی بێبەشەوە دەبێت بە کەسێکی سادی و کارەکان لەگەڵ ئەویتردا بە زۆرەملێیەکی سادییانە ئەنجامدەدات، ئەم جوڵە جیوەییە، لە قسەکەرەی ناو

لێکۆڵینەوە

شیعرەکانی (لەتیف)دا بەتایبەتی لە خەونە شیعرییەکانیدا دەبینرێ، واتە جموجوڵ لە نێوان دوو شوناسی شیعریدا، کە لە نێوان سادیزم و ماسیوشیزمدا دێنودەچن، جارێک دەبن بە سادی و جارێکی تر بە ماسوشی. لای فرۆید دوو زاراوە بەکاردەهێنرێن، منی چەژ، منی واقیع، ڕەنگە تیشکیان پێبخرێتە سەر بوونی شاعیر لە ساتە خەونی دەقە خەونەکاندا. (فرۆید) ئەم دوو زاراوەیەی لەمەر پەیوەندی کەسێتیی بە دەوروبەری خۆی و چۆنیەتیی پەڕانەوەی خۆی و منەکەی لە لەزەت و چێژەوە بۆ واقیع، پەرەسەندنی ئارەزووی من، بەپێی بنەمای چێژ، ئەوەندە نابات، دەکەوێتە ژێر رکێفی بنەمای واقیعەوە، پاشان هەردوو شێوازێکی ئارەزووی من، دەردەبڕن، وەک د. خەلیل ئەحمەد دەڵێت: (ئامانجی من چەژ وەرگرتنە کاتێک کە جیهانی دەرەوە داواکاری و چەژە پێویستەکە دابینناکات، کەسەکە بێزار دەبێت و ڕووبەڕووی واقیع دەبێتەوە، چەند کەسەکە چێژەکە سەربخات، ئەوەندە لە واقیعە بێزارکەرەکە دوور دەکەوێتەوە بۆ واقیعێکی خۆش، یا خەیاڵی پێوە لێدەدات یا دروستی دەکات).



خەوم بینی شەوبوو لەسەر لوتکەی حەسارۆست
ڕاوەستام
کەیلی جوانی کوردستان بوو گلێنەی دڵی تەماشام
بە هەرلایەکدا دەمڕوانی.. هەر جوانی بوو
قاسپەی کەو بوو بازەی مەڕ بوو گۆرانی بوو
بۆنی پرچی کچۆڵەی.. ڕێی کانی بوو
پەنجەکانی خۆم توێ توێ کرد
ڕەگی ژانم پڕ لە خوێ کرد
چاوەڕێ بووم گەلاوێژی بەرەبەیان
نزیك بێتەوە لە دەستم
یەکە یەکە ئەستێرەکان
بخزێنە گەرووی تۆڕی هەڵبەستم
لەپرێکا جیهان ون بوو لە دووکەڵ و تەمومژا
ئاسمان وەکو چارۆکەیەك کرایەوە و
گشت ئەستێرەکانی هەڵڕژا

لێرەدا، خەون پانتایی ئەم دەقەی داگیرکردووە، تێدا شاعیر جوانی لە هەموو شتێکدا دەبینێ، سروشت، باڵندە، گیانلەبەر، جوانیی ئافرەت هەموویان تێکەڵ یەکتر دەبن و تابلۆی خەونەکە دەنەخشێنن، ئەوەی لێرەدا تێبینی دەکرێ، تەنها یەک وێنە، یا یەک جوانیی باڵا دەست نییە، شیعرییەت بە ڕێژەی بەهێز لە کۆپلەکانی کۆتاییدا ئامادەیی هەیە.

خەوم بینی ئیمپراتۆری جیهان بووم
تۆش پەریە تاوانباری بێتاوان بووی
دەرکراوی بەهەشتی زەوی و ئاسمان بووی...
لە کۆشکەکەمدا میوان بووی...
تاجەکەم کردە سەرت
کردتم بە گەورەی جیهان
تۆ تاجەکەمت شکان
جیهانەکەشمت سووتان
باڵت گرت و فڕیت.. فڕیت
بۆ ئەوپەری زەوی و ئاسمان
×××
جارێکی تر خەوم بینی ڕێبواری خوێی بیابان بووین
کە تینووت بوو دڵۆپ دڵۆپ خوێنی خۆمم
ئەتکانە دەمتەوە
کە تینووم بوو دڵۆپێ لەو خوێنەی خۆمم
بەدی کرد بە پەرچەمتەوە
چەندێ گریام.. چەندێ هاوارم لێکردی..
با پەرچەمتی لستەوە و
دەنگی منیش هەر با بردی
×××
ئەمشەویش هەر خەوم بینی

ئەم شارە وەك ئاوێنەی لە بنێشت گیراو
چۆڵوهۆڵ بوو..
تۆش بە ڕووتی لە دیجلەدا مەلەت دەکرد
شەپۆلی ئاو
جوانیەکەتی نم نم دەبرد..
لەسەر ڕۆخی دیجلە ڕاکشام
لێت وروژا چۆلەکەی وێڵی تەماشام
هەرچەند مەللەم نەدەزانی لە ناکاو..
هەستم کرد کە مەلەوانی زۆر بەتامە
خۆم دایە دەست ئەو گشت شەپۆلە بەسامە..
تێر مژ بدەم لە گۆی مەمکی سەر کەفی ئاو
شیعر بڵێم لەژێر پرچی کچۆڵەیە شەنگوڕووتا
تۆ منت دی و بووی بە پەریی دەریایی و
چووی بە قووتا..

منی ناو دەقەکە، کە خەونەکە دەگێڕێتەوە، واقیعی تاڵە بێبەشە و ئارەزووەکانی خەفەکراون، پەیوەندیی ئەم لەگەڵ واقیعدا بچڕاوە، بۆیە واقیعێکی تر دروست دەکات، ئەویش واقیعی خەونە، تا ببێت بە جێگرەوە، بێگومان ئەم بازدان و دۆزینەوەی جێگرەوە لە ڕێگەی خەونەوە دەبێت، خەونێک نا کە بە تەواوەتی پەیوەندیی لەگەڵ هۆشدا پچراندبێت، بەڵکو زیندەخەون کە دەبێتە کۆمەڵێک تێفکرینی خەواڵوئاسا، منی دەق لە ڕێگەی خەونەوەیە دەبێت بە ئیمپراتۆر، کچەکەیش دەکات بە میوانی کۆشکەکەی و تاجەکەی لەسەر دادەنێت، تا ئێرە منی چەژ کە بە دوای ئەوەدا دەگەڕێت، ئارەزووە خەفەکراوەکانی واقیعی دەرەوەی خۆی لە ڕێگەی خەونەوە تێربکات، بەهۆی ئەم خەونانەوە، منی واقیعی خۆی ڕەتدەکاتەوە، واقیعی چەژی ناو شیعرەکە دەبێت بە جێگرەوەی واقیعی ڕاستەقینەی دەرەوە، دەرەوە هیچ پێشوازییەک لەمی ڕاستەقینە ناکات، ئیتر بە شیعر و خەون و خەیاڵ جێگرە تێرکراوەکە دێتە دی.

ئەگەر سەرنج بدەین، دەبینین لەم جۆرە شیعرانەی (لەتیف)دا دوانەیەک هەیە، دوانەی دۆزینەوەی جێگر (بدیل) لەناو دەقدا بۆ منی خەفەکراوی ناو واقیعە ڕاستەقینەکە، پاشان شکستهێنان بە جێگرەوەی ناو دەقەکەیش، بە دەربڕینێکی ڕوونتر، دەڵێین شاعیر بە خەونەکە جێگرە تێرکراوەکە دەدۆزێتەوە، بەڵام لەهەمان کاتدا تووشی شکستی دەکاتەوە، واتە دەیگەڕێنێتەوە بۆ دۆخی دەرەوەی دەقەکە، لەپاڵ کەمێک سادیزما جۆرێک لە ماسۆشیزم لە کردەوەی منی قسەکەری ناو دەقەکاندا دەردەکەوێت، چەشنێکە لە چێژبینین لە خۆ عەزابدان، ئەم زاراوە دەروونناسییە، ماسۆشیزم دەگەڕێتەوە بۆ ناوی کەسێک کە پێیان دەگوت (masoch) کە لەزەتی خۆی لە ئازاردانی خودی خۆیدا دەبینێ، دەرزیکردن بە گیانی خۆیدا، لێدانی خۆی بە دار و قامچی، یاخود لە ڕێگای زەلیلکردن و ئازاردانی مەعنەوی خۆی، وەک چەشوەرگرتن لە ملکەچبوون بۆ ئافرەت، فرۆید ماسۆشیزمی لەوە دەرکردووە کە هەر لە شزوزی سێکسی بێت و تێرکردنەکەیش بەئازار و ئەشکەنجە و خۆ زەلیلکردن بێت، ئەو وایکرد شزوزی سێکسیی تێپەڕێنێت تا ڕەگەزی ماسۆشیزمی زۆرتر بگرێتەوە، کە لە کردەوەی سێکسی سەردەمی منداڵیدا خۆی دەبینێتەوە، جۆرێک ماسۆشیزمی مەعنەوی و ئاکاریش هەیە، کە خۆی لە خۆ ئازاردانی خۆدا دەبینێتەوە، وەک خۆ بێبەشکردن لە خۆشی دنیا.

کەسی ماسۆشیزم، لێرەدا خۆی وەک قوربانی دێتە پێش چاو، بەڵام دوور لەوەی پەیوەندیی بە لەزەتی جەستەیی و سێکسیی دیاریکراوەوە هەبێت.

لەم خەونە شیعرانەی (لەتیف هەڵمەت)دا چەشنێک ماسۆشیزم بە ئاشکرا بەرچاودەکەوێت، کە بریتییە لە خۆ ئازاردانی خود لە ڕێگای چێژوەرگرتن لە ملدان و

لێکۆڵینەوە

ملکەچبوون بۆ ئەویتری مێ، لە یەکێک لەو شیعرانەی پێشوودا، منی شاعیر خەو دەبینێت و خۆی دەکات بە ئیمپراتۆری جیهان، ئەویش بە پەرییەکی تاوانباری بێتاوان، ئەمیش دەکات بە میوان، تا تاجەکەی خۆی پێببەخشێت، تاجەکەی دەکاتە سەر کچەکەو، ئەمیش لەجیاتی سوپاس تاجەکەی ئەم دەشکێنێت.

ماسۆشیزمی شاعیر لە دوو شتدا دەرکەوتووە:

- چێژ لەوە دەبینێت کە خۆی لە شایەتی بخات و بە ویستی خۆی تاجەکەی بکاتە سەر کیژێک.
- چێژی مەعنەوی لەوە دەبینێت، کە ئەو پەسەندی نەکات و تاجەکەی بشکێنێت.

یاخود لە شیعرێکی تردا دڵۆپ دڵۆپ خوێنی خۆی دەڕژێنێتە دەمی کیژێکی تینووەوە، بەڵام کە ئەم تینوو دەبێت کیژەکە خوێنی شاعیرەکە کە بە پەرچەمییەوە دیارە ناکاتە لێوییەوە، ئەم وێنەو دیمەنانە ماسۆشیزمی منی دەق دەردەخەن کە چێژ لە ئەشکەنجەدانی مەعنەویی خۆیدا دەبینێت، منی دەق، یا منی گێڕەرەوەی ناو دەق لەناو دەقدا دەبێت بە جێگری شاعیر لە دەرەوەی دەقدا، واتە شاعیری گۆشت و خوێن لە ژیانی واقیعی دەرەوەدا کاتی نووسین، بوونەوەرێکی کاغەزین لەناو دەقەکەدا دروستدەکات، دەبێت بە جێگری خۆی.

سەبارەت بە بونیاد و شێوەی شیعرە خەونەکانی لەتیف هەڵمەت دەکرێت کۆمەڵێک سیما و خەسڵەت دیاریبکەین، ڕەنگە لەتیف تاکە شاعیری نوێخوازی کوردبێت، بەم جۆرە بایەخی بە خەون دابێت و هەموو پانتایی شیعرەکەی کردبێت بە خەون و جۆرێکی لێ پێکهاتبێت پێی بڵێین شێوازی شیعرە خەونەکانی لەتیف هەڵمەت، هەرچەند شاعیر زۆر شێوازی هونەریی تری هەیە، لە ناوەڕاستی حەفتاکاندا هەر زوو خۆی لێداون و هەوڵەکانی لەو بوارەدا بەپێشەنگ دادەنرێن، وەک شێوازی وێنەی سینەمایی، کە دیمەنو لایەنی بینینیان تێدا زاڵە، شێوازی شیعری حیکایەت ئامێز کە بونیادێکی حکایەتئامێزیان هەیە، شێوازی شیعری گفتوگۆ کە سەرتاپای شیعرەکە دەکاتە پارچەیەک دایەلۆگ، شێوازی خەونەشیعر کە تەوەری باسەکەمانە.

لە بارەی خەونە شیعرییەکانی لەتیف هەڵمەتەوە، عەبدوڵڵا تاهیر بەرزنجی دەڵێت: (خەونە شیعرییەکانی لەتیف هەڵمەت بە وشەی خەوبینین دەست پێدەکەن، پاشان خەونەکە هەڵدەقوڵێت و لە پاڵ ئەمەدا چەند خەسڵەتێکی هونەریی ئەم جۆرە شیعرانەی لەتیف دیاری دەکات لەوانە سەرسورمان و دۆخی چاوەڕوانی و هەڵکشانی هونەری (التصعید الفنی) بەرەو پۆپە، پاشان دەرخستنی لێدانی کۆتایی و (ضربه الختام).

دەتوانین بڵێین ڕاستە ئەمانە وەک ڕەخنەگری ناوبراو دەڵێت بوون بە خەسڵەت، چونکە لە زۆربەی زۆری خەونە شیعرەکانیدا دووبارە دەبنەوە، ئەوە نییە لە یەک شیعردا بەکاربهێنرێن و بڕۆن دووبارە نەبنەوە، هەر لەلایەنی هونەرییەوە هەست بە زۆربوونی کردار دەکەین بەتایبەتی کرداری ڕابردوو، چونکە دۆخەکە خەون و خەونگێڕانەوەیە هەموو گێڕەرەوەیەکیش کە دەست پێدەکات شتێک دەگێڕێتەوە لە ڕابردوودا ڕوویدابێت، بۆ نموونە:

- خەوم بینی پەنجەکانم چۆلەکەبوون= ڕابردوو
- خەوم بینی من منداڵ بووم= کرداری ڕابردوو
- خەوم بینی سەرماو سۆڵ بوو= ڕابردوو
- لە نێوان سنگ و مەمکتا هەڵاژابووم= ڕابردوو
- دای لەشەقەی باڵ= ڕابردوو... تاد

بەڵام جاری واهەیە شاعیر لەجیاتی بەکارهێنانی وشەی کرداری خەوم بینی، کرداری خەیاڵدەکەم، یا خەیاڵم کرد

بەکاردەهێنێت، کە ڕاستە کتومت وەک خەون نین، بەڵام لە دەلالەتدا لە یەکترەوە نزیکن، ئەمانیش بریتین لە جۆرێک تێفکرین و خەیاڵ، لەم جۆرەی دووەمدا هەر بە وشەی خەیاڵدەکەم، یان خەیاڵم کرد، دەست پێدەکات، لە دەقێکدا شاعیر دەڵێت:

خەیاڵم کرد.. ئەم شەو هەموو کچەکانی کوردستان
پەرییەکانی سەرانسەری باخچەی ئاسمان
ژوورەکەمیان پشکنی و
یەك بە یەك بۆ دڵم گەڕان
نەیانزانی دڵم لە خۆمیش تۆراوە
لەنێوان مەمکەکانتا
بووە بە زێی هۆنراوە

جاری واش هەیە، شیعری لەتیف هەڵمەت ناونیشان و ڕستە و وشە و وێنەی دەبن بە خەون، بەڵام خەونەکە هیچ پەیوەندییەکی بە خودی شاعیر یا منی شیعرەکەوە نییە، باسی بێبەشی و شکستی دەروونی تێدانییە، بەڵکو پەیوەستە بە واقیعی دنیای دەستەجەمعیی دەرەوە، وەک لەم شیعرەدا هاتووە:

خەو ئەبینم.. من پاشا نیم لەسەر چار پایەی زێڕینان
خەو ببینم نوستوم لەگەڵ پەرییەکی چاو شین شینا
من هەژارم خەونەکەشم.. وەك خۆم هەژارە
لە خەوما هەتاوێکی گەورە گەورە هەڵهاتبوو
لە ئاسۆی زیوینی ئەم شارە..
خەو ئەبینم من پاشا نیم.. لە تەلارێکی بەرز بەرزدا
خەو ببینم کە دەمم بووە بە لیزمەی گوڵاو
دەبارێ بە لەشی گوڵینی کچێکی چاو سەوزدا
من هەژارم.. خەونەکەشم
وەکو خۆم هەژارە
لە خەومدا شار کچێکی
لادێییە و
خۆر لە گوێیدا.. بووە بەجووتێ گوارە...!

لەم شیعرەدا، وەک دەبینین شتەکان بەرەو پەیوەندی لەگەڵ دەرەوەدا دەمانبەن، خەونێکی نەرێنی نییە، بگرە بووە بە لەدایکبوونی وێنەی جوانی وەک ئەمەی خوارەوە:

لە خەومدا شار کچێکی
لادێییە و
خۆر لە گوێیدا.. بووە بەجووتێ گوارە
هەڵکشانی هونەریی شیعرەکان، خوێنەر لەگەڵ خۆی دەبات، دۆخی چاوەڕوانی و دڵەڕاوکێی تێدا دەچێنێت، هەرچەندە ئەمە خەسڵەتی چیرۆك و ڕۆمانن، بەڵام شیعرییەتێکی فراوانیان بە دەقەکان بەخشیوە.

شەوان خەو دەبینم
دەبمە پەپولە و لەژێر پرچی
کچە پەریەکدا
دەنووم...
هەرچەند گۆرانی بۆ دەڵێم
گوێی لە دەنگم نییە
کە دەس دەکەمە ملی
دەدا لە شەقەی باڵ و
لە کاکێشانی ئاسمانی حەوتەمینەوە
دەمخاتە خوارێ

لەم شیعرە خەونە و هاوشێوەکانی تریدا، دەستپێکی دەقەکە تووشی سەرسوڕمانمان دەکات و لەگەڵ خۆی دەمانبات، هەڵچوونی هونەری بەرەو لوتکە هەڵماندەکێشێ، بوون بە پەپولە و نووستن لە ژێر پرچی کچە پەرییەکدا سەرسوڕمان و چاوەڕوانییەکەمان لادەچێنێت، باشە خوێنەر دەپرسێت ئایە شاعیر پاش ئەم ڕوودان و گۆڕانە جەستەیی و ڕۆحییە لە مرۆڤەوە بۆ پەپولە بەرەو چیمان دەبات؟ بەرەو دۆخی خەفەبوون و پەرتبوون، هەموو کۆتاییەکان لەسەر ئاستە هونەرییەکە تێکڵاوی لێدانێکی هونەری دەبن، خەونی گەشتیی شاعیر کە لە سەرەتادا دەبینرێت دەبێت بە پێچەوانەکەی و خۆشییەکە ئاوا دەکات:

وا هەست دەکەم هەزاران شار
هەزاران دەریا و ڕووبار

لێکۆڵینەوە

هەزاران دار
هەزاران پەپولە و باڵدار
لە دڵمان و هی منن
هەر کە دەستیان بۆ دەبەم
گشتیان ونن

لێرەدا لەجیاتی خەون و خەیاڵ و هەست زیندەخەون دروستدەکەن، دیسانەوە لێدانی هونەری (هەر کە دەستیان بۆ دەبەم گشتیان ونن..) خەونەکەی دەستپێک دەسڕنەوە، ئەم سەرهەڵدانی خەونە گەشانە و خلبوونەوەیان بەرەو سیسبوون و نەمان وتەیەکی (ولاس فاولی)مان دێنێتەوە یاد کە دەڵێت: (هەموو شیعرێک لە سەرەتادا دەبێت بە شیعری فریشتەیەک، (مەبەستم یادگاری و پاکێتیی منداڵییە) بەڵام لە کۆتاییدا دەبێت بە شیعری فریشتەیەکی ڕەتێنراو).



هەموو خەونە شیعرێکی لەتیف هەڵمەتیش لە سەرەتادا دەبێت بە خەیاڵی شیعری، خۆش و خەونی پەمەیی، کە شکست ڕەتدەکاتەوە، بەڵام لەکۆتاییدا دەبێتەوە بە واقیعە سیسە تاڵەکەی جاران، دەبێت بە خەونێکی سیسی ڕەتێنراو، وەک ئەوە وایە، خەونێکمان بۆ بگێڕێتەوە، سەرەتاکەی تاڵ و خۆش، کۆتاییەکەیشی تاڵ و ڕەش، لە نێوان ئەم جموجووڵەیشدا ئارەزووە ساکارە خەفەکراوەکانی شاعیر و شکست و باری دەروونی دەخوێنێتەوە.

سەرچاوەکان:

بە کوردی:

- تێری ئیگلتون، شیکردنەوەی دەروونی لەڕەخنەی ئەدەبیدا، وەرگێڕانی سەلاح حەسەن پاڵەوان، دەزگای چاپو پەخشی سەردەم، سلێمانی، 2004.
- سامر حسن جاسم، توێژینەوەی سایکۆلۆژی لە داهێنانی شیعریدا، وەرگێڕانی حەمەی ئەحمەد ڕەسول، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، 2010.
- حەمە مەنتک، سوریالیزم لەئەدەبی نوێی کوردیدا، چاپی یەکەم، دەزگای چاپو بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر، 2011.
- دیوانی لەتیف هەڵمەت، بەرگی یەکەم، چاپی یەکەم، سلێمانی، 1999.

بە عەرەبی:

- امین صالح، السوریالیه فی عیون المرایا، ترجمه و اعداد دار الفارابی والفراشه للنشر والتوزیع، بیروت، دوله الکویت، 2010.
- اندریه بروتون، بیانات السریالیه، ترجمه صلاح برمدا، منشورات وزاره الثقافه والارشاد القومی، دمشق، 1978.
- جبرا ابراهیم جبرا، الفن والحلم والفعل، مجله الفکر العربی المعاصر، مرکز الانماو القومی، لبنان، عدد 13، 1984.
- خلیل احمد خلیل، معجم المصطلحات النفسیه- الاجتماعیه، دار الفکر اللبنانی، بیروت، 1997.
- عصام محفوف، السوریالیه وتفاعلاتها العربیه، المؤسسه العربیه للدراسات والنشر، بیروت، 1987.
- غاستون باشلار، شاعریه احلام الیقظه، علم شاعریه التأملات الشارده، ترجمه جورج سعید، المؤسسه الجامعیه للدراسات والنشر والتوزیع، بیروت، 1991.
- فازل عزاوی، بعیدا داخل الغابه، دار المدی، دمشق الطبعه الاولی، 1994.
- لطیف هلمت، السمکه الفظیه قصائد مختاره، ترجمه عبدالله طاهر البرزنجی، مطبعه الحوادث، بغداد، 1987.
- والاس فاولی، عصر السریالیه، ترجمه خالده سعید، دار التکوین للتألیف والترجمه والنشر، دمشق، 2011.

دۆسیەی ژمارەکانی داهاتوو

کتێبی..

ئەلف و بێ ی نوێ بۆ منداڵان

ئیبراهیم ئەمین باڵدار

پەیکەری (ست ڕافۆن) وەکو دواپەیکەری نێو کۆنە باخچەکەی فیکر

بڵند باجەلان

ناسنامەی وشە چییە؟ ئەی وشە ناسنامەی وشە چییە؟
ماریا کۆرتۆ*

لەم لێکۆڵینەوەیەدا لە چەند گۆشەیەکی فکرییەوە قسە لەسەر چیرۆکی (پەیکەری ست ڕافۆن)ـی (کاروان عومەر کاکەسوور) دەکەم و لە پەنای چیرۆکەکەشدا هەندێک دیدی فیکریی خۆم دەخەمە ڕوو بۆ چەند چەمک و بابەتێک:

دەرکنەکردن بە گەوهەر:

((ماوەیەک بەو گلێنە گەورانەی لێم ڕاما و بزەیەکی سەیری کرد، کە ئاسان نەبوو لەوە تێبگەم، ئاخۆ مانای ناڕەزایی دەگەیەنێت، یان وەڵامێکی دۆستانەی ئەو گاڵتەیەی منە... ڕاستییەکەی من هێندە پێم لە سەر ئەوە دادەگرت، کە دەمەوێت جارێک لەم شوێنەی خۆم ڕووتی بکەمەوە و بیشۆم، تاکو گەیشتە ئەوەی گومانم لێ بکات، بەڵام لەو سنوورە مایەوە و بڕیاری نەدا ئیتر نەیەتەوە لام...))

سەیرە! ئەوانەی لە بارەی دەقی کاروان کاکەسوورەوە نووسیویانە، ڕەچاوی ئەو هەڵخزانە دەلالی و گەمە خودییەیان نەکردووە کە پێشتر لە چیرۆکی کوردیدا نموونەی نەبووە. لە دەرەوەی ئەو گەمەیە مانا گەورەکەی چیرۆکی (کاروان) سنووردار دەکرێ، ئەوا من باسی گەمەکە دەکەم:

ڕەنگ بێ (کاروانی خوێنەر) خۆی هەستی بەو گەمەیە نەکردبێ کە بە وشە موتوربە کراوە، لێ بەبێ شک (کاروانی نووسەر) لە دەرگە فراوانەکەوە بە چاوی وشە بینیویەتی و خۆی یاریکەرە سەرەکییەکەیە.

(کاروانی سێهەم) کۆی دوو کاروانەکەی دیکەیە، وەکو بینەرێک دەردەکەوێ بەبێ بلیت هاتووەتە نێو یاریگەکە کە یاریگەی وشە و دەلالەت و مانا شاراوە و ئاشکراکانە.

دەقەکە وەستانە لە بەرانبەر گوتارە پارادۆکسەکان لەو فەزایەی لە نێوان (ست ڕافۆن) و (ست ڕێزان)دا هەیە تا مەودای نێوان (ست ڕافۆن) و کارەکتەرەکانی تر بە خودی قسەکەریشەوە، گەمەکردنە لەگەڵ ئەو وشانەی لە دەمی کارەکتەرەکانەوە دێنە دەرەوە، بۆ نموونە:

((کاتێکیش یەکێک بڵێت:

_ ئینجا خۆ ئەو قسە لەگەڵ کەس ناکات.

ئەم سەری با دەدات و دەڵێت:

_ وا نییە، دە ئاخر وا نییە، بەڵام ئێوە نازانن بیدوێنن.))

گەمەکردنیشە لەگەڵ ئەو وشانەی هەیکەلیەتی دەقەکە پێک دەهێنن و زەمینە بۆ دیالۆگەکان خۆش دەکەن، کە مەڵبەندی یەکەمی وشە یاریزانەکانن، وشەکان هەر یەکەیان نمرەیەکی تایبەت بە خۆیانیان هەیە کە جیایان دەکاتەوە.

پێگەی وشەکانیش بەشێکی تری جیاکردنەوەکە لە خۆ دەگرن، وشە لێکچووەکان یاریی جیاواز دەکەن بە ئاستی جیاواز و نمرەی جیاواز و ئەنجامی جیاوازەوە.

ئاڕاستەکردنی خود وەکو کارەکتەرێکی هزرمەند بۆ نێو جیهانی فراوانی چیرۆکەکان، تەقینەوەی خودە بەسەر ئەوانی تردا.

نووسەر ئەوانی تر دەگێڕێتەوە تا لەو ڕێگەیەوە گێڕانەوەی خۆی کامڵ بکا، خود دابەش دەبێت بە سەر کارەکتەرکان کە خودێکی پەرتبووە، کۆی کارەکتەرەکان یەکسانن بە تاقانەیەک کە خودە، بەڵام خود یەکسان نییە بە دەرکەوتە فەردییەکانی کارەکتەرەکان و کۆتایی خودیش ڕاستەوانە ناگۆڕێ لەگەڵ کۆتایی چیرۆکدا، بەیەکداکەوتنێکی ناخودی مانیفێست دەبێت لە فەزای گێڕانەوەی خوددا کە فەزای ئەوانی ترە.

(هیگڵ) پێویستییەکی لۆژیکی و واقیعی لای خود دەبینی پێی وایە ئەوکاتە ڕۆڵی قارەمانەکان لە ناو دەچێ کە مێژوو کاری پێیان نامێنێ، چونکە مێژوو خۆی ئەوانی خوڵقاندووە. خود لە چیرۆکدا دوورکەوتنەوەیە لە پێویستییە لۆژیکی و واقیعییەکان. کەواتە جۆرێکی تر لە بەیەکداکەوتنی خودی ڕوودەدا لە نێوان "خودی ناو دەق" و "خودی دەرەوەی دەق"دا.

لای (دیکارت)ی بنیاتنەری (دوالیستی نوێ) و خاوەنی (میتافیزیکی دوالیستی) لە فەلسەفەی هاوچەرخدا، (کەرستەی ماددی) شتێکی درێژکراوەیە و سیفەتی بنەڕەتیی (بیرکردنەوە)یە، بوون دەکەوێتە نێوان دوالیسمی (بوونی درێژکراوە) و (بوونی ژیر)ەوە، بەڵام (دیکارت) پێوەندیی نێوان ئەو دووانەی ڕوون

نەکردووەتەوە، سەرەڕای سەربەخۆییان، بۆیە خود دەبەسترێتەوە بە بوونەوە.

واتە لە دەرەوەی بیرکردنەوە و بووندا خودێک بوونی نییە و دواجار (خودی نێو بوونەکان) و (خودی ئامادەی گاڵتەکەر بە ئامادەگی و بوون) و (خودی بێئاگای هەبوو) و (خودی نەبوو) سەر هەڵدەدەن. خود لای (دیکارت) جۆری یەکەمی خودە کە لە نێو بوونەوە هەڵهێنجراوە.

دەکرا (دیکارت) باسی خودی تازەی کردبا کە قابیلی گۆڕانە، لەبەر نەبوونی ئەلتەرناتیڤێکی خودی لای (دیکارت)ە بیر لە پۆلێنکردنی خود دەکەمەوە، پشتبەستن بەو ئایدیایەی (دیکارت) لە بەرانبەر چیرۆکی کارواندا تووشی نائومێدیی خودیمان دەکا، ئەگینا من لەگەڵ وەها پۆلێنکردنێکدا نیم. فەلسەفەی هاوچەرخ پێی وایە مرۆڤ لە رێگەی عەقڵەوە دەتوانێ بگاتە مەعریفەت و ئیش لە سەر دیاریکردنی توانا هزرییەکان دەکا.

(ئیمپریستەکان) و (ڕەشنالیستەکان) بوونی (زانیاریی گشتی)یان بە پێویستی دادەنا، خودی مرۆڤ یەکسان دەکرا بە عەقڵ و لە دەرەوەی ئەو فەزایانەی عەقڵ دروستیان دەکا، مرۆڤ (جانەوەرێکی گەورە) بوو، ئەمەش دابەزاندنی ئەو خودەیە بۆ ئاستی شتێکی بەرجەستەی بێگیان کە (مێشک)ـە.

(فیختە) باوەڕی بە (خودی ڕەها) و (عەقڵی ڕەها)ش هەبوو کە هەر ئەو خودایەیە هاوکات کاملە و سنووردار نییە و داماڵراوە لە کەسایەتیی مرۆیی، لێرەوەیە بیردۆزی (فیختە) لە مەڕ خود بە (ئایدیالیسمی ئەخلاقی) ناو دەبرێ کە لە سەر بنەمای (ئایدیالیستی ئەخلاقی) بوو:

"چونکە خود گشتە، لە دەرەوەی ئەو خودە هیچ شتێک بوونی نییە." کەواتە بۆ یەکەمینجار لە چیرۆکی کوردیدا و لە چیرۆکەکانی (کاروان کاکەسوور)دا، خود سنوورە خودییە فەلسەفییەکان دەبەزێنێ و خودێکی جیاواز بەیان دەبێ کە قابیلی گۆڕانە.

نزیکبوونەوە لە ئەم لە پێناوی گەیشتن بە ئەو:

((ئەگەر بڵێم ڕۆژێک لە ڕۆژان ویستوومە شتێک لەبارەی (دیدار شێرکۆ)وە بزانم، ئەوا بێگومان ڕاست ناکەم، بەڵام هەمیشە ئەوەم لا ڕوون بووە تەنیا لە ڕێگای ئەو کوڕەوە دەتوانم بگەمە هەندێک لە نهێنییەکانی (ست ڕافیدە) و لە بەشێکی ئەو ژیانە سەیروسەمەرەیەی تێبگەم، کە لەو دەوروبەرەی خۆیان بە (ست ڕافۆن) ناسراوە... کەواتە با نەیشارمەوە من بۆیە هەوڵم داوە پێوەندی لەگەڵ ئەو کوڕە دابمەزرێنم، تاکو بە هۆی ئەمەوە لەو نزیک بکەومەوە...))

(نزیکبوونەوە) وەکو چەمک و کردە، ڕەنگدانەوەی (دوورکەوتنەوە)یە. نزیکبوونەوە و بڕینی سنوورەکانی دوورکەوتنەوە، کردارەکە درێژ دەکاتەوە تا سنووری نزیکبوونەوە لە نزیکبوونەوەیەکی تر (نزیکبوونەوە لە کەسی دووەم بە ئامانجی نزیکبوونەوە و گەیشتن بە کەسی سێیەم)، نزیکبوونەوەکە یەکێک لە دەرەنجامەکانی سەیرە: "لەگەڵ گەیشتن بە کەسی سێیەم، کەسی دووەم پەراوێز دەخرێ." (کەسی قسەکەر) لە (دیدار شێرکۆ) نزیک دەبێتەوە، بە مەبەستی گەیشتن بە (ست ڕافیدە) کە بە (ست ڕافۆن) ناو دەبردرێ.

نزیکبوونەوەکە دەرەنجامی کپبوون و دوورکەوتنەوە بووە لە جەستەیەک کە دواجار شتی تریشە.

(کانت) پێی وایە نابێ مرۆڤ مرۆڤێکی تر بکاتە پەیژە بۆ گەیشتن بە ئامانجی خود، چونکە بۆ مرۆڤ خودی مرۆ ئامانجە و پێویستە مرۆڤ پێڕەوی بنەماکانی دادپەروەری بکا و مافی بەرانبەری نەخوا. (کانت)

مرۆڤی کردووەتە سەنتەر و بەڵگەشی بۆ بەسەنتەربوونی مرۆڤ نەهێناوەتەوە.

(نیتشە) لە مەسیحییەت نزیک دەکەوێتەوە تا تێی بگا و دواجار بۆ ئەبەد لێی دوور بکەوێتەوە:

(نزیکبوونەوەی نیتشە) لە مەسیحییەت، نزیکبوونەوەی تر بە دوای خۆیدا ناهێنێت، ئەمەش (نیتشە)ی رووبەڕووی نەناسین و نەدۆزینەوەی (مەسیح) کردووەتەوە کە رۆڵی (کەسی دووەم) دەبینێ.

نزیکبوونەوەی (کارەکتەری قسەکەر) لە (ست رافۆن) گۆڕانی نزیکبوونەوەکەیە بۆ ئاستێکی باڵا کە گەیشتنە بە سەنتەری کێشەکان. لای (نیتشە) تاقە کەسێک کە مەسیحی بووبێت (مەسیح) خۆیەتی و لەگەڵ لەخاچدانی (مەسیح)دا مەسیحییەتیش لە خاچ درا. بە بۆچوونی (نیتشە)، (پۆڵس)ی پەیامبەر مەسیحییەتی داهێناوە و خودی (مەسیح) کەسێکی هەڵخەڵەتاو بووە. ئەوەتا لە کۆتاییە دوورەکەدا هەست دەکا فریو دراوە. وتەکانی (مەسیح) لە وتەکانی (دۆن کیشۆت) نزیک دەکاتەوە، کە لە سەر جێی مردندا کردبوونی، (مەسیح) لە ئینجیلدا دەڵێ: "ئەی خودا، ئەی خودا، بۆچی گوێم پێ نادەی؟"

نزیکبوونەوەکەی (نیتشە) بە مەرگی (کەسی دووەم) کۆتایی دێت بەبێ نزیکبوونەوە لە پەیام و ئایدیا و تەئویلاتی سێیەم کە ڕۆڵی (کەسی سێیەم) دەبینن. بۆ نموونە: (لە قورئاندا مەسیح لە خاچ نەدراوە و بەرزکراوەتەوە بۆ ئاسمان، کەسێکی لە خوداڕازی بووە، پێغەمبەر بووە، کوڕی خودا نەبووە، هەستی بە هەڵخەڵەتاندن نەکردووە، خودا رۆحێکی فریودەر نییە، بەڵکو تاقانەیە و کوڕی نییە).

دونیابینیی (نیتشە) لەمەڕ (مەسیح) دەکەوێتە نێو بازنەی گومان و پرسیارکردنەوە، بێئاگایی و نزیکنەکەوتنەوە لە (شتی سێیەم) کە پەیامەکانی دەرەوەی مەسیحییەتن، فاکتەری دوورکەوتنەوەی (نیتشە) بوو لە (مەسیح).

لاوازبوونی میزاج لای (ڤۆڵتێر) دەگاتە ئاستێک دوور دەکەوێتەوە لەو چێشتانەی (فریدریک) بۆی ئامادە دەکرد و سوپێکی لە هاڕاوی پەتاتە و هێلکەی دەخوارد و داوای لە هاوڕێکانیشی دەکرد لەو خواردنە نزیک ببنەوە.

دوالیزمی (نزیکبوونەوە — دوورکەوتنەوە) دەرکی پێ دەکرێ، کە من بە هیچ شێوەیەک لە سەری ناوەستم و راستەوخۆ دەپەڕمەوە بۆ کۆتایی دوالیزمەکە کە سەرەتای دیوە راستەقینەکەی هەمان دوالیزمە کە پەیوەندیی ئەدەبی بە چیرۆکەکەمانەوە:

زانا و فەیلەسووفە ئەڵمانی و فەرەنسییەکان بە سەرپەرشتیی (ڤۆڵتێر) کۆبوونەوەیان ساز دەدا لە سەر (فریدریک)، بەڵام قسەی رەقی (ڤۆڵتێر) لەوێدا هۆکاری تێکچوونی نێوانی (ڤۆڵتێر) و (فریدریک) بوو تا سەرەنجام (ڤۆڵتێر) لە (دوورکەوتنەوەی ئەبەدی) نزیک دەبێتەوە.

لای (ڤۆڵتێر) دوالیزمێک بەدی کرا کە دوو رووی هەبوو، (رووپەکی ڕووکەش) و (رووپەکی ڕاستەقینە)، دووەمیان بەستراوە بە ئەدەبەوە کە شیعرەکانی (فریدریک)ە، بەڵام لای (کاروان) هەردوو رووەکە پێوەستن بە ئەدەبەوە و چەقی چیرۆکەکەن.

3-پیاسەیەک لەگەڵ (فاوست) و (ست ڕافۆن) لە دوا باخچەی (گۆتە) و شەقامی یەکەمی (کاروان کاکەسوور)دا.

بە بۆچوونی من (گۆتە) فەیلەسووف نەبوو، ئەو لە هیچ زانکۆیەکدا کاری وانەبێژیی نەکردووە و قوتابخانەی فکریی سەربەخۆی نەبووە، ئەگەرچی هزرەکانی کاریگەرییان هەبوو لەسەر فەلسەفە، بە تایبەتی هزری (گۆتە) لە هۆنراوە دراماتییەکانی نێو (فاوست)دا کە بە فەلسەفەی ژیان ناو دەبران.

جووڵە ماددی و مەعنەوییەکانی بە شێوەیەکی غەریزەیی بەرەو رووناکی دەچوون و کریستیانی و بێدین بوو لە یەک کاتدا (ئەمەش دژە لەگەڵ ئەو میتۆدەی

لێکۆڵینەوە

فەیلەسوفان ئیشیان لە سەر کردووە).
کەواتە من دەرکم بەو جیاوازییە کردووە کە لەنێوان (حەزی ئەدیب) و (حەزی فەیلەسووف)دا هەیە، لێرەوەیە حەزی (گۆتەی ئەدیب) بە (کاروانی ئەدیب) بەراورد دەکەم، کە دیوێکی شاراوەی لە (کارەکتەری قسەکەر)دا چڕ بووەتەوە، ئەگەر حەزێکیش هەبێت بەنێوی حەزی (گۆتەی فەیلەسوف) و حەزی (کاروانی بیرمەند)، ئەوا من لەو سیاقەی ئیشی تیا دەکەم خۆم لە قەیرەی نادەم بە مەبەستی پاراستن و دوورنەکەتنەوە لەو تروسکاییەی لە (حەزی ئەدیب)دا بە دی دەکرێ:
(گۆتە) لە قۆناغێکدا حەزی لە خۆکوشتن دەکرد، کاتێکیش لەو حەزە هەڵدەگەڕێتەوە کە بیر لە قۆناغی دوای مردن دەکاتەوە:
"ئەگەر بمرم دوای ئەوە چی رووەدا؟ ئەو چییەی هەنووکە هەیە ئامانج نییە."
دواتر هەموو شتێک لە (گۆتە)دا دەگۆڕێ، پارێزگاریی لە هەژاران دەکرد و پارەی خۆی لەگەڵدا بەش دەکردن. ئەو دەیگوت:
"رەنگە لە دیدی خوادا هەژارەکان بەڕێزتر بن."
ئەوکاتەشی (کارل ئۆگست) داوای لێ دەکا هۆنراوەی حەماسی بنووسێ تاوەکو چەکێک لە شەڕدا دژی فەڕەنسییەکان بە کاری بهێنێ، ئەو رەتی دەکاتەوە. دواوتەی لە نێو جێی مردنەکەیدا ڕەنگدانەوەی ئومێد بوو:
"خودایە ڕووناکیی زیاترم پێ ببەخشە."
ئەو گۆڕانەی (گۆتە) دواتر لە (فاوست)دا رەنگی دایەوە، (فاوست) لە ئاسماندا ئەو منداڵانەی لە تەمەنێکی زوودا ژیانیان بەجێ هێشتبوو فێرە وانەی ژیان دەکرد. (گۆتە) هاوشێوەی (فاوست) خۆی تەرخان کردبوو بۆ ئەو کەسانەی ژیان و ئازارەکانی ژیان زۆری بۆ هێنابوون و فێرە چێژی ژیانی دەکردن و ئەوانەی دوای شکستخواردن سەرلەنوێ دەستیان پێ دەکردەوە، لای (گۆتە) پایەی تایبەتییان هەبوو. ئایدیای خۆی لە سەر بناغەی بەسەرهاتی راستەقینەی مرۆڤ دامەزراند و تێز و حەزەکانی لە (فاوست)دا چڕ کردەوە.
(کاروان) جوانتر لە (گۆتە) کردەی چڕکردنەوەی حەزی ئەنجام داوە، بەسەرهاتی راستەقینەی مرۆڤ بە تەنها لە "ست رافۆن"ـدا کورت ناکاتەوە وەک ئەوەی (گۆتە) لە (فاوست)دا کورتی کردووەتەوە، بەڵکو بە سەر کۆی کارەکتەرکانی دابەش دەکا.
((بۆت دەرکەوت جیاوازیی نێوانیان ئەوەیە (ست ڕافیدە) حەز دەکات بەردەوام قسە بکات، هەتا ئەگەر بزانێت نە گوتەکانی مانایان هەیە و نە کەس گوێی لێ دەگرێت، بەڵام دایکت دوای خواردنەوە دەچێتە خەوی قووڵەوە، بە ڕادەیەک وەک مردووی لێ دێت...))
(فاوست) حەزی لە تاقیکردنەوەی ژیانە جۆراوجۆرەکان دەکرد لە ڕێگەی بیرکردنەوەی زۆر و قسەکردنی کەمەوە، (ست ڕافۆن)یش جۆرێک لە حەزی تاقیکردنەوەی ژیانی جیاوازی تێدایە، بەڵام بە رێگەیەکی جیاواز کە زۆرگوتن و بیرکردنەوەی کەمە (ئەمەش جیاوازییە گەورەکەی نێوان فاوست و ست رافۆنە)، کە حەزی یەکەمیان هەمان حەزی نووسەرەکەیەتی و حەزی دووەمیان دوورکەوتنەوەیە لە حەزی نووسەر و ئەو دوورکەوتنەوەیەش بۆ حەزی خودی نووسەر دەگەڕێتەوە (ئەمەش جیاوازییە گەورەکەی نێوان کاروان و گۆتەیە).
(گۆتە) لە نێوان ژیانی ئەدەبیات و ژیانی وێنەکێشاندا دادەمێنێ، ئایە ببێتە ئەدیب و نووسەر و مامەڵە لەگەڵ وشە بکا یان وێنەکێشی هەڵبژێرێ و ببێتە هاوڕێی رەنگەکان؟
(گۆتە) دیمەنێکی جوانی سرووشت کاری لێ دەکا، کە

حەز دەکا وێنەی بکێشێ یانیش بە وشە گوزارشت لە جوانییەکەی بکا.
قەڵەمتاشەکەی فڕێ دەداتە نێو رووبار تا ئەگەر گەیشتە بنی رووبار ژیانی بۆ وێنەکێشان تەرخان بکا، وەلێ ئەگەر لەنێو دەوەنەکان ون بوو، کاری نووسین هەڵبژێرێ.
(گۆتە) نەیبینی قەڵەمتاشەکە بکەوێتە نێو ئاوەکە، ئەوە نەبێ گوێی لە دەنگی کەوتنی شتێک بوو، لێرەوە بڕیاری دا هەم وێنە بکێشیێ و هەم بشنووسێ. (گۆتە) ئەزموونی خۆی دایە دەست تاقیکردنەوەیەک، کە بە چانسەوە بەستراوەتەوە (ئەمەش جیاوازییە گەورەکەی نێوان گۆتە و فاوستە کە دووەمیان هەمیشە بڕیارەکانی خودی بوون و خۆی رادەستی چانس نەدەکرد)
بە بۆچونی من (گۆتە) لە نووسینی (فاوست)دا کە پانزە ساڵ درێژەی کێشا، سوودی لە چیرۆکی (ئادەم و حەوا) وەرگرتووە، کە لە کتێبە ئاسمانییەکاندا هاتووە. لە (فاوست)دا شەیتان بانگەشەی ئەوە دەکا کە ژیان هەرچی بێت ئەوە ناهێنێت هەبێت، بۆیە وەکو تێکدەری ژیان دەردەکەوێ و خوداش ئەفرێنەرە. خودا لە شەیتان دەپرسێ:
-رات چییە سەبارەت بە فاوست؟
+ئەویش مرۆڤێکە وەکو هەموو مرۆڤەکان لێگەڕێ فریوی بدەم.
خودا بە هۆی باوەڕی زۆری بە فاوست، رێگە بە شەیتان دەدا کاری خۆی بکا.
(کاروان) لەم چیرۆکەی و زۆربەی چیرۆکەکانی دیکەیدا سوودی لە ئاوێتەکان وەرگرتووە، سوودی لە فەلسەفە و ئایین وەرگرتووە لە یەک کاتدا، سوودی لە حیکایەتی کوردی و رووداوی مێژوویی و شارستانیەتی ئەورووپی و رۆژهەڵاتیی کۆن و مۆدێرن بە یەکەوە وەرگرتووە. لە (فاوست)دا بەسەرهاتی ئەڤینی (فاوست) لەگەڵ (هێلین) کە ئەو جارە (فاوست) خودی (گۆتە)یە، هاتووە.
(فاوست) بە یارمەتیی رۆحی (هێلین) گەرەکیەتی هێمای ژیان لە تێکەڵکردنی ژیانی رۆمانتیک و جوانیی کلاسیکی کۆن و نائارامیی سەردەمی خۆی بدۆزێتەوە. لێرەوە (هێلین) و (فاوست) بۆ نێو هەورەکان هەڵدەکشێن تا لەوێدا گوێبیستی وەڵامێک بن بۆ پرسیارەکەی خۆیان، بەڵام بارودۆخەکە دەگۆڕێ و (فاوست) لە نێو هەورەکاندا (هێلین) ون دەکا، تەنها باڵاپۆشەکەی جێ دەمێنێ.
بە بۆچونی من چیرۆکی (پەیکەری ست رافۆن) یەک پەیامی پێیە بۆ خوێنەر لەمەڕ عەشقەکەی:
"عەشقی من ناگێڕدرێتەوە و قسەی لە بارەیەوە ناکرێ."
4-پەیکەرەکانی نێو ئایدیالیستی ئەڵمانی (هیگل، فیختە و کانت)
(هیگل) هەوڵی ئاوێتەکردنی دژەکانی دەدا کە بە درێژایی مێژووی فەلسەفە لە ململانێدا بوون (دژەکان جیان لە ئاوێتەکان کە لە سەرەوە باسمان کرد، دژەکان ئاوێتە دەبن بەڵام مەرج نییە ئاوێتەکان دژ بن).
(هیگل) فەلسەفە دژەکانی کۆ دەکردەوە و مەودای نێوانیانی کاڵ دەکردەوە بۆ پێکهێنانی فەلسەفەیەکی ئاوێتە. (کاروان) هیگڵئاسا دژەکان کۆ دەکاتەوە بەڵام ئاوێتەکردنەکەی (هیگڵ) لە پێناوی (بەرهەمێکی جوانتر)ـە کە فەلسەفەکەی (هیگڵ) خۆیەتی. دەرەنجامی ئاوێتەکردنەکەی (هیگڵ) ئەوە بوو، هاوکات خواناس و ئایدیالیست و ماددەگەرەکان سوودیان لێ بینی.
(هیگڵ) فەلسەفەکەی لەسەر هەمان پایەی فەلسەفەی (فیختە) و (شڵینگ) مانیفێست دەکا، قوتابخانە فەلسەفییەکەی بە باوەڕی مەزهەبی جێگیرە و بە پێی نێوەندی رەهایی دەخولێتەوە، بە پێچەوانەی شۆپنهاوەری گەورە دوژمنی کە رەشبینی رووی تێ کردبوو. (کاروان) دژەکان کۆ دەکاتەوە تا (مانایەکی جوانتر) بخاتە روو، گەرەکی نییە لە رێگەی ئاوێتەکردنەکەوە بەرهەمێکی

لێکۆڵینەوە

تری دەست بکەوێ یان دژەکان لە ناو یەکتردا بتوێنێتەوە (وەک ئەوەی هیگڵ گەرەکی بوو)، (کاروان) دژەکان تێکەڵ دەکا، بەڵام رەچاوی پاراستنی سیفەتی ئەو دژانە دەکا، دژەکان سەرەڕای ئاوێتەبوونیان هەر دژن و پێویستی سەرهەڵدانی مانای جوان وای کردووە بیر لە کردەیەکی وەها بکرێتەوە.

لە پاڵ بوونی بۆچوونی تایبەت بە خۆی، (هیگڵ) گەڕاوەتەوە بۆ بۆچوونی ئەوانی تریش، باوەڕی وا بوو (ئەرستۆ) هەڵە نەبووە کە هەبوونی رەهای بە گرنگترین ئامانج دادەنا، لەگەڵ (ئەفلاتون) کۆک بوو لەو شوێنەی (ئەفلاتون) بوون بە (حەقیقەتێکی عەقڵانی) لە قەڵەم دەدا.

ئەو سوودوەرگرتنە لای (کانت)یش روونە، میتافیزیکای (کانت) سوودی لە (ئایدیالیسمی برکلی) کە ماددە رەت دەکاتەوە و (مەتریالیسمی هیوم) کە هزر رەتدەکاتەوە و (ڕەشنالیسمی ڤۆڵتێر) و بیرۆکەی (ژان ژک ڕۆسۆ) بینی. لە فەلسەفەی (کانت)دا ئایدیالیسم و دژەکەی، خواپەرست و خوانەناسی هەن. (کاروان)یش هاوشێوە بۆ نووسینی دەقەکەی تا دواپلەی گەڕانەوە دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمێکی دوور و مرۆڤی دوور و دونیای دووری خەیاڵئامێز.

(هیگڵ) روو لە گشتاندنی ڕەگەزی دینامیسم دەکا و رایدەگەیەنێ کە ئەو رەگەزە سەرەرای کاریگەرییە زۆرەکەی لەسەر رێڕەوی سرووشتی هەر ئۆرگانیزمێک، هونەر و ئایدۆلۆژیا و فەلسەفە لە ژێر گوشاری (تێز) و (ئەنتی تێز) و (سن تێز)دان و هونەر پێویستە فۆرمەکانی (سیمبولیک) و (رۆمانتیک) و (کلاسیک) لە خۆ بگرێ و فەلسەفە سێ سەردەمی (فکری خۆرهەڵاتی) و (فکری یۆنانی) و (فکری ئەڵمانی) بگرێتەوە، دواجار مەزهەب و هونەر و فەلسەفە، سێ بەرهەمە سەیرەکەی چالاکیی رۆحین. چالاکیی رۆحیی (پەیکەری ست رافۆن) سێ بەرهەمی لێ دەکەوێتەوە، بەڵام سێ بەرهەمەکە سەیر نین بەو مانایە، هەر لە بنەڕەتەوە کۆی دەقەکە نۆژەنکردنەوەی چەمکەکانی (سەرسوڕمان و ئاساییبوون و تۆقین)ە، سێ بەرهەمەکەش ئەمانەن:

1- میهرەبانی تا سنووری نامیهرەبانی... نامیهرەبانی تا شادبوون بە حەقیقەتی بوونی وەهم و چوواندنی حەقیقەتیش بە وەهم لە هەندێ سووچدا.

2- ڕابردوو، وەکو شوێنێک بۆ گەڕانەوە کە مرۆڤ دەتوانێ تێیدا پیاسە بکا وەک چۆن لە پارکەکاندا پیاسە دەکا، دەتوانێ تێیدا پەنهانەکان ئاشکرا بکا وەک چۆن پەردە لەسەر پەیکەری نێو پارکەکان لا دەدا.

3- نەبوونێک کە بیر لە بوونێکی سادە کە خەریکی راونانی بوونی کوشندە و درندەیە، دەکاتەوە.

پۆلێنکردن رەگەزێکی فکرییە بۆ رۆشنکردنەوەی بابەتگەل بە کار دەبردرێ. پێم وایە دوو جۆر لە پۆلێنکردنمان هەن، کە پێوەستن بە چیرۆکەوە:

1- پۆلێنکردنی دەقەکان و ئەو وشانەی پێوەستن بە دەقەکەوە.

2- پۆلێنکردنی ئایدیاکان و ئەو چەمکانەی بەستراونەتەوە بەو ئایدیایەوە.

(پەیکەری ست ڕافۆن) هاوشێوەی (منارەی ئاوەدانی) پۆلێنکردنی چیرۆکە بۆ دوو لقی:

1- چیرۆکی پەرپوت.

2- چیرۆکی داهێنەرانە.

خوێنەر لە کاتی خوێندنەوەی دەقەکەدا هەست دەکا مەودایەک لە نێوان (پەیکەری ست ڕافۆن) و ئەو چیرۆکە کوردییانەی پێشتر خوێندوویەتییەوە، هەیە، کە ناکرێ چیتر بیانخاتە نێو یەک بازنە و هەست بەو مەودایەی

نێوانیان نەکا، ئەمە خانەبەندکردنی چیرۆک نییە.

چیرۆکەکە پێمان دەڵێ پێویستە مرۆ لە سەر چاکەکاری چالاکی بکا و کەرستە نەبێت، ویژدان بجووڵێنێ و زانست کۆ بکاتەوە، چونکە ئەوە زانستە ویژدان دەجووڵێنێ. ئەو مرۆڤە (چاکەخواز)ـە بە دڵێکی روونەوە چاکسازی دەکا و چاوەڕێی دەستکەوت نییە، دینداری ڕاستەقینەش ئەو دینداریە لەبەر چاکە خۆی چاکسازی ئەنجام دەدا (هەڵبەت من وەکو نووسەری دەق باوەڕم بە دینداری ڕاستەقینە و دینداری ڕووکەش نییە وەک ئەوەی لای فیختە دەبینرێ).

چیرۆکەکە بۆ چارەسەری گرفتی میتافیزیک هەوڵ بۆ دۆزینەوەی بیردۆزی ڕاست و دروست دەدا و فەلسەفە دوای بەئەدەبیکردن بە هۆکاری ئاشکراکردنی نهێنییە تیۆری و پراکتیکییەکان دادەنێ. (عەقڵی پەتی کردەیی) لە چیرۆکەکەدا عەقڵێکە مرۆڤ لە سەر کرداری چاکە جێگیر دەکا بە شێوەیەکی ئەدەبی، کرداری چاکیش بنەماکەی چاکەخوازییە، وەک چۆن (فیختە) پێی وابوو نابێت بوغز و بەرژەوەندی بوونیان هەبێت و (چاکەی ئەخلاقی) لە پێناوی چاکە خۆیدایە.

(کانت) هەوڵی دۆزینەوەی بنەمای میتافیزیکی بۆ ئەخلاق دەدا و کە پێویستە کوێرانە پێڕەوەی بکەین لە ڕێگەی فرمانی ڕەهاوە کە (کانت) ئاڕاستەی کردووە. (کانت) بەجێهێنانە ئەخلاقییەکانی بە سەر دوو جومگە دابەش کردووە: ئەخلاقێکیان دەرەکییە کە لە دەرەوە یاسا و حکوومەت و پۆلیس دەیسەپێنن بە سەر مرۆڤ و ویستی تاکەکەی لە سەر نییە، ئەخلاقێکی ناوەکییش کە مرۆڤ خۆی دەبێتە یاسا و پۆلیس و حکوومەت بە سەر خۆیەوە. ئەوەی لە چیرۆکەکەدا دەبێتە سەنتەر، خوێنەرە نەک نووسەر، بەڵام فەلسەفە نووسەر دەکاتە سەنتەر و خوێنەر ڕۆڵی گوێگر دەبینێ (وەک ئەوەی لای هیگڵ هەیە).

(هیگڵ) بەبێ گەڕانەوە بۆ خوێنەر، زانست پۆلێن دەکا بۆ دوو جۆر لە زانست کە لە بوای جیادا توێژینەوە دەکەن:

یەکەمیان: ئیش لە سەر (مەعریفەی پەتی) دەکا کە زانستی دیاردەناسییە (phenomenology of the mind)، دووەمیان: بەستراوەتەوە بە بابەتی مەعریفە جیاوازەکان.

(هیگڵ) زانستی لۆژیکی بەو زانستە دادەنا کە لە پێکهاتەکانی زانستی پەتی دەدوێت، قسەکردن لە سەر دیالیکتیک واتای قسەکردنە لەبارەی لۆژیکەوە (لە رووی شێوازەوە)، بەو مانایەی سەرەتای وێنا گشتی و تایبەتییەکانە کە بریتین لە (بوونی چۆنییەک)، دواتر بڵند دەبێتەوە تا گەیشتن بە بیری (ڕەها — absolute) کە مانا جەوهەرییەکەیە، خودی لۆژیکیش دوو لقی لێ دەکەوێتەوە:

1- فەلسەفەی سرووشت (philosophy of nature)

2- فەلسەفەی بیر (philosophy of mind)

تورەبوون دەرەنجامی چەپاندنێکی نامەنتیقیی رووداوەکانە. مرۆڤی تورە ئاستەکانی تورەیی لە ناواخنی خۆیدا حەشار نەداوە تا بتوانێ پارێزگارییان لێ بکا، تورەیی کردەیەکی خودئاگایانە و لۆژیکی نییە، پێوەندی بە ڕاددەی تورەیی و ژیی دەوروبەرەوە هەیە.

چیتر نیشتیمان بریتی نییە لە خاکی ژێر پێیەکان، نیشتیمان خاکی نێو فەزای گشتییە، کە مرۆڤ تێیدا هەست بە پارێزراوی و ئازادی بکا. (پۆپەر) لە قۆناغی یەکەمدا جیاکاری (contrast) لە نێوان ئەو تیۆریانەی زانستین (scientific) لەگەڵ ئەوانەی نازانستیندا دەکات.

لای (پۆپەر) تیۆری دەروونشیکاری و ئەفسوونگەری پێشبینیی ورد ناکەن، تیۆری زانستی دەبێت چەندین پێشبینی (insight) بکا.

وەکو ڕۆشنکەرەوەیەک میکانیکی نیۆتۆن بە نموونە

لێکۆڵینەوە

دەهێنینەوە لە هەردوو یاسای (بزاڤ و گرانشی گشتی).

بۆ یەکەمیان وزە یەکسانە بە ئەنجامی لێکدانی (m) و (l).

بە پێی دووەمیان هێزی کێشکردنی نێوان دوو شت راستەوانە دەگۆڕێ لەگەڵ ئەنجامی (m) و پێچەوانە لەگەڵ چوارگۆشەی مەودای نێوانیان.

بۆ دەبێ بەبێ رەچاوکردنی تیۆری زانستی بۆچونێکی وەها رەت بکەینەوە، ئەگەر بشزانین هەڵەیە؟

(لاکان) دەیویست وەکو کەسێکی شارەزا لە بواری ماتماتیک خۆی بناسێنێ بە نەشارەزایەکان، بەڵام لە دیدی شارەزاکاندا خۆی نەشارەزا بوو و هیچ بەڵگەیەک بۆ پێوەندیی نێوان ماتماتیک و دەرونشیکاری نادا بە دەستەوە. (لاکان) وەکو نموونەیەک بۆ تیۆری نازانستی باسی لێوە کرا.

لە چیرۆکەکەدا بێزارییەکی گەورەی پەنهانی ئەدەبی بە دی دەکرێ لە دابونەریتە کۆمەڵایەتی و سیاسییە باوەکان و هەست بەو تەمە دەکرێ نیشتیمانێکی داگیر کردووە نووسەر باسی دەکا، تەمی نیشتیمان مرۆڤگەلێکی داپۆشیوە کە نیشتەجێی ئەو نیشتمانەن (ئەمەش ناکۆکییە گەورەکەی نێوان فکری هیگڵ و کاروان)ە.

(هیگڵ) بە پێچەوانەی (کاروان) بەرگریی لە فەرمانڕەواکان دەکرد و (ناپلیۆن)ی بە رۆحی جیهانیان دادەنا و لەسەر پرەنسیپی حەقیقەتی شکستخواردوو بەرگری لێ دەکرد، لە کاتێکدا هەرخۆی پێشتر گوتبووی: (گەلی فەرەنسا پێکهاتەیەک کە هزری مرۆڤە رەتکراوەکانیەوە هەیبوو، بەرپەچی داوەتەوە وەکو کەوشی سەردەمی منداڵی فڕێی داوە).

لە نێو حکوومەتدا کەسێکی ناسراو بوو دواتریش وەکو (فەیلەسووفی رەسمی) زمانحاڵی دەستکەوتەکانی دەوڵەتی (پروسیا) ناسرا. راگری زانکۆی (بەرلین) بوو. لە ساڵی 1817 کورسییەکەی (فیختە) درا بە ئەو:

بەشێک لە قوتابییەکانی (فیختە) دەستیان کرد بە خوێندنەوەی فەلسەفەکەی (کانت) و (فیختە)یان ناچارکرد زانیاریی زیاتر لەمەڕ (کانت)ەوە کۆ بکاتەوە، هەر ئەمەش فیختەی خستە ژێر کاریگەریی (کانت) و زۆری نەبرد کردی بە رێبەری ئایدیالیسمی ئەڵمانی. جیاوازییەکان لەنێوان ئەو و زانکۆدا دەردەکەون، سەرەنجام (فیختە) واز لە زانکۆ دەهێنێ (هیگڵ کورسییەکەی وەردەگرێ).

(فیختە)ی نزیک لە (کاروان) و دوور لە (هیگل)، هانی خەڵکی ئەڵمانیای دا دژی (ناپلیۆن) شۆڕش بکەن. ئەو هەڵگەڕانەوە فکرییەی (هیگڵ) لە یەکەمین وتاریەوە دەست پێ دەکا کە تێیدا هێرش دەکاتە سەر یەهوودییەکان و مەسیحییەت پیرۆز دەکا، (ئینسکلۆپیدیای فەلسەفی) لە سێ بەشدا ئامادە دەکا، لەوێدا پێوەندیی (لۆژیک) و (سرووشت) و (رۆح) شێوازی روونکردنەوەکەیان (دیالیکتیکی)یە. (هیگڵ) دەیویست ببێتە (ئەرستۆ)ی سەردەمەکەی و زانستی مرۆیی بە وردبوونەوە لە رێڕەوی مێژوو بە شێوەی دەزگەیەکی فەلسەفی رێک بخا.

پەراوێز:

* (ماریا کۆرتۆ) نووسەریکی پۆستمۆدیرنە و بەرهەمی دیاری هەن کە گفتوگۆیەکی هزرین لە سەر ئەو پێوەندییەی لەتەک ئەدەب و فەلسەفەدا هەیە، دەقی وتەکەشی بە ئیتالی ئەمەیە :
Di che nazionalita e tuo parola?parola Di che nazionalita e tuo parola?)

سەرچاوەکان:

سەرچاوە کوردی و عەرەبییەکان:

1.کاروان عومەر کاکەسوور، پەیکەری ست رافۆن، گۆڤاری گەلاوێژی نوێ ژمارە (58)، 2012
2.جیل دولوز/ فلیکس غتاری ماهی الفلسفه، ترجمه مطاع صفدی، مرکز الإنماء القومی بیروت 1997
3.الفلسفه الحدیثه، نصوص مختاره، ترجمه: د. محمد سبیلا
4.البیر کامو، الانسان المتمرد، ترجمه أنیس زکی حسن، بیروت
5.هیجل، العقل فی التاریخ، ترجمه: د.امام عبدالفتاح امام، بیروت، بدون سنه النشر
6.هیجل، مبادی فلسفه الحق، ترجمه: تیسیر شیخ العرب، دمشق، 1974
7.هیجل، موسوعه العلوم الفلسفیه، ترجمه: د. امام عبدالفتاح امام، بیروت، 1983
8.کاروان عومەر کاکەسوور، منارەی ئاوەدانی، گۆڤاری ئایندە، ژمارە 91
9.بڵند باجەلان، منارەی داهێنان: خوێندنەوەیەک بۆ چیرۆکی منارەی ئاوەدانیی کاروان کاکەسوور، گۆڤاری گەلاوێژی نوێ ژمارە (58)، 2012
10.سۆران ئازاد، گوزارشتی خود، چەند لێکۆڵینەوەیەکی هزری و هونەرییە، چاپخانەی رۆژهەڵات، هەولێر، 2012

سەرچاوە فارسییەکان:

1.لشک کولاکوفسکی : درسهای کوچک در باب مقولاتی بزرگ، ت: د. روشنک وزیری، تهران، 2003
2.توماس هابز، لویاتان، م.حسین بشیریه، تهران، دفتر پژوهش و نشر سهروردی، 2001
3.قدیس اوگستین، اعترافات، م.ساییه میپمی، تهران، 2001
4.ژولی سادا-ژاندرون، تساهل در اندیشه غرب، ت:عباس باقری "تهران" 2003
5.مدرنیته و اندیشەی انتقادی... بابک احمدی... چاپ چهارم اسفند، 1380

سەرچاوە ئیتالییەکان:

1 Lo sono cosi cosi / carmelo caizzone/ Italia/ 1988
2 Narciso e Boccadoro / Herman Hesse / traduzione di Cristina Baseggio/direttore responsabile : pietro boroli / mondadori daeagostine /Milano/ 1998
3 patrica cornwell / postmortem /traduzione di Marco Amate / direttore responsabile : pietro boroli/Milano/ 1998
4 La fatorria degli animali / George orowell / traduzione di Bruno Tasso // direttore responsabile : pietro boroli/Milano/ 1998

بۆ وەرگرتنی زانیاریی زیاتر لەمەڕ تیۆری نازانستیی (لاکان) و پێوەندیی ئەو تیۆرییە بە ماتماتیکەوە، ئەم سەرچاوە ئیتاڵییە زۆر بە کەڵکە:
per favore, un biglietto /Beatrica) oliva /Roma/ 1976)

کێشەکانی خود لە دەرەوە و ناوەوەی خود لەم کتێبەدا باسیان کراوە:
Mid dia un libro / rachele formica / Italia/1990))



سیناریۆ

ئەندرێ تارکۆڤسکی
لە عەرەبییەوە: ئەکبەر حەسەن

کەسانێک هەن، سیناریۆ بە ژانرێکی ئەدەبی دادەنێن، بەڵام ئەمە راست نییە . سیناریۆ پەیوەندیی بە ئەدەبەوە نییە و پەیوەندییشی نابێت. ئەگەر ویستمان سیناریۆ لە فیلمەوە نزیک بێت، ئەوا دەبێت رێک بەو شێوەیە بینووسینەوە، کە وێنە دەگێرێ، واتە ئەوەی کە دەمانەوێت لە سەر شاشە ببینین، بە قسە وەسفی بکەین. سیناریۆش بەم جۆرە نانووسرێت و هەر سیناریۆیەکی لەم جۆرەش رەت دەکرێتەوە. چونکە ئەم وەسفکردنە ئەدەب

نییە، سیناریۆ پێویستی بە هاوڕایی هەیە. ئەو کەسانەی سیناریۆ دەنووسن، بە جۆرێکی وا دەینووسن، کە هەموان لێی تێدەگەن. ئەمە مانای ئەوەیە کە سیناریۆ زۆر دوورە لە بەرجەستەکردنی سینەماییەوە، چونکە وێنەی تەعبیریی سینەما هاوتای وێنەی تەعبیریی ئەدەبی نییە. ئەگەر هەندێک شوێنی رستەکان لە پەندە بەناوبانگەکەدا بگۆڕین، ئەوکاتە دەتوانین بەم شێوەیە دایبڕێژینەوە: فیلم ئەوەیە کە یەکجار دەیبینیت، سیناریۆش ئەوەیە کە دەیانجار دەیبیستیت. وێنەی تەعبیریی سینەما بە وشە نانووسرێت، چونکە ئەم وێنەیە وەسفکردنی تابلۆیەکە بە مۆسیقا. بە کورتی: ئەمە مەحاڵە.

نابێت سیناریۆی راستەقینە بە جۆرێکی وا بنووسرێت، وەک ئەوەی کارێکی ئەدەبیی ئامادەکراو بێت. بەڵکو دەبێت نووسەری سیناریۆکە وا بینووسێت، کە لە ئایندەدا ببێت بە فیلم. هەتا سیناریۆکە بە وردەکاریی زیاترەوە بنووسرێت، زیانی فیلمەکەی داهاتوو زیاتر دەبێت. زۆرجار ئەم جۆرە سینەمایە پێی دەوترێت سینەمای بێکەڵک. لەم سینەمایەدا پاڵەوانەکان بەناچاری "دەگۆڕێن"، هەموو شتێک تیایدا "دەجووڵێت" و شتی لەم جۆرە. ئەمە لە بنەڕەتدا هیچ نییە جگە لە پرۆژەی بازرگانییەکی نموونەیی. بەڵام سینەمای دانەر مەسەلەیەکی دیکەیە. مەحاڵە لە سینەمای دانەردا ناوەڕۆک لە رێگەی قسەی ئەدەبییەوە بگێڕدرێتەوە، چونکە لە هەموو حاڵەتەکاندا فیلمەکە بەو جۆرە نابێت. کەواتە دەبێت بە دوای هاوتای قسەدا بگەڕێین. لە بارودۆخی ئایدیاڵیدا نووسەری سینایۆ خودی دەرهێنەرە. چونکە سینەمای راستەقینە لە سەرەتاوە هەتا کۆتایی سەیری دەکرێت. سیناریۆی فیلمی (ئەوەی ژیانی خۆت بژیت)ی گۆدار لە یەک لاپەڕەدا نووسراوە. بە جۆرێکی وەهاش نووسراوە، زنجیرەی دیمەنەکان چەسپێنراون. ئەمە هەموو شتێکە و هیچ دیالۆگێکی تیادا نییە. ئەکتەرەکان ئەو قسانە دەکەن، کە لەگەڵ بارودۆخەکەدا دەگونجێت.

نموونەیەکی دیکە: فیلمە بێوێنەکەی کاسافیتس (سێبەر) بە مانای وشە فیلمێکی خۆڕسکە و ئامادەکاریی بۆ نەکراوە. درامای فیلمەکە لە ئەنجامی دیمەنە وێنەگیراوەکانەوە گەشەی کرد، نەک بە پێچەوانەوە. لەم فیلمەدا هەموو هەنگاوێکی پەرەسەندنی کردە دژی رێساکانە. پلاندانانە سەرەتاییەکە بە کارەکتەری خودی مادەکە تێکشێکنرا. بەم شێوەیە بەبێ درامە (بە مانا کلاسیکییەکەی) "هەموو شتێک شوێنی خۆی گرتووە"، هەموو شتێک قابیلی مۆنتاژکردنە، چونکە هەموو گرتەکان یەک سروشتیان هەیە و لە یەک دەچن.

بەڵام ئەمە مانای ئەوە نییە بە کامێرایەکەوە بڕۆینە سەر شەقام و دەست بە وێنەگرتنی فیلم بکەین. گومانم لەمە هەیە. بۆ ئەم کارە پێویستمان بە چەندین ساڵ هەیە. سیناریۆ بۆ یادهێنانەوەی ناوەڕۆک و خاڵی دەستپێکردن پێوستە. سیناریۆ بەم مانایە شتێکی مەزنە، بەڵام (دووبارەی دەکەمەوە) ئەگەر بە مەبەستی ناوەڕۆکی فیلم بێت، نەک زیاتر.

نازانم چۆن دەشێت لە سەر بنەمای سیناریۆیەک کە کەسێکی دیکە نووسیویەتی، فیلم وێنە بگیرێت؟ کاتێک دەرهێنەرێک سیناریۆی کەسێکی دیکە دەکات بە فیلم و تەواو لێی رازییە، ئەو کاتە دەرهێنەر بە ناچاری دەبێت بە تەفسیرکەری ئەو سیناریۆیە.

کاتێک سیناریۆنووس شتێکی نوێ پێشنیاز دەکات، ئەو کاتە وەک دەرهێنەر مامەڵە دەکات. بەڵام زۆرجار سیناریۆنووس ناچارە نیوەی وزەی خۆی بخاتە گەڕ. لەبەر ئەمە، باشترین حاڵەت ئەوەیە سیناریۆنووس لەگەڵ دەرهێنەردا سیناریۆکە بنووسێت.

هەوڵ دەدەم کەمێک زیاتر بیرکردنەوەی خۆم سەبارەت بە سیناریۆ و سیناریۆنووس شی بکەمەوە. بە هیوام



سیناریۆنووسە پرۆفیشناڵەکان بمبەخشن: پێم وایە لە بنەڕەتدا کەسێک نییە ناوی سیناریۆنووس بێت. مەسەلەکە لەم دوو حاڵەتە زیاتر نییە: یان سیناریۆنووسەکان نووسەرن و زۆر باش لە ماهییەتی سینەما تێدەگەن، یان دەرهێنەرن و خۆیان بابەتێکی ئەدەبی ئامادە دەکەن. کەواتە ژانرێک نییە ناوی سیناریۆ بێت.

بە شێوەیەکی گشتی هاوکێشەیەک هەیە، کە بەردەوام دەردەکەوێت. با بڵێین دەرهێنەر، کە سیناریۆ دەنووسێت، ئەو شتانەی کە وەک فۆرمێکی دیاریکراوی کات وێنایان دەکات، وەک کردە و دیمەن تۆماریان دەکات. دواتر لە سەر فیلمێکی خام دەیانچەسپێنێت. ئەم جۆرە سیناریۆیانە لە روانگەی ئەدەبەوە سیناریۆی پووچ و ئاڵۆزن نەک تەنیا بۆ خوێندنەوە، بەڵکو بۆ نووسینەوەش.

لە لایەنی دووەمەوە، ئەگەر سیناریۆنووس ویستی وەک نووسەرێک و بە شێوەیەکی ئەدەبی گوزارشت لە بیرۆکە ئەسڵییەکەی بکات، ئەو کاتە سیناریۆ نانووسێت، بەڵکو دەقێکی ئەدەبی دەنووسێت، با بڵێین چیرۆکێک لە دووتوێی 70 لاپەڕەی تایپکراودا دەنووسێت. بەڵام ئەگەر وەسفی فیلمەکەی ئایبندەی کرد، یان با بڵێین وەسفێکی مۆنتاژییانەی نووسی، ئەو کاتە دەبێت لە کامێرا و وێنەگرتنی فیلم نزیک ببێتەوە، چونکە هیچ کەس وەک ئەو وێنای ئەم فیلمە ناکات و هیچ دەرهێنەرێکیش ناتوانێت لەو باشتر وێنەی بگرێت. چونکە لەو کاتەدا بیرۆکەکە گەیشتووەتە لوتکەی خۆی و کۆتایی خۆی، تەنیا ئەوە ماوەتەوە وێنەی بگرێت.

بەم شێوەیە کاتێک سیناریۆکە باش دەبێت و سینەمایی دەبێت، ئەو کاتە فەزڵەکەی بۆ دەرهێنەر ناگەڕێتەوە، بەڵام ئەگەر دەقێکی ئەدەبی بوو، ئەوا دەبێت دەرهێنەر کاری تیادا بکات و شتێکی تازەی لێ دروست بکات.

کاتێک دەرهێنەر سیناریۆ لە کەسێکی دیکە وەردەگرێت و کاری لە سەر دەکات، بەردەوام ئەوەی بۆ دەردەکەوێت کە دەبێت گۆڕانکاریی تیادا بکات، هەرچەندە بیرۆکەی سیناریۆکە قووڵ و ئاڕاستەکانیشی ورد بێت. دەرهێنەر هیچ کاتێک ناتوانێت کتومت وەک خۆی لە سەر شاشە بەرجەستەی بکات، چونکە هەمیشە شێواندن روو دەدات. لەبەر ئەم هۆیەیە کە هەمیشە کارکردنی سیناریۆنووس لەگەڵ دەرهێنەردا دەگۆڕێت بۆ ململانێ و تەسفییەی حسابات. بەڵام کاتێک بیرۆکە سەرەتاییەکانی دەرهێنەر و سیناریۆنووس لە رەوتی کارکردن لە سیناریۆدا وردوخاش دەبنو لە ئاسەوارەکەی کۆرپەلەیەکی نوێ، بوونەوەرێکی لە دایک دەبێت، ئەو کاتە دەشێت فیلمێکی پڕ بەها بەرهەم بێت.

باشترین حاڵەت ئەوەیە فۆرمە سروشتییە نموونەییەکە ئامادە بکەین کە بریتییە لەوەی دەرهێنەر خۆی سیناریۆ ئامادە بکات. لەم حاڵەتەدا بیرۆکەکە وردوخاش نابێت و ناشێوێت، بەڵکو بە شێوەیەکی زیندوو پەرە دەسێنێت، بە دیاریکراوییش ئەگەر دەرهێنەری فیلمەکە خۆی سیناریۆ بنووسێت یاخود سیناریۆنووسەکە خۆی فیلمەکە دروست بکات.

لەبەر ئەمە، پێم وا نییە ئەم دوو پیشەیە لە یەک جیا بکرێنەوە: دەرهێنان و نووسینی سیناریۆ لە کۆتایی وێستگەدا. سیناریۆی راستەقینە تەنیا دەرهێنەر دەینووسێت، بەری کارێکی نموونەیی بەرهەمی کارکردنی دەرهێنەر و نووسەرە پێکەوە.

بەڵام ناشێت نووسەر ببێت بە سیناریۆنووس. نووسەر دەتوانێت ئاسۆ پیشەییەکەی فراوان بکات، بەڵام مانەوەی وەک سیناریۆنووس بۆ ماوەیەکی زۆر بە شتێکی بێبەرهەم دەزانم.

به کورتی، پێم وایه سیناریۆنووسی باش به لای دەرهێنەرەوە تەنیاوتەنیا نووسەرێکی باشە، چونکە هەندێک ئەرک لە بەردەم سیناریۆنووسدا هەن، کە پێویستیان بە بەهرەیەکی راستەقینەی نووسینە. لێرەدا مەبەستم لە ئەرکە سایکۆلۆجییەکانە. لێرەدا کاریگەرییە بەسوود و پێویستەکەی ئەدەب لە سەر سینەما بەرجەستە دەبێت، کاریگەرییەک کە تایبەتمەندییەکانی ناشێوێنرێن. لە ئێستادا لە سینەمادا هیچ شتێک ئەوەندەی سایکۆلۆجیا فەرامۆشکراو نییە. باسی تێگەیشتن و کەشفکردنی قووڵایی حەقیقەتی ئەو حاڵەتانە دەکەم، کە کەسێتی پێیاندا دەڕوات. سینەما لە دەرهێنەر و سیناریۆنووس دەخوازێت زانیارییەکی زۆریان سەبارەت بە مرۆڤ هەبێت و لەم زانیارییانەشدا زۆر ورد بن. لەم حاڵەتەدا نابێت دەرهێنەری فیلم تەنیا وەک پسپۆرێکی سایکۆلۆجیا لە کەسێتییەوە نزیک بێت، بەڵکو دەبێت وەک پزیشکێکی دەروونییش لێیەوە نزیک بێت. چونکە زۆرجار هارمۆنیای جووڵە لە سینەمادا بە پلەیەکی زۆر، بگرە یەکلاکەرەوە، پشت بە حاڵەتە بەرجەستەکانی سروشتی مرۆڤ دەبەسێت لە بارودۆخە دیاریکراوەکاندا. ئاشنایی سیناریۆنووس بەم حاڵەتە درووونییانە وای لێ دەکات بتوانێت، بگرە ناچاری دەکات، زۆر شت بە دەرهێنەر ببەخشێت. لەبەر ئەمە، دەبێت سیناریۆنووس نووسەرێکی راستەقینە بێت.

نابێت سەرسام بن بەوەی سیناریۆنووس ببێت بە دەرهێنەر. چەندین نموونەمان لەسەر ئەمە هەیە، بۆ نموونە ژمارەیەکی زۆر لە دەرهێنەرانی شەپۆلی نوێی فەڕەنسی یاخود دەرهێنەرانی ریالیزمی نوێی ئیتالی لە بنەڕەتدا رەخنەگر یان سیناریۆنووس بوون. ئەمە شتێکی ئاساییە. بەم پێیە، دەبینین هەموو دەرهێنەرە بەناوبانگەکان سیناریۆ دەنووسن، یاخود لەگەڵ نووسەراندا بەشداریی نووسینی دەکەن.

بە شێوەیەکی گشتی، نووسینی سیناریۆ و گفتوگۆکردنی لەگەڵ لیژنە زۆرەکانی هەڵسەنگاندندا دیاردەیەکی کۆن و دەگمەنە و رۆژێک لە رۆژان سینەما کۆتایی پێ دەهێنێت. چونکە مەحاڵە لە رێگەی سیناریۆوە حوکم بە سەر فیلمدا بدەیت، ئەمەش بۆ هەموان ئاشکرایە. کەم نین ئەو فیلمانەی کە چاوەڕوانییان لێدەکرێت فیلمی باشیان لێ دەربچێت، بەڵام شکست دەهێنن، لە کاتێکدا ئەو فیلمانەی کە کەس باوەڕی بە سیناریۆکانیان نییە، لە توحفە هونەرییەکانەوە سەرچاوە دەگرن.

بە کورتی، لێرەدا هیچ لۆجیکێک نییە. ئەگەر کەسێک هەبێت بڕوای وا بێت دەتوانێت لە رێگەی سیناریۆوە حوکم لە سەر ئەو فیلمە بدات کە دواتر دروست دەکرێت، ئەوا من دڵنیاتان دەکەم ئەو کەسە لە وەهمدا دەژی.

لە رۆژئاوادا بەرهەمهێنەر هەیە دەیەوێت ئاگاداری ئەو پرۆژەیە بێت، کە سەرمایەی تیادا دەخاتە گەڕ، لە یەکێتیی سۆڤێت دامەزراوەی سینەما هەمان ئەم ئەرکەی لە سەر شانە و بە هەمان شێوە دەیەوێت بزانێت پارەی دەوڵەت چی لێ دێت. بەڵام ئەمە خۆخەڵەتاندنە و زیاد لە جارێک سەلمێنراوە. ئەم خۆخەڵەتاندنەش دوولایەنەیە: ئێمە خۆمان دەخەڵەتێنین، ئەو کەسانەش کە دەیانەوێت حوکم لە سەر کارەکانمان بدەن، بە هەمان شێوە خۆیان دەخەڵەتێنن.

پێم وایە ئێمە پێویستمان بە پیشەی سیناریۆ دەبێت مادام بەرهەمهێنەر لە وێنەی سەرمایەدارێک یان دامەزراوەیەکی حکوومیدا بوونی هەیە. لەگەڵ ئەوەشدا هاوکاریی نێوان دەرهێنەر و نووسەر کێشەیەکی ئاڵۆزە. هەتا نووسەر باشتر بێت، گۆڕینی سیناریۆکەی بۆ فیلم قورستر دەبێت. بۆ ئەوەی لەم قسەیە تێبگەین، ئەوەندە بەسە کارەکانی ئەندرێ بیتۆڤ و گرانت ماتیفیسیان یاد

بهێنینەوە. بۆ ئەوەی هاوکاریی نێوان دەرهێنەر و نووسەر بەرهەمدار بێت، زۆر پێویستە نووسەر لەوە تێبگات کە بەرهەمی سینەمایی تەنیا روونکردنەوەی دەقی ئەدەبی نییە. چونکە کاری سینەمایی بە ناچاری جۆرێک لە تەعبیریەتی هونەری بەرهەم دەهێنێت، کە نامۆیە بە ئەدەب. لەگەڵ ئەوەشدا خودی کاری ئەدەبی هەمان حاڵەتی هەیە و تەنیا مادەیەکی خامە بە دەستی دەرهێنەرەوە، تەنیا پاڵنەرێکە لە شێوەیەکی تایبەتدا بۆ داهێنانی جیهانێکی تەعبیریی رەسەن. لە ژیانی رۆژانەمدا تووشی نووسەرانێک بووم، کە نەیانتوانیوە لەم حاڵەتە تێبگەن، بۆ نموونە لیم و بۆگۆمۆڵۆڤ. ئەوان پێیان وا بوو نابێت دەرهێنەر یەک وشە لە دەقەکانیان بگۆڕێت. مەبەستم ئەوەیە تێنەگەشتن لە تایبەتمەندێتیی سینەما وەهمێکی باوە. بەڵام لە لایەکی دیکەوە هاوکاریکردنم لەگەڵ سترۆتاتسکیدا بەرهەمدار بوو.



بە کورتی، هەموو نووسەرێکی باش ناتوانێت ببێت بە سیناریۆنووس، ئەوەش بە هۆی ئەو هۆکارەی کە پێشتر باسم کرد. ئەمەش نە عەیبە و نە فەزیلەتە بۆ نووسەر. بەڵکو تەنیا ئەوەیە تایبەتمەندیی وێنەی تەعبیریی ئەدەبیی جیاوازە لە وێنەی تەعبیریی سینەما.

بابەتی سیناریۆ چییە؟ ئاشکرایە ئەم پرسیارە یەک وەڵامی نییە. با فیلمەکانی گۆدار و کاسافێتس بیر بهێنینەوە، کە پێشتر وەک نموونەیەک باسم کردن. لەبەر ئەوەش لەسەر ئەم تێگەیشتنەی بابەت دەوەستم، کە پێم وایە لەم ساتەدا قبووڵکراوترین تێگەیشتنە، واتە ئەو تێگەیشتنەی کە رەنگدانەوەی وێناکردنی منە بۆ سیناریۆ. لەبەر رۆشنایی وێناکانی ئێستام بۆ توانا و تایبەتمەندییەکانی سینەما وەک هونەرێک، زۆر بە لامەوە گرنگە بابەتەکە وەڵامی پێداویستییەکانی کات و شوێن و کردە بداتەوە و لەگەڵیاندا بگونجێت بە پێی بنەمای پێشینەکان. پێشتر بە لامەوە گرنگ بوو توانا گشتگیرەکان بەکار بهێنم بە تەواوترین شێوە لەگەڵ مۆنتاژێکی بەردەوامدا: هەواڵەکان وەک چینە کاتییەکانی دیکە، خەونەکان، رووداوە تێکەڵەکان، کە تاقیکردنەوە و پرسیاری چاوەڕواننەکراو دەخەنە بەردەم کەسێتییەکان. ئێستا دەمەوێت کات و رەوتەکانی دەربکەون و لە ناو کادردا بەرجەستە ببن و بەستنەوەی مۆنتاژی مانای بەردەوامیی کردە بگەیەنێت و بەس، دابڕانێکی کاتی لەگەڵ خۆیدا هەڵنەگرتبێت، لە رووی درامییەوە ئەرکی هەڵبژاردن و رێکخستنی کات بەجێ نەهێنێت.

پێم وایە ئەم جۆرە چارەسەرە کە رواڵەتییە و تا ئەوپەڕی سادەیە، توانای زۆر دەبەخشن. با ئێستا لە سەر کێشەی دیالۆگ بوەستین. نابێت مەغزای دیمەن لەو وشانەدا چڕ بکرێتەوە، کە کەسێتیی دیمەنەکە دەیانڵێت. "وشەکان، وشەکان، وشەکان" لە ژیانی راستەقینەدا تەنیا ئاوێکن، بە دەگمەن دەتوانین (تەنانەت ئەگەر بۆ ماوەیەکی کەمیش بێت) تێبینیی هاوتایی وشە و ئاماژە، وشە و کار، وشە و بیرۆکە بکەین. بەڵام بە زۆری وشە و حاڵەتی دەروونی و کردە لای مرۆڤ لە چەند ئاستێکی جیاوازدا پەرە دەسێنن. ئەمانە کارلێک دەکەن، هەندێک جاری کەم یەکدی دووبارە دەکەنەوە، زۆرجاریش دژی یەک دەبن، هەندێک جاری دیکەش بە یەکدا دەدەن و یەکدی ئاشکرا دەکەن. تەنیا ئەو کاتە دەتوانین بگەین بە حەقیقەتی رووداوەکە و تایبەتمەندییەکەی، کە بە تەواوەتی بزانین لە هەریەک لەم ئاستانەدا چی روو دەدات و چۆن روو دەدات.

ئەو وێنە تەعبیرییەی کە ناوی دەنێم وێنە-تێبینی، وێنەی وردی دیاریکراو بەرهەم دەهێنێت. ئەم وێنە

ورده دیاریکراوەش دەرەنجامی گونجانی تەواوەتیی وێنە-تێبینییەکەیە لەگەڵ وشە گۆکراوەکە و جیاوازیی ئاڕاستەکانیان.

دیالۆگ لە ئەدەب و درامای شانۆییدا گوزارشت لە مەغزا دەکات (هەڵبەت نەک بە پێویست، بەڵکو زۆربەی جار). لە سینەماشدا دەشێت لە ڕێگەی دیالۆگەوە هزرەکان بخرێنە روو، ئەمە ئەو شتەیە کە لە ژیانی ڕاستەقینەدا روو دەدات. بەڵام بنەمای بەکارهێنانی دیالۆگ لە سینەمادا جیاوازە. دەرهێنەر بەردەوام شاهیدی ئەو شتانەیە کە لە بەردەم کامێرادا روو دەدەن. دەشێت لە سینەمادا قسەکردن بە شێوەیەکی گشتی وەک کارتێکەرێکی دەنگی یان باکگراوندێک بەکار بهێنرێت. دەتوانین بڵێین چەندین فیلمی باش هەن، کە هیچ دیالۆگێکیان تێدا نییە. لە سینەمادا کەسێتییەکان ئەو قسانە دەکەن، کە بە کردەوە نایانکەن، ئەمەش شتێکی باشە. لەبەر ئەمەش دیالۆگ لە سینەمادا جیاوازە لە دیالۆگ لە دەقی ئەدەبیدا. ئەگەر (کەسێتی-بیرۆکە) لە شانۆدا شیاو بێت، ئەوا لە سینەمادا نەگونجاوە. تەنانەت لە دەقی ئەدەبییشدا کەسێتی لە چیرۆکی درێژدا جیاوازە لە ڕۆمان یاخود کورتەچیرۆکدا.

بە کورتی: ئەرکی کەسێتی لە سینەما و بەدواشیدا ئەرکی دیالۆگ جیاوازن لە ئەرکی کەسێتی و دیالۆگ لە ئەدەب و شانۆ و پەخشان، واتە ژانرە هونەرییەکانی دیکە.

کەواتە کەسێتی لە سینەمادا چییە؟

بە داخەوە کەسێتی وەک (ڕێسایەک) شتێکی تەقلیدی و نزیککراوە و کەمخوێنە. ئەگەرچی ئەم کێشەیە زیاد لە جارێک ڕووبەڕووی سینەما بووەتەوە، بەڵام هەندێک جار سەرکەوتووانە چارەسەر کراوە.

با فیلمی (چیباییڤ) بە نموونە وەربگرین. بەلای منەوە ئەم فیلمە فیلمێکی نامۆیە، چونکە بابەتەکەی باشە، هەموان ئەمە دەزانن. بەڵام بە شێوەیەکی خراپ مۆنتاژ کراوە. چونکە لە کاتی بینینی فیلمەکەدا هەست بەوە دەکەین کە بابەتە وێنەگیراوەکە بۆ مۆنتاژێکی جیاوازتر لەمە وێنەگیراوە. دەرەنجامەکەش ڕێبەرێک بوو نەک فیلمێک.

بابۆشکین (ئەکتەری سەرەکیی فیلمەکە) ڕەزامەند و تا ڕادەیەکیش شاعیر بوو، بەڵام بابەتی فیلمەکە بەس نەبوو بۆ دروستکردنی ئەم تایبەتمەندییانە. لەبەر ئەمەش پاڵەوانەکەی پاڵەوانێکی فێرکار بوو. هەموو شتێکی فیلمەکە ساویلکانە بوو، تەنانەت خودی دەستنووسی فیلمەکەش، کە ئەمە وای لێدەکردیت هەست بکەیت پارچەی فیلمێکت لەبەر دەستدایە. دەشێت دانەرەکان شتێکی جیاوازتریان ویستبێت لەوەی کە لە نوسخەی کۆتاییدا بەرهەم هات.

دەشێت لە فیلمی (سەرۆکی کۆلخۆز)دا تێبینیی هاوشێوەیی لە بونیادی کەسێتیدا بکرێت، ئەم بنەمایە کە دەستنووسێکە، لە بنەڕەتدا گوتەزایەکە: (پاڵەوانەکە وەک هەر یەکێک لە ئێمە وایە). بەڵام بنەمای دیکە هەن بۆ داهێنانی کەسێتی. با فیلمی (ئەمبیرتۆ دی)ی دەرهێنەر دی سیکا بە نموونە وەربگرین.

هەر جارێک کە فیلمێک دەبینیت و ڕێکەوتی کەسێتییەک دەکەیت کە تەنیا بە چەند هێڵێکی گشتی وێنەی کێشراوە، خەیاڵت بێویستانە وێنەی دانەرێکت بۆ دەکێشێت، کە دانیشتووە و بیر لە چۆنێتیی گێڕانەوەی ئەم چیرۆکە بە سەرنجراکێشان و چێژێکی زیاترەوە دەکاتەوە، تۆش هەست بە هەوڵی تۆقینەر دەکەیت کە بۆ سەرنجڕاکێشانی بینەر خراوەتە گەڕ، ئیتر بە هەر شێوەیەک بێت. ئەمە لە بنەڕەتدا بنەمای سینەمای بازرگانییە. بینین جەوهەری ئەم فۆرمەی سینەمایە، نەک وێنەیەکی تەعبیریی سەرنجڕاکێش، کە ڕەشنووسێک دەخرێتە شوێنی و لە کۆمەڵێک شتی جێگەی باوەڕ



پێکهاتووە. بۆ نموونە، بۆ ئەوەی پاڵەوانە باشەکە زیندوو پیشان بدرێت، دەبێت هەر لە سەرەتاوە رقی لە شتێکی ناشیرین بێت.
بەڵام کاتێک لەگەڵ کاری هونەریی راستەقینەدا مامەڵە دەکەین، مامەڵە لەگەڵ "شت لە خۆیدا" دەکەین، لەگەڵ وێنەیەکی هونەریی لە تێگەیشتن نەهاتوو (غیر مفهومە)دا مامەڵە دەکەین، رێک وەک ژیان. هەر کە دەستمان بە قسەکردن کرد دەربارەی ئەو شێواز و دەستاوێژ و رێگەیانەی کەوا لە کاری هونەری دەکەن سەرنجڕاکێش بێت، دەبینین کەوتووینەتە "ناو مەحاڵێتییەوە" لە ناو سنوورە تەقلیدییە بازرگانییەکەی ژیاندا.
هونەری راستەقینە گرنگی بەو سەرنجە نادات، کە لای بینەر دروستی دەکات.
هەندێک جار دەبیستین ئەم فیلمە پەیوەندیی بە ژیانەوە نییە. من هەرگیز لەمە تێناگەم. ئەم جۆرێکە لە وڕێنە. مرۆڤ لە ناو رووداوەکانی سەردەمەکەی خۆیدا دەژی، مرۆڤ و بیرکردنەوەی مرۆڤ رووداوێکی دیاریکراون لە واقیعی هەبووی ئەمڕۆدا. (ئەوەی پەیوەندیی بە ژیانەوە نییە) دەشێت کەسێکی خەڵکی مەریخ دروستی بکات.
ئاشکرایە هەموو ژانرێکی هونەری مامەڵە لەگەڵ مرۆڤدا دەکات، تەنانەت ئەو کاتەش کە وێنەکێشێک وێنەی شتێکی بێگیان دەکێشێت.
زۆرجار ئەم جۆرە قسەیە دەبیستین: ئێمە وەک پێویست کێشەکانی تایبەت بەم یان بەو بابەت ناوروژێنین، بابەتی کشتوکاڵ، چینی کرێکار، رۆشنبیران یان هەر بابەتێکی دیکە. مەسەلەکە، وەک ئەوەی من دەیبینم، بەم شێوەیە مومکین نییە، چونکە هیوایەک لەوەدا نییە کە هێڵکێشانی هونەری سینەما لە سەر شێوەی هێڵکارییەکەی پەیوەست بە کۆمەڵێک بابەتی دیاریکراوەوە بمانگەیەنێت بە دەرەنجامێکی باش.
پێم وایە سینەما، وەک هەر هونەرێکی دیکە، مرۆڤ دەکات بە ناوەڕۆک و ئامانجی خۆی و پێش هەموو شتێک چاوی دەخاتە سەر، هیچ پێویست نییە رۆ بچێتە ئەم یان ئەو بابەتەوە.
دەمەوێت لێرەدا پەندێکی بەپێز و بەناوبانگتان بیر بخەمەوە، کە زۆرجار لە بیری دەکەین. پەندەکە قسەیەکەی ئینگڵسە و دەڵێت: "هەتا تێڕوانینەکانی نووسەر شاراوەتر بن، باشترە بۆ کاری هونەری".
ئەمە مانای چییە؟ لێرەدا قسەکە (بە تێگەیشتنی من) مانای نەبوونی لایەنگیری ناگەیەنێت، چونکە هەموو کارێکی هونەری لایەنگیرە، بەڵکو لێرەدا مەبەست لە شاردنەوەی بیرۆکە و مەبەستی دانەرە بە رادەیەکی زۆر، بە جۆرێک کە کارە هونەرییەکە بتوانێت شێوەیەکی تەعبیری زیندووی ئینسانی وەربگرێت و بیرۆکەیەکی هونەری لە خۆی بگرێت، کە تیایدا وێنە تەعبیرییە هونەرییەکە، کە تێزە فکرییەکە دەشارێتەوە، زاڵ ببێت.
لێرەدا باسەکە لە سەر ئەوەیە ئەو تێڕوانینانەی کە دانەر تەعبیریان لێ دەکات، ئاڵۆزن، دەرەنجامی بیرکردنەوەی جدی و کۆژانی قووڵن و شێوەکانیانن. دەبێت باسی ئەوە بکەین هونەرمەند لە رێگەی وێنە تەعبیرییەکانەوە بیر دەکاتەوە، تەنیا بەم رێگەیەش دەتوانێت تێڕوانینی خۆی بۆ ژیان روون بکاتەوە. هونەر تەنیا گرنگی بە مرۆڤ دەدات، ناتوانێت لە مرۆڤ زیاتر گرنگی بە شتێکی تر بدات، لەبەر ئەمەش ناتوانێت بڕواتە دەرەوەی چوارچێوەی تێروانینی مرۆڤەوە. ناشتوانێت لە گۆشەیەکی دیکەوە، لە گۆشەیەکی نامرۆییەوە سەیری مرۆڤ بکات. لە ژیانمدا دوو جار بەر ئەمە کەوتووم. لە فیلمی سۆلاریسدا وام بە پێویست زانی لە گۆشەیەکی نامرۆییەوە یەکێک لە دیمەنەکان وێنە بگرم و خۆم

له شێوازی وەرگرتنە کلاسیکییەکەی مرۆڤ لا بدەم. مەبەستم خۆکوشتی هاری و وردە وردە نوێبوونەوەیەتی. بەڵام ئەمە هیچی لێ سەوز نەبوو، تەنیا ئەوە دەرکەوت کارێکی لەم جۆرە مەحاڵە. چونکە هەموو ساختەکاری و دروستکردنەوەیەک تەنیا سیستەمێکی بەڵگەیی لۆجیکی لێ دەکەوێتەوە، نەک وێنەی تەعبیری.

بەڵام هەروەک پێشتریش وتم، لە ئەدەب و شیعر و نیگاردا چەند مۆدێلێکی جیاوازیی بونیادنانی کەسێتی هەن. ئەوەی شکسپیر لە شانۆنامەکانیدا دەیکات، لە ئەدەبدا مەحاڵە، چونکە لە درامای کلاسیکیدا سیستەمی فەلسەفیی تەواو و چەمکەکان لە فۆرمی کەسێتیدا دەردەکەون. بۆ نموونە هاملێت یان ماکبێس. ئەمانە کەسێتی یان مۆدێل نین، بەڵکو چەمکن، تێڕوانینن و لە ئەدەب و شیعردا مەحاڵن، چونکە وەک پلانی تۆقێنەر دەردەکەون. ئەمە تەنیا لە درامای شکسپیردا هەستی پێناکرێت، بەڵکو لە درامای ئەسترۆڤسکی و بن جۆنسن و بیراندیلۆشدا هەستی پێدەکرێت. بەڵام ئەمە لە شانۆدا فۆرمە هەرە سروشتییەکەی بوونی ناوەڕۆکی مرۆییە. بە پێی ئەم بنەمایە دەقێکی ئەدەبی بنووسن، واتە دەقێکی بێ کەسێتی، بۆتان دەردەکەوێت مەحاڵە. راشکاوانە دەڵێم تەنیا رۆمانێکیش شک نابەم، جا ئەگەر رۆمانی سەدەکانی ناوەڕاست بێت یان هاوچەرخ، لە بنچینەکەیدا کەسێتیی مرۆیی نەبێت. بەڵام ئەگەر لە سینەماشدا بە هەمان شێوەی ئەدەب کار لە سەر کەسێتی بکەین، هیچمان دەستگیر نابێت. مەبەستم ئەو تێڕوانینەیە کە پێی وایە فیلم رۆمانێکی سینەماییە. بەبۆچوونی من ئەم تێڕوانینە هیچ راست نییە. چونکە هەوڵێکی پەتییە بۆ گواستنەوەی بنەماکانی ئەدەب لە گواستنەوەی وێنەی تەعبیریی مرۆییدا بۆ سینەما، چونکە ئەو کاتە ئەم ئەدەبە لەسەر شریتێکی خام چەسپێنراوە. خۆ ئەگەر هەوڵ بدەین شێوازە باوەکەی ئامادەکردنی ئەکتەر لە شانۆی کلاسیکدا بگوێزینەوە بۆ سینەما، دیسانەوە هیچمان دەستگیر نابێت، هەموو شتێک ناڕەسەن و نزیککراوە دەبێت. بەم پێیەش، دەبێت سینەما شێوازی تایبەتی خۆی هەبێت بۆ پێشکەشکردنی هزرەکان. ئەمە مانای ئەوە نییە دەبێت هەموو دەرهێنەرەکان بە یەک شێواز کار بکەن، بەڵکو مانای ئەوەیە سینەما بابەتی تایبەتی خۆی هەیە، کە دەرهێنەران بە شێوازی تایبەتی خۆیان کاری لەسەر دەکەن. ئەم بابەتە، هەروەک پێشتریش وتم، کاتە. تێبینی بکەن هەر کە دەرهێنەر دەست دەخاتە سەر ژانرەکانی تری هونەر، ئەو ژانرانە دەهێنێتە ناو سیستەمە تەعبیرییەکەی خۆیەوە و بەمەش وەستانێک دروست دەکات، وەک ئەوەی چووبێتە ناو ناوچەیەکی مردووەوە، چیتر فیلمەکەی زیندوو نابێت، چونکە کوتانی فیلم بەم جەستە غەریبانە بەرهەمە هونەرییەکە وێران دەکات. ئەو فیلمانە یان بەشی ئەو فیلمەکانەی کە شێوەکانیان تایبەت نییە بە سینەما، دەبن بە فیلمی مۆدێل کۆن و لە بەردەم تاقیکردنەوەی کاتدا خۆیان ناگرن، بگرە دەبن بە فۆرمێکی لاقەکراوی ژانرەکانی دیکەی هونەر.

زۆرجار لەو گفتوگۆیانەی کە دەربارەی درامای سینەمایی دەکرێن، دەبیستین گوایە کردە بنەمای بنچینەییە. هەموو کەسێک باسی کردە دەکات، بەڵام کردە چییە؟ کردە بوونی شتەکان و جیهانی واقیعییە لە ناو کاتدا. ئەمە هەموو شتێکە. بابەتێکی ئاڵۆز نییە دیمەکانی فیلم رێک بخات پاش ئەوەی دەبێت بە کلێشەکەی و سەرکەوتن بۆ دامەزراوە بەرهەمهێنەرەکەی زامن بکات. هەموو ئەمانە زاراوەی یاریکردنن بە بنەما. چونکە ئێمە زۆر وریای ژیان نین و گرنگیی پێ نادەین، ژیانێک کە هۆی بوونی هونەرە، بەڵکو بە پێی رێساکەی جول فێرن لە نووسینگەکانماندا سەرقاڵی داهێنانین.

وتار

زۆر کڵێشە هاتوونەتە بوون، زمانێکی زاراوەیی دیاریکراو سەری هەڵداوە، بۆ نموونە زمانی ئەسبیرانتۆ. چونکە ئێمە بە زمانێکی دێرین کە هێشتا لە ناوماندا ریشەی دانەکوتاوە، خەریکی گێڕانەوەی چیرۆکین. یەکتری دووبارە دەکەینەوە بەبێ ئەوەی بتوانین هیچ شتێک بدەین بە هیچ کەسێک. بەڵام ئەمە جەماوەرێکی دیاریکراو رادەکێشێت، بە رادەیەک کە بەسە بۆ ئەوەی بەرهەمهێنانی سینەمایی بەردەوام بێت. بەڵام لە رووی بنەماوە، هیچ کەسێک بە جدی دەستی لە جەوهەری سینەما نەداوە. جارێکیان کەسێک باسی رووداوێکی بۆ کردم کە لە کاتی جەنگدا رووی داوە. بریاری گوللەباران بۆ کەسێک دەرچوو، ئەوەیش بە هۆی ترسنۆکی یان ناپاکییەوە، باش بیرم نەماوە. ئەم کەسە لەگەڵ کۆمەڵێک کەسی تر لە تەنیشت دیواری بینایەک، کە قوتابخانەیەکی سەرەتایی بوو، وەستابوو. وەرزی بەهار بوو، بەفر دەستی بە توانەوە کردبوو و گۆماوێکی دروست کردبوو. پێش ئەوەی گوللەبارانیان بکەن، داوایان لێ کردن پاڵتۆ و پۆستاڵەکانیان دابکەنن، کە لەو کاتە زۆر پێویستیان پێیان بوو. هەموویان فەرمانەکەیان جێبەجێ کرد تەنیا یەکێکیان نەبێت کە زۆر بە وردییەوە پاڵتۆکەی پێچایەوە و بە دوای شوێنێکی وشکدا گەڕا بۆ ئەوەی پاڵتۆکەی لێ دابنێت. بەڵام گۆماوەکان زۆر بوون و دۆزینەوەی شوێنێکی وشک ئەستەم بوو. بەڵام ئەم کەسە رانەهاتبوو پاڵتۆکەی لە شوێنی تەڕدا دابنێت. پاش چەند خولەکێک لە تەنیشتی دیوارەکەوە کەوتبوو و چیتر پێویستی بە پاڵتۆکە نەبوو، بەڵام بە شێوەیەکی میکانیکی جووڵاو بە هۆی راهاتنیەوە، چونکە هزری کەوتبووە پێش مردنییەوە. حاڵەتەکەی بەم شێوەیە بەرجەستە بوو. ئەمە بە لای منەوە ئەوپەڕی تەعبیرە.

دواجار لە سینەمادا هەمیشە وردی شاگەشکەمان دەکات. ماوەیەک پێش ئێستا کەسێکی بەهرەمەند هاتە بواری سینەماوە، ئەو کەسەش ئەلێکسی گیرمانە کە خەڵکی لینینگرادە. فیلمێکی چێژبەخشی بە شێوازی تایبەتی خۆی دروست کرد بە ناوی (20 رۆژ بەبێ شەڕ). لەم فیلمەدا بەشی زۆر سەرسامکەر هەن و نوقڵانەی سینەماکارێکی راستەقینەن سەرەڕای نەبوونی گشتێتی تیایدا. دەتوانم بە یەکێک لەو دە کەڵەپیاوە بەناوبانگە ناوی ببەم، کە کوڕی هەموو سەردەمێکن، ئەگەرچی هێشتا زۆر شت نازانێت. لەگەڵ ئەوەشدا ئەم قسەیە تایبەت نییە بە ئەو ئەوەندەی تایبەتە بەو سیناریۆنووسەی کە سیناریۆی فیلمەکەی نووسیوە. فیلمەکە شوێنی سەرنجڕاکێشی تیایە، بۆ نموونە کۆبوونەوەیەکی جەماوەری لە کارگەیەکی تاشقەند. دیمەنەکە بە جۆرێکە و لە ئاستێکدا دروست کراوە، کەوات لێ دەکات سەرت بسووڕمێ لەوەی چۆن دەشێت کەسێک کە شەڕی نەبینیوە، دیمەنێکی ئاوا دروست بکات؟ هەمو مەسەلەکەش بریتییە لە چۆنێتیی هەستکردنی و وردکردنەوەیەتی.

خۆزگە دوو فیلمەکەی سێرگی پاراجانۆڤ بە تایبەتی فیلمی دووەم و فیلمە سێینەکەی (تریلۆجی) ئەوتار ئەیۆسیلیانی دەبینی. کەسانێکن چاڵی قووڵ هەڵەکەنن، چونکە بە باشی ماهیەتی سینەما دەناسن. لەگەڵ ئەوەشدا ئەوان نکۆڵی لەوە ناکەن کەسیان لەوی تریان ناچێت، بگرە بە پێچەوانەوە، ئەوان لە شێواز و لە بابەت و لە هەموو شتێکدا لە یەک جیاوازن.

بۆ ئەوەی درامایەکی سینەمایی تەواو بەهادار دروست بکەین، پێویستە شێوەکانی کارە مۆسیقییەکان لە نزیکەوە بناسین: فیوگا، سۆناتا، سیمفۆنیا و... هتد، چونکە فیلم وەک فۆرمێک لە بونیادی مۆسیقیی مادەوە

نزیکە. لێرەدا لۆجیکی رووداوەکان گرنگ نییە، بەڵکو فۆرمی رووداوەکان و بوونیان لە مادە سینەماییەکەدا گرنگە. لۆجیکی رووداو و فۆرمی رووداو دوو شتی جیاوازن، چونکە کات خۆی بووە بە فۆرم.
کۆتایی لە فۆرمە گشتییەکەدا لە درامای سینەماییدا زۆر گرنگەو هاوتایە بە گرنگیی کۆد لە کاری مۆسیقیدا.
نموونەی ئەم جۆرە تێگەیشتنە گرنگ نییە هەر چەندە دیمەن و کەسێتی و رووداوەکانیش بە دوای یەکدا بێن، گرنگ لۆجیکی یاسا مۆسیقییەکانە، تێما، دژەتێما، پەرەسەندن و شتی لەم جۆرە. ئەم بنەمایە لە فیلمی "ئاوێنە" بۆ رێکخستنی مادە زۆر بەکار هێنراوە. درامای سینەمایی لە بنچینەکەیدا نزیکە لە فۆرمی مۆسیقییەوە لە پەرەپێدانی مادەکەدا، کە گرنگ لۆجیک نییە، بەڵکو گۆڕانی هەستوسۆزەکانە. بانگکردنەوەی هەست تەنیا لە رێگەی شکاندنی بەدوایەکداهاتنی لۆجیکییەوە مومکینە. ئەمەیە کە دەبێت بە درامای سینەمایی، واتە یاریکردن بە دوای یەکداهاتن، نەک خودی بەدوایەکداهاتن خۆی. نابێ بە دوای لۆجیک و مێژووی رووداوەکاندا بگەڕێین، بەڵکو دەبێت بە دوای پەرەسەندنی هەستەکاندا بگەڕێین. لە خۆڕا نییە کە چیخۆف، لە پاش نووسینی چیرۆکەکە، لاپەڕەی یەکەم لادەبات. واتە هەموو "لەبەرئەوە"یەک، هەموو هۆکارەکان لادەبات. کاتێک بابەتەکە لە "بیرکردنەوەی لۆجیکی، قبوڵکراو" ئازاد دەبێت، هەستی ئازاد لە پەرەسەندنە سروشتیەکەی و گۆڕانەکانیدا لە دایک دەبێت. ماوەیەکی زۆرە دەزانرێت: هەتا بابەتە وێنەگیراوەکە بۆ فیلم باشتر بێت، ئەگەری بەرزکردنەوەی بۆ درامای سەرەتایی زیاتر دەبێت.
پێوستە کاری هونەری بتوانێت شۆک و پاکژبوونەوە دروست بکات. دەبێت بتوانێت دەست لە ئازارە زیندووەکەی مرۆڤ بدات. ئامانجی هونەر ئەوە نییە خەڵک فێر بکات چۆن بژین "ئایا لیۆناردۆ بە ئایکۆنەکانی، ئەندرێ رۆبلێف بەسێینە پیرۆزەکەی کەس فێر دەکات؟" هونەر هەرگیز کێشەکان چارەسەر ناکات، بەڵکو پرسیار دەکات. هونەر مرۆڤ دەگۆڕێت، وای لێدەکات ئامادە بێت بۆ قبووڵکردنی چاکە، وزە رۆحییەکەی ئازاد دەکات. هەر ئەمەشە پەیامی جوامێرانەی هونەر.

سەرچاوە:

http://www.archive.kitabat.com/i67451.htm



فەیسبووک وەك چەقۆیەکی دووسەرە

وتوویژ لەگەڵ ئەسەدوڵلا ئەمرایی لە بارەی پێوەندیی نێوان ئەدەبیات و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە

سازدانی: مەهدی وەزیربانی

لە فارسییەوە: ئەنوەر هوژەبری

"ئەسەدوڵلا ئەمرایی" نووسەر و وەرگێڕێکی ناوداری ئێرانییە کە پتر لە سی ساڵە بە بەردەوامی لە بواری ئەدەبیاتدا کار دەکات و هەروەها لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانیشدا چالاکە.

ئەم وتوویژە لەلایەن ڕۆژنامەنووس، "مەهدی وەزیربانی"ـیەوە ئەنجام دراوە و داگری کۆمەڵێک پرسیاری زۆر بنەمایی و قووڵە سەبارەت بە پێوەندیی ئەدەبیات و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و وەڵامەکانی ئەمراییش بە هەمان شێوە، توێژە جۆراوجۆرەکان هەڵداوەتەوە و وردبینانە دەچێتە ناخی باسەکەوە.

لەبەر ئەوەی کە تەکنۆلۆژیای تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بە بێ جیاوازی بەڵام بە گوێرەی ئاستی کەڵکوەرگرتن و چۆنیەتیی کەڵکوەرگرتن خۆی کێشاوەتە ناو کۆمەڵگە جۆراوجۆرەکانی جیهانەوە و کوردیش بە تایبەتمەندییەکانی خۆیەوە، یەکێکە لەو کۆمەڵگەیانە، بە پێویستم زانی لە زمانی نووسەر و وەرگێڕێکی ناوداری ئێرانییەوە، ئەم باسە بگوازمەوە بۆ خوێنەری کورد. پێم وایە ئەو وەڵامانەی ئەمرایی، بە جۆرێک لەگەڵ کۆمەڵگەی کوردییشدا دەگونجێت. (ئەنوەر)

زمانی شاعیر و نووسەر، ئەو پێکهاتە و فۆرمەیە کە مەبەستی خۆی پێ دەردەبڕێت. هونەرمەند ئەم زمانە لە زمانی دایکی وەردەگرێت و دواتر ڕستەسازی و داڕشتنە ڕێزمانییەکەی لەسەر بنەمای ئەو زمانە و بەگوێرەی پێویست، ڕێک دەخات. بەڵام لەم سەردەمەدا کاریگەریوەرگرتن لە تەکنۆلۆژیا و دەرەوەی دەق، دەکرێ بنچینەیەک بێت بۆ هەر چەشنە بۆچوونێکی جیاواز لە ناو کۆمەڵگەدا و تەنانەت کاریگەر بێت لە سەر نووسینی هونەرمەندان. یان باشترە بڵێم شێوازێکی تایبەتی زمان پێک بێنێت، بۆ نموونە زمانی کورتەنامە، وێبلاگنووسین و... هتد. لە هەلومەرجێکی وادا و بەسەرنجدان بەوەی کە مرۆڤ لە سنووری جوگرافیای نیشتمانەکەیدا، هەر شێوەیەک لە ژیانی هەڵبژاردبێت، لەگەڵ فرەچەشنییەکی ئوستوورەیی دژبەیەکدا ڕووبەڕوو دەبێتەوە. ئەبێ ئەوە لێک بدرێتەوە کە چۆن ئەکرێ لەگەڵ پرسی شووناسی زمان و کەسایەتیی هونەرمەند لە شوێنگەیەکی مەجازیدا هەڵسوکەوت بکرێت.

بۆ ئەوەی بتوانین بڕێک لە توێژە ناوەکییەکانی ئەم دیاردە گشتگیرە هەڵبدەینەوە، چاومان بە ئەسەدوڵڵا ئەمرایی، وەرگێڕ و چیرۆکنووسی ناودار کەوت کە لە تۆڕە مەجازییەکانیشدا چالاکە. ئەمرایی ئەزموونێکی یەکجار زۆر و دەوڵەمەندی هەیە و کتێبی ژمارێکی زۆر لە نووسەران و هونەرمەندانی جیهانی کردووەتەوە بە فارسی و کەسایەتییەکی دیار و ناسراوە.

*لە بەستێنی زمان و پێکهاتەی زماننناسیدا و بە گشتی لە سۆنگەی جوانیناسیی زمانەوە، تایبەتمەندییە ئەدەبییەکان لە دەقدا تووشی دژواری نابن، بەو مەرجەی فۆرمات و چوارچێوەیەکی دیاریکراویان هەبێت. بە سەرنجدان بەم پێناسەیە، بەڕای تۆ لە ڕووبەڕووبوونەوەی زمانی فەیسبووک و زمانی پێوەردا، مەترسی بۆ سەر زمانی پێوەر لە ئارادا دەبێت؟

–هەر دیاردەیەک لە هەر قۆناغێکی مێژوویی و لە کاتی بەدی هاتنیدا و لە ڕێڕەوی سەقامگرتنیدا، بە شێوەیەکی واقیعی، بێگومان ئەبێ ڕەوتێکی تاقیکاری بەشێوەی تاقیکردنەوە وخەتا، تێپەڕبکات. ئەو تاقیکارییە بریتی نابێت لەو وشە نوێیانەی کە دێنە ناو ئەو ڕەوتەوە یان خۆ دەخزێننە چوارچێوەی ئەو دیاردەیەوە. جۆری وشەکان کاریگەریی جۆراوجۆر لە بەستێنی ئەو پرۆسەیەدا دادەنێن. سەردەمانێک هەرچەشنە گێڕانەوەیەک لە ئەدەبیاتی ئێمەدا بەشێوەی سەرزارەکی دەگێڕدرانەوە و لە زەمان و شێوە و بێچمی کۆنیدا، تووشی هەندێ کێشە دەبوون. بە ڕای من زمانی فەیسبووک یان هەمان میدیۆم "ڕاگەیەنەر"ی مەجازیی فەیسبووک، کاریگەرییەکی ئەوتۆی لەسەر زمانی پێوەر نابێت، بەڵکو تەنانەت ڕەنگە ڕەوتەکە بە پێچەوانەش بێت. فەیسبووک کەرەستەیەکی پێوەندییە بۆ پێوەندیی مرۆڤەکان لە شوێن و ناوچە جیاجیاکانی جیهاندا و بەو شێوەیە نییە کە ئێوە بیری لێ دەکەنەوە. ئەبێ ئەوە قبووڵ بکەین کە بێگومان هەموو ئەوەی لەم شوێنەدا ڕوو دەدات، مەبەستی بەدیهێنەرانی فەیسبووک لە کاتی

بەرنامەدانان و بەدیهێنانیدا نەبووە. ڕێک وەکو کورتەنامەی (مۆبایل) وایە کە ناکرێ بڵێین ناردنی هەجو و نوکتەی پێکەنین، یەکێک لە مەبەستەکانی بەدیهێنەرانی ئەم تەکنۆلۆژیایە بووە. من ڕاشکاوانە و زۆر بەبڕشتانە دەڵێم ئەم هەلومەرجە و ئەو شێوە ئەدەبیاتە، کاریگەریی لەسەر زمانی پێوەر نابێت و بەو هویەوە مەترسییەک ڕوو ناکاتە زمانی پێوەر. هەڵبەت لەوانەیە بەشێک لە کۆمەڵ، بەشێوەیەکی کاتی و لە بڕگەیەکی زەمەنیدا، بکەونە بەر کاریگەری و ئەو کاریگەری و وشە و ئیدیۆمانە، بەشێوەیەکی کاتی و زووتێپەڕ شوێن لەسەر بڕێ هەڵسوکەوتی بەشێک لە خەڵک دابنێن. لانیکەم ئەزموونەکان بە ئاشکرا ئەوەیان بۆ من ڕوون کردووەتەوە کە هەندێ ئیدیۆم و زاراوەی وەک «لایک» و... کە بەهۆی فەیسبووکەوە لەناو کۆمەڵدا بوونەتە باو، کاریگەریی لەسەر پێکهاتە و پەیکەری گشتیی ئەدەبیات نابێت. هەمیشە ئەو وشانە و ئەو جۆرە ئەدەبیاتە، بەشێوەیەکی کاتی ئامادەبوونیان هەبووە.

***لە باسی تایبەتمەندییەکانی ئەدەبیاتی مودێرن و جیهانیدا باس کراوە: «کاتێک گەلێک، لە بازنەی وێناکردنی ناوچەیی و بایەخە بەرتەسککراوە ناوچەیی (میللی)یەکان، دەرباز بوو و ئەدەبیاتی فەرمیی خۆی لە پرۆسەی پەرەسەندنی مودێرنی جیهانیدا بینییەوە، ئەوا ئامادەیی پێویستی بەدەست هێناوە بۆ چوونە ناو گۆڕەپانی جیهانییەوە.» بەگوێرەی ئەم پێناسەیە بەڕای تۆ وێبلاگنووسی و نووسینی فەیسبووکی، تا چەندە کاریگەر دەبێت لە پرۆسەی بە جیهانیبوونی ئەدەبیاتی ئێمەدا؟**

-بۆ بە جیهانیبوون، پێش هەموو شتێک، ئێمە دەبێ جیهانی بیر بکەینەوە، جیهانی هەڵسوکەوت بکەین و جیهانی سەیر بکەین و بتوانین بە زمانی جیهانی نووسراوەکانمان بەرینە سەر لاپەڕە. ئەمە فورمۆلێکی دژوار یان بابەتێکی سەیروسەمەرە نییە کە تێی نەگەین، یان بە چەمک و کەرەستەی کەمبایەخ بمانەوێ بیخەوشێنین. یەکێک لە گرینگترین کەرەستەکان بۆ بەجیهانیبوون، وەرگێڕانە. لەم سەردەمەدا کە تێیدا دەژیین و تێگەیشتنی دەقاندەریشمان* بۆ خۆمان لە بابەتەکان هەیە، ئەبێ ئاگامان لەو خاڵەش بێت کە بەشێوەیەکی ژیرانە و باش، سوود لە توانای زانستی و ئەو شتانەی لەبەردەستماندان، وەربگرین و بەرانبەر ڕووداوەکان کەمتەرخەم نەبین.

لە حاڵێکدا کە تەکنۆلۆژیای بەرفراوانی وەک «P.D.F» یان کەرەستەی دیکە لە بەردەستدایە، چەمکی بەجیهانیبوون پێناسەیەکی زیاتر و بەرینتر لەخۆ دەگرێت کە ئەگەر ئێمە خۆی لێ نەبان بکەین، بێگومان بەرەی نوێ و مودێرن زۆر خێرا بەکاری دێنن. من بڕوام وایە بەجیهانیبوون، پێویستی بەوەیە کە جیهانی بنووسین.

***گرینگترین کێشەی بواری ئەدەب، دزیی ئەدەبییە کە تەنانەت لە شوێنە مەجازییەکانیشدا بەزۆری ڕوودەدات. بەڕای تۆ لە فەیسبووکدا ئەم بابەتە چۆن دەکرێ لێک بدرێتەوە؟**

-ئەمە بابەتێکی تایبەت نییە کە ئێمە بە شێوەیەکی نائاسایی ڕووبەڕووی ببینەوە. من بڕوام وایە دزیی ئەدەبی، بەهەرشێوە و لە هەموو هلومەرجێکدا، لە هەموو شوێنێک دەکرێ ڕوو بدات، هەروەک پێش فەیسبووکیش ئەمە ڕووی داوە و لەمەولاش هەر ڕوودەدات.

ئەم کێشەیە بە هیچ شێوەیەک تەنیا پێوەندیی بە فەیسبووکەوە نییە تا بمانەوێ بە پێوەری فەیسبووکی هەڵیسەنگێنین. خاڵێکی گرینگ و بەرچاو کە دەبێ زیاتر سەرنجی پێ بدەین، ئەوەیە کە لە شوێنگەی مەجازی یان سایبێریدا، نەناسراوی یان چالاکیکردنی بێ ناسنامە، ئیدی کۆتایی هاتووە و ئەوەی کە بڵێین دزەکە لەم شوێنەدا ئاسوودە دەبێت، بۆچوونێکی تەواو نییە. بە هەرحاڵ لەم شوێنگەیەدا کەسانێک هەن کە خاوەنی بیروبۆچوون و کەسایەتیی جیاجیان. ئەو چوارچێوە شووشەییە، کە بە وێبلاگ و فەیسبووک و بە گشتی بە ئینتەرنێت دەوترێت، بەو واتایە نییە کە ئێمە هەموو شتێکی ژیانمان بێ پەردە و ئاشکرا نیشانی هەموو جیهان دەدین. ئێوە ئەگەر پەردەی ئەو ماڵەی تێیدا دەژین، زیاتر لە پێویست لا دەن، بێگومان کێشەتان بۆ دروست دەبێت. کەواتە لە چوارچێوەی سایبێر و فەیسبووکیشدا ئەگەری دزی لە ئارادایە، توانای پێشگرتن لە دزیش هەیە. کەوابوو ئەبێ بزانین خۆمان چ ڕێگەیەک هەڵدەبژێرین. ئەمە بە ڕای من ژیرانەترین ڕێگایە بۆ کۆبەندییەکی دوور لە هەستەوەری و سەلیقە.

***ژمارێکی زۆر لە هونەرمەندانی ناودار دەڵێن لە فەیسبووکدا هیچ چەشنە سانسۆر و لەمپەرێک لەبەردەمدا نییە و بەو هۆیەوە چالاکانە ئامادەبوونیان هەیە. چاودێریی ناشارەزایانەی بەرپرسان بەسەر کاروباری فەرهەنگیدا، تا چەندە کاریگەرە بۆ پەرەسەندنی ئەو بۆچوونە؟**

-من بەو جورە سەیری مەسەلەکە ناکەم و بیرم لێ نەکردووەتەوە، بەڵام ئەوە دەزانم کە بەدیهێنانی ئەم شوێنە و ئەم تەکنۆلۆژیایە، سەرەتا ئەوە نەبووە کە بۆ وێنە ئێمە بمانەوێ بەتەواوی لە داوی سانسۆر دەرباز بین. ئەوەی کە هونەرمەندێک تەنانەت لە دۆخێکی ئازاددا و لە خەون و خایلەی خۆیدا، چوارچێوەی سانسۆر تێپەڕێنێت، تەنیا خەیاڵە و هەرگیز شتی وا ناکرێت. لە حاڵێکدا کە زەینی مرۆڤ بە هۆی ئەو هەموو دژبەرییەی تێدایە، خۆی تووشی سانسۆر دەکات، چۆن دەکرێ باسی تێپەڕبوون لە سانسۆر بکرێت، یان بڵێین سانسۆر نەمێنێت؟! بەڵام ئەو شوێنەی سانسۆری داناوە یان سنووری بۆ شتەکان داناوە و چاودێریی فەرمیی پێدەوترێت، بەباشی دەزانێت کە فەیسبووک و شوێنە مەجازییەکان، چەندە و چەن سەرسووڕهێنەر دەکرێ بە شێوەی کاتی و کورتماوە، کار بکەنە سەر لایەن و بوارە جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵ.

دەکرێ سەر بدەن لە تۆڕە ئینتەرنێتییەکان و شوێنە ڕەسمییەکان و هەموو لینکە ناودار و گرینگەکانی جیهان ببینن کە فیلتەر کراون و بە نایاسایی ناو براون. لێرەدا ئەو پرسیارە دێتە ئاراوە کە ئەگەر سیستەمی سانسۆر کێشەی یاسایی لەگەڵ ئەو لینکانەدا هەیە ئەی بۆچی بۆ ڕەخنەلێگرتن سوودیان لێوەردەگرێت؟

***لە شوێنگە مەجازییەکانی وەک فەیسبووکدا، پێدەچێ ئەدەبیات ئەو سیما ڕەسەنەی خۆی تاڕادەیەک لەدەست دابێت و ئەمەش دەکرێ ببێتە هۆی ئەوەی ئێمە نەتوانین گەشبین بین بەوەی لە داهاتوودا ڕەوتێکی تەندروست و ڕوولە گەشەی ئەدەبیمان ببێت، لەم بارەیەوە ڕاتان چییە؟**

-ڕاستییەکەی ئەوەیە من پسپۆڕی ئەدەبی نیم کە بە ئاسانی و لە هەر سووچێکەوە بێمە ناو ئەم باسەوە. لە ڕاستیدا منیش وەک هەموو مرۆڤەکانی سەر ئەم گۆی زەوییە، بەگوێرەی حەز و خواستی خۆم، سوود لەم تەکنۆلوژییە وەردەگرم. دیسان دەیڵێمەوە چالاکی لەم شوێنانەدا، بەندە بەوەی کەسەکان چۆن سوودیان

لێوەربگرن و بەکاریان بێنن. لە فەیسبووکدا لەوانەیە کتێبفرۆشێک ببینن کە کتێبە تازەکانی بۆ فرۆشتن دەخاتە بەردەستی خەڵک، یان بۆ وێنە چەن نووسەر و شاعیری ناودار لەو کتێبفرۆشییە و لە ڕۆژ و کاتێکی دیاریکراودا، قەرار دەدەنێن بۆ ئەوەی بەو شێوەیە خوێنەری بابەتەکانیان بتوانن بیانبینن. فەیسبووک لە هەلومەرجی جوراوجۆردا دەکرێ کەڵکی جیاجیای هەبێت، ڕێک وەک چەقۆ هەم دەکرێ میوەی پێ پاک بکەیت و هەم کاری ناڵەبار.

***لە شوێنێکی مەجازیی وەک فەیسبووکدا ناکرێ میکانیزمێکی فیکریی دیاریکراو، بۆ هیچ هونەرمەندێک دابنرێت. بۆ وێنە «نووسینی یەدوڵڵا ڕۆیایی» لە کتێب و نووسراوەی سەر قاقەزدا، یان بەهۆی ئەو ڕوانینەوە هەیەتی بۆ خوێنەرەکانی، جیایە لەوەی لە فەیسبووک خۆی پێوە خەریک کردووە. چۆن دەکرێ سوود لە ئەزموونەکانی مرۆڤی مودێرن لەم شوێنەدا وەربگرین و کەمترین زیانمان پێ بگات؟**

-ئەوە خۆی بۆچوونێکی تەواو هەڵەیە کە وابزانین بۆ ئەوەی ببینە مرۆڤێکی مودێرن ئەبێ کەرەستەی مودێرن بەکار بێنین. مودێرن بوون، بە هیچ شێوەیەک تەنیا بەوە نابێت کەرەستەی نوێت بەدەستەوە بێت. تۆ باسی یەدوڵڵا ڕۆیاییت کرد و ئەوەی کە نووسینەکانی چۆنە و لە فەیسبووک جۆرێکی دیکەیە! ئەمە لە حاڵێکدایە کە ئەم دوو کەرەستەیە (ڕاگەیەنەرە) جیاوازن و هەر ئەوەندەی ئەم هونەرمەندە خاوەن ئەزموونە، لە هەلومەرجێکی عەینیدا باسی لێوە دەکرێت، زۆر باشە. یان بۆ وێنە بەڕێز «سیروس نیرو» بەو تەمەنە زۆرەوە، دەرکی بە توانایی و کەڵکی ئەو شوێنگە مەجازییانە کردووە و کەڵکی لێوەردەگرێت. یان بەڕێز «محەمەد عەلی سپانلوو». بەهەرحاڵ ئەو هونەرمەندانەی کات و زمان دەناسن، زۆر باش گرینگیی ئەو ڕاگەیەنەرەیان بۆ ڕوون بووەتەوە و ئەم ڕەوتە بەدیهاتووەش، نکۆڵیی لێناکرێت و سنووردار ناکرێتەوە.

***با کەمێ لەسەر پەراوێزەکانی فەیسبووک بدوێین، ڕەنگە زۆر بێجێ نەبێت ئەو ڕەخنەیەی لە سەر هونەرمەندانی لاو لە ئارادایە، کە دەڵێن ئەوە شوێنێک یان کەرەستەیەکە بۆ ئەوەی زیاتر بناسرێن، یان ئەو وەهمەی بۆ (ناودەرکردن) لایان دروست بووە، ئایا ئەمە زیاتر خۆدزینەوەیە یان ڕاستی؟**

-بۆ ئەوەی ئەم مەسەلەیەمان بۆ ئاسایی بێتەوە و پێی ڕابێین، ئەبێ ئەوە بزانین ئەو کەسەی قسەیەکی بەجێی پێ بێت، نەک هەر لە فەیسبووک، لە هەر جێگەیەکدا دەکرێ قسەی خۆی بکات و هەر کەرەستەیەکیشی لێ بسێننەوە، یەکێکی دیکە دەدۆزێتەوە. ئەمە لە دونیای ئەمڕۆدا زۆر ئاسان و ئاساییە.

***وشەی "دەقاندەر"م دانا لەبری (فەرامەتن: دەرەوەی دەق)ی فارسی.. لێرەدا بەو مانایە دێتەوە کە ئەو بابەت و چەمک و مانایانەی لە دەرەوەی دەق کاریگەر دەبن و بە شێوەیەک کار دەکەنە سەر لێکۆڵینەوە لەسەر دەقەکە. لە ڕستەدا بەو جۆرە دێت «لەم سەردەمەدا کە تێیدا دەژین و تێگەیشتنی دەقاندەریشمان بۆ خۆمان لە بابەتەکان هەیە...»**

سەرچاوە:

گۆڤاری حەوتانەی "متن". ژمارەی شەش. گەڵارێزانی ۱۳۹۱. (متن حەوتەنامەیەکی سیاسی، فەرهەنگی، ئابووری، کۆمەڵایەتییە.)

هاروکی موراکامی...
سەفیری ئەدەبی مۆدێرنی ژاپۆنی



ئەردەڵان عەبدوڵڵا

هەتاوەکو ئەمڕۆش هیچ نووسەرێکی ژاپۆنی و ئاسیاوی هێندەی هاروکی موراکامی شۆرەت و ناوبانگێکی جیهانی وا مەزنی نەبووە. موراکامی یەکێکە لەو نووسەرە دەگمەنانەی ژاپۆن و ئاسیا، کە ڕۆمانەکانی هەموو جیهانی سەرسام کردووە. بەرهەمەکانی بۆ زیاتر لە 40 زمانی جیهانی وەرگێڕاون. بەرهەمە دواییەکەی 1984 کە ساڵی 2010 چاپی کرد، ئەمساڵ گەورەترین و پڕفرۆشترین کتێبی جیهان بوو1. تەنها لە فەڕەنسا لە یەکەم مانگدا 70 هەزار نووسخەی لێ فرۆشرا. لە ئەمریکا و ئینگلتەرا، کتێبخانەکان هەتا نیوەی شەو دەرگەی کتێبخانەکانیان دانەخست، چونکە خەڵکی بە لێشاو دەهاتن بۆ کڕینی ئەم ڕۆمانە2.

هەموو ئەمانە وامان لێدەکات کە ناچار بین بە دوای سیحری ئەم شۆرەت و ناوبانگە بێ وێنەیەدا بگەڕێین. ئاخۆ هۆی چییە هێندە جیهان سەرسامی

بەرهەمەکانی هاروکی موراکامییە؟ بۆ ئێمە گرینگە لەو هۆکارانە بگەین، بۆئەوەی بتوانین سوودی لێوەربگرین و موراکامییش ببێتە مامۆستامان بۆ ئەوەی ڕێگەی ڕاست و دروستی ئەدەبمان پێ پیشان بدات.

گەشتێکی کورتی ژیان

هاروکی موراکامی لە 12ی یانوەری 1949 لە شارە دێرینەکەی کیۆتۆ لەدایک بووە. باوکی لە خێزانێکی ئایینیی بوزی گەورە بووە، باوکی (واتە باپیری موراکامی) پیاوێکی ئایینیی بوزی بووە. دایکیشی لە یەکێک لە خێزانە دەوڵەمەند و بازرگانەکانی شاری ئۆساکا بووە3. باوک و دایکی هەردووکیان عاشقی ئەدەبی کۆنی ژاپۆنی بوون و شارەزایی باشیان هەبووە. پاش ماوەیەک ماڵیان بۆ بەندەری کوبە دەگوێزرێتەوە. موراکامی بە پێچەوانەی دایک و باوکییەوە، عاشقی ئەدەب و فەرهەنگی ئەمریکی دەبێت. دیارە دەبێت ئەوەش بڵێم کە لەم شارەدا بنکەیەکی سەربازی گەورەی ئەمریکی لێ بووە. ئەمەش تاڕادەیەکی زۆر کاریگەریی هەبووە. هەر لە منداڵییەوە موراکامی حەزی بە موزیکی جازی ئەمریکی بووە. دیارە ئەمریکا کاتێک ژاپۆنی داگیرکرد، تەنها لە ڕووی سەربازییەوە داگیری نەکرد، بەڵکە هەوڵی دا کولتووری خۆیشی بەسەر ئەم وڵاتە مەزن و کۆنەی ئاسیادا بسەپێنێت. بەڵام خۆشبەختانە تەنها توێژێکی کەمی ژاپۆنی بوونە هۆگری کولتووری ئەمریکی، بەداخەوە موراکامییش یەکێکە لەو کەسانە. موراکامی بۆ تەواوکردنی خوێندن دەچێتە تۆکیۆ و لەوێ لە زانکۆی تۆکیۆ شانۆ دەخوێنێت.

لە بارمانییەوە بۆ جیهانی ئەدەب

جێی گوتنە بەشێکی زۆری نووسەرە مەزنەکانی جیهان، لە سەرەتای ژیانیاندا پێش ئەوەی تێکەڵی جیهانی ئەدەب بن، لە ناو عالەمێکی زۆر سەیردا ژیاون، بۆ نموونە دۆستۆیڤسکی کە بە پێغەمبەری گەورەی ئەدەب دادەنرێت، لە سەرەتای ژیانیدا عەسکەر بووە و پاشان هەتا بڵێیت کەسێکی قوومارچییش بووە. ئەوەی جێی سەرنجم بوو، کە موراکامی سەرەتا لە نێوان ساڵانی 1974 هەتا 1982 بارِی هەبووە4. ئەم بارە تایبەتییەکی تێدابووە، ئەویش تەنها موزیکی جازی لێداوە. دیارە ئەم قۆناغە تایبەتییەی ژیانی لە ڕۆمانی (خۆشەویستییەکی ترسناک)دا ڕەنگی داوەتەوە، جێی ئاماژەیە، ئەم ڕۆمانە یەکێکە لە ڕۆمانە جوانەکانی موراکامی، بەندەش لە ئەڵمانییەوە کردوومە بە کوردی.



یەکەمین ڕۆمان
"من دەتوانم ڕۆمانێک بنووسم"

پاش ئەوەی لە جیهانی ئەدەب و ڕۆماندا قاڵبووەوە و دوای خوێندنەوەی کۆمەڵێک ڕۆمان بەتایبەت ئەمریکی، هەروەها پاش وەرگێڕانی کۆمەڵێک ڕۆمانی ئەمریکی، لە ئەپریلی 1978دا لە دوای یارییەکی بیسبۆڵ، هاروکی موراکامی بڕیارێکی گرینگی دا: (بەڵێ من دەتوانم ڕۆمانێک بنووسم).

زۆرجار بڕیارێک دەتوانێت ژیانی مرۆڤێک بەتەواوەتی بگۆڕێت و لە عالەمێکەوە بۆ عالەمێکی تەواو جیاواز ژیانی بگۆڕێت. ئەم بڕیارەی موراکامییش توانیی ژیانی خۆی و ئەدەبی ژاپۆنیش بگۆڕێت. هەر لە ساڵی 1978 خۆی بۆ نووسینی ڕۆمانێک ئامادەکرد. جێگەی ئاماژەیە ئەم ڕۆمانە ساڵی 1979 تەواو کرد و چاپی کرد، ڕۆمانەکەشی بەناوی "Hear the Wind Sing"، گوێ بگرە بۆ گۆرانیی با.

وەرگێڕان

خاڵێکی تر کە موراکامی دەستڕەنگینیی خۆی تێدا تاقی کردووەتەوە، ژانری وەرگێڕانە. موراکامی کۆمەڵێک بەرهەمی ئەدەبیی ئەمریکیی لە ئینگلیزییەوە کردووە بە ژاپۆنی، لەوانە ڕۆمانەکانی (Paul Theraux, C.D.B. Bryan, Tim Brien, Mikal Gilmore, Mark Strand, Grace Paley, Bill Crow). هەروەک خۆشی لە یەکێک لە چاوپێکەوتننەکانیدا دەڵێت:

(وەرگێڕان زیاتر وەکو ئارەزوویەکی تایبەتی خۆم وایە و وەک کار تەماشای ناکەم، بەڵکە زیاتر چێژی لێ وەردەگرم.5)

شێوازی نووسین

یەکێک لەو خاڵە گرینگانەی کە بووەتە هۆی سەرکەوتنی ئەم نووسەرە ژاپۆنییە، شێوازی نووسینی ڕۆمانەکانیەتی. موراکامی هیچ خۆی ناداتە بەر ڕێی زمانێکی قورس و ئاڵۆز، بەڵکە لە ڕێی زمانێکی ئاسان و سادەوە، کە هەموو خەڵکێک دەتوانێت لێی تێ بگات، ڕۆمانەکانی دەنووسێت. دەتوانم بڵێم شێوازی نووسینی موراکامی ڕێک هەمان شێوازی نووسینە کە تۆڵستۆی پێی نووسیوە. دیارە موراکامی زۆر خوێنەرێکی جددی تۆڵستۆی بووە و کاری تێکردووە. موراکامی وەکو تۆڵستۆی کۆمەڵێک باسی گرینگی ژیانی ڕۆژانەمان، بە زمانێکی سادەو ساکار بۆ باس دەکات.

موراکامی لە بنەما سەرەکییەکانی ڕۆماندا، شارەزاییەکی ئێجگار باشی هەیە لەوانە:

(داڕشتنی چیرۆکەکان، بەردەوامی، گرێی ئەدەبی ڕەگەزی کتوپڕ، دروستکردنی وێنە و ڕستەی شیعری، ڕیزبەندی، دیالۆگ، مۆنۆلۆگ، وێنەی هەمەجۆرەی ژیان، هەڵبژاردنی چیرۆک و پاڵەوان و کەسایەتییەکان) لە هەموو ئەم ڕەگەزانەدا دەستێکی ئێجگار باڵای هەیە. هەموو ئەمانەش وای کردووە، کە ڕۆمانەکانی ببێتە سحرێک و خوێنەران بۆ خۆیان ڕابکێشێت.

جێی گوتنە لە ڕۆماندا تەنها چیرۆک گرینگ نییە، بەڵکە شێوازی نووسینی ڕۆمانەکەش گرینگە، چونکە گەر تۆ چیرۆکەکەشت بەهێزبێت، بەڵام گەر نەزانیت چۆن ئەم چیرۆکە بە شێوازێکی باشی ڕۆمان دایبرێژیت، ئەوا ناتوانیت ڕۆمانێکی باش بەرهەم بهێنیت. ڕۆمان وەکو دروستکردنی خانوویەک وایە، با تۆ بەردی مەرمەڕ و چیمەنتۆی باشت هەبێت، بەڵام گەر نەزانیت ئەم کەرەستە خاوانە بەکاربهێنیت، بەدڵنیاییەوە ناتوانیت خانوویەکی باش و جوان دروستبکەیت.

ئەو بابەتە گرینگانەی کە بوونە جێی بایەخی موراکامی هەموو نووسەرێک کۆمەڵێک بابەت دەکاتە ڕێیەک بۆ خۆی. یان بە واتایەکی تر مەبەستێک دەکاتە خۆری

خۆی و لە ژێر تیشکی ئەو خۆرەدا دەژی. زۆرجاریش ڕۆماننووس هەیە تەنها یەک بابەت دەکاتە جێی گرینگیی خۆی بۆ نموونە ژنە نووسەری مەزنی ئینگلیزی (ئاگاتا کرسیتی) تەنها تاوان و کرپمینالی بابەتی گرینگی ئەو بوون. بەڵام موراکامی بە پێچەوانەوە کۆمەڵێک بابەتی گرینگ جێگەی بایەخی ئەون و کاری لەسەر کردوون لەوانە:

(خۆشەویستی، شەڕی نەوەی نوێ و کۆن، سێکس، سروشت و کەشوهەوا، تەنهایی، خۆکوشتن، نۆستالۆژی، چاکە و خراپە، شەڕ و ئاشتی، سۆسیالیزم و کەپیتالیزم، خۆپیشاندانی خوێندکارانی 1968، منداڵ بە گشتی و منداڵی تاقانە بە تایبەتی) کۆمەڵێک بابەتی تر.



نۆستالۆژیا

یەکێک لەو خاڵانەی کە لە ڕۆمانەکانیدا هەستم پێکرد، نۆستالۆژی پانتاییەکی زۆری ڕۆمانەکانی داگیر دەکات. گەڕانەوە بۆ سەردەمی منداڵی و خوێندکاری، بابەتێکن کە لە زۆربەی ڕۆمانەکانیدا بوونیان هەیە. کاتێک ڕۆمانی "دارستانی نۆرویژی" دەخوێنیتەوە، سەیر دەکەیت ئەم ڕۆمانە بە فلاش باگ بۆ قۆناغەکانی سەردەمی منداڵی دەگەڕێتەوە.

لە ڕۆمانی "خۆشەویستییەکی ترسناک"دا، هەر بەهەمان شێوە گەڕانەوەیە بۆ سەردەمی منداڵی. تەنانەت لە دواهەمین بەرهەمیشیدا "1984"دا دیسانەوە گەڕانەوەیە بۆ سەردەمی منداڵی. نۆستالۆژی بابەتێکە کە پانتاییەکی زۆری لە بەرهەمەکانی موراکامی داگیر کردووە.

نەوەی 1968

موراکامی یەکێکە لە نەوەکانی 68، واتە نەوەی خۆپیشاندانە گەورەکانی ساڵانی 1968. ئەو نەوەیەی کە عاشقی گیڤارا و ماو تسی تونگ و هۆشی منە بوو. ئەو نەوەیەی کە دژی کەپیتالیزم ڕۆژانە دەڕژانە سەر شەقامەکان. ئەوانەی کە تا سەر ئێسقان دوژمنی ئەمریکا بوون و دۆستی ڤێتنام بوون. ئەوانەی کە شۆڕشی کولتوورییان کرد و دژ بە کولتووری کۆن خەباتیان کرد. ئەم نەوەیە لە هەموو نەوەکانی تر جێی باس و لێکۆڵینەوەی خەڵکانی مێژوویی و ئەدەبی و فەلسەفین. نەوەی 68یش پانتاییەکی ئێجگار گەورەی لە بەرهەمەکانی موراکامی داگیر کردووە. ئەمەش بە ڕوونی لە هەردوو ڕۆمانەکەی (دارستانی نۆرویژی، خۆشەویستییەکی ترسناک)دا هەستم پێکرد.



خۆکوشتن

بەپێی دواهەمین ئامار، ژاپۆن یەکەمین وڵاتە لە ڕێژەی خۆکوشتندا. بۆ هەر سەد هەزار کەس 24 کەس خۆی دەکوژێت. لە حاڵەتێکدا لە ئەمریکا بۆ سەد هەزار کەس 11 کەس خۆی دەکوژێت. تەنها لەم چەند ساڵەی دواییدا نزیکەی 4850 کەس لە ژاپۆن خۆیان کوشتووە، کە تەمەنیان لە نێوان 30 بۆ 39 ساڵیدایە.6

دیاردەی خۆکوشتن یەکێکە لە کێشە کۆمەڵایەتییە گەورەکانی ئەمڕۆی ژاپۆن، بەتایبەت پاش ئەم تەنگەژە ئابوورییە زۆر بەهێز بووە. دیارە ئەدەب ڕەنگدانەوەی کۆمەڵگەیە، لەبەر ئەوە خۆکوشتن پانتاییەکی گەورە لە کارەکانی موراکامی داگیر دەکات.

زاڵبوونی کولتووری ئەمریکی و ئەورووپی

بە پێچەوانەی نووسەرانی تری ژاپۆنەوە موراکامی زۆر بە کولتووری ئەمریکی سەرسامە. بگرە ئەو دەرویێشێکی موزیکی جاز و ئەدەبی ئەمریکییە. دیارە هەر ئەم عیشق و هۆگریەی بۆ ئەدەبی ئەمریکی و ئەورووپییش، خاڵێکی سەرەکییە بۆ ئەوەی کە لە ڕۆژئاوادا بەو شێوەییە بایەخی پێ دەدەدن. چونکە ڕۆژئاواییەکان موراکامی بە درێژەپێدەری کولتووری خۆیان دەزانن. موراکامی بە پێچەوانەی نووسەرانی پێش خۆی کە هەموویان دژ بە ئەمریکا بوون، بەڵام ئەم یەکێکە لە سەفیرەکانی ئەمریکا لە ژاپۆن. ئەمەش وای کردووە لە میدیاکانی ڕۆژئاوادا ریکلامێکی زۆر بۆ کارەکانی بکەن. تەنانەت کۆمەڵێک خەڵاتی باشیشی وەرگرتووە.

لەلایەکی ترەوە موزیکی "جاز و ڕۆک" زۆر کاری تێکردووە. من ئەم کاریگەرییەم لە ڕۆمانی "خۆشەویستێکی ترسناک"دا بە زەقی بینیم.

پێش کۆتایی

بە دڵنیاییەوە ئەمڕۆ هاروکی موراکامی، قەڵەمێکی بەناوبانگ و دەنگێکی ناسراوی ئەدەبییە لە جیهاندا. خوێندنەوە و تێڕامان لە بەرهەمەکانی ئەم کەڵەنووسەرە، کارێکی هەروا ئاسان و سانا نییە. لێ ئەوەی گرینگە لێرەدا باسی بکەم ئەوەیە، کە گەورەترین خاڵی سەرکەوتنی ئەم نووسەرە ئەوەیە، بە زمانێکی سادەوساکار، گوزارشت لە ئاڵۆزترین و زەحمەترین بابەت و کێشە دەکات. ئەو دەتوانێت بەو زمانە سادەیە، خوێنەر بۆ ناو ڕۆمانەکانی ڕابکێشێت. هەرئەمەشە وای لێکردووە، کە ڕۆمانەکانی لە جیهاندا ڕەواجێکی باشیان هەبێت. لە لایەکی تریشەوە، موراکامی زۆر شارەزایانە دەتوانێت چیرۆکەکانی بخاتە قاڵبی ڕۆمانەوە، زۆر پسپۆرە لە تەکنیکی ڕۆماننووسین. نابێت ئەوەش لە بیر بکەین کە ئەم نووسەرە خەڵکی وڵاتی ژاپۆنە، کە یەکێکە لە زلهێزە ئابوورییەکانی جیهان، ئەمەش خۆی لە خۆیدا پاڵپشتییەکی گەورە بۆ ئەم نووسەرە دەبەخشێت، چونکە دڵنیام گەر موراکامی کورد بوایە، هێندە لە جیهاندا گرینگییان پێ نەدەدا.

سەرچاوەکان:

1. www. Faz. Net. Harikimurakami 1Q84.Die Snden der Vter
2.مکتبات امریکا ولندن تفتح عند منتصف الیل من اجل روایة یابانیة. سایتی بی بی سی .17.10.2011
3. HarukiMurakami. .www. Leselust.de
4.دیدارێک لەگەڵ هاروکی موراکامی. وەرگێڕانی: پێشەوا فەتاح. ڕۆژنامەی ئاسۆی ئەدەب. ژمارە 1438 . سێشەممە . 05.04.2011
5.هەمان سەرچاوە.
6.ژاپۆن لە خۆکوشتندا یەکەمە. سایتی سبەی. 24.10.2011

هاروکی موراکامی

سیودوو ساڵان، مسافیری ڕۆژگار

هاروکی موراکامی
لە فارسییەوە: شادی نیکخا

من سیودوو ساڵ تەمەنمە و ئەو هەژدە ساڵانە. کە بیر لەمە دەکەمەوە، زەینم ئاڵۆز دەبێت و هێشتا من سیودوو ساڵانەم و ئەویش هەروا هەژدەساڵەیە. کێشەم لەگەڵ ئەم بابەتەدا نییە. ئێمە تەنیا دوو دانە هاوڕێین. نە زیاتر و نە کەمتر. من ژنم هەیە و ئەویش شەش هاوڕێی کوڕی هەیە. لە هەریەک لە ڕۆژانی کاریی حەوتەدا، دەچێتە لای یەکێک لەو شەش هاوڕێ کوڕەی و مانگی جارێکیش لە یەکێک لە یەکشەممەکاندا من دەبینێ. یەکشەممەکانی تر لە ماڵەکەیدا سەیری تەلەفزیۆن دەکات؛ کاتێک سەیری تەلەفزیۆن دەکات، ڕێک لە فیلێکی دەریایی خوێن شیرین دەچێت.

ئەو ساڵی ١٩٦٣ لەدایک بووە؛ ئەو ساڵەی کە سەرۆککۆمار کنێدی کوژرا، ئەو ساڵەی کە من بۆ یەکەم جار چوومە ژوانی کچێک. فیلمی پشووی هاوینە (Summer Holiday)ی

کلیف ڕیچارد "Cliff Richard`"یش لەوکاتەوە کەوتە بەرسەرنج. وانەبوو؟ گرینگیش نییە.. ئەو لە ساڵێکی وادا لەدایک ببوو. چاوەڕێی ئەوەم نەدەکرد لەگەڵ کچێک ئاشنا ببم کە لە ساڵێکی وادا لەدایک بووبێ. تەنانەت ئێستاش ئەم هەستە، سەیر و نامۆیە لام. هێندە سەیرە وەک ئەوەی بۆ وێنە، من لە شوێنێکدا لە گۆی مانگ، بەدەم جگەرە کێشانەوە لەسەر تاشە بەردێک پاڵ کەوتبم.

کچانی گەنج بێزارکەرن. کەسانی دەوروبەری هەمووشیان هەروا دەڵێن. دنیای ئەو کچانەی کە لەبارەیانەوە قسە دەکەن، لە دنیای ئەوان جیاوازە و هەموو کارەکانیان بێتامە. ئەمە شتێکە کە ئەوان دەیڵێن. سەرەڕای ئەمە، ئەوان هەمیشە لەگەڵ کچە گەنجەکاندا دەچنە دەرەوە. لەوانەشە تووشی کچانێکی گەنج دەبن کە بێزارکەر نین؟ نا، بێگۆمان نا. بەکورتی، ڕاستی ئەوەیە کە ڕەنگە تەنانەت بێزارکەربوونیشیان بەلای ئەوانەوە خۆش و سەرنجڕاکێش بێ. ئەوان چێژ لەو یارییە ئاڵۆزە وەردەگرن کە پڕە لە بێتاقەتی و بێزاری، هەڵبەت تا کاتێک کە ئەو بێتاقەتییە لە یاری دەرنەچێت. وادیارە شتی وا زۆر بە کەمی بۆ من ڕوو دەدات.

لە ڕاستیدا لە هەر دە کچ، نۆیان بێزارکەرن. بەڵام خۆیان ئاگایان لەم بابەتە نییە. ئەوان گەنج و جوانکیلەن و پڕن لە گوڕوتین و کەیف و خۆشی. خۆیان بڕوایان وایە کە هیچ بێزارکەر و بێتام نین. ئۆھ خوایە...

من لۆمەیان ناکەم و ڕقم نییە لێیان، هێشتا خۆشیشم دەوێن. ئەوان تافی بێتام و بێزارکەری گەنجیی خۆمم دێننەوە یاد. شتێکی وەکوو چۆن بڵێم.. هۆی سەرسامییە. ئێمە لەکاتی گەنجیدا زۆر بێتام و بێزارکەر بووین.

پرسیی: هێی! حەز دەکەی دیسان بیبیتەوە بە هەژدەساڵان؟

وەڵامم دایەوە: نە حەز ناکەم. تەنانەت گەر پارەشم بدەیتێ، ناتوانی ڕام بگۆڕی و بمبەیتەوە بۆ هەژدەساڵیم. وادیار بوو تێنەگەیی کە چیم وت.

ـ نا؟ هەر بەڕاستی؟

ـ بێگومان نا.

ـ بۆچی؟

ـ ئێستامم بە دڵە.

لەکاتێکدا کە چەناکەی خستبووە ناودەستی، کەوتە بیرەبیرەوە. قاوەکەی بە کەوچک تێک دا.

ـ بڕوا بەو قسەیەت ناکەم.

ـ باشتر وایە بڕوا بکەی.

ـ تافی لاوی خۆشە. وانییە؟

ـ پێم وایە وابێ.

ـ بۆچی ئەمەی ئێستاتت پێ باشترە؟ لەبەر چی؟

ـ یەک جار بەسە.

ـ من هێشتا لە گەنج بوونم بێزار نەبوومە.

ـ وایە دەی، تۆ هێشتا هەژدە ساڵەی.

وتی: تێدەگەم.

لە دڵی خۆمەوە وتم ئەو هەژدە ساڵەیە.

گارسۆنەکەم بانگ کرد و بیرەیەکی ترم داوا کرد. لەدەرەوە باران دەباری و دەمتوانی لە ناوەڕاستی پەنجەرەکەوە، بەندەری یۆکۆهاما (Yokohama) ببینم.

ـ هێی! تۆ ئەو کاتەی هەژدە ساڵە بووی، بیرت لە چ شتگەلێک ئەکردەوە؟

ـ پێوەندی لەگەڵ کچان.

ـ ئەی شتی تر؟

ـ نا.

لەبەر خۆیەوە پێکەنی و لە قاوەکەیی چەشت.

ـ هەمیشەش سەرکەوتوو بووی؟

ـ هەندێ جار بەڵێ و هەندێ جاریش نە. زۆربەی کات سەرکەوتوو نەبووم. بەداخەوە.

ـ تا ئێستا لەگەڵ چەن کچ بووی؟

ـ نەمژماردوون.

- بە ڕاستی؟
- ئەی بۆچ بمژماردنایە؟
- ئەگەر من پیاو بوومایە، بێگومان دەمژماردن. هەروا بۆ خۆشی.
هەندێ جار وامدەزانی دەبێ خۆش بێ دووبارە ببمەوە بە هەژدە ساڵە. بەڵام کاتێک بیر لەو یەکەم شتە دەکەمەوە کە ڕەنگە ڕووبدات، ئیتر هیچ نایەتە مێشکمەوە. هیچ بۆچوونێکم نییە سەبارەت بەوەی کە چی ڕوودەدات و گەر دووبارە ببمەوە بە هەژدە ساڵە، حەز دەکەم چۆن بم.
چوونە ژوان لەگەڵ ژنێکی سیودوو ساڵان، لە هەژدەساڵیدا لە خۆش ناچێ.
پرسیم: تۆ قەت بیرت لەوە کردووەتەوە جارێکی تر ببیت بە هەژدەساڵان؟
- دەی..
پێکەنی و وادیاربوو بیر دەکاتەوە و وتی: نە، لەوانەیە..
- بەڕاستی؟
- نە
وتم: تێناگەم. هەموو کەس ئەڵێن تافی لاوی زۆر خۆشە.
- بەڵێ.. هەروایە
- ئەی بۆچ ناتەوێ جارێکی تر گەنج بیتەوە؟
- با تەمەنم کەمێک بچێتە سەرەوە، ئەوسا دەزانم.
بەڵام من سی و دوو ساڵ تەمەنمە و ئەگەر ماوەی حەوتەیەک نەزانم کە توێژێک چەوریی زیادە لە زکمدایە، ناتوانم بڕۆمەوە بۆ هەژدەساڵی، ئەمەش بۆ خۆی مەسەلەیەکە.
بەیانیان دوای گەڕانەوەم لە پیاسە و ڕاکردن، پەرداخێک ئاومیوەی ئامادە دەخۆمەوە و گوێ لە گۆرانیی مسافیری ڕۆژگار (Day Tripper)ی بیتێڵەکان (the Biteales) دەگرم.
مسافیری ڕۆژگاااااار
کاتێک گوێ لەو گۆرانییە دەگرم، هەست دەکەم لە قەتارێکدا دانیشتووم. دارتێلەکان، وێستگەکان، تونێلەکان، پردەکان، مانگا و ئەسپەکان، دووکەڵکێش و شتومەکی فڕێدراو.. بە هەرحاڵ لەوێ دوور دەکەومەوە. بەرجەوەندی دەرەوە هەر ئەوەیە و لەوە زیاتر سەرنجڕاکێش نییە. بەم حاڵەوە من چێژی لێدەبینم. جارجار ئەو کەسانەی لە تەنیشتمەوە دانیشتوون، دەگۆڕدرێن. بەڕێکەوت کچێکی هەژدەساڵان لامەوە دادەنیشێت. من لای پەنجەرەکەوە و ئەو لای ڕاڕەوەکەوە.
ـ پێت خۆشە جێگەکەمان بگۆڕین؟
وتی: سوپاس. تۆ زۆر میهرەبانی.
لە دڵی خۆمەوە دەڵێم هێندەش میهرەبان نیم و بە سەگیەتی بزەیەک دەگرم. لە هەمبەر بوونی بێزارکەری ئەودا، لەڕادەبەدەر ئاساییم.
(سیودوو ساڵە
مسافیری ڕۆژگار
بێزار لە ژماردنی دارتێلەکان)
ئەوەش هایکۆیەکی ناتەواو لە منەوە.

سەرچاوە:
*مجموعە داستان پای عسلی/ ت: فرناز حائری

هاروکی موراکامی

پەنجەرەیەك

هاروکی موراکامی
لە فارسییەوە: شادی نیکخا

هەزاران سڵاو!

ڕۆژ لە دوای ڕۆژ، لە سەرمای زستان کەم دەبێتەوە و ئەوا هەتاویش بۆنی بەهاری لێدێ. دڵنیام تۆ حاڵت باشە.

بە خوێندنەوەی دواین نامەکەت دڵشاد بووم. بەتایبەت ئەو بەشەت لەسەر پێوەندیی نێوان هەمبەرگر و گوێزی هیندی، زۆر جوان نووسیبوو. پڕی بوو لە هەستی بێوێنە سەبارەت بە ژیانی ڕۆژانەیی. دەمتوانی بۆنوبەرامەی خۆشی چێشتخانەکەت ببیستم و گوێم لێ بێ کە تۆ خەریکی لەسەر تەختەیەک پیاز دەجنی.

بەدەم خوێندنەوەی نامەکەتەوە ئەوەندە دڵم لێی دا بۆ هەمبەرگر، کە بە ناچار هەر ئەو شەوە چووم بۆ نزیکترین خواردنگەیەک کە هەمبەرگری هەبوو. بڕوا بکە هەشت جۆر هەمبەرگریان هەبوو: تێگزاسی، کالیفۆرنیایی،

مەلەف

هاواییایی، ژاپۆنی و هتد. تێگزاسییەکەی بەس زۆر گەورە بوو و هیچی تر. جۆرەکەی هاوایی پڕبوو لە بەهارات و لەتێک ئەناناسیان خستبووە سەری. جۆرەکەی کالیفۆرنیا... لە بیرم نییە چۆن بوو. ژاپۆنییەکەیان بە توور ڕازاندبووەوە. خواردنگەیەکی ڕاقی بوو و گارسۆنەکان بە تەنوورەی کورتەوە، زۆر جوان بوون.

هەڵبەت من بۆ لێکدانەوەی شێوازی بیناسازی و دیکۆری خواردنگەکە و قول و قاچی گارسۆنەکان نەچووبووم بۆ ئەوێ.. من تەنیا بۆ یەک شت چووبووم. خواردنی هەمبەرگر. هەڵبەت نە تێگزاسی یان کالیفۆرنیایی یان جۆرێکی تر، بەڵکو تەنیا هەمبەرگرێکی ئاسایی و سادە.

هەروام بە گارسۆنەکەش وت، کەچی ئەو وتی: ببوورە ئێمە هەر تەنیا ئەم جۆرانەمان هەیە.

هەڵبەت خەتای گارسۆنەکە نەبوو. خۆ ئەو مێنۆکەی نەنووسیبوو. خۆ ئەو خۆی ئەم یۆنیفۆرمەی هەڵنەبژاردبوو کە هەرکاتێک بیەوێ دەورییەکان لەسەر مێزەکە هەڵبگرێت ڕانەکانی دەربکەون. بزەیەکم بۆ گرت و داوای هەمبەرگری جۆری هاواییم کرد و هەر بەو جۆرەی کە ئەو پێشنیاری پێکردبووم کاتێک ویستم بیخۆم ئەناناسەکەی سەریم لابرد و دامنا.

لە دنیایەکی چەن سەیردا دەژین. من تەنیا دەمویست هەمبەرگرێکی ئاسایی بخۆم و لەو کاتە درەنگەی شەودا، تاکە چارەم خواردنی هەمبەرگرێکی جۆری هاوایی بەبێ ئەناناس بوو.

من وای بۆ دەچم کە دەبێ هەمبەرگرەکەی تۆ لە جۆرە ئاساییەکەی بێت. دووبارە سوپاس بۆ نامەکەت. من ڕێک ئەو هەمبەرگرەم دەویست کە تۆ شێوازی دروست کردنەکەیت نووسیبوو، هەمبەرگرێکی بەڕواڵەت ئاسایی. بەڵام بەپێچەوانەوە ئەو بەشەی کە سەبارەت بە دەزگای بلیت فرۆشی قەتار نووسیبووت، کەمێک ڕووکەش بوو. گۆشەنیگاکەی باش بوو، بەڵام خوێنەر ناتوانێ بە ڕوونی لە هەموو دیمەنەکەی بگات. هەوڵ مەدە وەک تەماشاوانێک بیت کە سەری کێشاوەتە ناو بەسەرهاتێکەوە. نووسین هەموو ڕاستییەکان نییە بەس شتێکی جێگرەوەیە.. ئەڵترناتیڤێکە.

بە گشتی دەرەجەی دوایین نامەکەت ٧٠یە. ستایلی تۆ بە هێوری بەڵام بە دڵنیاییەوە خەریکە پێش دەکەوێت. پەلەت نەبێ. بەس هەر لەسەر ئەو هەوڵدانەت بەردەوام بە. دیسان چاوەڕێی نامەت دەبم. بەڕاستی پێت جوان نییە کە خەریکە بەهار دێت؟

پ. ن. سوپاس بۆ پاکەتە شیرینییەکانیش. زۆر خۆش بوون. بە هەرحاڵ، یاساکانی ئەنجومەن زۆر بە توندی پێوەندیی تایبەتی جیا لە نامە گۆڕینەوەیان قەدەغە کردووە. دەبێ داوات لێبکەم کە لە داهاتووشدا ەروا میهرەبان بی دەرهەق بە من. بەم حاڵەوە دوبارە سوپاس.

—

من ساڵێکی تریش ئەو کارەنیوەکاتەم درێژە پێدا. ئەوکاتانە بیست و دوو ساڵان بووم.

هەموو مانگێک سی دانە یان زیاتر، نامەم دەنووسی و بۆ هەر نامەیەک دووهەزار یێنم لە کۆمپانییەکی بچووک و سەیر کە لە ناوچەی "ئایداباشی" بوو و ناوی خۆی نابوو "ئەنجومەنی قەڵەم"، وەردەگرت.

دەقی ئاگادارینامەی کۆمپانیاکە ئەمە بوو: «بەڵێ! ئێوەش دەتوانن نامەی دڵدارانە بنووسن.» ئەندامانی تازە، مانگانە دەدەن و ئەرک و پرۆڤەی مانگانەشیان هەیە، واتە دەبێ لە مانگێکدا چوار دانە نامە بنێرن بۆ ئەنجومەنی قەڵەم. ئێمەی مامۆستایانی قەڵەمیش، ئەم نامانە هەر بە نامە وەڵام دەدەینەوە کە وەک ئەم

نامەیەی سەرەوە، پێداچوونەوە و ڕێنوماییشی لەگەڵدایە. کاتێک ئەم ئاگادارینامەیەم لەسەر تابلۆی ڕاگەیاندنی خوێندکارانی کۆلیژی ئاداب بینی، چووم بۆ وتوویژ بۆ وەرگیرانم لەو کارە. لەوکاتەدا لەبەر هەندێ شت، تەواوکردنی کۆلیژم دواکەوتبوو و لە ئەنجامدا، باوک و دایکم بڕیاریان دابوو لەو خەرجییە مانگانەی بۆیان دەناردم، کەم بکەنەوە. من بۆ یەکەم جار لە ژیانمدا ناچاربووم خۆم پارە دەربێنم. جگەلەوەش داوام لێکرابوو چەند دەقێک بنووسم و بۆ وتوویژەکە لەگەڵ خۆم بیبەم. دوای هەفتەیەک وەرگیرام بۆ ئەو کارە. هەفتەیەکیش خولێکی ڕاهێنانیان بۆ داناین کە چۆن هەڵەکان ساغ بکەینەوە و چۆن ڕێنومایی ئەندامان بکەین، کە ئەوەش کارێکی دژوار نەبوو.

هەریەک لە ئەندامانی ئەنجومەنی قەڵەم، لەگەڵ بەردەنگێکدا وەک نەیار، نامەیان دەگۆڕییەوە. من خۆم بیست و چوار بەردەنگم هەبوو. لە چواردەساڵانەوە بگرە هەتا پەنجاوسێ ساڵان، کە زیاتریان بیست و پێنج تا سیوپێنج ساڵان بوون. واتە زیاتریان لەخۆم بەتەمەنتر بوون. مانگی یەکەم ترسابووم. ژنەکان زۆر لە من باشتر نامەیان دەنووسی و ئەزموونی باشیشیان لە نامەگۆڕینەوەدا هەبوو. چی دەبوو ئەگەر من تەنیا جارێک نامەیەکی جیدیم بۆ هاوسەری خۆم بنووسیبایە؟ باش دڵنیا نیم کە مانگی یەکەمم چۆن بردە سەر. نێوچەوانم ئارەقەی ساردی لێدەنیشت و گومانم نەبوو کە زۆربەی ئەندامان زۆر زوو داوای مامۆستایەکی تازە دەکەن. مامۆستایەکی سەرکەوتوو کە لەگەڵ یاساکانی ئەنجومەنیش زیاتر ئاشنا بێ.

مانگی یەکەم دوایی هات و هیچکام لە ئەندامانیش سکاڵایەکیان لە نووسینەکانی من دەرنەبڕی. تەنانەت لەوەش واوەتر، سەرۆکی ئەنجومەنەکە وتی زۆر ناوبانگم دەرکردووە. دوومانگ تێپەڕی و ئەرکەکانی من زیاتر بوون و ئەوەش قەرزداری (ڕێنوما) کەمم. زۆر سەیر بوو. ئەو ژنانە متمانەیەکی وەهایان بە من هەبوو، دەتوت مامۆستایانم. کاتێک بەمەم زانی، توانیم ئیتر بە ئەرخەیانی و بە ئاشکرا ڕەخنەکانی خۆمیان پێ بڵێم.

ئەو کاتە لەوە تێنەدەگەیشتم کە ئەو ژنانە چەن تەنیا بوون (هەروەک ئەندامە پیاوەکانیش) ئەوان دەیانویست بنووسن، بەڵام کەسیان نەبوو کە بۆی بنووسن. لەو کەسانە نەبوون کە دابنیشن و نامەیەک بۆ خوێنەری دڵخوازو خۆشەویستیان بنووسن. بەدوای شتێکی تایبەتترەوە بوون، تەنانەت گەر ڕەخنە و پێداچوونەوەش بێ.

بەم چەشنە من ساڵانی سەرەتای دەیەی بیستی تەمەنم، وەک شێرماسییەکی شەل بەسەر برد کە لە ناو حەرەمسەرایەکدا بێ. نامەکانیش زۆر جۆربەجۆر بوون. نامەی بێزارکەر، نامەی سەرنجڕاکێش، نامەی خەمگین. بەداخەوە من نەمتوانی هیچکامیان لای خۆم هەڵبگرم (بەپێی یاسا دەبوو هەموو نامەکانمان بدایەتەوە بە ئەنجومەن). بە وردەکارییەوە لەبیرم نین بەڵام پڕ بوون لە هەموو ڕەهەندەکانی ژیان، پڕبوون لە گرینگترین پرسیارەکان و بێبایەختترین شتەکان. هەروەها ئەو پەیامانەی کە بۆ منیان دەنارد. بەڕای من، منێک کە خوێندکارێکی ٢٢ ساڵان بووم، بەتەواوی دوور لە ڕاستی و بێمانا بوون. هەڵبەت وانەبوون. بەڵکو ئەوە من بووم کە ئەزموونێکی ئەوتۆم لە ژیان نەبوو. ئێستە دەزانم کە ڕاستیی شتەکان وەها نییە کە بتوانین بیانگوازینەوە بۆ کەس، بەڵکو تەنیا دروستیان دەکەین. هەر ئەوەشە کە واتا بە شتەکان دەدات. ئەو کاتە نە من دەمزانی و نە ئەو ژنانە. بێگومان یەکێک لە هۆیەکانی ئەوە بوو کە ناوەرۆکی نامەکانیان بەڕای من دوو ڕەهەندی و نامۆ بوو.

مەلەف

کاتێک کاتی ئەوە هات کە کارەکەم بەجێ بێڵم، هەموو ئەندامان داخ ومخابنی خۆیان لەو بابەتە دەربڕی. هەرکە هاتم بە خۆم بڵێم ئەم کارە بێهوودەی نامەگۆڕینەوە هەتا ئێرە ئیتر بەسە، لەناکاو بەجۆرێک هەستم بە داخ و پەژارە کرد. ئەمزانی کە ئیتر هەرگیز دەرفەتی وەهام بۆ نالوێت کە خەڵک ئاوا دڵیان لای من بکەنەوە.

—

هەمبەرگر.. بەڕاستی دەرفەتی ئەوەم دەستکەوت کە هەمبەرگرێک بخۆم کە ئەو ژنە دروستی کردبوو. ئەو ژنەی کە یەکەم نامەکەی ناردبوو.

سی و دوو ساڵە بوو و منداڵی نەبوو. مێردەکەی بۆ کۆمپانییەک کاری دەکرد کە یەکێک بوو لە پێنج کۆمپانیای ناوداری ژاپۆن. کاتێک پێم وت ئەمە دواین نامەیە و تا کۆتایی ئەم مانگە کارەکەم بەجێ دێڵم، بۆ نیوەڕۆیەک بانگێشتی کردم بۆ ماڵی خۆیان. بۆی نووسیم «هەمبەرگرێکی ئاسایی، بەڵام زۆر خۆشت بۆ دروست دەکەم» منیش بەپێچەوانەی یاساکانی ئەنجومەن، بڕیارم دا بانگێشتنەکەی قبووڵ بکەم. ناتوانی دەرەقەتی کنجکۆڵیی لاوێکی ٢٢ ساڵان بێی.

ئاپارتمانەکەی بەرەوڕووی ئاسنەڕێی ئوداکیۆ بوو. ماڵەکەی وەک هەموو ئەو ماڵانەی کە منداڵیان نییە، ڕێکوپێک و ڕازاوە بوو. نە موبیلاتەکە و نە پێکهاتەی ڕووناکیی ماڵەکە و نە جلی ژێری ژنەکە لە جۆری گرانبایی و تایبەت نەبوون، بەڵام بەقەدەر پێویست جوان بوون. هەردووکمان حەپەسابووین، من لە ڕواڵەتی جوانی ئەو و ئەو لە تەمەنی من. ئەو وایزانیبوو من لەو بەتەمەنترم. ئەنجومەن تەمەنی مامۆستاکانی ئاشکرا نەدەکرد.

کاتێک حەپەسانەکەمان تەواو بوو، ئیتر شەرمی یەکەم دیداریش ڕەوییەوە. هەمبەرگرمان خوارد و قاوەمان خواردەوە. وەک ئەوەی دوو مسافیر بین کە لە قەتارێک بەجێماون. باسی قەتار کرا، لە پەنجەرەی ئاپارتمانەکەیەوە کە لە نهۆمی سێیەمدا بوو، قەتارە کارەباییەکە دەبینرا. ئەو ڕۆژە هەوا زۆر خۆش بوو و لەوبەر نەردەی هەیوانی ئاپارتمانەکەوە، مەلافە و دۆشەکەی جۆربەجۆر و ڕەنگاوڕەنگ لەبەر هەتاودا هەڵخرابوون کە وشک ببنەوە. تەنانەت هێشتاش دەتوانم دەنگەکانی ئەو کاتە بێنمەوە بیر. بەچەشنێکی سەیر بەدوور بوون لە هەست پێکردنی هەرچەشنە مەودایەک. هەمبەرگرەکە زۆر خۆش بوو. تامەکەی تەواو بوو. ئەوەندە سوور کرابووەوە کە ڕەنگەکەی مەیلەو قاوەیی تۆخ بوو. ناوەکەشی پڕیبوو لە سەوزەوات و سۆسەکەی قسەی تێدا نەبوو. گەرچی ڕاستگۆیانە نەبوو گەر بڵێم تا ئێستا لە ژیانمدا هەمبەرگری هێندە خۆشم نەخورادووە، بەڵام بێگومان باشترین بوو. هەر واشم بە خۆی وت. پێی خۆش بوو.

پاش خواردنەوەی قاوە گوێمان لە بیرت باکاراک (Burt Bacharach) گرت و بەسەرهاتی ژیانی خۆمان گێڕایەوە بۆ یەکتر. چونکە من بەڕاستی هێشتا هێندە نەژیابووم، ئەو زیاتر قسەی کرد. وتی بەتەما بووە ببێت بە نووسەر. باسی فرانسواز ساگانی کرد، یەکێک لە نووسەرە دڵخوازەکانی خۆی. بەتایبەتی حەزی لە "ئایا ئێوە برامستان خۆش ئەوێ" بوو. من خۆم حەزم لە ساگان نییە. لانیکەم نووسینەکانی ئەوجۆرەی کە هەموان دەڵێن ڕووکەشییانەیە. هیچ یاسایەک نییە بۆ ئەوەی بەرۆکی کەسێک بگریت و بڵێی دەبێ وەک هێنری میلەر یان ژان ژێنە ڕۆمان بنووسی.

وتی «من ناتوانم بنووسم.»

وتم «هەرگیز بۆ دەست پێکردن درەنگ نییە.»

پێکەنی و وتی «نا.. دەزانم کە ناتوانم بنووسم. هەر خۆت بووی کە ئەمەت پێوتم. بە نامەنووسین بۆ تۆ سەرەنجام تێگەیشتم. تێگەیشتم کە هیچ بەهرەی نووسینم نییە.»
نەختێک سوور بوومەوە. نەدەبوو سوور ببمەوە، بەڵام لەوکاتەوە ببوومە بیست و دوو ساڵان، زۆرجار لە تەریقیدا سوور دەبوومەوە. «بەڵام نووسینەکانت زۆر ڕاستگۆیانەن.»
لەباتی وەڵام، بزەیەکی گرت، بزەیەکی تەنک و ناسک.
«لانیکەم نامەکەت منی هان دا بڕۆم و هەمبەرگر بخۆم.»
«دڵنیام ئەو کاتە برسیت بووە.»
بەڕاستیش لەوانەیە برسیم بووبێ.
قەتارێک بە تەقەتەق لەبەر پەنجەرەکەوە تێپەڕی.
کە کاتژمێرەکە زەنگی پێنجی لێدا، وتم دەبێ بڕۆم.
«بێگومان دەبێ نانی ئێوارە بۆ مێردەکەت دروست بکەیت»
وتی «زۆر دێر دێتەوە بۆ ماڵەوە» و دەستی لەسەر گۆنای بوو. «هەتا نیوەشەو نایەتەوە.»
«ڕەنگە زۆر سەرقاڵ بێ.»
وتی «پێم وایە وابێت» و تاوێک بێدەنگ بوو«پێم وایە جارێک سەبارەت بە کێشەی خۆم بۆم نووسیبوویت. هەندێ شت هەن کە ناتوانم لای ئەو باسیان بکەم. لە هەستەکانم ناگات. زۆر جار وا هەست دەکەم کە ئێمە خەریکین بە دوو زمانی جیاواز پێکەوە دەدوێین.»
نەمدەزانی بڵێم چی. تێنەدەگەشتم کە مرۆڤ چۆن دەتوانێ لەگەڵ کەسێک بژی کە ناتوانێ هەستەکانی خۆی پێ بڵێ.
بە نەرمی وتی «بەڵام قەینا، کێشە نییە.» و وای پیشان دا کە بەڕاستی کێشەیەکی نییە. «سوپاس کە ئەم هەموو مانگە نامەت بۆ نووسیم. چێژم لێ بینین. بەڕاستیمە. وەڵامدانەوەی نامەکانی تۆ وەک جۆرە ڕزگارییەک بوو بۆم.»
وتم «منیش چێژم لە نامەکانی تۆ وەرگرت.» گەرچی بەگران دەمتوانی شتێک لە نامەکانی بێنمەوە یاد.

ماوەیەک بێ ئەوەی هیچ بڵێ، چاوی بڕییە کاتژمێری سەر دیوارەکە. دەتوت خەریکە سووڕی زەمەن دەپێوێ.
پرسی «بەتەمای دوای ئەوەی خوێندنت تەواو کرد چی بکەی؟»
هێشتا بڕیارم نەدابوو. هەرواشم پێوت. نەمدەزانی دەبێ چی بکەم. کاتێک وام وت، دووبارە زەردەخەنەیەکی گرت. «ڕەنگە دەبێ خەریکی کارێک بیت کە پێوەندیی بە نووسینەوە هەبێت. تۆ ڕەخنەی جوان دەنووسی. من بە نووسینەکانت ڕاهاتووم. بەڕاستیمە. ماستاوچی نیم. دەزانم نامەنووسین بۆ تۆ کار بوو، بەڵام نامەکانت بەڕاستی پڕبوون لە هەست. هەموویانم هەڵگرتووە. هەندێ جار دەیانهێنم و دوبارە دەیانخوێنمەوە.»
وتم «سوپاس و دووبارە سوپاس بۆ هەمبەرگرەکەش.»

—

دەساڵ تێپەڕیوە، بەڵام هەرجارەو کە لەو گەڕەکەوە، لە لای ئاسنەڕێی ئۆداکیۆوە تێدەپەڕم، بیر لەو و لە هەمبەرگرە بەتامەکەی دەکەمەوە. سەیری ئەو بینایانە دەکەم کە لە تەنیشت یەکەوە ڕیز کراون و لە خۆم دەپرسم کام پەنجەرەیان هی ئەوە؟ بیر لە بەرجەوەندی بەر پەنجەرەکە دەکەمەوە و هەوڵ دەدەم بیرم بکەوێتەوە، بەڵام ناتوانم.
لەوانەیە ئیتر لەو ماڵەدا نەمابێ، بەڵام ئەگەر مابێ، لەوانەیە ئێستا لەودیو پەنجەرەکەوە دانیشتبێ و خەریک بێ گوێ لە هەمان بێرت باکاراک بگرێ.
ئایا دەبوایە لەگەڵی بخەوتمایە؟
ئەمە هەمان پرسیاری سەرەکییە.

مەلەف

من نیم لە ئاستی وەڵامەکەیدا. تەنانەت ئێستاش نایزانم. زۆر شت هەن کە ئێمە هەرگیز تێیان ناگەین. گرینگیش نییە چەن ساڵیان بۆ تەرخان بکەین. فەرقیش ناکات چەندە ئەزموون کۆ بکەینەوە. هەموو ئەو کارەی کە پێم دەکرێ ئەوەیە کە لە قەتارەکەوە سەیری پەنجەرەی ئەو ماڵە بکەم، کە گومان دەکەم ماڵی ئەو بێت. هەندێ جار بە خۆم دەڵێم هەرکام لەم پەنجەرانە دەکرێ پەنجەرەکەی ئەو بن و هەندێ جاریش دەڵێم هیچکامیان نییە. ئاخر پەنجەرەکان زۆرن.



سەرچاوە:

*مجموعه داستان پای عسلی/ ت: فرناز حائری

هاروکی موراکامی

هاروکی موراکامی
لە نووسین دەدەوێ

لە فارسییەوە: جەبار سابیر

موراکامی لە ساڵی (1949) لە ژاپۆن لە دایکبوو. ڕۆمان و چیرۆک و نووسنەکانی تری ئەو، بەردەوام بووەتە جێگەی پێداهەڵگوتنی ڕەخنەگران و تا نهۆ خەڵاتگەلی زۆری وەک خەڵاتی جێمتمانەی فرانتز کافکای بە دەستهێناوە.

ئەو لە ریزی نووسەرانی ئەدەبیاتی پۆستمۆدێرن دەناسن و ڕۆژنامەی گاردیانیش ئەم نووسەرەی وەک یەکێک لە گەورەترین ڕۆماننووسانی زیندووی دنیا ناساندووە. ڕۆمانەکانی مۆراکامی پتر بۆ چل زمان وەرگێڕدراون لە ریزیاندا فارسی کە لە کارە ناسراوەکانی دەتوانین ئاماژە بۆ "دارستانی نەرویژی" و "کافکا لە کەناری دەریا " بکەین.

***لە چ تەمەنێکەوە بوویتە نووسەر؟ سەرسوورهێنەر نەبوو بۆ خۆت؟**

-لە تەمەنی بیستونۆ ساڵییەوە، سەرسوورهێنەر بوو بۆم، بەڵام زۆر زوو لەگەڵی راهاتم.

***زۆر زوو؟ هەر لە سەرەتاوە بە ئاسانی دەتنووسی؟**

-نیوەشەوان لە پشت مێزی چێشتخانەوە دادەنیشتم و دەمنووسی، دە مانگی پێچوو تا یەکەمین کتێبم تەواو کرد، ناردم بۆ بڵاوکەرەوە و ئەمەیش بۆ من حوکمی خەڵاتی هەبوو. وەک خەون وابوو، حەپەساببووم لەوەی شتێکی وا رووی دابوو. بەڵام دواتر بیرم کردەوە: بەڵێ ئەم رووداوە قەوماوە و من نووسەرم و بۆچی نا؟! بەم ساناییە.

***هاوسەرەکەتان چ هەستێکی هەبوو کاتێک زانی دەتەوێ بنووسیت؟**

-ئەو قەت هیچ نالێ، کاتێک وتم من نووسەرم، ئەو حەپەساو بە جۆرێکیش شەرمەزار بوو.

***بۆچی شەرمەزار؟ پێی وا بوو ئەو توانایەت نییە؟**

-دواجار نووسەری ناونیشانێکی پڕ شکۆ و خۆبەگەورەزانییە.

***مۆدێلەکانی ئێوە کێ بوون؟ کام نووسەرانی ژاپۆنی تۆیان خستە ژێر کاریگەرییەوە؟**

-من لە سەردەمی منداڵی و هەرزەکاریدا زۆرم کاری نووسەرە ژاپۆنییەکان نەدەخوێندەوە، دەمویست لەم فەرهەنگە هەڵبێم، چونکە زۆر ماندووکەر دەهاتە بەرچاوم و پتر لە رادە گرنگ دەردەکەوت.

***بەڵام باوکت مامۆستای ئەدەبیاتی ژاپۆنی بوو؟**

-بەڵێ راستە، بەڵام ئەمە کاریگەریی نەبوو، من بەرەو فەرهەنگی خۆرئاوا رۆیشتم، موزیکی جاز، دستۆیڤسکی، کافکا و ریمۆند چندلەر. ئەوان وڵاتی خەونەکانی من بوون. من دەمتوانی لەگەڵ ئەوان بچم بۆ سان پترسبۆرگ و هۆڵیۆدی خۆرئاوا. ئەمە هێزی رۆمانە، تۆ لەگەڵ ئەو دەتوانی هەر کوێت بوێ بۆی بچیت. ئێستا چوون بۆ ئەمریکا یا هەر شوێنێکی تری جیهان ئاسانە، بەڵام لە ساڵی (1960)دا تاڕادەیەک کاری نەکردە بوو، هەربۆیە من تەنها بە خوێندنەوەی کتێب و گوێ گرتن لە موزیک لە دۆخێکی زەینی و خەون ئاسادا گەشتم بۆ ئەو شوێنانە دەکرد.

***ئەمەیش هەمان هۆکارێکە کە تۆی ناچاری نووسین کرد؟**

-بەڵێ. کاتێک تەمەنم بیستونۆ ساڵ بوو دەستم بە نووسینی رۆمان کرد. تەنها دەمویست شتێک بنووسم، بەڵام نەمدەزانی چۆن. من تا ئەو کاتە تاڕادەیەک شتێکم لە نووسەرانی ژاپۆنی نەخوێندبووەوە، هەربۆیە، شێواز، پێکهاتە و هەموو شتێکم هەر لەو رۆمانە ئەمریکی و خۆرئاواییانە قەرد کرد.

***کاتێک یەکەمین رۆمانی تۆ بڵاوبۆوە، خەڵاتت وەرگرت و زۆروکەم رێگەی خۆتان دۆزییەوە. ئایا ئەو کاتە کەوتییە پەیوەندی لەگەڵ نووسەرانی دی؟**

-نا بە هیچ کلۆجێک.

***تۆ لەوکاتەدا هیچ هاوڕێیەکی نووسەرت نەبوو؟**

-هیچ.

***کەسێک هەیە لە کاتی پێشڤەچوونی کارەکەدا، نووسینەکەتی پیشان بدەیت؟**

-نا.

***هاوسەرەکەتان چی؟**

-باشە، یەکەمین رەشنووسی هەوەڵین رۆمانم پیشان دا، بەڵام ئەو دەڵێ هەرگیز نەیخوێندووەتەوە. کەواتە من هەستەکەم ئەو رۆمانەکەی پێخۆش نەبووە.

***واتا کاری لەو نەکرد؟**

-هەڵبەتە ئەوە هەوەڵێن رەشنووس بوو و زۆریش بێسەروبەر. من چەندین جار پاکنووسم کردەوە.

***ئێستا چی، وەختایەک تۆ کار لەسەر رۆمانێک دەکەیت، رووبداوە کنجکۆڵی بکات کە خەریکی چی دەنووسی؟**

-هەر کاتێک کتێبێک دەنووسم، ئەو یەکەمین خوێنەری منە، من پشتی پێدەبەستم. ئەو بە جۆرێک هاوبەشی منە. وەک سکوت فیتزجیرالد کە زلدا یەکەمین خوێنەری بوو.

***کەواتە تۆ لە هیچ قۆناغێکی ژیانی پیشەییتاندا هەستت نەکردووە بەشێکی لە کۆڕی نووسەران؟**

-من کەسێکی گۆشەگیرم، حەزم لە گروپەکان قوتابخانە و کۆڕە ئەدەبییەکان نییە. لە پرینستۆن میوانداریەکی نانی نیوەڕۆ یا شتێکی وەک ئەو بوو کە داوەتی نانی نیوەڕۆ کرابووم. جویس کارۆڵ ئۆتس و تۆنی مۆریسۆنیش لەوێ بوون. من زۆر ترسابووم. بە درێژایی ماوەکە نەمدەتوانی شتێک بخۆم. مەری مۆریسۆنیش لەوێ بوو کە کەسێتییەکی زۆر میهرەبانی هەیە، ئێمە هاوتەمەنی یەکین و توانیمان ببینە هاوڕێ، بەڵام لە ژاپۆن هاوڕێیەکی نووسەرم نییە، لەبەرئەوەی من دەمەوێ مەوداکان بپارێزم.

***لە ئێستادا نووسەرێک هەیە لە ژاپۆن تۆ کارەکەیت خوێندبێتەوەو پەسەندت کردبێت؟**

-بەڵێ، ریو موراکامی و بنانا بوشی موتو، هەندێک لە کارەکانیم پێخۆشە، بەڵام هیچ ڕەخنە و حوکمێک نادەم. نامەوێ رۆڵێکی وەها بگێڕم.

***بۆچی؟**

-من پێموایە کاری من ئەمەیە سەیری جیهان و خەڵک بکەم، نەک ئەوەی لە بارەیانەوە حوکم بدەم. من ئومێدەوارم هەمیشە بتوانم هەمان ئەم پێگە دوور لە داوەریکردنە بپارێزم. من پێمخۆشە جیهان بە باوەشی ئاوەڵاوە قبوڵکەری هەموو شتە شیاوەکان بێت. من وەرگێڕانم لە ڕەخنە پێباشترە، لەبەرئەوەی کاتێک دێڕ بە دێڕ وەردەگێڕی کەمتر پێویست بە بە حوکمدانم دەبێت، من تەنها رێگە دەدەم ئەو کارە لە رۆح و جەستەمەوە بپەرێتەوە کە پەسەندی دەکەم. بە دڵنیاییەوە جیهان پێویستی بە ڕەخنەیشە، بەڵام ئەمە کاری من نییە.

***هەستێک بۆ روونەکردنەوە لە رۆمانەکانی تۆدا**



هەیە، وەک خەون کاتێک کەرت دەکرێت و شیدەکرێتەوە، هێزی خۆی لە دەست دەدا.

-شتێک باش کە لە نووسینی کتێبدا هەیە ئەمەیە تۆ دەتوانی لە کاتی بێداریدا خەون ببینی. گەر ئەمە خەونێکی راستەقینە بوایە تۆ نەتدەتوانی کۆنترۆڵی بکەیت، بەڵام کاتی نووسینی کتێب تۆ بە خەبەری، دەتوانی کات، درێژییەکەی و هەموو شتێکی هەڵبژێریت. من دوای چوار تا پێنج کاتژمێر کارکردن لە بەیانیدا و نووسین، دەتوانم بیوەستێنم و بۆ سبەی دەست پێبکەمەوە. گەر ئەمە خەونێکی راستەقینە بوایە نەدەکرا کارێکی وا بکەیت.

***چەند جار پاکنووس دەکەیت و رەوتی ئەم کارە چۆنە؟**

-چوار تا پێنج جار پاکنووس دەکەم. شەش مانگ بۆ رەشنووسی یەکەم و پاشان، حەوت بۆ هەشت مانگ بۆ پاکنووسی تەرخان دەکەم کە زۆر خێرا لە قەڵەم دەدرێ. من بە سەختی کار دەکەم. بیرچڕکردنەوەیەکی زۆرم هەیە لە کارەکەمدا، هەربۆیە هەروا کە دەزانی، ئەمە کارەکە ئاسان دەکات. هیچ کارێکی تر ناکەم، کاتێک رۆمان یا چیرۆک دەنووسم، تەنها دەنووسم.

***بە شێوەیەکی ئاسایی بەرنامەی ژیانی رۆژانەتان چۆنە؟**

-ئەو کاتەنەی خەریکی نووسینی رۆمانم، کاتژمێر چواری بەیانی لە خەو هەڵدەستم، پێنج بۆ شەش کاتژمێر کار دەکەم. پاشنیوەڕۆ دە کیلۆمەتر رادەکەم یا هەزار و پێنجسەد مەتر مەلە دەکەم (جارجارێ هەردووکیان) پاشان هەندێک دەخوێنمەوە، گوێ لە موزیک دەگرم و نۆی شەویش دەچمە پێخەفەوە. ئەمە شێوازی ژیانی منە بێ گۆڕان. ئەم دووبارە بوونەوەیە بۆ خۆی دەبێتە پرسێکی گرنگ، وەک خەونێکی موگناتیسی. من بۆ گەیشتن بە حاڵەتێکی قووڵتری زەینی، بەم شێوەیە خۆم هیپنۆتیزم دەکەم. بەڵام بۆ دووبارە بوونەوەی بەرنامەیەکی وەها بۆ ماوەیەکی درێژ بۆ نموونە شەش مانگ تا ساڵێک، پێویستی بە بڕێکی زۆر لە هێزی مێشک و جەستەیە. بە دەربڕینێکی دی نووسینی رۆمانێکی درێژ وەک فێرکردنی



زیندوومانە، هێزی جەستەیی هەمان هێندەی هەستیاری هونەری پێویستە.

***دەمویست پرسیار لە بارەی کەسایەتیی کارەکانتەوە بکەم کە چەندە بۆ تۆ راستەقینەن کە نووسەریانی؟ ئایا بۆ تۆ گرنگە ئەوان ژیانێکی بێلایەنیان هەبێت لە گێڕانەوەدا؟**

-کاتێک کەسایەتییەک لە رۆمانێکمدا رۆدەنێم حەز دەکەم وەک مرۆڤێکی راستەقینە لە ژیانمدا لێی بڕوانم. حەز ناکەم قسە زۆر بکەم، پێمخۆشە گوێ لە چیرۆکی خەڵکانی دی بگرم. بڕیارم نەداوە چینبەندی بکەم کە چ جۆرە مرۆڤێکن. من تەنها هەوڵ دەدەم بیر لەوە بکەمەوە چ هەستێکیان هەیە، خەریکن بۆ کوێ دەچن و دەست دەکەم بە گردکردنەوەی زانیاریگەلێک لە بارەیانەوە. من نازانم ئەم کەسێتییە راستەقینەیە یا نا راستەقینە، بەڵام بۆ من لە مرۆڤی راستەقینە، راستەقینەترە. لەو شەش یا حەوت مانگەی سەرقاڵی نووسینم، ئەم خەڵکانە لە ناو مندان، ئەمەیش جۆرێک جیهانە.

***وادێتە بەرچاو کەسێتییەکانی رۆمانەکانی تۆ زۆربەی جار وەک هێنانە بەرچاوی روانگەی تایبەتیتان لە جیهانی فەنتازی گێڕانەوەدا، دەگیرێن بۆ خزمەت: یانی خەونپەروەری لە خەوندا.**

-تکایە وێنای بکە من برایەکم هەیە پێکەوە دوانەین. کاتێک تەمەنم دوو ساڵ بوون یەکێک لەم دووەمان، رفێنرا. ئەویان برد بۆ جێگەیەکی دوور و ئێمە قەت یەکتریمان نەبینیوە. من پێموایە ئەو کەسێتی رۆمانی منە. بەشێک لە خۆم، بەڵام نەک خودی من. ئێمە لە رووی دی ئێن ئەیەوە (DNA) یەکێکین، بەڵام شوێنی ژیانمان جیاواز بووە، هەربۆیە شێوەی بیرکردنەوەیشمان پێکەوە جیاوازە. هەر کاتێک من کتێبێک دەنووسم، دەچمە بەرگەکانی ترەوە. بەم شێوەیە جارجارێ کە لە خۆم ماندوو دەبم، دەتوانم لە "خۆم" هەڵبێم. ئەمە فەنتازیایەکە. گەر تۆ فەنتازیایەکی وات نەبێت بۆ نووسینی کتێب دەتوانیت چ شێوازێک بەکار بەریت؟

***تۆ پێشتر ئاماژەت بۆ رێڕۆ موراکامی کرد، وادێتە بەرچاو شێوازێکی کارکردنی زۆر جیاوازت هەیە وەک نووسەرێک.**

-شێوازی من بە جۆرێک پۆست مۆدێرنە، شێوازی کاری ئەو پتر لە رەوتی باوەوە نزیکە، بەڵام کاتێک من بۆ یەکەمین جار "منداڵانی سندوقی ئەمانەت"م خوێندەوە، تووشی شۆک بووم. بە خۆم وت دەبێت رۆمانێک بەم بە هێزییە بنووسم و پاشان دەستمکرد بە نووسینی "چاودێری کردنی مەرەکێوی" کە وەک جۆرێک کێبڕکێ لە قەڵەم دەدرێ.

***ئێوە هاوڕێن پێکەوە؟**

-ئێمە پەیوەندییەکی باشمان پێکەوە هەیە، لانیکەم دوژمن نین. ئەو زۆر سروشتییە، بە تواناو بە هێز. دەکرێ ئەو وەک چاڵێکی نەوت بهێنییە بەرچاو لەسەر رووی زەوی، لە کاتێکدا نەوتەکەی من لە قووڵاییدایە و بۆ گەیشتن پێی دەبێت چاڵ هەڵکەنی و هەڵکەنی و بەڕاستی ئەمەیش ئازاراوییە، بەڵام بە ویست و ژیانێکی رێکوپێک دەکرێ هەموو رێگەکان هەڵکەنی.

سەرچاوە:

http://www.seemorgh.com/culture/2072/105778.html

حەزدەکەم ئەوەندە بژیم...

سەباح ڕەنجدەر

شەش شەو و شەش ڕۆژی تەواوە
هاڵاوی نەنووستن
لێی داوم و چزووی گەیشتووەتە مۆخم
سەرم بێژینگی پڕ گەنمە
لەیلە خولیا گەرمەکەم شیعر دەیبێژێت
شکام بەرانبەر بۆنخۆشی باڵی باڵندە
باڵندەی نامەهێن نیگەرانی دەوروبەری
ڕەواندەوە
باڵی لە ڕوومەتی بێ هاوتای خۆری بەهرە
و سرووش دا

نەرم	نەرم
ئاواز	ئاواز
ئاشنا	ئاشنا
خانەخوێ	خانەخوێ



باڵی شۆڕ کردەوە سەر پەیکەری پیری پیت و فەڕ
فانۆس بە باڵییەوە بوو
سۆراغی منی لە گیا و ئاوی نەمری کرد
بە ئاسانی هاتە ماڵەوە
خانەی کتێبخانەکەمی ڕێکخست
خوێدانی نمەك و تاجی بۆ دانام و ڕۆیشت
گوێم لە کەوتنی دوو دڵۆپ فرمێسکی یەك لە دوای یەك بوو
گازێکم لە نەرمایی دڵی شیعر گرت
بە تین و ئارەزوویەکی زۆرەوە
بە دوای باڵندەی نامەهێن سەری پڕ مەیلم بادا
ئەسپێك ڕووبەڕووم بووەوە و خانەدانیی نواند
لە ناو دارستانێکی قووڵدا بە تەنیا جێت ناهێڵم
لە ڕۆژی حەوتەمدا لە باخچەی مێینەدا نووستم
ژیانم لەناو خۆری چێشتەنگاودا
بوو بە شیعر و پەیم بە نەخشی
سەر دەرگەی مۆزەخانەکان برد
ڕوانیم لە قۆزاخەی بە دڵوداو چندراو سادەتر بووەوە
تەماشای پرچی میدۆزام کرد
بووم بە پەڕ و باڵ
پیت و فەڕی کێڵگەم بە پەڕ و باڵی خۆم پاراست
لاولاوی خاوەن دەرباز
ویستیان لە باڵا و چاوی ئاگر بئاڵێین
یەك یەك کەوتن
ماریش چێژ لە کراس فڕێدان و بەتاڵکردنی ژەهر و بەدی دەبینێت
من لە مەشخەڵی ئاگری

ئاه	و
خولیا	و
پەرجوو	و
زایەڵە	

دروست بووم و ناسرام

دەق

ڕابردووم کردەوە بە ژیان
جێگاپێی پێغەمبەرەکانم داگیرساند
هەست دەکەم دەزانم ئەو ڕووناکییە هی کێیە
بۆت هەیە لە هەر شوێنێك سەیری بکەیت
بە هیی خۆتی بزانی
بیرت لای ئەوەبێ
لە هێمنیی ژیانی منەوە هاتوو

2

مەستی پێوەندی منە لەگەڵ	بوون
مەستی پێوەندی منە لەگەڵ	نەبوون
مەستی پێوەندی منە لەگەڵ	ژیان
مەستی پێوەندی منە لەگەڵ	مردن

بوون	نەبوون	ژیان	مردن
نەبوون	ژیان	مردن	بوون
ژیان	مردن	بوون	نەبوون
مردن	بوون	نەبوون	ژیان

چەند بەو پێوەندییە نەرمونیانانە دڵخۆشم
هەموو چێشتەنگاوان دەستم لە ئاوی پیرۆزت
تەڕ دەکەم و لە ناوچەوانمی دەدەم
دەچم لەسەر پەیژەی دارین ڕووبەڕووت دڵ دەگێڕم
لە مەستیدا منداڵ دەبمەوە
دایکم لە ناو تەشتێك ئاوی شیرتێن سەرم دەشوا
دەست دەکەم بە گریان
لە گریاندا گۆرانییان لە من گوێ لێ بوو

قەڵا	قەڵا
قوللە	قوللە
ناخ	ناخ
ئەدگار	ئەدگار

ئاوازم بە گۆرانی بەخشی
گوڵاویش بە گوێگر
گۆرانیگوتن ناسینی ئاوازە
دڵ و گیان بۆ مەیدانی ئاسوودەیی بانگ دەکات
خونچە بۆ شکۆی بۆن

دەست	و
چاو	و
دەم	و
گوێ	ی دەکاتەوە

خۆی نیشان دەدات دەژی و شتێك
لە خۆی دابەش دەکات
درەخت نیوەی لە زەوییە و نیوەی لە ئاسمان
خۆشی نازانێ پێویستی بە کامیان زیاترە
بەردەوامبوونی ژیان لەمەیە
بەردەوامی چەند دڵنەوایی شەونم و هەتاو دەکات
ژیان لە مەیدانی ئاسوودەیی شایی چەند گەرمە
قاز و قورینگەکان زوو فڕین
چیای نەبەردییان بۆ نیشتنەوە بۆ نادۆزرێتەوە
نهێنیی جوانی لەمەیە
نهێنی چەند دڵنەوایی شەونم و هەتاو دەکات
جوانی لە مەیدانی ئاسوودەیی شینی چەند گەرمە
ئەوە بەسە گوێ لە دەنگی دڵی خۆت بگری
بچیتە ڕاوی ئاو و ئاوێنەی حەوتبەندی ئاسمان
ڕاز و نیاز و ئاسوودەییە بچیتە لای خودا
کەموکورتییەکانی ژیان تەواو بکەیت

3

مانگ تەماشای ئاوی مەند دەکات
لە مەندیشدا تەماشای خۆی
لە خۆویستییاندا یەکتری ون دەکەن

دەق

هەردووکیان زیانیان پێ دەگات
نان کۆتایی بێت
گوڵ جێگەی دەگرێتەوە
گوڵ کۆتایی بێت
نان جێگەی دەگرێتەوە
لە وەختی جێگۆڕکێی نان و گوڵدا
ئاوازێکی تایبەتی سەمازان
گوڵ دەلاوێنێتەوە و گوڵاو دەڕسکێ
نان سەما دەبەخشێ بە گوڵ
گوڵیش سەما دەبەخشێت بە نان
لاڕەشە دەمی خستووەتە سەمایان
گوڵاویش بەسەر هەردووکیاندا دەپژێ
چاوی ئەویندارە و جێگۆڕکێ ناکات
ئەگەر ئەویندار بە بەردەم ئاگردا تێپەڕی
شادەماری چاوی پساند
چی ڕوودەدات
ناڵەی سەرچاوە بە جۆشە
یاران سەیر نییە
مانگ باسکی لەژێر سەرمان بکێشێتەوە
ناوچەوانی تێکنێت
بە دڵنەرمی لەگەڵمان نەژی
جێگۆڕکێ و جێگرتنەوە
زۆر کەسی تێدا ون بوو
نەدیترانەوەش



4

دەتویست ئەو نەرمەبایە
چی لەگەڵ خۆیدا هەڵگرێ
لە لێواری پەنجەرەی
تۆی دابنێ و بیکاتە دیاری و فەرامۆشیی دڵ

ئەی خانمی خامۆشی من بۆ تۆ
باڵندەی هێوربوونەوەم پەروەردە کرد
نەرم نەرم بۆ لاوانەوەت
بخوێنێ و خومارشکێنی تەنیایی بێت
شەرم لە ئەشق و نموونەی ناز نەکات
چونکە من ئومێدی ئاشقبوونم هەیە
لە بەهرە و سرووش و شیعر دەپاڕێمەوە
لە ئەشقدا بەخشندەبم
لە ئاگر زیاتر هیچی تر لە ئامێز نەگرم
ئاگرێك بە بەردەممدا دێت و دەچێت
چونکە من جارێکی تر ئومێدی ئاشقبوونەوەم هەیە
یەکەمین وشەی دوای ئاشقبوونەوە بە کۆچی یار ڕانەگەیشتم

5

گیا بە دەمودووی بای سەرپەڵە و سروەوە
سەما دەکات و ئاهەنگ دەگێڕێ
لەناو بێستان و ڕێگەی بە گیادا
پەیڕەوی ڕەوشتی بای
سەرپەڵە و سروە دەکەم و وەك ئەوان هەنگاو بە نەرمی دەنێم
بای سەرپەڵە و سروە بەقووڵی گیایان خۆشدەوێت و بۆ ناخی هەڵدەکەی
خۆشەویستی دێڕێکە لە شیعرێك کە بە بوون چوێندراوە
لە شوێنێك کە دڵە
مەرگ دەبێتە میوەیەك و دەستی بۆ دەبەین
ئەشق ڕەنگی نامێنێ
هێما و ڕاز پڕ دەبن لە شیعر و جاویدانی
لەگەڵ خۆم دەیانهێنمەوە ماڵەوە
دڵبەرە دڵباشەکەی من
شیعر و
جاویدانی
لەگەڵ خۆتان بمبەنەوە ماڵەوە

دەق

هەرچی لە ئەفسوونی هەمیشەیی ڕوودەدا با ڕووبدات

6

تر ئومێدی ئاشقب
دیکتاتۆر چاوی لە مس و کەلاشووشە داڕێژراوە
چاوی شاعیری

مەنگۆلی	و
دڵڕەش	و
بەدگۆ	و
دەروونکلۆر	یش

لە بەرد و دووپشك
چاوی ڕوون حەز بە خۆشبەختیی بیندراو دەکات
دڵبەرە دڵباشەکەی دەدۆزێتەوە و شتێك وەك
ئەستێرەی کاکێشان دەردەکەوێت
هەنگاو بۆ ناو پەرستگەت دەنێ و هەنگاوی پشوو پێدەدا
لە چاوی دوژمنەکەت ورد ببیتەوە
ئومێدێك دەبینی خۆتی
خۆری سبەینان لە قۆزاخەی ناوچەوانت دەخەملێ
پاشان لە دڵخۆشییەکدا دەپشکوێ
تەنیا هاتین و تەنیاش دەڕۆین
نێوانیان ناسینی داواکانی سەر ڕێگە

7

مەنزڵگەی سەرەتا و کۆتاییم
ئەی یەکەم نیگا و سروشتی ژیان
ئایە ماوەی دوا نیگا ماوە
بە تەك گەڵایەکدا تێبپەڕم
شەونمێکی لەسەر مابێتەوە

بەسەریدا بنووشتێمەوە و ماچی بکەم
ئەو بە پشت و پەنا و من بە خوێن و گۆشتی خۆمی بزانم
ماوەم نەبوو تەواوی چیرۆکی
ڕاز و نائومێدی باپیران بخوێنمەوە
لە ترسان لەرزیم و ئەو پرسیارەم کرد
هیچ نییە کاتێك بە کوڵ و بە دڵ دەگریم
فرمێسکی منیش لەسەر گەڵایەکدا دەمێنێتەوە
گریانەکەی خۆم دەخۆمەوە
دیسان دەلەرزم و پرسیارێکی تاساو
هەڵدەدەمە ناو کتێبی نیوەکراوەی ڕاز و نائومێدی
دەگەڕێمەوە لای مەنزڵگەی سەرەتا و کۆتاییم
ئەمیش هەمان قسەم بۆ دەکاتەوە
کتێبی نیوەکراوەی ڕاز و نائومێدی هەمیشە
لە شانێکەوە خۆی دەگوازێتەوە شانێکی تر
کەسیش ماوەی نابێ بە تەواوی بخوێنێتەوە

8

چەند لکە دارێکی لە ڕەگەوە هەڵکێشراو
لەسەر گۆڕێکی غەریب داندراون
دەروێشێکیش دوو نانی لەسەر کێلەکان هەڵخستووە
لەسەر چۆکان بەدیارییەوە دانیشتم
تەماشای سەرزەمینی بەختەوەریم کرد
بە دەنگی نیوە تاساوەوە
داوام کرد لێمگەڕێن پایەی ئەم گۆڕغەریبییە
چەند بە سێبەر و هەتاوە
لەناکاو دەنگی کەوتنێکی ترسناك هات
ڕێگای ئەو دنیا چەند دوورە
ئەرێ لە بەهەشت گۆڕستان هەیە
یان وەرزەکان کامیان دەزگیرانی
کامەیانە و کامیان

دەق

فەرمانڕەوایە و توانای پێشبینی لە خۆیدا پاشەکەوت کردووە
کێلنووس بۆنوبەرامەی ڕێگەی وەرزەکان
دەناسێ و پێی لەناو تەشتێك ئاوی شیرتێن دێنێ و دەبا
بەرانبەر مانگی هەڵاتوو دەمی پڕ هاواری کردووەتەوە
ڕستە ئامادەکراوەکانم بۆ کام ناو بەکار بهێنم

9

ئەسپێك عارەبانەیەك ڕادەکێشێ
دوو تەنیشتی وەك تابلۆی شانازی
بە وێنەی ئەو پەلەوەر و ئاژەڵانە نەخشێندراوە

مامز
کەروێشك
کەو
کەڵەکێوی

لاشەی سەربڕاوی

مامز	و
کەروێشك	و
کەو	و
کەڵەکێوی	شی هەڵگرتووە

لاشەی سەربڕاوی
کەروێشك
نەموێرا تێر سەیری شەڕی ناوەخۆی
نەخشی سەر عارەبانەکە بکەم
چووم بۆنی ئەو خاك و ئاوەم کرد

مامز	و
کەروێشك	و
کەو	و
کەڵەکێوی	پەلوپۆی خۆیان لەناو وەردەدەن

ئەوە تابلۆی چ شانازییەکە
دەیەوێت قسەم لەگەڵدا بکات

منیش ناتوانم گوێی لێ بگرم و هیچیشی لەبارەوە بڵێم
ئاسمان لە میانەی نەتوانینم
ڕوون دەبێتەوە و ئەستێرە دەچنە ناوی
ئێمەش ڕەنگی ڕژاوی قوربانییەکانمان دەناسینەوە
ڕوخساری قوربانییەکانمان
لەژێر ئەستێرەی ڕووندا وەك دەمار لێدەدا
لە ڕێ و باندا

مامز	و
کەروێشك	و
کەو	و
کەڵەکێوی	بە پێشمان تێدەپەڕن

دووریش بکەونەوە سێبەرەکانیان دەجووڵێت
دەزانن وەرزەکان
کامەیان فەرمانڕەوایە و کامیان
دەزگیرانی کامیانە و توانای پێشبینی لە خۆیدا پاشەکەوت کردووە

10

1963\6\13 حەرەس قەومی
قۆنداغەی تفەنگیان
لە سینگی سابیر حەسەن سلێمان شکاند
خوێن لە فاتەڕەشەی بەربوو
تلایەوە و بەسەر سەردا گینگڵی دا
تەمەن و ژیانی بووە پرتەقاڵێکی خۆرکەلێداو
1971\11\14 خوێنی خاوبووەوە و گەشەی نینۆکەکانی وەستا
خەڵکی جوانی گۆڕستان
دەستی میهرەبانییان درێژکرد و لێیان وەرگرتین
گوتیان لەوپەڕی شانازیدا دەرگای باخچەی مردنی کوتاوە
چاوی بینینی بێدارن و باخچەی مردنیش ناباب و بەسۆزە
خونچە ئیسماعیل عومەر لە **1956\12\6**دا
بە جلی ڕەشەوە چووە پەردەی بووکێنی و ئاهەنگی خامۆشییەوە

دەق

جلی ڕەش
جلی ڕەش
جلی ڕەش
جلی ڕەش
جلی ڕەش
جلی ڕەش
جلی ڕەش
جلی ڕەش

2005\12\19 پەری بە ئاوی چاویان
شووشتیان و جلی پرسەیان لەبەر فڕێ دا
هەموو سەرپەڵەیەك بە تەنیشتمان تێدەپەڕێ
تك تك ئارەقەی گۆی مەیدان لە ناوچەوانییەوە دەتکێ
دەکەوێتە بەر

دەرگا	و
ماڵ	و
باخچە	و
کێڵگە	مان

باوك و دایك ئەو یادەوەرییانەن بەسەر لێوی بە بارمانەوە
خۆر لە زەردەی ئاوابوونی
لە هەموو کاتێکی میهرەبان و نەرمونیانترە
ئێمە بە

ئاگر	و
خۆڵ	و
ئاو	و
با	دەبەستێتەوە

ئا بەم جۆرە ڕەنگی شێوە مردن نیشتە حەوشەوبان
سێبەری دارتووەکەمانی هەڵبزڕکاند
ڕەنگێك چاوی سپی کردن
لە دڵ و چاوی منەوە بەهەشتە ئەوماڵ و خانەوادەیە
لە بەخشندەییاندا گوڵەگەنمی شیعر بڵندبووەوە



لە دەرەوە ناوەستم
بای نازنەکێشاوی شازادەکانی هەزارویەك شەوە لێم دەدا
هەموو سەرەجەژن و سەری ساڵان
کراسی باوك و دایکم لە سەرچاوم دادەنێم
بۆنی کراسەکان بەدوای ئۆقرەی مندا دێن و پشوو دەدەن
پشوو تەنیا بۆ ئێوەیە بۆنی کراسەکان
کاتێك بە بەخشندەیی سەیری پەروەردەکراوەکانتان دەکەن
ئای لە بەخشندەیی چاوم
چەند پارچەیەك ڕووناکیی مرۆڤی
هەڵدایە ناو تاریکییەوە
پیاو و ژنێك و شەش منداڵ
لە ناو تابلۆیەکدان
تەماشای کڵۆشەکری سەر سینی و جۆشی سەماوەر دەکەن
دەیانەوێ لەسەر کێش و ئاوازی زمانی ڕوون و ڕەوانی گوڵ بێنە دوان
پەنجەرەکان لە ناکاودا بە ڕووی پشتدا کرانەوە

11

درەختەکانی ئەمبەر و ئەوبەری ڕێگاوبان
فەرموویان لێ کردم ئەی سروودی سروودەکان تێپەڕم
شکۆی خۆشەویستانت لە ئاسماندا ببینە
دایکە سروشت
دەزووی گەورەمەندی لە پەنجە ئاڵاندم و هەڵیدام
بێ دڵ لەدڵدان
بە ئاسماندا ڕۆیشتم و گەیشتم بە شکۆی پەیام
هەموومان لە سێبەریدا دەست لە دڵمان دەدەین
بارانێك بە هیواوە نمە دەکات
سڵاوی بنە گوڵێکی پێیە و لە تەنیشتمان دادەنیشێت
نیگای دەکاتەوە و بەسەر گیانماندا دەمێنێتەوە
باڵندەی بێ دەنگی هێلکەکانی ترووکان و کەوانەی بڕی
خۆ درەوشانەوەیەکی لەمە مەزنترمان نییە

دەق

ناونیشانەکان:

1: داگیرسانی جێگاپێی شیعر
2: دابەشکردنی شتێك لە خۆت
3: ئاوازی جێگۆڕکێ
4: نموونەی ناز
5: کە مەرگ مانای نامێنێ
6: داڕشتنی چاو
7: ماوەخواستن بۆ دوانیگا
8: دەنگی نیوەتاساو
9: شەڕی ناوەخۆ
10: باوك و دایکم
11: دواپەیام

ئاسمانەکانی سەمای شیعر

سارا قوبادی– بەهار

دەبا ئەستێرەکان لە منەوە فێر بن
بۆ تاریکانی ڕوون
ئیتر نەسووتێن
دەبا فێر بن
ئاسمانەکانی تریش هەن...
دەبا پرشەی ئەو تیشکانە
لە پەنجەرەی شەرابیتر بدا
نیگاری شەوگارێکی تر نەقشی مێژوو کا
دەبا ئەوانیش وەکو من
لە بازنەی ڕێگەی شیری بترازن
لە فەزای سێحراوێکی تردا
بەیاخی بوونی خۆیان
دەبا ئەوانیش بنازن..
.....

دەق

وشە ئاگردانێکە
لەت لەت
جەستەی تیا ئەسووتێ
سەمای شێعر
نوومای تینی بە گڕمە
دیالۆگی تاری بێ ژەنیاری عومر
خەتی مۆسیقایە و زیروبەم دەنگی ڕۆژانم
لە ڕووباریی بێتۆییدا
بەرەو وەرزی شەوگار
لە ئاوازیی ونی ئەستێرەیێکی دووردا
ئەفسانەئاسا
دەتنووسێتە سەر
هێڵی جاویدانی من
خواوەندی شێعریی نەمر.....

.....

هەوڵی زۆرم داوە
گەڵایەك بم لە بەڕوو
تیشکێ بم لە درزی داری گوێز
یا هارمۆنیی سەمفۆنیایێك
لە ڕاپەڕینی دوور
ویستوومە تۆزقاڵێ خەم بم
لە دووکەڵی جێماوی
سوتووی ئەم شارە
ئاوێنەکەم پڕە لەو وردەبەردانە
دیمەنی هەڵگوردی چیای دڵی ئەوە
سووچ بە سووچی جەستەم هەڵگری چوار وەرزێکە
لە ژوورەکانی سەری ئەودا
ساڵی شاعرێکە
تیشکی پەنجەرە وەختە ژەهراویم کا
وەختە ئەو سەرەڕۆیە

هەر لە بێستوونی عەشقی شارە بچکولەکەیەوە
وەك هاواری تیشە
ئاوارە.. بم بە ئەفسانە
.....
دە خۆ منیش وشەم
لە کوێیت..
بۆ کەوتووم لە گەشە و ورشە
تەمومژی زستانت بۆ نابێ بە خۆرەتاو
ئەوەتا دەنگم
سەدە بە دوای سەدە مەجنوونئاسا
ئاسەواری لە ناخی پیاڵەکانی نەرگسی شێعرمدا
بۆت دەگەڕێ
لە کام دەستایە شەستیر
لە کامەیان بارووت
زەنجیرە زەنجیر هەر دووچاوی
چەکامەی رووبار و بارانم
دەخۆمنیش بستێکم
لەو خاکە تۆ بۆی ئەبی بە لێو
تۆ بۆی ئەبی بەکێو
دەکوا بۆ سڵ ئەکەی
پڕشنگی رۆحم تەڵ تەڵ
تیری ئەو خەونانەت بۆ نەپێکێ
کە ئەخزێتە منداڵدانی
بەهارەوە لە باتی لقی خۆر
با ئیتر من شنەی بەستەکانت بم
.....
هەورە تینووەکە
کاتێ وەکو باران
تینوویەتیت بسڕمەوە
وەکو خاکی شکۆمەندی نیشتمان

دەق

دەتنێمە سەر سینگەوە..
با بەرد لە شێعرەکانم بگرن
با سەری قەسیدەکانم بتاشن
داری بەفرم
داری بەفر.. بەرامەوبۆنی شکۆفەکانم
خەوی سەدان ساڵەی
بەهاران رائەچڵەکێنێ

.....

وێنەیەك ئەکێشم
لە با و پەنجەرە و درەختە دوورەکەی سەریاڵ
قاڵ و چوارچێوەکەیشی
کێ ئەیژێت تۆنیت
خەندە زەوتکراوەکەی
بەر لە دیلیەتیم

.....

وەها بێزارم لە ئەم تابووتەی جەستە
وەختە لاشەی رۆح
لە گۆڕی شێعرێکا زینوچاڵ بکەم
وەختە هەتا هەمیشە جەستەی ئەسیرم
فێری تاوانی رەها بکەم
وەختە ئەم منە بشکێنم..
شەوقی ئاوێنەیکە رۆح
نوقمی تەماشای ئەوی دوور

.....

کەوشێك لە خەیاڵ ئەدۆزمەوە
ئەم وڵاتەبەتاڵەی مێشك بەجێدێڵم
بە حەزی خۆم
شۆستەی شارە ئەفسانەییەکان
پڕ ئەکەم لە وێنەی شاراوەی
ملودی هەنگاوەکانم

.....

ئەسپی منداڵیم
هەرچەن لەغاو کرابوو
بەڵام هەرکات ئەی ویست
ئەیدا لە شەقەی باڵ
ئیستە ئەسپەکەم
گەرچی بێ لەغاوە
تەنیا
لە لەوەڕگەی وشە و بارانا چاوەڕێمە

.....

وەك قولەی قاف
بەرەو دوورشوێنی جادووە
من ئەیژم باڵەکانی ژێر سەرم
لە ئەفسانەیەکەوە دێنەدەر
چی جادووی وشەی شێعرییە
ئەشێ چوون ملکەچی
موعجزەی بارانی پێش وەختم بمرن..

.....

زۆرجار شیعرێکی منداڵ
دەستم ئەگرێ وەکو دایەگەورە
داستانی پەرییەکان و خوای جادووبازەکانم بۆ دەگێڕێتەوە
زۆرجاریش
لێی ئەپرسم تۆ کێیت..
پەریت یا خوای جادووباز
لە ئەولاوە
ئاوێنەیەکم ئەداتێ
ئەنجا ئەزانم
نە پەرییت نە خوای جادووباز
تۆ خۆمی... من



ناوی خۆمم بیرچووەتەوە

هێمن عوسمان عەبدوڵڵا

بەیانیان هەستم و پەنجەرەی ژوورەکەم بکەمەوە
ئاوی گوڵەکان بدەم
ئاوی ماسییەکان بگۆڕم
گوێ لە میوزیکێك بگرم
بەیانی باش لە کەسێك بکەم
"من وا نیم"

بەیانیان هەڵئەستم و پەنجەرەی ژوورەکەم ناکرێتەوە
جاڵجاڵکۆکە تەنیویەتی
گوڵەکان وشك بوون و
ماسییەکان لە بێئاویدا مردوون
گوێ لە میوزیك ناگرم و
لەم ماڵە چۆڵەدا کەس نییە سڵاوی لێ بکەم
"من وام"

پارچەیەك سەهۆڵ لە سینگمدا لێدەدات
پەنجەکانم چلوورەیان کردووە
کەوتوومەتە سەر ئاوێکی سارد

بە تەنێ هزرم نا
قاچم لە ناو پێڵاوەکانمدا
دەستم لە ناو گیرفانمدا
سەرم لە ناو کڵاوەکەمدا
چاوم لە ناو چاویلکەکەدا
بێتاقەتە

یەك یەك، سەرتان بهێننە پێشەوە تا بە گوێچکەتاندا
بچرپێنم "شکستی من ئەوەیە تا ئێستایش دەژیم"
ئەمە لای کەس مەدرکێنن.

لەسەر هەر بستێك زەوی ژیابم
خاکەکەی چووەتەوە خۆی
خوایە، وەتەن ئاواکەی
ئێوارەیەك و بەیانی هەڵنەیەتەوە

پێم خۆشە بچم بۆ جەنگ بۆ ڕیزی پێشەوەی سوپایەك
نەزانم بۆچی دەجەنگێ

دەق

ئاخر من هەمیشە قسەم لە بابەتگەلێك كردووە
هیچم لە بارەیانەوە نەزانیوە

ناوی خۆمم بیر چووەتەوە
چونكە لە مێژە كارم پێی نییە
چونكە لە مردندا باشم
لە ژیانكردندا كارەساتێكی گەورەم

نیگەرانیی من
بۆ هاوسەنگكردنەوەی ئەو بەختەوەرییە بێشومارەیە
چواردەورمی تەنیوە
دەنا منیش وەك ئێوە دەزانم پێبكەنم

لە دوای هاتنە دونیام، هەوڵ مداوە
بە دەرمانی زیانبەخش
خۆفڕێدانە خوارێ
فیشەكنان بە جەستەوە
لە ناو ئاودا نوقمبوون
لە ژوورێكدا هەڵواسین بە پەتێكەوە
كۆتایی بە گەمەكە بهێنم
ژێوان بوومەوە و
خوێندم و فێر بووم
ئاشق بووم و ژیام
لێ مرۆڤی بەختەوەر ئەوە بوو
نەیخوێند و فێر نەبوو
ئاشق نەبوو
ژیا

دڵێکی پیس و دوو چاوی ڕاگوزەر

سەبا ئەحمەد

کە هاتمە ژوورەوە بۆ لای پۆلیسی لێکۆڵەر بە تەواوی بڕیاری خۆم دابوو سەرلەبەری بەسەرهاتەکەی وەک خۆی بۆ بگێڕمەوە، بەبێ ئەوەی سڵ لە هیچ بکەمەوە، چونکە ئەوەی ئاسوودەیی پێ دەبەخشیم ئەوە بوو بە توندترین شێوە سزا بدرێم و بۆ هەتایە لە چواردیواری زیندانداا نەیەمە دەرەوە .دەرەوە بۆ من لە دەشتێکی چۆڵ و ڕووتەن زیاتر نەبوو، ئەوەی بە لامەوە گرنگ بوو چەند ڕۆژێکە ماڵئاوایی

لێ کردووم. پەیوەندیی نێوان من و ئەو وەک عەشقی زیندانییەک بوو بۆ زیندانوانەکەی. ئەوەی بەردەوام چاوی لە سەریەتی و بوون و ژیان و نانی لەسەر ئازادی ئەوە.

سڵاوێکم کرد... ئەفسەرەکە بەوپەڕی پۆزەوە بەس چاوێکی هەڵبڕی و ئەرکی وەڵامدانەوەی نەکێشا... ئاماژەی بۆ پۆلیسەکە کرد، لە سەر کورسییەکەی بەرامبەری دامکوتێت... یانی بە زۆر پسم پێ بداتەوە... ماوەیەک بە کاغەزەکانی بەردەستییەوە خۆی مژۆڵ کرد... وەک هەست بە بوونم نەکات، دەمزانی ئەوە جۆرێک سزایە بۆ کەسانی تۆمەتبار تا زیاتر هەست بە زەلیلی و بێبارستایی خۆیان بکەن... بەڵام بۆ من هیچ دەورێکی نەبوو، لەوە بێماناتر بووم بوونم لای ئەفسەرێک بۆ گرنگ بێت... ئەوەی بە لای منەوە گرنگ بوو ئەو بوو... کە دواجار لای ئەو خۆم سەپاند، هەرچەندە ئەم خۆسەپاندنە تەنها لە ڕووکەشدا بوو دەنا لە ناخەوە کردبوومی بە هەزار پارچەوە... من لەناو گەردەلولی ئافاتەکانی خۆمدا وەک پەپوولەپاییزە سەمام دەکرد، کە ئەفسەرەکە یەکەمین پرسیاری وەک گوللە پێوە نام:

-ناوت چییە؟

+قوربان لەبەر دەستدا نووسراوە...

زۆر لە سەری نەڕۆشت.

-ئەوەی ئەو تاوانەت بەرامبەر ئەنجام داوە چیتە...؟

+هەموو ژیانم بوو...

لە وەڵامەکەم دەهری بوو، هاواری کرد: (گاڵتەجاڕی تۆ نیم، وەک مرۆڤ وەڵامم بدرەوە...؟!

+بەسەر چاو قوربان...

-بۆ وات لێ کرد... چۆن دەستت تێی چوو؟!

+گەورەم ئەو بابەتە چەند ساڵێکی خایاند... بە چەند دەقیقەیەک لێی حاڵی نابی، کاتی ئەوێ، جا نازانم وەختی زێڕینی بەڕێزتان ڕێگەتان ئەدا باسی بکەم؟

-تووڕە بوو... بۆ تۆ وا ئەزانی ئەم وڵاتە بەس تۆی تیایە تاوانت کردبێ... تا ساڵێک گوێ لە حەکایەتەکانی تۆ بگرم...؟!

+گەورەم ڕاستە تاوانی زۆری تێدا ئەنجام ئەدرێت، بەڵام لە جۆری ئەمەی من دەگمەنە... تاوانیش بێت و لە هەمان کاتدا خۆشیش بێت.

-کاتم نییە بە چەند وشەیەک وەڵامم بدەرەوە... بۆ وات لێ کرد...؟

+لە بەر گومانەکانی دڵم، لە ترسی لە دەستدانی دڵی ئەو...

-مەتەڵە؟ جوان قسە بکە...

+قوربان بۆیە پێم گوتی تاوانێکی چەند ساڵە بە چەند دەقیقەیەک هەڵناسەنگێنرێت... ئێستا بە ویستی خۆت چیرۆکێکم بۆ دارێژە و سزایەکم بۆ دانێ... بەڵێن بێت بێ ئەوەی بیخوێنمەوە واژۆی بکەم... گرنگ نییە تۆ چۆن ئەم حەکایەتە دەگێڕیتەوە، تەنها بۆ خۆم گرنگە چۆن ڕووی دا و چۆن بیگێڕمەوە... تاوانێک ستەمکار و ستەملێکراوی پێکەوە چەندین ساڵ وابەستە کرد بە ژیانێکی جوانەوە. ئەگەر خۆم نەبوومایە کەس بە تاوانەکەی نەدەزانی، ئەوەی وای لە من کرد وەک سکاڵاکارێک سکاڵا لە سەر خۆم تۆمار بکەم، ترسنۆکیم بوو، دەستم نەدەچووە خۆم، پاشان بەڵێنیشم بەو دابوو لە دواساتەکانی ژیانیدا سوێندی دابووم هەرگیز خۆم نەکوژم، چونکە دەیزانی پاش ئەو یەکەمین کارێک دەیکەم خۆکوژییە... چاک دەیزانی تەنها ئەو هەناسەی منە لەم بوونەدا، بێ بوونی ئەو ژیانی من خنکانێکی لەسەرخۆیە. تکای کرد (هەر بە یادی منەوە بژی... با

وێنەی چاوەکانمت لابێ، تا کۆتایی ژیانت، ئەو چاوانەی لە جوانترین و شیرینترین ساتدا وێنەت گرتن... چاوانێک دوانیگار بینییان ڕووخساری تۆ بوو...) گەورەم تۆ لە مانای ئەمە ناگەیت. دەکرێت فەرمان بکەیت بە زووترین کات لە سێدارەم بدەن... ئەگەر پاڕانەوەکانی ئەو نەبوایە چۆن ئەو بەڵێنەم ئەدا؟ قوربان زۆر دەترسم مەودای نێوان مەرگی من و ئەو زۆر بێت و لە تەنیشت گۆڕەکەیەوە پیاوێکی دیکە بنێژن... ئاخر گەورەم هەرگیز ناتوانم وەک مردوویەک سەیری بکەم چون لە دڵمدا بە تەنها ئەو دەژی، ئێستاش وا هەست دەکەم لە ناوپێخەفەکەیدا بە جەستەی ناسکییەوە نووستوە... دەترسم و غیرە دەمکوژێت پیاوێک لە تەنیشتییەوە ببینم. ئەم غیرە و دڵپیسییە بوو هەموو ژیانی لێ کردمە دۆزەخ و ئەویشم بە خۆمەوە کردە دیلی ئەو دۆزەخە، گەرچی هەرگیز ناڕەزایەتییەکی دەرنەبڕی... سادەیی ئەو لە ئاست ئەو هەموو دڵگەرمییەی مندا نەبوو، ئەو بە هەموو سزاکانم قایل بوو، لەوە دەترسام کەسێکی تر هەبێت لە پشت منەوە لە من زیاتر توانیبێتی دڵی بداتەوە و بە خاتری ئەو بەم هەموو سزایەی من قایل بێت...

-ئەرێ بابە ئەم هەموو وڕێنە چییە تۆ دەیکەیت...؟ بڵێ بزانم چۆن تاوانەکەت ئەنجام دا...؟

+دەکرێت بەڵێنم پێ بدەیت هەرگیز لە تاوانەکەم خۆش نەبن و کەس پاساوی بێمانام بۆ نەهێنێتەوە؟ بمکوژن بە چ شێوەیەک خێراترە باکم لە ئازاری جەستە نییە، دەمێکە ئازاری جەستەم لە بیر کردووە، هێندە بە ئازاری ڕۆحەوە خەریکم... قوربان بنووسە (لەبەر ئەوە ژنەکەم ڕازی نەبوو ئەو تاوانانەی من دەمکرد ئاشکرایان بکات... بە هەڕەشەی کوشتنی خۆیشییەوە...) تەنها هێندە بنووسە لە دۆسیەکەمدا، ئەوەندە بەسە بۆ ئەوەی خوێنم حەڵاڵ بکات لای یاسا...

-ئەو تاوانانە چین کە تۆ دەتویست ئاشکرا بن؟ باسیان بکە...؟

+ببوورە تاوانەکان هێندە پەنهانن لە نێوان دڵی من و ئەودا باس کراون، بەڵام نەخشەی کوشتنی هەمو خەڵکی سەرزەوی تێدابوو... گەڕان بوو بە دوای چەکێکدا لە ئەتۆم کوشندەتر بێت... خواستی من ئەوە بوو سەرزەوی بەو بەرینییەی خۆیەوە تەنهاوتەنها من و ئەوی تێدا بێت، من و ئەو بەس... نەوەک جارێک چاوی بچێتە سەر پیاوێکی دیکە و خۆشی بوێت، پیاوێک لە کەلێنێکەوە، منیش بەو هەموو عەیب و کەلێنەوە؛ لە من شارەزاتر بێت و دڵی فریو بدات... ئەمە خواستی من بوو یا دەبوو سەرزەوی خاڵی کەمەوە لە مرۆڤ... یا ئەو لە هەموان تەریک کەم... ئەفسەرەکە دەهری بوو بانگی پۆلیسەکەی کرد وتی: (ئەم سەگبابە بەرنە دەرەوە. شێتە کەس لێی حاڵی نابێ). پۆلیسەکە بردمییەوە بۆ ژوورەکەی خۆم لە زیندان... ژوورێکی تاکەکەسی... ترسام لەوەی چەندین ساڵ لەم ژوورە تاریک و تەسکەدا ببەمە سەر. من شار و ژیانم لە دوای ئەو پێ زیندان بوو. ئەدی ئەبێت زیندان چۆن بێت!؟ ناچارم دەبێت لێرەوە حەکایەتێک داڕێژم بۆ حەڵاڵکردنی خوێنم... بەڵام جارێ با سەرلەبەری چیرۆکەکە بۆ منداڵەکەمان بنووسمەوە، ئەو منداڵەی هەموو تەمەنم ناوێکم بۆ داتاشی کەچی دایکیشی نەیهێشت ئەو ئاواتەم بێتە دی، ناوێک تا ئەبەد لە دڵمدا بە پەنهانی هەڵیدەگرم... ئەو منداڵەی لە پاش من نازانم دەکەوێتە لای کێ...؟ بە لامەوە ئاساییە کێ پەروەردەی دەکات و چۆن پەروەردەی دەکات... چونکە ئەو پارچەیەک خشتە لە قەڵایەکی زێڕین بەجێماوە، لە کاتێکدا قەڵا نەما... ئەبێت پارچەیەک خشتم بۆ چی بێت؟! بەڵام هەر بۆی دەگێڕمەوە، هێندە بە لامەوە گرنگە عەشقی من و ئەو نەمر بێت، هێندە گرنگ نییە ناوی

دەق

خۆم لە سجیلی دائیرەی نفووسدا بمێنێتەوە بە پاشکۆی ناوی کوڕەکەمەوە. هەمیشە حەکایەتەکان لە قارەمانەکان جوانترن، بەڵام قارەمانەکانی ناو حەکایەتەکان نەمرترن...

لە ناو چاوەبازەکانیدا وێنەی خۆمم دییەوە... پێکەنینەکەی سەر ڕووخساری لە چاوەکانیدا جوانتر ئاشکرا بوو... خواستم بوو ژیان لەوێدا بوەستێ، لە کاتێکدا ئەو چاوەکانی لە چاوەکانی مندایە و هەست ئەکەم خۆشی دەوێم، هەست دەکەم لەم کەونە بەرینەدا تەنها من دەبینێت... ئەوەی بە لای منەوە گرنگ بوو لە ژیاندا، کەسێک پڕ بە دڵی خۆشی بوێیت و تۆش پڕ بە دڵی خۆت ئەوت خۆش بوێ... کەسێک وەک قارەمانی ناوخەیاڵەکانت خۆت خالقی بیت... تەنانەت خەیاڵەکانیشی پڕ بن لە تۆ... من لەو ساتەدا ئەوەم لە نیگا ڕەشەکانی ئەودا خوێندەوە، دەستم بە ڕوومەتەکانییەوە گرت، پڕ بە ئارەزووم ماچێکی ناو دەمیم کرد... دەمم پڕ بوو لە شیلەی زاری... ترسام ڕۆژێک بێت و ئەم شیرینییە چیتر مولکی من نەبێت ترووسکەی ئەو چاوانەی لە ڕووی کەسێکی دیکەدا بێت... (پێشبینی و ترسی لەدەستدانی خۆشەویستێک بە خەیاڵ لە خودی لە دەستدانەکەی قورسترە...) چونکە هێندە خاڵی لاوازم هەبوو ئەستەم بوو هیچ کەس بتوانێ تەنها هەفتەیەک بە یەک ڕیتم و ئاست لەگەڵم هەڵبکات... ئەمەش خەمی من بوو، بیرکردنەوەیەکی شێتانە بڕیارێکی قورسی پێ دام... کامێراکەم هێنا و زوومم کردە سەر چاوەکانی... ئەویش نیگای ئاراستەی عەدەسەی کامێراکە کرد و کرچەم لێهەڵساند... پاش ساتێک لە کامێراکەوە بۆ وێنەکەم ڕوانی، هەمان گەرمی و خۆشەویستیم لە چاوەکانیدا دۆزییەوە. هەستم کرد ئەو جۆرە لە ڕوانین ترۆپکی خۆشەویستییە، بستێک لە سەرووی ئەو جێگەیەوە شوێنێک بۆ عەشق نییە. جارێکی دیکە دەستم بە ڕوومەتەکانییەوە گرت و ماچێکی چاوەکانیم کرد، هەستم بە گەرمیی هەناسەی کرد لە سەر ملم، خەریک بوو بمسووتێنێ... وتم: (ئازیزم ئەوەی لە دەستم بێت بەرامبەرت بیکەم بۆ درێژەدان بە خۆشەویستیمان بەم گوڕوتینەوە هەڵکۆڵینی چاوەکانتە... تکایە ڕێگەم بدە ئەو کارە بکەم تا هیچ نەبێ کەمێک بە ئاسوودەیی و بێ ترس بخەوم... تۆ یەقینت بە خۆشەویستیی من هەیە، بەڵام چی بکەم من مرۆڤێکی بەدم، هەمیشە گومان لە ڕۆحمدا سەما دەکات، تکایە تکایە ئاسوودەم بکە... تا هەموو ژیان بەختەوەرت کەم...)

زەردەخەنەیەکی پڕ خۆشەویستیی بۆ کردم، هەرگیز بڕوام نەبوو بەوجۆرە وەڵامم بداتەوە، لێوەکانی بە لێوەکانمەوە نووساند و وتی: "من مولکی تۆم، چی تۆ ئاسوودە ئەکات بیکە... بەڵێنت پێ دەدەم هەرگیز لۆمەت نەکەم لەسەر ئەو کارە، چونکە خۆم دەناسم، ڕەنگە بەم چاوانە ڕۆژێک بۆ ساتێکیش بێت خیانەت لە خۆشەویستییەی تۆ بکەم کە بووە مانا بۆ بوونم... ئەو دەمە نە تۆ ئاسوودە دەبیت و نە منیش بەختەوەر، مەوەستە دڵی من، مەوەستە، دەریان بێنە و فڕیان بدە چونکە ئەوانە تاکە هۆکاری خیانەتن." وتم: "نا گیانەکەم فڕێیان نادەم بەڵکو دەیانخۆم تا بۆ هەمیشە هەست بکەم نیگاکانی تۆ لە خوێنمدا جمەی دێ و چاودێرە بەسەر دڵمەوە، نەک قەدەرێک گەمەی پێ بکات، گەر بۆ چرکەیەک بێت، گەرچی من لە دڵڕەقیی خۆم دڵنیام کە هەرگیز نابزوێت و تەنها جارێک هەڵەی عەشق دەکات..." پاشان لێوم لەگەڵ لێوەکانی ئاوێزان

کرد، زمانیم ڕاکێشایە ناو دەمی خۆمەوە، هێدی هێدی دەمیم مژی... وەک چاوەکانی بلاوێنەوە بە ئەسپایی لە یەک ساتدا پەنجەکانم لە بەشی خوارەوەی چاوەکانی توند کرد و چون دوو هەڵماتی شووشە گلێنەکانی کەوتنە ناو لەپەکانمەوە... تەنها گوێم لە ئاخێک بوو لە قووڵایی گەرووی هەردووکماندا کوژایەوە... خوێنی چاوەکانیم بە زمانم سڕی و خواردمەوە، گلێنەکانیم وەک دوو نقوڵی شیرین فڕێدایە زارمەوە، باش کرۆشتم، پاشان بۆ ماوەیەکی درێژ لە دەممدا هێشتمەوە، ئینجا قووتم دان... بەو کارە گەرچی ئەرکی سەرشانم گەلێک قورس بوو بەڵام هەستم بە کەمێک دڵنیایی کرد... بۆ ڕۆژی دواتر بە دوو جانتای پڕپێداویستیی سەرەتایی جلوبەرگ لە ماشینێکدا سەری خۆمان هەڵگرت تا هیچ کام لە خێزانەکانمان بەم کردارە شێتانەیەمان نەزانن... کردارێک بە ویستی من و ڕەزامەندیی ئەو بوو، بەڵام ئاژاوە و ناحاڵیبوونێکی قووڵ و درێژی بە دوای خۆیدا دەهێنا... ماڵە نوێ خنجیلانەکەمان لە جێگەیەکی تەریک و چەپەکدا گەرچی بە ڕووبەر بچووک بوو، بەڵام تا ژیان بیگرێت فراوان بوو... ڕۆژانە چەند کاتژمێرێک دەچوومە سەرکار، کارێک بە پارەیەکی کەم... ئەوەی تەماعی پیاو گەورە و فراوان دەکات خواستی ژنە، لەوەشدا خۆشبەخت بووین... چونکە ئەو تێکەڵاویی کەسی نەدەکرد و هیچی نوێی نەدەبینی، هەرچی پێداویستی بوایە خۆم دەمکڕی، پێش ئەوەی داوای بکات... ئەم کارە خواستی ئەوی بۆ پێویستییەکانی خۆیشی دەکوشت، چونکە چیدی شتێک نەبوو خەونی پێوە ببینێت و تەمەنای بکات... هیچ ڕۆژێک بێ دیاری و هەواڵ نەدەگەڕامەوە بۆ لای، تا هەست نەکات شتێکی لە خەڵکانی دیکە کەمترە... وەک هەواڵی فڕێدانی مەلۆتکەیەکی بێناسنامە لە گۆڕستانێکدا، وەک دزینی منداڵێک یا گۆڕینی ساوایەکی کچ بە کوڕ لە نەخۆشخانەیەکدا... یا کوشتنی ژنێک لە لایەن مێردەکەیەوە لەبەر ئەوەی خیانەتی لێکردووە، یا کوشتنی پیاوێک لە لایەن کەسوکاری ژنەکەیەوە یا هەزاران کارەساتی دیکە، پاشان لە ئامێزم دەگرت و دەمگوت: "ئیرەییت پێ دەبەم کە ئەرک ناکێشی و دنیایەک بەو ناشیرینییە نابینی، ئێستا دەزانی شار لە چی دەچێ...؟ شار وەک ماڵێک وایە لە بەردەم هەزاران ئاوێنەدا دانرابێ، تا بڕۆیت دیمەنەکان دووبارە دەبنەوە، خانووی بڵند و بەرز، بەڵام مرۆڤی بچوک و گرگن... سەرلەبەر شەقامەکانی پڕن لە مرۆڤی کۆپیکراو، هەنووکە مرۆڤەکان بە نەشتەرگەری خۆیان کۆپیی یەکدی دەکەن، لە هیچ سەردەمێکدا هێندە مرۆڤی یەکشێوە نەبووە، یەک شێوە جل، یەک شێوە ڕەوت، یەک شێوە ڕووخسار، لە هەمووی خراپتر یەک شێوە بیرکردنەوە، ئەستەمە هەموو ڕۆژێک بیر نەکەیتەوە، خودا بێهوودە خۆی بەم خەڵکەوە سەرگەرم کردووە، سەر زەوی لە پیاو یەک کەس و لە ژنیش تەنها یەکێکی بەسە... هەرگیز وا هەست ناکەیت لە شارێکدایت، وا هەست دەکەیت لە کۆگایەکدایت پڕە لە بووکەڵەی نایلۆن، کە خاوەن کۆگەکە بۆ ڕیکلامی جل و ماکیاژ بەکاریان دێنێت... بەدبەختترین خەڵک ئەو خەڵکانەن کەوتوونەتە ئەم دەوروزەمانە کە هیچ شتێک مانای نەماوە... عەشق درۆیەکی ڕووتە و هەموان بانگەشەی بۆ دەکەن، پارە سەرلەبەریانی سەرکز و بێ بڕیار کردووە، کەس جورئەتی ئەوە ناکات بڵێت چی ڕاستە و چی هەڵەیە. دەبێت خاوەنەکەی... بەرپرسەکەی بۆی دیاری بکات... دنیا بۆتە مەیدانی کۆیلایەتییەکی گەورە... پێکەنین تەنها دەرکەوتنی ددانەکان و دەنگێکی نەساز نەبێت هیچی دیکە نییە... چونکە کەس بە دڵ پێناکەنێت... سوێندت بۆ دەخۆم سنگی هەمویان هەڵدڕە دڵۆپێک خوێن نابینیت... جگە

دەق

لە ئامێرێکی لاستیک هیچ لە سنگیاندا نییە... لەم چەرخە بێفەڕەدا سروشتیش خۆی لە بیر چۆتەوە. باران سەرلێشێواوترین دیاردەی سروشتە کە هەرگیز لە وادەی خۆیدا نابارێت... خواردن تەنها برسیت ناکات... ئەگینا کەس لەزەتی لێ نابات، تۆ خۆشبەختی دڵی من، کە چاوت سەرت بەم بێزارییانەوە نائێشێنیت... من ڕۆژانە دێمەوە، بەرلەوەی پێ بخەمە ماڵەوە لەبەر دەرگە چاوەکانم دەشۆم و خۆم دەڕشێنمەوە، چونکە ژیان بۆتە خۆراکێکی نابەدڵ ئەبێت بەر لەوەی بگەڕێیتەوە بۆ لای سروشتی مرۆڤبوون هەڵی بێنیتەوە، منیش بەر لەوەی بگەڕێمەوە بۆ لای سروشت و پاکێتیی ئەو پاشماوە بێزارکەرە لە خۆم دەردەکەم... وەرە هەناسەکەم لەم کەونە بەرینەدا تەنها تۆم بۆ ماویت بۆنی سروشت و بۆنی ژیانی ڕاستەقینە بدەیت... پاش گێڕانەوەکان بە توندی باوەشێکم لێ وەردەدا و دەستیم دەخستە سەر دڵم و سوێندم دەخوارد خودا تا ئێستا کەسی هێندەی تۆ جوان هێندەی تۆ شیرین نەنەخشاندووە، هێندەی تۆ پاک دروست نەکردووە... پاشان پرسیاری ئەو خەیاڵانەم دەکرد کە لە تەنهایدا بە سەریدا هاتوون... ئەویش زۆر ژیرانە خەیاڵەکانی دەگێڕایەوە و هەرگیز خەیاڵەکانی لە قووڵتربوونی پەیوەندیی نێوان من خۆی دەرنەئەچوو... سەرباری ماندووبون و هیلاکی تا ساتێک لە ماڵ دەچوومە دەرەوە بۆ وچانێک لە ئامێزمم دوورم نەدەخستەوە... تەنانەت ئەرکی نانخوادنیشیم خستبووە ئەستۆی خۆم و بە دەستی خۆم پاروم دەخستە دەمییەوە... هەندێک جار لە بری پاروو لێوم دەخستە نێوان لێوەکانی... تا بەراورد بکا لە نێوان خۆراکی ڕۆح و خواردنی ئاسایی... ئەو بە پێکەنینە ناسکەکەی خۆی دەیگوت: "ئازیزم دەشێت مرۆڤ خواردنێکی ئاسایی لەبەر چاو بکەوێت گەر ڕۆژانە دووبارە بێتەوە، بەڵام لێوە شیرینەکانی تۆ تا زیاتر بیخۆم برسیتر دەبم بۆیان... خودایە چەند خۆشبەختم کە هەمیشە سفرەی دڵم پڕە لە خوانی عەشق، کەس لەوە تێناگات چەند بەدە مرۆڤ هەست بکات ئازادە و بێدەربەست بەدنیادا بگەڕێت، وەک پەڕی دەم با ڕەها بێت , تێناگەن چ خۆشبەختییەکە کاتێک هەست بکەیت لەلایەن کەسێکی دیکەوە لە ژێر چاودێریدایت، هەمیشە چاوێک لە نێوان ترس و خۆشەویستیدا نیگات ئەکات و هەمیشە گوێیەک ترپەکانی دڵت بۆ ئەژمێرێت , بەردەوام کەسێک خاڵ لە سەر هەستەکانت دادەنێت , ئەوە پەرژینێکە لە ناز، دڵپیسی بە ستەم و زوڵم لێک نادەمەوە، هێندە بە خۆشەویستیی ترسی لەدەستدانی کەسانی گرنگ بە ئەندازەی ژیان هەڵدەسەنگێنم , بۆیە هەرگیز لاریم نەبووە لەوەی چاوەکانم دەربێنی چونکە دڵنیا بووم بە خۆشەویستیت دەیان جار زیاتر قەرەبووم بۆ دەکەیتەوە."

دەستم بە گریان کرد و وتم: "بمبەخشە ئازیزم! تۆ چەند بە نازکی درندەییەکانم ڕاڤە دەکەیت بەڵام سوێند بە خودا بە چاوەکانت گەر نیگا شیرینەکانت هیندە لام گرنگ نەبوایە ترسی لەدەستدانی تۆ شێتی نەکردمایە دەمتوانی وەک هەموو پیاوەکانی دونیا بێدەربەست بەجێت بهێڵم. لە ماڵ و گەڕەکێک و بگرە شارێکی قەرەباڵغدا، بەڵام ئەو ترسە نەفرەتییە وا شیرینییەکی ڕژاندە ژیانی ئێمەوە، کەسانی ئاسایی هەستی پێ ناکەن. ئەوان لەوە تێ ناگەن کە هەست پەیوەست بوو بە کەسێکەوە چیدی خۆشبەختی لەودا دەبینیت ژیان بەو پڕ و سیخناخە لە خۆشبەختی بێ، ئەویش چۆڵ و ڤالایە، گیانی من ئەم

ترسەیە درێژە بە عەشق و خەم و خۆشبەختی دەدات. گەر خودا گەرەکی بوایە مرۆڤ پێویستی بە کەسێکی دیکە نەبوایە بۆ گۆڕینەوەی هەستەکان ئەوا لە یەک کاتدا لە مرۆڤەکاندا بە لایەکی ئەژنۆیەکیانەوە ئەندامێکی نێرینە و بەلاکەی دیکەیانەوە ئەندامێکی مێیینەی دەخولقاند، تا کەی بیویستایە بە ئارەزووی خۆی لەگەڵ خۆی حەزەکانی بەجێ بهێنای، بەڵام خودا ئەزانێ ئەوەی مرۆڤ لە ئاژەڵ جیا دەکاتەوە هەستە... لە ئاژەڵدا حەز و لە مرۆڤدا هەست هەیە، ئەو دەمەی مرۆڤ سنووری بۆ هەست نەهێشتەوە دەبێتە ئاژەڵ خودا دەیزانی ئەگەر هەردوو ئەندامەکەش بە جەستەیەکەوە خەڵق بکات مرۆڤ بۆ دۆزینەوەی هەستەکانی لە بەرامبەردا خیانەتی دەکرد و لەگەڵ کەسانێک کە هەستی دەیخوازێت نەک حەزی خۆی ئاوێتە دەکرد... هەستی منیش لەگەڵ تۆدا دەمخواست بۆ ئەوەی نەبوومایەتە جەلاد، هەستەکانم لە تەنیشت مرۆڤیکی دڵڕەق و بێ بەزەیی دەرک کردایە، بەڵام بڵێم چی تۆیت کە دڵت هێندە ناسک و سادەیە لە خیانەتی چاوەکانت دەترسی؟! ئازیزم خواستم بوو وەک ئادەم و حەوا بە تەنها لەسەر زەویدا بووینایە تا بێخەم و ترس بەجێم بهێشتیتایە، تۆش بە چاوەکانت بتوانیایە لەزەت لە جوانی بەری... بەڵام قەدەری شوومی من ئەوەبوو نە تەنها بووین و نە هێندەش جوان بووم متمانەم بە خۆم هەبێ لە بەرامبەر پیاوێکی دیکەدا بەخواستی تۆ نەدۆڕامایە... دڵپیسی ئەنجامی بێ متمانەییە لە مرۆڤێکدا بەر لە هەموو کەس لە خۆی، من متمانەم بە خۆم نەبوو سەر شێتانەش دانم بە جوانی تۆدا نابوو، ئەوەی هەمیشە لە ناخمدا ئازاری ئەدام ئەوە بوو تۆ چ بەدبەختێکی بەو هەموو جوانییەوە ناشرینێکی وەک منت ناسی؟ من بۆیە کەم جار لەبەردەم تۆدا دڵم خورپەی پێکەوت و عاشق بووم، سەیرم لێ دێت مرۆڤ هەیە دەڵێ: (عەشقی یەکەم و دووەم و سێهەم) هەمیشە عەشقی یەکەمجار ڕاستەقینەیە، ئەوانی دی دەبنە پینەی دڵ... دەمزانی تۆ عەشقی یەکەم و دووەم و سێهەمت هەبوە... من بە دڵێکی بێڕتووش بوومە چوارەم پینەی دڵی تۆ... تۆش یەکەمین قیبلەی عەشقی من، عەشقێک لێوانلێو لە شێتی... دڵنیاشم ئەوەی تۆ بۆ من هەتبوو عەشق نەبوو , ڕەنگە گۆڕینەوەی هەست بگرە بەزەیی، یا پێویستییەک بۆ پڕکردنەوەی کاتێکی بەتاڵ بووبێت، بۆیە منیش ئەو هەلەم قۆستەوە، بەو جۆرە دیلم کردیت تا بۆ ئەبەد دنیا لە چاوەکانی منەوە ببینیت... چاوانێک دەیان جار کەمتر لە چاوەکانی تۆ شتیان دەبینی، بەڵام سەدان جار قووڵتر لە چاوەکانی تۆ ڕاڤەی جوانییەکانیان دەکرد، چاوەکانی تۆ دوو ڕێبواری تیژڕەو و ڕاگوزەر بوون، هەرگیز لە سەرمان نەدەوەستان، بەڵام چاوانی ماندووی من بە ڕەوتی کیسەڵی سێ سەد جار لەوانەی تۆ زیاتر ڕۆ دەچوون، بمبەخشە ئەوانەی باسیان دەکەم خراپەی تۆ نین، سروشتی تۆن، هەرچییەکیش لەسەر خۆم دەیڵێم قەرەبووی ئەو زەبوونییەیە لە بەرامبەر تۆدا هەستی پێ دەکەم.

ڕۆژێک بە بیرمدا هات کاتی ئەوە هاتووە پرسیاری لێ بکەم چونکە گۆڕانەکانی ئەم دواییە حاشاهەڵنەگرە، ئیدی لە نێوان گومان و ترس و پەشیمانی و بەزەییدا وەک بووکەڵەیەک هەڵواسرابووم دەمزانی خۆم دەخەڵەتێنم، چونکە تامی ماچەکانی دڵگەرمییەکەی جارانی سارد بووبووەوە و سەرەتا لەدایکبوونی منداڵەکەم کردە بەهانە... پاشان چاودێریم کرد و ڕامام هەستم کرد ئەو سۆزێکی ڕاستەقینەشی بۆ منداڵەکەمان نییە... گەرچی منیش نەمبوو بەڵام بێسۆزیی هەریەک لە ئێمە جودا بوو... من ترسی ئەوەم هەبوو ئەو بە دەستییەوە گیر بخوات و هیلاک بێت، بەڵام نەمدەزانی

ئەو چی دەکاتە بەهانە بۆ بێسۆزی... دەبوو بە هەر جۆرێک بێت دواتیلماسکی ئەو ڕازانەی لە ناخیدا دەربێنم، هەرجارێک بیرم لە ناوی منداڵەکەمان دەکردەوە کە بە پێداگیرییەکی زۆرەوە بێشەرم ناوی یەکەمین خۆشەویستی خۆی لێنا، هەستم دەکرد چنگێکی ئاسنین دڵم ڕادەکێشێت و مەبەستیەتی لە ڕەگەوە دەری بێنێت، بە ڕادەیەک شێواو بووم دەبوو ئەم گەمەیە بوەستێنم، وتم: "ئازیزم! دڵ هەیە چەشنی بەرد ڕەقە، کەچی ئەو کاتەی عاشق دەبێت وێنەی مەعشوقی لەسەر دەنەخشێت و دەمێنێتەوە، ئەبەدی و هەرگیز وێنەکە ناگۆڕێت، دڵیش هەیە لە چەشنی ئاوێنە هەرکەس بەرامبەری بوو ئەو دەبێتە مەعشووق... دڵی من لە چەشنی یەکەم و دڵی تۆ لە چەشنی دووهەمە... بۆیە ئاسانە تا مردن بێمنەت تۆم خۆش بوێ و خزمەتت بکەم بێ ئەوەی بێزار بم، خزمەتی کەسانی کەساس و بێ توانا گەر بە عەشق نەبێت زۆر ئەستەمە , ئەگەر خۆشەویستی نەبێت ڕۆژێک ماندوو دەبیت و بێزاری دەرئەبڕیت , سەرەتا بیرم لەوە کردەوە من چاوەکانم پێشکەش تۆ بکەم... بیر بکەرەوە ئەگەر وا بوایە تۆ نەت ئەتوانی لە چەند مانگێک زیاتر لەگەڵم هەڵ بکەیت، چونکە ئەوکاتە من هەموو شتەکانی تۆم بە گومانەوە هەڵ دەسەنگاند و داخوازییەکانم بۆ دروستکردنی متمانە بە تۆ زۆر قورس دەبوو... تۆش بە سروشتی مرۆڤانەی خۆت هەوڵی ئەوەت ئەدا لەم گرفتارییەت قوتار بیت، تا ببیتەوە بە ژنێکی سادە و ئاسایی نەک ژنی ناو حەکایەتەکان و خۆپەرستی بەشە گرنگەکەی مرۆڤە بەر لە هەموو کەس بیر لە خۆی دەکاتەوە، لە پای چی ئەمە بکات؟ بەڵام من ئامادەم سەدان ساڵی کە بەوپەڕی شانازییەوە خزمەت بە تۆ بکەم، هەرگیز ئەوەم بیر ناچێت، تۆ بە خاتری دڵی من چاوەکانت دەرکردووە... ژن کائینێکە زوو بێزار دەبێت و لە دەست کارەکان هەمیشە گلەیی و گازەندەی هەیە، ئەگەر لە دڵی خۆیشیدا بێت... ئەمە ئەو خەیاڵە بوو لە دڵی مندا هەرگیز نەیهێشت ئاسوودە بم... دەرهێنانی چاوەکانی من و پێشکەشکردنیان بە تۆ هەڵەیەک بوو هەندێک جار بیر دەکەمەوە دڵخۆشم بەسەرماندا تێنەپەڕی... تا تۆ بەو کارە گەمژانە بە خۆمەوە ببەستمەوە کە خۆت خاوەنی دوو چاوی جوانیت و هەمیشە ڕووکەشی دیاردەکان دەبینی... ئێستاش کە ئەم شتانە بە تۆ دەڵێم وا هەست نەکەیت من گلەیم لە تۆ هەیە... ئەوەی گلەیم لێیەتی تەنهاوتەنها دڵ و هەستی خۆمە کە ژیانی تۆم شێواند، وەک ژنێکی سادە و ئاسایی... بەڵام منی پڕ کرد لە خۆشبەختی و خاوەندارێتیی تۆ... هەنووکەش گەر بە دەستم بێت چاوەکانی خۆم دەردێنم و دەیانخەمە ناو پێڵووەکانی تۆ تا ئازاد بیت و بە ویستی خۆت دنیا ببینی و کەسێکی دیکە هەڵبژێریت، گرنگ نییە و چۆنە و چی بێت گرنگ ئەوەیە بە دڵی خۆت بێت نەک من بە زۆر بە سەرتدا بیسەپێنم...

بێدەنگیی ئەو زارەترەکی کردم... دەمزانی لە ناخی خۆیدا بیر لە شتێ دەکاتەوە... ئەو شتە چییە نازانم... بۆشم نەبوو زۆری لێ بکەم تا بزانم بیر لە چی دەکاتەوە... چون ئەوەی ئاسان بێت سازدانی درۆیەکی نازک و شیرینە تا منی پێ قایل بکات... بێدەنگیی ئەو چەند کاتژمێری خایاند... منیش وەک لەسەر پشکۆ بم بێدەنگ بەڵام بزێو و لاسار لە هاتوچۆدا بووم بە ژوورەکەدا... کەچی ئەو هەر بێدەنگ بوو... ناچار بێدەنگی وەرزی کردم ویستم دووبارە بێدەنگییەکەی بشکێنم و وتم:

"من هەموو تاوانەکان بۆ دایک و باوکم دەگێڕمەوە... ئەوان بوون منیان دۆڕاند، پاش ئەوەی کە نەیانتوانی پێکەوە هەڵبکەن و بێ یەکیش نەیان دەکرا، بڕیاریان دا منداڵ نەخەنەوە... چەند شێوازی بەرگرتن هەبوو بەکاریان هێنا و چەند ڕێگە هەبوو گرتییانە بەر، کەچی سەرباری ئەو هەموو ڕێگرییە سەرجەم دەرگەکانم شکاند و بێ پێشوازی دروست بووم... دایکم وەک گەورەترین گوناهی ئەنجام دابێت ڕووی کردە زۆنگاوەکانی باشوور و لە کوخێکدا بە تەنها ژیانی ئەگوزەراند، بەو ئومێدەی مێشوولەیەکی ئەنۆفلیس پێوەی بدات و بە مەلاریا بمرێت، یا کرمێکی بەلهارزیا بچێتە جەستەی و تا مەرگ خوێنی نەوەستێتەوە... کەچی ئاواتەکەی نەهاتە دی و تووشی سەرئێشەیەکیش نەبوو... ئەو هێندە گەرما و مێشوولە و ئازاری دووریی باوکمی چێشتبوو هەوڵی ئەدا تۆڵەی دڵی خۆی لە من بکاتەوە... بۆیە لەگەڵ بەربوونەوەم لە هەناوییەوە بەرەو زۆنگاوەکانی بردووم حەوت جار... سێ جار لە دەستووری مەسیحییەکان زیاتر لەو ئاوەی هەڵکێشام بەو ئومێدەی سوێرایی ئاوەکە بچێتە لەشمەوە تا کەلەبەرێکی شیرین نەمێنێت عەشق لێوەی درزە بکاتە ناو دڵمەوە... بێئاگا لەوەی من بازم بەسەر هەموو بەربەستەکاندا داوە تا هاتوومەتە دنیا... ئەو دەمەی تەمەنم گەورە بوو زۆر بە وردی چاودێریی دەکردم، کە هاوتەمەنەکانمی ئەدی سەرگەرمی عەشق و دڵدارین و منیش ئەوەی بیری لێناکەمەوە عەشقە، شاگەشکە دەبوو... کەس نازانێت چەند ستەمە مرۆڤ لەگەڵ تەمەنی خۆیدا عاشق نەبێت و گەنجی لە کاتی خۆیدا دەرک نەکات... بەڵام ئەو کاتەی عەشقی تۆ شێواندمی زۆر خراپ نائومێد بوو، چەندین جار سەفەری بۆ باشوور کرد و لە ئاوی زۆنگاوەکانی خواردەوە تا دڵنیا بێت کە سوێرە... چونکە تۆ وەها دەهریت کردبووم ئەو گومانی لە شیرینیی ئاوەکە هەبوو... عەشقی من بۆ تۆ دایکمی خراپ نائومێد کرد، چون هێندە لە عاشقبوونم دەترسا لە مەرگم نەترساوە... ئێستا تێدەگەم کە ترسی ئەو چەندە لە جێی خۆیدا بووە... من بوونەوەرێکی نەویستراو بووم، چ لە لای ئەوان چ لە لای تۆ، چ لە لای ئەو کەسانەی ڕۆژانە مامەڵە و سەودام لەگەڵیان هەیە...

ئەو هێشتا هەر بێدەنگ بوو، هەزار گەروو لە ناخمدا بە یەک دەنگ هاواریان لێ دەکرد قسە بکە و من خەفەم دەکردن... تا دواجار هاتە قسە و وتی: "ژیانم لەگەڵ تۆ بە خۆشبەختی گوزەراند... ئیدی نازانم درۆم لەگەڵ خۆم کرد و خۆشبەختییەکی ساختە بوو، یا حەقیقەت، بەڵام پێی قایل بووم... چەندێ بیرم کردووەتەوە نەگەیشتوومەتە ئەو بڕیارەی ئایا لەگەڵ تۆبوون بڕیارێک بوو بە قەناعەتەوە دام یا ڕاهاتنێکی ناچاری... هێندەی ئەزانم زۆربەی ڕۆژەکانی ژیانم لەگەڵت خۆشبەخت بووم... خۆشم ویستی، بەڵام بە ئەندازەی دڵگەرمیی تۆ نا... سەرباری ئەم هەموو هەستەی تۆ... دەیان جار لۆمەی دڵی خۆم کردووە بۆ ناتوانم لە چەند کاتژمێرێک زیاتر هەستی تۆ و دڵی تۆم بۆ گرنگ بێت...؟ تۆ بە دانایی خۆت لە ساتێکدا ڕاتگرتم کە بەڕاستی خۆشم دەویستی، بەڵام چی لە دڵم بکەم هەرگیز نەیتوانی ئەوانی تر لە یاد بکات و بە لایەوە گرنگ نەبن، کە ئەیزانی یاری پێدەکەن... دڵی ژن شێتە، سروشتی وایە هەمیشە ئەوانەی خۆشەوێت کە یاری پێدەکەن و سووک سەیری ئەوانە دەکات دەیپەرستن... ڕەنگە لەبەر ئەوە بێت بە کۆیلایەتی خولقابێت نەک خودایی... ڕەنگە من ئەگەر ژنی پیاوێک بوومایە کە بە دڵێکی گەرم خۆشم بویستایە ئەو بە دڵێکی سارد لە ماڵێکدا بیکردمایەتە کارەکەر و ڕۆژانە ئامادە نەبوایە وشەیەکم لەگەڵ بگۆڕێتەوە، جگە لەوەی فەرمانی بە سەردا بکردمایە خۆشحاڵتر بوومایە...

دەق

بەڵام هەر هێندە هەستم بکردایە ژنی ئەوم، لە ناو خەڵکدا بە شانازییەوە خۆم دەرخستایە و هەزاران عەیبیم بۆ بپۆشییایە... ڕووداوەکان بە مەزەندە ناکرێت بڕیاریان لە سەر بدەین... دەڵێم ڕەنگە مەرجیش نییە وا بێ... نازانم چۆن دەبوو... ئاخر لەوەتی چاوەکانم نەماون خەریکم ڕەنگەکانیش ون دەکەم... ڕووخساری تۆم بیر چووەتەوە بەڵام هەرگیز ڕووخساری ئەوانم بیر ناچێتەوە... تۆ نازانی چەندێ لۆمەی دڵی خۆمم کردووە کە بۆچی وام... بۆ بە دوای وشەیەکیاندا دەگەڕێم کە دەزانم درۆیان کردووە چەندین ڕۆژ لە ناخەوە پێی دەخنێمەوە و شەوان بە ئومێدی ئەو درۆیەوە و بەیانیانیش بەو هیوایەوە بێدار دەبمەوە و شەوانیش کە بۆ چرکەیەک بەئاگا دێم ئەو قسەیەم لە بیرە... بریا لە بری چاوم دڵمت دەربهێنایە و دڵێکی دیکەت بە ویستی خۆت یا دڵی کەسێک کە بەڕاستی دڵی بە تۆ خۆش بوایە لە سینگمدا بتڕواندایە تا منیش هێندە لۆمەی خۆمم نەکردایە...

بە قسەکانی جەستەم گەرم داهات، ئارەقێکی ساردم کردەوە هەستم بە ڕەنجخەساریی خۆم کرد... دەبوو تۆڵەی خۆم و ئەویش لەو بکەمەوە کە ژیانی هەردووکمانی بەو ئاراستەیەدا برد... چونکە من بە ستەم چاوەکانیم دەرنەهێنا، بەڵکو ڕەزامەندیی خۆی بوو، ئەگەر ئەوکاتە بیگوتایە نەخێر من چ دەستەڵاتێکم دەبوو...؟ ئەوکات تەنها یەکێکمان دڵشکاو بووین، ئەویش من بووم لە سووچێکی ئەم دنیایەدا، یا کۆتاییم بە ژیانی خۆم دەهێنا یا لە قوژبنێکدا سەرم کز دەکرد و دەژیام... بۆیە دەبێت تۆڵەی هەردووکمان لەو بکەمەوە... بەڵام شێوازی کوشتنەکەی دەبێت شیاوی ئەو قوربانییە بێت بۆ دڵی من داویەتی و شیاوی ئەو یاریەش بێت کە بە هەستی من کردوویەتی... باوەشێکم لێ وەردا و سەریم بە سینگمەوە نا و بۆنم بە قژەکانییەوە کرد و نەرمایی گوێیەکانیم ماچ کرد، ئەویش هەر زوو لە مەبەستم تێگەیشت... دەستێکی بە ڕووخسارمدا هێنا و وتی: "پەیمانم بەرێ، پەیمانێکم دەوێ پاش من هەرگیز دەستت نەچێتە خۆت، هەرچی بوو هەرچۆن گوزەرا، بە ویستی خۆم بوو لە پێناو ئەوەی ساتێک دڵ و چاوم ئۆقرە بگرن... خۆیشم سەرەتا وام هەست دەکرد کە دەتوانم ئاسوودە بم بەڵام چیبکەم کە نەبووم... تۆ شیاوی ژیانێکی جوانتر و باشتر بوویت... شیاوی کەسێک بوویت بەڕاستی خۆشی بوێیت، بە دڵێکی بێ ترس و گومان... ئەفسووس ئەو دڵە دڵی من بوو بە داخەوەم... ئێستا بەڵێنم دەوێت هەرگیز کاری وا نەکەیت... بۆیە ئەم قسانەم بۆ کردی هیلاک بووم سەرباری هەوڵەکانی تۆ بۆ خۆشبەختیم... تۆ هێندە لەبەر دڵم گەڕایت چیدی تەمەنایەک نەما دڵم بیخوازێت و بەردەست نەبێت... لەگەڵ تۆبوون ژیانێکی بەهەشتی بوو بۆیە تەماعەکانم لە سنووری تۆ دەرچوون دەبوو ئاواتێکم هەبێ لە ئێستام گەورەتر بێت... کە ئەم قسانەت بۆ دەکەم پاش چەند ساتێکی کە من دەمرم و تۆش ئازاد دەبیت... پاش من بگەڕێ بە دوای ئەو ژنەدا بە ئەندازەی دڵگەرمیی خۆت عاشقی تۆیە..."

وتم: وا نەزانی ئەو دڵەی لەگەڵ تۆ نەرم و جوان بوو لەگەڵ هەمووکەس وابێ... ڕەنگە لە ڕووی کەسێکدا ڕاستگۆتر لە هەموو دڵێک خۆشی دەوێم خائین و سارد بێت... من پاش تۆ ناتوانم لەگەڵ کەسی دیکە بم، چونکە نامەوێت درۆ لەگەڵ کەس و لەگەڵ دڵی خۆیشم بکەم... تۆم ڕاستگۆیانە خۆش ویست سەرباری دنیایەک گلەیی لە تۆ کە لە ناخی خۆمدا حەشارم داون... ئێستا

زانیم چ هەڵەیەکم کردووە، چ تاوانێکم بەرامبەر خۆم و تۆ ئەنجام داوە... دەکرێت مرۆڤێک دیل بکەیت بە عەشق... بیبەستیتەوە بە هەست... کوێری بکەیت بە خۆشەویستی بەڵام هەرگیز ناتوانی بچیتە ناو دڵی ئەو بۆ هەمیشەیی... من دیکتاتۆرترین پینە بووم کە تۆ بە هەڵەی ساتێک لە دڵ و ژیانی خۆتدا... بریا جارێکی کە ژیانم لە سەرەتاوە دەستی پێ دەکردەوە بەڵێن بێت نە تۆ نە کەسی کە نەکەمە دیلی دڵپیسییەکانی خۆم... چەندێک هەوڵیشم لەگەڵ تۆدا کەچی لە پێناسەی خۆشبەختیدا جیاواز بووین... ئەگەر بگەڕێمەوە بۆ سەرەتا ئەمجار تەنهاوتەنها و تەنهایی هەڵدەبژێرم... بە توندی باوەشم پێدا کرد و ماچێکی لێوەکانیم کرد و وتی: "ئێستا ماچمکە بە ترسناکترین شێوە ماچمکە... چۆن قایل بووم بە خاتری عەشق کوێرم کەیت... قایلیشم بە ماچ بمکوژە..." دەبوو لەوێدا بوەستم جارێکی دیکە وەک گەمژەکان لەگەڵیدا درێژە بە ژیان بدەم و شانازی بە عەشقەوە بکەم، سەیر بوو کە نەمکرد... ڕووخسارم لە نێو قژەکانیدا ون کرد، پڕ بە سییەکانم بۆنیم هەڵمژی... و هێواش هێواش لێوەکانم بۆ خوارەوە بەرەو گەردنی خلیسکا... لێوەکانم بە توندی خستە سەر شادەمارەی لای چەپی گەردنی، تا لێوی گەرمم لە دڵی نزیک بێت... بە کاوەخۆ بەڵام بە توندی کەوتمە مژینی... هەستم بە توندی لێدانی دڵی کرد، کە گەمەی بە زمانم دەکرد... سەرباری ئەو هەموو تووڕەییەم هێشتا خۆشم دەویست... ویستم دەستم بخەمە ژێر مەمکی چەپی و ڕیتمی دڵی بگرم... بەڵام هەر زوو پەشیمان بوومەوە، چونکە دڵنیا بووم کە ماڵی من نییە، بۆیە دەبێت لێگەڕێم تا خانەخوێ ڕاستەقینەکەی ئارامی لێ نەشێوێ... پەنجە گەورەی دەستی چەپم لە سەر شادەمارەکانی لای ڕاستی گەردنی توند کرد، پەنجە و لێوم لە سەر گەردنی هەڵنەگرت تا لە نێوان دەستەکانمدا خاو بووەوە... هێندە بە ئاسان و بێ پەلەقاژێ و هاوار ملی لار بووەوە هەستم نەکرد مردووە... بەڵکو هەستم کرد وەک شەوانی دیکە دوای گەشتنە ترۆپکی چێژ خاو بووەتەوە... بۆیە منیش بە لامەوە ئاسایی بوو... ئەو شەوە تا بەیانی بۆ ساتێک لە باوەشم دوورم نەخستەوە تا جەستەی سارد نەبێتەوە... بەڵام هەرگیز ڕێگەم نەدا دڵی لە جەستەم نزیک بێتەوە... چونکە دڵی ئەو هەرگیز هیی من نەبوو... بۆیە بە خیانەتی تێئەگەشتم دڵی لە جەستەم نزیک بێتەوە...

زلە

ئاوات غولامی

هەست دەکەم کەسێک لەم ژوورەدا ڕاکشاوە، ژوورەکە تاریکە یان ڕۆشن؟ نازانم، ژیان لای من لەو "باخن"ـەوە دێت کە جگە لە خۆڵەمێش هەڵگری هیچ ڕەنگێکی تر نییە و هەرواش دەمێنێتەوە . لە دوای بەکارهێنانی هەر دەرزی و دەرمانێک بە مەبەستی چارەسەرکردنم کە ڕەنگێکی مەیلەو جیوەییان دەنواند بەئاگا هاتمەوە، بە توندی هۆشم دەگوشی و تک تک دەمچۆڕاندە ناو پەرداخەکەی کاسەی سەرم، تا دڵنیابم دوای بەکارهێنانی ئەو دەرمانە ڕەنگ جیوەییانە چەندی ترم لە یادەوەرییەکانم لە یاد کردووە بۆ هەمیشە .

له بەئاگاهاتنەوەی ئەمجارەدا کە خەستترین جۆری ئەو دەرمانە ڕەنگ جیوەییانەیان لە ڕێگەی کانۆلاوە ڕۆکردە ناو باریکترین دەماری قۆڵی چەپمەوە، وا هەست دەکەم لە ژوورەکەدا کەسێک ڕاکشاوە.

جارێکی تر هۆشم توند گوشی وەک ئەو پارچە خامەی کە دایکم و ژنانی گەڕەک لە ڕۆژگاری بەر لە پەیدابوونی (سانتی)دا لە کەوتنەوە سەرخوێندا بەکاریان دەهێنا. لە تکانی هەر دڵۆپێک بۆ ناو پەرداخەکەی کاسەی سەرم، دڵۆپێکی هێندە ڕوونی تێدانەبوو تا هێزی یادەوەریم شوێنی ئەو وێنتانە بکەوتایە و بۆ چەند ساتێک تاس بیبردمایەتەوە ڕۆژگاری خۆی. هەندێک لە دڵۆپەکانی ڕەنگی قاوەییەکی ساردیان هەبوو بە لێواری کوپێکی زەردەوە و هەندێکیشیان هاوشێوەی میزی نەخۆش و زۆرینەشیان ڕەنگی ئەو تیتۆڵ و گیراوانەیان ئەنواند کە بۆ خاوێنکردنەوەی برین و پێستی سووتاو بەکاردەبران، کەمجار دڵۆپەکان ڕەنگی تۆوی نێرینەیان دەنواند.

-چش لەو پەرداخەی کاسەی سەرم کە بۆگەنی لێوە دێ یان باشتر وایە بڵێم بۆگەنیان پێکردووە. گرنگ ئەوەیە هەنووکە بزانم ئەو کەسەی لە ژوورەکەدا ڕاکشاوە کێیە..؟

دروست نازانم ئەو گوێی لە قسەکانمە یان نا، کە پێم گوت دە قسە بکە لەوەتەی بە ئاگا هاتوومەتەوە تۆ قسەیەکم لەگەڵدا ناکەیت، جووڵە ناکەیت تەنانەت گوێم لە هەناسەدانیشت نییە.

بڕوا بکە بە هەناسەدانیش بێت دەتناسم، یان کۆکەیەک بکە، زۆر لە خۆت بکە با بایەکت لێبێتەوە، هەر هیچ نەبێت پەنجەیەکت ببزوێنە تا دڵنیابم کە نەمردوویت.

ئەی ئەو کەسەی لە ژوورەکەدا ڕاکشاویت و نە قسەیەک دەکەیت و نە کۆکەیەک، شەرم مەکە بە بایەکی ناو سک خۆتم پێ بناسێنە، ئاخر مرۆڤ لە سادەترین پێناسەیدا بریتییە لەوەی کە ناوسکی پڕە لە گوو، دەی خێرا قسەیەک بکە، دڵنیام پاش کەمێکی تر پزیشکە حەبنووسەکان دێنەوە و سەرلەنوێ حەب و گولاج و ماددەی ڕەنگ جیوەیی دیکە بە جەستەمدا نوقم دەکەن و دوور نییە ئەمجارەیان ئەم وردە و ڕێنانەش لەدەست بدەم.

-سەرەتا کە هێنرامە ئەم نەخۆشخانەیە بە گومانی تووشبوون بە چەندین نەخۆشی پشکنین و چارەسەرم بۆ کرا، بەهۆی دەرزیی جۆراوجۆر و حەبی ڕەنگاوڕەنگەوە کە هەر پزیشکێک بە ئەگەری تووشبوون بە نەخۆشییەکی ترسناک دەرخواردی گەدە و دەمار و خوێن و مێشکیان دەدام. سات لە دوای سات یادەوەریم دەوەرێ و بە با دەچێ، ڕەنگە دواجار لەو تکەتکەی خەیاڵم بخەن، کە دەتکێتە پەرداخەکەی کاسەی سەرمەوە.

تکات لێ دەکەم مانای چییە ئەم چرکە لەخۆبڕینەت؟ من تەواو هەراسان بووم وەختە ئەو لەتە دڵەی کە هەمە لە سینەم بێتەدەر، سوێندت بۆ دەخۆم بە دڵسۆزترین پیاوی سیاسیی ئەم وڵاتە کە نیمانە، هەرپرسیارێک لە من بکرێت دەربارەی نەخۆشییەکەت بە حەبنووسەکانی نەڵێم، من دڵنیام کە نەمردوویت.

دەنگێک وەک ئەوەی لە قوڵایی ناخمەوە بێت و لەم تکا و پاڕانەوەیەی من بەئاگا هاتبێتەوە یاخود کاریگەریی ئەو حەب و دەرمانانە بووبێت کە وڕێنەیان پێ دەکردم پێی گوتم: گەوجە ئەم تکا و پاڕانەوەیەت لە چییە؟ مرۆڤ دەبێت لەم نیشتمانەدا بە جۆرێک قسەی لەگەڵدا بکەیت ڕووخسارت گرژبێت و تۆنی قسەکانت پڕ بن لە تووڕەبوون، دەنگت بەرز بێت و بە نەغەمە و ئاوازی شکاندن گوێیەکانی پڕ بکەیت لە ترس، زللە لە ڕەوشتی بدەی، چەپڵە بە کەرامەتی لێبدەی.

-زلە ئەو وشە خۆمەڵاسداوەی ناخم چەند دڵۆپێک فرمێسکی لە کانیلەی چاوەکانم ڕوون وەک شەونمی

دەق

سەرلاسکی گەڵای درەختێک کە بتکێنە ناو قابلۆخی بەتاڵی کیسەڵێکەوە، ئەو چەند دڵۆپە فرمێسکە لەباتی شۆربوونەوەیان بە ئەملا و ئەولای ڕوومەتمدا بە هێواشی تکانە ناو پەرداخەکەی کاسەی سەرم، تکانی ئەو چەند دڵۆپە گریان بە دوای خۆیدا دەهێنا و بە دوای گریانیشدا هەنسک و بە دوای هەنسکدا حەسرەت. حەسرەتێک لێوانلێو لە زللە. لێرە بە دواوە ڕۆژگاری زللە قسە دەکات.

زلە دەیگوت ئەی ئەو کەسەی کە دەتەوێت بە زۆر قسە بە لاشەکەی تەنیشتت بکەیت، لە بیرتە کە ڕاپێچی ئۆردوگای سەربازی کراین، ئەو ئۆردوگایەی دەکەوتە ناوەڕاستی نیشتمانەوە و لە بەیانییە دەم بە گوێزانییەکاندا باڵندەیەک چییە بە ئاسمانە ساماڵەکەیەوە گمەی نەدەهات، ڕووبارێکی لیخن بە بەشی خۆرئاوایدا شۆڕ دەبووەوە.



لە پاڵ ئەو ڕووبارەشدا سەدان هۆڵی دیلە ئێرانییەکان بەسەر یەکدا تێکترنجابوون، لە باکوور و باشوورییەوە هەتا شەیتان ئارەزوو بکا سەربازگە لە پاڵ سەربازگە ڕیزیان بەستبوو. لە ڕۆژهەڵاتیشەوە ڕاستە شەقامێک وەک مارێکی خەواڵوو لەو دەشتە زەردباوەدا پاڵکەوتبن، سەری مارەکەش خاڵی پشکنینێک بوو بە هەر ئەگەر و بیانوویەک بووایە هەڵهاتن لێیەوە شتێکی مەحاڵبوو.

-یەکەم سزای ناو سەربازگەت لە یادە کاتێک کە (محمد الخماطه) هەموو سەربازەکانی کردە دوو ڕیزی ڕووبەڕوو بەرامبەر بە یەک، بەر لە یەکەم شاورلێدان لەو بەیانییە دەم بە گوێزانییەدا ئاخۆ چی لە دڵی لەرزیوی سەربازەکاندا ختورەی کردبێت...

هەندێک لە سەربازەکان گومانیان دەکرد جۆری سزادانەکە بەو شێوەیە بێت کە سەربازێک سەربازێکی بەرامبەر لە کۆڵ دەکا و بە دەنگی بەرز هاوار دەکات (انا زومال) و تا ئەوسەری گۆرەپانەکە بە کۆڵ دەیبات و دەیهێنێتەوە و یەکەم و دووەم تا دەیەم لە بازنەی سزادان دێنە دەرەوە و دەبنە تەماشاکەر و ئەوانی دیکەش سەرلەنوێ دەست پێدەکەنەوە.

هەندێکی دیکە لە سەربازەکان لایان وابوو شێوازی سزادانەکە بریتی دەبێت لە تفکردنە ڕووخساری یەکتر بە شێوەیەکی خێرا و بەردەوام. کێ زۆرترین تف بکاتە ڕووخساری سەربازی بەرامبەر ئەوە لە بازنەی سزادان دەچێتە دەرەوە و دەبێتە تەماشاکەر.

هەندێکی دیکەش لە سەربازەکان گومانیان دەکرد شێوازی سزادانەکە هاوارکردن و نەڕاندن بێت بەسەر سەربازی بەرامبەردا و هەر سەربازێک بە دەنگی بەرزتر و خێراتر ببۆڕێنێت بەسەر سەربانەکەی ڕیزی بەرامبەریدا بەبێ ڕاوەستان لە بازنەی سزادان دەچێتە دەرەوە و دەبێتە تەماشاکەر. زلە دەیگوت: من دەمزانی خەیاڵی سوپا زۆر دوورتر لەو ختورە و داڵغانەی سەربازەکان ڕۆیشتووە، سوپا بە جۆرێک سزاکانی لە مەشق و ڕاهێنانەکانیدا داڕشتووە کە هەر سزایەکی سەربازی حەشەرەیەکی زیندوو لە دەروونی سەربازەکاندا بچەسپێنێ تا دوای ژیانی سەربازیش نەریتی پێوە بگرن و لە دڵ و دەروون و مێشکی سەربازەکاندا هەزاران هەزار گەرای تر بتروکێنن.

-دوای ئەوەی (محمد الخماطه) لە ڕیزکردنی یەکە سەربازییەکان بووەوە بەرامبەر یەک فەرمانی دا کێ زللەی توند و خێرا بوەشێنێتە ڕووخسار و بناگوێی بەرامبەرکەی لە بازنەی سزادان دەچێتەوە دەرەوە و دەبێتە تەماشاکەر.

زلە دەیگوت: لە بیرتە کاتێک دەستت بەرزکردەوە و یەکەم زللەت لە ڕوومەتی ڕاستی سەربازەکەی بەرامبەرت دا وەک ئەوە وابوو تەوقە لەگەڵ ڕوومەتیدا بکەیت، کە

نۆبەی سەربازەکەی بەرامبەریشت هات لە وەشاندنی یەکەم زللەدا (مەسیح)ی هێنایەوە یادت؟

ئەو ڕۆژە جێگە پەنجەی هەموو سەربازەکان بە ڕووخسارتەوە جێما، لە وەشاندنی هەر زللەیەکەدا کە بەری چاوان و بناگوێتی ڕەش دەکرد، تەقەی لە جومگەکانی ملتەوە دەهێنا و چاوەکانت ڕەشکەوپێشکەیان دەکرد، تف و خوێن لە دەمتەوە دەپەڕییە سەر پۆستاڵە ڕەشەکان، جیرەجیرِی ددانەکانت دەهات، سمێڵە زەردباوەکەت مووەکانی لە بەینی پەنجەکانیانەوە لە بێخ دەهات، لە بیرتە کەس شەرمەزار نەبوو لە وەشاندنی زللەکانی نۆرەی خۆیدا، تا دواجار نۆرەی (محمد الخماطه) کانیش هات..

نۆبەی پاسەوانانی پرسگەی یەک و دوو و سێ و نۆبەی چێشتلێنەر و نانەوا و موراسیلەکانیش هات.

-کە زلە لە قسەکانی بووەوە، هەموو ئازاری زللەکانی ئەو ڕۆژانەی بە یادهێنامەوە کە بە تەواوی گیان و جومگەکانی لەشمدا بروسکەیان دەدا. کاتێک پزیشکە حەبنووسەکان بۆ دواجار گەڕانەوە سەرم لەبری ڕەشکردنەوەی فایلەکە بە خەتە خواروخێچەکانیان کەوتنە دەرهێنان و کۆکردنەوەی ئەو سۆندە باریک و دەرزی و کانۆلایانەی کە نیوەی دەمارەکانی جەستەمیان پێ کونکون کردبوو. یەکێک لە پزیشکەکان کە قژێکی پرچنی هەبوو قفلی ئەو زنجیرەی کردەوە کە هەردوو قاچمیان پێ شەتەک دابوو بە چرپاکە و ڕاستیانکردمەوە و ڕایانگرتم لە بەردەم پزیشکێکدا کە چاویلکەیەکی قاوەیی کاڵی گەورەی لە چاودا بوو یەکەمجاریشی بوو سەردانم بکات. بە ئاستەم گوێم لە دەنگی پزیشکە پرچنەکە بوو کە بە (د. محمد الخماطه) بانگی کرد. پاشان پزیشکە نوێیەکە بە خێرایی چاوێکی بە فایلەکەمدا گێڕا و دایە دەست پزیشکە پرچنەکە و کەمێکی تر لێم هاتە پێشەوە و بە قووڵی لە ڕووخسار و لاوازیی جەستەم وردبووەوە. وەک ئەوەی بیەوێت مەزەندی ئەوە بکات ڕۆژگاری بەر لە ڕاکشانم لەو ژوورەدا چۆن بووم لە پڕ بە بەری دەستی و پشتی دەستی دوو زللەی لە ڕاست و چەپی ڕووخسارم دا و کەمێکی تر لێم وردبووەوە. پارچە فایلێکی زەردی کەپسکراو کە قەیتانێکی سەوزی پێوە بوو کردە ملم و بە دەنگێکی قرخن بە پزیشکەکانی گوت چیتر پێویست ناکات لە ژێر چاودێریدا بێت، تەنها چارەسەر ئەم نووسراوەیە کە لە فایلەکەی ملیدا نووسراوە، ئیدی بە دەم پێکەنینی کورت و پچڕپچڕەوە ئەو پزیشکانەی لەگەڵیدا بوون بە بەری دەست و پشتی دەستیان زللەیان وەشاندە ڕاست و چەپی ڕووخسارم، هێزی هەر زللەیەک وەک شەپۆلێکی تەزووی کارەبا بە مێشک و جەستەمدا ڕۆدەچوو، وردە وردە توانای بینین و بیستن و سەرپێکەوتنم باشتر دەبوو. بە دەم پێکەنینی کورت و پچڕپچڕەوە پزیشکەکان دەیانگوت: (عافیه دکتور محمد الخماطه). پاشان ئەو جلوبەرگەی لە بەرمدا بوو بەو خانمە کارگوزارەی سەرپۆشێکی سپیی پۆشیبوو داکەند و دەستێک جلوبەرگی ڕەنگ خۆڵەمێشیان لە بەرکردم و فایلەکەیان کردەوە ملم و بێ ئاوڕدانەوە ژوورەکەیان بەجێهێشت، بێئەوەی هەڵوێستەیەک بکەن لەسەر ئەو لاشەیەی لەسەر چرپاکەی تەنیشتم ڕاکشابوو.

- کە ژوورەکەم بەجێهێشت هێواش هێواش هەنگاوم دەنا بەو قاوشەدا کە ژوورەکانی چۆڵ و بێ نەخۆش بوون و دەرگا و پەنجەرەکانی خرابوونە سەرپشت. گردەبایەک لەودیو پەنجەرەکانەوە دەهات کە بە قاوشەکەدا بڵاو دەبووەوە دەنگێک وەک (پخەپخی هەزاران نەخۆش بە ئاوازێکی کز دەگەیشتە گوێیە ماندووەکانم).

کاتێک گەیشتمە پلیکانەکان بۆ چوونە خوارەوە بەرەو نهۆمی یەکەم، هەستم بە لاوازیی بینین و بیستن و

دەق

ڕێکردن کردەوە و هەرچۆنێک بێت خۆم گەیاندە نهۆمی یەکەم و بە دەستە ڕاستدا پرسگەی ناوەندی نەخۆشخانەکە و ئیدارەکان لە ئەمبەر و ئەوبەری هەموو ژوورەکانەوە کارمەند و کارگوزار و چێشتلێنەر و یەکە تایبەتییەکانی نەخۆشخانە بە ڕیز وەستابوون وەک ئەوەی لە پێشوازیی تەرمی کەسێکی ئازیزیاندا بن. بە بەردەمی یەکە بە کەیاندا تێدەپەڕیم و ئەوانیش سەرو زللەیان دەوەشاندە ڕووخسارم، لەگەڵ گەیشتنی هەر زللەیەکدا مشتێک وزە دەگەیشتەوە گیانم و تواناکانم ئاسایی دەبوونەوە. گوێم لێبوو کەسێک لە دوامەوە زوو زوو دەیگوت (دەی بەهێزتر و خێراتر لێی بدەن) و دەمویست ئاوڕ بدەمەوە و ئەو کەسە ببینم، بەڵام کاتێک پرسگەی نەخۆشخانەکەم جێهێشت دڵنیا بووم بۆ هەمیشە توانای ئاوڕدانەوەم لەدەست داوە.



بەو شەقامە باریکەدا کە هەمیشە گڵۆپەکانی بە کزی دەگڕان، ئارەزووی (ڕاوێچکێکی ناو نەخۆشخانەکەم دەکرد، بەر لەوەی بگەمەوە شورای نەخۆشخانەکە بەدەم ڕێوە بۆ یەکەمینجار ڕوانیمە فایلە کەپسکراوەکەی ملم، بە فۆنتێکی سووری گەورە نووسرابوو نچەنچ).

زلە و لە ژێریدا وێنەی کەسێک و لە پاڵ وێنەکەشدا دەستێک بە ئاماژەی لێدانی لە ڕووخسارەی وێنەکە بە فۆنتێکی بچووکتریش لە گۆشەی خوارەوەی فایلەکە نووسرابوو (فەرماندەی تەندروستی...) توانای بینینم دایە لاوازی و فریای تەواوکردنی خوێندنەوەی نەکەوتم، دەبوو بە خێرایی خۆم بگەیەنمە پرسگەی یەکەمی نەخۆشخانەکە و هەموو هێزی خۆم کۆکردەوە و هەنگاوەکانم بە ڕیتمی ئەو زللانەی لە ڕووخسارم دران خێراتر کرد، بەو هیوایەی بکەومە بەردەستی پۆلیسە دڵڕەقەکانی پرسگەی یەکەمی نەخۆشخانەکە و تواناکانم ئاسایی ببنەوە بە زللەی ئەو پۆلیسانەی کە هەمیشە بۆنی تۆوی نێرینە لە دەستەکانیانەوە دێت و درێژە بدەم بە سەیرکردن و خوێندنەوەی فایلەکەم ملم.

-گردەبایەکی بەهێز لەودیو شورای نەخۆشخانەکەوە تەپوتۆزێکی ڕەنگ خۆڵەمێشیی لوولدەدا و پەخشی دەکرد بەسەر ئەو هەزاران هەزار کەسەدا کە لە چاوەڕوانی چوونە ژوورەوەدا بوون بۆ لای پزیشکە حەبنووسەکان و (د. محمد الخماطه).

فەرهەنگۆک:

یاخن× کونەبا شوێنێک هەمیشە بای لێوەدێ

کاس× وڕبوون.

پرچن× بە کەسێک ئەوترێ کە قژێکی نارێک و ناشیرینی هەبێت.

ڕاوێچکە× پیاسەکردن.

گردەبا× کێژەڵووکە.

پچەپچ× نکەنکی نەخۆش



مەعسوومی یەکەم

هوشەنگ گوڵشیری
لە فارسییەوە: بەڕۆژ ئاکرەیی

برای خۆشەویستم، نامەکەت گەیشت. زۆری خۆشحاڵ کردم. لە هەواڵی ئێمە ئەگەر دەپرسی، هەموومان سەلامەتین و خەمێکمان نییە جگە لە دووریت، کە هیوادارم بەم زووانە بە دیدارت شاد ببینەوە. بەهەرحاڵ، هەموومان ساغوسەلامەتین و دوعاخوازی تۆین. کچی کەربەلایی حەسەنیان لە ئەسغەری فەتحوڵڵا مارە کردووە و لەوانەیە بەر لە مانگی مووحەررەم زەماوەند بکەن. خاڵۆژن

دەق

دیسان کچی بووە، ئەویش دووانە و ئێستا، جگە لەو دووەی تەمەنیان دا بە تۆ، حەوت کچی هەن. مامەمیرزا ساغوسەلامەتە. بەتەمایە ئەمساڵ تەشریف بباتە مەدینە. دایکی ئەسغەر سڵاوت لێدەکا. سندووقێک بەهێم بۆ ناردبووی. لە نامەکەتدا باسی گەیشتنیت نەکردبوو. ئەگەر نەگەیشتووە، بۆم بنووسە، نەکا عەبدوڵڵا، کەتنێکی دیکەی کردبێ. دەڵێ بە ناسیاوێکدا بۆی ناردووی، بەڵام من بڕوای پێ ناکەم. دوو حەفتەیەک لەمەوبەریش بە تەما بووم گونییە برنجێکت بۆ بنێرم، بەڵام دەست و دڵم نەهات ڕادەستی عەبدوڵڵای بکەم. عەبدوڵڵایش، ڕاستییەکەت دەوێ نەیدەتوانی لە جێی خۆی هەستێتەوە. بەڵایەکی وای نەبوو، بەس لاقی بڕێک هەڵمسابوو. ئەویشیان شتێکی ئەوتۆ نەبوو. پزیشکیش کە هاتە سەری، بەس گوتی چاک دەبێتەوە. ڕاچێتەیەکیشی بۆ نووسی. دەوا و دەرمانیشمان کرد، بەڵام چاک نەبووەوە. بەرە بەرە زیاتر هەڵدەمسا. هێندەی سەرینێکی لێ هاتبوو. بە گۆچانیش نەیدەتوانی ڕێ بکا. ئەم قسانە هیی گوتن نین. بەس دەمەوێ ڕوونت بکەمەوە، دەنا حەز ناکەم بنووسم. بەڵام، کە دەنووسی قسەوباست لەملا و لەولا بیستوون و نیگەرانیان کردوویت، گوتم با بێ خەبەر نەبی. تۆ دەبێ چاکت لەبیر مابێ، عەبدوڵڵا ئەو پیاوە نەبوو بە قسەی کەس بکا. بەڵام هەرچۆنێک بێ، کاروباری گوندەکەمانی ڕادەپەڕاند. هەر بەو کەچە ئوتومبیلەی خۆیەوە، کەلوپەلی خەڵکی دەگواستنەوە و موسافیرکێشیشی دەکرد. ئێستەیش... چی بڵێم؟ ڕۆژێک چۆتە دەشت، سەرخۆش بووە یان نا، ئەوەیان کەس نازانێ. دوور نییە قاپە ئارەقێکی هەبووبێ و چووبێتە سەر کارێز، یەک دوو ئستیکان بخواتەوە. ئەویش ئیوارەی ڕۆژی هەینی. قسە لەمانە نییە. من، خۆت چاک دەزانی، دەمارگرژییەکم نییە. بەڵام، ئادی، پاشان کە سەرخۆش بووە و بێ ئاگا ڕووەو گوند بۆتەوە، هەر بەو ڕێیەی بە تەنیشت گۆڕستاندا تێدەپەڕێ، جا ئانقەست بووە یان نا، ئەوەیان لە ئەستۆی خۆی، بە لەتە خەڵوزێک چاو و بڕۆی بۆ "حەسەنی" کێشاوەتەوە. کڵاوەکەیشی کردۆتە سەری. بە مشتێک خوریش، سمێڵی بۆ داناوە، گەورە. هەر ئەم سمێڵەیشە، وام لێ دەکا، کە بڕوا نەکەم سەرخۆش بووبێ. ئەدی خورییەکە؟ سەدانسەد زووتر بیری لێی کرۆدتەوە. گریمان خەڵوزەکەی لە کوانوویەک، چووزانم لە شوێنێک دۆزیوەتەوە. بەڵام ئەو هەموو خورییە لە گیرفانیدا چی دەکرد؟ خەڵک سبەینێکەی پێیان زانی، چەند کەس بینیبوویان لە لای حەسەنی ڕاوەستاوە و خەریکی بووە. "حەسەنی"ت سەدانسەد لەبیرە. ئەو پاڵتۆشڕەی دەمێک بوو لە بەردا بوو. پاڵتۆیش، هیی کوێخا بوو. بەو دوو دەستە و سەروسەکوتە ناپۆڕەوە، هیچ قەلەباچکەیەک، باڵندەیەک زاتی نەدەکرد لە زەوییەکانی سەرووی قەڵای ڕووخاو، نزیک ببنەوە. ئەویش کە کەسێک، کەس نازانێ کێ، دوو قەلەباچکەی بە خرکەبەرد کوشتبن و خوێنەکەیشیانی بە یەخە و داوێنی پاڵتۆکەی "حەسەنی"دا هێنابێ و قەلەباچکەکانیشی بە دەستەکانییەوە بەستبنەوە، ئیدی چ پێویستی دەکرد عەبدوڵڵا بڕوا و چاوی وەها زەق و گەورە بۆ "حەسەنی" بکێشێتەوە و سمێڵێکی بۆ دابنێ، کە لە سەدمیترییەوە دیار بێ؟ هەڵبەت کەس قسەیەکی نەبوو، لەوانەیشە هەر کەسێ، کە دیویەتی پێکەنیبێ و دەستخۆشیشی لێ کردبێ. بەڵام ئەدی منداڵەکان؟ خۆ تێم دەگەی؟ منداڵەکان، تەنانەت ئەسغەر، نەک لە ترسان، بەڵام، ئاخر، ئەگەر مەچەکیم نەگرتبا،

سەدانسەد دە هەنگاویش ئامادە نەبوو لە حەسەنی نزیک بێتەوە و کەتنەکەی عەبدوڵڵاخان ببینێ. منداڵەکەی من ئەوە هیچ، ئەدی منداڵی خەڵکی؟ ئەدی قوتابییەکانم؟ منداڵەکان گریمان هێندە قسەوباسی دێو و درینج ودەعبا و نازانم پەری و چییان لە ئێمە بیستووە، ڕاهاتوون. جا کاتێک، کە با لە داوێنی پاڵتۆکەی حەسەنی دەدا و دوو قەلەباچکەکەیش وەک دوو دەستی لێکئاوەڵاو بن، دیارە ئیتر. بەڵام ئەدی نەنەسوغرا؟ خۆ نەنەسوغرا منداڵ نییە. سبەی ئێوارەکەی، یان دووشەممە ڕۆژئاوا، بوو بە دەنگۆ، کە ژنەکەی "حیسابی" خەریک بووە بەو لایەدا تێپەڕێ، گیای چنی بووەوە، بوخچەگیای لەسەر سەری بووە، کە چاوی بە حەسەنی دەکەوێ. تاریک بووە یان نا؟ نەیانگوت. بەڵام ئێستا خۆمانین، کەمێک تاریک بووە و ژنەیش تەنیا. دەنگیش نەگەیشتۆتە گوند. بەیانییەکەی دۆزیبوویانەوە، عەلی دەشتەوان دۆزییەوە، هەر لە پەنا جۆگەلەکە. کەس نەیزانی کێ ئەو کارەی کردبوو. یەکێک هەرچۆنێک بێ، کردوویەتی. ناکرێ بڵیین حەسەنی کردوویەتی. قایشێکی پانیان، ئەویش بەو پانییە، لە حەسەنی بەستبوو و کەللەسەری مردوویەکیشیان خستبووە نێو گیرفانە شۆڕەکانی پاڵتۆکەیەوە. لەوانەیە با هاتبێ و قۆڵەکانیشی لەراندبێتەوە، یان دوور نییە، پەڕوباڵی قەلەباچکەکانیش تەکانێکیان خواردبێ. ئاواهی بووە، سەدانسەد. دەنا بۆچی، کە ژنە دڵازا و پێگەیشتووەکەیان بە زەبری سرکە و کاگڵ بەهۆش هێنایەوە، هەر چاوی بە حەسەنی کەوت، قیژاندوویەتی و سەرلەنوێ بووراوەتەوە؟ ئێستا دەڵێی «مەگەر نەدەکرا شەقێک لە حەسەنی هەڵ دەن و خۆیان ئاسوودە بکەن؟» بەڵام مەگەر لە بیرت نییە لە زۆر شوێنان کوولەکەیەک، کەللەی کەرێک، شتێک بە سەری دارێکەوە دەکەن، یان ئەگەر تازە تۆمیان هەڵڕشتبێ و ئاڵووباڵووەکان سوور هەڵگەڕابن، چەند منداڵێک دەنێرنە دەشت، تا بیکەنە هەرا و بەردەفڕێکنە؟ باڵندەکان چما دەرفەت دەدەن، تۆم ڕەگ داکوتێ و چەکەرە بکا و سەر هەڵدا؟ لەلایەکی دیکەوە، ئەدی منداڵەکان؟ یانی دایکەکان، پێیان ناخۆش نییە شتێک هەبێ، ئەو کاتانەی منداڵ دەم دەکەنەوە، یان بڵح دەبن، ناوی بێنن و خۆ ئاسوودە بکەن. کێشەکە بریا، هەر بەمە کۆتایی پێ هاتبا. تۆمەز ژن هیچیان، ئیدی بەو ڕێیەدا نەدەچوون. کێ بڕوا دەکا، ژنەکان چونکە هێندە منداڵەکانیان ترساندبوون، کە خۆیشیان ئیدی دەترسان؟ هەموویان بەرەو بێشەبۆر لایان دەدا و لە پشت بوارەکەوە دەچوونە دەشت؟ پاشان، دەزانم بڕوا ناکەی، بەڵام، سوێندم بەم ئێوارەیە، کە ڕۆژێک بوومەڵێڵ نا، بەیانی بووە، تەقی ئاودێر، کە سی ساڵی ڕەبەقە هەموو شەوێک لەو دەشتەیە، ڕاکەڕاک خۆی گەیاندۆتە نێو گوند و غاری داوەتە نێو ماڵی خەڵک، ئەویش لەو کاتەدا، کە خێزانەکەی میرزایەدوڵڵا، سەرکۆت، لەسەر تەنوورەکەیان بووە؟ بەستەزمان ژنی ئاوس، ئەویش تاقی تەنیا. تەقی، بە غار تا ناوەندی حەوشەکەیان ڕۆیشتووە و گوتوویەتی، یان هەر هیچی نەگوتووە. زمانی شکا بوو. بەس گوتوویەتی: «هەی هاوار!» هەر ئەمە. پاشان بووراوەتەوە. خێزانەکەی میرزایەدووڵڵا، هەر ئەو شەوە منداڵەکەی لەبار چوو. تۆ بیری لێ بکەوە، تەقی ئاودێر، ئەویش بەو بەیانییە، تەنانەت وا بزانم خۆر لە ئاسماندا بووە. کە چووبوونە بانسەری و بە هۆشیان هێنابووەوە، چاوەکانی تەقی بووبوونە دوو پیاڵەی خوێن. زاری کەفی کردبوو، من کە بینیم، هیچی بە بەرەوە نەمابوو. پێست و ئێسقان. گوتم:

ئاخر تەقی، چیت بەسەر هاتووە؟ ئاخر تۆ بۆچی، پیاو؟ بزانە چۆن بوویە باعیسی خوێنی منداڵێک، ئەویش کوڕ.

گوتی: ئەرێ کاکە، خۆ بەدەست خۆم نەبوو. ئەمن بەم چاوانەی خۆم دیتم.
گوتم: دەی، یانی چی؟
گوتی: وەڵڵا، چۆنی بڵێم، ڕێک دەتگوت حوولی بیابانە. لە جادەکەدا هەر خەریک بوو بە دوامدا دەهات. تفەنگ، بەخوا تفەنگێکی دوولوولیشی لە شان بوو.
دەبینی؟ تەواو تێک چووبوو. لەگەڵ چەند کەسێکی دیکەدا، کە چووینە دەشت، دیتمان حەسەنی لە شوێنی خۆیەتی، هەر لەوێ. هیچ تفەنگێکیش لەو ناوە نەبوو. تەنانەت قەلەباچکەکان کەوتبوونە بەر پێی. ئێمە، بڕوا بکە، هەر هەموومان، ڕاوەستاین و لە دوورەوە تەماشامان کرد. تێ دەگەی؟ لە دوورەوە. دەستەکانی دەلجوڵانەوە. بەس دەستەکانی. تەقی بۆخۆی پیاوە. ڕۆژیش بووە. جا ئێستا گوێت لە من بێ، ئەمەیان ئیدی قسەیەک نییە بڵێین لەم و لەوم بیستووە. شەوەکەی بوو، تازە چاوم گەرم بووبوون، کە دایکی ئەسغەر بانگی کردم و گوتی:
-پیاوەکە، گوێ بگرە! گوێ بگرە!
گوتم: لە چی؟
گوتی: ئەتۆ گوێ بگرە.
دەمزانی مەخسەدی چییە. ئێستا ویستی خودا بوو کە دایکمان لە گەزنەدا خەوتبوو. ڕاستە خەوی سووکە، بەڵام من لە گەزنەوە هیچ دەنگێکم نەهاتە بەرگوێ. لەوانەیشە وشیار بووبێتەوە یان هەر زووتر لە دایکی ئەسغەر بیستبێتی. هەستام، دانیشتم و گوێم هەڵخست. تۆ ئەگەر شتێکت بیست، منیش بیستم. هەردوو مەچەکی دەستەکانمی گرتبوو و دەلەرزی، بە جۆرێک، کە منیشی هەڵدەلەرزاند، دەیگوت:
-گوێت لێیە؟
خۆ نەیدەهێشت شقارتە پێکەم و چراکە هەڵکەم. دەنگی پێککەوتنی ددانەکانیم دەبیست، بەس دەنگی ددانەکانی ژنەکەمم دەبیست. هیچ دەنگێکی دی نەدەهات، تەنانەت دەنگی سەگەکان، کە شەوانی دی، تا بەری بەیان هەر دەوەڕین. کەڵەشێریش نەیان دەقوقاند. چرام هەڵگرت و بەرەو دەرکە چووم. دەرکە داخرابوو، هەردوو ئاڵقەڕێزەکەیشمان دادابوونەوە. هەوا گەرم بوو، بەڵام ئادی، دەرکەمان داخستبوو.
ژنەکەم گوتی:
- توخوا دەرکەی مەکەوە!
تۆ خۆت ژنان دەناسی، من باکم نەبوو، بەڵام دیتم ئافرەتە و نەکا ببووریتەوە، بەرەو پەنجەرە چووم و پەردەم لا دا. هیچ دیار نەبوو. جا مەگەر ئەڵقەڕێزی پەنجەرەم بۆ دەکرایەوە؟ هەوا هەوری نەبوو، نا. ساماڵ بوو. ئەستێرەیش گەش و گەورە. گوتم:
-دەبینی هیچێک نییە.
بەڵام هەبوو، یانی پێم وابوو سەدانسەد شتێک هەیە کە سەگ ناوەڕن. ئەدی کەڵەشێرەکان؟ ژنەکەم گوتی:
-ئێستا ئیدی نییە، لەو کاتەوە چرات هەڵکرد، ئیدی هیچ دەنگێک نایە.
-گوتم: کەوایە بڕۆ بنوو، لانیکەم بیر لە منداڵەکان بکەوە. دڵم وەک سیر و سرکە دەکوڵا. خودا خودام بوو لانیکەم سەگەکەی خۆمان بوەڕێ. لە ژێر دارهەنجیرەکە هەڵتروشکا بوو، سەری قیت کردبووەوە و گوێیەکانیشی ڕەپ کردبوون. کلکی، هێشتا لەسەر زەوی بوو. بۆنایی سەگەکان بە هێزە. دەمزانی، کە نابێ گورگ بێ. ئەگەر بەفر با لەوانەیە. بەڵام...
گوتم:
-پیری، پیری!

سەبرم گوتبوو، بۆیە نەیبیست، یان بیستی، بەڵام هەڵنەگەڕایەوە، کلکیشی نەلەقاند، وەک تاشەبەردێک لاخیز بووبوو، ڕوو لە دەرکەی ماڵەکەمان. ژنەکەم گوتی:

-بیستت؟

-گوتم: چی؟ هیچ شتێک نییە.

ویستی خودا بوو، کە ژنەکەم لەنێو پێخەفیدا دانیشتبوو. ئەگەر بینیبای، ئەگەر بهاتبایە بەر پەنجەرە و پیری بینیبا، کە چۆن لاخیز بووبوو و گوێی هەڵخستبوو، سەدانسەد تووشی گێچەڵێکی دەکردم. پەنجەرەم داخست. ئەمجارەیان هەردوو ئەڵقەڕێزەکەیشم دادانەوە. پەردەم لە بەر خاتری ژنەکەم، دا نەدایەوە. گوتم:

-دیتت، تووشی خەیاڵات بووبووی؟

چرام کز کرد و هێنام لە تەنیشت خۆمم دانا و پاڵ کەوتم. هەروا چاوەڕێ بووم، گوێقوڵاغ، کەوا پیری کەی دەوەڕێ. تا کەی؟ خودا دەزانێ. شوکر، ژنەکەم خەوی لێ کەوت. بەڵام من هەر بە ئاگا بووم. ئەوسا بوو، کە بیستم. نا، خەیاڵ و گومان نەبوو. هیچ تووشی خەیاڵات نەبووبووم. ڕێک دەنگی پێ بوو. نەک بەو جۆرەی کە کەسێک پیاسە بکا، نا. دەتگوت خەریکە باز دەدا، لەسەر لاقێک. وەک دەنگی کۆلکەدارێک، کە لە زەوی بدرێ. ئەویش دەنگی کۆلکەدارێک، کە سەرەکەیان بە لباد پێچابێتەوە. دەنگەکەیش لە هەوادا نەبوو، لە زەوییەوە بوو، لە سەرین. بەڵام لە هەوادا؟ نا، نەبوو. کە سەرم لەسەر سەرین هەڵدێنا، نەمدەبیست. بەڵام هەر کە گوێم بە لبادەوە دەنووساند، بە لبادەکەی بن قاڵییەکەمانەوە، دەمبیست. دەنگ دەهات. پەیتاپەیتا نەبوو. تەنانەت هێندێکجار وام دەزانی تەواو بووە، یان دوور کەوتۆتەوە. بەڵام دوای تاوێک، نا، چەند سەعاتێک، دیسان دەنگی کۆلکەدارە بە لبادپێچراوەکەیم دەبیست، کە بە زەوی دەکەوت. کە گوێم بە دیواریشەوە نووساند، بیستم. نازانم کەی بوو، کە هەر لە ناکاو وەڕینی سەگەکان بەرز بووەوە. هەوەڵ سەگەکانی گەڕەکی سەروو، وەڕین. پاشان پیری. پیری دەیقرووسکاند، ڕێک وەکو ئەو دەمانە سەگ بەتفەڕ دەبن و بەرەو ماڵێک دەلوورێنن، یان بەرەو مانگ. مرۆڤیش لەشی هەمووی هەڵ دەلەرزێ، کە نەکا سەگ هەستی کردبێ و سبەی یان دووسبەی، یەکێک لە ماڵەکەماندا بمرێ. دەنگەکە، هێشتا نەبڕابوو. بەڵام ئیدی بە ئاستەم دەهات، وەک ئەوەی نەبێ. یانی من بۆ ئەوەی نەیبیسم، هەستام و دانیشتم، لە پێخەفەکەمدا. لێفەکەیشم لە خۆم پێچایەوە و دانیشتم. بەڵام هێشتا سەرمام بوو. پشتم بە دیوارەکەوە نەنووساند، دەمزانی دەنگەکە لە تەنی دیوارەوە بوو، کە دەهات. سەگەکان بەس، کە بەیان ئەنگاوت و پەنجەرەیش تەواو ڕووناک هەڵگەڕان، لە دەنگ کەوتن. نیوەڕۆ خەبەریان دامێ، یانی فەڕاشی قوتابخانە خەبەری بۆ هێنام، کە کچی کوێخایان لە دەشتدا دۆزیوەتەوە. پێم وا نییە بێتەوە بیرت، کە تۆ ڕۆیشتی، وابزانم دوازدە ساڵی هێشتا پڕ نەکردبووەوە. ئێستا حەفدە ساڵ، نا، هەژدە ساڵی ڕێکە. نەسروڵڵا دەیگوت، کچەیان لە بەر پێی حەسەنی دۆزیوەتەوە. لە خەودا بووە، یانی هێشتا لە نێو ئەو گەنمەدا خەوتبوو، کە تازە چەکەرەی کردبوو. چارشێوەکەیشی لەسەر بووە. کراسەکەی قوڕاوی نەبووبوو. ئاخر زەوییەکە قوڕاوی نەبووە، بەڵام خۆڵاویش تەنانەت نەبووبوو. پێڵاوی لە پێدا نەبووە. پیاوەکان، کە گەیشتوونەتە سەری، کوێخا پێلەقەیەکی لە خاڵیگەی کچە داوە. هەوەڵ گلۆر بۆتەوە و پاشان هەڵساوە، خۆی کۆ کردۆتەوە، تەماشایەکی حەسەنی و پاشان پیاوەکانی کردووە. پێ نەکەنیوە. بەڵام نەسروڵڵا دەیگوت، وەک ئەوە بوو بە تەما بێ، پێ بکەنێ، یان چاوەکانی جۆرێک بوون، کە پیاو، پێیان وا بووە خەریکە پێ دەکەنێ.

پاشانیش ڕێی گوندی گرتۆتە بەر. نێرگز لە پێشەوە و پیاوەکانیش بە دوایدا. غاری نەداوە. بەڵام پیاوەکان خێرا ڕۆیشتوون، بە تایبەت کوێخا، لە پێش هەموویاندا و بە پەلەپەل ڕۆیشتووە. بەشکم ویستبێتی بگاتە کچەکەی، بەڵام نەیگەیشتووتێ. پاشان، یانی سبەینێ، جا دەزانی خەڵک چەند بە قسە و قسەلۆکن، خۆم بیستم، ئێستا لە بیرم نییە لە کێ، کە کوێخا بە دوای نەنەکوبرای دەلاکی حەمامدا ناردوویەتی. ژنەکەم گوتی، نەنەکوبرا گوتوویەتی هیچ بەڵایەکی نییە. منیش پێم وابوو نابێ هیچی بەسەر هاتبێ، یانی لەگەڵ ئەقڵدا یەک ناگرێتەوە، بەڵایەکی بەسەر هاتبێ. گریمان کە... نازانم. خۆ گوتم، دەنگی پێیم بیست. چەند کەسی دیش بیستبوویان. وەستاقوربان بیستبووی، بەڵام دەیگوت، لە خەودا بیستوویەتی، یان لە خەودا بووە، کە بیستوویەتی. دوایەش، کە بە ئاگا هاتۆتەوە، ئیدی نەیبیستووە. تەنانەت سەرلەنوێ، کە سەری خستۆتەوە سەر سەرین، نەیبیستووە. لەوانەیشە خەتای نەنەکوبرا بووبێ، کە ژنەکەم پاش حەفتەیەک ئەم قسانەی کرد.

سوێندی دەخوارد کە ژنەکەی دراوسێمان هەرچۆنێک بووە، قسەی بنزمانی نەنەکوبرای دەرکێشاوە. من خۆم بڕوام نەدەکرد. ئێستایش ئیدی ناکرێ. ڕاستە، تا دوو سێ مانگیش هیچ کەس لە کۆڵان و تەنانەت لە حەمامیشدا، چاوی بە نێرگز نەکەوتووە. بەڵام، ئاخر، گوتم لەوانەیە حەز نەکا چاوی بە چاوی خەڵک بکەوێ. مانگێک بەر لە ئێستا بووە، وابزانم، کە ژنەکەم گوتی، نەنەکوبرایان دیوە کە تاسێکی لەسەر سەری داناوە و بەرەو دەشت ڕۆیشتووە. کەی؟ ئێوارە. پێچی کردۆتەوە نێو قەڵاکە و بە پەنا گۆڕستاندا، چۆتە دەشت. جا کێ دیویەتی؟ گوتی سوێندی داوە بە هیچ کەس نەڵێ. دوای حەفتەیەکیش گوتی کچەکەی کوێخای لە حەمامدا بینیوە. ڕەنگوڕووی سپی بووە، وەکو ماست. گۆپکی مەمکەکەی ڕەش هاتۆتە بەرچاو. کچە هەژدەساڵانەی خەڵک بە جارێ کەوتۆتە سەر زاران. چۆن باوەڕ دەکرێ؟ من خۆیشم دیتم، یانی دوو یان سێی خەزەڵوەر بوو کە قوتابییەکانم بە ڕێز ڕاگرتن، تۆپێکیشم دایە دەست سەرپۆلەکەیان، کە بیانباتە دەشت، ئەوبەری کارێزەکە. دوای نیوسەعاتیش خۆم ڕۆیشتم سەرێکیان لێ بدەم. هەروا خەریک بووم دەڕۆیشتم، کە چاوم بە حەسەنی کەوت. دیتم تەپۆڵکەیەک لە بەر پێیەکانییەتی، بە قەرا دوو پێمەڕە خاکیش نەدەبوو. بەڵام، ئادی، وەک قەبری منداڵێک بوو. مەگەر پێزەیەکی دوو سێ مانگە، چەندە جێ دەگرێ؟ تاسا بووم. ئەویش بەو ئێوارەیە و ژنێکی تەنیا. ئەم نەنەکوبرایەیش چ جەرگێکی هەیە! من، خۆت دەزانی ئیدی تەنوتووزی جارانم نییە. چلوسێ ساڵ کەم نییە. دەمزانی، حەسەنی توانایی ڕۆیشتنی نییە. چ بگا بەوەی، شوێنم بکەوێ و بە دوامدا بێ. هەر بیریشم نەدەکردوە، لە پشت سەرم بێ. بەڵام، بڕوا بکە، لە بەردەمیشم دڵنیا نەبووم. ئەمجارەیان ڕێک هەستم دەکرد، کە ئیدی لە زەویدا نییە، لە هەناوی زەویدا نییە، بەڵکو لە هەوا و لەنێو هەوادایە، کە دەنگی پێی دێتە بەرگوێم. ڕاستییەکەی بڵێم، هەستم دەکرد دەنگی پێیە دارینە لبادپێچەکەم، هاوئاهەنگ لەگەڵ دەنگی لێدانی دڵم دەبیست. دەنگی دڵم هەر هەمان دەنگی پێیە دارینەکە بوو. کە ئاوایش بێ، تەنانەت ئەگەر تەنوتووزی ئەو ڕۆژانەیشت هەبێ، هەنگاوی خێرا هەڵێنان، یان ڕاکردن، دەتوانێ چ دەردێک دەوا بکا؟ ئەویش بۆ من، کە ئەگەر چوار پێنج هەنگاوی خێرا هەڵێنم، ترپەی دڵم

زۆرتر دەبێ؟ کە گەیشتمە ئەوبەری کارێزەکە، قوتابییەکان هیچیان، لەوێ نەبوون. ویستم بگەڕێمەوە، بەڵام بۆ کوێ؟ ترپەی دڵم، دەتگوت بە ڕاوەستانیش ئارام نەدەبوو. کە دانیشتم، بە دیار کەوتن، ئەویش نەک بە ڕیز، بەڵکو تاک تاک، یان چەند چەند. دووانیشیان لەوێ نەبوون. سەرپۆلەکەیان گوتی: هەڵاتن و چوونەوە ماڵی خۆیان. سەرپۆلەکە، دەگریا. جلەکانی تەڕ تەڕ بوون. کە ویستبووی لە جۆگەلەکە بپەڕێتەوە، کەوتبووە نێو ئاوەکەوە. چیم لە دەست دەهات. ئەویش بەو ترپەترپە بەلەحنەتکراوەی دڵمەوە؟ قوتابییەکانم ڕیز کردن. ئەمجارەیان دووبەدوو ڕیزم کردن و هێنامنەوە. بە پەنا گۆڕستاندا نەگەڕاینەوە. بە پشت بێشەڵانەکەدا چووینەوە قوتابخانە. ئێستا تۆیش ئەگەر بوایت، بڕوات دەکرد، کە ژنەکەی حاجی تەقی، دوای ئەو هەموو دەواودەرمانەی بۆ منداڵبوون کردبووی، بە پەنا گۆڕستاندا بچێتە لای حەسەنی. پێنج جار بە دەوری حەسەنیدا بسووڕێتەوە و پاشان سێ کاسە ئاو بە نییەتی وسڵ بە سەر و لای چەپ و ڕاستی حەسەنیدا بکا و هەر بەو ڕێیەدا بچێتە حەمام. ئەدی عەبدوڵڵا؟ پێرێ، کە لە شار گەڕاوەتەوە، چەند نەفەریشی لەگەڵدا بوون، لە ئوتومبێلدا و لەگەڵ یەک دوو نەفەردا مەرج دەکا، یان ئەوان عەبدوڵڵا هان دەدەن، ئەویش بە شەو. دەڵێن مەرجی کردووە، کە بڕوا و تەپۆڵکە خاکەکەی بەرپێی حەسەنی هەڵکەنێ و بنجوبناوانی کارەکە دەر بخا. لایتیشی پێ بووە. ئەو دوو کەس، یان چەند نەفەرەیش، لە پەنا گۆڕستان و لەسەر جادە، ڕادەوەستن. عەبدوڵڵا دەڕوا. تارماییەکەیان بینیوە. حەسەنیشیان لێ دیار بووە. با هاتووە. عەبدوڵڵا، ڕێک تیشکی لایتەکەی خستۆتە سەر حەسەنی. سمێڵەکەی حەسەنی لەو دوورەوە دیار نەبووە. بەڵام پیاوەکان دیویانە، کە هەر دوو دەستی حەسەنی، دەجووڵێنەوە. عەبدوڵڵا، پێمەڕەی لەسەر شان بووە و چۆتە پێشەوە. پاشان دەگاتە لای حەسەنی، ڕێک دەگاتە بەر دمی حەسەنی. لایتەکەی لە کوێ دادەنێ؟ دیار نییە. بەڵام هەموو دیتوویانە، کە عەبدوڵڵا ڕووناک بووە. حەسەنی نا. دەبینن عەبدوڵڵا چەند جارێک دەچەمێتەوە و قیت دەبێتەوە، دوایە ئیدی کەس نابینێ خەریکە چی دەکا. هەموو لا، تاریک دادێ و لە پڕێکدا گوێیان لە دەنگی هاوارەکەی دەبێ. هاواری نەکردووە، نا، وەک ژنان قیژاندوویەتی. توانیویانە چی بکەن؟ دیارە، هیچیان غیرەت ناکا بچێتە پێشەوە. عەبدوڵڵا هەر قیژاندوویەتی. هەر نرکونالی بووە. پاشان، کە خەبەریان کردین و چرا بە دەست چووینە دەشت، عەبدوڵڵامان بینی، کەوتبووە سەر قەبرێکی نزیک لە گوند. پێمەڕەکەی هێشتا لە دەستدا بوو. دوو پەنجەی پێی ڕاستیشی پەڕی بوون. پێلاوی لە پێدا نەبوو. بۆ؟ نەمزانی. پێلاوەکانی لە پێی حەسەنیدا بوون، یانی لەوێ بوون، لە ژێر داوێنی پاڵتۆکەی حەسەنیدا. لە ژێڕ داوێنی پاڵتۆکەوە، بەس سەری پێلاوەکان دیار بوو. لایتەکەیش لە گیرفانی حەسەنیدا بوو. خامۆش بوو. حەسەنی ڕاوەستابوو. دوو لاقی هەبوون. تەپۆڵکە خاکیش دەستی لێ نەدرابوو. وابزانم سەرلەنوێ، چاکیان کردبووەوە، ڕێکوپێکیان کردبوو، وەکو قەبر، قەبرێکی بچووک. عەبدوڵڵا کوڕە ڕەعیەتە، ناتوانین بڵێین نەیزانیوە پێمەڕە بەکار بێنێ. لەلایەکی دیکەوە، بۆچی بە پێی چەپ؟ ئەدی پێلاوەکان؟ پێمەڕە، بە پێلاوەوە چاکتر لێ دەدرێ. بۆچی پێلاوەکانی داکەندبوو؟ ئەو دوو پێمەڕەخاکە هەر هیچ نەبوو، کە هێندە بخایەنێ. بەڵام پێلاوەکان، مەسەلەی پێلاوەکان زیاتر مرۆ دەشێوێنن. لەوانەیشە، کاتێک پەنجەکانی پێی بە پێمەڕە پەڕاندوون، دای کەندبن، یان هەر کە پەنجەکانی پێیان پەڕاندوون،

دەق

دایان کەندبێ. کێ؟ کەسیش هیممەتی نەکردووە، بڕوا و بزانێ پێڵاوەکان هیچیان لێ هاتووە، یان نا. پەنجەکانی پێی عەبدوڵڵا، هەردووکیان، شۆڕبووبوونەوە. من بەس توانیم خوێنەکەی ڕاگرم. دکتۆریش هات و برینەکەی بینی و بۆی پێچایەوە. بەڵام کار ئیدی لە کار ترازابوو. پێی ڕاستی بە قەرا سەرینێکی لێ هاتبوو. پاشان دموچاوی هەڵمسا، هێندە هەڵمسا، ئیدی نەدەناسرایەوە. دکتۆر گوتی: دەبێ بیبەینە شار، تاکو پێی ڕاستی ببڕنەوە. عەبدوڵڵا سەری لەقاند. هیچ کەس حەز ناکا بە لاقێک بڕوا. بەس سەری لەقاند. بۆ هەموویان قسە ناکەن؟ سەر دەر ناکەم. دوێنێشەویش، تەواو بوو. بەیانییەکەی بردیانە دەشت و لە نزیک حەسەنی، هەر لە تەنیشت ئەو قەبرە، قەبر نا، هەمان دوو پێمەڕە خاکەکە، ناشتیان. ئێستا هەر چۆنێکت پێ خۆشە، بیر بکەوە، یان بۆ خۆت ئەو قسانە هەڵسەنگێنە. کە لەملا و لەولاوە دەیانبیسی. بەڵام من، خۆ من منداڵ نیم، یان نەنەسوغرا، یان تەقی نیم، کەوا کەللەیی بووبوو. تۆ برای خۆت چاک دەناسی. بەڵام سوێند بە خوایی خوا، ئەگەر هەر ئێستا ببیسم، کە نازانم کێ و کەی و لە کوێ، جا هەر کەسێک بێ و بڵێ، بڕوای پێ دەکەم. ڕاستە، کاتێک کوێخا و وەستاقوربان، حەمد و سوورەیان لەسەر قەبرەکەی عەبدوڵڵا دەخوێند، بینیویانە، کە با، کڵاوەکەی حەسەنی فڕاندووە و بردوویەتی. بەڵام تۆ چاک دەزانی، کیشەکە کڵاوەکەی نییە، یان تەنانەت سمێڵەکەی، کە عەبدوڵڵای ڕەحمەتی، بە خوری بۆی کردبوو. چونکە، هەر ئیمشەو ئەگەر بایەکی تووند بێت، سەدانسەد سبەینێ دەبینن سمێڵەکەی نەماوە. یان ئەگەر باران، نمەبارانێک ببارێ، سەدانسەد چاوەکانی دەسڕێنەوە. نا، من ئەم شتانە دەزانم، بەڵام کێشە، ترپە بەلەحنەتکراوەکەی دڵم و ئەم هەوایەیە، جەرگەی هەوا، چونکە هەبوونی ئەو، لە هەوادایە. منیش ئێستا، هەر ئێستا، دەنگی قۆندەرەکانی عەبدوڵڵا دەبیسم و دەزانم تۆیش، تەنانەت تۆیش دەنگەکەی دەبیسی. دەنگی دوو کۆلکەداری گەورە، کە بە زەویدا دەکوترێن. "پیری"ش سەدانسەد دەبیسێ، کە کپ بووە و ئێستا لەسەر هەردوو دەستی هەڵتروشکاوە و گوێیەکانی ڕەپ کردوون و هەست بەو بۆنە سەیر، بەڵام ئاشنایە دەکا. دیسان بۆت دەنووسم. ماڵومنداڵیش، سڵاویان هەیە.



تانیا

چیرۆکێك ئەگەر بۆ هەر زمانێك وەربگێڕدرێت، جوانی و ناوەڕۆکی لە دەست نادات

فاسیلی ئەراداماتسکی

لە عەرەبییەوە: گەیلان محەمەد

بەر لە هەڵگیرسانی جەنگ من لەگەڵ باوکم دەژیام لە مۆسکۆ، لە حەوشەیەکدا کە لە هەموولایەکەوە خانووی بەردین دەوری دابوو، ئێمە دوانزە منداڵ بووین هەموومان لە یەک تەمەندا بووین یان با بڵێین تەمەنمان لە یەکەوە نزیک بوو، لە هەمان شوێندا دەژیان، واتە لە حەوشەکەدا بە یەکەوە یاریی (شەڕی ناوخۆ)مان دەکرد لەگەڵ منداڵانی حەوشەکەی دراوسێماندا. من سەرکردەی کۆمەڵەکە بووم، کچێکمان لەگەڵدا بوو ناوی (تانیا) بوو، ئەو زۆر ئازا و چەلەنگ بوو، بە شێوەیەک هەندێ لە منداڵەکان بە شکۆوە تەماشایان دەکرد و هەندێکی دیکەیشیان لێی دەترسان، کاتێک لە قوتابخانە چووینە پۆلی حەوتەم شەڕی ناوخۆی نێوان ئێمە و منداڵانی حەوشەی دراوسێمان وەستا. تێبینیمان کرد کە تولیا شیرباکوف پەیوەندیی هاوڕێیەتی هەیە. لەگەڵ

دەق

یەکێک لە کچانی حەوشەی دراوسێماندا و زوو زوو سەردانی ئەو حەوشەیەی دەکرد کە دوژمنەکانمان تێیدا نیشتەجێ بوون تا کەڕەتێک هات و وتی: لەمەودوا من بەشداریی شەڕ ناکەم. پێش ئەوەیش تێبینیمان کردبوو کە "تانیا" کچێکی جوان و قەشەنگە و زیاتر لە هونەرمەندە شۆخەکانی سینەما دەچێت. (فالکا ئەرخیبۆف) یەکەم کەس بوو کە تێبینیی ئەوەی کرد (فالکا) بە تەواوەتی کەوتە داوی خۆشەویستیی (تانیا)وە، ئەویش لە لای خۆیەوە بە شێوەیەکی نائاسایی دەیڕوانییە (فالکا) هەردووکیان وایان لێهات شەرمیان لە یەکتری دەکرد، کاتی بەیەکگەشتنیان دیاری دەکرد و بە یەکەوە لە بارەی نهێنییە تایبەتییەکانیانەوە قسەیان دەکرد، دوای ماوەیەک (فالکا) پێی وتین کە لە کاروباری قوتابخانەدا وەک پێوست نییە و کۆمەڵەکەی بەجێ هێشت، هەر زۆر زوو دوابەدوای ئەو(تانیا) یش پاشەکشێی کرد و شەڕی ناوخۆ لە کۆڵانەکەماندا کۆتایی هات. منیش کاتێکی زۆرم بۆ مایەوە بە دەستبەتاڵی، لەوانەیە هەر لەبەر ئەمەیش بووبێ کە منیش وام لێهات (تانیا)م خۆش دەویست، کینە و ڕق لە دڵمدا دروست بوو، بەرامبەر بە (فالکا ئەرخیبوف) سەرەتا هەستم نەکرد کە ئەمە ڕق نییە، ئیرەییە، بەڵام بە تەواوی ئەوەم دەزانی کە فالکا ڕێگرە لە بەردەم خۆشبەختیمدا، لە ڕاستیدا فالکا گەنجێکی باش بوو، گرنگترین شت لەودا ئەوە بوو کە زۆر دەیخوێندەوە زۆر شتیش یەکەم جار لەوەوە فێر دەبووین، لەگەڵ ئەوەیشدا ئازا بوو، دوژمنەکانی حەوشەی تەنیشتمان چۆن لە من دەترسان بە هەمان ئەندازەیش لە فالکا دەترسان، بڕیارم دا لەگەڵ تانیا لەو بارەیەوە قسە بکەم. کات ئێوارەیەکی هێمنی بەهار بوو، فالکا تەندروستیی خراپ بوو، لەبەر ئەوە لە قوتابخانە ئامادە نەبوو. من و تانیا لە قەراغی شەقامەکەدا وەستابووین، بە یەکەوە چاودێریی باڵندەکانمان دەکرد کە بە ئاسمانی بەهاردا دەفڕین، تانیا بەرەو ئاسمان سەری بەرز کردەوە و ڕەنگێکی گوڵی ڕووی ئەوی داپۆشی، لەوکاتەدا لە ڕادەبەدەر جوان بوو.

وتی: فالکا جارێکی دیکە تووشی ئەنفلۆنزا بووتەوە، ئەو جەستەی لاوازە و زوو زوویش نەخۆش دەکەوێت.

وتم: چ پێوستت بە فالکایە؟

بە سەرسووڕمانەوە تانیا سەیری کردم، وا دەردەکەوت تەواو تێگەیشتووە لەوەی مەبەستمە. دەستی گرتم، وتی با بڕۆین. بە شەقامەکەدا دەڕۆیشتین و هەردووکمان تەواو بێدەنگ بووین. دواتر لە نزیک ئەو خانووەوە وەستاین، کە تێیدا نیشتەجێین، وتی: تۆیش باشیت بەڵام وەک فالکا نیت.

وتم: بەڵام پێش کەمێک وتت کە ئەو لاوازە.

وتی: نەخێر فالکا لاواز نییە، ئەو بەو شێوەیە نییە، پێم بڵێ ئەتوانی لە سەر دەستەکانت هەڵم بگری، بە درێژایی تەمەن، ها، ئەتوانی ئەوە بکەیت؟

من بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ لە پرسیارەکەی (تانیا) تێگەیشتم، خەیاڵم ڕۆیشت. کەچی بینیم ئەو پێدەکەنێ و وتی: چاوت لێیە، تۆ بیری بۆ دەکەیتەوە، بەڵام (فالکا) خۆی ئەوە بە من دەڵێت، هەموو ڕۆژێ دووبارەی دەکاتەوە، هەموو ڕۆژێ. تانیا ئەو دوو ڕستەیەی بە گوێی مندا دا و بە ڕاکردن ڕۆیشتەوە بۆ ماڵەوە، بەڵام من تا دڕەنگانێکی شەو لە باخچەکەدا مامەوە، بۆ ڕۆژی دوایی (تانیا) لە قوتابخانە بە بەردەممدا ڕۆیشت و کتێبێکی دایە دەستم و وتی: ئەوەی خەتی بە ژێردا هاتووە بیخوێنەرەوە. چوومە گۆڕەپانی قوتابخانەکە و لە شوێنێکدا وەستام، کە کەس نەمبینێت. کتێبەکەم کردەوە، ئەوەی خەتی بە ژێردا هاتبوو خوێندمەوە. ئەم دێڕە بوو: "من ئەگەر خۆشەویستی بکەم ئەوا هەتا سەر لەگەڵمدا دەمێنێتەوە؟" قوتابخانەم بەجێ هێشت و هەموو کتێبەکەم خوێندەوە، من بە دوای وشەیەکدا دەگەڕام بگونجێ وەڵامی وشەکانی

تانیای پێ بدەمەوە، بەڵام هیچم نەدۆزییەوە، لەبەر ئەوە لە هەمان ئەو پەڕەیەدا نووسیم: (کاتێک چاو دەخشێنیتەوە بە بابەتەکەدا و بیروبۆچوونت دەگۆڕی، دەبینی کات زۆر درەنگی کردووە.) بۆ ڕۆژی دوایی کتێبەکەم گەڕاندەوە بۆ تانیا، هەتا ئێستا هەموو شتێکم لە بیرە. ئەو ڕۆژە هەینی بوو. ڕۆژی شەممە زۆر بە سەختی نەخۆش کەوتم و پلەی گەرمای لەشم بەرز بووەوە. دوای ئەوەی تۆزێک باشم بووم بەرەو باشوور ڕۆیشتم. لە بەهاردا دایکوباوکم بە دوامدا هاتن بۆ ئەوەی لەوێ لەگەڵمدا بژین. بەو جۆرە چیرۆکی یەکەم خۆشەویستی لە ژیانمدا کۆتایی پێ هات. دوای جەنگ گەڕامەوە بۆ ئەوەی سەرلەنوێ لە مۆسکۆ نیشتەجێ بم، کەڕەتێکیان لە وێستگەی پاسەکان وەستابووم، زوقم و بەستەڵەک بوو، بە ئەندازەیەک سارد بوو نەتدەتوانی هەناسە بدەیت، پاسیش دیار نەبوو، دەنگێک پرسی: تۆیش لە وێستگە چاوەڕێی پاسی؟ بە نیگەرانییەوە وەڵامم دایەوە. وا دێتە بەرچاو. جارێکی تر دەنگەکە هاتەوە گوێم، جێگەی خۆیەتی بڵێم سەرکردەکان کەسانی پاکڕەوشت و بەرزن. کە ئاوڕم دایەوە سەیرم کرد خانمێکی جوان و باڵابەرز لە پشتمەوە وەستاوە، سەیرم دەکا و بە ناسکی پێدەکەنێ. وتم بە تەواوی بڕوا ناکەم... تانیا!

هەردووکمان بە یەکەوە سەرکەوتین بۆ پاسەکە، هەریەکە لە ئێمە سەیری ئەوی تری دەکرد بەڵام بێدەنگ بووین، دەستپێشخەریم کرد و وتم: لەگەڵ ژیاندا چۆنی؟ من هەستم بەڕووگیری دەکرد، نەمدەتوانی زیاتر لەو پرسیارە باوە پرسیاری تر بکەم. تانیا وتی: زۆر باشم، چەند سەیرە ئەمڕۆ من و ڤالانتین بە یەکەوە باسی یادەوەرییەکانمان دەکرد، لەگەڵ تۆدا. وتم: کام ڤالانتین؟ بە پێکەنینەوە وتی: چەند جێگەی شەرمە لە بیرت کردووە؟ (فالکا ئەرخیبۆف) ئەو ئێستا هاوسەری منە و من چاوم نەخشاندەوە بە بابەتەکەدا و بیروبۆچوونم نەگۆڕی. وتم چ شتێک هەیە کە پێوست دەکا تۆ چاوی پیا بخشێنیتەوە؟ وتی: ئەرێ تۆ شەرم ناکەیت هەموو ئەوانەت لە بیر چووەتەوە؟ لە بیرتە کاتێ لە کتێبەکەت نووسی: (کاتێ چاو دەگەڕێنیتەوە بە بابەتەکەدا و بیروبۆچوونت دەگۆڕی، دەبینیت کات زۆر درەنگی کردووە.) هەتا ئێستە ئەو کتێبە لای منە و ئەگەر بە نیازی بێیت بۆ لامان، پیشانت دەدەم. وەرە پێوستە سەردانمان بکەیت. فالانتین زۆر بە تۆ دڵخۆش دەبێت، ئەو زۆر تۆی خۆش دەویست، پێویستە سەردانمان بکەیت، لە هەمان شوێندا دەژین، لە هەمان ئەو ماڵەی کە منی تێدا نیشتەجێ بووم. ڕۆژی یەکشەممە بڕیارم دا سەردانیان بکەم، کاتێ لەو ماڵە نزیک بوومەوە کە لە منداڵیدا تێیدا ژیاوم، بە تەواوی هەستم بە ئاڵۆزی باری دەروونیم کرد. تانیا خۆی دەرگەکەی لێ کردمەوە و بەرەو ژوورێکی ڕووناک بردمی، سەرەتا نەمدەتوانی هەموو ئەوەی لە ژوورەکەدایە ببینم، تانیا لە لایەک لە لاکانی ژوورەکەدا وەستابوو، بە دڵەڕاوکێوە چاودێریی دەکردین. دوو چاوی ڕەشم بینی، سەرەتا هەر دوو چاوی ڕەشم بینی، دواتر جەستەیەکی درێژی کەسێکم بینی، لە سەر چرپایەک ڕاکشابوو، لە پێشدا وامزانی باوکی تانیایە، بەڵام ئەو کەسە ناکاو گیری کردم و وتی: ئەی سەرکردە وەرە بۆ ئێرە. ئەو کەسە (فالکا ئەرخیبۆف) بوو. بە هێواشی لێی نزیک بوومەوە. لەبەر هەر هۆیەک بێت هەستم بە ترسێکی زۆر کرد. زیاتر نزیک بوومەوە. دەموچاوێکی ڕەنگپەڕیوی لاواز و دوو شانی دەرچووم بینی. (فالکا) دەستی درێژ کرد بۆ ئەوەی تەوقەم لەگەڵدا بکات. دەستە لاوازەکانیم گرت و سەیری تانیام کرد. ئەو زانی پێوستم بە یارمەتییە. نزیک بووەوە و لە تەنیشت فالکاوە دانیشت. نەمدەزانی چی بڵێم. لەبەر هەر هۆکارێ بێت بەردەوام ترس دامدەگرێت. کاتێ کە لەگەڵ نەخۆشدا قسە دەکەم. بە شۆخییەوە وتم: مەحاڵە بتناسمەوە ئەگەر لە شەقام و سەرەڕێدا بمبینیتایە نەمدەتوانی بتناسمەوە. مەحاڵە لە ڕێگەوبان و شەقامەکاندا بمبینیت، من هەرگیز بە شەقامدا ناڕۆم. بە ترسەوە سەیرم کرد و دەستی لاوازی خستە سەر ئەژنۆم، وتی: مەترسە ئێستە هەموو شتێکت بۆ باس دەکەم. لە یەکێ لە بەرەکانی جەنگدا سێ پارچە بەر بڕبڕەی پشتم

کەوت. ئێستە دەبینیت لە جێگەدا کەوتووم. ئەمە هەموو شتێکە لە بارەی منەوە. ڕەنگە ئێستە تێگەیشتبێتیت؟ یەکسەر وەڵامی فالکام نەدایەوە. لەو چرکەساتەدا بیرم زۆر دوور بوو لەوەی کە فالکا قسەی بۆ دەکردم لە بارەیەوە. من بیرم لەوە دەکردەوە کە ڕۆژێکیان تانیا پێی وتم: دەتوانی لە سەر دەستەکانت هەڵمگری هەتا سەر؟ ئەمە دەتوانی؟ فالکا خۆی ئەوەم پێ دەڵێت، هەموو ڕۆژێک دووبارەی دەکاتەوە هەموو ڕۆژێ. سەیری تانیام کرد بینیم لەو کاتەدا بە ڕوویەکی لێبووردەیی و ڕەزامەندەوە تەماشای فالانتین دەکات. هێشتا ئەو هەر سەیری هاوسەرەکەی دەکرد کە وتی بەم شێوەیە دەژین. تەلەفونێک و کۆمەڵێ کتێبی زۆر و هەروەها تەختەڕەشێک بۆ نووسین لە تەنیشت جێگەکەی فالانتینەوە دانرابوو، لەو کاتەدا زەنگی تەلەفۆنەکە لێی دا، فالکا وەڵامی دایەوە وتی: بەڵێ من تەندروستیم باشە. زۆر باشە. من گوێم لێتە... زۆر باشە... زۆر باشە. زەحمەت نەبێ جارێکی دیکە ئەوە دووبارە بکەرەوە کە وتت. زۆر باشە. لەو بەشەدا تۆ هەڵەیەکت کردووە. دەستەواژەکەت بە هەڵە بەکار هێناوە. پێوست بە سوپاس ناکات. پرسیارەکە شیکار بکە و جارێکی دیکە پەیوەندیم پێوە بکە. من چاوەڕێی تەلەفۆنی تۆم فالکا. تەلەفۆنەکەی داخستەوە و تانیا وتی: پێش جەنگ فالانتین کۆلێجی ماتماتیکی تەواو کرد. تانیا شتێکی بۆ هێناین بیخۆین. پێشنیارم کرد بە هیوای تەندروستیی تانیا بیخۆینەوە. کاتێک خواردنەوەکەمان تەواو کرد. تانیا پێی وتین کە بەیانی تاقیکردنەوەی هەیە. ڕووخسەتی لێ وەرگرتین و ژوورەکەی بەجێ هێشت. جارێکی دیکە فالانتین دەستی لاوازی لە سەر ئەژنۆم دانایەوە و بە هێمنییەوە وتی: زۆر سوپاست دەکەم کە پێشنیارت کرد بە هیوای خۆشبەختیی تانیا بخۆینەوە. ئاهـ خۆزگە بتزانیایە بوونی ئەو لەگەڵمدا لەم جیهانەدا چەندە ئاسوودەم دەکات. بە دوامدا گەڕا تا لە نەخۆشخانەی سەربازی دۆزیمییەوە و پاشان منی گواستەوە بۆ ئێرە. لەو کاتەوە لە سەر دەستە بێهێزەکانی هەڵم دەگرێت. بەم نزیکانە مشتومڕی تێزی دکتۆرا دەکەم. من لە زانکۆ کار دەکەم هەموو ئەمانە بە یارمەتیی ئەوە. تانیا حەزی دەکرد ببێتە ئەکتەر، بەڵام هەنووکە لە کۆلێجی ماتماتیک دەخوێنێت. لەو خۆشبەختییە! کە دەبینم ئەو لە نزیکمەوەیە. فالانتین بە ئەسپایی و هێمنی قسەی دەکرد و دواتر بێدەنگ بوو، پاشان پرسیاری کرد ژنت هێناوە؟ بەڵێ خێزانم هەبوو بەڵام دوای جیابووینەوە. ناتوانم لێت تێبگەم چۆن ئەوە ڕوو دەدات؟ ئایا بە خۆشەویستی خێزانت پێک نەهێنا؟ بەڵام من بەخت یاوەرم بوو، وا نییە؟ یان وام دەبینی کە من لە منداڵانیی گەڕەکم خۆشەویستی هەمووی بۆ خۆی بردووە؟ فالانتین بە هێمنی پێدەکەنی و لە کاتەدا بوو زەنگی تەلەفۆن لێی دا جارێکی دیکە قسەی کرد لەگەڵ قوتابییەکەیدا، دواتر ئێمە لە بارەی بیرەوەریی منداڵی و هاوڕێکانمانەوە قسەمان دەکرد. ئێوارە ئەوانم بەجێ هێشت. لە قەراغی هەمان ئەو شەقامەدا وەستام کە ڕۆژێک لە ڕۆژان من و تانیا لێی ڕاوەستابووین و قسەمان دەکرد و باڵندەکان بە ئاسماندا دەفڕین. لە تەنیشت منەوە کوڕ و کچێک وەستابوون، سەیری باڵندەکانیان دەکرد، بە یەکەوە قسەیان دەکرد. گوێم لێ نەبوو باسی چی دەکەن، بەڵام گومانم نییە لەوەی باسی خۆشەویستییان دەکرد. خۆشەویستیی ڕاستەقینە کە هێندەی قارەمانییەکان مەزنە و نەمرە وەک نەمریی ژیان.

*نووسەر و ڕۆژنامەنووسێکی ڕوسییە.

سەرچاوە:

گۆڤاری (العربی) مارس/2013؟/ ژ: 652

مەرگ چۆن دێت...؟

نادری ئیبراهیمی
لە فارسییەوە: هیوا خەیات

مەرگ؟
ئەو قسانە چییە دەیکەیت؟
ئێمە هاوڕێی لەمێژینەی یەکترین:
هاوسەفەر، هاوڕێ، هاوئاهەنگ، هاوئاواز، هاوڕاز.
مەرگ لە ناکاو پەلامارم نادات
هێواش و بێ چرپە دێت، بۆ ئەوەی دەنگی پێیی ئازارم نەدات.
بە هێواشی و میهرەبانییەوە سەر ئەخاتە سەر سەرینەکەم و ئەڵێت:

دەق

ئیتر بنوو، کاتی نووستنە، کاتی خەوبینینە و خەوی خۆش
من ناوچاوانی ماچ ئەکەم و دەڵێم:
بۆ خەوێکی ئاسوودە و دوور لە نیگەرانی ئامادەم...
ئەزانم مەرگ لە ناکاو پەلامارم نادات
خەنجەرم لێ هاڵناکێشێت.
نایکات بە هاتوهاوار.
نمایش ناکات.
بە چاوی سور و دەم و چاوێکی تەژی لە تووڕیی لە ژوور سەرمەوە ڕاناوەستێت.
چەند بە نیانییەوە سەر دەخاتە سەر سەرینەکەم.
دیسان دێمەوە دەرفەتێک ئەدەم بە مەرگ.
لە پشت مێزی کارەکەمەوە دائەنیشم.
-بیستویەک قەڵەکەم پڕ دەکەم لە مەرەکەب دەکەم
هێواش و بێ نیگەرانی
نووکی قەڵەمدارەکەم بۆ نووسینەوە تیژ ئەکەمەوە.
بەستە کاغەزە گەورەکەی بەردەمم ڕێک ئەکەمەوە
ئێستا ئیدی ئامادەم.
مەرگ؟
ئەوە تۆ باسی چی ئەکەیت!
مەرگ پەیوەندیی بە ژیانەوە چییە؟ بە باوەڕەوە کارکردن؟
مەرگ خاڵی کۆتاییە، ژیان دێڕ. دێڕ ئاشنایە بە خاڵ.
من لە تەک مەرگدا هاوڕێیەتییەکی بێخەوشم هەیە.
من دەستم لە نووسین هەڵنەئەگرت ئەگەر لەبەر وەستان — وەستان بە لاساریەوە —
لە هەمبەر مەرگ نەبوایە.
کە وەک دڵۆپێکە لە کۆتایی زەریادا.
هاوڕێیەتیی مەرگ وەبیرهێنانەوەیەکی بەردەوامە
شەو لە تاریکی ناترسێت.
ڕووناکیی ئەمشەو
لە مانگی چواردەوەیە.
حەز دەکەم بەیانی تەشتێک پڕ لە مۆم ڕووناکی بکاتەوە.
من لەگەڵ مەرگدا گەلێک سەفەرم کردووە.
گەلێک گفتوگۆمان بووە، گەلێک ئاواز و سروودمان گوتووە...
تۆ دەنگی گۆرانیی مەرگت لەودیو پەرژینی مانگەوە گوێ لێ بووە؟
من، لەسەر یەک خاڵ، هەزارجار خوولاومەتەوە
مەرگ بۆ ئەو شوێنەی کە حەزی لێیەتی دەچێت، منیش بە دوایەوە

بەڵام مەرگ لاوازە، پەلەقاژە ئەکات، گیان ئەستێنێت، هەوڵ ئەدا و لە کۆتاییدا بە بێنیازییەوە ڕێ لە هەناسە ئەبەسێت.
من هەوڵدانەکانیم بینیوە
– وای دانێ خەوی ناخۆش دەبینێت –
دڵم بۆی سووتاوە.
دەستیم گرتووە تا بۆ ساتێک هەست بە ئارامی بکات.

لە مەرگ بپرسە
بۆچی لەودیو دەرگەکەوە وەستاوە؟
بەو هاوڕێیەتییە لەمێژینەییەی کە هەمانە و هەمیشە دەمانبێت.
جێ سەرەکەی هێشتایش لە سەر ڕووی سەرینەکەم دیارە.
لە مەرگ شتێک بپرسە!
من لە سەر خاڵێک سەما دەکەم
لە سەر خاڵێک دەخوولێمەوە
لە سەر خاڵێک گۆرانی دەچڕم
چەند بێدەنگ هەناسە ئەدات:
ئەوە چواردەورەکەیەتی کردوویانە بە هاتوهاوار و چپەچپ
وەکو ئەوانەی کە فرمێسکەکانیان ئەڕێژن و ئەیشارنەوە.
من ئەمڕۆ دەچم بۆلای (نایب)
منداڵەکانیم خۆش دەوێت
کەبابی لوقمە داوا دەکەم.
کاتێک بۆ ماڵ گەڕامەوە ئاوا دەست مەدە ژێڕ باڵم.
وا پیشان مەدە کە مەرگ دوژمنی منە.
دیسان دائەنیشم و دەست دەکەمەوە بە نووسین
هیچ شتێک نام وەستێنێت و هیچ شتێک بێ هیوام ناکات.
مەرگ؟
ئەوە تۆ باسی چی دەکەیت!

سەرچاوە:
کوچەهایی کوتاه، مجموعەی قصەهای کوتاه، نادری ئیبراهیمی



بەشێك لە ڕۆمانی

زستانێکی درێژ

کولم توبێن

لە سویدییەوە: دلاوەر قەرەداغی

گەرچی تا دەهات ڕۆژ کورت و کورتتر دەبووەوە و ئێوارەکان تاریک و تاریکتر دەبوون، کەچی هەوا شێرەوگەرم بوو. میکوێل لە پەنجەرەی ژووری نووستنەوە، باوکی و جوردی بینین لە کێڵگەکانی خوارەوە بەرەو پشتیرەکە دەبوونەوە. هەردووکیان کراسی قۆڵکورتیان لەبەردابوو وەک ئەوەی دونیا هێشتا هاوین بێ.

ئێوارەی پێشتر باوک لە سەر سفرەی شێوخواردن، گوتبووی: "ئەمساڵ زستانمان نابێت. قەشەگەل گوتوویانە: ئەوە پاداشتمانە چونکە وەفادارانە نزاونوێژمان کردووە و یارمەتی هاوتوخمەکانی خۆمان داوە."

میکوێل زۆری بۆ خۆی هێنا پێنەکەنێ، تا وا بنوێنێ ئەو قسەیەی باوکی دەسەلمێنێ، ڕۆڵێک کە جوردی بە بینینی ڕاهاتبوو. بەڵام جوردی و دایکی بێدەنگ دانیشتبوون. ئێستا جوردی بە دەگمەن قسانی دەکرد و تەنانەت ئەگەر کەسێک پرسیاری لێ کردبا، بە ئاماژەش وەڵامی نەدەدایەوە. ئاخر ڕۆژی شەممە بۆ "لا سیو"یان دەگەیاند تا سەری بە شێوەیەکی تایبەتی بتاشرێت و ڕۆژی سێشەممەش بەرەو خزمەتی سەربازیی بەڕێ دەکەوت. جوردی دوو ساڵ لە ماڵ دوور دەکەوتەوە.

هەفتەیەک لەوەوبەر، کاتێ فەرمانی بانگکردنی بۆ سەربازی هات، لە میکویلی پرسی بوو، ئەرێ ئەوە چۆناوچۆنییە کە بە زیلێک بۆ "لێریدا"ت دەبەن، ئیمزای وەرگرتنی جلکە سەربازییەکانت دەکەیت، شەو وەک سزادراوێک لە بنکەیەکدا ڕۆژ دەکەیتەوە، خواردنی ئەوان دەخۆیت و پاشان بە قەتار بەرەو "زاراگۆزا"یان "مەدرید" یاخود "ڤالادولید"یان هەر جێگەیەکی تر کە ئێستا خەڵکی بۆ دەنێرن، دەتبەن.

میکوێل گوتبووی: "ڕێک وەک ئەوەیە کە خۆت باست کرد."

جوردی گوتبووی: "ئا، بەڵام دەمەوێ بزانم ئەوە چۆناوچۆنییە؟"

میکوێل شانی هەڵتەکاندبوو، نیگای لە نیگای جوردی ئاڵابوو، چ قسەیەکی نەبووبوو بیڵێت. ئاخر ئەوە شتێک بوو ئەوەی نەدەهێنا نە بیری بکەوێتەوە و نە باسیشی بکات. بەبێ ئەوەی خۆی ویستبێتی، کەوتبووە بیرهێنانەوەی هەندێک وردەکاریی ئەو دوو ساڵەی ژیانی سەربازیی خۆی، بەڵام کاتێ بینیبووی جوردی ترسی لێ نیشتووە، ئیدی متەقی نەکردبوو.

جوردی کە پێدەچوو زوربەی کاتەکانی ئەو ڕۆژانەی دوایی لە ماڵەوە، خۆی بە نەوازشکردن یان یاریکردن لەگەڵ "کلوا"، لەگەڵ سەگەکەیدا بەسەر بەرێت، لەوکاتەوە هیچ قسەیەکی لەگەڵ میکوێلدا نەکردبوو. بەڵام هیچ پێ نەدەچوو لێی تووڕە، یان دڵی لێی ئێشابێت، چونکە ئەگەر ئەوان نەتوانن ڕاشکاوانە لە بارەی ئەو ڕاهێنانە سەربازییانەوە کە دەبوو ئەم بیانکات، قسان بکەن، ئەوا وا چاکتر بوو هیچی لە بارەوە نەڵێن. تەنانەت لەو ژووری نووستنەشدا کە هەردووکیانی تێدا دەخەوتن، کاتێ جلەکانیان دادەکەند یاخود گڵۆپیان دەکوژاندەوە، هیچیان نەدەگوت. میکوێل تەواو لێی ڕوون بوو کە بەو زووانە تەختەخەوە یەککەسییەکەی ئەو ژوورە بچکۆلەیە چۆڵ دەبێت، پێی وا بوو دایکی بەرگەنوێن و سەرچەفەکانی دەپێچێتەوە و تا کاتێ کە براکەی لە ماڵ دوور دەبێت، دۆشەکەکە بە ڕووتوقووتی دەهێڵێتەوە.

زیاتر لە ترس و برسێتی و نەهامەتیی بەردەوام، میکوێل لە ڕاکێشانی ماوەی سەربازییەکەیدا، سەبووری خۆی بە خەون بینین بە ماڵەوە دابووەوە. لە مانگەکانی سەرەتادا، لە کاتێکدا کە ڕاهێنانی بێ مانای لە ژێر هەتاوێکی دڵڕەقانەدا کردبوو، حەزی کردبوو بزانێ ئاخۆ بۆچی قەت ژیانی خۆی لە ناو خێزانەکەیدا، وەک شتێکی ناسک و گرانبەها نەبینیوە. میکوێل خەونی بە بەیانییە ساردەکانەوە بینیبوو کاتێ باوکی لە خەو خەبەری کردبۆوە تا بە جێبەکە لەگەڵیدا بڕوات بۆ ئەو جێگە هەڵەتانەی کە ڕانەمەڕەکەیان بۆ لەوەڕی هاوینە بۆ دەبردن. خەونی بە جوردی یەوە بینیبوو کە حەزی کردبوو بنوێ و لەگەڵ خۆیدا هێنابووی و بردبووی کە ئاخۆ لەگەڵیان بچێت یان نا. خەونی بە تەختەخەوەکەیەوە بینی

بوو، بە ژوورە زۆر ئاشناکەوە، بە دەنگەکانی بەیانیی و ئێوارانەوە، بە کوونەپەپووەکەی نزیک پەنجەرەکەوە لە هاویناندا، بە تەقەتەقی زەوینە تەختەییەکەوە کاتێ دایکی شەوان لە خەو هەڵدەستا، خەون بە ڕانە مەڕەکەوە کە زستانان دەهێنرانە خوارەوە بۆ پشتیرەکە و خەون بە باریکەڕێیەکەی گوندەوە کە پڕ لە باعەباعیان دەبوو.

هەموو ڕۆژێک نەخشەی بۆ گەڕانەوەی چنی بوو، بە وردەکارییەکانییەوە پەرۆشی گەڕانەوە بوو، ڕۆژانە چاولەڕێی ئەوە دەژیا کە چێژێکی بچکۆلانەی ژیانی لە ماڵەوە — دەنگی جێبێک کە دەکەوتە ئیش، دەنگی مشارێکی ئەلەکتریکی، تەقەی تاپڕی ڕاوچییەک یان وەڕەی سەگێک — وەبیر خۆی بهێنێتەوە، ئەوە بە لایەوە وەک ئەوە وا بووە کە هەر بە ڕاستی گەڕابێتەوە و سەرلەنوێ لەدایک بووبێتەوە. هێند سفت لەگەڵ خەونەکانی گەڕانەوەی بۆ ماڵ و ژیانە چاو لە ڕێ و ئازادەکەیدا ژیابوو، هیچ لە خەیاڵی ئەوەدا نەبووبوو کە بەو زووانە ئینجا نۆرەی جوردی یە، کە بەو زووانە براکەشی تاڵاوی سەرتاشینە سووکایەتیهەژێن و چاوەڕوانییە سارد و دوورودرێژەکەی ناو زیل، کە بۆ لێرید+ ی دەبەن، بە گەرووییدا دەچێ. میکوێل دەیزانی ئەوە بۆ براکەی چەندە زەحمەت دەبێت، ئەوە وەک ئەوە وا بوو بەشێکی نازک و پاقیژە لە خۆی بڕوا و قژی هەڵپاچرێ و تەختەخەوێکی چۆڵوهۆڵ لە دوای خۆیەوە جێ بهێڵێت.

لەم چەند هەفتەیەی دواییدا، دایک کێچ کەوتبووە کەوڵی. هەندێ جار میکوێل وا مەزەندەی دەکرد، دایک لە هاتوچۆی بە نێوان موبەق و هۆڵە درێژکۆلەکەی نانخواردن و کلوختەکەدا، بە دوای شتێکدا بگەڕێت. میکوێل دەیزانی لەو کاتەوەی لە سەربازی گەڕاوەتەوە، نائارامییە گەورەکەی دایک دەستی پێ کردووە. زۆر بەسەر گەڕانەوەیدا تێنەپەڕی بوو، کە میکوێل سووسەی ئەو نائارامییەی کردبوو. پێی وا نەبوو کاتێ ئەو لێرە نەبووە، دایک وا بووبێت، لەبەر ئەوەی جوردی هیچ شتێکی لەوبارەیەوە بۆ باس نەکردبوو. ئێستاش وا پێ دەچوو ئێجگار لەوە نائامادەتر بێ کە هەست بە هیچ شتێک بکات.

دەستەوەستانیی دایک بۆ هێوربوونەوە، وەک ئەوەی دۆخەکەی بە کەشوهەواوە ڕایەڵ بێ، لە هەڵکشان و داکشاندا بوو. لەو ڕۆژانەی دواییدا کە جوردی ئامادەی ڕۆیشتن بۆ خزمەتی سەربازی دەبوو، دایک زیاتر و زیاتر گرژ و پەشۆکاو، دەهات و دەچوو. میکوێل پێی وا بوو دایکی لە ئاژەڵێکی نامۆ و برسی دەچێ کە لە لایان بژی، بە حاڵ دەیتوانی چێشت لێ بنێ یان خوان بڕازێنێتەوە، بە حاڵ ددانی مریشک و کەروێشک و قازەکانی پێ دەدرا. میکوێل دەیویست بزانێ ئاخۆ بۆچی دایکی ئاوها بە سەفەرەکەی جوردی نیگەرانە، ئاخر کاتێ ئەم خۆی بەرەو سەربازیی دەڕۆیشت، دایک بەم جۆرە هەڵسوکەوتی نەکردبوو.

بەڵام ئێستا کاتێ بەرچاییان کرد و بە نیازبوون بەرەو خوار، بەرەو لا سیو بئاژوون، دایک بێ جووڵە لەلای مێزەکەوە دانیشتبوو، جوانترین جلکەکانی پۆشیبوون، شلەژاو و بێدەنگ، بەڵام لە چاو چەند هەفتەی ڕابردوودا، گردەوەتر بوو.

میکوێل بیری کەوتەوە کاتێ لە خزمەتی سەربازی گەڕایەوە، لێوانلێو بووبوو لە شادمانیی، هیچ حیسابی بۆ ئەمە نەکردبوو کە لە دوای جێبەکەدا دادەنیشێ و جوردی لە تەنیشتەوە دەبێ و دایک و باوکیش لە پێشەوە سوار دەبن وەک ئەوەی جوردی بۆ فرۆشتن و سەربڕین

ببەن. کاتێ جێب کەوتە ئیش و بە نێو ناوچە ئاشناکاندا ملی نا، میکوێل توانی قەیرێک خۆی بەوە بخڵافێنێت کە بۆ ڕۆژانەبازاڕێک سەردانێکی ئاسایی دەکەن، چ زەمیلە هێلکەیان پێ نییە بۆ فرۆشتن و چ لیستی شمەکێکیش کە دەبێ بیانکڕن، بەڵام پاشان ڕاستییە تاڵەکەی لە بارەی سەفەرەکەی جوردی و نیگەرانییە دێرینەکەوە، وەبیرهاتەوە.

باوک دەبوو لەگەڵ جوردیدا بچن بۆ سەرتاشخانەکە: کابرای سەرتاش بە تووڕەوترۆپی ناسراو و سووسەی شیوعێتیشی لێ دەکرا. لە دوای جەنگ چەند ساڵێکی لە زیندانداا ڕاکێشا بوو. بەو شێوەیە جوردی دڵنیا بوو لە کاتێکدا بە پێی ڕانوماییە سەربازییەکان سەری دەتاشرێت، دەبێ واز لە سوحبەت و پلاری خۆش بهێنێت. سەرتاشەکە دەبوو هێند پارێزگاری بە ڕەزا تاڵییەکەی خۆیەوە بکات، کە لە ڕێزی جوردی لە خۆی، بهێنێتە سەر سفر.

ئەو ڕۆژە نە هێلکەیان پێ بوو و نە پەلەوەر تا بیانفرۆشن، بەڵام دەبوو خواردەمەنی بکڕن. تەنانەت دەبوو سەوزەواتیش بکڕن لەبەرئەوەی باخچۆکەکەیان لەو هەفتانەی دواییدا چ بەرهەمێکی ئەوتۆی نەدابوو. میکوێل و دایکی کە هەریەکەیان زەمیلەیەکی هەڵگرتبوو، لە سەرتاشخانەکە بەنگ نەبوون، بەڵکو وایان بڕیار دا سەعاتێکی تر، باوک و جوردی لە هەمان گۆڕەپان ببینەوە.

کاتێ میکوێل و دایکی تەنیا کەوتنەوە، هەنگاوەکانی دایک سووکەڵەتر بوون، پێدەچوو تا ڕادەیەک شاگەشکە بووبێ کاتێ خۆی بە گۆڕەپانەکەدا کرد، بە شادمانییەوە سڵاوی لە دۆست و برادەران لەودیو مێزی شتفرۆشتنەکانیانەوە دەکرد، بە شانازییەوە بە یەکێکیانی وت ئەو ئەمڕۆ هیچ شتێکی بۆ فرۆشتن پێ نییە، بەڵکو ئەمڕۆ تەنها شت دەکڕێ، پێکەنی کاتێ ژنە فرۆشیارەکە وەڵامیدایەوە کە ئەگەر هەندێ کەس وەک ئەویان کردبا، ئەوا هەموو دوکاندارەکانی گۆڕەپانەکە، بۆ خۆیان دەوڵەمەند دەبوون.

پاشان دایک، میکوێلی بەجێهێشت. پێی وت چاوەڕێی بکات، شتێک هەیە دەبێ بیکات، دەڕوا و زوو دەگەڕێتەوە. وای وت و یەکسەر ڕۆیشت، وەک ئەوەی پێی وا بووبێ ئەگەر بۆ یەک تاقە چرکەش ماتڵ بێ، ئەوا میکوێل گلی دەداتەوە. میکوێل، دایکی بینی، خۆی کرد بە نێوان دوو مێزی شتفرۆشتندا و هێشتا زەمیلەکانیشی هەر بە دەستەوە بوون.

میکوێل بیری کردەوە ئەگەر ئەم شتێکی هەبێت بیەوێت بیکات، ئەوا وا باشە بچێت زەیت بکڕێ یان ڕاسپاردەی گاسۆلین بکا تا کاتێ ئێوارە دەگەڕێنەوە، ئامادە بێت. تەماشای گوڵفرۆشەکانی کرد کە دوو ژن بوون، قاییلمەند دەبینران ئەگەرچی ئەوان تاقە فرۆشیارانێک بوون کە سەرە لەبەر مێزەکانیاندا نەگیرابوو. میکوێل لە فیکرەوە چوو، ئاخر چما کێ پارەی لێ زیادە تا گوڵی پێ بکڕێ.

پاشان کاتەکە زیاتر و زیاتر بێزەوەر دەبوو، چاوەڕێ کردن شتێک بوو بنیادەمی شەکەت دەکرد. میکوێل پێی وا بوو دایکی چووە بۆ قەسابخانە یان مریشکفرۆشییەکە و دەشێ خەڵکی زۆر لێ بن، یان ڕێشی تێدەچێ چووبێ بۆ دەرمانخانەکە تا دەرمانێک بۆ شتێکی تایبەتی خۆی بکڕێت. دوای چرکەیەک ئەمیش ڕۆیشت، وەک ئەوەی دایکی کردی، ئەمیش بەنێوان دوو مێزی شتفرۆشتندا بەرەو ڕیزە دوکانەکانی ئەوبەر، کە پێی وا بوو لەوێ دایکی دەبینێ و دەتوانن پێکەوە چاوەڕێ بکەن، ڕۆیشت. ئەگەر لە دەرمانخانەکە بیبینێ ئەوا لە دەرەوە چاوەڕێی دەکا. خایلەی ئەوەی کە لە نزیک دایکییەوە لە ڕیزێکدا ڕابوەستێ و کیسەکانی بۆ هەڵبگرێ، بە لایەوە شتێکی هەر زۆر خۆش بوو. دایکی هەمیشە لەگەڵ

دەق

خەڵکیدا بەخشندە بووە — لەگەڵ خەڵکانی نەدیوونەناس و لەگەڵ دوکاندارەکاندا — خودان جۆرە دڵڕفێنییەک بوو کە وای لە خەڵک دەکرد دڵی خۆیانی بۆ بکەنەوە و وایشی لە میکوێل دەکرد حەز بکا لەو ساتانەدا کاتێک دایک بەدەم کەسێکەوە زەردەخەنەی دێتێ یاخود توانج لە شتێک دەدا، لە تەنیشتییەوە ڕاوەستێ. ئەوە تا ڕادەیەک هەستێک بە شانازیی بە خۆ کردنی تێدا دەخوڵقاند.

دایکی لە ڕیزی بەردەم قەسابخانەکەدا نەبوو، ڕیزەکە درێژ بوو، بڕیاری دا بە جاددەکەدا بەرەو لای مریشکفرۆشییەکە سەرکەوێ، لەو کاتەدا کتوپڕ چاوی بە دایکی لەودیو جامی مەیخانەیەکەوە کە پێشتر قەت سەرنجی نەدابوو، کەوت. ویستی تەقە لە جامەکە بدا و چاوەڕێ بکا تا ئاوڕی بۆ بداتەوە و بزەیەکی بۆ بکا، بەڵام ڕوخساری خاوەن بارەکە ئیستی پێ کرد. میکویل بینی چۆن خاوەن بارەکە چەند پارەیەکی ژمارد و بەرەو لای ڕیزێک بوتڵ، دوور لەوسەری کارمەزەلەکەوە، چوو. پەرداخێکی گەورەی لەو پەرداخانەی کە بۆ ئاو خواردنەوە بەکاردێت، پڕ لە شلەمەنییەکی ڕوون و زەرد، زەرد وەک چای ڕوون یان شێریی ، کرد، دەستی دایێ و بۆ دایکی میکوێلی برد. میکویل مەزەندەی کرد ئەو شلەمەنییە فینۆ یان شەرابی هەرزان یاخود موسکات بێ. میکوێل دایکی بینی پەرداخەکەی وەرگرت و بە دوو قووم چۆڕبڕی کرد، بەرلەوەی چاو وەرگێڕێ، سەرنجی دوو پەرداخی تری بەتاڵی لە نزیکییەوە لەسەر کارمەزەلەکە، لە هەمان ئەو پەرداخانەی کە هەر ئێستا پێی خواردبوونەوە، دا. بە پەلە گەڕایەوە بۆ ئەو جێگەیەی دایکی لێ بەجێهێشتبوو. دەی بەو زووانە لەوێ دایکی ئەمی لێ دەبینییەوە، کوڵم سوورهەڵگەڕاو بە چاوانێکی پڕ لە شادمانییەوە، دەستیان بە کڕینی شمەکەکانی ڕۆژانەیان دەکردەوە.

میکوێل دەیزانی ئەوەی بینیویەتی چییە و تێی دەگەییشت. ئێستا ئیتر دەیزانی دایک بۆچی بە تاقیتەنیا ملی ڕێگەی گرت و ئەمی بەجێهێشت، ئاشکراشە بۆچی دایک ئەوەندە شادمان بووە، نزیکەی بێ غەموخەفەت دەینواند کاتێ کە یەکەمین شمەکی کڕی. هەروەها لەوەش تێگەییشت کە دەمێک لێڵوپێڵ لێی بەئاگا بووە دەمێک کە بۆنی هەناسەی، حولحولێتیی و نائارامییەکەی، هەموو شتێک ئاماژەیان بۆ هەمان ئاراستە دەکرد — بەڵام نەیوێرابوو بگاتە ئەو ئەنجامگیرییە دروستە. ئاخر دایکی پەرداخە شەرابەکەی بە هەمان شێوەی تینوویەک قڵپاندە خۆیەوە، کاتێ بین بە پەرداخێک ئاوەوە دەنێ. دەبێ دوو پەرداخەکەی تریشی بە هەمان پەرۆشییەوە هەڵقوڕاندبن. جگە لەوە چ ڕاڤەیەکی دی بۆ ئەوە نەبوو. لە خایلەی ئەوەدا بوو ئاخۆ دایکی ئەو بڕە خواردنەوەیەی بەسە و دەبێ چەندێک بەو پەرداخە شەراب یان شێری یان نازانم چی و چییانە داسەکنێ، بیری کردەوە ئەدی ئەگەر پێویستی بە خواردنەوەی زیاتر یان بەهێزتر بێت، چیی؟ ئەی باشە تۆ بڵێی باوکی بەمەی زانیبێ، یان جوردی زانیبێتی. پێی وابوو باوکی بەوەی زانیوە، چونکە هەموو شەوێک لەگەڵیدا لەسەر هەمان تەختەخەو ڕادەکشێ، دەزانێ ئەو سەرحاڵیی و شادمانییەی لە کوێوە بۆ دێ. هەڵبەت میکوێل لەو چرکەساتە دڵنیا نەبوو کە دایکی دەستی بە خواردنەوە کردووە: دەشێ لە سەرەتای بازاڕکردنێکدا لە لا سیو بووبێ، بەڵام ئەوە نەدەچووە ئەقڵییەوە. خۆ تەنانەت ئەگەر درێژ بێ و بۆ کاتێکی زۆر لەمەوبەر بگەڕێتەوە، ئەوا شتێکی ئاساییە کە باوکی هیچی لە بارەیەوە بە زاردا نەهاتبێ یاخود

کارێکی لەگەڵ نەکردبێ، بەڵکو لە بری ئەوە وەک یەکێک لە ڕوانگە خۆشەکانی ژیان بە زەینی سپاردبێ.

کاتێ سەوزەواتەکانیان کڕی و لە نانەواخانەکە هاتنە دەرەوە، دایک لەگەڵیدا کەوتە قسان، تێبینیی کرد دایک سەری دوور ڕادەگرێ تا ئەم بۆنی هەناسەی نەکات.

دایک وتی: "کاتێ تۆ بۆ عەسکەری ڕۆیشتیت، وا پێدەچوو هەرگیز نەگەڕێیتەوە، بەڵام لە ڕاستیدا کاتەکە خێرا تێپەڕی. زۆر ناخایەنێ جورددییش دەگەڕێتەوە."

لە بەردەم قەسابخانەکەدا لە ڕیزدا ڕاوەستان، میکوێل لەوێدا پێی وا بوو، دەبوو زووتر دایکی بدۆزیبایەتەوە. ئێستا هەموو شت جیاواز دەبوو ئەگەرچییش جیابوونەوەکەیان تەنها پازدە دەقیقەی بەین بوو. ئێستا ئیدی بە خانەگومانییەکی نوێوە گوێی لە دەنگی دایک ڕادەدێڕا و دەیبینی کە چۆن جووڵەی تێ گەڕاوە. لە فیکرەوە چوو، دەشێ لەو ئەنجامگیرییەیدا ئێجگار پەلەی کردبێ. دەشێ ئەوە یەکەم تاقە خواردنەوەی هەفتەی بێت و پێی داسەکنێت، بیری کردەوە دایک تەواو حەقی خۆیەتی بە پەرۆشەوە تاسەی خواردنەوەی کردبێت، چون لە گوندێکی بێ بار، بێ دوکان و بێ هیچ شتێکدا دەژیا کە جگە لە دراوسێی چاوچنۆک و زستانێکی درێژ، هیچی تری لێ نەبوو.

دایک، ژنی قەسابەکەی دەناسی، زۆر جاران کەروێشکەکانی لەوێ دەفرۆشتن. ئێستا کاتێ بۆی باس کرد جوردی بۆ سەربازی دەڕوا، هەموو ژنەکانی چواردەور کەوتنە ئاخوئۆف، کاتێ ژنی دوکاندارەکە چاوی بە میکوێل کەوت، زەردەخەنەی هاتێ و وتی خۆشبەختانە دایکی، یەکێکی ئاوها باڵابەرز و خورتی ماوە. ئەو ژنە وتی دەکرێ خۆی بە بەختەوەر بزانێ ئەگەر بەو زووانە ژن نەهێنێ. یەکێک لە ژنەکان خۆی هاویشتە نێو وتووێژەکەوە و وتی کیژێکی هاوتەمەنی ئەوی هەیە و گەر بیەوێ ئەوا بۆ خۆیان دەبنە پێڕێکی جوان. میکوێل زەردەخەنەی هاتێ و وتی کاتی بۆ ئەو

جۆرە شتانە نییە، ئێستاش کە جوردی دەڕوا، شت زۆرە دەبێ خۆی بۆیان تەرخان بکات.

کە جوردییان بینییەوە، کڵاوێکی لە سەردا بوو. دەمی بۆ میکوێل کەچ کرد و دەستی خستە سەر شانی. لەگەڵ دایک و باوکیاندا بە لای مێزی شتفرۆشییەکاندا تێپەڕین. لەو ناوە پەنیر و زەیتوون لە بارێکی بچکۆلانەی تەنیشت وێستگەی پاسەکان دەفرۆشرا و لەوێ بوکادیللۆ و ساردییان کڕی.

میکوێل وتی: "وردە وردە دەبێ خۆت لە کڵاوەکە بدزیتەوە."

جوردی وەڵامی دایەوە: "نیازم وایە تا دواییین دەقیقە هەر بە سەرمەوە بێ."

لە بێدەنگییەکدا کەوتنە خواردن کە تەنها بە توانجەکانی باوک دەشکێنران کە لەبارەی شتێکی تایبەتییەوە نەبوون، بەڵکو لە بارەی مشتەریی، ماتڵبوون لە سەرەی دوکانی خۆراکفرۆشییەکان یان نرخی شتە جۆراوجۆرەکان بە نرخی سەرتاشینی شیوعییانەشەوە، بوون. میکوێل هیچ پاساوێکی بۆ وەڵامدانەوە نەدەبینی و سەریشی سوڕما کە جورداییش هەمان هەڵوێستی هەبوو. لە فیکرەوە چوو کاتێ ئەم خۆی دوور بووە، بیری توانجەکانی باوکی کە لە بارەی هەموو شتێکەوە لە نێوان ئاسمان و ئەرزدان، نەکردووە، بەڵام جوردی بە ڕەحم ترە، زیاتر بە دەربەستی خوڵقاندنی هارمۆنییەتەوەیە، میکوێل دەیزانی هەر کە براکەی جێیان دەهێڵێ، ئیتر بیری هەموو شتێکی ئێرە دەکات. میکوێل دەیبینی دایک چۆن بەختەوەرانە لە دەوروبەری خۆی دەنۆڕێ و لێوی بە پەرداخێک ئاو تەڕ دەکا.

پاشان لە یەک هەڵبڕان، دایک بە تەنها ڕۆیشت تا هەندێک شمەکی پێویست بکڕێ و پیاوەکانیش ڕۆیشتن تا مشووری گازۆیل بخۆن و تەماشای مشارێک بکەن کە باوک لە جامخانەی دوکانێکدا بینیبووی. میکوێل دڵنیا بوو باوک پێویستی بە هیچ مشارێکی نوێ نەبوو، بەڵام دەشێ لە هەر شتێکی تر زیاتر، پێویستی بە شتێک بووبێ تا ئێستا خەیاڵی خۆی پێ پەرت بکات. میکوێل سەرنجی باوکی دەدا کە خۆی خواپێداو و شێلگیر پیشان دەدا تا سەرنجی بە ملۆمۆی دوکاندارەکە بە لای خۆیدا ڕاکێشێ و پاشان ببینێ مشارەکەی لە جامخانەکە بۆ دەردێنێ. میکوێل بینی چۆن باوکی داوای پارچە تەختەیەکی کرد تا مشارەکەی پێ تاقی بکاتەوە، باوک ددانبەخۆدانەگرانە ڕاوەستاو و قڵافەتی دارتاشێکی حیسابیی لە خۆگرتبوو تا ئەو کاتەی پارچە تەختەکەی بۆ هێنرا. کاتێ بۆی هات، کەوتە سەر ئەژنۆ و مشارەکەی لەسەر دانا، گرژ و ناوە ناوە تەماشای دوکاندارەکە و پاشان هەردوو کوڕەکەی دەکرد و چ بایەخێکیشی بەو هەندە تەماشاچییە نەدەدا کە لە دەوریان کۆببوونەوە، تا وەک میکوێل مەزەندی دەکرد، بە ئەنقەست وا بنوێنێ کە دەمی مشارەکە هەر زۆر کولە. کاتێ قاییلمەند لەوەی ئەنجامی دابوو، بووەوە، هەستایەوە سەرپێ و ئاردەدارەکەی لە دەستی تەکاند.

کاتێ بە ترومبێلەکە هاتن و دایکیان هەڵگرت، میکوێل و جوردی بازیان دایە خوارەوە تا کارتۆنەکە بهێنن، دایکیان پێی وتن جارێ زەیتەکە ئامادە نییە. وتی لەم هەفتەیەدا بۆیان دەنێردرێت. کاتێ باوک پێشنیاری ئەوەی کرد دەی با لە دوکانێکی تر بیکڕن، دایک وتی نەء، پارەکەی داوە. وتی ئەوە باشترین زەیت و بە هەرزانترین نرخیشە، دوکاندارەکەش بە نەزاکەتەوە بەڵێنی داوە لە ماوەی چەند ڕۆژێکدا بۆیان بنێرێت. میکوێل سەرنجی دا دایکی

خەریک بوو هاوسەنگی لە دەست دەدا، لەو کاتەدا کە قسانی دەکرد، هەر ئێجگار بە وردی ڕوونی دەکردەوە زەیتەکە چۆنە و چۆن نییە. باوکیان، کە ئێستا خەریک بوو لە شار دەردەچوو، وتی دوکانێکی بەبێ زەیت وەک زستانێکی بێ بەفر وایە، ئەوە شتێکی ئاسایی نییە، هەر هیچ ئاسایی نییە. وای وت و لەبەر خۆیەوە دەخەنی.

جوردی دوو ڕۆژی تری مابوو لە لایان بێت. ئەو شەوە کاتێ چوون بۆ ژووری نووستن و لە نێو بێدەنگییەکی هەستیاردا نوێنەکەی خۆی چاک کرد، میکوێل هەموو شتێکی لە زەینیدا تۆمار کرد تا دواتر ئەو شتانە، لە بچووکترین وردەکارییاندا وەبیر خۆی بێنێتەوە — دەرگە کە دادەخرێت کاتێ ئەوان لە ژوورەکەدا بە تەنهان، تەقەتەقی زەوینی ژوورەکە، دابەشکردنی ڕووبەری تەنگەبەری ژوورەکە لە نێوان خۆیاندا بە جۆرێک کاتێک جلیان دادەکەند و خۆیان دەگۆڕی، مەزاحیمی یەکتر نەبن، سێبەرە لێڵەکانیان لەسەر دیوارەکە. میکوێل سەرنجی دا، وەک ئەوەی یەکەم جار بێ ئەوە ببینێ، جوردی لەم خاووخلیچکترە، بەڵام ئەو لەم بە ئەتەکێت تریش بوو، زۆر وردتر بوو لە قەدکردنی جلکەکانیدا، بیجامەکەی بە جوانی و قەدکراوی دەخستە ژێر باڵشتەکەیەوە. لە سەربازیدا، لەو هۆڵە درێژانەی نووستن و لە مۆڵگەیەکی گەورەدا، خووی لەو جۆرە، بە هاسانی دەبێتە بابەتێک بۆ سەرکردنە سەر و پێڕابواردن. میکوێل سەرنجی جوردیی دەدا کاتێ کە پشتی لێی بوو، بە هێوری بلوسەکەی دادەکەند و لە سەر بیرۆکە بۆ بەیانی دایدەنا. میکوێل وا ڕاهاتبوو کە بەر لە براکەی دەچووە جێگەوە. ورد بوو لەوەدا کە ڕێک تەماشای جوردی نەکات لە کاتێکدا خۆی دادەکەند و بیجامەی لەبەردەکرد. لەبری ئەوە دەستی دەنایە پشت سەر و لە بنمیچەکە ورد دەبۆوە، تا ڕادەیەک باوکی ئاسا توانجی لەبارەی هەموو شتێک لەنێوان ئاسمان و ئەرزدا دەدا، جاروبار لاسایی بۆڵەبۆڵکردنە ڕۆژانەییە بێغەرەزەکانی باوکی، بۆ دڵخۆشکردن و زەندەقبردنی جوردی، دەکردەوە.

ئەو ژیانە خێزانییە وا لە کۆتایی نزیک دەبۆوە. جوردی دوای تەواوکردنی خزمەتی سەربازییەکەی، لە وادەی خۆیدا دەگەڕایەوە، بەڵام دوای ئەوە دەبوو دەسبەجێ بکەوێتە شوێن دۆزینەوەی ئیش و ژیانی تایبەتیی خۆی دەست پێ بکا. خانوو و زەوییەکە دەبێتە هیی میکوێل بە هەمان ئەو شێوەیەی کە باوکی، خانوو و باخچەکەی لە باپیرییەوە بۆ مابۆوە. چیدی شەوانی وەک ئەم شەوانە نایەنەوە. لە فیکرەوە چوو، دەشێت خەڵکانێک هەبن، دڵیان بەو جۆرە گۆڕانکارییانە خۆش بێت، وەک پەرۆشیی بۆ شەوی زاوایەتی، بۆ هەموو شتێکی تازە، بۆ جیابوونەوە، بۆ گواستنەوە بۆ ماڵێکی تازە و بۆ بڕیاری گەورە. دەبێ کاتی خۆی دایکی، لە گوندەکەی ئەوبەری چیا، شەو ڕاکشابێ و زانیبێتی کە ئەوە دواین شەوێتی لەوێ. دەبێ باوکی یەک لە دوای یەک براکانی بینیبن کە ڕۆیشتوون و ماڵیان جێهێشتووە. میکوێل دەیزانی ئەم خۆی ئەو گۆڕانکارییانەی پێ خۆش نییە، میکوێل حەزی دەکرد هەموو شتێک وەک خۆی بێت. کاتێک بیری لەو شتانە دەکردەوە و لە دەرەنجامەکانیان ڕادەما، ئیدی جوردی خەوی لێ کەوتبوو. میکوێل لە بەرامبەریدا ڕووخسارە سپییە پاقیژەکەی و قژە ڕەشەکەی دەبینی کە تا نزیک پێستە سەری تاشرابوو، گوێی لە هەناسەدانە هێمنەکەی ڕادێرا، بە شێوەیەک کە تا ڕادەیەک حەزی دەکرد دەستی لێ بدات، نزیکی بێتەوە و بۆ ساتێک بە سۆزەوە دەست بنێتە سەر ڕوخساری.

ڕۆژی دواتر دایک هەموو ڕۆژەکە بە ئامادەکردنی فراوینێکی گەورەوە بۆیان سەرقاڵ بوو، کەروێشک و گێزەر و پیازی بە ترش و خوێ تامدراو، کە جوردی

حەزی لێ دەکرد بۆ پێشژەم، بۆ لێنان و قازی بە فڕن برژاویش بۆ ژەمی سەرەکی. میکوێل دەچووە موبەق و دەهاتە دەرەوە، بە لای دایکیدا تێدەپەڕی کاتێ خەریکی ئامادەکردنی ژەمەکان بوو، چاوی دەگێڕا بەشکم بتوانێت بوتڵێک لە پاڵ قوڵکەی چێشتلێناکە یان پەرداخێک شەراب یاخود کۆنیاک لە نزیکییەوە ببینێت، بەڵام هیچی بەرچاو نەکەوت.

ئەو ئێوارەیە دایک سفرەیەکی سپی بەسەر مێزە کۆنە جوانەکەدا ڕاخست و بە جۆرێک خوانەکەی ڕازاندەوە وەک ئەوەی براکەی و دشەکەی لە گوندی پالووسای بەری ئەوبەری چیاوە بۆ سەردانیان بێن، یاخود یەکێک لە شووبراکانی لە لێریداوە هاتبێ. ئێوارەیەکی درەنگ میکوێل تێبینی کرد بوتڵێک شەرابی سپی هەڵپچڕاوە، پێی وا بوو دایکی بۆ چێشتلێنانەکە پێویستی پێی بووە، بەڵام ئێستا کە بە دوایدا گەڕا، بینی دیار نەماوە.

دایک پرچی شانە کرد و جلکی پاکی لەبەرکرد، باوکیش قاتەکەی و کراسێکی سپی پۆشی. میکوێل وای بە خەیاڵدا هات ڕەوشەکە سادەتر دەبوو ئەگەر یەکێک یان دوان لە هاوسێکان سەرێکیان کێشابایە ژوورێ یاخود فەرموو کرابان نانیان لەگەڵ بخۆن. بەڵام لە ماوەی ساڵاندا شتی ئێجگار زۆر لە گوند ڕوویاندابوو کە نەدەکرا ئەو خەیاڵەی میکوێل بە ڕاست بگەڕێ. گەرچی هەموو هاوسێکان دەیانزانی چ ڕۆژێک جوردی سەفەر دەکا، بەڵام کەسیان خۆیان لێ بە خاوەن نەدەکرد، ئەوە بە هۆی ئەو قوڕوقەپییە قورسەوە بوو کە دوای شەڕەقسە لەنێوان باوکی و هاوسێکانیاندا لە سەر ئاو، باڵی کێشابوو. دەبوو ئەمان بە تەنها نان بخۆن.

میکوێل لەم جۆرە ئێوارانەدا باوک و دایکی گەنج دەبینین: باوک بە مشور و شادمان دەینواند کاتێ مۆمەکانی دادەگیرساند و خواردنی دابەش دەکرد و شەرابی تێ دەکرد، دایک هەستی دەکرد ئازادە قسان لە بارەی دایکیی و ئەو چێشتەوە کە لە بۆنە جیاوازەکاندا لێی دەنێ و هەموو ئەو شتانەی کە لە بارەی چێشتەکەیەوە دەگوترێن و لە بارەی ئاهەنگەکانی کۆنە گوند و هاوسێکانی ئەوێیانەوە، بکات. دایک هەموو ئەو قسانەی بە تەرزێکی خۆپارێزانە دەگوتن، بەبێ ئەوەی هیچ ئاماژەیەکی ڕەخنەگرانە بەو ژیانە بدا کە لێرە دەژیا، ژیانێک کە حەزیان دەکرد لە هەر چەشنە ژیانێکی تری ڕابردوویان، خۆیانی لێ بدزنەوە.

داریوش شایگان؛ فەیلەسووفی فەرامۆشکراو

"داریوش شایگان... فەیلەسووفی فەرامۆشکراو" ناونیشانی کتێبێکی نووسەر و بیرمەندی عیراقی "د.عەبدولجەبار ئەلرەفاعی"یە، "عەبدوڵلا تاهیر بەرزنجی" کردوویەتی بە کوردی.

لە ژمارەی داهاتووەوە ئەم کتێبە بە زنجیرە لە "گەلاوێژی نوێ"دا بڵاودەبێتەوە.

وەرگێڕان؛ خەسارناسی و مێژوو

سازدانی: ڕەزا عەلی پوور

ڕەنگە ئۆکتاڤیو پاز کاتێک کە وتی: «جیهانی ئەمڕۆی ئێمە جیهانی وەرگێڕانە، ئێمە تا بینەقاقا لە وەرگێڕاندا نوقمین.» بەو وتەیەوە سەلماندبێتی کە بەشێک لە چییەتیی جیهانی ئەمڕۆی درک کردووە. جیهانی وەرگێڕان و وەرگێڕان چییە و وەرگێڕ ئەبێ خاوەنی چ تایبەتمەندییەک بێت و...؟
ڕەنگە نەکرێ بۆ ئەم پرسیارانە وڵامی بنبڕ و کۆتایی دەستەبەر بکرێت، بەڵام وەرگێڕانناسی لەم پرسیارە ساکارانەوە دەست پێدەکا و دواتر بە شێوەگەلی جیاواز دەقی وەرگێڕدراو هەڵدەسەنگێنێ، بەراورد و تاووتوێی دەکا.

مێژگرد

لەم مێژگردەدا وێڕای ئەوەی باس لەو پرسیار و بابەتانە دەکرێ هەوڵ دراوە لە گۆشەنیگای جیاوازەوە باس لە مێژوو، زەروورەتی وەرگێڕان و چەشنەکانی وەرگێڕان بە تایبەت وەرگێڕانی دەقی ئەدەبی و فیکری بۆ سەر زمانی کوردی بکرێت، هەروەها بە شێوەیەکی گشتیش خەسارناسیی دۆخی وەرگێڕان لە زمانی کوردیدا کراوە.

بەشداربووانی ئەم مێژگردە بریتین لە:

1_ ئومید وەرزەندە؛ دکتورای ئەدەبی ئینگلیزی.

2_ محەمەد مەحموودی؛ وەرگێڕ و نووسەر.

3_ ڕەزا شەجیعی؛ وەرگێڕ و توێژەر.

***وەک دەزانین لە ئێستادا «وەرگێڕانناسی» وەک لە ناوەکەشییەوە دەردەکەوێ خۆی بە توێژینەوە و لێکدانەوەی وەرگێڕانەوە خەریک دەکا و جێگەیەکی دیاری هەیە، ئەکرێ باسەکەی ئێمەش جۆرێک وەرگێڕانناسی بێت، بۆ سەرەتای باسەکەمان رەنگە پێویست بێت «وەرگێڕان» پێناسە بکەین، پێویستە بوترێ ئەوەی لێرەدا مەبەستە ئەگەر وەرگێڕان وەک «یاکۆبسێن» باسی کردووە لە سێ بەشدا ببینین واتە وەرگێڕانی ناو زمانی، نێوان زمانی (لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی دیکە) و نێوان نیشانەیی، ئێمە وەرگێڕانی نێوان زمانیمان مەبەستە، واتە وەرگێڕان لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی دیکە.**

وەرزەندە: وەرگێڕان، رەنگە یەکێک لە کۆنترین شێوە و ئیمکانەکانی بەردەمی مرۆڤ بێت، بۆ ئەوەی پێوەندی بگرێت و لە مرۆڤەکانی دیکە تێبگات. ئەگەر لە نیگایەکی ئوستوورەییەوە بڕوانین، دەبینرێ لانیکەم مێژووی وەرگێڕان دەگەڕێتەوە بۆ «برجی بابل» کە لەوێوە هەوڵدان بووە بۆ لێک تێگەیشتن. بە واتایەک وەرگێڕان یانی گواستنەوەی مانا و شێواز و ستایل و رۆح و تۆنی دەقێک لەزمانی سەرچاوەوە بۆ زمانی مەبەست. سەبارەت بە ئەم گواستنەوەیە، پسپۆڕان و بیردارێژانی وەرگێڕان دەڵێن تایبەتمەندییەک کەسی گوێزەرەوە، یان وەرگێڕ ئەبێ بیبێت ئەوەیە کە زانستی زمانی ببێ، لێرەوە و بە جەختکردن لە سەر ئەم رەهەندە کەسانێ وەرگێڕان بە زانست دەزانن، کەسانێکی دیکە وەرگێڕان بە تەکنیک و هەندێکەسی دیکەش بە هونەری دەزانن. جیاکردنەوەی ئەمانە رەنگە سەخڵەت بێت و نەکرێ بە تەنیا بوترێ وەرگێڕان زانست، تەکنیک، یان هونەرە، بەڵام ئەکرێ بڵێین وەرگێڕان ئاوێتەیە کە لەم سێ مانا و چەمکە، ئەو بەشەی کە دەستی وەرگێڕ دەگرێت کە بە لاڕێدا نەڕوات و بتوانێ لە زمانی دەقەکە و وەرگێڕدراوەکەی تێبگات و هەروەها سترەکتۆر، سینتاکس و فیلۆلۆژی و... بناسێت ئەم بەشە هەڵدەگەڕێتەوە بۆ زمانزانی و زانستی زماننناسانەی وەرگێڕ، هەندێ کەسی دیکە وەرگێڕان بە هونەر دەزانن، ئەمە زیاتر لە دەقە ئەدەبی و داهێنەرانەکاندا خۆی دەردەخا، کە بەڵگەشیان بۆ هونەر بوونی وەرگێڕان چەند شتێکە وەک ئەوەی دەڵێن ئەندێشە و بیرێکی تاک ئەکرێ بە شێوەگەلی جیاواز بەرهەم بێتەوە و دەربڕدرێ، جگە لەوەش هەندێ تایبەتمەندی کە وەرگێڕ لە کاتی گواستنەوەی دەقێک بەرەوڕووی دەبێتەوە وەک جوانیناسی و... پێویستی بە کاری داهێنەرانەی وەرگێڕ هەیە. ئەوانەش کە وەرگێڕان بە تەکنیک دەزانن، دەڵێن تۆ وەک وەرگێڕ چەنێک شارەزاییت ببێت و خۆت ماندوو کردبێت لەم بوارەدا، باشتر وەردەگێڕی. بەڵام وەک وتم و رەنگە زیاتر دەرکەوتبێت، وەرگێڕان ئاوێتەیە کە لەمانە؛ بۆ نموونە بە زانستی زماننناسانەوە، وەرگێڕ لە پرۆسەی وەرگێڕاندا دەست دەکات بە کردنەوەی کۆد

(Code) و ڕەمزەکانی دەق، لە قۆناغی یەکەمدا وەرگێڕ کۆد و ڕەمزەکان دەکاتەوە؛ یانی زمان دەشێوێنێ، لە قۆناغی دووەمدا کە ئەیگوازێتەوە بۆ زمانی مەبەست، دیسان کۆد و ڕەمز دادەنێتەوە، ئەم کۆد و ڕەمزدانانە بۆ ئەوەیە ستڕەکتۆر و سینتاکسێکی دیکە لە زمانی مەبەستدا بخولقێنێ. وەرگێڕ بەبێ زانستی زمانناسانە ناتوانێ وەرگێڕان بکات کە ئەم زانستەش بریتییە لە گوتار، فیلولۆژی و گرامێر، سەبارەت بە هونەری بوونی وەرگێڕان، دیارە زیاتر لە وەرگێڕانی دەقی ئەدەبیدا ئەمە خۆی دەردەخات کە وەرگێڕ جارێکیتر دەبێ دەقەکە دابڕێژێتەوە کە خۆی داهێنانێکە، چونکوو لەو دەقانەدا تەنیا مانا و پەیام نییە کە دەگوازرێتەوە؛ لەحن و لایەنی جوانیناسانە و زۆر شتی دیکە گرنگن کە گواستنەوە و بەرهەمهێنانەوەیان لە زمانی مەبەستدا، بە ڕوانینێکی داهێنەرانە و هونەرییەوە سەر ئەگرێت.

شەجیعی: بە شێوەیەکی گشتی ئەکرێ دوو ڕوانگە بۆ پێناسەکردنی وەرگێڕان بدۆزینەوە؛ یەکیان ڕوانگەیەکی داخراوە و وەرگێڕان بە لایەوە گواستنەوەی پەیامێکە بۆ زمانێکی دیکە. ئەم پێناسەیە بووە بە بونیادی هەندێ تیۆری کە دواتر باسی دەکەین. ڕوانگەیەکی کراوە تریش هەیە پێی وایە وەرگێڕان نەک تەنیا گواستنەوەی پەیامێکە لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی دیکە، بەڵکوو گواستنەوەی کۆمەڵگەلێکی (مجموعە) دەلالەتمەندە. لەم ڕوانگە کراوەیەدا ئەو کۆمەڵە دەلالەتییە هەم پەیامی تێدایە و هەم کۆمەڵێک شتی دیکە کە تەنیا پەیام نین. لە سەر ئەساسی هەرکام لەو دوو ڕوانگەیەوە بڕوانین، تێدەگەین وەرگێڕ لە نێوان لەمپەڕەکانی زمانی دەسپێک و زمانی مەبەستدا ئەبێ زمانێکی چەشنی و تایبەت بدۆزێتەوە و هاوکات بتوانێ زمانێک کە لە خودی بەرهەمەکەدایە ئازاد بکات، لە ڕوانگەی یەکەمدا واتە ڕوانگەی داخراو، ئەگەر وەرگێڕان بوونی هەیە لەبەر ئەوەیە کە مرۆڤەکان باوەڕیان بەوەیە چەشناوچەشنیی زمانی هەیە کە ئەم ڕوانگەیە ئەمە بە خەسار دەزانێ. لە سەر ئەم ئەساسە پێی وایە کە وەرگێڕان گۆڕینەوەی پەیامە و لە کۆتاییدا ئەمەش ناومکینە. لە بن بونیادی ئەم ڕوانینەدا وەرگێڕان دەبێ لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی دیکە بە تەواوی و بەبێ کەموزیاد بکرێت و لەبەر ئەوەی جەخت دەکاتە سەر پەیام و ئەڵێ ئەبێ پەیام دەقاودەق وەک خۆی بگوێزرێتەوە، لێرەوە کۆمەڵێک چەمک سەرهەڵدەدەن وەک ئەمانەت و خەیانەت. ئەم ڕوانگەیە کێشەی لەگەڵ نسبییەتی زمانیدا هەیە، وەک دەزانین هەر زمانێک وێنەیەکی ناتەواو و جیاوازی لە واقیع و جیهانی دەرەوە هەیە و بە پێی ئەو دابڕانەش کە لە واقیع بوویەتی ستڕەکتۆری خۆی داڕشتووە کە ئەمە لە زمانە جیاوازەکاندا جیاوازە، خودی ئەمە سەلمێنەری ئەو نایەکانگیرییەیە کە زمان لەگەڵ واقیعدا هەیەتی، سەبارەت بە دوو زمانیش هەر ئەم ڕاستییە دەردەکەوێ. بۆیە کەسانێ پێیان وایە وەرگێڕان بە تەواوی ئیمکانی نییە. بەڵام ئەم ڕوانگەیە تەنیا ڕەهەندێکی تیۆرێکی هەیە لەبەر ئەوەی وەرگێڕان کراوە و ئەکرێت و مرۆڤیش پێویستی بە وەرگێڕان هەیە، کە لە سێ دەڤەردا دەبینرێ، یەکیان وەرگێڕانی هاوکاتە کە زیاتر لە دانوستانە سیاسییەکاندا کەسێک قسەکان هاوکات وەردەگێڕێ، یەکێکی تر، وەرگێڕانی ئەدەبییە و سێهەمیش وەرگێڕانی زانستمان هەیە. ئەو ڕوانگەیە کە جەخت لە سەر گواستنەوەی پەیام دەکا، گرنگی نادات بە هەندێ خاڵی وەک مانای دەلالەتی و مانای پاڵەکی، هەروەها ئاوڕیش ناداتەوە لە ئاستە سازەییەکانی زمان کە لە هەر زمانێکدا ئەم ئاستانە جیاوازە وەک ئاستەکانی دەنگ، هاونشینی و جێنشینی و ستڕەکتۆر و گرامێری زمان، ئاوڕدانەوە و تێگەیشتن لەمەش پێویستی بە زانستێک هەیە کە پێی دەوترێ «تەحلیلی تەقابولی» کە بەداخەوە لە لای ئێمەی کورد زانستێکی غایبە و

لە باسی زمانناسی و وەرگێڕاندا ئاوڕمان لێ نەداوەتەوە. لە روانگەی دووهەمەوە ئەبینین کە "وەرگێڕان هەڵگری"ـی زمان خسڵەتێکی دیکەی هەموو زمانەکانە، داکۆکیکردن لەسەر ئەم بۆچوونە دەمانگەیەنێتە سەر ئەو رایە کە هیچ "یەکە"یەک لە زماندا نییە نەکرێ وەربگێڕدرێت بۆ زمانێکی دیکە، ئەمەش سەرەرای جیاوازیی زمانەکان. لەم روانگەوە چەشناوچەشنیی زمان و سەرگرتنی وەرگێڕان نیشاندەری ئەوەیە کە سەرمایە، یان سندووقێکی هاوبەش لە پشت هەموو زمانەکانەوە هەیە کە وەرگێڕ بۆ وەرگێڕان دەبێ ئەو سندووقە بدۆزێتەوە.

کۆزاد: ئەگەر بمانەوێ باسی وەرگێڕان لە چوارچێوەی زماندا بکەین، تێدەگەین هەمیشە کردەی زەین بەو جۆرەیە هەست و حاڵەتەکان لە شێوەگەلی جیاوازەوە، ئەگوازێتەوە و ئەیانکات بە زمان، کە ئەم میکانیزم و گۆڕانکارییانە جۆرێکە لە وەرگێڕان. ئەگەر باس لە خودی زمان بکەین، ئەزانین زمان بۆ ئەوەیە کە هەست و حاڵەت و عاتیفە و ئەندیشەی کەسەکان دەربڕێ، واتە خودی زمان دەربڕی ئەو ئەندێشە و هەست و حاڵەتانەیە لە مرۆڤێکەوە بۆ مرۆڤێکی دیکە، ئەگەر ئەم زمانە لە نێوان کەسەکاندا یەکێک بێت و هاوبەش بێت گرفتێکی وەها نییە، بەڵام کە دوو زمانی جیاواز لە ئارادا بێت لێرەدا وەرگێڕان زەروورەت پەیدا دەکات، وەرگێڕان ئەوکات خۆی وەک پێویستییەک دەردەخا کە باسی پێوەندیگرتن لە نێوان دوو کەس یان دوو زماندا بەرجەستە دەبێتەوە. ئەگەر نەمەوێ باسی ئەو تیۆرییانە بکەم کە زیاتر لە دەیەی 1980 بەم لاوە لە سەر وەرگێڕان باسیان کردووە، ئەتوانم بڵێم بەگشتی بە پێی تەجرەبە و ئاگاداریم لەو تیۆرییانە، وەرگێڕان زیاتر لە دوو شێوەی زۆر گشتیدا خۆی دەردەخا، یەکیان لە حاڵەتی شەفاهی (سەرزارەکی)دا خۆی دەنوێنێ کە دوو مرۆڤ بە دوو زمانی جیاوازەوە دەیانەوێ سەبارەت بە کۆمەڵێک شتی رۆژانە یان لە پێشانگەیەک لە سەر بەرهەمێکی هونەری و... باس بکەن کە لێرەدا وەرگێڕانی شەفاهیمان هەیە، ئەمە تەنیا لە دیدار و گفتوگۆ سیاسییەکاندا خۆی نانوێنێ و ئەکرێ بەربڵاوتر بێت، هەروەها شێوەی دووەم کە وەرگێڕانی نووسراوەیە خۆی دەبێتە دوو دەستەی گشتی، یەکیان وەرگێڕانی دەقگەلی زانستین کە لێرەدا زیاتر مانا گرنگە هەڵبەت بەو مەرجەی ئەو دەقانە "کەلامی" نەبن. لەو دەقانەدا خودی زمان وەک ئامرازێکە بۆ گەیاندنی پەیام و مانا. کاتێک وەرگێڕێک دەیەوێ دەقێکی زانستی وەربگێڕی گرنگترین شت بەلایەوە گواستنەوەی مانای زاراوەکان و مانایە، بەڵام دەستەی دووەم وەرگێڕانی دەقگەلێکی هونەری و ئەدەبین کە کاری وەرگێڕ تەنیا گواستنەوەی مانا نییە، بەڵکو گواستنەوە و وەرگێڕانی هەموو ئەو هەست و حاڵەتانەیە کە لە دەقی زمانی سەرچاوەدا هەیە، لەم حاڵەتەدا وەرگێڕ تەنیا لەگەڵ مانا و مانای زماندا بەرەوڕوو نابێ بەڵکو لە سەمبول و ئیدیۆمەوە تا زۆر شتی دیکە گرنگیی خۆیان هەیە. لێرەدا وەرگێڕ دەبێ بەو پەڕی ئەمانەتدارییەوە هاوسەنگییەک لەنێوان دەقی سەرەکی و وەرگێڕدراودا ساز بکات، دیارە ئەمەش نەک بەو مانایە کە بێت و دەقاودەق و بە شێوەی لەفزی هەموو شتێک وەربگێڕێت.

***ئەگەر باسەکان بەرتەسک بکەینەوە بۆ وەرگێڕانی دەقی داهێنەرانەی ئەدەبی و دەقی زانستە مرۆییەکان بە تایبەت ئەو دەقانەی بە شێوەی داهێنەرانە خولقاون، بەرای ئێوە ئەو میتۆدانەی کە بۆ وەرگێڕانی دەقی ئەدەبی و فیکری و فەلسەفی لە کارکراوە و ئەکرێ، خاوەنی چ**

تایبەتمەندیگەلێکن و بە گشتی لەو پرۆسەیدا کە ئەو دەقانەی تیا دەگوازرێتەوە زیاتر چ میکانیزمگەلێک لە گەڕدایە؟

کۆزاد: ئەوەی پێوەندیی بە دەقی ئەدەبییەوە هەبێت، دیارە دەبێ سترەکتۆرە زمانییەکان، شێواز و ئەو تایبەتمەندییانەی کە دەق هەیەتی بە شێوەی جیاواز وەربگێڕدرێت. وەرگێڕ بە چ شێوە و میتۆدێک هەڵدەستێ ئازادە بەڵام لە ئەنجامدا دەبێ بەو هاوسەنگییەی کە پێویستیی وەرگێڕانە بگات، وەرگێڕ پێویستە هۆشیاری ئەوە بێت کە ئەو فورم و میتۆدەی هەڵیدەبژێرێ بتوانێ بە باشترین شێوە بۆ وەرگێڕانی دەقەکە بشێ و بە کەڵکهاتوو بێت. وەرگێڕانی ئەدەبی پێوەندیی بە سەر چەند فاکتۆرەوە هەیە وەک سەلیقەی وەرگێڕ، زمانزانی و زماننناسی و ناسینی کولتووری دەقی دەسپێک و... کاتێک دەقێکی ئەدەبی وەردەگێڕدرێت هەموو شتێک دەکرێتەوە بە مەوادی خاو، یانی رەمز و کۆدەکان دەکرێنەوە و هەموو ئەو تایبەتمەندییانەی لە ناو دەقدا هەیە دەبن بە مەوادی خاو و جارێکی دیکە دادەڕێژرێنەوە، دیارە ئەمەش لێهاتوویی و لێزانیی پێویستە، ئەمە سەبارەت بە دەقی ئەدەبی.

***یانی ئێوە بڕواتان بە "سەر لە نوێ بەرهەمهێنان" و ئافراندنەوەی دەقی ئەدەبی هەیە لە زمانی مەبەستدا؟**

کۆزاد: بەڵێ، من پێم وایە بۆ دەقی ئەدەبی پێویستە ئەو ئافراندنەوەیە سەر بگرێت. بۆ دەقگەلی فیکری و فەلسەفیش ئەتوانم بڵێم گواستنەوەی مانا گرنگترین مەسەلەیە، واتە هەر ئەو شتەی کە دەق دەیڵێت ئەبێ بە تەواوی وەربگێڕدرێت، ئیتر ئەمە خودی وەرگێڕە میتۆد و شێوەی کاری خۆی هەڵدەبژێرێ. وەرگێڕ ئەبێ ئەو چەمک و مانایانە لە زەینی خۆیدا شیبکاتەوەو بیانکات بە مەوادی خاو و لە سترەکتۆری زمانی مەبەستدا دایانبڕێژێ، ئەمەش لەبەر ئەوەی سترەکتۆری زمانەکان لێک جیاوازن، واتە هەموو ئەو شتانەی کە لە دەقی سەرچاوەدا هەیە لە دەقی وەرگێڕدراویشدا ببێ، چەندە ئەم دوو دەقە لە یەکتر نزیک بن وەرگێڕان سەرکەوتووترە.

وەرزندە: پێش ئەوەی بێمە سەر وڵامی پرسیارەکە ئەمەوێ تێبینییەکم ببێ لەسەر وەرگێڕانی شەفاهی و نووسراو، راستە وەرگێڕانی هاوکات زیاتر بۆ ئەو دیدارە سیاسییانەیەکە بۆ نموونە دوو کەسی سیاسەتمەدار پێکەوە دیدار دەکەن و وەرگێڕێک دەبێ هاوکات، بە وردبینییەکی تەواوەوە قسەکانیان وەربگێڕێ کە بە وەرگێڕانی هاوکات دەناسرێ، ئەمە بەشێکە لە وەرگێڕانی شەفاهی. وەرگێڕانی شەفاهییش هەیە بۆ نموونە کەسێک دەڕواتە پیشانگەیەک کە زمانی ئەو شوێنە نازانێ و کەسێتر ئەیەوێ تێیگەیەنێ کە ئەمە وەرگێڕانی شەفاهییە و لە کۆمەڵێک ئیمکانی دیکە وەک تەکان‌دانی دەست و جەستەش کەڵک وەردەگیرێ و لێرەدا وەرگێڕ دەرفەتی زیاتری هەیە، بەڵام لە وەرگێڕانی هاوکاتدا کەمترین دەرفەت هەیە جگە لەوەش ئێقتسادی وشە و خێرایی وەرگێڕان گرنگە، ئەبێ هاوسەنگییەکیش ساز ببێ لە نێوان قسەیەک کە دەکرێ و قسەیەک کە وەردەگێڕدرێ. سەبارەت بە وەرگێڕانی ئەدەبیش دیارە باسگەلێکی جیاواز کراوەو میتۆدی جیاواز لەبەر چاو گیراوە کە هیچ کام لەو میتۆدانە هەموان لەسەری کۆک نین. جگە لەوەش هەندێجار دەقێکی ئەدەبی کە بە میتۆدێکەوە وەرگێڕدراوە و وەرگێڕانێکی سەرکەوتووی لێکەوتووەتەوە، نەکراوە هەمان میتۆد بۆ دەقێکی ئەدەبیی دیکە سەرکەوتن بەدەست بهێنێ. کەسانێک پێیانوایە گرنگ نییە کەچی بکرێت یان چی نەکرێت، ئەمە لە لایەکەوە راستە و ناکرێ حوکمی ئایدیۆلۆژیک بدەین. بۆنموونە لە سەرەتای وەرگێڕاندا کە زیاتر لە کتێبە پیرۆزەکانەوە دەستی پێکرد، واعیز و وەرگێڕەکان

مێژگرد

ئەخلاقی وەرگێڕانیان بۆ گرنگ بوو، پێش ئەوەی تەکنیک و تاکتیکی وەرگێڕان یان بۆ گرنگ بێت گرنگییان بەم ئەخلاقە دەدا کە "وەرگێڕ نابێ ئەمە بکات یان ئەبێ ئەوە بکات، نابێ وەرگێڕ، کەم و زیاد بکات، نابێ هاوسەنگە کولتوورییەکان لە زمانی مەبەستدا بدۆزێتەوەو..." ئەمەش رەنگە لەبەر پیرۆز بوونی ئەو دەقانە و بە تایبەت کتێبی ئینجیل بووبێت.

بە رای من لە باتیی ئەوەی بپرسین وەرگێڕ ئەبێ چی بکات یان چی نەکات وا باشترە بپرسین ئەبێ چیی ببێت و خاوەنی چ تایبەتمەندییەک بێت کە ئەمە خۆی لە پێش مەرجەکانی وەرگێڕبوونە؛ دیارە بۆ وەرگێڕ پێش هەموو شتێک زانینی هەر دوو زمان؛ واتە زمانی مەبەست و دەسپێک پێویستە. ئەم زمان زانینەش تەنیا بە مانای توانایی خوێندن و نووسین بەو دوو زمانە نییە، دیارە هەر زمانێک کۆمەڵێک کون و قوژبن و شوێنی دوورەدەستی هەیە کە وەرگێڕ پێویستە ئەو زەرفییەت و توانایی و نەتواناییانەی لە هەر دوو زمانەکەدا هەیە بناسێ، خاڵێکی دیکە بۆ وەرگێڕ و بە تایبەت بۆ وەرگێڕی دەقی ئەدەبی ناسینی هەردوو کولتوورەکەیە، دەکرێ وەرگێڕ یان لە هەر دوو کولتوورەکەدا ژیابێت یان ئاگاداریی خوێندنەوەیی باشی لێیان ببێت، بۆ نموونە بەرای من کەسێک کە کولتووری ئیرلەند نەناسێ ناتوانێ یولیسێسی جۆیس وەربگێڕێت، دیارە مەبەست لەوەی کە ئەڵێم ناتوانێ ئەوەیە کە ناتوانێ بە باشی و سەرکەوتووانە وەریبگێڕێت. حەز دەکەم نموونەیەک بهێنمەوە کە «یوجین نایدا» وەک سەرپەرشتکاری وەرگێڕانی کتێبی پیرۆز بۆ هەموو زمانەکان، دەیگێڕێتەوە. نایدا دەڵێ کاتێک دەیانویست ئینجیل بۆ سەر زمانێکی ئەفریقایی وەربگێڕن لە بەشێکی ئینجیلدا باس لەوە دەکرێ کاتێک مەسیح لە شوێنێکەوە دەچوو بۆ شوێنێکی دیکە خەڵکێک چاوەڕوانی بوون و بەسەر رێگەکەیدا گەڵای وشکیان رژاندبوو، ئەمەش هەر وەک خۆی وەرگێڕدرا بوو، لەوێدا بۆنیشانەی ئیحترام و رێزگرتن ئەو گەڵایە رژاوە، بەڵام لەو زمانە ئەفریقاییەدا هەڵڕشتنی گەڵای وشک بە سەر رێگەی کەسێکدا بارێکی مەنفی و تابۆی هەیە و نیشانەی ئیهانەکردنە. خودی ئەمە پێویستیی ناسینی کولتوورەکان دەردەخا و من بۆ وەرگێڕی دەقگەلی ئەدەبی بە تایبەتی بەزەروورەتی دەزانم.

مەرجێکی دیکە بەرای من زاڵبوونە بەسەر خودی بابەتەکەدا. بۆ نموونە کاتێک وەرگێڕ دەقی فەیلەسووفێک وەردەگێڕێ ئەبێ ئاگەداری چوارچێوە و میتۆدی ئەو فەیلەسووفە ببێت و بزانێ سەر بە کام سوننەتی فەلسەفییە و لەگەڵ خودی دەقەکەشدا نزیکایەتیی ببێ و بەسەریدا زاڵ ببێت. دیارە ئەمەش دواجار کارێک دەکات کە کەسێک نەیەت و دەست ببات بۆ وەرگێڕانی دەقگەلێکی لێک جیاواز و تەنانەت دوور لەیەک، بۆ نموونە لە رۆژئاوادا وەرگێڕە سەرکەوتووەکان ئەوانە نین کە لە هەموو سوننەتێکی فەلسەفی دەق وەردەگێڕن، بەڵکوو ئەوانەن کە لە سوننەتێکی تایبەت و لەوێدا دەقی کەسان یان تەنانەت کەسێکی تایبەت وەردەگێڕن. دیارە ئەو وردبینی و هەستیارییەی وەرگێڕانی دەقێکی ئەدەبی پێویستیەتی لە دەقێکی مێژووییدا نییە لە دەقی ئەدەبی و بەتایبەت شیعر، لەسەر خودی وشە و ئاهەنگ و ریتمی رستە و... حەساسییەتی زۆر پێویستە کە دواجار لە زمانی مەبەستدا هەموو ئەم رەهەندانە ئەبێ بتوانن هەم وەرگێڕدراوێکی نزیکەودەق بن و هەم خۆیشیان پێکەوە لە هاوئاهەنگیدا بن ئەمەشە کە وەرگێڕانی دەقی ئەدەبی

دەکات بە هونەر و ئافراندن. دیارە منیش لەگەڵ ئەو هاوسەنگییەدام کە پێی دەوترێ «Diciolition» ئەمەش یانی تۆ ناکرێ لە زمانی سەرەتا و دەقی سەرەتا زۆر دوور بکەویتەوە.

بەبڕوای من جگە لە مانا، ئەو حەساسییەتە زمانییەی کە بۆ وەرگێڕانی دەقی ئەدەبی هەیە بۆ دەقی فەلسەفیش پێویستە، دیارە رادەی ئەمەش پێوەندیی بە خودی دەقەکەوە هەیە کە زۆر روانگەی فەلسەفی بۆ نموونە لە سەدەی بیستەمدا زمان بەلایانەوە تەنیا ئامرازێک نییە بۆ گەیاندنی مانا، لێرەدا ئیتر خودی پەخشان و شێوەی داڕشتنی رستەکان و... هەمووی گرنگیی هەیە کە وەرگێڕیش دەبێ ئەم گرنگییانە بە جیددی وەربگرێت. ئەمە جگە لەوەی کە ئەو زاراوانەی وەک بەرانبەر دادەنرێت گەلێک حەساسییەتی زمانییان پێویستە تا بکرێت مانا بەزۆری رابگوێزن جگە لەوەش وەک دەزانین شێوەی نووسینی کەسێکی وەک هابرماس و پووپێر جیاوازە لەشێوەی نووسینی کەسێکی وەک دریدا کە سێ شێوەی جیاوازی زمان و تۆن و رستەسازییان هەیە و دۆزینەوەو پەیبردن بەو تۆن و شێوازانەش یارمەتیدەرە بۆ گەیاندنی مانا، دواجار دۆزینەوەی ئەو ئالتێرناتیڤە زمانی و «تۆن»ییانە لە زمانی مەبەستدا لە کارە گرنگەکانی کەسی وەرگێڕە.

***ئایا ئەو ئافراندنەوەیەی کە بۆ دەقی ئەدەبی باستان لێ کرد لە دەقی فیکری و فەلسەفیدا چەندە مەجالی هەیە؟**

وەرزەندە: لێرەدا سەرەرای شێوازی دەقە فەلسەفییەکە، لانیکەم دوو روانگە هەیە کە یەکیان باس لەوە دەکا لە وەرگێڕانی ئەو دەقانەدا ئافراندنەوە جێگەیەکی ئەوتۆی نییە و روانینێکی دیکەش هەیە کە نزیکە لە روانینی پاش بنەماخوازەکان و بەزۆری وەرگێڕان بە راڤە کردنێکی خودی وەرگێڕیش دادەنێن کە لەم حاڵەتەدا وەرگێڕ لە پرۆسەی وەرگێڕان/ راڤەدا سەر لە نوێ دەق دەئافرێنێتەوە، تەنانەت هەندێک لە بنەما شکێنەکان هەندێجار گرنگیی زۆرتر دەدەن بە دەقی وەرگێڕدراو و پێیانوایە رەنگە لە وەرگێڕاندا وەرگێڕ هەندێ شتی دۆزیبێتەوە و بەجۆرێک دەریخستبێ کە مەبەستی خودی نووسەریش بووبێت بەڵام نەیتوانیبێت بە تەواوی ئاشکرای بکات بەڵام من بەش بە حاڵی خۆم روانگەی تەفسیری و راڤەیی بە گرفتساز دەزانم و لە باتیی ئەمە دیققەت و وردبینی بە گرنگتر دەزانم.

شەجیعی: بۆ باسکردن لەسەر وەرگێڕانی ئەدەبی و زانستی لەگەڵ دوو بابەتدا بەرەوڕووین کە یەکیان ئەدەبە و یەکیان زانستە، هەڵبەت بەشێک لە ئەدەب دیسانەوە دەچێتەوە ناو زانست کە بەشی «nonfiction»ی ئەدەبە یان با بڵێین بەشێک لە ئەدەب خۆی لە زانست جیا دەکاتەوە، بەرای من دیسان لێرەشدا لەگەڵ زماندا بەرەوروویین، پرس و مەسەلەی بنەڕەتیی وەرگێڕ لە هەر دوو حاڵەتەکەدا هەر زمانە، بەڵام جیاوازییەک کە ئەم دوو بابەتە بۆ وەرگێڕ هەیانە، رۆڵی زمانە، واتە رۆڵی زمانە لە ئەدەبی «fiction»دا و لە ئەدەبی «nonfiction» و زانستدا، دیارە رۆڵی هەیەجانی، کارگێڕی، ئایدیۆلۆژیک، عاتفی و... داوێنەی دەلالەتیی وشەکان لەو دوو بوار و بابەتەدا جیاوازن و ئیتر لێرەدا وەرگێڕ میتۆدی جیاواز بۆ هەرکامیان هەڵدەبژێرێ. دۆستان جەختیان لەسەر ئافراندنەوە کرد، کە دواجار بەو ئەنجامە گەیشتن کە وەرگێڕ ئەشێ ئافراندنەوە و سەر لە نوێ داهێنانەوەی دەقەکە و بە تایبەت دەقی ئەدەبی بکاتەوە، پرس لێرە دایە کە ئایا چ میتۆدگەلێک دەگات بە ئافراندنەوەو داهێنانەوە لە دەڤەری وەرگێڕانی ئەدەبی و فیکر و فەلسەفەدا؟ بەشێکی زۆر لە قسەکانی کاک ئومید وا باسی لەو مەرجانە کرد کە وەرگێڕ دەبێ

کولتوور و زمانی مەبەست و سەرچاوە و... بناسێت بەلای منیشەوە راستە و لە وەرگێڕان ناسیشدا جەخت لەسەر ئەمە دەکرێت، بەڵام پرس ئەمەیە دوای هەموو ئەو مەرجانە ئافراندنەوە بە چ شێوەیەک ئیمکانی هەیە، ئەو شتانە چییە کە ئافراندنەوە لە دەڤەرە جیاوازەکانی وەرگێڕاندا بۆ ئێمە دەستەبەر دەکات؟ وردەکاری و وردبینی و... لە هەموو بوارێکی وەرگێڕاندا پێویستە و ناکرێ بەم مەرجە گشتییەوە باس لەوە بکەین کە ئافراندنەوە سەری گرتووە، بۆیە خودی ئەم پرسیارە دەمێنێتەوە کە چ پێوەرگەلێکمان هەیە بۆ ئەوە بزانین ئافراندنەوە (وەک وەرگێڕانێکی سەرکەوتوو) رووی داوە؟

بە گەڕانەوە بۆ مێژووی وەرگێڕان و هەروەها بە پەیبردن بەو دوو روانگە داخراو و کراوەی کە بۆ وەرگێڕان باسم کرد، تێدەگەین و دوو میتۆدی تایبەتیشیان لێ بووەتەوە و دەکرێ ئێمە باس لە دوو جۆر وەرگێڕان بکەین؛ وەرگێڕانی میکانێکی و وەرگێڕانی ئورگانیکی، یاخۆ بەرەوڕوو بوونی میکانیکی و ئورگانیکی، وەرگێڕ لە وەرگێڕانی میکانیکیدا دێت و تەنیا پەیام و مانا رادەگوێزێ کە لێرەدا دابەزاندنی رۆڵە زمانییەکان روو ئەدا و هەموو شتەکان دەکات بە گوزارەگەلێکی هەواڵیی رووت، بەڵام لە بەرەوڕووبوونە ئورگانیکییەدایە کە رێگەی ئافراندنەوەمان بۆ دەکرێتەوە. لێرەدا وەرگێڕان (بە شێوەی ئورگانیکی) بە چەشنێکە کە رۆڵ و دەورە زمانییەکان دەپارێزێ و دەیانگوێزێتەوە، جگە لە وردبینی و کود شکاندن و کارکردن لە دەڤەری تێرمینۆ لۆژی و... دێت و ئەو رۆڵ و دەورانەش وەردەگێڕێت، کە ئەساسی جیاوازیی ئەو دوو چەشنە دەقەش؛ یانی دەقی زانستی و ئەدەبی و داهێنەرانە لە رۆڵ و دەورەکانی زماندا دەردەکەوێ. بۆیە بەرای من وێڕای هەموو ئەو شتانەی کە وتمان پێویستن و ئەبێ رەچاو بکرێن، ئافراندنەوە ئەو کات سەردەگرێ کە ئەو دەور و رۆڵە زمانییانە رابگوێزرێت. بەرای من لێرەوە ئەبێ بۆ ئافراندنەوە حەرەکەتێکی فاوستی سەر بگرێت یانی وەرگێڕ بڕووخێنێت و دروست بکات، یان وەک پۆل ڤالێری دەڵێت وەرگێڕ لە بەرانبەر نەزمێک و بێنەزمییەکدایە واتە نەزمی خودی بەرهەم کە دەبێ هەڵیبوەشێنێتەوە و بیکاتەوە بە نەزمێکی دیکە. لە بەشێکی زۆری ئەدەب وەک لایەنە «Fiction»ـیەکەی و دەقگەلێکی فیکری و فەلسەفیی داهێنەرانە ئێمە تەنیا لەگەڵ پەیامدا بەرەوڕوو نابین بەڵکو لەگەڵ فورم و کۆمەڵێک توخمی دیکەشدا بەرەوڕوو دەبین کە ئەگەر گواستنەوەی هەرکام لەمانە ناقس بێت بە وەرگێڕانێکی داهێنەرانە، ناگەین واتە وەرگێڕ هەم دەبێ گشتییەتی دەق بگوازێتەوە و هەم و پاژ و یەکە دەلالەتی و ماناییەکان بگوازێتەوە کە لێرەدا ئیتر راگواستن و وەرگێڕانەکە داهێنەرانە دەبێت.

رەنگە لێرەدا باسکردن لە گرامێری لانیکەمی و گرامێری لانی زۆری هەندێ شتمان بۆ روون بکاتەوە؛ گرامێری لانیکەمی، گرامێرێکە کە سینتاکسەکەی درک دەکرێ و دروستە، بەڵام باو نییە، گرامێری لانی زۆریش سینتاکسەکەی درک دەکرێ و دروستە، بەڵام باوە، واتە سینتاکسەکەی گرامێری لانی زۆری، ئاشنا و باوە. هەر دوو گرامێرەکەش لە وەرگێڕاندا پێوەندییان بە بابەتی نامۆکردنەوە هەیە؛ لە گرامێری لانی زۆریدا بابەتی نامۆ و سینتاکسی ناباو، باو و ئاشنا دەکرێتەوە بەڵام لە گرامێری لانیکەمیدا وەرگێڕ سینتاکسگەلێکی ناباو و نائاشنا کە هەم دروستە و هەم درکیش دەکرێ دەهێنێ، کە ئەم سینتاکسانە لە پەراوێزی زماندان، هەموو زمانێکیش پەراوێزگەلێکی هەیە کە هەم لە ئەدەبیدا و

هەم فیکر و تەنانەت ژیانی هەر ڕۆژەشیدا ئامادەن. دۆزینەوەی ئەم پەراوێزانە زۆرجار بە بۆنەی وەرگێڕانەوە سەردەگرێ، لێرەشەوەیە کە دەوترێ وەرگێڕان یارمەتیی دەوڵەمەندکردنی زمان دەدا. بەڵام لە گرامێری لانی زۆری کە وەرگێڕانیشیان پێدەکرێ سەرنج بەو پەراوێزانە نادرێت و تەرکیز دەکرێتە سەر سینتاکسی ناوەند و گوزارەگەلی باو، لێرەشدایە کە بە شێوەی موحافزەکارانە لەگەڵ وەرگێڕان و زماندا بەرەوڕوو دەبن و نوێکردنەوە و ئافراندن کەمترە، یان غایبە.

وەرزەندە: بەپێی ئەم باسانە ئێوە وەرگێڕانی ئەدەبیتان دابەشکرد بە دوو بەشی «fiction» و «nonfictier» کە دوو میتۆدیشتان بۆ دیاریکردن، هەروەها کە لە مانای «fiction»دا دەردەکەوێ فیکشێن یانی داستانی، کە لێرەدا ئیتر شیعر فیکشێن نییە.

شەجیعی: من مەبەستم لە فیکشێن؛ «خەیاڵکرد»ی بوو کە شیعر و چیرۆک و ڕۆمان و مێژووی ئەدەب لە خۆ دەگرێ.

وەرزەندە: ئەگەر بەو جۆرە بێت ڕاستە، شیعریش لەخۆ دەگرێت بەڵام مێژووی ئەدەب، ئەدەب نییە.

شەجیعی: بە ڕای من «مێژووی ئەدەب» ئەچێتە ناو ئەدەبەوە و بەشێکە لە ئەدەب، مێژووی ئەدەب لەگەڵ مێژووی سیاسی...دا جیاوازە و ناچێتە ژێر کۆمەڵەی مێژووەوە، مێژووی ئەدەب باس لە ئەدەب دەکا هەڵبەت نەک بەشێوەی ئەدەبی، من بۆیە بە بەشێک لە ئەدەبی دادەنێم چون بابەتییەتی مێژووەکە لە سەر ئەدەب وەستاوە نەک لە سەر شتی تر.

وەرزەندە: من هەر بە پێی باسە پێشووەکەی خۆتان دەگەڕێمەوە بۆ ڕۆڵ و دەوری زمان و خودی زمانی ئەدەب و مێژووی ئەدەب، زمانێک و دەورێکی زمانی کە بۆ نووسینەوەی مێژووی ئەدەب و نووسینەوەی مێژوو لە شێوەکانی دیکەیدا هەڵدەبژێردرێت چ جیاوازییەکیان پێکەوە هەیە؟

ئێمە لە مێژووی ئەدەبدا دەڵێین فلان شاعیر خاوەنی فلان تایبەتمەندی بوو، لەو ساڵەدا لەدایک بوو، ئەڕواتە فلان قوتابخانەی شیعرییەوە کە مێژووی سیاسیش هەر بەو زمانە (یان بە هەمان ڕۆلی پەیام گەیاندنی زمان) دەگێڕدرێتەوە، نەک بەزمانی ئەدەبی بەو مانایەی کە ئەدەبی پێدەخولقی. ئەمە جگە لەوەی لە مێژووی ئەدەبدا تۆ داهێنان ناکەی ئەوەندەی مێژوو دەنووسی لە کاتێکدا ئەدەب بەبێ داهێنان مانایەکی نییە، بۆیە من پێموایە مێژووی ئەدەب، ئەدەب نییە.

شەجیعی: ئێوە سەرنجی مێژووی ئەدەبی عەلائەدین سەجادی بدەین ئایا ئەوە زمانێکە کە مێژووی پێدەگێڕنەوە، کە من پێموا نییە ئەمە ئەو زمانە بێت.

وەرزەندە: سەرەڕای ئەوەی من ئەوەش بە ئەدەب دانانێم دەڵێم ئەو شێوەیەی عەلائەدینی سەجادی مێژووی ئەدەبی کوردیی پێ نووسیوە تۆ لە هیچ ئیستاندارددێکی جیهانیدا نایبینی، تۆ سەیری مێژووی ئەدەبی ئینگلیز و ئەمریکا بکە لە هیچ شوێنێکدا تەنانەت ناوترێ «میستەر ئیلیۆت» چ بگا بەوەی وەک عەلائەدین سەجادی بوترێ «ئەستێرەی پرشنگداری ئەدەب و هونەر» بەڵکو بەردەوام دەوترێ «تی. ئێس. ئیلیۆت».

شەجیعی: بۆ ئەم پێناسانە وەک خۆتان ئاماژەتان پێدا ئێمە دەبێ قایل بە شێوەیەکی ئاکادیمیک بین، ئەساسی پۆلێنکردنی زانستەکان لە هەموو کتێبخانەکانی جیهاندا یان «دیوی»یە، یان «کونگرە»، لە سەر ئەساسی ئەم دوو میتۆدە کتێبخانە و ئارشیڤەکان پڕ دەکەنەوە کە بە پێی هەر دوو پۆلێنکردنە کە مێژووی ئەدەب بەشێکە لە ئەدەب.

وەرزەندە: من لە ڕوانگەی ڕۆڵی زمانی و داهێنانەوە سەیری دەکەم و پێم وایە مێژووی ئەدەب، ئەدەب، یان «fiction» نییە و ناکرێ بە ئەدەب و داهێنان ناوی ببەین.

مێژگرد

کۆزاد: لە باسی ئافراندنەوە و داهێنانەوەی وەرگێڕاندا کاک رەزا شەجیعی باسی لە پێوەر کرد، من ئەمەوێ بپرسم ئایا لە خودی ئافراندن و داهێناندا پێوەرێکی لە پێشا دیاریکراو هەیە کە لە ئافراندنەوە و داهێنانەوەدا بۆی بگەڕێین؟ ئێمە کە بڕوامان بە ئافراندنەوە هەیە، دیارە ناتوانین لە پێشدا پێوەرێک دیاری بکەین، کە واتە وەرگێڕان و ئافراندنەوە سەرەتا ئەکرێت و دواتر وەرگێڕانناس و رەخنەگرەکە دێت و پێوەرەکان دیاری دەکەن. بۆیە لێرەوە ناکرێ ئەبێ و نەبێ و پێوەر دیاری بکەین، بەڵام هەندێ تایبەتمەندی هەیە و باسی لێکرا کە منیش لەگەڵیدام.سەبارەت بە پرۆسەی وەرگێڕانیش وەک ئافراندنەوە، ئەگەر سەرنج بدەین بە خودی ئافراندن، کەسێک کە دەقێک دەخولقێنێ کۆمەڵێک مەوادی خاو لەبەر دەستیدایە کە ئەمانە و روانین و هەست و حاڵەتەکانی خۆی و... لە چوارچێوەیەکی زمانیدا دەردەبڕێ کە زمانێکە داهێنانی تێدا کراوە. وەرگێڕ کاتێک دێت و ئەو دەقە دەخوێنێتەوە، تەفسیری تایبەت بەخۆی هەیە و لێرەدایە کە ناکرێ روانگەی تەفسیری لە وەرگێڕاندا وەلا بنێین، بەگشتی بەرای من وەرگێڕ وەک خوێنەرێک تەفسیری خۆی هەیە لەو دەقەو دێت و تەفسیر و راڤەکەی وەردەگێڕێتەوە و ئافراندنەوە دەکات، بەڵام دیقەت و وردبینیی ئەم خوێنەرە وەرگێڕە لە هیی خوێنەری دیکە زیاترە. هەروەها وەرگێڕ وەک خوێنەری دیکە رەمزەکان دەکاتەوە و توێیە شاراوەکانی مانا و دالە بزۆزەکان کەشف و راڤە دەکاتەوە، بەڵام لە دوای ئەمە وەرگێڕ قۆناغێکی دیکەش دەچێتە پێشەوە کە ئەویش وەرگێڕان/ ئافراندنی سەرلەنوێی دەقەکەیە، کە بۆ ئەمەش ئەو ناسینانە وەک ناسینی کولتوورەکان و تۆن و ریتمی دەقەکە و... گرنگە. هەر لێرەوە سەلیقەگەلی وەرگێڕیش گرنگی وەردەگرێ و... بۆیە بەرای من ناکرێ پێوەرێکی لە پێشدا دیاریکراو بۆ ئافراندنەوە دیاری بکەین.

***بە پێناسەیەکەوە وەرگێڕ نزیکترین خوێنەرە بە دەق، لێرەوە رۆڵی تەفسیریی وەرگێڕ بەهای پێ دەدرێت کە ئەمە خۆی باسی جیاوازی لێکەوتووەتەوە کە کەسانێک لەولای هێرمنۆتیکەوە بۆ وەرگێڕان دەڕوانن و کەسانێک وەرگێڕان بە راڤەی وەرگێڕ دەزانن، بەڵام هەرچۆنێک بێت جیاوازی هەیە لە نێوان ئافراندن و ئافراندنەوەدا، نووسەر لە فەزایەکی جیاوازدا خەریکی داهێنانە بەڵام وەرگێڕ ئەبێ بەردەوام لە سنووری دەقە نووسراوەکەدا خەریکی ئافراندنەوە بێت، ئەگەر بەدیدێکی ئێگزیستانسیالیستیەوە بڕوانین داهێنان بە بوونکردنی نەبوونە، یانی لە نەبوونەوە بوونێک ساز دەبێت، بەڵام لە وەرگێڕاندا بوونێک (دەقی وەرگێڕدراو) لە بوونێکی دیکە (دەقی سەرەکی) دێتەدەر. هەر ئەمەشە کە ئافراندنەوەی وەرگێڕ سنووردار دەکات و تەنانەت بۆ تەفسیر و راڤەکردنیشی دەستی دەبەسترێت، دیارە وەرگێڕانگەلێکی «کراوە» و دوور لە دەق هەیە کە بە ناوی روانگەی تەفسیرییەوە خۆیان پێناسە دەکەن کە ئەمە ئەو هاوسەنگی و ئەمانەتدارییەی باستانکرد، رەچاو ناکات. لەملاشەوە راستە پاش بنەماخوازەکان بڕوایان بە بابەت و ئەمری ئورژیناڵ نییە و پێیان وایە هەر دەقێک رووداوێکە کە لە زمانێکی تایبەتدا روو ئەدا، وەرگێڕانیش رووداوەی نوێی دەقە لە زمانێکی دیکەدا بەڵام بەلای ئەمانەوە، حەساسییەتە زمانییەکانیان وادەکا کە زۆرترین هاوشێوەیی لە نێوان ئەو دوو رووداوەدا گرنگ بێت، لای پاش بنەماخوازەکان ئەو ئەمانەتدارییە بە ناوی تەفسیر و راڤەوە فرێ نادرێت کە وایە هاوسەنگی و هاوشێوەیی رێژەیی و لە پاڵ ئەمانەشدا جیاوازیی بە**

ناچار و پێزەتیف، ئەو پێوەرگشتییانەن کە دواجار بۆ هەڵسانگاندنی وەرگێڕان پێویستمانە.

کۆزاد: راستە منیش ئەوانەم قەبووڵە، بەڵام رەنگە لە ناو دەقدا مانایەک ببێ کە خودی نووسەر مەبەستی نەبێت، ئایا بەرجەستەکردنەوەی ئەم مانایە لە لایەن وەرگێڕەوە، بە مانای خەیانەتی وەرگێڕە، بەرای من لێرەدا باسی ئەمانەتداری ئەچێتە دواوە، وەرگێڕ ناتوانێ بڵێ ئەو مانا جیاوازانە کامیان مەبەستی نووسەر بووە کە ئەمیش بیگەیەنێ، لێرەدایە وەرگێڕ خەریکی ئافراندنەوە دەبێت، کاتێک نووسەر دەقێک دەخولقێنێ کۆمەڵێک کەرەسە و ئیمکانی لەبەردەستدایە کە رەنگە وەرگێڕ بەشێک لەوانە و هەندێ شتی دیکەشی لەبەر دەستدا بێت، دیارە بۆ نووسەر ئەو چوارچێوەیە کە بۆ وەرگێڕ هەیە نییە، جگە لەوەش خوێنەر کاتێک دەقێک دەخوێنێتەوە، بوونێک دەبەخشێ بە دەق کە وەرگێڕیش بوونێکی دیکەی پێ دەدا کە ئەمەش خۆی پێوەرێکی دیاریکراوی نییە.

شەجیعی: منیش پێم وایە جیاوازی لە نێوان ئافراندنی نووسەر و وەرگێڕدا هەیە، کاری نووسەر یەکەمینە کاری وەرگێڕ نەهایی، سنووردارێتییەکانی نووسەر و وەرگێڕیش جیاوازن، سنووردارییەکانی نووسەر زمانییە، بەڵام بۆ وەرگێڕ زمانی و نازمانییەکە ئەم نازمانییە خودی بەرهەمەکەیە. بۆ ئافراندن و ئافراندنەوە پێوەرگەلێکی ناوخۆیی زمانی هەیە کە نووسەر و وەرگێڕ بە شێوەی جیاواز پێملی دەبن.

وەرزەندە: ئەوەی کە دەوترێ دەقی فرەمانا چۆن وەرگێڕ لەگەڵیدا هەڵسوکەوت دەکا و کام مانا دەگوازێتەوە، بڕیار نییە وەرگێڕ بگەڕێ بەدوای مانایەکدایان ئەو مانایەی کە مەبەستی نووسەرە، ئەکرێ یان ئەبێ هەوڵ بدرێت خودی ئەو فرەمانایی و ئەو حاڵەتەی کە مانای بەرفرەی لێدەبێتەوە بگوێزرێتەوە، پێم وابێ لەو چەشنە دەقانەدا وەرگێڕان نابێ بە جۆرێک بێت کە تاقەمانا وەربگرێت و وەریبگێڕێ، بەڵکو ئەبێ میکانیزمگەلێک وەگەڕ بخات کە مانا بەرفرەکان راگوێزێت، من کە وەرگێڕانی تەفسیری بە مەترسی دادەنێم بەو مانایە کە وەرگێڕ بێت و بەو زەینییەتەوە خەریک بێت کە تەفسیری خۆی بنووسێتەوە کە ئەمە سنوور و حەدێکی بۆ نییە و ئەتوانێ بە پێچەوانە و دژی خودی دەقە سەرەکییەکەی لێدەربێت رەنگە ئەمجار سێ وەرگێڕ دەقێک بە سێ شێوەی دوور لە یەک وەربگێڕن کە ئەمجار نەڵێین دەقی فوکۆ، بەڵکو بوترێ فوکۆی هەرکام لەو وەرگێڕانە. ئەمەش بڵێم کە وەرگێڕ بەردەوام راڤە دەکا، بەڵام ئەم راڤەیە نابێ وەها بێت کە بە تەواوی خودی دەقەکە فەرامۆش بکرێت و بخرێتە پەراوێزەوە یان وەرگێڕان دژ بە دەقە سەرەکییەکە بێت، کە وابێت روانگەی تەفسیری ئەم گرفت و مەترسییەی هەیە.

شەجیعی: کە باس لە روانگەی تەفسیری دەکرێت مەبەست ئەوە نییە کە تەفسیری تایبەتی وەرگێڕ وەربگێڕدرێت، بەڵکو مەبەست ئیجرای تەفسیرییە، یانی راڤە، تەفسیر ئیجرا بکرێت (وەربگێڕدرێت) من نموونەیەک دەهێنمەوە هەژار دێت و خەیام وەردەگێڕێت، کە بەرەوڕوو بوونێکی تەفسیری کردووە، بەڵام نەهاتووە تەفسیرێکی تایبەت لە خەیام وەربگێڕێ، یانی خسڵەتی چەند رەهەندیی دەلالەت لە وەرگێڕانیشدا پارێزراوە، یان کاتێک کە دەقە پیرۆزەکان وەردەگێڕدرێن کە ئەساسی هێرمنۆتیک لەوێوە هاتووە، تەفسیرێکی تایبەت وەرناگێڕن، بەڵکو خسڵەتە چەند رەهەندییەکانی دەلالەت، وەردەگێڕدرێت.

کۆزاد: منیش باسی دالە بزۆز و شناوەرەکانم کرد کە ماناگەلی جۆراوجۆر دروستدەکەن و دەق چەند مانایی دەبێتەوە، کە باسی دەقێکی داهێنەرانە دەکەین لە بنەڕەتدا فرەمانایە کە ئەبێ بەشێوەیەک وەربگێڕدرێت کە فرەمانایيش لە وەرگێڕاندا بوونی ببێ.

***وەرگرتنی روانگەی تەفسیریی وەرگێڕان، بەو مانایە نییە کە لە ئەنجامی وەرگێڕانی دەقێک ئێمە لەگەڵ چەندین وەرگێڕانی زۆر جیاواز بەرەوروو ببین، ئەگەر دەقێک چەندین وەرگێڕانی زۆر جیاواز و دوور لە یەکی لێ بکرێت بێگومان هەموویان وەرگێڕانێکی سەرکەوتووانە نین. لە دیالێکتیکی دەق/ وەرگێڕاندا خودی وەرگێڕ ناچارە کەمترین مەودای ببێت تا رادەیەک کە بە شێوەیەکی بێ ناوکۆ و واسیتەوە خەریکی وەرگێڕان ببێ، وەرگێڕ ئەو ئازادییەی راڤەی نییە کە خوێنەر هەیەتی، ئەمەش لەبەر ئەوەی خوێنەر ناچار نییە و دەرەوەستییەکی بە دەقەکە نییە کە خەیانەتی پێنەکات و لێی دوور نەکەوێتەوە، بەڵام وەرگێڕ لە دیالێکتیکێدا جێدەگرێ کە توانایی و سەلیقەو راڤەی، تەنیا بەشێک لەو جووڵەیە، نموونەی خەیامی هەژار و گۆران و سەلام و... نموونەگەلێکی بەرچاون بە ڕای من نموونەی چوارێنەکانی هەژار، وەرگێڕانی چوارینەکانی خەیام نییە، بۆ ئەو دەقە شیعری خەیام تەنیا نموونەیەکی خاو بووە بۆ سەرلەنوێ نووسی و داهێنانی چوارێنەی دیکە، ئەمەش لە وەرگێڕانی دەقی دیکەشدا هەبووە، کە مانایەک وەردەگرن و تەواو... بۆیە ناکرێ ئەمە بەناوی تەفسیری وەرگێڕ باسی بکەین، چون ئەوەندە لە دەقە سەرەکییەکە دوورەدەکەوێتە کە ئەو هاوسەنگییەی باستان لێ کرد نامێنێ و تەنانەت بۆ بەراوردکردن نابن، بەڵام وەک وترا وەرگێڕ چارێکی لە راڤەکردن (هەڵبەت وەک وەرگێڕ نەک وەک خوێنەر) نییە، تەنانەت ئەو روانگە پاش هێرمینۆتیکییانە کە راڤە رەتدەکەنەوە هیچیان بە جیددی وەرنەگیراون.**

وەرزندە: منیش لەگەڵ ئەم باسەدا هەم و پێموایە دەکرێ باسی چەند شێوەی وەرگێڕان بکەین وەک وەرگێڕانی وەرگێڕ تەوەر، یان وەرگێڕانی نووسەرتەوەر و وەرگێڕانی خوێنەر تەوەر، کە بە ڕای من وەرگێڕانی دەق تەوەر باشترین حاڵەتی وەرگێڕانە، مەبەستیشم لە وردبینی و ناسینەکانی وەرگێڕ دەگەڕێتەوە بۆ ئەم حاڵەتە کە لێرەدا نە بەلای خوێنەردا دەڕوا نە بەلای خۆی و نووسەردا.

***ئەگەر بمانەوێ باس لە مێژووی وەرگێڕان بکەین لەزمانی کوردیدا، چ سەرەتا و قۆناغێک دەستنیشان دەکەن و جیا لەوەش پێویستی و زەروورەتەکان چی بوون کە وەرگێڕانمان کردووە و هەندێ دەقمان بە تایبەتی وەرگێڕاوە؟**

وەرزەندە: تا ئەو شوێنەی من ئاگەدار بم، گزێنفۆن لە کتێبێکدا ئاماژە بەوە دەکا و دەڵێ کاتێک یۆنانییەکان لە ساڵی 401ی پێش زایيندا رۆیشتن بۆلای کاردۆخەکان (کوردەکان) لەوێ دیلماجێکیان بوو کە قسەکانی وەردەگێڕا، ئەگەر باس لە وەرگێڕانی شەفاهی بکەین ئەمە سەرەتایەکە، بەڵام وەرگێڕانی نووسراو و بەرچاو هەڵدەگەڕێتەوە بۆ سەدەی 17، کاتێ خانای قوبادی خوسرەو و شیرینی «نیزامیی گەنجەوی» وەردەگێڕێ کە لە زمانی فارسییەوە بووە بۆ زمانی کوردی، سەرەتای وەرگێڕانی ئێمەش لە زمانی بێگانەوە بووە بۆ سەر زمانی کوردی نەک لە زمانی کوردییەوە بۆ زمانەکانی تر. دوای سەرهەڵدانی رۆژنامەگەریی کوردی و رۆیشتنی کۆمەڵێک نوخبەی کورد بۆ وڵاتانی بێگانە، هەندێکیان فێری زمانی بێگانە دەبن کە کۆمەڵێک وەرگێڕان لە زمانی کوردییەوە بۆ زمانەکانیتر و بە پێچەوانەشەوە دەست پێ دەکات، جگە لەمەش فاکتۆرێکی دیکە لەم حاڵەتە گرنگە، ئەویش کاتێک رۆژهەڵاتناسەکان و سەفەرنامە نووسەکان لە کۆتاییەکانی سەدەی 19دا رووبان کردە

کوردستان، کوردستان جێگەیەکی سەرنجراکێش بوو بۆیان، کوردیان دەناسی و حەزیان دەکرد کولتوور و ئەدەب و فولکلۆری کوردییش بناسن و بیناسێنن، بۆیە دەستیان کرد بە وەرگێڕانی ئەدەب و فولکلۆری کوردی بۆ زمانەکانی دیکە، بۆ نموونە شێخ رەزا بۆ سەر زمانی فەڕەنسی وەرگێڕدرا، شەرەفنامە بۆ زمانی فەرەنسی و رووسی و ئاڵمانی وەرگێڕدرا و... لە کۆتاییەکانی سەدەی 19دا ئەو دۆخە سیاسییەی کورد و کوردستان هەیبوو «ئەوی دی» هێنایە ناو کورد و زەروورەتی وەرگێڕان زیاتر خۆی دەرخست، هەرچەند هێشتا هەر وەرگێڕان بەشێوەی پەراکەندە و ناوبەناو هەبوو. پێش ئەوە چونکوو پێوەندییەکانی کورد کەمتر بوو، کیانی نەبوو و کیتابەت و نووسینی کەم بوو و... لەبەر ئەمانە زۆر کەمتر وەرگێڕانیش هەیە.

***لە سەدەی بیستەمدا چی؟ ئایا ئەکرێ کاتێک دابنێین کە ئێتر وەرگێڕان بە شێوەیەکی جددی و وەک چالاکییەکی بەردەوام خۆی سەلماندبێت؟**

وەرزەندە: لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا لەبەر ئەو بارودۆخە تایبەتەی کورد بوویەتی، زۆربەی وەرگێڕانەکان، وەرگێڕانی بەڵگەنامە سیاسییەکان بوو کە ئەمە لەبەر دۆخی سیاسیی کورد بووەو هەندێ وەرگێڕانی ئەدەبیش کرا، بەگشتی دوای سەفەر و پەرتەوازەبوونی نوخبە و رۆشنبیرانی ئەوکات بۆ وڵاتانی دیکە کە فێری زمانی بێگانە بوون زۆربەی وەرگێڕانەکان یان وەرگێڕانی بەڵگەنامە سیاسییەکان و کتێب گەلی مێژوویی بوون، یان ئەدەبی بوون. سەبارەت بە دیاریکردنی کاتێک بۆوەی وەرگێڕان بە شێوەیەکی جددی و وەک چالاکییەکی بەردەوام لەلای ئێمە بیچمی گرتبێت، من پێم وایە بە ئێستەشییەوە وەرگێڕان وەک چالاکییەکی بەردەوام و جددی جێی خۆی نەکردووەتەوە، رەنگە لەپشت ئەم وتەیەی منەوە ئایدیالێک ببێ کە بە ترازان لەو ئایدیالە ئەتوانین بڵێین وەرگێڕان توانیویە بە پێی هەلومەرج و ڕەخساندنی بوار بەرەبەرە گەشە بکات کەئەمەش وەک دیارە یەکجارەکی و لە ساتێکدا نەبووە بەڵکوو بەرەبەرە گەیشتووینەتە ئەم قۆناغەی ئێستەمان.

شەجیعی: جگە لەو باسانەی کاک ئومید رەنگە بکرێت مێژووی وەرگێڕان لای خۆمان ببەینەوە بۆ ئەحمەدی خانی، ئەویش بە بۆنەی «فەرهەنگی نەوبەهار»ەوە کە لە دەسپێکی فەرهەنگەکەدا خانی دەڵێ بۆ فێربوونی زمانی عەرەبی ئەم فەرهەنگەم داناوە، راستە بە ریتمی نەزم و شیعر نووسیویە بەڵام ئەساسەکەی ئەوەیە و میتۆدی وەرگێڕان بەکار براوە و یەکەی وەرگێڕان لەلای ئەو «وشە»یە کە ئەمە دواتر گەیشتە لای شێخ مەعرووفی نۆدێ و ئەویش بە پێی میتۆدەکەی ئەحمەدی خانی فەرهەنگێکی نووسیوە کە بە ڕای من ئەم سوننەتە کە یەکەی وەرگێڕان «وشە» بێت تا ئێستەش خۆی درێژ کردووەتەوە و ئەوەش کە بە نەزمەوە وەرگێڕان دەستی پێکردووە بۆ لای خانای قوبادی و زۆر کەسی دیکەش گوێزراوەتەوە.

وەرزەندە: بەڵام ئەو کارەی «خانی» وەک لە ناوەکەشیدا دیارە فەرهەنگ نووسییە.

شەجیعی: راستە فەرهەنگنووسییە، بەڵام لە دەسپێکەکەیدا دەڵێ کە بۆ فێربوونی زمانێکی دیکەیە، یانی بنەڕەتەکەی بۆ سازبوونی پێوەندیی دوو زمان داناوە.

وەرزەندە: دیسان خۆ وەرگێڕان بۆ فێربوونی زمان نییە.

شەجیعی: وایە، بەڵام مەبەست و نییەتی خانی رەهەندی ئامادەکاریی هەیە بۆ وەرگێڕان کە رەنگە بکرێ بە سەرەتای وەرگێڕانی نووسراوی کوردی ناوی ئەو فەرهەنگەی خانی ببەین و ئەگەر قۆناغبەندیی مێژووی وەرگێڕان بکەین ئەتوانین لەو کاتەوە تا 1898، یانی لەدایکبوونی یەکەم

رۆژنامەی کوردی بە قۆناغێک ناو ببەین کە زۆربەی ئەو خواست و مەبەستانەی بۆ وەرگێڕان بووە زیاتر ئایدیۆلۆژیک بووە و بەشێکی زۆریان وەرگێڕانی دەقی ئایینین ئەمە تا 1898 وایە. کاتێ رۆژنامەی کوردستان کە سەرەتا لە قاهیرە دێتە دەر، قۆناغێکی دیکە دەست پێدەکا لە یەکەم ژمارەی «کوردستان»دا دەقێک هەیە بە فەڕەنسی کە وەرگێڕانی دەقێکی کوردییە کە هەر لەو ژمارەیەدا هاتووە و ناساندنی رۆژنامەکە و مەبەستەکانیەتی و لەوەبەدوا بەشێوەی پەڕاگەندە بابەتگەلێکی وەرگێڕدراو سەبارەت بە مێژووی سیاسی و کولتووری کوردی و... لە رۆژنامەی کوردستاندا چاپ دەکرێت، لێرەدا خواستەکە لەگەڵ قۆناغی پێشوودا جیاواز دەبێت و ئەمەش قۆناغێکیترمان بۆ دەستەبەر دەکا لێرەدا خواستەکە ناسیۆنالیستییە نەک ئایینی کە ئەمە تا ناوەڕاستەکانی سەدەی بیستەم درێژەی دەبێت، پاش ئەوەی کە دۆخی سیاسیی کورد تووشی گۆڕانکاریی توندتر و قووڵتر دەبن، وەرگێڕانەکانیش توندو قووڵتر و رەنگوبۆنی دیکەیان هەیە، بەڵام دیسانەوە پاڵپشتەکەی هەمان گوتاری ناسیونالیستییە، ئەمەش تا کۆتاییەکانی سەدەی بیستەم بەردەوامە کە لەم کۆتاییانەدا دۆخی سیاسیی کورد تووشی گۆڕانی بنەڕەتیتر دەبێت وەرگێڕانیش دەگۆڕدرێت، ئەگەر کورد پێشتر کیانی سیاسیی خۆی نەبووە لەوەدوا کیانێکی تایبەتی دەبێت کە لەسەر ناسیونالیزم وەستاوە، بۆیە نییەت و ئەنگیزە ناسیۆنالیستیەکەش بۆ وەرگێڕان بەهێزتر و بەبڕشتتر دەبێتەوە. کە دەگەڕێینەوە بۆ مێژووی وەرگێڕانی کوردی ئەبینین لە سەرەتاوە تا ئێستەش خواستی وەرگێڕان لای ئێمە خواست و نیازی ئایدیۆلۆژیک بووە ئێستە چ بە خوازیاریی مەزهەبییەوە یان ناسیونالیستییەوە، کۆمەڵێک لەو خەسارانەش کە بەرەوڕووی وەرگێڕانی کوردی ئەبێتەوە بە ڕای من هەر لەم خواست و ئەنگیزەیەوە سەرچاوە دەگرێت.

کۆزاد: ئەگەر بمەوێ لە سەرەتای سەدەی بیستەمەوە باس بکەم، وەرگێڕانی کۆمەڵێک دەق لە سەرەتاوە وەک رۆستەم و سۆهراب، یان شیرین و فەرهاد و... لەلایەن کەسانێکی وەک «عەلی کەمال»ـەوە هاتە ئاراوە کە من نییەت و ئەنگیزەیەکی ناسیۆنالیستییان لە پشتەوە نابینم و لەگەڵ ئەو بۆچوونەدا نیم، چونکوو وەرگێڕان لای ئێمە لە سەدەی بیستەمدا لایەنی دیکەی لێدەبێتەوە، جگە لەوەش لە دوای 1920 بەملاوە کە ئەدەبی کوردی نوێ دەبێتەوە و رۆژنامەگەرییش گەشە دەکا، من وای دەبینم کە بەشێکی وەرگێڕان لەبەر ئەوەیە تای تەرازووی مودێرنبوون و نوێبوون قورستر بکات و لەبەر ئەمەیش دێن و دەست دەدەنە وەرگێڕان کە کەسانێک وەک گۆران، پیرمێرد و... بە وەرگێڕانی شیعر و چیرۆک ئەم کارە دەکەن. دیارە هەندێجار دەقگەلی سیاسی و چەپی، یان ناسیونالیستی وەردەگێڕدرێن، بەڵام زۆربەیان دەقی ئەدەبیی نوێن و لەبەر ئەوەیە کە تای تەرازووی ئەدەبی نوێ و مودێرنبوون لە هەمبەر کلاسیکدا قورستر بکەن و وڵامێکی گەورەیان بۆ تێپەڕین لە قۆناغی کلاسیکەوە پێبێت، بە ڕای من بەشێکی گەورەی وەرگێڕان لە نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەمدا بە پێی ئەو زەروورەتەیە. لە نیوەی دووەمی سەدەی بیستەمیشدا و بەتایبەت لە دەیەی 1960 بۆ 80 کە زیاتر رووخسارێکی ناسیۆنالیستی دەبینرێ، زۆربەی ئەو دەقانە وەردەگێڕدرێن کە نووسەرەکانیان کوردن بەڵام بە زمانی کوردی نەیاننوسیوە وەک بەرهەمەکانی یاشار کەمال، بەشێکیشی ئەو دەقانە دەگرێتەوە کە لە ناو

ئەو فەرهەنگانەی نزیکن بە فەرهەنگی ئێمە، دەقگەلێکی بەرجەستەن وەکو چوارێنەکانی خەیام. لە هەشتاکان بەملاوە گۆڕانێک لە ئەدەبدا ساز دەبێت کە وەرگێڕانیش پێڕەویی لێدەکا، بە ڕای من وەرگێڕانیش زیاتر لەوەی پێڕەوی لە سیاسەت و کیان و ئەو باسانە بکات، لە پرسی ئەدەبی پێڕەوی دەکات، یانی کاتێک ئەدەب لە فورماسێونە پێشووەکانی خۆی کە پاڵپشتی سیاسیی هەیە جیا دەبێتەوە و زۆرتر لایەنی ئەدەبیبوون و هونەریبوونەکەی و داهێنانی ئەدەبیی بۆ گرنگ دەبێ، وەرگێڕانیش لەمە پێڕەویی کرد، بەشێکی دیکەی وەرگێڕان لە هەشتاکان و بە تایبەت نەوەدەکان بەم لاوە وەرگێڕانی دەقی فیکری و فەلسەفی دەگرێتەوە کە پێشتر، کەمتر ئاوڕی لێدرابووەوە کە وابێ ناکرێ خواست و نییەتی ناسیونالیستی بە پاڵپشتیی هەموو گۆڕانەکانی وەرگێڕان دابنێین.

***ئەگەر بمانەوێ خەسارناسیی ئەم قۆناغە دواییەی وەرگێڕان بکەین بۆ سەرزمانی کوردی، بە ڕای ئێوە چ شتانێک بە شێوەیەکی گشتی بەرچاوترن؟**

کۆزاد: زۆرتری ئەو خەسارانەی من دەیانبینم، یەکیان ئەوەیە کە زۆربەی وەرگێڕەکانمان زمانی سەرچاوە و مەبەست بە تەواوی ناناسن، جگە لەوەش ئێمە لە زمانە گرنگ و ئورژیناڵەکانەوە وەرناگێڕن، وەرگێڕانەکانمان زیاتر دەستی دوو و دەستی سێیە، باشترین وەرگێڕانەکانمان زیاتر ئەوانە بوون کە لە وەرگێڕانێکی باشەوە وەرگێڕدراون. جگە لەوەش وەرگێڕانناسی وەکوو بابەتێکی پێویست ئاوڕی لێنەدراوەتەوە هەروەها ناوەند و دەزگا و لقێکی زانکۆ بۆ ڕاهێنانی وەرگێڕ بوونی نییە. زۆرکەس لەوانەش کە زمانی بێگانە دەزانن، کەمتر لە زمانگەلی دوور، (نەک لە زمانی دراوسێکانەوە)، وەردەگێڕن، زۆرجار ئەمانیش هەر دێن و دەقی وەرگێڕدراو بۆسەر زمانی دراوسێکان، بە کوردی وەردەگێڕنەوە، خەساری دیکەش کە بە تایبەتی لە وەرگێڕانی دەقە فیکری و فەلسەفییەکاندا دەبینرێ، ئەوەیە کە وەرگێڕی ئێمە دەقی چەندین بیرمەندی لێک جیاواز و تەنانەت دژ بە یەک وەردەگێڕێ، لە کاتێکدا بۆ وەرگێڕانی ئەو جۆرە دەقانە بە ڕای من خودی وەرگێڕ ئەبێ ئاشناییەکی باشی ببێ و لانیکەم نیوە پسپۆڕێک بێت، لە کاتێکدا وەرگێڕەکانی ئێمە لە هەموو کەس و لە هەموو بوارێکدا وەردەگێڕن. خودی ئەمەش ئاشوفتەیی و شێواوییەکی زۆری سازکردووە. بە ڕای من باشترین ڕێگە ئەوەیە کە بێین و ئەودەقە وەربگێڕین کە هەم پێی ئاشناین و هەم حەزی لێدەکەین چونکوو خودی حەزکردن فاکتۆرێکە بۆوەی وەرگێڕانێک باش دەربچێ.

شەجیعی: بەرای من بنەڕەتیترین خەسار لای ئێمە دەگەڕێتەوە بۆ نییەت و ئەنگیزەی وەرگێڕانەکانمان. ئێمە بۆ وەرگێڕان لەگەڵ دوو دۆخدا بەرەوروون یەکیان دۆخی نازمانیی وەرگێڕان و ئەویتریان دۆخی زمانییە. دۆخە نازمانییەکە باس لە شێوەی هەڵبژاردنی بەرهەم دەکات، ئێمە خەساری یەکەممان ئەوەیە کە ئەنگیزەکە دێت لەسەر شێوەی هەڵبژاردنی بەرهەم کاریگەرێتی دادەنێ و تەدەخول دەکات کەچی بۆ وەرگێڕان هەڵببژێرین.

***بەڵام وەرگێڕ ئازادە کە چی هەڵدەبژێرێ و وەریدەگێڕێ گرنگ ئەوەیە چۆنی وەردەگێڕێ.**

شەجیعی: ئێستە دەکرێ بڵێین چ لە بەشی کەرتی تایبەت و چ لە حاڵەتی ڕەسمیدا ئەمە زۆر خەسار نییە و ئەوان ئازادن بەڵام باس لێرەدایە کە ئەنگیزەکە بۆ قۆناغی دووەم واتە قۆناغی چۆنییەتیی وەرگێڕانیش خۆی درێژ دەکاتەوە، چوونکو نییەت و خواستی هەڵبژاردنەکە ناسیونالیستییە، بە هەمان ڕوانینی ناسیونالیستیشەوە وەرگێڕان دەکەین. ئەمەش وەک باسمان لێکرد بە پێی

مێژگرد

گرامێری لانی زۆری کار دەکات کە بەشێوەی موحافیزەکارانە بەرەوڕووی نوێگەری دەبێتەوە و دەیانکوژێ. یانی ئەنگیزەکەی قۆناغی یەکەم خۆی ئەسەپێنێت بەسەر قۆناغی دووەمدا و میتۆدەکەش دیاری دەکات، کە لێرەدا ئەمە خۆی دەبێتە خەسار و دۆخێکی ئانورمال و سەرلێشێواو دروست دەبێ. ئەم دۆخە ئانۆرماڵە جگە لەوەی لە ناو خودی دەقەکاندا رەنگ ئەداتەوە، ئەبینین لە دەرەوەی دەقەکان و لەو ناوەند و شوێنانەش پشتیوانیی کاری وەرگێڕان دەکەن، وەک خەسارێک دەردەکەوێ. ئێمە کەرتی تایبەتی و خسووسیمان بەوجۆرە کە ئەبێ ببێ نییە، بۆیە دەبێ وەرگێڕ خۆی لەگەڵ پێوەرەکانی ئەو ناوەندە رەسمییانەدا رێک بخات، ئەمەش وەک وترا لە گوتاری ناسیۆنالیستیدا کار دەکەن، کە خواست و داواکارییەکانیشی بە نیسبەتی وەرگێڕانەوە دەبنە خەسار، یەکیان ئەوەیە کە کەمترین کارێگەرێتی لە زمانی سەرچاوە و دەسپێکەوە وەربگرێت، لەکاتێکدا وەرگێڕان رێگەیەکە بۆ کاریگەرێتی وەرگرتن لە زمانی دەسپێک و دەوڵەمەندکردنی زمانی مەبەست کە خودی ئەمە شێوەگەلێکی زمانی و زمانی چەشنی بۆ خۆیان دروست بکەن بەڵام لەبەر ئەوەی گوتارە ناسیۆنالیستیەکەی لای ئێمە میتۆدەکەشمان بۆ دیاری دەکات و هەروەها ناوەندەکانی وەرگێڕانیش بووە بە کارگێڕی ئەو گوتارە، کە ئیتر بەو روانینەوە داهێنانی تاکی و جۆراوجۆری لە میتۆددا، جێگەیەکی ئەوتۆی نییە.

خەسارێکی دیکە جگە لەوەی کە وترا زمانی دەسپێک بە باشی ناناسن، بە رای من زمانی مەبەست و کوردیش ناناسن، وەرگێڕی ئێمە زەرفییەتەکان و پەراوێزەکانی کوردیش بە تەواوی ناناسێ.

خەسارێکی دیکە، ئەوەیە کە کردەکانمان لە دەڤەری کولتوور و وەرگێڕندا میکانیکین و لێرەوە وەرگێڕانمان مانا گەرایە و جەخت دەکاتە سەر مانا و خوێنەری چالاک دروست ناکا، هەرلێرەشەوە زەوق و تامەزرۆیی بۆ خوێندنەوەی وەرگێڕان لەلای خوێنەر کەم دەبێتەوە.

خەسارێکی دیکە کە لێرەوە دێت ئەوەیە کە وەرگێڕان وەک نیشاندانی جیاوازییە زمانی و کولتوورییەکان نابینین و دێین و لە وەرگێڕاندا زۆربەی جیاوازییەکان دەشارینەوە و ئەیکوردێنین وای لێدەکەین کە وەک وەرگێڕان نەبێت، رەنگە ئەمە لێرەوە سەرچاوە بگرێت کە بڵێین ئێمە کاریگەرێتی لە هیچ کەس و زمانێک وەرناگرین و خۆمان زمانێکی دەوڵەمەندمان هەیە.

یاخۆ دەکرێ بەناوی ترس لە گۆڕان ئەم حاڵەتە روون بکەینەوە، کە لە زۆربەی دەڤەرەکانیشدا دەبینرێ و بەشێوەی موحافزەکارانە لەگەڵ گۆڕان و نوێبوونەوەدا بەرەوڕوو دەبین. کاتێک زمانی کوردی لە دەڤەری ئافراندندا موحافزەکار بێت خۆیشی دەتەنێتە ناو زەینییەت و زمانی وەرگێڕیشەوە و ئەمیش نوێگەری و داهێنان و شتی تازە هێنان ناکات.

خەسارێکی دیکە کە پێوەندیی بە وەرگێڕانناسییەوە هەیە، پێناسەیەکی هەڵەیە کە لە وەرگێڕان هەمانە، بەو مانایەی وەرگێڕان گواستنەوەی سەد لە سەدی لەفز و تەعبیرەکانە. کە ئەمەش نە ئیمکانی هەیە و نە پێویستە، لەم دیدەدا یەکەی وەرگێڕان دانە گەلی زمانییە، کە ئەگەر وا ناڕوانین کە ئەکرێ لە وەرگێڕانەوە شێوە زمانیی جیاواز بێتە ناو زمانی کوردییەوە، ئەمە بە ومانایە نییە زمانی کوردی تێک بچێت بەڵکو بەو مانایە کە هاوسەنگییەک ساز ببێت و کۆمەڵێک سینتاکسی تازە و وشە و زاراوەی تازە بهێنێتە ناوخۆی.

ئەبێ ئەمەمان لە بیر بێت ئەوەی گرنگە لە وەرگێڕاندا

پاراستنی خسڵەتەکانی زمانی مەبەستە، ئەگەر لە سەر ئەساسی ئەم خسڵەتانە کار بکەین سەرکەوتوو بن نەک بە پێی هەندێ سنووردارێتی کە بۆ خۆمانی ساز بکەین بۆ ئەمەش ئەبێ بەرەوڕوو بوونی ئورگانیکیمان ببێ.

وەرزەندە: خەسارەکان هێندە بەرچاون کە زۆربەمان لێی ئاگەدارین و دۆستان ئاماژەیان پێکرد و من لەگەڵ بوونی زۆربەی ئەو خەسارانەدا هەم، بەڵام پێم وابێ بە خەسارێکی دیار ئاماژە نەکرا، راستە ئێمە داموودەزگەی وەرگێڕانمان هەیە، بەڵام چاودێری وەرگێڕانمان نییە، زۆربەی ئەو داموودەزگەیانە چەندایەتییان لە چاو چۆنایەتی، بە لاوە گرنگترە. هێشتا کۆمەڵێک پرەنسیپ و پێوەری گشتیی دیارینەکراون و کەسانێک نەهاتوون شیاوی و سەلاحییەتی خۆیان بە تەواوی لەبواری وەرگێڕاندا بسەلمێنن کە وەک چاودێری بەرحەق و جێبڕوا (نەوەک سەلیقەیی) وەرگێڕانەکان تاوتوێ بکەن. لە لایەکی دیکەوە ئەو شێواوییەی لە هەڵبژاردنی کتێبەکاندا هەیە کارێک دەکات زۆر کەس هەم وەرگێڕی دەقی فەلسەفی بن و هەم شیعر و چیرۆک و... بەبێ ئەوەی لەو بوارانەدا ناسین و ئاشناییەکی ئەوتۆی ببێ، دیارە مەبەستم تەنیا وەرگێڕەکانی ئەودیو نییە و خۆشمان دەگرێتەوە، هەندێکمان کۆمەڵەشیعرمان لە شاعیرانێک وەرگێڕاوە کە زمانی هەموو شاعیرەکان وەک یەکە و خوێنەر وا دەزانێ یەک کەس نووسیویەتی، لەم لاشەوە هەر بەو زمانەوە دەقی فیکری و فەلسەفییش وەردەگێڕن. جگە لەوە بە ڕای من رەخنەی وەرگێڕان و وەرگێڕانناسی بابەتێکە کە گرنگیی پێ نەدراوە، کە خودی باسکردن و تاوتوێکردنی دەقە وەرگێڕدراوەکان (بە دوور لە هەندێ کێشەی تایبەتی و سەلیقەیی) خۆی ئەتوانێ رێخۆشکەر بێت بۆ ئەوەی لە هەندێ لەو گرفت و خەسارانە دەرباز بین. بەرای من کردنەوەی بەشێک لە زانکۆکاندا. بەناوی بەشی وەرگێڕان خۆی ئەتوانێ زەمینەی ئەوە فەراهەم بکات کە هەم زانین و ئاگاداریی ئێمە لە میتۆد و شێوەکانی وەرگێڕان زیاتر بێت هەم کەسانی پسپۆڕ و لێزانیش پەروەردە ببن کە هەم چاودێریان لێ دەربێت و هەم خۆشیان بە شێوەیەکی جددی وەرگێڕان بکەن.

خەسارێکی دیکە ئەوەیە ئێمە بڕوابەخۆبوونێکی هەڵەمان هەیە کە رێگە بە خۆمان ئەدەین بڕۆین بە ناو قەدی هەموو دەقێکدا و پێمان وا بێت ئەتوانین وەری بگێڕین، ئەمەش بەبێ ئەوەی دەقەکە بە تەواوی بناسین و لێی بگەین و ئەو تواناییە زمانییەمان ببێ کە ئەو دەقەی پێ وەربگێڕین، کۆمەڵێک دەقی فیکری و فەلسەفیی وەرگێڕدراوە کەچی هێشتا وەرگێڕ جیاوازیی لە نێوان زمانی عەینی و زەینیدا دانەناوە و جگە لەوەش ئێمە هەندێ بوارمان فەرامۆش کردووە و زیاتر وەرگێڕانی ئەدەبی و فیکری و فەلسەفیمان گرتووەتە بەر و لقەکانی دیکەی زانستمان فەرامۆش کردووە، ئەمە وەک پەتایەکی لێ هاتووە کە تەنیا لەو دوو بوارەدا وەرگێڕانمان هەیە، ئەمەش نازانین کە گەشە کردنی زمان تەنیا پێوەندیی بەوەوە نییە لەبواری فەلسەفی و ئەدەبیەوە دەوڵەمەند بکرێت و کاری بۆ بکرێت. بەرای من بوونی فەرهەنگستانێکی چالاکییش ئەتوانێ هەندێ خەسار بە تایبەت لە بواری بەرانبەردانان و زاراوە سازیدا کەم بکاتەوە.

***ئەگەر خەسارەکان پۆلێنبەندی بکەین ئەکرێ لە دوو بەشی دەرەکی و ناوەکیدا دایان بنێین. یەکیان خەسارانێکە پێوەندیی بە ناوەندەکان و خودی کەسی وەرگێڕەوە هەیە، ئەوی تریان خەسارانێکە کە لە رەوتی وەرگێڕاندا ساز دەبێ و بووە. بەڵام پێم وابێ یەکێک لە گرفتەکان ئەوەیە ئێمە دەقی بنەڕەتی و ئەساسی وەرناگێڕین یان نەمانتوانیوە لەو بوارانەشدا کە وەردەگێڕین پانۆرامەیەک ساز بکەین، بۆ نموونە**

مێژگرد

ڕەنگە چەندین کتێب لەسەر شەرحی فەلسەفەی کەسێک وەربگێڕن بەڵام هیچ کام لە کتێبەکانی خودی ئەو کەسە وەرناگێڕدرێت، یان کتوپڕ دێین و چەند جار شیعرێکی فرووغ وەردەگێڕین، بێ ئەوەی هیچ شتێکمان پێش و پاش ئەو وەرگێڕابێ تا بۆ خوێنەر شوێن و پێگەی ئەو لە سوننەتی شیعری نوێی فارسیدا دەربخەین. ئەمەش کارێک دەکات خوێنەری جیددی بڕوا و قەناعەت نەکا بە وەرگێڕان، لە لایەکی دیکەوە بۆ نموونە چەندین کتێب لەسەر شەرحی کتێبێکی بۆ وێنە هێگل هەیە، بەڵام خوێنەر کە دێت و دواتر کتێبەکەی خودی هێگل لە کتێبخانەی کوردی وەربگرێت هیچ نییە لەبەر دەستیدا، ئەمەش نیشاندەری ئەوەیە کە بزووتنەوەیەکی وەرگێڕانی بەرنامەدار لە ئارادا نییە، نموونەیەکی ئەمڕۆییتر؛ چەندین وتار لە سەر دریدا وەردەگێڕدرێت و دەنووسرێت، بەڵام تاقە کتێبێکی خودی دریدا وەرناگێڕدرێت و... بەڵام وێدەچێ دوای هەموو ئەمانەش وەرگێڕان لەلای ئێمە و ئەوەی هەیە، بۆ بەرگریلێکردن بشێ، ئەویش کاتێک کە بەشێکی زۆری نوێکردنەوە و ئاڵوگۆڕ و دانوستانی زمانیمان لە گوزەری وەرگێڕانەوە هەیە و...

وەرزەندە: راستە منیش پێم وایە لەم ساڵە دواییانەدا یەکەم بەرەوڕووبوونی ئێمە بۆ نوێکردنەوەی زمانی کوردی لە گوزەری وەرگێڕانی هەندێ دەقی تیۆریک و فەلسەفییەوە سەری گرتووە و کۆمەڵێک دەقی وەرگێڕدراویش هەیە کە جێگەی سەرنجن و ئەکرێ بە هەند وەریان بگرین. دیارە هەندێ زاراوەش وەرگێڕدراون کە یارمەتییان بە گەشەکردنی زمانی کوردی داوە.

کۆزاد: ئێمە زیاتر باسی خەسارناسیی ڕەخنەمان کرد و ئەکرێ هەندێ هەوڵ و وەرگێڕانی پۆزەتیڤ بدۆزینەوە کە ئێمە بە دنیا و دەقی دیکە ئاشنا دەکەن بەڵام بە گشتی باسەکانمان لە سەر ئەوە بوو کە خەسارناسی بکەین. پێم وا نییە ئەمە دروست بێت کە هەموو هەوڵەکان ڕەفز بکەینەوە، مەبەستیش لە خەسارناسییەکە ئەوە نەبوو.

شەجیعی: گومانێک لەوەدا نییە سەرەڕای ئەوەی هێشتا گوتار و خواستی ناسیونالیستی زاڵە، هەروەها لە زۆر بواردا وەرگێڕانمان نییە و هەندێ خەساریش لە وەرگێڕاندا هەیە بەڵام کەسانێک بە شێوەیەکی جددی و کەم خەسارتر و سەرکەوتووانەتر هەندێ دەق وەردەگێڕن و هەندێ دەقیش وەرگێڕدراوە کە دڵخۆشکەرن وەرگێڕەکانیش و ناتوانایی و نەناسینە زمانییەکانی خۆیان ناخەنە ئەستۆی زمانی کوردی. ئێمە نموونەمان هەیە کە توانایی هێزەکییەکانی کوردیی بە کردە دەرهێناوە و ئاوڕیان لە پەراوێزەکانی زمانی کوردی داوەتەوە، بەڵام وەک وترا زیاتر ئێمە خەسار ناسیمان کرد کە ئەویش بە شێوەیەکی گشتی بوو.

ڕەزا کەریم مجاوەر:
ئەدەبیاتی هاوچەرخی کوردی زۆر بەهێز و گوڕوتینە و دەتوانێ لە دنیادا خوێنەری خۆی هەبێ

ئامادەکردنی: گەلاوێژی نوێ

ڕەزا کەریم مجاوەر، لەدایکبووی ساڵی 1978ـە، لە ناوچەی بۆکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، ئەو گەنجە کارناسی وەرزێریی بەشی ئەدەبی تەواو کردووە و یەکێکە لەو گەنجە چالاکانەی لە بواری وەرگێڕانی ئەدەبیدا بە تایبەت وەرگێڕانی بەرهەمی ئەدەبیی وەک شیعر و ڕۆمانی کوردی بۆ سەر زمانی فارسی، ڕۆڵێکی باش و بەرچاوی بینیوە و تا ئەندازەیەکی باش توانیویەتی کۆمەڵێک بەرهەمی ئەدەبیی کوردیی نووسەرانی وەک (هەژار موکریانی، شێرکۆ بێکەس، شێرزاد حەسەن، لەتیف هەڵمەت، ڕەفیق سابیر، عەبدوڵڵا پەشێو، بەختیار عەلی، قوبادی جەلیزادە، عەتا نەهایی، فەرهاد پیربال، یوونس

ڕەزایی) و چەندین بەرهەمی دیکە بە ئەدەب و ڕۆشنبیری و کولتووری فارسی بناسێنێت، ئەمانە نموونەیەکن لە بەرهەمە چاپکراوەکانی ئەم وەرگێڕە:

1. شلمشوربا (چێشتی مجێور)، هەژار 1382 (2003)، سنە، انتشارات کردستان
2. گورستان چراغان (گۆڕستانی چراکان)، شێرکۆ بێکەس، 1384، تاران، انتشارات پویان
3. سرودهای سنگی (سروودە بەردینەکان)، شێرکۆ بێکەس، 1385، تاران، انتشارات پویان
4. میهمان خزانی (پاییزەمیوان)، شێرکۆ بێکەس، 1386، تاران، نشر چشمه
5. کولەبار یک عاشق مادرزاد (پرێسکەی ئاشقێکی زگماک)، گوڵبژێری شیعری عەبدوڵڵا پەشێو، 1387، تاران، نشر مروارید
6. چشمانت چشمەی رنگهاست (چاوت کانی ڕەنگەکانە)، گوڵبژێری شیعری ڕەفیق سابیر، 1388، تاران، نشر مرکز
7. محلەی مترسکها (گەڕەکی داهۆڵەکان، گوڵبژێری کورتەچیرۆکی کوردستانی باشوور و ڕۆژهەڵات)، تاران، نشر افراز، 1388
8. گیسوانت سیەچادر گرمسیر و سردسیر من است (بسکت ڕەشماڵی گەرمێن و کوێستانی منە)، گوڵبژێری شیعری لەتیف هەڵمەت، 1389، تاران، نشر چشمه
9. شهر موسیقیدانهای سفید (شاری مۆسیقارە سپییەکان)، بەختیار عەلی، 1389، تاران، نشر مروارید
10. مرا به عشق بسپارید (بە خۆشەویستیم بسپێرن)، گوڵبژێری شیعری شێرکۆ بێکەس، 1390، تاران، نشر افراز
11. قسر پرندگان غمگین (کۆشکی باڵندە غەمگینەکان)، بەختیار عەلی، 1391، تاران، نشر افراز
12. زمانی گڕ، شیعری دوزمانە (فارسی - کوردی) پەشێو، هەولێر، 2013، یەکێتیی نووسەرانی کورد
13. بنەماکانی وەرگێڕان، هەولێر، دەزگای موکریانی، 2013
14. وەها دەڵێ نیچە، (قسە نەستەقەکانی نیچە)، لە فارسییەوە بۆ کوردی، هەولێر، دەزگای موکریانی (لە ژێر چاپدایە)

هەروها هەندێک لەم بەرهەمانەشی لە ژێر چاپدان یاخود کاریان لەسەر دەکات:

1. جام شوکران (پەرداخێک ژەهر)، گوڵبژێری شیعری قوبادی جەلیزادە، تاران، نشر چشمه
2. با شهرزاد در شبهای کردستان (داستانکوتاه کردستان ایران از اغاز تا امروز) تهران، نشر افراز
3. مه بر فراز دره (تەمی سەر خەرەند)، شێرزاد

حەسەن، تاران، نشر افراز

4. عمویم جەمشیدخان (جەمشیدخانی مامم)، بەختیار عەلی، تاران، نشر افراز

5. رو به کولاک (ڕوو لە کڕێوە)، شیعری دوزمانە (فارسی ـ کوردی) پەشێو، تاران، نشر ئانا

6. رنگدان (ڕەنگدان)، شێرکۆ بێکەس

7. بوینامە (بۆننامە)، شێرکۆ بێکەس

8. حسار و سگهای پدرم (حەسار و سەگەکانی باوکم)، شێرزاد حەسەن

9. پرندگان در باد (باڵندەکانی دەم با)، عەتا نەهایی

10. خەوەمەرگینە (شیعرێکی درێژی خۆی لە 105 لاپەڕەدا)

11. چیرۆکی چل ماچ (هایکۆی کوردی) کە شیعری خۆیەتی.

12. تاریخ جنون (مێژووی شێتی)، شیعری یۆنس ڕەزایی

13. ترانەهای عاشقانەی غربت (گۆرانییە ڕۆمانسییەکانی دوورەوڵاتی)، گوڵبژێری شیعری فەرهاد پیربال.



***لە ڕووی کولتووری و فەرهەنگییەوە پڕۆسەی وەرگێڕانی ئەدەبی چ گرنگییەکی هەیە؟**

–وەرگێڕان بە گشتی و وەرگێڕانی ئەدەبی بە تایبەت پردێکە لە نێوان دوو زمان و دوو فەرهەنگی لێکجیاوازدا و دەبێتە هۆی ناساندنی فەرهەنگ و کولتووری گەلانی جیهان بە یەکتر. دیارە لەم پڕۆسە گرینگەدا گەلانی جیهان لە سەر یەکتر شوێن دادەنێن و دەتوانن جوانییەکانی فەرهەنگەکانی دیکە بهێننە نێو فەرهەنگی خۆیان و بە باشترین شێوە کەڵکی لێ وەربگرن. دیارە لەم پڕۆسەیەدا زۆر جار دابونەریتی ناحەزیش دێتە نێو فەرهەنگی زمان و گەلی مەبەستەوە، بەڵام ڕەنگە فەرهەنگی گەلی مەبەست نەتوانێ زۆربەی ئەو شتانە لە نێو خۆیدا بتوێنێتەوە و ئەم بەشەی ڕەنگێکی زۆر ناداتەوە لە نێو فەرهەنگی ناوبراودا.

***کەسێتیی وەگێڕی سەرکەوتوو دەبێت چۆن بێت و ئەو خەسڵەت و تایبەتمەندییانە کامانەن کە وەرگێڕی سەرکەوتووی پێ دەناسرێتەوە؟**

–وەرگێڕی سەرکەوتوو کەسێکە کە جگە لە چێشکەی ئەدەبی و هێزی نووسین و بەهرەیەکی زاتی و زاڵبوونی تەواو بە سەر هەردوو زمانی سەرەکی و مەبەستدا، دەبێ ئاگەداریی تەواوی لە سەر فەرهەنگ و کولتووری هەردوو نەتەوە جیاوازەکە هەبێت و لەگەڵ ڕۆحی هەردوو زمانەکەدا ئاشنا بێت، دەنا وەرگێڕانەکەی بێڕۆح و بێگیان دەبێت و خوێنەر ناتوانێ چێژی لێ وەربگرێ.

***کەسانێکی زۆر لەمڕۆدا دەستیان داوەتە کاری وەرگێڕان و ئەمەش وەک ژانرەکانی دیکەی ئەدەب جەنجاڵی و بێسەرەوبەرەیی درووست کردووە، بە جۆرێک هەر کەسێک شارەزاییەکی سەرەتایی لە زمانێکدا هەبێت دەست دەداتە کاری وەرگێڕان، تۆ ئەم حاڵەتە چۆن لێک دەدەیتەوە و پێت وایە تەنها شارەزابوون لە زماندا ببێتە پێوەر و بنەما بۆ کاری وەرگێڕان؟**

-وەک لە پرسیاری پێشتردا باسم کرد، وەرگێڕ دەبێ جگە لەوەی بە تەواوی بە سەر هەردوو زمانەکەدا زاڵ بێ، دەبێ ئاگەداری تەواوی لە سەر فەرهەنگ و کولتووری هەردوو نەتەوە جیاوازەکە هەبێت و زانینی زمان بە تەنیایی ناتوانێ کەسێک بکات بە وەرگێڕ یان با بڵێین وەرگێڕێکی سەرکەوتوو. جگە لەمانە وەرگێڕ دەبێ خۆی هێز و بەهرەی نووسینی تێدابێ کە هەڵبەت خوێندەوە و نووسینی زۆر دەتوانێ ئەم بەشە بەهێزتر بکات.

***بەشێکی زۆر لە وەرگێڕکارانی کورد تەنها کولتوور و ئەدەبیاتی بێگانە وەردەگێڕنە سەر زمانی کوردی و بە پێچەوانەوە کەمتر بەرهەمی ئەدەبی کوردی وەردەگێڕنە سەر زمانە بیانییەکان، تۆ هۆکاری ئەمە بۆ چی دەگەڕێنیتەوە، ئایا پێت وایە ئەدەبی کوردی لەو ئاستەدا نەبێت کە وەربگێڕدرێتە سەر زمانێکی زیندووی جیهانی؟**

-ئەدەبیاتی نقیساریی کوردی ئەگەرچی درەنگ دەستی پێ کردووە، بەڵام لە ئێستا زۆر بەرهەمی پوخت و پاراومان هەیە کە دەکرێ وەربگێڕدرێنە سەر زمانەکانی بیانی و خوێنەری بیانییش چێژیان لێ وەربگرێ. هەڵبەت دیارە ئەدەبیاتی کوردی بە ئەندازەی ئەدەبیاتی ئینگلیزی و فەرەنسی و ئیسپانیایی بەهێز نییە، ئەم شتەش بەشێکی زۆری دەگەڕێتەوە بۆ بارودۆخی ڕامیاری و کۆمەڵایەتیی نەتەوەی کورد کە هەمیشە (بە تایبەت لە باری زمانەوە) نەتەوەیەکی بندەست بووە و تەنانەت لە کاتی گرتنەدەستی دەسەڵاتی سیاسییشدا گرینگیی نەداوە بە زمانەکەی خۆی. بەڵام سەرەڕای هەموو ئەمانە، ئەدەبیاتی هاوچەرخی کوردی زۆر بەهێز و گوڕوتینە و دەتوانێ لە دنیادا خوێنەری خۆی هەبێ، وەک چۆن ئەو بەرهەمانەی کە لەم بیست ساڵەدا وەرگێڕدراون بۆ سەر زمانەکانی دیکە، توانیویانە بەردەنگێکی زۆریان هەبێت و جوانییەکانی فەرهەنگی ئێمە بە جیهان بناسێنن. دەکرێ ئەدەبی ئێمە زیاتر لەمانە وەرگێڕدرێ و بناسرێ، کەچی وەک بەختیار عەلی دەڵێ: "ئێمە بێوەرگێڕترین گەلی ئەم جیهانەین". لە ڕاستیدا ئەگەر بمانەوێ ئەم کارە بە چەشنێکی بنەڕەتی بکەین، پێویستە بنکەی وەرگێڕان یاخۆ یانەی وەرگێڕان دابمەزرێ و وەرگێڕەکان لە لایەن دەوڵەتەوە مووچەی مانگانە وەربگرن، دەنا ئاخۆ ئەگەر وەرگێڕێک هات ڕۆمانێکی کوردیی وەرگێڕایە سەر زمانی ئینگلیزی یان ئیسپانیایی، چۆنی چاپ بکات و کێ پارەی کارەکەی پێ بدات؟ دیارە ئەمە بێ پشتیوانیی حکوومەت و دەوڵەت ناکرێت.

***تۆ یەکێکیت لەو وەرگێڕکارانەی کە زیاتر وەرگێڕانی پێچەوانە دەکەیت، واتە ئەدەبی کوردی وەردەگێڕیت بۆ سەر زمانی فارسی، پێمان بڵێ چی وای لێ کردیت ئەم کارانە بکەیت و گرنگییەکەی لە چیدا دەبینیتەوە؟**

-من هەر لە سەرەتای منداڵییەوە هۆگری کتێب و نووسین بووم. بەڵام بە بڕوای خۆم شتێکی دیکە کە بە تەواویی هەڵوەدای دنیای پڕهەستی ئەدەبی کردم، دڵساردی و

ناهومێدییەک بوو کە لە زانکۆ تووشی هاتم. من کاتێ ساڵی 1375 لە لکی ڕیازێ فیزیکدا دیپلۆمم وەرگرت، لە شاری بۆکان نەفەری یەکەم بووم. واتە شاگردئەووەڵ بووم. بەڵام لە ڕێکەوتێکی سەیروسەمەردا و لە کاتی هەڵبژاردنی لکە زانستگەییەکاندا تووشم بوو بە کشتوکاڵ و جووتیاری و پێمەڕە و گاسن و نیر و ئامووڕەوە و بە دڵێکی شکاوەوە وەکو سەردەمی منداڵی دیسان ڕووم کردەوە دێهات. (ئێمە هەموو دێهاتین!) من کە لەم بارودۆخە وەڕەز بووم، لە هەر دەرفەتێکدا بوایە هانام دەبردە بەر شیعر و چیرۆک و مێژوو و فەلسەفە و مانای ژیانم لەم شتانەدا دەدۆزییەوە. پێم وایە ڕێکەوت یەکێک لە گەورەترین هێزەکانە کە مرۆڤ بەرەو ڕێگە جۆراوجۆرەکان دەبات و مرۆڤیش جگە لە ملداخستن لە بەرامبەر ئەم زلهێزەدا هیچی پێ ناکرێ. زۆرجار ناچاری خۆت بدەیتە دەست ڕێکەوت و چارەنووس و چاوت بنووقێنی و لێگەڕێی با چارەنووس بتبا بەرەو جێگەیێکی دیکەی ئەم ژیانە و ئەم جیهانە. من خۆم زۆرجار تووشی ئەم هێزە گەورە هاتووم و لە ئاستیدا دۆش داماوم. ئەو هەویرە ئاوی زۆر گەرەکە. کوا بە من دەشێلدرێ...! لە زانکۆ هەواڵێکی تەورێزیم هەبوو ئەدەبیاتی عەرەبیی دەخوێند. ڕۆژێ باسی «قانوون»ـی ئیبن سینا هاتە گۆڕێ و من باسی وەرگێڕانەکەی هەژارم بۆ کرد. ئەو ئیدی لەو کاتەوە ئەویندارى هەژار بوو. ئەو بەڕێزە شۆرەتی «قوربانزادەی مووساکەندی» بوو و هەمووجارێ دەیوت دڵێکم بەوە خۆشە کە بەشێکی شۆرەتەکەی من (مووساکەندی) لە هیی هەژار (شەرەفکەندی) دەچێ! ڕەنگە ئەوینی ئەم کوڕە تورکە بە هەژار، یەکەم پزیسکێک بوو کە شەوەزەنگی مێشکمی بەرەو ڕووناکی هان دا و بەرەو لای وەرگێڕانی «چێشتی مجێور»ی بردم. ئەم چێشتە واتا «شلمشوربا» ساڵی 1379 کۆڵی و بەڵام هەتا چاپ کرا، سێ ساڵی دیکە لەسەر ئاگر بوو. ساڵی 81 کە لە سەربازی هاتمەوە، ڕێکەوت بەرەو بێکاری و هەڵوەداییەکی سەیری بردم. وەک ڕۆحی سەرگەردان لەگەڵ چەند لاوێکی ئەدەبدۆست و ڕۆشنبیردا لە کۆڵان و شەقامی شاری بۆکان دەخولاینەوە. دیسان هانام بردەوە بەر شیعر و ئەدەب. ئەمجارە لە «شێرکۆ بێکەس»ـەوە دەستم پێ کرد. هەموو شەوێ کە لە زەریای شیعری شێرکۆدا دەخنکام، ڕووناکایی بەربەیان دەری دێنامەوە. دەستم کرد بە وەرگێڕانیان. لە «بۆننامە»ـوە دەستم پێ کرد. وابزانم پاییزی (2003) بوو. دواتر «گۆڕستانی چراکان» و «سروودە بەردینەکان» و «پاییزەمیوان و چراکانی سەر هەڵەمووت» و پاشان کورتەیەک لە «کورسی» و گوڵبژێرێک لە شیعرە تازەکانی. بۆننامە



که یەکەم وەرگێڕاوی من لە شیعری شێرکۆیە، ئێستاوئێستاش هەر چاپ نەبووە. چارەنووسی ئەم بۆننامەیەی من زۆر لە چارەنووسی خۆم دەچێ. خۆشم پێم وایە هەرگیز چاپ نابم! وا بزانم وا باشە وەڵامی ئەم پرسیارە لێرەدا ببڕمەوە. بەڵام با ئەوەش بڵێم: من سەرەتا پێم وا نەبوو جیهانی وەرگێڕان لانیکەم بۆ من ئەوەندە بەربڵاو و گەورە بێتەوە. کەچی هەتا لام کردەوە، دیتم لەنێو لکوپۆی چڕوپڕی ئەو دارستانەدا گیرم خواردووە و تازە دەرچوونم ئەستەمە.

من ویستوومە و دەمەوێ لە ڕێگەی وەرگێڕانەوە بە کۆمەڵگەی دەرەوەی کوردەواری بڵێم کە ئێمەی کورد جگە لە سەربڕین! هونەری دیکەشمان هەیە. من لەم ڕێگەوە بەش بە حاڵی خۆم توانیومە گوڵبژێرێکی باش لە ئەدەبیاتی کوردی بناسێنم بە خوێنەری فارس و تورکی ئێرانی. پێم وایە ئەمەش لە ئاستی خۆیدا کارێکی کەم نییە و هیوادارم وا بێ.

***وەرگێڕانی بەرهەمەکانی شێرکۆ بێکەس و بەختیار عەلی و عەبدوڵڵا پەشێو و چەند نووسەرێکی دیاری کورد بۆ سەر زمانی فارسی لە لایەن بەڕێزتانەوە تا چەند توانیویەتی نموونەیەک جوان لە بەرهەمی ئەدەبی ئێمە پێشکەش بە فارسەکان بکات؟**

-وابزانم هەر ئەو ڕەخنانەی لە لایەن کورد و فارسەوە لەسەر وەرگێڕانەکانی من نووسراون، ئەو ڕاستییە دەردەخەن کە کارەکانی من توانیویانە لە نێو خوێنەری فارسدا جێی خۆیان بکەنەوە. ئەگەر بە تاریفی دانەنێن، من شانازیی ئەوەم بووە گەورەترین بەرهەمەکانی ئەدەبیاتی کوردی وەربگێڕمە سەر زمانی فارسی و بە بڕوای ئەو خاوەنڕایانەی کە شارەزای هەردوو زمانەکەن، ئەم کارانەشەم بە باشترین شێوە کردووە، نەک وەک کەسانێک کە نە کوردی دەزانن و نە فارسی، بچم بەرهەمی وەرگێڕانی دیکە هەڵگرم و تۆزێکی دەست تێ وەربدەم و بە ناوی خۆمەوە بڵاوی بکەمەوە! داهاتوو زۆر شت ڕوون دەکاتەوە و دەبێ چاوەڕێی بیستنی هەواڵی زۆر سەیروسەمەرە بین!

***پاش چاپبوونی ئەو بەرهەمانە بە زمانی فارسی، دەکرێت پێمان بڵێیت راوبۆچونی ئەدیب و ڕەخنەگر و نووسەرە فارسەکان چی بوو لە سەریان؟**

-وەک پێشتر باسم کرد، زۆرێک لە ڕەخنەگران و خاوەنڕایان لەسەر کارەکانی من قسەیان کردووە و شتیان نووسیوە و بەختەوەرانە بیروبۆچوونیان زۆر باش بووە و هەمیشە بووەتە هۆی دڵگەرمیی من و بەردەوامبوون لە کارەکەمدا.

***باسی ئەو گرفت و کێشە زمانەوانییەنەمان بۆ بکە کە لە ساتی وەرگێڕانی ئەو بەرهەمانەدا تووشیان بوویت بە تایبەت چۆن توانیت زاڵ بیت بە سەر هەندێک ئیدیۆم و دەستەواژە و ئاماژەی زمانەوانی کە تەنها لە ناو ئەدەبیات و کولتووری کوردیدا بوونیان هەیە؟**

-بە گشتی زمان و فەرهەنگی کوردی و فارسی لەبەر ئەوەی هەردووکیان هیی وڵاتێکی گەورە بە ناوی ئێرانن، نزیکایەتییان هەیە، بەڵام سەرەڕای ئەمانە، جیاوازییشیان زۆرە. من لە سەرەتادا کە دەستم دایە کاری وەرگێڕان، تووشی گرفتی زۆر دەبووم و جاری وا بووە بۆ دۆزینەوەی بەرامبەری پڕبەستی وشە یان دەستەوشەیەک زیاتر لە بیست کتێبی جیاوازم پشکنیوە. دیارە ئەمە کارێکی ئاسان نییە و هەموو کەسێک ئەو تینوتاقەتەی نییە. ئێستا کە زیاتر لە سێزدە ساڵە خەریکی وەرگێڕانی ئەدەبی کوردیم بۆ سەر زمانی فارسی، زۆربەی ئەو

کێشە زمانی و زمانەوانییانەم هاتوونەتە دەست و لە کاتی وەرگێڕاندا تووشی گرفتێکی ئەوتۆ نابم. جاری واشە نەمتوانیوە بەرامبەرێک بۆ دەستەواژە یا وشەیەکی تایبەت بە زمان و فەرهەنگی کوردەواری بدۆزمەوە، چون لە زمان و فەرهەنگی فارسدا ئەو شتە نەبووە و نییە، لە کاتی ئاوادا من یان شرۆڤەیەکم بۆ نووسیوە، یان بەرامبەرێکی نزیکم بۆ داناوە. هەڵبەت ئەم شتانە هەموو پێوەندیی ڕاستەوخۆی لەگەڵ دەسەڵاتی وەرگێڕدا هەیە بە سەر ڕۆحی فەرهەنگ و زمانەکاندا. وەرگێڕ دەبێ بە سەر تەواوی دەقەکەدا بڕوانێ، ئەوسا لەسەر وشەیەک پەکی ناکەوێت.

***بە بڕوای تۆ کێشەکانی وەرگێڕان کامانەن؟**

-مەبەستت کام کێشەی وەرگێڕانە. وەرگێڕان تەواوی گیانی کێشەیە! لە هەڵبژاردنی وشە و ڕستەی شیاو و بەرامبەرەوە بگرە هەتا چۆنیەتیی داڕشتنی دەقی شیعری و پەخشانی و چیرۆکی و ڕۆمانی... هەتا وەرگرتنی دەرفەتی چاپ و هەڵاتن لە دەستی مقەستی قرتێنەر... هەتا دەسخستنی چاپخانە و پەخشخانە... هەتا درۆودەلەسەی «ڕەشەبا چەنەبازەکەی ڕەخنەگر»ی زارەکی... هەتا نەبوونی خوێنەری هێژا و ناهێژا... هەتا گلەیی نووسەر لە خراپوەرگێڕانی دەقەکەی (بەختەوەرانە من تووشی ئەم بەشەیان نەهاتووم! بەڵام «فەریادی شیری» هەژار و زۆرێکی دیکە لە وەرگێڕە زەحمەتکێشەکانی کورد تووشی ئەم گلەیی و بناشتە هاتوون. (بڕوانە: زرێباری ژمارەی 68.67، بەهار و هاوینی 1387ی هەتاوی) هەڵبەت قسەی خۆمان بێ و گوێی شەیتان کەڕ بێ، ئەو نووسەرە بەڕێزانە تا ڕادەیەکی زۆریش حەقیانە. بەڕاستی ئێمە هەتا ئێستا هەر لە بواری وەرگێڕانی کوردی ـ فارسیدا نەمانتوانیوە وەرگێڕێکی بەزەبر و توانا ڕابێنین. ئەگەرچی هەمووی ئەو بەڕێزانە ئەرک و ڕەنجێکی زۆر زۆریان کێشاوە و من بەر لە هەموو کەس دەست و پێنووسیان ماچ دەکەم... هەرچەن لە لایێکی دیکەوە من زیاتر لە هەموو کەس گلەییم لەو خۆشەویستانە کردووە، بەڵام بڕوام پێ بکەن ئەوە هەر لە ڕووی دڵسوزییەوە بووە و بۆ ئەوە بووە کە زیاتر هەوڵ بدەن و کارەکانیان ڕێکوپێکتر بێ و پێیان وا نەبێ لە هەموو کەلێنوکولێنی وەرگێڕان ڕاهاتوون و نابێ ئیتر زانیاریی خۆیان زیاتر بکەن.)

***بە بڕوای تۆ، وەرگێڕانی شیعر ئاسانترە یان وەرگێڕانی چیرۆک و ڕۆمان؟**

-وەرگێڕانی شیعر تەواوی گیانی دژوارە. ئەگەرچی من بۆ خۆم وەرگێڕانی شیعرم لە چیرۆک و ڕۆمان پێ ئاسانتر و خۆشترە، بەڵام وەرگێڕانی شیعر، کارێکی هونەریترە و چێشکەیێکی جوانتر و پاراوتری دەوێ... لە دۆزینەوەی زمانی شاعیرانەوە بگرە، هەتا ڕاگرتنی شێوازی شاعیر... هەتا داڕشتنی کێشی تایبەت و مۆسیقای دەرەکی و ناوەکی... هەتا نیشاندانەوەی تێکشکانە ڕێزمانی و زمانییەکانی دەقەکە... هەتا گوێزتنەوەی دەلالەتە مێژوویی و فەرهەنگییە جیاوازەکان.

ماچی پشت پەنجەرە

گفتوگۆیەك لەگەڵ عیسمەت سۆفییە، وەرگێڕی شیعرەكانی شێركۆ بێكەس بۆ زمانی نەرویجی

سازدانی: حەمە قادر

دوابەدوای بڵاوبوونەوەی هەواڵی مەرگی شێركۆ بێكەس، هەوڵم دا كاردانەوەی میدیای وڵاتانی دراوسێ (بە تایبەت ئێران) بۆ ئەم هەواڵە ببینم. لە ناو گەڕانەكەمدا چاوپێكەتنێكم بینی كە لەگەڵ خانمێك بەناوی (عیسمەت سۆفییە) دا كرابوو. ناوبراو بە وەرگێڕی شیعرەكانی شێركۆ بێكەس بۆ زمانی نەرویجی ناسراوە. بەڵام سەیر ئەوە بوو هەواڵی بڵاوبوونەوەی كتێبی شیعریی شێركۆ بێكەس تا ئامادەكردنی ئەم گفتوگۆیەش دەنگدانەوەیەكی ئەوتۆی لە میدیای كوردی خۆماندا نەبوو. پەیوەندیم بە خاتوو عیسمەتەوە

کرد و هەلی گفتوگۆیەکمان ڕەخساند. لە گفتوگۆکەدا من داوام لە عیسمەت خانم کرد کە لە وەڵامەکاندا تا ئەوشوێنەی دەتوانێت نموونەی شیعری بهێنێتەوە و هەروەها گفتوگۆکە وەک نیمچەلێکۆڵینەوەیەکی لێ بێت. هەربۆیە ئەم گفتوگۆیە بەدەر لەوەی دواندنی وەرگێڕێکی شیعرەکانی ئەو شاعیرە گەورەیەیە، لێکۆڵینەوە و وردبوونەوەی خۆیشییەتی بۆ ئەو شیعرانە. بە تایبەت وردبوونەوەی لە چەمکی (ژن) کە عسیمەت سۆفییە زۆر لە شیعرەکانی شێرکۆدا بە گرنگ وەسفی دەکات. خاتوو عیسمەت لەو ڕۆژەدا کە وەرگێرانەکەی بە شێوەی کتێبێک لە وڵاتی نەرویج چاپ دەبێت، هەواڵی مەرگی شێرکۆی پێدەگات. کتێبێک کە وەک خۆی دەڵێت دوو ساڵ سەرقاڵی وەرگێرانی بووە و خەونی ئەوە بوو بە دەستی خۆی کۆپییەکی ببەخشێتە شێرکۆ بێکەس و لە مەراسیمێکدا بە ئامادەبوونی شێرکۆ بخرێتە ڕوو.

***خاتوو عیسمەت سەرەتا با بزانین، چۆن شێرکۆت ناسی و کەی بوو یەکەمجار شیعرەکانیت خوێندەوە؟ و چ کاریگەرییەکی لە سەرت هەبوو؟**

-من لە شاری سنە لە دایکبووم. خۆتان دەزانن لە ئێران ئێمە ناتوانین بە کوردی بنووسین و بخوێنینەوە. من لە دە ساڵییەوە بەیارمەتی خێزانەکەم فێری خوێندنەوە و نووسینی کوردی بووم. بەوپێیەی هەمیشە حەزم لە ئەدەبیات دەکرد، دەمویست شیعری شاعیرە کوردەکان بخوێنمەوە. بێگومان بە ئاسانی نەماندەتوانی دەستمان بە شیعری شاعیرە هاوچەرخەکانی کورد ڕابگات. لە شارەکەی ئێمە ئەو سەردەمە تەنیا یەک کتێبفرۆشی هەبوو کە کتێبی کوردییشی دەفرۆشت، بێگومان ژمارەی ئەو کتێبانەش ئێجگار کەم بوو. من هەمیشە گۆڤاری (سروە)ـم دەکڕی کە ئەوکات تاکە گۆڤاری کوردیزمان بوو و شیعر و بابەتە ئەدەبییەکانم دەخوێندەوە. هاوڕێیەکی ئەدەبدۆست دیوانەشیعری (کازیوە)ی مامۆستا شێرکۆ بێکەسی وەک دیاری بۆ هێنام. ناوەڕۆک و مانا قووڵەکانی ناو شیعرەکان بە شێوەی ئێجگار سەیر سەرنجی ڕاکێشام. من بەتەواوی بوومە عەوداڵی ئەو شیعرە کورت و قووڵانە. دواتر لە تەمەنی ١٤ بۆ ١٥ ساڵان، سەردانی "ئەنجوومەنی ئەدەبیی شاری سنە"م دەکرد و لە کۆڕ و شیعرخوێندنەوەی هەفتانەی ئەو ئەنجوومەنەدا بەشدار دەبووم. هەر لەوێ بەختی ئەوەم هەبوو شاعیرە هاوچەرخەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و باشوور بناسم. هەندێجار لە سلێمانی و شارەکانی دیکەی کوردستانەوە، چەند میوانێک بانگهێشتی ئەنجوومەن دەکران. هەرلەوێ توانیم لە ڕێگەی ئەو هاوڕێیانەوە دیوانەکانی دیکەی مامۆستا شێرکۆ بێکەس دەستبخەم. پەیوەندیی من لەگەڵ شیعرەکانی شێرکۆ زیاتر بە هۆی ئەدەبدۆست و شاعیرەکانەوە دروست بوو. دیوانە شیعرییەکانی شێرکۆ بێکەس لە ئێران بە ئاسانی دەست نەدەکەوت. زەمەنێکی دواتر کە لە زانکۆی تاران سەرقاڵی خوێندن بووم، پەیوەندیم لەگەڵ ئەدەبدۆستە فارس و کوردەکان زیاتر بوو، پەیوەندییەکی قووڵتریشم لەگەڵ شیعرەکانی شێرکۆ دروست کرد. لە بیرمە ئەوکاتەی لە (زانکۆی ئازاد)ـی شاری سنە کارم دەکرد، لە بۆفی ژوورەکەم چەند دیوانێکی شیعرەکانی شێرکۆ بێکەسم پاراستبوو. چاودێرانی زانکۆ ئەو سەردەمە ئێجگار بە مەیلی کوردایەتی هەستیار بوون، کە شیعرەکانی شێرکۆیان لە بۆفییەکەم دۆزییەوە، داوای ڕوونکردنەوەیان لێکردم. پێم وتن: "دەڕبرینی هەستی قووڵی ئینسانی، مانا جیهانییەکانی وەک ئازادی،

یەکسانی و هەروەها وێناکردنی ئازارەکانی ئینسان لە شیعرەکانیدا، وای لێکردووم شیعرەکانیم خۆش بوێت."

***بێگومان وەرگێڕانی شیعرەکانی شێرکۆ بێکەس بۆ زمانێکی تر ئاسان نین، بە تایبەتی لەبەرئەوەی شیعرەکانی هەڵقوڵاوی زمانی کوردین و مامۆستا شێرکۆش گەلێک وشە و زاراوەی تایبەتی لە شیعرەکانیدا بەکار دەهێنا، چۆن بوو توانیتان ئەم رۆحیەتە شیعرییە لە زمانی نەرویژیدا بەرهەم بهێننەوە؟**

-وەک شێرکۆ دەڵێت وەرگێڕانی شیعر وەک لیمۆیەک گووشراو وایە کە تەنیا توێکڵێکی وشک و برنگی لێماوەتەوە. لە شوێنێکی تریشدا دەڵێت وەرگێڕانی شیعر وەک ماچکردنە لە پشت پەنجەرەوە. بە مانایەکی دیکە دەتوانین بڵێین ڕەنگە شیعری وەرگێڕدراو، تەماشاکردنی گوڵەکانی فەڕشێک بێت لە دیوی پشتەوەی فەڕشەکەوە. لەوانەیە ئەوەی کە دەیکەن بە زمانێکی تر ئەنجامەکەی شتێکی نارۆشن و کاڵوکرچ بێت. بەڵام من شیعرەکانی شێرکۆم ڕاستەوخۆ لە زمانی کوردییەوە کرد بە نەرویجی و هەوڵم دا بە وەفاوە مامەڵە لەگەڵ بنەڕەتی شیعرەکان بکەم . بەگشتی زۆر بە کەمی زمانێکی کراوەم بۆ وەرگێڕانی شیعرەکان بەکارهێنا.

من لە وەرگێڕانی شیعرەکانی شێرکۆدا تا ئەو شوێنەی کە توانیبێتم، هەوڵم دا شیعرە کورتەکانی هەڵبژێرم. ئەو شیعرانەی کە مانایەکی جیهانی و هەستوسۆزی قووڵی ئینسانی لە خۆ دەگرن و هەموو مرۆڤێکی ئەم جیهانە دەتوانێت لێی نزیک بێتەوە و لێی تێبگات.

هەر لە سەرەتاوە کە بڕیارم دا شیعرەکانی وەربگێڕم بۆ زمانی نەرویجی، دەمزانی کە ئەم کارە ئێجگار ئاستەمە و کاتێکی درێژ دەخایەنێت. بەڵام ئامانجی سەرەکیی من ئەوەبوو کە ئەو ئازار و برینەی لە شیعرەکانی شێرکۆ بێکەسدا بە باشترین شێوە ڕەنگی داوەتەوە، بخەمە بەردەم ئەم وڵاتە و نەرویجیزمانەکان بیناسن. دەمویست شێرکۆ بناسن و بزانن کوردەکان چ شاعیرێکی گەورەیان هەیە. بە بڕوای من نووسینی شیعر کارێکی گەورە و ئێجگار زەحمەتە. شیعرەکانی شێرکۆ دەربڕینی هەستە شەخسییەکانی خۆی نیین. شیعرەکان ئەو قووڵ و پڕ لە مانای مرۆیی وەک ئازادی و ڕزگاری و عەدالەتن. ئەم شیعرە قووڵانە دەبێ بۆ هەموو زمانەکان وەربگێڕدرێن.

بە خۆشحاڵییەوە هەر لە سەرەتاوە توانیم یارمەتی لە خانم (مای هاراڵدسن) وەربگرم کە ماستەری لە وەرگێڕانی شیعر لە زانکۆی بریتانیان وەرگرتووە. من سەرەتا شیعرەکانم دەکردە نەرویجی و دواتر هەم بە کوردی و هەم بە نەرویجی شیعرەکانم بۆ دەخوێندەوە و پێکەوە قسەمان لەسەر بەکاربردنی وشە و دەستەواژەی نەرویجیی گونجاو دەکرد. هەرچەندە ئەو کوردی نەدەزانی و تێنەدەگەیشت، بەڵام من شیعرەکەشم بە کوردی بۆ دەخوێندەوە. ئەو زۆر بەلایەوە گرنگ بوو کە لە زمانی منەوە هەست بە مۆسیقای وشەکان بکات لە کوردیدا. وەک شێرکۆ خۆیشی دەڵێت هەندێک لە وشەکان وەک وشەی (ژان) مۆسیقایەکی تایبەت و بارگەیەکی مانایی تایبەتی لە زمانی کوردیدا هەیە. ئەگەر وشەی (ژان) بکەین بە زمانێکی تر، بێگومان لەو بارگە ماناییە تایبەتە کە هیی مێژووی میللەت و کولتوورەکەیەتی، بەتاڵ دەبێتەوە و ناتوانێت بیگوازێتەوە.

من و خانمی هاراڵدسن، هەندێجار چەند سەعات لە بارەی ئەوەی کام وشە و کام دێڕ باشتر لە بنەڕەتی شیعرەکە

نز یک دەبێتەوە، گفتوگۆمان دەکرد. هەر بۆیە وەرگێرانی ئەم کتێبە شیعرییە زیاد لە دوو ساڵی خایاند. دوای وەرگێڕانی شیعرەکان دوو پسپۆڕی وەرگێڕانی شیعر و پسپۆڕێکی زمانی نەرویجی، هەڵسەنگاندنیان بۆ وەرگێرانەکان دەکرد و ڕەخنە و پێشنیارەکانی خۆیان بۆ دەناردین. یەکێک لە گرنگترین لایەنەکانی ئەم کارەی ئێمە ئەوەبوو کە یەکێک لە ناودارترین و گەورەترین شاعیرانی نەرویج بە ناوی (کاڵین فاڵکاید) لە کاتی وەرگێرانی شیعرەکاندا، شیعرەکانی دەخوێندەوە و بۆچوون و پێشنیارەکانی پێ دەوتین. هەندێجار ئەو تێبینی و بۆچوونانەمان بە هەند وەردەگرت و بە وەرگێڕانەکاندا دەچووینەوە و هەندێجاریش لە وەرگێڕانەکەمان دڵنیابووین و دەستکاریمان نەدەکرد.

بەهەرحاڵ وەرگێرانی شیعر کارێکی ئاسان نییە. نەرویجییەکان خۆیان بەهیچ شێوەیەک وشەی (وەرگێڕان) بۆ شیعر بەکارنابەن. ئەوان وشەی (دووبارەگوتنەوە) یان (سەرلەنوێ هۆنینەوە) بەکاردەبەن. شیعر لە ڕاستیدا نابێ وەربگێڕدرێت، بەڵکو دەبێ بە ڕیتم و چوارچێوەیەکی شیعرییەوە دیسان بە زمانێکی دیکە بهۆنرێتەوە.

بەبڕوای من مەرج نییە هەرکەس زمانێکی دیکە (تەنانەت ئەگەر زۆر باشیش بێت) بزانێت، بتوانێت وەرگێرانی شیعر بکات. وەرگێڕانی شیعر لەگەڵ پەخشان و ژانرەکانی دیکەی ئەدەبیات زۆر جیاوازە. ئەو کەسەی کە کتێبێکی زانستی و تەنانەت ڕۆمان و چیرۆک وەردەگێڕیت، ڕەنگە کەسێک بێت کە دوو زمانەکە دەزانێت و شارەزاییەکی گشتی لە سەر ئەو بوارە هەیە. بەڵام شیعر، بە بڕوای من دەبێ وەرگێڕەکەی خۆی شاعیر بێت و ئاشنا بێت بە ئەدەبیات. من ساڵانێکە شیعر دەناسم. خۆیشم جاروبار شیعر دەنووسم. خانمی مای هرالدسۆنیش ساڵانێکی لە ئاستی جیهانیدا دەستوپەنجە لەگەڵ شیعر و ئەدەبیات نەرم دەکات. پێموایە ئەمە خاڵێکی بەهێزە بۆ وەرگێرانەکەی ئێمە. بەڵام ئەوەی ئایا ئێمە تا چ ڕادەیەک سەرکەوتووبووین و وشەکانی شیرکۆ بێکەسمان کردووە بە نەرویجی، وەڵامەکەی لە ئەستۆی من نییە.

مەبەستم لەم ڕوونکردنەوانە ئەوە نییە وەرگێڕانەکەی ئێمە بێ کەموکورتی بێت. بێگومان وەک شێرکۆ خۆیشی دەڵێت وەک ماچکردنە لە پشت پەنجەرەوە. بەڵام گرنگ ئەوەیە ئێمە دەمانەوێت پردێکی پەیوەندی لە نێوان دوو کولتووردا بسازێنین. بۆ ئەم پەیوەندییەش، هیچ ڕێگەیەک جگە لە وەرگێڕان بوونی نیە.

خاڵیک کە زۆر بە لای منەوە گرنگ بوو ئەوەیە کە کتێبەکە بە دوو زمان (کوردی و نەرویجی) بڵاو بێتەوە. هەربۆیە لە کتێبەکەدا هەم شیعرە کوردییەکان و هەم نەرویجییەکەش چاپکراوە. هەروەها چەندین سکێچ و هێڵکاری زۆر جوان لە لایەن خانمی (نگین وەکیلی) بۆ کتێبەکە کێشراوە.

گفتوگۆ

***ئەو کۆمەڵە شیعرەی کە بەڕێزت وەرتگیراوە، زیاتر لە چ دیوانێکی شێرکۆ بێکەسەوە هەڵبژێردراون؟**

-هەروەک پێشتر باسمکرد، ئەم کتێبە وەرگێرانی هەڵبژاردەیەکە لە شیعرەکانی شێرکۆ بێکەس. بەڵام ژمارەیەکی زیاتری شیعرەکان لە دیوانی (کازیوە) وەرگیراوە. چەند شیعرێکی وەک (فوڕات)، (لافاو)، (ڕۆمان)، (شووشەیەک مەرەکەب)، (ساعەت)، (پەیکەر)، (زیندان) و (خۆشەویستی) لە دیوانی کازیوەوە وەرگیراوە. ڕەنگە هۆکارەکەی ئەوەبێ کە کازیوە یەکەم دیوانی شێرکۆ بێت کە من خوێندمەوە. زۆرترین کاریگەریی لە سەر من داناوە و بە شێوەیەکی نەستی هەوڵم داوە وەریانبگێڕم.

***لەبەر ئەوەی شێرکۆ بێکەس بە درێژایی پەنجا ساڵ شیعرنووسین قۆناغی زۆری بەخۆوە بینیوە، زیاتر کام قۆناغە شیعرییە لای ئیوە گرنگ بوو. چونکە دەزانین کە شێرکۆ بێکەس بە پێی هەلومەرجە سیاسییەکانی کوردستانیش کارادنەوەی شیعری هەبووە و زۆرجار گۆڕانی قووڵی بەخۆوە بینیوە. بۆ نموونە (ئێستا کچێک نیشتمانمە) ڕەنگە زۆر لە ڕووی ناوەڕۆکەوە دوور بێت لە شیعرەکانی پێشووی. بە کورتی ئەم گۆڕانکارییە شیعرییە چۆن هەڵدەسەنگێنیت؟**

-شێرکۆ بێکەس، شاعیری گەلە. لە هەر شوێنێک ئازار و ناڕەزایی و غەدر و سەرکوتکردن هەبێت، شێرکۆش لەوێیە. لە هەر جێگەیەک هیوا و خەونێکیش هەیە، شێرکۆ ئامادەیە. شێرکۆ وەک دەوترێت پردێکە لە نێوان تراژیدیا و هیوا. بەڵام شێرکۆ لە زۆربەی شیعرەکانیدا ناڕازییە. ئەم ناڕازیبوونە، بە پێی قۆناغەکانی ژیانی و هەلومەرجە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکان و زەڕووریاتی مێژوویی، ڕەنگ و بۆنێکی تایبەتی وەرگرتووە. ناوبراو هەروەک شاعیرە گەورەکانی دیکە، شیعرەکانی چەندین قۆناغی جیاوازی گوزەراندووە. سەردەمێک کە شێرکۆ لە ناوەڕاستی دەیەی حەفتا، بە شیعری کورت و چوارچێوەی کراوە و زمانی سادە و پڕمانا شیعری دەنووسی، زەمینەی نوێگەرییەکی تایبەتی لە شیعری کوردیدا ڕەخساند. بەڵام دواتر لە (دەربەندی پەپوولە) بە دواوە ڕوو لە قەسیدەی درێژ دەکات. ئەو گۆڕانەی کە لەم قۆناغەدا لە شیعری شێرکۆ بێکەسدا دەردەکەوێت، هەم لە ئاستێکدا گۆڕانە لە مانای شیعرەکانیدا و هەم لە توانای شیعربێژی خۆیدا. دەنگی زۆر جۆراوجۆر دێنە ناو شیعرەکانییەوە. خاڵی بەرچاو لێرەدا ئەوەیە هێدی هێدی ئازار و مەینەتییەکانی ژیانی ژنان زیاتر لە شیعرەکانیدا بەرجەستە دەبێت و خۆ دەنوێنن. ژنان هەمیشە لە کوردستان لەبەر هۆکاری کولتووری و کۆمەڵایەتی ژێردەستە بووە. ئازار و ژێردەستەبوونیشی دیار و بەرچاو بوو. بەڵام دۆخ و هەلومەرجی ژنان لە بڕگەیەکی زەمەنی لە مێژووی کورددا (واتە ساڵانی حەفتا و سەرەتای هەشتاکان) بە شێوەیەکی ڕێژەیی باشتر دەبێت. بەڵام لە کۆتاییەکانی دەیەی هەشتا و سەرەتای نەوەدەکان، لەبەر چەندین فاکتەری کۆمەڵایەتی، ئابووری، سیاسی و هەروەها لەبەر زیاتر دەرکەوتنی ڕۆحیەتی عەشیرەت و خێڵ و هەروەها تۆخبوونەوەی ڕۆڵی دین و بەهۆی ستراکتۆری کولتووریی تایبەتەوە، دۆخی ژنان بەڕادەیەکی ترسناک، ڕوو لە خراپی دەکات. ژنکوژی، خۆسووتاندنی ژنان و ژێردەستەبوونی ژنان زیاتر و قووڵتر لە جاران، لە کۆمەڵگەی کورددا بەرچاو دەکەوێت.

شێرکۆ هەموو ئەم ئازار و ئەشکەنجانەی دەبینی. دۆخی ژنان وای لە شێرکۆ کرد ڕووبەڕێکی فراوان لە شیعرەکانی بۆ ژن تەرخان بکات. ئیدی ژن و ئازارەکان و هەروەها پاشماوەکانی کولتووری پیاوسالاری، دەبنە بەشێکی دانەبڕاو لە شیعرەکانی شێرکۆ بێکەسدا. تا دواجار لە (ملوانکە)دا دەبینین کە شێرکۆ بێکەس بە یەکجاری ژن و ئازارەکانی لە یەک دیواندا هۆنییەوە.

یەکێکی دیکە لە تێما زۆر تایبەتەکانی شیعری شێرکۆ، تێڕوانینێکی تایبەتە بۆ (نیشتمان). ئەگەر شێرکۆ زیاتر شیعری حەماسی لە ستایشی نیشتماندا نووسیوە، بەڵام لە قەسیدەی (ئێستا کچێک نیشتمانمە)دا بەیەکجاری یاخی دەبێت و شیعری شێرکۆ بە ڕێگەیەکی دیکەدا دەڕوات (نیشتمان) لە شیعرەکانی شێرکۆ بێکەسدا مانایەکی تایبەتی هەیە. نیشتمان لای ئەو شتێکە زیاتر لە نیشتمان.

لە شیعری ئەودا نیشتمان لێکەوتەیەکی باڵای هەیە و چەندەها جار دووبارە دەبێتەوە. بەڵام لە ئێستا کچێک نیشتمانە، وشەی نیشتمان دەخاتە ژێر ڕەخنەوە و مانایەکی نوێی پێدەبەخشێت. بە مانایەک؛ دیدی شێرکۆ بۆ نیشمان سەرلەبەر دەگۆڕێت. ئەو ئێستا لە پەیوەندییەکی شاعیرانە بەرامبەر بە نیشتمان دووردەکەوێتەوە و لە گۆشەیەکی ڕەخنەگرانەوە تەماشای دەکات. دەتوانین بڵێین: پیرۆزی لێ دادەماڵێت. لەم قەسیدەیەدا (نیشتمان) رستێک ڕووداوی مێژوویی سیاسی و کولتووری نەتەوەیەکە کە پێویستە ڕەخنە بکرێت. و سەرلەنوێ بەم مێژووەدا بچینەوە (بۆ نمونە جەنگی ناوخۆ). ئەم تێڕوانینە ڕەخنەیی و سەرکەشانەیەی شێرکۆ بۆ کۆمەڵێک چەمک کە پێشتر لای زۆر کەس پیرۆز بوون، تەنها شتێک نییە تایبەت بە شێرکۆ بێکەس. ناوبراو وەک هەموو ڕۆڵە ڕاستەقینەکانی سەردەمی خۆیەتی؛ ئازاری خەڵک دەبینێت. گوێ لە بێزاری و ڕەخنەکانی خەڵکەکەی دەگرێت و ئەویش ناڕەزایی دەردەبڕێت.

شێرکۆ نیشتمان، لەبەر گرنگینەدان بە ژن و مافەکانی تۆمەتبار دەکات:

شەوباش!
من ناوم کراسی ژنانەیە
ئەوەی نیشتمان پێی شەرمە
بیکاتە بەری خۆی منم!
ئەو مێژووە نێرە. ئەم نیشتمانی سمێڵە
تەنها جارێ منی نەکردە بەر هەتاوێ،
بەر جۆگە ئاوێ، بەر شووشە گوڵاوێ.
ئەوانەی منیان لەبەر کرد: گسك بوون
و
مەنجەڵ بوون و تەنەکەی خۆڵ.
ئەوانەی منیان کردەبەر: بەژنی
درێژی غەریبی و
بەژنی تەنیایی ئازار بوون
ئەوانەی منی پێ بەخشین: هەر
بێ دەنگی و قفڵ و تێڵاو
شریخەکانی قامچی و جلوبەرگی
دەردەدار بوون.

من ناوم کراسی ژنانەیە
ئەوەی ئاگای لە من نەبێ و گوێی لە هاواری
من نەبێ،
گوێچکەی تەپی نیشتمانە

شێرکۆ نەک بە تەنیا شاعیر، بەڵکو مێژوونووسیشە. ئەو دەیەوێت بە شیعرەکانی مێژوو و تراژیدیای نەتەوەکەی تۆمار بکات. شێرکۆ لە قەسیدەی (گۆڕستانی چراکان) دا هەوڵدەدات مێژووی میللەتی کورد زیندوو ڕاگرێت. خۆی لەمبارەوە دەڵێت: "هەندێجار ئازار و تراژیدیای نەتەوەیەک بەڕادەیەک گەورەیە کە شیعرێکی کورت و چەند وشەیەک نایگرنەخۆ و ناتوانین هەموو ئەو ئازارانە بە چەند دێڕێک بخەینەڕوو". شێرکۆ بێکەس لەم قەسیدەیەشدا بەسوود وەرگرتن لە زمانێکی کراوە و تێکەڵکردنی ژانرەکان هەوڵ دەدات کارەساتی نەتەوەکەی بهۆنێتەوە و لە یادەوەریی مێژوودا زیندوو ڕایگرێت. ئەو

پێی وابوو کە ئێمە هەندێجار یادەوەرییەکی باشمان نییە و هەربۆیە ئەم شیعرانە گرنگن، بۆئەوەی مێژوو هەڵبکۆڵین.

شێرکۆ هەموو ئەم ناڕەزایی و ڕەخنانە بۆیە دەخاتەڕوو، تا کۆمەکی نەمری جوانی و مرۆڤایەتی بکات. خۆی دەڵێت:

ڕۆڵی شاعیرێک ئەوەیە کە هەستی جوانیی مرۆڤ بپارێزێت و بە ئاگای بهێنێتەوە. من شاعیرێک نیم تەنیا بۆ نووسینەوەی جوانی. من دژی هەموو ئەو حکوومەت و دەسەڵاتانەی کە جوانی دەکوژن شیعر دەنووسم. لە ڕاستیدا لای شێرکۆ شیعر شێوازێکە بۆ پرسیارکردن و پرسیارەکان هەرگیز تەواو نابن.

***باسی نزیککردنەوەی دوو کولتوورتان کرد، کولتووری نەرویجی و کورد لە ڕێگەی ئەدەبیاتەوە. لە ساڵانی ڕابردوودا میدیاکان زۆر باسی ئەوە دەکەن کە وێنەی کۆمەڵگەی کوردی لە نەرویج بەهۆی چەند حاڵەتێکی کوشتن لەسەر شەرەف و ناموسپەرستی و... تادەوە، شێوێنراوە. بە بڕوای ئێوە وەرگێڕانی ئەم شیعرانە دەتوانێت یارمەتییەکی بچووک بێت بۆئەوەی وێنەیەکی گشتگیر بۆ کورد دروست نەکرێت و نەرویجییەکانیش بزانن، بەهەرحاڵ کورد شاعیری گەورە و ژندۆستی هەیە و هەموو کۆمەڵگەی کوردستان ژنکوژ و دژی مێینە نین؟**

-بەداخەوە لە وڵاتی نەرویجدا زۆرترین کوشتن لەسەر شەرەف، بەناوی کوردەکانەوەیە. کۆمەڵگەیەک کە ناموس و شەرەفی خۆی لە بەینی ڕانی کچ و ژنەکانیاندا سۆراخ دەکەن، بێگومان دەشبێتە کۆمەڵگەیەکی دژ بە ژن. هەڵبەت نابێت ئەوە لە یادبکەین کە هەموو کۆمەڵگەیەک ئاوێتەیەکە لە مرۆڤی جیاواز و جۆراوجۆر. هەندێک ئەقڵانین و ڕوو لە مۆدێرنێتە و جوانییەکانی ژیان دەکەن، هەندێکیش نەریتگەرا و دیلی خورافاتن. لە ناو کوردەکانی نەرویج و لە کوردستانیش، خەڵکی واهەن کە نەک بڕوایان بە ئازادی ژن و یەکسانی ژن و پیاو هەیە، بەڵکو تەنانەت ئامادەبوون گیانی خۆشیان بۆ بەرگری لەم ئازادییە بخەنە مەترسییەوە. پێموایە وەرگێڕانی شیعرەکانی شێرکۆ بێکەس دەتوانێت دەرچەیەک بێت بەڕووی کۆمەڵگەی نەرویجیدا تا توێژی نوخبە و ڕۆشنبیری و مۆدێرن و مرۆڤدۆستی کورد بناسن. شیعری شێرکۆ نوێنەری ئەم گرووپەیە لە کوردەکان. شیعری شێرکۆ نەرویجییەکان بە کوردێکی جیاواز دەناسێنێت. ئەو کوردانەی کە نەک دژە ژن و ژنکوژ نیین، بەڵکو زۆر بەناسکی و بە شێوەیەکی ئینسانیانە ستایشی ژن دەکەن. بەڵێ بێگومان هەندێک کەسی وەک شێرکۆ و شیعرەکانی، جارێکی دیکە نەرویجییەکان بە کۆمەڵگەی کوردستان ئاشنا دەکاتەوە. شێرکۆ و شیعرەکانی ئاماژەیەکە بۆ ئەوەی کە کەسانێک دەیانەوێت لە کۆمەڵگەی کوردیدا گۆڕانی قووڵ بۆ ماف و یەکسانی ژن و پیاو بخوڵقێنن، ئەوان هەوڵی بونیادنانی کۆمەڵگەیەک دەدەن کە کەرامەتی مرۆڤ تیایدا ڕێزلێگیراو بێت. تەنانەت نەرویجییەکانیش لە بڕگەیەکی مێژووی خۆیاندا کۆمەڵگەیەکی پیاوسالاریان هەبوو، هەرچەندە هەنووکەش بەتەواوی پیاوسالاری ڕیشەکێش نەکراوە، بەڵام نووسەران و ڕۆشنبیرانی نەرویج ڕۆڵێکی گەورەیان بینی بۆ ئەوەی کۆمەڵگەکەیان گەیشتە ئەم ئاستە. کەسێکی وەک هێنریک ئیبس بەهەمان ڕێگای شێرکۆدا ڕۆیشت.

***شێرکۆ بێکەس بە شاعیری ئازادی، ژیان و ژن ناسراوە. بەڕای ئێوە ئەم سێ مەفهومە لەگەڵ یەکتر چۆن و تا چ**

ئاستێک لە شیعرەکانی شێرکۆ بێکەسدا ڕەنگ دەداتەوە؟

لای ئەو ژیان بەبێ ئازادی بێمانایە و ئازادییش بەبێ ژن هیچ مانایەکی نییە. ژن و ئازادی و ژن پێکەوە پەیوەستن. تا ژن بە ئازادی و ڕزگاری و حورمەت و کەماڵی مرۆیی خۆی نەگات، کۆمەڵگەی مرۆییش بەختەوەر نابێت. ئەوەی من لە شیعرەکانی شێرکۆ تێگەشتم؛ کۆمەڵگەیەک کە تیایدا ژن ئازاد نییە، خەڵکیش دیل و زەلیلن. مەگەر دەکرێت باسی ئازادی بکەین و نیوەی کۆمەڵگەی مرۆیی کە ژنانن، لە یادبکەین؟ لەڕاستیدا لە شیعری شێرکۆدا ژن سەرچاوەی ژیانە. چرای ژیان و ڕۆشنایی بوونە. لای شێرکۆ ژن هەر بەتەنیا کانگەی خەیاڵی ڕۆمانتیکیی شیعر نییە، بەڵکو لەوەش گرنگتر ژن باڵەکەی دیکەی ژیان، سەرچاوەیەکی لەبننەهاتووی وزەی ژیان و پایەی بەختەوەری و خۆشبەختیی وهێزی سەرەکیمانە لە ژیاندا. ژن وئازادی و ژیان، هەریەک بوونیان پەیوەستە بەوی دیکەیانەوە.

***بەو پێیەی کە بەڕێزتان ژنن و ڕەنگە باشتر لەو شیعرانە تێبگەن کە مامۆستا شێرکۆ بێکەس بۆ ژنانی نووسیوە، و هەست بە نزیکایەتییەکی زیاتر بکەن لەگەڵیاندا. هەمیشە ویستومە بزانم ژنێک چۆن شیعرەکانی شیعرەکانی شێرکۆ بێکەس دەخوێنێتەوە و ئایا وێنەی ژن لە شیعرەکانی شێرکۆدا هەمیشە یەکجۆرە؟ بۆچی شێرکۆ بێکەس ئەوەندە ژنی بۆ گرنگ بوو؟**

-شێرکۆ بێکەس بە درێژایی ژیانی ئازار و مەینەتیی زۆری بینیوە. ڕەنگە بیتوانیایە بەرگەی ئازار و دەردەکانی خۆی بگرێت، بەڵام نەیدەتوانی لە بەرامبەر ئازارەکانی مرۆڤایەتی چاو دابخات. هەموو جارێک کە تەماشای دۆخی ژنان، کچان، دایکان و بێوەژنان و قەیرەکچانی دەکرد، بەهێزترین دەربڕین وشە بۆ ئەم ئازارانە دەخاتە کار. ئەو ژێردەستەیی نیوەی کۆمەڵگە لە کۆمەڵگەیەکی پیاوسالاردا دەبینێت و بۆ بەرگی لە نیوەکەی دیکە کاریگەرترین وشەکان بەکار دەبات. لەو دیوی ترس تا ئەودیوی زەلیلی ژن لەم کۆمەڵگەیەدا وێنا دەکات و هێرش دەباتە سەرهەموو گۆشەکانی کولتووری پیاوسالار.

شێرکۆ بێکەس لە کۆمەڵگەی پیاوسالار بێزارە و لە شیعرەکانیدا هاوار دەکات:

لێرە تۆڵەکە هەرزانترە یان قژی پیرێژنێ؟!
لفکەشامی گرانترە یان مەمکی بێوەژنێ؟!
یەك تاڵەمووی سمێڵی خێڵێك
بەرامبەر چەند زریکەی ژنە؟!
لێرە ئیقلیمگیرە.. ئیقلیمگیر
وەیشوومەکەی ئازاری ژن!

ژن لە شیعری شێرکۆدا پێگەیەکی تایبەتی هەیە. چرای ژیان ڕۆشنایی بوونیەتی. شێرکۆ دەڵێت: ئەگەر ژن لە جیهان لا ببرێت، جیهانی شیعری دەخنکێت و دەمرێت. وەک ماسییەک کە لە ئاو بیگرنەوە. هەستەکانی ژنان، هاوڕێیەتی و خۆشەویستی لەگەڵیان وەک پەلکەزێڕینەک خەیاڵی شیعریم بەهێز دەکەن و توانای شیعربێژیم ڕەنگین دەکەن. ئەو هەروەها دەڵێت: لە گەنجیدا لە پەنجەرەیەکی ڕۆمانتیکەوە لە ژنم دەڕوانی، بەڵام ئەزموونەکانی ژیان فێریان کردم کە ژن بە تەنیا سەرچاوەی خەیاڵی ڕۆمانتیکی شیعر نییە، ژن باڵەکەی دیکەی ژیان و سەرچاوەی بێکۆتایی بەختەوەرییە.

شێرکۆ لە یەکێک لە شیعرەکانیدا کە لە نێوان ژن و شیعردا ناچار بە هەڵبژاردنی یەکێکیان بکرێت، ئەو ژن هەڵدەبژێرێت و کاتێ کە ئەم ژنە سەرلەبەری ژیانی لەخۆ دەگرێت، لەناکاو خۆی دەبێتە قەسیدەیەکی نایاب. هەموو جوانی و شتەکان دەخاتە خزمەت جوانی ژنەوە. لە شعرێکدا دەیەوێت ئاوێنەیەک بێت تەنیا بەو مەرجەی لە ژووری ژنێکی جواندا، جوانییەکی پێ نیشان بداتەوە. یان دەیەوێ گوڵێک بێت بەومەرجەی لە ڕۆژی ڤالانتایندا

خۆی پێکەش بە ژنێک بکات.
شێرکۆ بێکەس، هەموو ژنانەی و ڕەمزەکانی بەکار دەبات تا ئەو زوڵمە مێژوویە نیشان بدات کە دەرحەق بە ژن کراوە: بازنە، گوارە، ملوانکە، دەستبەند، سەرپۆش، لە شیعری شێرکۆدا لە ناکاو گیانیان بەبەردا دەکرێ و دێنە قسە. هەریەک بەجۆرێک دەبنە گێڕەرەوەی مێژووی پڕئازاری سەرکوتی ژنان. (تاریکی) و (ڕووناکی) لە شیعری شێرکۆدا، دوو لایەنی جەدەلێکی کولتووری و کۆمەڵایەتی لە نێوان (پیاو) و (ژن) لە کۆمەڵگەیەکی گەشەنەکردوودا دیاری دەکەن. خودی شێرکۆ لە دۆخی پیاوانە و (تاریک و لێڵ)ـی دەترازێت. تاریکییەک کە (چرا) و ڕووناکی لە (ژن)ـدا کوشتووە.

منی تاریك:
هە ر لە و نامە ی دوێنێتدا
چرایەکت بۆ ناردبووم بچکۆلانە...
منی تاریك
کە هە ڵمکرد
لە ئاوینە ی بە رامبە ردا
خۆم بینیە وە مێژوویە کم
لە تارمایی ئە و پیاوانە ی
چرایان کوشت لە ناو ژن دا!

شێرکۆ لە جوگرافیایەکی پیاوانەدا، پێی وایە فرمێسک و ناڵین بەشی ژنانە. یاخی دەبێت و ڕەخنە لە کۆمەڵی پیاوسالاریی دینپەرست دەگرێت. یاسای میرات، پاراستن و چاودێری و تەڵاق بەتوندی ڕەخنە دەکات. سەدان وێنەی بەباچووی وەرزی ژیانی ژنان لە شیعرەکانیدا وێنا دەکات. لە شیعرێکدا ژنێکی جوان و شۆخ وشەنگ و زیرەک، دیلی پیاوێکی پیرو گۆچان بەدەستە. ئازاری ژنان لە هەر تەمەن و هەلومەرجێکدا دەهۆنێتەوە. تاڵە قژی پیرەژنێک دەبینێ و لە نرخی دەپرسێت؟ لە بەهای جەستەی بێوەژن و مەمکە داچەکیوەکانی دەرپرسێ؟ بەڵام لە کۆتاییدا ژەهرێکی تاڵ دەرخواردی خوێنەرەکەی دەدات: بەڵێ، لەم جوگرافیا پیاوانەیەدا، تاڵە مووی سمێڵی پیاوێکی خێڵەکی یەکسانە بە هاواری هەزاران ژن.
شێرکۆ نیگایەکی قووڵی بۆ ئازادی ژن هەیە و خۆی ناخاتە ژێرباری ڕەواڵەتبینی و سەتحیەتەوە. هەندێجار لێکدانەوەی ئێجگار قووڵ لە چوارچیوەی شیعرێکدا دەخاتەڕوو:

لەم ڕۆژهەڵاتهدا
هەر چیمکرد بۆ ئەوەی لە بەردەم
یەك ئاوێنەدا
هەر دوو وشەی "ئازادی" و "ژن"
لە سەر دوو کورسی بەتەنیشت یەکەوە دانێم
بێ هوودە بوو هەموو جارێکیش
وشەی "کۆمەڵ" بە سمێلێکی فشەوە ئەهات و
بەرمالێکی لەبن دە ستداو
خۆی لە جێی ژن دا ئەنیشت!

شێرکۆ بێکەس لە مێژوو نارزاییە. دەیەوێت خولەک و سەعات و مێژوو لە نێرینەیی داماڵێت و بەرگی ژیانی بکاتەبەر. دەیەوێت ئەمجارە ژن لە مێژوودا بگاتە بەشی خۆی. لە جێگەیەکی دیکە سەرپۆش و چارشێوەی ژنان ڕەخنە دەکات و دەڵێت ڕووخسار و سیمات بە شەوی تاریکیی سەرپۆش مەسپێرە. خۆت مەخەرە تابووتی چارشێو و عەباوە. مەگەر دەتوانین ئاسمان گرێ بدەین؟ لە هەموو ئەمانە گرنگتر ئەوەیە کە وەک بڵێی شێرکۆ لە هەستی ژنانە تێدەگات. هەندێجار بەجۆرێکی ناسک لە

ترس و هەستوسۆزی ژنان دەدەوێت کە خوێنەر لەهەر جێگایەکی ئەم جیهانەدا دەتوانێ خۆی لە شیعرەکەدا ببینێتەوە.

ڕووت و قوت بووم
مەمکم ئەیوت: ئەترسم زۆر،
زۆر ئەترسم چنگی عاشقم نەگاتێ و
نەملاوێنێ و نەمگۆڤێ و
پێشتر بمرم!

شێرکۆ بێکەس فیمینیستێکە کە ئازادی ژن بە شتێکی باڵاتر لە یەکسانی یاساییانەی پیاو وژن دەزانێت. لە شیعرێکدا دەپرسێت:

ئەی هاواری خوێناوی ژن
داوای یەکسانی چی ئەکەی
بگەی بە من
کە هێشتا بۆ خۆم پیاوێکم
زیوانی ناو خورافات و
تەوق لە ملی غەیبیات و
دیلە عەقڵم

***بەڕای ئێوە و بەوپێیەی ڕەنگە شیعری زۆر شاعیری جیهانیتان خوێندبێتەوە، ئایا شێرکۆ بێکەس توانیویەتی شاعیرێکی جیهانی بێت؟ چ خاسیەتێک لە شیعرەکانیدا هەیە کە دەیکاتە شاعیرێکی بان نەتەوەیی و بان ناوچەیی؟**

-شێرکۆ بەو شوناسە شیعرییەی کە هەیەتی، تەنها لە سنووری جوگرافیا و سنوورەکانی کولتووری کورد و کوردستاندا قەتیس نابێت. ئەو شاعیرێکی جیهانییە. لە کوردستان لە دایکبووە و لە ڕەوتی ڕووداو و شەپۆلەکانی ئازار و گەشەی کورددا، گەیشتۆتە خاڵی لوتکەی شیعری سەردەمەکەی. پێموایە شێرکۆ لە ئاستی شاعیرە گەورەکانی وەک فدریکۆ گارسیا لۆرکا، پابلۆ نێرۆدا و مەحمود دەرویشدایە. وەک شێرکۆ خۆی دەڵێت کاری سەرەکیی شاعیر پرسیارە. پرسیاری ئەوتۆ کە هەرگیز کۆتایی نایەن. شاعیرانی جیهان بەپێی ئەم بنەڕەتە خزمی یەکترن و ڕەنگە شاعیرێک پرسیارێکی جیهانی لە شیعرەکانیدا بخاتەڕوو کە هەر شاعیرێکی دیکە بە هەزاران شێوە وەڵامی دابێتەوە. هەر ئەم پرسیارە جیهانییانە تۆڕبەندێکی پەیوەندیی سۆزداری و ئیحساسی لە نێوان شاعیرە گەورەکانی جیهان و خوێنەرەکاندا دەخوڵقێنێت.

ئەگەر شیعرێکی جوان لە شوێنێکی جیهاندا بنووسرێت، دەتوانێ سەفەر بە هەموو جیهاندا بکات. ڕەنگە بەڕەواڵەت هەندێجار شیعرەکانی شێرکۆ جلوبەرگی کولتووری کوردیی بەبەردا کرابێت، بەڵام هەموو مرۆڤێک لە هەرشوێنێکی جیهاندا خۆی لێیەوە نزیک دەبینێت. بەبڕوای من شێرکۆ ئاوێتەیەکە لە هەموو شاعیرە گەورەکانی جیهان، ئەو بە سنوورەکاندا گوزەر دەکات، لە شیعرەکانیدا ناومکین دەکاتە مومکین. ڕۆح بەبەر هەموو دیاردە و شتێکدا دەکات. ڕووک و سروشت و شت و دیاردەکان لە شیعری شێرکۆدا ڕێک وەک مرۆڤەکان خۆشحاڵ و دڵتەنگ دەبن. یادەوەرییان هەیە. برووسکە عاشق دەبێت، گوارە خۆی دەکوژێت. کورسی یادەوەرییەکانی دەگێڕێتەوە. جیهانی شێرکۆ، جیهانێکی تایبەت بەخۆیەتی. جیهانێکە کە هەرکەس بڕواتە ناوی قەلەقی و هەستوسۆزی مرۆڤایەتی تێدا بەدی دەکات.

***ئەگەر بە عسمەت سۆفییە بڵێین کە لە هەموو بەرهەمەکانی شێرکۆ بێکەسدا تەنیا یەک دیوان هەڵبژێرە کامیان هەڵدەبژێرێت؟ و بۆچی؟**

-من کورسی، خاچ و مار، ئێستا کچێک نیشتمانمە و

گۆڕستانی چراکانم زۆر خۆش دەوێت و چێژ لە خوێندنەوەیان وەردەگرم. پرسیارێکی زۆر سەختە کام بەرهەمەی هەڵبژێرم. بەڵام ئەگەر ناچار بەم هەڵبژاردنە ئاستەمە بکرێم، بێگومان (ملوانکە) هەڵدەبژێرم. ملوانکە بە بڕوای من مانیفێستی هاواری ژنە لە ڕۆژهەڵاتدا. لە ملوانکەدا ئێمە ترس و ئازار و مێژووی چەوساندنەوەی ژن دەبینین. هەندێجار شێرکۆ لە چەند شوێنێکی ئەم بەرهەمە شاکارەدا ترسەکانی ژنێکی گواستۆتەوە وەک ئەوەی هەموو ژنانەیی ئەوی خوێندبێتەوە و دەرکی پێکردبێت و ترسە جەستەیی و ڕۆحییەکانی دەناسێت. ملوانکە دەنگی ژنی ڕۆژهەڵاتییە کە لە گەرووی شیعرەکانی شێرکۆوە دێتە دەر.

***وەک خۆتان نووسیبوتان بڵاوکردنەوە و چاپکردنی شیعرەکانی شێرکۆ بێکەس بە نەرویژی هاوکات بوو لەگەڵ مردنی شێرکۆ بێکەس.. کاتێک هەواڵی مردنی شێرکۆتان بیست، چ هەستێکتان هەبوو؟**

-کە هەواڵی مەرگی کەسێک کە لێوەی فێربوویت و زۆرت خۆش ویستووە، دەبیستی، لێرەدا هەواڵی مەرگ تەنها لەدەستدانی کەسیک نییە، بەڵکو لە گۆڕنانی هەندێک خەونیشە. من چەندینجار لەوکاتەوەی دەستم بە وەرگێڕانی شیعرەکانی شێرکۆ کرد، لەگەڵ شێرکۆ بێکەس بە تەلەفۆن قسەمان دەکرد. لەبەر هەندێک هۆکاری ئیدارییش لەگەڵ بەڕێزی و سکرتێرەکەی (خاتوو گەلاوێژ) نامەمان ئاڵوگۆڕ دەکرد. دواجار کە قسەم لەگەڵ کرد داوام لێکرد بەڵێنی ئەوەم پێ بدات دوای چاکبوونەوەیان، لە مەراسیمی خستنەڕووی کتێبەکە لە نەرویج، لە سێپتەمبەری ئەمساڵدا ئامادە بن. زۆر لەمێژە چاوەڕێ بووم لە نەرویج یان لە کوردستان ببینم. خەونم بوو کۆپییەک لە کتێبەکەی بۆ بنێرم. ڕۆژی هەینی ٢٠١٣/٨/٢، بڵاوکاری کتێبەکە تەلەفۆنی بۆ کردم و وتیان کتێبەکە چاپکرا. هەر ئەو ڕۆژە کۆپییەکیان بە پۆست بۆ ڕەوانە کردم. من بەم هەواڵە زۆر خۆشحاڵ بووم. دەمزانی ئەگەر هەینی کتێبەکە ڕەوانە بکرێت، بێگومان دووشەممە دەگاتە دەستم. تەمەنی ئەم دڵخۆشییەم زۆر کورت بوو. ڕۆژی یەکشەممە هەواڵی مەرگی شێرکۆ، تەواو تەواو تووشی شۆکی کردم. نەمدەتوانی باوەڕ بە مەرگی بکەم. ئەو ڕۆژە زۆر بە قووڵی گریام، نەک بۆ مردنی شێرکۆ، چونکە شێرکۆ هەرگیز نامرێت، هەم خۆی و هەم شیعرەکانیشی نەمرن. من بۆ نەتەوەیەک گریام کە شێرکۆی گەورەی لە دەستدا. من بۆ خۆم گریام کە خەونێک لە خەونەکانم نەهاتەدی. خەمی لەدەستدانی شێرکۆ بۆ من، خەمێکی زۆر زیاتر بوو. من بۆ هەمیشە هەلی ئەوەم لەدەستدا بەدەستی خۆم کۆپییەک لە کتێبەکەی بدەمێ و لە ڕاوسەرنجەکانی بپرسم. من بۆ هەمیشە لە دیداری بێبەش بووم. من بۆ مەرگی ئەم خەونەی خۆم زۆر زۆر گریام. من بۆ مردن و تەواوبوونی هەموو ئەوانەی کە عاشقانە دەژین، دڵم تەنگ دەبێت. شێرکۆ عاشقانە ژیا و عاشقانەش مرد. هاوڕێ ئەدەبدۆستەکانم تەلەفۆنیان کرد و سەرەخۆشیمان لە یەکتر دەکرد. خاتوو نگین وەکیلی، دیزاینەری کتێبەکە تەلەفۆنی بۆ کردم و ئەو ڕۆژە قسەکانی هێور و ئەهوەنیان کردمەوە. لە کاتێکدا قووڵپی گریان لە گەروومدا بوو، هەر ئەو ڕۆژە تەلەفۆنم بۆ ماری هاراڵدسن کرد و هەواڵەکەم پێگەیاند. ئیمەیلێکیشم بۆ بڵاوکاری کتێبەکە نارد. هەموومان بە مردنی ئەو حەپەسابووین. ئێمە هەموومان ڕۆژی پێشوو نغرۆی خۆشی چاپبوونی کتێبەکە ببووین، و ڕۆژی دواتر هەواڵی

مەرگی شێرکۆ تەواو دڵتەنگی کردین. شێرکۆ پاڵپشت و گەورەی رۆشنگەر و رۆشنبیری بوو لە کوردستان. ئەو پشتیوانی فەلسەفەیەکی گەورە بوو. فەلسەفەیەک لەو دیو شیعرەکانییەوە هەیە، پاڵپشتی و دڵگەرمییەکی گەورە بوو بۆ بزوتنەوەی ژنان و فیمینستەکان.
ئەو شەوە بە خەمێکی گەورەوە، سەرم کردە سەرسەرین و زۆرکەم و خراپ خەوتم. رۆژی دواتر وەرگێرانی شیعرەکان بەدەستم گەیشت. هەم خۆشحاڵ بووم بەوەی کە توانیبووم کارێکی هەرچەندە بچووک بۆ گەیاندنی دەنگ و شیعر و فەلسەفەی شێرکۆ بۆ خەڵکانێک لە شوێنێکی دیکەی جیهاندا بکەم، و هەم دڵتەنگ و خەمگین بووم کە شێرکۆ لەناواماندا نییە. هەستێکی زۆر سەیربوو. وەسف ناکرێت. بەڵام بڵێین چی. وەک فروغ فەرۆخزاد دەڵێت: تەنها دەنگ دەمێنێتەوە!

***کاردانەوەی بڵاوکردنەوەی شیعرەکان چی بوون؟ شیعرەکان بڵاوبوونەتەوە، شاعیران و ڕەخنەگرانی ئەدەبیاتی نەرویژ و رۆژنامەکان چۆن پێشوازییان لێکردووە؟ وابزانم لە شوێنێک وتبووتان کە (کاڵین فاڵکاید) شیعرەکانی زۆر بەدڵ بووە. بۆچوونەکانی چۆن بوون لەسەر کتێبەک؟.**

-ئەم کتێبە وەک پێشتر ئاماژەم پێدا، رۆژی ٢ی ئۆگۆست (٢٠١٣/٨/٢) چاپکرا. لەبەرئەوەی ئەم کتێبە لەو کتێبانەیە کە وەزارەتی رۆشنبیری نەرویج چەندین کۆپی لێدەکڕیتەوە، وابڕیارە کە دوو یان سێ کۆپی لە کتێبەکە بۆ سەرجەم کتێبخانە گشتییەکانی نەرویج ڕەوانە بکرێت. هەرچەندە ئێستا کتێبەکە لەبەردەست خوێنەردایە و دەتوانن بیکڕن، بەڵام بە شیوە فەرمییەکەی هێشتا مەراسیمی ناساندنی کتێبەکە نەکراوە. لە نەرویج وا باوە کە دوای بڵاوبوونەوەی هەموو کتێبێک، بڵاوکاری کتێبەکە لە مەراسیمێکدا و بە ئامادەبوونی رۆژنامەنووسان و ئەدیبان و کەسایەتی و ڕێکخراوە جۆراوجۆرەکان کە پەیوەندیان بە کتێبەوە هەیە، کتێبەکە دەخرێتەڕوو. دوای مەراسیمی خستنەڕووی کتێبەکە ڕەخنە و دەقی تایبەت بە کتێبەکە، چ لە رۆژنامەکان و چ لە گۆڤار و ماڵپەڕە ئەدەبیەکاندا دەنووسرێت. وابڕیارە سێپتەمبەر ئەم مەراسیمە بەڕیوەبچێت. هێشتا زۆر زووە قسە لەسەر پێشوازی شاعیران و ئەدەبدۆستەکان بکەین. (ڕەنگە چەند مانگی داهاتوو بتوانم بە وردی وەڵامی ئەم پرسیارە بدەمەوە). بەڵام دەبێ ئاماژە بەم خاڵە گرنگە بکەم کە ئەوکاتەی ئێمە سەرقاڵی وەرگێرانی کتێبەکە بووین یەکێک لە شاعیرە زۆر گەورە و ناودارەکانی نەرویج بە ناوی (کاڵبین فاڵکاید) تێبینی و ڕینمایی زۆر گرنگ و بەبایەخی بۆ دەکردین. ناوبراو هەر شیعرێکمان وەرگێرابێت دەیخوێندەوە و بۆچوونی ڕەخنەیی و پێشنیارەکانی بۆ دەناردین. کە کتێبەکەش چاپکرا، لە وەسفی کتێبەکە لە لاپەڕەی سەرەکی بڵاوکراوی کتێبەکەدا نووسیووی:
" یەکێکە لە سەرکەوتووترین کتێبە شیعرییەکان. ماوەیەکی ئێجگار زۆر کتێبێکی شیعری وەها بەهێز و کاریگەرم نەخوێندۆتەوە. شیعرەکان بە شێوەیەکی فریودەر سادە دیارن. هونەری سادەیی و ئاڵۆزی تێدا شاراوەیە. شاعیر ئێجگار بە ئەزموونە و بابەتی زۆر گرنگی بۆ نووسین هەڵبژاردووە... لە کۆتاییدا دەڵیم کتێبێکی دانسقەیە. حەتمەن بیخوێننەوە".

***ئێستا شێرکۆ بێکەس لە ناواماندا نییە، ئێوە دەتانەوێ بەردەوام بن لە وەرگێڕانی شیعرەکانی بۆ نەرویجی؟**

-بەڵێ، بێگومان. بەتایبەت ئێستا کە شێرکۆ لە ناواماندا نییە دەبێ هەوڵی زیاتر بدرێت بۆ ناساندنی. من تا ئەوشوێنەی کات و دەرفەت ڕێگە بدات، هەوڵ دەدەم

شیعرەکان و ئەو فەلسەفەیی لە پشتیانەوە هەیە، زیاتر بە خەڵکی ئەم وڵاتە بناسێنم.

***گریمان هاتنە سلێمانی و لە پارکی ئازادی بۆ لای گۆڕەکەی و ویستتان شیعرێکی خۆی لەسەر گۆڕەکەی بخوێننەوە، چ شیعرێک بۆ مامۆستا شێرکۆ دەخوێننەوە؟**

لەسەر گۆڕەکەی شێرکۆ ئەم شیعرە دەخوێنمەوە، تا پێی بڵیم کە ئەویش وەک چارلی چاپلن، بە شیعرەکانی جاویدان و نەمرە.

زۆر شت هەن، ژەنگ
هەڵدێنن و
بیر ئەجنەوە و
دوایش ئەمرن

وەك تاج و
سەولەجان و
تەختی ژێر پای پاشاکان..!

زۆر شتی تری دنیاش هەن
نارژێن و
بیرناچنەوە و
هەرگیز نامرن
وەکو شەبقە و
کۆچانەکە و
پێڵاوەکەی
"شارلی شاپلن"

***کاڵین فاڵکاید، شاعیری گەورەی نەرویجی**
***کەڤەری کتێبەکە بە زمانی نەرویجی (دیزاینەر: نگین وەکیلی)**

دەربارەی شیعر و گۆڤاری (شیعر)

گفتوگۆ لەگەڵ محەمەد ماغووت-دا

لە عەرەبییەوە: شوان ئەحمەد

***بیری یەکەم شیعرت دێت کە نووسیت؟**

-بیرمە یەکەم شیعر کە بڵاوم کردەوە بە ناوی (غادە یافا)وە بوو، لە گۆڤاری (ئاداب)ی بەیروتیدا بڵاوم کردەوە. ئەو گۆڤارە لەبەرئەوەی بابەتی کەسی بڵاو نەدەکردەوە (گەر نازناوێکی گەورە بە ناوەکەیەوە نەبوایە)، ناچار منیش نازناوی دکتۆرم هێنا و لە پێش ناوەکەمدا دامنا.. ئەگەرچی بۆ خۆم ئەوەی هەمبوو، تەنها بڕوانامەی قۆناغی سەرەتایی بوو.

سەروەختێک شیعرەکەم لە گۆڤاری (ئاداب) بڵاو کردەوە، کارمەندێکی شارەوانی هەبوو لە (سەلمیە) ئەویش شاعیر بوو تووشی شوک هات، چونکە ساڵانێک بوو شیعرەکانی دەنارد بۆ (ئاداب)، بەبێ ئەوەی تاکەیەک دێڕی بۆ بڵاو بکەنەوە. کە دەپرسێت ئەو (محەمەد ماغووت)ـە کێیە؟ پیاوماقووڵانی شارۆچکەکە پێی دەڵێن: (ئەو نە دکتۆرە و نە هیچ)، بەڵکو تەنها جووتیارێکە و بە هۆی کاری بەردەوامی لە خاکوخۆڵدا پاژنەی پێی هەمووی قڵیش بووە. ئەمەش ئەوەندەی تر ئەو پیاوەی حەپەساو و واقۆڕماوتر کردبوو.

***جارێکیان باست لەوە کردبوو کە زیندان کردوویەتی بە شاعیر، کاتێک چامەی (کوشتنت) نووسیوە.**

-سەروەختێک ئەو قەسیدەیەم نووسی، نەمدەزانی شیعرە. لە زینداندا تەنها خەریکی نووسینەوەی ئێشوئازار و بەدبەختییەکانی خۆم بووم و هیچی تر، بەردەوام دەمنووسی و پێشم وا بوو ئەوەی دەینووسم، تەنها بیرەوەریی زیندانییەکە ئازار دەچێژێ و خۆی دەخواتەوە و حەسرەتکێشە و فڕی بە سەر شیعرەوە نییە، لە سەر پاکەتی جگەرە دەمنووسی و ڕەوانەی دەرەوەی زیندانم دەکرد، بەڵام کە (ئەدۆنیس) خوێندییەوە وتی: (ئەمە شیعرە). پێم وت: (جا تۆ دڵنیایت لەوەی دەیڵێیت؟)، وتی: (بەڵێ). لە ئێوارەکۆڕێکی گۆڤاری (شیعر)دا و بە ئامادەبوونی (ئونسی حاج و یوسف خاڵ و ڕەحبانییەکان)، شیعرێکی منی خوێندەوە بەبێ ئەوەی ناوم بێنێت.. ئەمە وای کرد ئامادەبووان لە ناو خۆیاندا بکەونە واتەوات و بڵێن (ئەوە شیعری بۆدلێرە، نا هیی ڕامبۆیە)، بەڵام (ئەدۆنیس) هەر کە شیعرەکەی تەواو کرد، دەستی بۆ ڕاکێشام و وتی ئەمە شاعیرەکەیە.

***ئەو کاتە بۆچی چوویت بۆ بەیروت؟**

-لەبەر ئەوەی لە دیمەشق و لە سەردەمی یەکێتیی نێوان میسر و سوریادا، ناوم لە لیستی ئەو داواکراوانەدا بوو کە دەبوو دەستگیر بکرێن.

***گرووپی گۆڤاری (شیعر) بە چ شتێکی شیعری تۆ سەرسام بوون؟**

-ئەوکات شیعری عەرەبی نوقمی ناو قەیران و چەندوچۆنێکی دیالەکتیکی بوو، دەربارەی بوون و نەبوون و باسوخواسی وا کە بە سەدان ساڵ بوو جێمان هێشتبوو، بەڵام من بۆ خۆم تووڕە و برسی بووم و باسم لە کێچ و ئەسپێی زیندان و پاوپێی ئاسنینی پاسەوانەکان دەکرد لە سەر دڵم. باسی دارمەیت و گۆڕەپانی لەسێدارەدان و دەموسەقەلی بێئابڕووی پیاوە دڵڕەقەکانم دەکرد. باسی ئەو خەونەم دەکرد کە خامۆش بوو. باسی بزە و خەندە و برژانگە خەملێنیشتووەکانمانم دەکرد. وەک ئەوەی لەو کاتەدا خۆیان پێیان وتم: (شیعرم لە خەڵوەتگە و ئەشکەوتەکانەوە پەلکێش کرد بۆ ناو گازینۆکان.)

***چۆن سەیری ڕۆڵی گۆڤاری (شیعر) دەکەیت لە بەرەوپێش بردنی شیعری عەرەبیدا؟**

-لە ساڵانی پەنجاکاندا ئێمە کۆمەڵەقەرەجێکی ڕووتوڕەجاڵ بووین لە ڕووی فیکری و سیاسی و ویژدانییەوە و لە بری ئەوەی خێمەکانمان بدەین بە کۆڵماندا، شیعرەکانمان بە شان هەڵگرت و وێڵگەرد و بێچارە لە گۆڕەپانی (البرج) لە بەیروت یاخود لە کایەی فیکریی عەرەبیدا بەملاولای خۆماندا دەمانڕوانی. لەوکاتەدا (یوسف خاڵ) هات و دەوارێکی بۆ هەڵداین کە دواتر ناویان نا گۆڤاری (شیعر).. یەکەمین کەس کە کەوتنە لەتوپەتکردن و وێرانکردنی دەسکەوتەکانی، ئەوانە بوون کە ئەو گۆڤارە

داڵدەی دان و ئامێزی بۆ کردنەوە.
وەکو هەموو سەرەتایەکی شۆڕشگێڕانە و ئایدیایەکی ڕەسەن، هەر ئەوەندە ڕێگەی خۆی دۆزییەوە و بەرەوی سەند، ئیدی هەزاران ئایدیای چەوت و درۆزنە بیروبۆچوون ئامبازی دەبن، بۆ ئەوەی بە ناوی دروشمگەلێکی ڕادیکاڵانەوە شوێنی بگرنەوە.

***سەروەختێک لە گۆڤاری (شیعر)دا دەستت پێکرد، شیعری پرۆتیستی و ویڵگەردیت لەگەڵ خۆت هێنا و شان بە شانی ئەوانی دیکە، بوونە سەرمەشقێک کە لە هەوڵی ئەوەدا بوون زمانی کۆن و تەقلیدی تێک بشکێنن. تا چەند گۆڤاری (شیعر) ڕۆڵی هەبوو لەوەی شیعری تۆ بەو ئاراستەیەدا بەرێت؟**



-کاتێک لە پەنجاکانی سەدەی بیستەمدا لە دیمەشقەوە چووم بۆ بەیروت، من نەچووم بۆ لای گۆڤاری (شیعر)، بەڵکو گۆڤاری شیعر هات بۆ لای من. ئەمەش هۆکاری ڕۆشنبیری یان مەزهەبیی لە پشت نەبوو، نا لەبەر هۆیەکی زۆر سادەوساکار، ئەویش ئەوە بوو من کرێی تاکسی یان سێرڤسم شک نەدەبرد، تا بچم بۆ (ڕاس بیروت) کە بارەگای گۆڤارەکەی لێبوو..

سەروەختێکیش ئەو کێشەی هاتوچۆیە چارەسەر بوو، دەستم بە نووسین یاخود بە خوێندنەوەی ئەوە کرد کە دەمنووسی، ئیتر بە لامەوە گرنگ نەبوو بە چ زمانێک دەنووسم، یان پابەندی چ شێوازێکی نووسین دەبم، یاخود لە سەر لاپەڕەی چ گۆڤارێک بڵاوی دەکەمەوە، تەنانەت باکم بە خوێنەر و ڕەخنەگرانیش نەبوو. من بریندار و ڕاوەدوونراو بووم و پەنام بۆ شیعر هێنابوو، وەک چۆن مرۆڤێکی سەرەتایی پەنا بۆ قەدی درەختێک دەبات، لە دەست ئەو درندەیەی هەڵیدەبڕێت، بەبێ ئەوەی گوێ بداتێ ئەو درەختە چییە و چ چەشنێکە.
ئەوەی بۆ من گرنگ بوو ئەوە بوو، کونفڕانسێک بۆ هەموو برسی و دەربەدەر و چەوساوەکانی عەرەب ساز بکەم و تیایدا شیعربارانیان بکەم، بەڵام لەبەر ئەوەی نە برسێتی کۆتایی هات و نە تیرۆر و دەربەدەری، درێژەم بە کاری نووسین دا و پێشم وایە بێپەروا تا ناو گۆڕەکەم بەردەوام دەبم.
گۆڤاری (شیعر) ئەو بڵندگۆ بچووک و ئەو ئەمرازە بوو کە ئەو خواستەی بەدی هێنام، لەوەی بتوانم بە ڕاستگۆیی و بێ هیچ فرتوفێڵێکی سیاسی، دەنگم بەوانی دی بگەیەنم.

گفتوگۆ

***دوای ئەوە پەیوەندیت لەگەڵ گرووپی (شیعر)دا چۆن بوو؟**

-لە کۆڕ و کۆبوونەوەکانیاندا کە زۆربەی جار لە ماڵی (یوسف خاڵ)دا ساز دەکرا، قسەم نەدەکرد و تەنها گوێم لە قسەوباسەکانیان دەبوو، دەربارەی شاعیران و ناوگەلێکی وەک (ئەزرا پاوەند و تی.سی.ئەلیۆت و سۆزان بێرنار) کە نەمدەناسین. من جگە لە عەرەبی زمانێکی دیکە نازانم، لە کاتی گفتوگۆ و مشتومڕەکاندا بێدەنگ دەبووم، بەڵام کاتێک خواردنیان دەهێنا دەستم بە خواردن دەکرد. (یوسف خاڵ) و هاوسەرە ئەمریکاییەکەی، بەشی هەفتەیەک خواردنیان ئامادە دەکرد و ئامادەکردنەکەشی بە شێوازی ئەمریکی بوو.

***واتە خولیای (تیپەڕاندن) و (مودێرنە)ت نەبوو؟**

-من بۆ خۆم وام، حەز دەکەم شتەکان زوو مەیسەر بن، واتە دەمەوێت دەستبەجێ و بە خێرایی، خۆشەویستی بکەم، ڕق بکەم، بڕۆم و بێمەوە و بنووم و هەستمەوە، ئەزموونی تاڵ و خەم و ناسۆری زۆرم هەبوو.. نغرۆ بووم و کاتی ئەوەم نەبوو، تا جۆر و پانی و درێژیی ئەو دار و تەختەیەی پێ هەڵبژێرم کە قوتاری دەکردم.

واتە ئەوەی دەمنووسی دەربەستی نەبووم چییە و چۆنە، دەمنووسی تەنها بۆ ئەوەی قوتاربم. ئێستاش هەروام و بەلامەوە گرنگ نییە ئەوەی دەینووسم ناوی دەنێن چی، پێی دەڵێن شیعر یان پەخشان یاخود گرافیک یان سەما، پەشمە لە لام. ئەوەی بەلامەوە گرنگە ئەوەیە لە سەردەمی پڕ لە درۆی ئێستا و ئەوسادا، بە ڕاستگۆیی بنووسم. لە سەردەمی پڕ ترس و بیمی دوێنێ و ئەمڕۆدا، بوێرانە قەڵەم بگرم. شەڕی من لە پشت کورسی و مێز و لە کۆڕ و کۆبوونەوەی ڕەخنەگران و لە پشتی مایکەکانەوە نییە، شەڕی من لە ناو ژیان خۆیدایەتی. زۆرێکی زۆر لەوانەی خۆیان بە سەرمەشقی تێپەڕاندن و نوێبوونەوە دەزانن، بڕواناکەم لەوکاتەوەی دەستبەرداری ژیان خۆی بوون، شتێکیان چێ کردبێت.

ئەمە ئەوە ناگەیەنێت کە من بە (مانا میلییەکەی) ئازا و بوێرم، نەخێر زۆرێک لەو شیعر و گۆشە ڕۆژنامەوانییانەی دەیاننووسم و دەیاننێرم بۆ بڵاوکردنەوە، تا بڵاو دەبنەوە لە ژێر چرپایەکەمدا لێی دەکەوم و دڵەکوتێمە.

***وا تێدەگەم تۆ شیعر لە ئەزموونی ڕاستەقینە و ڕەسەن جیا ناکەیتەوە؟**

-بێگومان. گەر وا نەبێت بۆ بەوە دەڵێن دارتاش و بەم دەڵێن شاعیر و بە یەکێکی تر دەڵێن بەرگدوور یان شانۆکار؟ بەهۆی ئەم دووفاقییەوە کەمێکی کەم نەبێت، لە کایەی ئەدەبیدا دۆست و هاوڕێم نەماوە.

***لەگەڵ گرووپی (شیعر)دا لەسەر چی تێک چوون؟**

-من وەکو پێدەشتی (بیقاع) یان (زەبەدانی) ڕوون و ئاشکرام، هەڵوێستی پەنهان و شاراوەم نییە. گەر هەڵە و ناهەقییەک ببینم، ناتوانم لە سەری هەڵنەدەمێ و چاوپۆشیی لێبکەم، نەخێر باسی دەکەم گەر باعیسی ماڵوێرانیشم بێت. پێدەچێت ئەو قۆناغە سەرەتای پەردەپۆشکردن و پاساودانەوەی هەڵە و کەموکوڕییەکان بووبێت، من لای خۆمەوە پێم وا بوو ئەرکی من وەک مرۆڤێک (نەک وەک نووسەرێک)، ئەوەیە پەردە لە ڕووی ئەو شتانە هەڵهاڵم و هەقیقەتیان بەیان بکەم.

لێرەوە دەیانوت تۆ بوێر و ئازایت. من ئازا نیم، بەڵام ڕاستگۆم لەگەڵ خۆمدا. من ناتوانم پێشنیوەرۆ ترسنۆک بم و پاشنیوەرۆش ئازابم، دەمەوئێواران چەپڕەو بم و کە شەو داهات ببمە ڕاسترەو. لە بەهاردا ناسری بم و

له زستاندا کۆمۆنیست. من له سەرجەم وەرز و کات و قەیرانەکاندا خۆم بووم و هەرگیز نەگۆڕاوم.
گرووپی (شیعر) له بورجی عاجیدا و نه حەواوه دەیاننووسی، من هەوڵم دا دایانگرمه سەر زەوی و بیانهێنمه ناو شۆسته و شەقام و دەربەدەری و کەلاوەکانی ژیان، واته ناچارم کردن له ئاسمانەوه بگەڕێنەوه سەر زەوی، بەڵام هەروەکو میوانێکی ناوەخت له سەر سووچێکی خوانەکەدا مامەوه و جیابووینەوه، چونکه من شاعیری کووچه و کۆڵانەکانم نەک شاعیری کۆشک و دیوەخانەکان بم.
بەر لەوەی لێیان جیا ببمەوه، فێری وێڵگەردی ڕێگەوبانەکان و ژێر بارانم کردن. من کەلێنێکم کرده دیوارێکی کەڕوکاسەوه.

***دوای ئەوەی بوویت به ناو و شیعرەکانت ڕەواجیان پەیداکرد، بۆچوونی گرووپی (شیعر) بەرامبەرت نەگۆڕا؟**

-هەندێکیان دەیانوت: (محەمەد ماغووت شتێکی کاتییه و تێدەپەڕێت)، یان دەیانوت: جووتیارێکی دەشتەکییه و چەند بەسته و حەیرانێک دەچڕێت بیر دەچێتەوه). بیرمه یەکێکیان پێچەوانەی ئەو قسانەی کرد، بەڵام تا ئێستاش نازانم کامیان بوو، چونکه له ژوورەکەی دی دانیشتبووم.

***ئەمه وای کرد لێیان یاخی ببیت؟**

-خۆم له ژێر دەواری تیۆریزەکاریدا بۆ نەدەدۆزرایەوه و ئەمزانی ئەوه جێگەی من نییه. دەمویست دڵخوازی ئەزموونی خۆم بم بەو شێوەی که هەیه، دڵسۆزی ئەو ستایله بم که هۆنراوەکانی سەرەتای خۆم پێ نووسی. من دەربەستی فۆرم نەبووم، بەڵکو چاوم لەسەر ئەو هەستوسۆزه بوو که له ئەزموون و خەم و ژانێکەوه سەرچاوەی دەگرت. له شیعری مندا نه سیمبۆل هەیه نه میتۆلۆژیا و پشت به کەلەپورێکی دیاریکراویش نابەستم، تەنها و تەنها به ڕاستگۆیی و سادەیی پشتئەستوورم. هەمیشه فەقیری بەرقاپیی یەزدان بووم و لەگەڵ هیچ باهۆز و شەپۆلێکدا ڕەنگی خۆم نەگۆڕیوه، من وەک شیعرەکانم وام، ناگۆڕێم و هەر وەک خۆمم. کێشەی دەستەبژێری گۆڤاری (شیعر) ئەوەبوو، به دیار تێکشکانی کەشتییەکەوه دۆش دادەمان و بۆی ڕۆدەچوون، بەبێ ئەوەی بیر له نوقمبوونی یەکجارەکی کەشتییەکە بکەنەوه. سێ جار به یەکێکیان بڵێ (موتەنەبی)، یەکڕاست دەبوورێتەوه و له هۆش خۆی دەچێت، بەڵام له دووریی کیلۆمەترێکەوه باسی (جاک پریڤەر) ی بۆ بکە، قوت دەبێتەوه و بەرزەپێ دەوەستێ، وەک ئەوەی شیری شێری خواردبێت.
ئەوەی ئەم هەستەی درووست کرد و شاباشی کرد، گرووپی گۆڤاری (شیعر) خۆیان بوون. هەرگیز دەرد و کەموکۆڕی له کەلەپووردا نییه، ئەوەندەی له دڵ و دەروونداید (له دڵ و دەروونی ئەوانه خۆیاندایه)، ئەوەش به ڕوون و ڕەوانی به شیعر و به قسه و به سەکسوکانیانەوه دیاره.

***یەکەمین کۆمەڵەشیعرت (حزن فی ضو القمر) چ دەنگدانەوەیەکی هەبوو؟**

-ئەوکات تاوانبار کرام بەوەی کەسێکی ڕووخێنەر و ڕەشبینم و دژی ئەو قۆناغه ئاسوودە و گەشەم که نەوەکانی داهاتوو چاوەڕێین. لەو بڕوایەدام دوای ئەو ماوه دوور و درێژه له بەختەوەری و ئاسوودەیی، شاعیر ناچاره تۆزێک شین و زاری بکات و شوناسی خۆی بگۆڕێت بۆ قشقەڕە.

***تێگەشتنی تۆ بۆ شیعر چییه؟**

-شیعر جۆریکه له ئاژەڵی کێوی و کێش و سەرا و تەفعیله دەستەمۆی دەکەن و من بۆ خۆم لەگەڵ دەستەمۆکردنی شیعردا نییم، هەربۆیه به ئازادی وەک خۆی چۆن هەیه وازم لێهێناوه و لەبەر ئەوەش هەندێ لێی دەترسن.
پێم وایه (پەخشانەشیعر) یەکەمین دەستپێشخەریی نەرمونیانی و خاکیبوونه له کاروانی شیعری عەرەبیدا،

کاروانێک کە بارگاوی بوو بە دڵڕەقی ڕۆحزلیی زارەکی.

هاوکات چامەی پەخشانی نەرمونیانە و ئەزموونی جیهانی هاوچەرخ بە هەموو زۆری و ئاڵۆزییەکانییەوە لە خۆ دەگرێت، هەروەها شاعیر دەخاتە بەردەم تاقیکردنەوە و ناچاری دەکات بەوەی بێ هیچ پێچوپەنا و دەستبردنێک بۆ کێش و سەروا، ڕووبەڕووی شتەکان بێتەوە. بۆ خۆم تاقەتی ئەوەم نییە بەدوای کێشوسەروادا بگەڕێم. من ئەو کاتانە عەوداڵی ماڵێک بووم سەرخەوێکی تیا بشکێنم، لەبری ئەوەی وێڵ و سەرگەردانی شۆستە و شەقامەکان بم، ڕەنگە من شیعرم لەبەر بێتاقەتی و سیاچارەیی نووسیبێت، نەک شتێکی دی.

***واتە تۆ پێت وایە ئەو چامە پەخشانییەی دەینووسی، بەر لە هەرشتێ خۆت هەڵتبژاردووە؟**

-من وەکو (ئەدۆنیس) لە تیۆریزەکردن نازانم، پسپۆڕێکی کشتوکاڵییش نیم تا بڵێم، ئەو شەتڵە چییە، پەینی چەند دەوێت تا بژی؟ بەڵام ئەوەندە دەزانم چامەی پەخشانی وەک پێداویستییەکی ڕاست و درووست هات، بۆ ڕەتکردنەوەی دیکتاتۆریەتی شیعری کلاسیک. چامە پەخشانی بە پرۆسەی بڕینەوەی ئەو لق و پۆپە زیاد و نەشیاوانە دەچێت کە ڕێگری دەکەن و ناهێڵن ئەزموونێک ڕێگەی تایبەتی و دیاریکراوی خۆی بگرێتەبەر. چامە پەخشانی لە هەوڵی ئەوەدایە بگاتە لووتکە، بەبێ ئەوەی دەست لە سەرمایەدارانی کێشوسەروا پان بکاتەوە. ئەم ئەزموونە تازەیە دنیابینییەکی نوێیە بۆ جیهان، لەناو ئاپۆڕەی پێودانگە زەردەهەڵگڕاوەکان و ترادسیۆنی ئاواز و گۆرانی و سەمای وشەکاندا.

***ڕەنگە ئەم بۆچوونانە لەگەڵ ئەو ئەزموونە ناوازە و تایبەتەی تۆدا یەک بێتەوە، بەڵام لەگەڵ ئەزموونەکانی دی لە چامەی پەخشانیدا یەک نەگرێتەوە.**

-ئەڵبەتە من باس لە ئەزموونی خۆم دەکەم، ئەو ئەزموونەش هێندە گەورە و فراوانە، باوەڕ ناکەم هەموویم بەگەڕ خستبێ و کارم پێکردبێت. ئەوە ئەزموونێکی تایبەتی نییە، هێندەی گشتی و هەمەلایەنە. برسیەتی و ترس و کۆێلایەتی و بێزاری و ئۆمێد، ئەو دنیایە بوو کە من لە ڕێگەیانەوە خۆم ناسی. دوای بەسەرچوونی



ئەو ماوە دوورودرێژە، سەیری دنیا دەکەم و ناتوانم بە چاوی برسیەتی و تۆقاندن و بێزاری و ملکەچییەوە لێی نەڕوانم. جگە لە هاوڕێی دێرین و هاوەڵی ڕۆژ و ساڵانی زووم (هیوا)، بەڵام ڕەنگە لە بەرامبەر ئەو نائۆمێدییە قووڵەدا، دەستبەردای ئەویش بم.

من لە ئازادی و ئەڤین و داهاتوو بێئۆمێدم، بەڵام یەک ڕۆژ لە شیعر نائومێد نەبووم و هەرگیز لە شوناسی شیعرم نەکۆڵیوەتەوە و سۆراخیم نەکردووە.

***بەڵام گروپی (شیعر) لەو سەردەمەدا سەرقاڵی تیۆریزەکردنی پرۆژەی تازەگەریی شیعر بوون؟**

-من وتەبێژی فەرمیی گروپی شیعر نیم. ئەو گۆڤارە شەمەندەفەرێک بوو کۆمەڵە شاعیرێکی تێدابوو، لەوانەی خەم و خولیای هاوبەشیان هەبوو، هەروەها ڕەوتێکی



تازەی شیعرنووسییان لە ناو ڕۆشنبیریی عەرەبیدا دامەرزاند، بەڵام لە وێستگەیەکدا ئەو شەمەندەفەرە وەستا و سەرنشینەکانی هەریەک بە لایەکدا ڕۆین.

من پێم وایە ئەوەی زۆر دەڵێت، ئیش کەم دەکات! لە شیعردا بەتایبەت، ئەوەی زۆر باسی شیعر دەکات، شیعری کەم دەنووسێت. من بۆ خۆم زۆر دەنووسم، بەڵام قسە کەم دەکەم.

جارێکیان (ئونسی حاج)ی شاعیر وتی: (من و ماغووت لە دانیشتنەکانی گۆڤاری شیعردا لە هەموویان بێدەنگتر بووین و تەنها گوێمان لە قسەکان دەبوو) بەڵام من بۆ خۆم لەو گوێگرانە بووم کە زۆربەی قسەکانم ڕەتدەکردەوە و قبوڵم نەبوون.

سەروەختێک ئەو دانیشتن و کۆبوونەوانە تەواودەبوون دەهاتمە دەرێ و قسە و باسەکانیانم لە خۆم دەتەکاند و ڕووم دەکردە شەقام و قاوەخانە و ئێش و ئازارە تایبەتییەکانی خۆم و دەستم بە نووسین دەکرد. تا ئێستاش من وەک ئەوەی شیعر دەنووسم، نازانم قسە لەبارەی شیعرەوە بکەم و وەک چۆن شانۆنامە دەنووسم، نازانم قسە لەبارەی شانۆوە بکەم.

پێم وتی: (من نە حەزم بە تیۆریزەکردنە و نە لێشی دەزانم) تەنانەت کە دەمەوێت قسە بکەم، ڕەنگە دوای تۆزێک خۆم بە درۆ بخەمەوە.

من ڕقم لە پۆلێنکاری و حوکمدان و پیاهەڵدانە و دەمەوێت لە ناو قەسیدە و لە دەرەوەشدا شاعیر بم، چونکە شیعر هەڵوێستە لە ژیان. بەوپەڕی ڕاستگۆیی و دڵسۆزییەوە گوزارشتم لە ئەزموونی خۆم کردووە، ئیتر ئەگەر بەشێک بووبێ لە مۆدێرنە یان نە، چونکە من بەردەوام نرکە و ناڵە و ئازارەکانی خۆمم نووسیوەتەوە

و هیچ تەوژمێک، وەک شاعیر و مرۆڤ لەگەڵ خۆیدا نەیبردووم.
بەتەنیایی دەستم پێکرد و هەر بە تەنیاییش مامەوە. من وەکو مرۆڤێکی بریندار نووسیومە، نەک خاوەنی ئاقارێک یان قوتابخانەیەک.

***ڕەخنەگرانی شیعری نوێ تۆ بە ڕابەری چامەپەخشانی دەدەنە قەڵەم و پێیان وایە کیشوەرێکی تازەت لە شیعری نوێدا دۆزیوەتەوە؟**

-ئەوە پەشمە بە لامەوە و هیچ گرنگ نییە بۆ من سەروەختێک بەم ستایلە دەستم بە نووسین کرد، نەمدەزانی شتێک بونیاد دەنێم یاخود زمانێکی دی دەڕووخێنم، بەڵام دوای چەند ساڵێک و لە ڕێی قسەوباسی ڕەخنەگران و شاعیرانەوە (لەوانەش نزار قەبانی و ئەدۆنیس) زانیم کە من و (ئونسی حاج) یەکەم کەس بووین هەوڵی هێنانەئارای شتێکی تازەمان داوە. ئەڵبەتە ئەوکات خۆشحاڵ بووم، بەڵام خۆشحاڵییەکەم زۆری نەخایاند، چونکە لە ڕێی هەندێ ڕەخنەگرەوە زانیم ئەوەی ئێمە درووستمان کرد، شاعیرانی دیکەش تێیدا نیشتەجێ بوون. کەواتە با ئەم داگیرکردنە کاتییەیان لێ پیرۆز بێت.

***هەنووکە وەک شاعیرێکی پێشەنگ لەو ئەزموونەدا، کاتێک سەیری ئەزموونی شاعیرانی شەستەکان دەکەیت، چۆن هەڵیدەسەنگێنیت؟**

-وەک ئەو پیاوە تەنیایەی لە وێنەیەکی کۆنی خێزانی دەڕوانێت، وێنەیەک چرچولۆچ بووە و کاڵبووەتەوە، سەیری دەکەم، وێنەیەکی ڕاستەقینە، بەڵام بەهۆی ترسناکترین مۆنتاژی سیاسییەوە کە داهێنانی عەرەبی بە خۆیەوە بینیبێت شێوێنراوە، دەم چووەتە شوێنی گوێ و گوێ لە جێگەی دەمدا دانراوە و چاو لە شوێنی برۆدایە.
من لافی ئەوە لێنادەم کە لە هیچ شتێکدا سەرمەشق بووبم و خواست و ویستی ئەوەشم نییە پێش هەموان بگەمە پاسەکە، یان ماڵەوە، یاخود قاوەخانە. شتێ نییە لەوەدا مایەی شانازی بێت کە بڵێم من شتێکم سەرباری شیعری نوێی عەرەبی کردووە.
لە بەرامبەر ئەوەشدا هیچ شاعیرێکی دیکەم قبووڵ نییە کە بە کێشوسەروای چەواشەکارانی لە خشتەم بەرێت، نەخێر وێڵی دەکەم و لەسەر شیعرنووسینی خۆم بەردەوام دەبم، تا پەردە لە ڕووی ئەو تراژیدیا ترسناکەی نێوان مرۆڤ و ئازادی هەڵماڵم.

*** (کەماڵ خێربەگ) دەڵێت: (چامەی پەخشانی لەگەڵ ماغوتدا دەستی پێکرد، نەک لەگەڵ ئەدۆنیس و یوسف خاڵ و ئونسی حاجدا..)**

-ئەمە مانای وایە هێشتا لەم دنیایەدا خەڵکێک ماوە هەقیقەت بڵێت و دەشێت وەفا و ئازادی بوونیان هەبێت. مانای وایە ڕۆژانی برسیەتی و ترس و نووستنی ناو حاویەکانی بەردەم کۆشکەکانی بەیروت، بەهەدەر نەچوون، بەڵام من حەزم بە دوژمنایەتیی تازە نییە، چونکە لە بزاوتی شیعری عەرەبیدا و بەتایبەتیش لە چامەی پەخشانیدا، وەک (ترۆتسکی)م لێهاتووە لە بزووتنەوەی کۆمۆنیستدا و لەم ئاخیری عومرەدا، نامەوێت تەورێک بەرسەرم بکەوێت.

***جارێکیان وتووتە: (شیعری کۆن نیوەی شیعرە و نیوەکەی دیکەی قرەقڕ و هاتوهوریایە، مەبەستت لە دەستەواژەی (نیوەشیعر) چییە؟**

-شیعری کلاسیک نیوەشیعرە، لەبەر ئەوەی شیعری سەرخەوشکاندن و بۆنەکان و بەرزکردنەوە و لێدانی ئەم و ئەوە. هەرگیز ئەمە کێشەی من نییە و گوێی نادەمێ. تەنانەت ئەگەر (شکسپیر)یش قەسیدەیەکی بۆ هاتنە

سەر تەختی پادشا نووسی، نایخوێنمەوە، بەڵام ئەگەر لەو ئاهەنگەدا یەکێک لە خزمەتکارەکان شتێکی نووسی، ئەوە بەوپەڕی پەرۆشییەوە دەیخوێنمەوە.

شیعری کلاسیک سەرباری هەموو ئەو شتانەی دەربارەی دەوترێت و سەرباری ڕێزی زۆرم بۆی، بەڵام هەر شیعری بەزم و خۆشی و دەرۆزەکردن و چەپڵەکوتێنە.

***ڕات بەرامبەر ئەو قسانە چییە کە چامەی پەخشانی تاوانبار دەکەن بەوەی هەوڵی تێکوپێکدانی کەلەپوری شیعری عەرەبی دەدات؟**

-ئەگەر چامەی پەخشانی بە ڕابەرە ڕاستەقینەکانییەوە (نەک غەوارەکان) کەلەپور بڕوخێنێت، ئەوا دەستیان خۆش بێت و کارێکی پیرۆز دەکەن.

***سەروەختێک یەکەمین کۆمەڵە شیعری خۆت نووسی، هاوسەردەمەکانت بە شێوەیەکی تەلیسماوی و پڕ پێچوپەنا دەیاننووسی. ئەو سادەیی و ڕوونی و ڕەوانییەت لەکوێوە هێنا؟**

-من ڕقم لە هزر و سیمبول و کۆتوبەند دەبێتەوە و حەزم بەوەیە وەک خۆی باس لە شتەکان بکەم.

***ئاگاداری ئەزموونی شاعیرانی نوێ هەیت؟ ئەوانەی چامەی پەخشانی دەنووسن؟**

-نا، ئاگادار نیم، بەڵام لەو باوەڕەدام لە دوای پەنجاکانەوە شاعیرێکی گرنگ دەرنەکەوتووە. ئێمە لە ئێستادا پێویستمان بە مینهەڵگرتنەوە نییە، ئەوەی پێویستمان پێیەتی شیعردۆزە، چونکە شیعری خراپ بە تەغارە و شیعری باشیش کەم بووەتەوە. چەند لە بارەی شاعیرانی بەنگلادیشییەوە دەزانم، ئەوەندەش ئاگاداری ئەو شاعیرە نوێیانەم.

***پێم وایە تۆ شیعرت بۆ ئەوە نووسیوە تا داکۆکی لە خۆت بکەیت، نەک کوشتەی نوێگەری و تازەبوونەوە و ڕابەرایەتی بیت؟**

-من مرۆڤێکم ترس تەوقی داوم... لە تیرۆر دەترسم و ترسم لە داهاتوو هەیە، پەنام بۆ شیعر هێنا، وەک چۆن مرۆڤێکی سەرەتایی ڕاودەنراو پەنا بۆ قەدی درەختێک دەبات.من شاعیرم لە کۆمەڵگەیەکدا، زۆربەی زۆری بەدەست تیرۆر و برسیەتی و نەهامەتییەکانی ژیانەوە دەناڵێنێتت. لە وەها کۆمەڵگەیەکدا شیعر مەترسیدارە و شاعیر دەکرێتە ئامانج. سەروەختێکیش ڕاوەدوبنرێم و گەمارۆم بدەن و لە ترسی دەمەتەورەکان پەنام بە قەدی درەختێک گرتبێت، نە دەتوانم و نە کاتی ئەوەشم هەیە سۆراغی کێشی شیعر و نە تاوتۆی سەروا بکەم.

ئەرکی شاعیر بەرگریکردنە و ئەو کەسەشی لە ژێر هەڕەشەدا بێت، بۆی گرنگ نییە جۆری ئەو چەکە چییە کە داکۆکیی پێدەکات لە خۆی.

***تێڕوانینت بۆ وێنەی شاعیری کۆن چۆنە؟**

-پێم وایە ئێمە وەک نەوەیەکی کەساس و داماو، پێویستە باب و باپیرانێکمان هەبووبێت لە خۆمان کەفتەکارتر. بابوباپیرانێک کە خۆیان بە زێڕ و ئاورێشم ناڕازێنێتەوە و هەمیشەش لەو دیاری و ناز و نیعمەتانە بەهرەمەند نابن کە گوێبیستی بووم و گوایە بەم یان بەو شاعیریان دراوە. هەر ئەبێ شاعیرانێک هەبووبن قامچییان خواردبێ و تەریک کرابن و دەربەدەرییان چەشتبێ و تیرۆرکرابن، تەواو وەکو ئەوەی لە ئێستادا ڕوودەدات، بەڵام بەداخەوە لاشەی مردووان هیچ ناڵێن. شاعیرێکی داهێنەر هەیە شیعرەکانی بە دڵی خەلیفە (مەئمون) نەبوون، لە داخی ئەوە بڕیاری داوە فیلەکان لەسەر لاشەی هەڵپەڕن، تا بووە بە هەزار پارچەوە.

***هیچ شاعیرێ هێندەی تۆ مومارەسەی نامۆیی و وێڵگەردی و ترسی نەکردووە، ئەو ئەزموونە چیی پێبەخشیت؟**

-چیی پێبەخشیم؟ هەموو شتێکی لێسەندم!

***بەڵام سەردەمی سیاچارەیی و دەربەدەری و زیندان گوزەشت.**

-گەر تۆ پێت وایە دانیشتن لە ئۆفیسێک یان لەسەر خوانێک، پاشان ڕاکشان لەسەر پێخەفێک یان پاڵدانەوە لە گازینۆیەکدا، ئەوە ئارامی و دڵنیاییە، بە هەڵەدا چوویت. ئەو دەسکەوتانە دەرگەیەکن بۆ داخڵ بوون بە توناوتونی بۆشاییەکی تۆقێنەر. پۆشینی شیکترین جلوبەرگ و خواردنی ژەمێک و نووستن لەگەڵ ژنێکدا (خۆشترین ژن)، ئەگەر بە حسابی ئەم سەردەمە خێرایە بێت، لە دوو سەعات زیاتر ناخایەنێت. ئەی چی لەو بیستودوو سەعاتەی دیکە بکەم؟ بچم بیخەمە بانکەوە؟

من وەک ئەو زیندانییە وام کە بۆ ماوەی بیست دانە ساڵ لە زیندانەکەیدا خەریکی لێدانی تونێلێکە بۆ دەربازبوون، کەچی بۆی دەردەکەوێت ئەو تونێلەی لێی داوە دەیباتەوە سەر زیندانێکی دیکە.

***کەمیی داهێنەری نوێ و دەگمەنیی دەنگی دیار و ناوازە چییە؟ تۆ چۆن لەو قەیرانە دەڕوانیت؟ ئایا هۆکارەکەی نەبوونی ئازادیی ڕادەربڕینە؟**

-داهێنەری ڕەسەن و ڕاستەقینە لە هەر هەلومەرجێکدا بێت، دەتوانێت بنووسێت.. ماچباران بکرێت یان دارکاری. من بۆ خۆم هەر لە سەرەتاکانمەوە لە ساڵانی پەنجاکانمەوە وا هەست دەکەم، لە ژێر نەعل و پێڵاودا دەنووسم، ئیتر ئەوە پێڵاوی سیاسی بێت، یان ئابووری، یاخود ئایدیۆلۆژی، یان سۆزداری. کێشەکە لە وڵاتانی عەرەبدا ئەوەیە، ژمارەی پێڵاوەکان دواییان نایەت و ڕێگەکانیش بێ کۆتایین. هیچ پاساوێک نییە بۆ ئەوەی داهێنەر بێدەنگ بێت، چونکە دەبێت بە هەر شێواز و ڕێگەیەک بووە گوزارشت لەوە بکات کە لە ناخیدایە. من ئەگەر بە بەردەوامی نەنووسم هەست بە مردن دەکەم، لە کوێ؟ ئەوە گرنگ نییە. گرنگ باڵندە و خوێندنەکەیەتی، نەک ئەو شوێنەی باڵندەکە تیای دەخوێنێ.

***لە کتێبەکەتدا (سیاف الزهور)، شیعر و پەخشان، بایۆگرافیا و فانتازیا تێکەڵ بە یەکتر دەبن.**

-من دژی ئەوەم نووسین بە سەر چەشن و قوتابخانەدا پۆلێن بکرێت.. لەبەر ئەوە تێکستگەلێک دەنووسم لە



خۆم بچێت. هەمیشە پێم وایە شیعر لە هەموو جێگەیەکدا هەیە و وەک زێڕی سروشتی وایە لە ناخی زەویدا. من نامەوێت لە بێژنگی بدەم و لە گۆشەیەکی بەرتەسکدا دای بنێم، بەڵکو ئەوە جێدێڵم بۆ خوێنەر، وتاری وام هەیە سی ساڵ بەر لە ئێستا بڵاوم کردووەتەوە، بەلام تا ئێستاش هەر تازەیە، چاکترین بەڵگەش لەسەر ئەوە ئەوەیە کە لە کتێبەکەمدا (صاخون الوطنی) بڵاوبووەتەوە. ئەمساڵ چاپی سێهەمی کراوەتەوە و هەندێ هەن پرسیاری شیعرە کۆنەکانم لێدەکەن کە من خۆم بیرم نەماون.

سەروەختێک شانۆنامەی (العصفور الاحدب)م نووسی، بەو مەبەستە بوو کە قەسیدەیەکی درێژە، بەڵام کاتێک (سونەیە ساڵح) خوێندیەوە وتی: (ئەمە شانۆگەرییە)



منیش لێم پرسی: (مەرجی شانۆگەری چییە؟) وتی: (دەبێت بەش بەش بێت) وتم) :پێویستم بە چەند بەش دەبێت؟) وتی: (چوار). کە وای وت بۆی دانیشتم و نەسکی چوارەمم نووسی و تەواوم کرد. هەرچی دەنووسم شیعرە، تەنانەت ئەگەر دەقێکی شانۆیی، یان وتار، یاخود گۆشەیەکی ڕۆژنامەش بێت. جیاوازییەکە لەوەدایە شیعر پێویستی بە پوختی و بژارکردن و سەلیقەی زمانەوانی هەیە و منیش بۆخۆم ماوەیەکی زۆر ئەوەم بۆ تەحەمول ناکرێت، بۆیە پەنا بۆ سانۆ یان ڕۆژنامە دەبەم، تا کەمێک لەو ڕێیسایانە قوتارم بێت.

دەخوازم ئەو نێوانە نەهێڵم لە نێوان ئەوەی شیعرە و ئەوەی شیعر نییە، مۆسیقا لە شیعرەکانمدا لە ناوەڕۆکی دەقەکەدا بوونی هەیە. کاغەزی سپی تووشی فۆبیام دەکات، وەک ئەوە وایە لە بەردەم سیبریایەک لە سەهۆڵبەنداندا بم.

***ئەی چۆن یەکەمین ڕستە ڕام دەکەیت؟**

-گەر قەسیدە یان ئەزموونی شیعریمان بە ماڵێک دانا، ئەوا من لە دەرگەی نادەم، بەڵکو ئەو لە دەرگەم دەدات. دنیایەکی دیسپلینکراوم بۆ شیعرنووسین نییە. شیعرنووسین ئاژاوە و بێسەروبەرییەکە بە جەنگی ئەسپەکان دەچێت لە تەپوتۆزدا. هێدی هێدی شەڕەکە ڕوون دەبێتەوە و هەمیشەش ڕاستگۆیی دەبێتە دەسپێک و کۆتایی شیعرەکانم.

من گەر بە خەستی بریندار نەبم نانووسم، کە دەشنووسم چاوەڕێی پاداشت ناکەم، بەڵکو چاوەڕێی سزام. هیچ بەهرەیەک لە وڵاتانی عەرەبیدا (شیعر بێت یان شتێکی دیکە)، بە بێ سزا تێپەڕ نابێت.

***بەڵام کەسانێک هەن کە بەهرەمەندیی تۆ وەک**

گفتوگۆ

شاعیرێک بەرز دەنرخێنن؟

-ئەڵبەت من سوپاسگوزاری ئەوەم.. شاعیر لەوە زیاتر چیی دەوێت؟ ئەوەی ئەو خوازیاریەتی ئەوەیە قەرەی خۆی و تیانووسەکانی نەکەون و هەقیان بە سەریانەوە نەبێت.

***ناوبانگیشت هێندە ڕۆشتووە، تا ئاستی ئەوەی بوویتەتە ئەستێرە؟**

-ئەوەی پێت دەڵێت حەزم بە ناووناوبانگ نییە درۆدەکات، بەڵام ئەو کێشەیە بۆ من بە جۆرێکی دیکەیە، بە بۆچوونی خۆم لە هەموو دنیادا ڕووناکی خستنەسەر کەسێک بۆ ناساندنیەتی، کەچی لای ئێمە (بەتایبەتیش لە ژیان ئەدەبیدا) بۆ ئەوەیە ڕاستییەکان پەردەپۆش بکات. سەرەڕای ئەوەی بۆ یەکەمجار لە ستۆدیۆکانی (عەبدولحەمید سەراج) و ژوورەکانی لێکۆڵینەوەدا، ڕووناکییان گرتەچاوم، لەوکاتەوە من ڕقم لە شۆرەت و نێوبانگە و ڕقم لە (ئەدیسۆن)یش دەبێتەوە کە کارەبای دۆزییەوە.

***دیارترین خەسڵەت و تایبەتمەندیی تۆ لە نووسیندا بریتییە لە کۆمیدیای ڕەش و هیجاکردن، ئەمانە چۆن لە ئەزموونی نووسینی تۆدا دروست بوون و ئەو تاڵی و ناسۆریانە لە کوێوە سەر دەردێنن؟**

-لەو ژینگەیەی تێیدا پەروەردەبووم، لە دایکمەوە، لە پارادۆکسەکانی ژیانم و لە شەقامەوە. قسەیەکی باو هەیە دەڵێت: (هەموو نووسەرێک ڕەگ و ڕیشەیەکی هەیە کە سەرچاوەی نووسین و کارە داهێنەرانەکەیەتی)، بەڵام من بە هیچ شێوەیەک ژێدەر و سەرچاوە شک نابەم.

تاکە سەرچاوەی من تەنها منداڵیمە و ئەویش ڕاستگۆترین سەرچاوەیە.

جارێکیان لەگەڵ باوکمدا دەچووم بۆ شاری (تەرتوس)، لە بەردەم خاڵێک لە خاڵەکانی پشکنیندا داوای ناسنامەیان لێکرد و ئەویش وەرەقەی کارەبای ماڵەوەی دانێ. لەوەوە فێری هەستی پارادۆکسییەت و سادەیی بووم.

***لە شیعردا مامۆستای یەکەمت کێ بوو؟**

-نکولێی لێناکەم کە (سلێمان عەواد) یەکەمین مامۆستام بوو. ئەوکات لە گۆڤاری (ئاداب) و (ئەدیب)دا بەرهەمەکانی خۆی بڵاودەکردەوە. ئەو ئاشنای کردم بە شیعری نوێ و بە عەرەبی (ڕامبۆ)ی بۆ دەخوێندمەوە. لە یەکەمین ئەو کەسانەش بوو کە چامەی پەخشانییان دەنووسی. لەو سەردەمەدا تەمەنم چواردە ساڵان بوو، تا ئێستاش یەکەمین هەنگاوە نارێک و شڵەژاوەکانی خۆمم لە بەرچاوە.

***وەک دەزانین (ئەدۆنیس) ڕۆڵی لە ناساندنی تۆ هەبووە وەک شاعیرێک؟**

-لە گرتووخانەی (مزە)، (ئەدۆنیس)م ناسی، ئەوکات ئەو شاعیرێکی ناسراو بوو، دوای ئەوە لە بەیروت بینیمەوە و بە گروپی (شیعر)ی ناساندم، بەڵام لەو بڕوایەدام ئێستا کۆلەوە ناکەتەوە کە بمدات بە دادگای (نۆرمبێرگ).

گرفتی (ئەدۆنیس) لەوەدایە مەزەندەی شەڕ دەکات، بەبێ ئەوەی لە قوڕولیتەی سەنگەرەکاندا بژی. نکولی ناکەم لەوەی شاعیرێکی گرنگە و پێم وایە چامەکەی (قبر من اجل نیویورک)، یەکێکە لە هەرە چامە گرنگەکانی شیعری نوێی عەرەبی، بەڵام هەر لەگەڵ چووە خۆرئاوا، ئیتر ڕەسەنایەتیی خۆی لەدەست دا. (ئەدۆنیس) لە خۆرهەڵات مامۆستایە و لە خۆرئاواش قوتابییە.

پاشان ئەم هەموو تیۆریزەکردنە بۆ شیعر لە پای چی و خوێنەر چ دەربەستی ئەوەیە، وشەیەک یان پیتێک لە لای چەپی پیتێک دابنێت، یاخود خاڵێک بخەیتە سەر

پشتێنەی خاڵێک، لە کاتێکدا زیندانەکان و نەخۆشخانە و شۆستەکان جمەیان بێت لە خەڵک.
من حەزم بە شیعری فیکری نییە و هەموو شیعری (ئەدۆنیس)یش فەلسەفەیە. ئەو هەر لە سەرەتاوە دەزانێت دەچێت بۆ کوێ و چۆن ڕێدەکات، واتە کۆکراوە و بە بەرنامەیە، من لە شیعری ئەو حاڵی نابم.

***ئەی (یوسف خاڵ)؟**

-کاتێک (یوسف خاڵ)م ناسی تەمەنم بیستوسێ ساڵ بوو. لە گۆڤاری (شیعر)دا ئامێزی بۆ کردمەوە. جارێکیان داوای شیعرێکی لێکردم، وتم: (بەیانی دەیهێنم) هەر ئەو شەوە "حزن فی ضوء القمر"م نووسی و ڕۆژی دواتر بردم بۆی، کەچی باوەڕی نەدەکرد.
خەون و خولیاکانی بۆ بڕەودان بە بزاوتی شیعری عەرەبی، لە سەروا و وزە و تواناکانییەوە بوو. وەکو مرۆڤیش زۆر لە شیعرەکانی گرنگتر بوو. تەنانەت گەر خۆیشی بکوژایەتەوە، ڕێی ئەوانی دیکەی ڕووناک دەکردەوە. سەروەختێک هاتم بۆ بەیروت بێکار بووم و (یوسف خاڵ)یش لە هەوڵی ئەوەدا بوو لە ڕۆژنامەکان ئیشمان بۆ بدۆزێتەوە (بۆ من و بۆ فوئاد رەفقە) کە دەیناردین، بە یەکترناسین لەگەڵ سکرتێرەکەدا دەستمان پێدەکرد و داوامان لێدەکرد شومان پێ بکات، دەست بەجێ خاوەن کارەکانیش تەلەفونیان بۆ (یوسف خاڵ) دەکرد و پێیان دەوت: (ئەوانە هاتوون ئیش بکەن یان ژن بخوازن؟)

***ئەی (ئونسی حاج)؟**

- (ئونسی) لە هاوڕێ هەرە ئازیزەکانمە و قەت ئەو ڕۆژانەم بیر ناچێتەوە کە لە بەیروتدا پێکەوە بەسەرمان برد. زۆر ئینسانە. ئەوەی لە مرۆڤدا حەزم پێیەتی و خۆشم دەوێت هەڵویستە، (ئونسی حاج)یش پیاوی هەڵوێستە. شیعری ئەو کانییەکی ڕوون و ڕەوانە، نەک ڕووبارێکی لیخن و ژەهراوی بێت. وەک شاعیر و وەک مرۆڤ و وەک بوونەوەرێکی بێدەنگ خۆشم دەوێت.

***ئەی (نزار قەبانی)؟**

-شیعرەکانی بارگاوین بە ڕووداوەکانی ڕۆژ و هیچ جیاوازییەکیان نییە لەگەڵ لێدوانە فەرمییەکانی هەر بەرپرسێکی حوکمی لە وڵاتانی عەرەبیدا. لە شیعرە شۆڕشگێڕانەکانیدا دەڵێی (یاسر عەرەفات) و (مەتران کەبوجی)یە. لە کۆڕ و کۆبوونەوە تایبەتییەکانیشیدا، وەک دەسگێڕەکانی (جونیە) و (ئەشرەفیە) وایە. (نزار) شاعیرێکی گەورەیە، بە کێشەگەلێکی گچکەوە.
من پێم وایە تراژیدیای (نزار قەبانی) ئەوەیە نە کەسی خۆش دەوێت و نە ڕقیشی لە کەسە، لەبەر ئەوە ڕادیۆ و تەلەفزیۆنەکان، زۆربەی زۆری شیعرەکانی پەخش دەکەن. جارێکیان پێی وتم: (تۆ ڕاستگۆترینمانی)

*** (مەحموود دەرویێش)؟**

-شاعیرێکی زۆر بەهرەمەندە، بەڵام ڕاستگۆ نییە.

*** (کەمال خێربەگ)؟**

-قارەمانێک بوو دروشمەکان کوشتیان.

*** (ئەنتوان سەعادە)؟**

-شاعیرێک بوو ڕێی هەڵە کرد.

*** (بەدر شاکر سەیاب)؟**

- (سەیاب) هاوڕێی گیانی بە گیانیم بوو، لە هەندێ ڕووەوە لە من دەچوو، لەبەر ئەوەی وەک خۆم خاکی و ڕاستگۆ بوو. ڕاستگۆیی دەفرۆشت و درۆی دەکڕی. قەت بیرم ناچێت چۆن لە بەیروت دەسوڕاینەوە و هەلاهەلا بە خەمێکی ناوازەوە سترانی دەچڕی.
کە مرد بە قەسیدەیەک لاواندمەوە:
(ئەی بەدبەخت لە ژیان و لە مەرگیشدا،
گۆڕە خاووخلیچکەکەت وەک کیسەڵ
هەرگیز بە بەهەشت ڕاناگات
بەهەشت بۆ لۆقدرێژ و بۆ پاسکیلسوارەکانە).

گفتوگۆ

لەو بڕوایەدام گەورەترین هەڵەیەک کردبێتم ئەوەیە، چوومە تەمەنەوە و وەک (سەیاب) زوو نەمردم.

*** (عەبدولوەهاب بەیاتی)؟**

- (بەیاتی) هەموو شکۆ و نێوبانگی ئەدەبی و سیاسیی خۆی لەسەر ئەوە دروستکرد کە هەرچی داموودەزگای ئەمنییە لە دنیادا بە دوایدا دەگەڕێن، لە کاتێکدا ئەوەی ڕاستی بێت لە ژیانیدا نەچووەتە مەخفەرێک و کەسیش ڕێی پێ نەگرتووە، تەنانەت ئەگەر پۆلیسێکی هاتوچویش بێت.

***ئەی (زەکەریا تامر)؟**

- (زەکەریا تامر) ئاسنگەر بوو لە وڵاتێکی لە گڵ دروستکراودا. هاوڕێی گیانی بە گیانی و سەرگەردانی و گازینۆکانم بوو.

***لە شاعیرانی کۆن کێت خۆش دەوێت؟**

- (ئەبونەواس).. عاشقی خەم و مەلوولیم لە شیعرەکانیدا و لە سروشتی منەوە نزیکە، بەڵام بە داخەوە مەکتەب و کتێبەکانی خوێندن، وێنەی ڕاستەقینەی ئەویان شێواند، هەروەها حەزم بە فەردانیەت و یاخیبوونی (موتەنەبی)یە. هەندێ جار لە گۆرانییەکدا شتێکم بەرگوێ دەکەوێت، لە هەرچی شیعری موعەلەقات هەیە بە پێزترە. گۆرانی (کیفک انت)ی (فەیروز) لای من، هەموو شیعری بومتەری دێنێ.

***شاعیر کێیە، دەکرێت بە ڕستەیەک بۆمان پێناسە بکەیت؟**

-شاعیر ئەو کاغەزە ئاوەڵچنە ڕۆژانەیەیە کە هەزاران هەزار

لاپەڕەی خوێناوی لە ژیانمدا وشک دەکاتەوە. ئەوانی دی ڕێگەی سەخت و دژواریی شیعر بە گالیسکە و ئەرەبانە دەبڕن و منیش بە پێیپەتی. شیعر قسەکەری مێژووییە، بە ناوی منداڵی لاڵ و زمان بەسراوەوە.

سەرچاوە:

محمد الماغوط: اعتصاب كان و اخواتها- حوارات حررها خليل صويلح، دارالبلد

کتێبەکان و خوێنەرەکان

مەهدی سەحابی
و. بریا کاکەسووری

دۆستی ئازیزم!
ئەم نامەیەت لە ڕێگای دوورەوە، بەڵام بە دڵێکی نزیکەوە بۆ دەنووسم؛ نزیکە و حورمەتی ئەزموونێک کە پێکەوە تێمانپەڕاندووە، یان تێی دەپەڕێنین. ئەگەر تۆ بتەوێ، هەرکاتێ کە بتەوێ. نازانم لە کوێی کتێبەکەدای، تەواوت کردووە یان نا؟ ئەگەر دەستت پێکردووە لە کوێوە؟ ئەگەر دەستت پێنەکردبێ کەی دەستی پێدەکەی؟ چۆنکە تۆش، تۆ ئەی دۆستی سێهەم کە هێشتا

کتێب

پێکەوە ئەزموونەکەمان تێنەپەڕاندووە، درەنگ یان زوو دەست پێدەکەی. خۆ ناتەوێ هەمیشە لە کتێبێکی تایبەت (هی "مارسێل پرووست" یان هەر کەسێکیتر) یان لە کتێبگەلێکی تایبەت هەمیشە دووربی، وانییە؟ تازەش ئەگەر بۆخۆشت بە هەر هۆیەک خەیاڵێکی وات هەبێ ئەگەر کتێبێک تۆی هەڵگرت و لەگەڵ خۆی بردتی دەڵێی چی؟

کتێبگەلێک هەن کە ئەم بارەوبارێکیان دەکەین، کتێبگەلێک هەن (بە خۆشییەوە زۆر زۆریشن) کە ئەوانە دەکەینە هی خۆمان، ئێستا چ لە ڕابردوودا خوێندبێتمانەوە چ ئێستا، دەبنە هی ئێمە، کتێبگەلێکن کە تەنیا نایکەینە پاشەکەوتی زەینمان، بەڵکو لەگەڵ ئەوان دەژین، تەنانەت ئەگەر (وەک ئەم پیاوە (نووسەر) فەرامۆشکاریش بێ) هەموو دەقەکەیانمان لە وشەی هەوەڵی دێڕی هەوەڵەوە هەتا کۆتاییانمان لەبیر چووبێتەوە، چونکە ئەوەی لەواندا بووە کردوومانەتە هی خۆمان، لە دەرەوەی کتێبەکە و تەنانەت لە جنسی وشە و پەیڤ، لەگەڵ ئێمە هەن و دەمێننەوە. کتێبگەلێکیش هەن کە ئێمە دەکەنە هی خۆیان. کە من، جاری واهەیە بیردەکەینەوە کە خۆزیا زیاتر بوایەن، خۆزیا زۆر زۆر بوایەن، بەڵام ڕەنگە باشتر هەر ئەوەبێ کە کەمن، ڕەنگیشە ئەگەر زۆر بوایەن ئەوەی کە ببینە هی ئەوان هەرگیز نەدەگونجا. مەگەر ژیانی مرۆیەک چەندەی جێگە دەبێتەوە؟ کتێبگەلێک هەن کە ئێمە دەکەنە هی خۆیان؛ ئەزموونێک کە قسەی لێدەکەم و بە حورمەتی ئەو، ئەم نامەیەم بۆ نووسیوی ڕاست ئەوەیە. هەر لەبەر ئەوەشە کە دڵم پێوەیە، تۆیەک کە هێشتا ئەم ئەزموونەت نییە، زووتر دەست پێبکەی. نە تەنیا بە خاتری ئەوەی کە دۆستی نزیک، هەر چەندەش بێ دیسان کەمە، خوددی ئەزموونەکە بایەخی ئەوەی هەیە بتبێ. بەڕاستی بڕوام وایە کە بڕێک لە کتێبەکان، خوێنەر دەکەنە مرۆیەکی دیکە و مەنزوورم لە "دەیکەنە هی خۆیان" هەر ئەوەیە. بڕێک، تەنیا بڕێک، لە زەماوند دەچێ کە دوایی پیاو چ بیهەوێ چ نەیهەوێ دەبێتە کەسێکیتر. ژنی ئاغایەک، یان مێردی خانمێک، بەڵام نە، وێنەیەکی باشم بۆ نەهێنانەوە، چونکە وێنەیەکی زۆرتر بەرچاو، هێندێک زۆر "فەرمی"یە لە کاتێکدا کە... بگوزەرێین، ئەسڵەن وێنە هێنانەوە فڕێدە!

کتێبگەلێک هەن کە ئێمە دەکەنە مرۆیەکی تر، لە ژیانی ئێمەدا قۆناغێکی دوایی و قۆناغێکی پاش ئەوان هەیە نەک هەر ئەوەی "گەورە"مان بکەن، یان بە خوێندنەوەیان هەڵبدەین، یان مەسەلەن باشتر یان خراپتر بین، نە، دەبییە پیاوێکی دیکە، چونکە ئەزموونێکی تازە بە ئێمەوە زیاد دەبێ. شتێک بەزەینمان زیاد دەکەن کە ئەگەر دوایی کتێبەکەمان لەبیربێ یا لەبیرمان نەبێ، ئەگەر بەش بە بەشی ڕووداوەکانیمان لەبیربێ یان تەنانەت یەک وشەشمان لەبیر نەمابێتەوە، هەرچییەک بێ بە ئێمەوە زیاد بوون؛ لە شوعوورماندا، لە ناخماندا، هەر جارێک کە گەڕانەوەیەکمان بۆ زەمانی پێش خوێندنەوەی ئەو کتێبە ببێ، لەگەڵ ئەوەی ئەو کتێبە بە ئێمەوەی زیاد کردووە بۆ ئەو سەفەرەی بەرەودواوە دەچینەوە، بە ئاڵوگوڕێک کە کتێبەکە لە ئێمەیدا درووست کردووە تەماشای ڕابردوو دەکەین (ئێستاش کە جێگەی خۆی هەیە).

"بەدووی کاتی لەدەستچووەوە" کتێبێکی ئاوایە. بە ڕاستی لەو بڕوایەدام کە کتێبخوێنەکان دوو دەستەن، ئەوانەی کە "بەدووی... یان خوێندووەتەوە و ئەوانەی کە هێشتا نەیانخوێندووەتەوە. زۆریشم بیرلێکردووەتەوە کە قوڵایی ئەم جیاوازییە لە کوێدایە. کتێبگەلێک کە مۆری هەتا هەتای خۆیان لە ئێمە دەدەن زۆرن؛ هەم خۆیان وەکو سەرجەم نووسراوەیەک کە ناویان ئەوەیە و یان نووسەرەکەیان فلان کەسە، هەم بەشەکانی، یەک بە یەک، پێکەوە، یان

بەجیا، فلان سووچ و فلان ڕووداویان و فلان کەسایەتییان. بەڵام ئەم کتێبانە ئاخریەکەی لە کۆمەڵەیەک لە کتێب دەستەبەردەکرێن، لە قەفەسەی کتێبخانەی ژیانی ئێمە، لە زاستنامەی زەینی ئێمەدا جێگە دەگرن. ڕەنگە قوڵایی ئەو جیاوازییە هەر لێرەدا بێ، لەوەی کە ئەم کتێبگەلە چ بە گشتی و چ بە بۆنەی بەشەکانیانەوە لە بیچمێکدا کە زانستەکانی ئێمە بە زەینیەت و کەسایەتیمانی دەدەن، بەشدار دەبن، بەشێکی گشتی لە بیچمێکی گشتیدا. لە کاتێکدا کاری ئەو کتێبە دەگمەنانە، کتێبگەلێک کە ئێمە دەکەنە مرۆیەکی تر، کارێکی تایبەتییە و ئەو شتەی کە بە ئێمەوەی زیاد دەکەن لە دەرەوەی کۆمەڵەی گشتی ئێمە، لە جێگەیەکی تایبەتیدا، تەنیا و تەنیا بۆ خۆی دەمێنێتەوە.

بەدووی کاتی لەدەستچووەوە، کورتکراوەی یەکلایەنی تازەیە؛ لایەنێکی تازە لە نووسین (ئەگەر دەستی نووسینت هەبێ) لایەنێکی تازە لە درووستکردن (هەر کەسێ بی، لە هەر بارەیەکەوە کە کارت درووستکردن و خولقاندن بێ) لایەنێکی تازە لە بیرکردنەوە، لە دیتن. بۆ شیکردنەوەی چۆنیەتیی ئەم لایەنە تازەیە دەکرێ لە خودی پڕووست یارمەتیی وەبگرین، بە تایبەت کە پیاوێکی زۆر خۆهەڵکێش



نەبوو، ئەگەریش شتێکی لە بارەی شێوەی کار و ڕوانگەکانی خۆیەوە گوتبێ، یانی کە زۆر گرینگ بووە وائاوا ڕاستەوخۆ باسی لێکردووە! یەکێ لەو شتە بەناوبانگانەی ئەو لەم بارەوە هەر ئەوەیەوا لە جوابی ڕەخنەگرانێکدا دەریبڕی کە بە ڕواڵەتبینی، ویستراو یان نەویستراو، بە بەهانەی ئەوەی کە بە ڕواڵەت ڕووداوەکانی "بەدووی... لە شوێن و ئاقارێکی بەربەست و سنووورداری ئەشرافی و بورژوایی فەڕەنسای کۆتایی سەدەی نوزدە و سەرەتای سەدەی بیست دەگوزەرێ، ئەویان بەوە تاوانبار دەکرد کە میکرۆسکۆپی داناوە و واقعیەت و ڕاستێتیگەلێکی بچووکی گەورە دەکردەوە، بەڵام جوابی پڕووست ئەوە بوو کە تیلسکۆپی داناوە و ڕاستێتیگەلێکی نەک بچووک، بەڵکو زۆر دووری دەدیت و شیدەکردەوە؛ شتگەلێک بە وتەی خۆی "هەڵبەتە زۆر ورد بوون بەڵام وردییەکەیان لە بەر ئەوە بوو کە لە مەودایەکی زۆر دوورەوە بوون و هەرکامیان دنیایەک بوون" کە چونکە لێرەدا باسی ئینسان لە ئارادایە، ئاشکرایە کە مەنزوور لە "زۆر دوور" هەر ئەو "زۆر قۆڵەیە". بیهێنەرە بەرچاوت، بەکارهێنانی تیلسکۆپ لە بارەی مرۆ یان کۆمەڵگەی ئینسانییەوە، کە خوددی هەر ئەم بەکارهێنانەی ئەم لێکدانەوەیە، یان بە وتەیەکی تر بەکارهێنانی ئەم ئامرازە، دنیایەک قسەی پێیە لە بارەی ئەمەوە کە نووسەر چ ڕوانگەیەکی بەلایەنی مرۆڤەوە هەبووە جاری با بمێنێ.

لێکدانەوەی دووهەمی پڕووست هەر ئەوشتەیە کە خۆشی لە ژێرناوی "دەروونناسی حەوایی" باسی کردووە، بە هاوسەنگی "هێندەسەی حەوایی" لە بەرانبەر "هێندسەی هێڵی"دا. بە وتەی ئەو لە شیکردنەوەی ژیانی ئینسان و ڕابردووی مرۆکان دەبێ توخم و کاکڵی زەمان، کە هەر

کتێب

شتێک هەبێ لە ناو ئەودایە، هەر بەو شێوەیە بیهێنە بەرنەزەر کە لە هێندەسەی حەواییدا، سووچ و کاژێری حەوا دەهێندرێتە بەرچاو. چونکە مرۆکان بێ کاکڵی زەمان شتێک نین؛ وەکو وێنەیەکن کە تەنیا کورتە ساتێکیان تۆمار کردووە کە تەنیا هەر لەو کورتەساتی تۆمارکردنەدا جێی باوەڕ بووە و دوایە دەرخەری شتێکی وانەبووە. لەکاتێکدا مرۆ لە زەماندا بەردەوام ئاڵوگۆڕی بە سەردادێ و بەردەوام دەبێتە مرۆیەکی تر. لە وەسفی ئەم کارە بەردەوامەی زەمان لەگەڵ مرۆدا، پرووست هەتا قوڵایی کێشەکە دەڕواتە پێشێ و تەنانەت بە خاڵێک دەگا کە پێش ئەو ڕەنگە هیچ کەس بە جێگەیەکی ئاوا گرینگ نەگەیشتبوو. ئەو دەڵێ ڕواڵەتێک لە خۆمان کە لە وێنەیەکی ڕابردووەکانی خۆماندا دەیبینین، نەک جارێک کە دووجار پەیوەندیی بە ڕابردووەوە هەیە، چونکە نە تەنیا هەر ئەوە نییە کە ڕووخساری ئێمە پیرتر بووە، بەڵکو خودی وێنەکەش لە پەیوەندیی بە ڕابردووەوە کۆنە بووە. هەموو قسەی پرووست ئەوەیە کە ئێمە بە تێپەڕبوونی زەمان هەر ئەوکەسە نەدەبووین کە زەمانێکی بەسەردا تێپەڕیوە، بەڵکو بە گشتی دەبینە کەسێکی تر. مرۆیەکی دیکە کە زۆروکەم پەیوەندیی بە مرۆ ڕابردووەکەوە نییە، چونکە کاکڵی سەرەکیی زەمانی پێوە زیاد بووە.



دۆستی ئازیزی من! ئەزموونێک کە کتێبخوێنەکان بە دوو دەستە، "ئەوانەی پرووستیان خوێندووەتەوە" و "ئەوانەی پرووستیان نەخوێندووەتەوە" دابەش دەکا هەر ئەمەیە. ئەزموونی گەیشتن بە جۆرێک دیتن، بە قووڵی بیرکردنەوە لە مرۆ، کە هەڵبەتە پێش لە پرووستیش هەبوو، بەڵام ئەو، ئەوەی گەیاند بە وەسەریەکخستن و ڕێکوپێکییەک کە ئیدی دوای ئەو بە ناوی ئەوەوە دەیناسین. بە جۆرێک کە "بەدووی کاتی لەدەستچووەوە"، دەکاتە کتێبی ڕێنوێنی ئەوجۆرە دیتن و بیرکردنەوەیە. "تیلسکۆپ"، "دەروونناسی حەوایی"، بیری لێبکەوە، هەموو مەزنایەتیی ئەزموون، هەموو گرینگی پرووست ڕەنگە هەر لەم دوو سێ وشەدا بێ؛ هەر لەم جۆری لێکدانەوەی مرۆیەدایە، ئینسانی بە هەموو جۆرێ دیتووە و بە ئێمەی نیشان داوە. لە بووکەڵەی بێدەسەڵاتی ناو سەندووقی تەڕدەستی خواکانەوە بیگرە و وەرە هەتا سەردەمی ساکاری کێشمەکێشی مێژوویی- کۆمەڵایەتی، هەتا "من"ێک کە هەڵبەتە ناوەندی گەردوونە، بەڵام گەردوونێک کە هەرچی بە ڕواڵەت زیاتر دەناسرێ ماناکەی ناڕوون و دوورەدەستتر دەبێ. لە کاتێکدامانای خوازەیی تیلسکۆپی پرووست ئەمەیە کە خودی مرۆڤ وەکو کۆمەڵەیەک بە پێچەڵاوپووچی و قووڵایی گەردوونەوە دەبینین، کۆمەڵەیەکی خاوەنی وەها سووچگەلێکی دوور و نادیار کە بۆ دیتنیان دەبێ لە کەرەسەیەکی ئەستێرەناسی کەڵک وەربگری. ئەوەی کە ئێمەش بە خوێندنەوەی "بەدووی کاتی... دەبینە کەسێکی تر، بەو هۆیەیە کە ئێمەش بەو ئامرازە دەگەین. ژێهاتی و ئیمکانەکانی ئەم ئامرازە بە کۆمەڵەی ژێهاتی و ئیمکانەکانی زەینی ئێمە زیاد دەبێ. وابیرناکەمەوە کە هیچکەس دوای چاک خوێندنەوەی "بە دووی کاتی... شتێکی وەک "ئێرەیی" وابیبینێ کە پێشتر دەیدی، یان "دۆستایەتی"، یان "تەممەڵی" و هەروەها زۆرێک لە ناوەرۆکەکانی دی. وای بۆ ناچم کەسێکی "پرووستی خوێندبێتەوە" ئیدی دەزگایەکی (ساختمان) مێژوویی، مزگەوتێک، وێستگەیەکی هێڵی ئاسن، قوتابخانەی ڕابردووەکانی، هەر بەوجۆرە ببینێ واجاران دەیدیت.

"دەروونناسی حەوایی"ش هەر ئەوەیە؛ ئێمە هەموومان لە ناو زەماندا گلاوین، ئەوجۆرەی کە ئیدی هەست بەو ناکەین و نایبینین، هەر بەوجۆرەی کە هەواش نابینین، بەڵام

زەمان هەیە و هەر بەو کاریگەرییە توندوتیژە و تێکوپێک دەرەی، لە سەر ئێمە شوێن دادەنێ، هەر بەوجۆرەی وا ئاو و با لەگەڵ بەرد و کوڵۆی دەرودەشتی دەکەن. عادەتمان وابووە کە خۆمان لە پانتاییەکی زەمانی و شوێنیدا، درێژایی ژیانمان بەجۆرێک لێکدەینەوە کە دەڵێی زەمان بە سەر ئێمە تێنەدەپەڕا، بە گومانێک کە لەم هەڵە ساکارەوە سەرچاوە دەگرێ کە ئەم خودی "ئەمڕۆ"یەمان هەر بەوەی دوێنێ و پێرێ دەدیت، هەربەو جۆرەی کە هەر ئەوەین کە ئێستاش هەر لەو ماڵەی دوێنێ و پێرێدا دادەنیشین و هەر ئەو کاروبارەشمان هەیە؛ بەڵام دابڕانێک، مەودای لە دەرەوەی خواست و ئیرادەی نێوان ئێمە و ئەوەی وا لە ڕابردوودا هەبووین بەسە بۆ ئەوەی نیشانمان بدا چۆن لەومەودایەدا بووینەتە مرۆیەکی تر. ئەو مرۆیەی ڕابردوو مردووە و کەسێکی تر بە ناو و ڕواڵەتی ئەوەوە دەژی.

ئەزموونی دووهەم کە بە خوێندنەوەی "بەدووی... ئێمە دەکاتە مرۆیەکی تر، پێزانین بەم لایەنە تازەیەیە، یانی "زەمان"ە؛ نە زەمانی ئاسایی کاتژمێر و ڕۆژژمێر، بەڵکو زەمانێک کە بە زەینەوە زیاد دەبێ و لایەنێکی دیکە دەدا بە مرۆڤ. لە سەر بناغەی ئەم ئەزموونە بیرەوەری ئەم یان ئەو کەسە، ئیدی تەنیا وێنەیەکی کۆنەی کاڵەوەبوو نییە، کە لە ناو چوارچێوەیەکدا چاوی بڕیبێتە ئێمە و بزەیەکی بە سەر لێوەوە بێ، بەڵکو دەبێتە خوددی ئەوکەسە کە لە ڕابردووەکانەوە دێ و ڕووبەڕووی ئێمە دادەنیشێ و چیرۆکەکانی ڕابردووشی بۆ ئێمە دەگێڕێتەوە؛ هەروەها هەموو ئەوەی کە لە ڕابردووەوە هەتا ئێستا بەسەری هاتووە.

پڕووست ئێمە بەم لایەنە تازەی ژیان لە زەماندا دەگەیەنێ، بە لێکدانەوەیەک مرۆکان لە چوارچێوەی یەکلایەنەی بیردانی (حافظە) ئیرادی و ویستتراوەوە دەردەکێشێ و لە پانتایی زیندووی زەمانی ئێستادا دەمانخاتە هەڵسووڕان. ئاساییە کاتێ بیرەوەری ئاوا زیندوو دەبێتەوە، خودی خۆشمان زیندووتر و بزۆزتر دەبین. ئاساییە کە ئەگەر بەشەکانی زەینی ئێمە ئابەمجۆرە لە زەمان و شوێندا پەرەی پێبدرێ، خودی زەینیش پانوبەرین دەبێتەوە و قووڵایی پەیدا دەکا. ئیدی گرینگ ئەوە نییە کە تا پێش ئەوە دنیامان بە چاوێکی ئاساییەوە دەبینی یان بە میکرۆسکۆپ، گرینگ ئەمەیە کە لەمە بەدواوە ئامرازێکی وەکو تیلسکۆپمان بە دەستەوەیە و بەشەریش ئەوەندە پێچەڵاوپووچ و سەیرە کە هەرچەندەش لەودا بگەڕێین تێر نابین؛ چونکە هەمیشە شتێکی تازەیە. من خۆم "بەدووی... هەر ئاوا دەبینم دۆستی ئازیزم. کتێبێکە کە بەردەوام دەبێ بیخوێنیەوە، چون کەرەسەیەکە کە بەردەوام دەبێ بە دەستتەوە بێ. ڕەنگە ئەمەش جۆرێکی تر لە دەربڕینی هەر ئەو شتەیە کە هەوەڵ گوتم: کتێبێکە کە پیاو دەکاتە هی خۆی، کتێبێکە کە لە کۆڵ پیاو نابێتەوە و چ باشتر!

+++++++

سەرچاوە:

فصلنامەی فرهنگی، ادبی، هنری/ سمرقند/ شمارە 2 سال اول/ تابستان 1382

*سەردێڕی ئەم وتارە: "کتێبێک هەیە کە لە کۆڵ پیاو نابێتەوە و چ باشتر" بوو، بەڵام بەم شێوەیە گۆڕیومە، چونکە زۆر دووردرێژ بوو هیچ، بەڵکو تەنیا باسی کتێبێکی تایبەتی وەک "بەدووی کاتی لەدەستچووەوە"ی نووسەری گەورەی فەڕەنسایی، "مارسێل پڕووست"یش نەبوو، باسی کتێب و کاریگەرییان لە سەر خوێنەر و چۆنیەتیی گۆڕین و درووستکردنی ئەوانە کە لەم وتارەدا "بەدووی کاتی لەدەستچووەوە" مەزنترین و سەرەکیترینی ئەو جۆرە کتێبانەیە.

**مەهدی سەحابی نووسەر و وەرگێڕی گەورەی ئەدەبیاتی فارسییە کە یەکێ لە کارەمەزنەکانی وەرگێڕانی "بەدووی کاتی لەدەستچووی" مارسێل پڕووستە و دەیان ڕۆمانی لە زمانی فەڕەنسییەوە کردووە بە فارسی.

کابووسی جەنگ لە ڕۆمانی

نەفرەت لە دۆستۆیڤسکی-دا

ئیدریس عەلی

پێشتر و بە هۆی چەند ڕۆمانێکی تریيەوە، دنیای نووسەری ئەفغانی و فەرەنسینووس "عەتیق ڕەحیمی"ـمان ناسی و ئاشنای خەیاڵ و فەنتازیا و ئەدەبیات و ئاستی داهێنانی بووین، دەکرێت بڵێین ئەم نووسەرە وڵاتەکەی خۆی واتە ئەفغانستان بە کۆی پێکهاتەی مێژوویی و رووداو و کارەسات و بەسەرهاتە تراژیدییەکانیەوە، بوونەتە هەوێنی نووسین و بەرهەمەکانی، ئەو بە هۆی نووسینی ڕۆمانەوە خوێنەر لە هەر

کوێی دنیادا بێت، دەباتە ناو قووڵایی و ناو جەرگەی ڕووداوەکانی وڵاتەکەیەوە.

بە گشتی ئەزموونی ڕۆماننووسیی عەتیق ڕەحیمی، بریتییە لە خەمی توخمی ئینسان لە کۆمەڵگەیەکدا کە بەهۆی جەنگ و بەریەککەوتنی هێزە ئایدۆلۆژی و ئاینییە جیاوازەکان و داگیرکارییەوە، کۆی بونیادی پەیوەندییە کۆمەڵایەتی و سیاسی و کولتووری و فەرهەنگیی و ئابورییەکانی داڕووخاوە و مێژووی شارستانییەتی شێوێنراوە و هەمویان بوونەتە قوربانی و خۆراکی جەنگ و داگیرکاری و ململانێ ئایدۆلۆژییەکانی هێزە ڕەنگاوڕەنگەکان، عەتیق لە ڕۆمانەکانیدا بە وردی کار لەسەر لایەنی سایکۆلۆجیی کارەکتەرەکانی دەکات و حاڵەتی ناسەقامگیری ڕۆحی و دەروونییان وێنا دەکات، کارەکتەرەکانی دابەش دەبن بەسەر کەسانی ئاسایی ناو کۆمەڵگە و ئەو قوربانییانەی بەهۆی هێزە شەڕکەر و تاکڕەهەندەکانەوە دەبنە سووتەمەنیی جەنگ و داڕمانی بەها ئینسانییەکان، ئەو زۆر شارەزایانە لە نێوان واقیع و خەیاڵدا ڕایەڵێکی بەهێز درووست دەکات و وا لە خوێنەر دەکات هەندێک جار هەست بکات ڕووداوێکی تەواو واقیعی دەخوێنێتەوە و هەندیک جاریش کتومت وەک فەنتازیا و خەیاڵێکی ڕووت دێنە بەر چاو و دیمەنەکان نیشان دەدات، بەتایبەت ناوبراو کە دەرهێنەرێکی سینەمایی بەناوبانگیشە و زیاتر ڕۆمانەکانی خۆی دەکات بە فیلم وەک (بەردی سەبوری) بە هۆی زمانێکی سادە و شیعرییەوە، فەزایەکی تەواو سینەمایی و تەکنیکێکی تەواو فیلمئامێزانە ڕووداوەکان بەرجەستە دەکات و وێنە و دیمەنەکان دەخولقێنێت.

نەفرەت لە دۆستۆیڤسکی یەکیکی ترە لە ڕۆمانەکانی عەتیق ڕەحیمی و لە ماوەی ڕابردوودا ئازاد بەرزنجی وەری گێڕاوەتە سەر زمانی کوردی و لەلایەن دەزگەی چاپ و پەخشی سەردەمەوە چاپ و بڵاو کراوەتەوە، وەرگێڕ ئازاد بەرزنجی بەشێوەیەک و زمانێکی هێندە جوان و سەرنجڕاکێش ئەم ڕۆمانەی وەرگێڕاوە، کە خوێنەر وا هەست دەکات زمانی کوردی زمانی یەکەم و ئەسڵی نووسینی ڕۆمانەکەیە.

بێگومان ڕووداوەکانی ئەم ڕۆمانەش، وەک کارەکانی دیکەی نووسەر، بەشێکن لە درێژەی ئەو گێڕانەوەیانەی نووسەر، کە شانۆ و چەقی ڕووداو و بەسەرهاتەکانی لە چوارچێوەی ئەفغانستاندان، سەردەم هەمان سەردەمی شەڕ و ماڵکاولییەکانە، کارەکتەرەکان هەمان ئەو کەسە سرووشتی و واقیعییانەی ناو ژیانن کە دەبنە سووتەمەنیی شەڕ و برسێتی و کارەساتە مرۆییەکان و هیچ ماکیاجێکیان بۆ نەکراوە و نەکراونەتە پاڵەوانی بەدێهێنەری خەون و خەیاڵە مەزنەکان و یۆتۆپییەکان، هەلومەرج و فەزای ژیان لەناو ئەم ڕووداوانەدا، بریتین لە دیمەنی مرۆڤگەلێک کە بەبێ ئیرادە و ویستی خۆیان دابەش بوون بەسەر هێز و لایەنە بەرژەوەندیخواز و ئایدۆلۆژیاپەرست و کۆنەخوازەکاندا، ئەو هێز و ئایدۆلۆژییانەی کە بەپێی ویست و بەرژەوەندیی خۆیان مرۆڤەکان بەکار دێنن و ناچاریان دەکەن شەڕ بۆ بەرژەوەندییە سیاسی و ئابورییەکانیان بکەن، شەڕێکی بێئامانج و بێهوودە، شەڕێک کە بە نرخی بێبەهابوون و داڕمانی گشت بەها مرۆییەکان کۆتایی دێت، ئەو شەڕەی کە تیایدا براوە بە تەنها سەرکردە و هێزە باڵاکانن و دۆڕاوەکانیش لەو قوربانییانە پێکدێن کە بە خوێن و گیان باجەکەی دەدەن و دەبنە سووتەمەنی بۆ خۆشکردن و کڵپەسەندنی ئاگری جەنگ.

لە ڕاستیدا ئەم ڕۆمانە پێمان دەڵێت مەرج نییە تەنیا ئەوانەی دەچنە ناو ئاگری شەڕەکانەوە بسووتێن، هەروەها مەرج نییە قوربانییەکان تەنیا لە خوێن و گیانلەدەستداندا بەرجەستە بن و کاریگەری لەسەر لایەنی

فیزیکی و جەستەیی ئینسان دابنێن، عەتیق لەم رۆمانەدا رەهەندی زیاتر و پانتایی فراوانتری نەگریسی و ئاکامی خەتەرناکی شەڕ و ئەو هەلومەرجەمان نیشان دەدات کە لە رابردووی ئەو وڵاتەدا رووی داوە و دەشێت ئەم فەزا ناشرین و دزێوە لە هەر وڵات و کۆمەڵگەیەکدا درووست ببێت هەمان چارەنووسی رەشیان هەبێت، ئەوە ئاشکرایە نووسەر دیمەنەکانی وڵاتی خۆی واتە ئەفغانستانمان نیشان دەدات، بەڵام دەکرێت وێنەیەک بێت بۆ کۆی ئەو وڵات و کۆمەڵگەیانەی ئەو چارەنووسەیان هەیە، چونکە دواجار قوربانییەکانی جەنگ و برسیتی و کارەساتەکان لە یەک فۆرم و شێوەدان و یەک چارەنووسیان هەیە؛ تاڵ و رەش، بەقەولی تۆلستۆی مرۆڤە بەدبەختەکان یەک شێوە ئازاریان هەیە، بەڵام خۆشبەختەکان هەریەکە و خۆشبەختیی خۆی جیایە.

رۆمانی نەفرەت لە دۆستۆیڤسکی، بە سەرەتایەکی سەرنجراکێش دەست پێدەکات کە تەواو لە رۆمانی تاوان و سزای دۆستۆیڤسکی دەچێت "رێک لەو کاتەدا رەسوڵ تەورەکەی بەرز کردەوە تا بیکێشێت بەسەری پیرەژنەکەدا رۆمانی تاوان و سزای هاتەوە یاد."

عەتیق بە ئەنقەست رووداوی کوشتنی پیرەژنەکەی تاوان و سزای هێناوە و هەمان حاڵەتی بە کارەکتەرەکەی خۆی واتە (رەسول) بەخشیوە، تەنانەت زۆر شتی رەسوڵ و راسکۆلینکۆف لە یەک دەچن، راسکۆلینکۆفی تاوان و سزا، بۆ خوێندنی زانکۆ هاتووەتە شاری بتروزبورگ و ژوورێکی بە کرێ گرتووە و باری دارایی لە ئاستێکی نزمدایە، هاوکات کوڕێکی رۆشنبیر و خوێنەوارە و ئاگایی هەیە بەرامبەر بە کێشەکانی ژیان، رەسوڵیش وەک ئەو دەزگیرانی هەیە و دایک و خوشکێکی خۆی جێهێشتووە و هاتووە بۆ شارێکی تر بۆ خوێندن و لەو شارەدا کە سەردەمی شەڕ و کوشتنی مرۆڤە، پیرەژنێکی سوخۆر و گەواد دەکوژێت و هەڵدێت، بەڵام ئازاری ویژدان لە کۆڵی نابنەوە. لە تاوان و سزادا راسکۆلنیکۆف بەبێ هیچ پێشینەیەک بیر لە کوشتنی ئەو پیرەژنە سوخورە دەکاتەوە کە پێشتر چەند جارێک چووەتە لای و بارمتەی لەلا داناوە و پارەی لێوەرگرتووە، سەرەتا حاڵەتەکە تەنیا بیرکردنەوەیە لە کوشتن و دواتر بە کردار ئەنجامی دەدات و پاشان پرسی یاسا و پرۆسەی دادگایی دەست پێدەکات، رەسوڵ لە سەردەمی جەنگ و تاوان و کوشتندا رۆمانی تاوان و سزا دەخوێنێتەوە و دەبێت بە بەشێک لە رووداوەکانی ناو ئەو رۆمانە و سرووشتی کەسێتیی راسکۆلنیکۆف وەردەگرێت، پێدەچیت ئەم رۆمانە و حاڵەتە دەروونییەکانی رەسوڵ لە کوشتنی پیرەژنەکەدا جگە لە کابووسێک شتێکی تر نەبن، واتە ئەوە جەنگە کە کاریگەریی دەروونیی خراپ لەسەر تاکەکان دادەنێت، رەسوڵ بەبێ ئەوەی بەشێک بێت لەو جەنگ و هەلومەرجە، دەبێتە یەکێک لە قوربانییەکان و بەدەم خوێندنەوەی یەکێک لە بەنرخترین شاکارەکانی جیهانی کابووس دایدەگرێت و تەواو تێکەڵی حاڵەتە دەروونییەکانی راسکۆلنیکۆف دەبێت و بە خۆی دەڵێت: ئەگەر لە وڵات و کولتوورێکی جیاواز لەوەی راسکۆلنیکۆف هەمان تاوان ئەنجام بدرێت، داخۆ ئاکامەکانی چی دەبێت؟ رەسوڵ لێرەدا کۆی وڵاتی ئەفغانستان و یاسا و دادگە و شەریعەت دەخاتە بەردەم پرسیارەوە لە بەرامبەر پرسی کوشتن و تاواندا، کۆمەڵگەیەک کە کوشتن و تاوانکاری تیایدا بووەتە کارێکی ئاسایی.

لەم رۆمانەدا نووسەر لەسەر چەند هێڵ و رەهەندێک

کاری کردووە، لەلایەکەوە ماجەراکانی شەڕ و وێڕانبوونی وڵات و هەر ساتە و تەقینەوە لە شوێنێک و کوشتنی ئینسان، لەلایەکی دیکەوە ئەگەری ئەوەی کە ڕەسوڵ پیرەژنێک وەک ڕاسکۆلنیکۆف بکوژێت، ڕەوتی دادگە و لێپێچینەوەکان لەگەڵیدا چۆن دەبیت؟ لەسەر هەردوو هێڵەکە بە جوانی کاری کردووە و ڕوودا و بەسەرهات و حاڵەتە دەروونییەکانی کەسێتیی تاوانباری نیشان داوە، کەسیک کە هەست بە تاوانباربوونی خۆی دەکات و ئازاری ویژدانی هەیە و بەدوای عەدالەتدا دەگەڕێت، هەستکردن بە تاوان لەلای کەسێک و بە پێی خۆی ڕۆیشتن بۆ دادگە و خۆڕادەستکردن بە عەدالەت و چاوەڕوانیی چۆنیەتیی لێپێچینەوە و ڕەوتی دادگەییکردنی کەسێکی بکوژ، ئەمانە وەک گریمانە دەبنە پرسێکی سەرەکیی ناو ماجەرا و ڕووداوکانی ئەم ڕۆمانە و بەدەم کابووسەوە خەمی گەورەی ڕەسوڵ پێک دەهێنن، بەتایبەت ئەم هەستە لە کۆمەڵگە و هەلومەرجێکدا کە کوشتن بووەتە کارێکی ئاسایی و ڕەوتێکی سرووشتیی وەرگرتووە، لە زمانی یەکێک لە کارەکتەرەکانەوە بۆچونیکی دۆستۆیڤسکی دەهێنێتەوە "ئەگەر خودا نەبوایە مرۆڤ هەموو شتێکی دەکرد) قسەکە لێرەدا ئەوەیە ئەگەر لە کۆمەڵگەیەکدا هەموان بڕوایان بە خودا هەبێت دەبوایە هیچ تاوانێک ئەنجام نەدرایە، کەچی بە پێچەوانەوە لەو شوێنەدا و بە ئامادەبوونی خودا و یاساکانی خودا تاوانی گەورە ئەنجام دەدرێت و بەناوی خوداوە ڕەوایەتی بە کوشتن دەدرێت و کەسیش باکی نییە.

ڕەسوڵ شاپاڵەوانی ئەم ڕۆمانە، لەناو کابووسەکانی خۆیدا دەیەوێت ئەو حاڵەتە ئەزموون بکات کە ئەگەر بێت و بەپێی خۆی بچێتە دادگە و بڵێت من تاوانبارم بە کوشتنی پیرەژنێک ئاخۆ چی ڕوو دەدات؟ لە کاتێکدا دەسپێکی ڕۆمانەکە بە کوشتنی پیرەژنێک دەست پێدەکات، کەچی ئێمە پێمانوایە ئەوە جگە لە کابووسی کەسێک لە ناو جەنگدا شتێکی تر نییە و تاوانێکی لەو جۆرە ئەنجام نەدراوە، پرسەکە لێرەدا پەیوەندیی بە خودی تاوانێکەوە نییە کە داخۆ کراوە یان نا، بەڵکو پەیوەندیی بە ڕەهەندی عەدالەت و یاساوە هەیە، لە سەردەمێکدا کە جەنگ لە ترۆپکی وەحشیگەریدایە و مرۆڤکوشتن لە هەر ساتێکدا و لە ژێر هەر ناوێکدا ئەنجام دەدرێت، لەم هەلومەرجەدا یاسا و دادگە چۆن مامەڵە لەگەڵ کەیسی کوشتن و تاواندا دەکەن؟ بەتایبەت کەسێک کە بەپێی خۆی دەڕواتە بەردەم دادگە و ددان بە تاوانەکەی خۆیدا دەنێت؟ ڕەسوڵ زۆر ماندوو دەبێت هەتا دەگاتە دادگە و لە بەردەم قازیدا ددان بە تاوانەکەیدا دەنێت، بەڵام قازی لەوکاتەدا کە خەریکی شووتیخواردنە ناوکە شووتتیەکە دەچێتە بەینی ددانەکانییەوە، هەرچی دەکات بۆی دەرنایەت، ڕەسوڵ لە بەردەم قازیدا ڕووداوەکە دەگێڕێتەوە، بەڵام قازی دەرهێنانی ناوکە شووتییەکەی بەلاوە گرنگترە لە کوشتنی کەسێک، لەم دیمەندا نووسەر ئەو گاڵتەجاڕییە نیشان دەدات کە لە ناو دادگە و قازی و یاساکاندا هەیە، خوێنەر لەم دیمەنەدا بۆی ئاشکرا دەبێت کە مرۆڤکوشتن بەلای ئەمانەوە کێشەیەکی زۆر گەورە نییە چونکە ڕۆژانە و هەر سات کوشتن ئەنجام دەدرێت، بەڵام ڕەسوڵ پێچەوانە بیر دەکاتەوە و بە شوێن یاسادا وێڵە و بەهۆی خۆڕادەستکردنییەوە دەیەوێت بڵێت هەموو ئەو کەسانەی لەم وڵاتەدا خەڵکیان کوشتووە دەبێت بێنە بەردەم دادگە و ددان بە تاوانەکانیاندا بنێن و دادگەش ڕۆڵی خۆی ببینێت و سزایان بدات، ڕەسوڵ دەیەوێت لە شوێنێکدا ڕێز بۆ مرۆڤ بگەڕێنێتەوە کە هیچ نرخ و بەهایەکی نەماوە، دەچێتە بەردەم دادگە و قازی بۆ ئەوەی مانایەک بە تاوانەکەی ببەخشێت، بەڵام خۆ دادگەش جگە لە دەزگەیەک بۆ بێنرخکردنی یاسا و

شەرعیەتدان بە کوشتن شتێکی تر نییە، ئەوەتا کاتی دادگەکە لە دواجاردا بە رەسوڵ دەڵێن: رەسوڵی ئازیز بکوژە تا بژیت، ئەمە مەبدەئی هەموو بکوژەکانە.

بە کورتی هەموو کەسێک خەڵک دەکوژێت، کوشتن بە ناوی جیاجیاوە، لە ژێر پەردە و بیانووی جیاجیادا، هەیانە پاساو بۆ کوشتنەکەی دەهێنێتەوە و شەرعییەتی پێدەدات، هەیانە شانازیی پێوە دەکات و وەک پاڵەوان خۆی دەنوێنێت، بەڵام رەسوڵ ددان بە تاوانەکەیدا دەنێت و هەست بە تاوانباریی خۆی دەکات، لە هەمووی گاڵتەجارتر ئەوەیە کاتێک لە بەردەم قازیدا دەڵێت ژنێکم کوشتووە، هیچ بایەخێکی پێنادەن و وا دەزانن هاوسەرەکەی خۆی کوشتووە، لێرەدا تێڕوانین و یاسای شەریعەتپارێزیی ئەو هێزە ئسوڵییە باڵادەستانەمان بۆ دەردەکەوێت بەرامبەر بە پرسی ژن، لێرەوە تێدەگەین ژن لە سایەی ئەم سیستمە کۆنەخوازەدا لە چ ئاست و پلەیەکی نزمدایە و کوشتنیان بە هەر ناو و بیانوویەکەوە بێت چەند ئاسان و سادەیە و یاساش چەند بێخەمە لە ئاستیاندا.

بەگشتی رۆمانەکە کەشێکی غەمناک و تراژیدیی هەیە، رەسوڵ نموونەی باڵاترین قوربانییە لە فەزای شەڕ و کوشتاردا، قوربانییەکەی رەسوڵ لە رووی جەستەییەوە نییە، بەڵکو لە رووی دەروونی و رۆحییەوەیە، ئەم رۆمانە پێمان دەڵێت جەنگ و ئاسەوارەکانی جەنگ نەک جەستە، بەڵکوو ناخ و دەروون و رۆحمان تێکدەشکێنێت، دیمەنەکانی ناو ئەم رۆمانە لە زۆر شوێندا دیمەنی واقیعی و ژیانی راستەقینەی تاکەکانی ئەو وڵاتەیە، دیمەن و رووداوی گەلێ سەرنجراکێش و تراژیدی تێدایە، دەستی بۆ زۆر شتی ورد بردووە و گەورەی کردوون وەک کێشەیەکی گەورەی مرۆیی نیشانی داون. لە دیمەنی تەقینەوەیەکدا کە کۆمەڵێک کەس بەلادا دەکەون، وێنەی پیاوێکی هەژار نیشان دەدات کە بەهۆی تەقینەوەیەکەوە دەکەوێت و تاقمی ددانەکەی لێ بزر دەبێت، لەو کاتەدا هاوار دەکات (کێ تاقمی ددانەکەمی بینیوە؟ ماوەیەک بە رەهن دابووم بە کەسێک هەفتەیەکە وەرم گرتووەتەوە) بەتەنها ئەم دیمەنە سەروزیادە بۆ ئەوەی بزانین عەتیق چەند بە وردەکارییەوە کاری کردووە.

ژنان لەلایەکەوە و لە فۆرمێکدا دەبنە قوربانی و پیاوانیش بە شکڵ و شێوەیەکی تر، سۆفیا کە دەزگیرانی رەسوڵە، نمونەی ژنێکی هەژارە کە خەونی عاشقانە و گەیشتن بە ئامێزی پڕ لە سۆزی رەسوڵی دەزگیرانی هەیە، بەڵام ئەم ئەڤینەش دەبێتە قوربانیی هەلومەرجی شەڕ و بێ نەزم و یاسایی، پیاوانیش یان لە بەرەکانی شەڕدان و خەریکی یەکترکوشتنن، یان لە ژێرزەمینێکدا بە گیرفانی بەتاڵەوە خەریکی بەکارهێنان و کێشانی مادە سڕکەرەکانن، ئەم پیاوانە خۆیان بێهۆش دەکەن تا لەو دۆخە تراژیدییە بێئاگابن و چیتر نەزانن چی دەگوزەرێت، ئەوان هێندە دیمەنی ناشیرین و دزێویان بینیوە، چیتر تەحەمولیان نەماوە، یەکێک لەو پیاوانەی لە ژێرزەمینەکەدا بەردەوام خەریکی خۆسڕکردنە کەسێکی کەمدوو و بێتاقەتە، تەنها پرسیارێک کە جارجار دەیکات ئەوەیە کە دەپرسیت: ئەرێ شەڕ نەوەستا؟ ئەرێ شەڕ دەستی پێنەکردەوە؟ تێڕوانینی عەتیق رەحیمی لەم رۆمانەدا، تێڕوانینێکی رەخنەگرانەیە لە دژی ئەو سیستەم و هێزە شەڕانییانەی کە چاویان تەنها بەرژەوەندی و ئایدۆلۆژیاکانی خۆیان دەبینێت، چەندە رەخنە لە هێزە ئیسلامییەکان دەگرێت، هێندەش لە چەپ و کۆمۆنیستەکان، چونکە

کۆمۆنیستەکانی ڕووسیا سەردەمانێک ئەو وڵاتەیان داگیر کردووە و سیمای ڕەسەنی شارستانی و کولتووریی ئەو وڵاتەیان شێواندووە.

ئەوەی وا دەکات ئەم ڕۆمانە زۆر بە چێژ و سەرنجراکێش بێت، بە تەنها خودی بابەت و تێمای ڕۆمانەکە و ڕووداوەکان نییە، بەڵکو تەکنیک و زمان و شێوازی گێڕانەوەش کە خۆی لە چەند دەنگێکی جیاوازدا دەبینێتەوە دەبنە بەشێک لە بونیادی ئیستاتیکیی ڕۆمانەکە، چەند دەنگێکی جیاواز هەریەکە و لەلایەکەوە لە گێڕانەوەدا بەشدار دەبن، لەو شوێنەدا کە ڕەسوڵ بە هۆی کابووسەکەوە دەنگی دەرنایەت، خوێنەر گوێی لە دەنگی ناوەوەی دەبێت، لە هەندێک دیمەن و شوێنی تردا دەنگەکان بەپێی ڕێکەوت و بوون و چۆنییەتیی ڕووداوەکان دەگۆڕێن و دوور و نزیک دەبنەوە.

بەکورتی ئەم نووسینە تەنها هەوڵێکە بۆ ئەوەی گۆشەیەک لە دنیا فراوانەکە و لایەنێک لە جوانییەکانی ئەم ڕۆمانە نیشان بدەین و خوێنەر هان بدەین خۆیان لە خوێندنەوە و چێژی ئەم ڕۆمانە بێبەش نەکەن، جێی خۆشیەتی ستایشی وەرگێڕی بە توانا ئازاد بەرزنجییش بکەین کە خەمی گەورەی بووەتە وەرگێڕانی ئەم شاکارانە و ئاوەدانکردنەوەی کتێبخانەی کوردی بە کتێب و داهێنانی نووسەرانی جیهانی، کە خۆی لە دەیان کتێبی بەنرخدا دەبینێتەوە.

Galawezhi Nwe

is a Cultural and Literal Magazina